تەڕاویلکەی نان، ئازادیی و خەبات

نووسینی: عەزیز شێخانی

تێـــبینی: بەشـــێکی زۆر لە ناوەکـــان و ئەکتەری ئەو رۆمانە پێوەنـــدیان بە کەسە راســـتەقینەکانی کۆمەڵگەوە نییە. ئەو ناو و ناوچانە تەنیا وەک کەرەسەی دەربڕین کەڵکیان لێوەرگیراوە.

ئەو نووسراوەیە پێشکەشە بە....

پێشباری نووسەر:

زڕە هـاوین سـێبەری گرانـی وەک دارگوێزەکـانی نیشـتمان، بە سەر دارسـتان، ئـاو و خـاکی ئوروپـادا بڵاوکردۆتەوە. باران و هەور وێڕای کزە بـا سـاردەکان لە جەرگەی ئەو زڕە هاوینەدا باڵادەستن. مرۆڤە کۆچبەرەکان لەو دۆخەدا خەمی هـاوین و زڕەهـاوین نـاخۆن و دەگەڕێنەوە هاوینە کۆنەکانی نیشـتمان. ئەو هاوینانەی کە پڕ بـوون لە ئاسمانی سـامان، تەپوتۆزی ڕێگـا خۆڵاوییەکان، خـۆری زێڕیـن و شـنەی بەیانیان و ئێوارانی با نەرمەکەی بناری چیا و دەشتەکان. ئەو کات، پێدەشتەکانی منـداڵی پڕ بـوون لە خەونی شیرین و دوور بوون لە دیوی تاڵی کوردایەتی.

ئەمڕۆ زەمانە گۆڕاوە و منداڵەکانی دوێنێ لە دۆڵ و دارستان و زەویە ڕەقەنەکانی سیاسەت و ژیانـدا بە قژێکی وەریو و نێوچاوانێکی گنجاوی وەستاون و لە داهاتوو دەڕوانن. ئەوان لە تێپەڕی خێرای کـات و لافـاوی ئاڵوگۆڕەکـان سەرسوڕماون. کوردەکـان وەک سەدەی رابـردوو سەرگەردانن و بە دوای ناسنامە و مافەکانی خۆیانـدا بە نیـوە چڵـی دەگەڕێن. لەو دۆخەدا، کە هەڵپەی زڕەکوردایەتی گـوێی جیهـانی کەڕ کردوە، بە قامکەکانی دەست پیت و وشەکان لە سەر یەکتر کۆدەکەمەوە و گیشەیەک لە وشە و رستە لە حەوشەی تێڕوانین و هزردا هەڵدەچنم. ئەو رۆمانە سەفەرێکە بەرەو قـوڵایی تـاک، کۆ و ژینگەی سیاسی کوردان لە ناوچەیەکی کوردستان، کە هاوشێوەی سەرجەم کوردستانە.

خوێنەری بەڕێز، ئەم وشە و رستانە پێشکەشە بە تۆ، کە هاوشێوەی قاز و قوڵینگەکان بە دوای ئـازادیی و راستیەکاندا کۆچ دەکەی.

نێوەرۆک:

١- کۆشکی خەونەکان	٤
٢- تەڕاویلکەی خەبات، نان و ئازادی	٤٠
٣- پەرتەوازەبوونی خێزان و نەتەوەیەک	٧٢
٤- خەونی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی یان خودموختار و دێموکراڕات	١١٥
٥- بەڕە لە لای تەنکەوە دەدڕێ	١٤٨
٦- شەڕی پاشەکشە و خەباتی کرچ وکاڵ	١٨٦
٧- ئاوێنەی شکاوی ناسنامەی تاک وکۆ و شەڕی خۆتڕێن	٢٢٧
٨- حیزبایەتی چەپاوەنە و درێژەی یەکتر شکاندن	٢٦٧
٩- درێژبوونەوەی کۆچ و وەرزی دەسەڵاتی کوردیی لە باشوور	٣٠٨
١٠- فڕین بەسەر پێدەشتەکانی تەڕاویلکەدا و گەڕان بە دوای ناسنامەی شێوێندراودا	٣٤٦

کۆشکی خەونەکان

خەڵکی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران لە شا و نیزامەکەی توڕەن. شەقامەکان، لە خەڵکی ناڕازی جمەیان دێت و هاواری بڕۆ ئەی شایی خایین سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنێکدا دەکات. شارە گەورەکانی ئێران، پڕن لە هاوار و خەڵکی عەوداڵی تەڕاویلکەی ئازادی، نان و خەبات لە گەڵ نیزامی پاشایەتی توانای ئاشتبوونەوەیان نییە. ڕۆژانە خوێنێکی زۆر لە سەر شەقام و کۆڵانی شارەکان دەڕژێت و خەڵک خەون بە دوارۆژێکی شیرین و پڕ لە خۆشییەوە دەبینن. هاواری بڕۆ ئەی شای خائین حەسانەوە ناناسێ و ڕۆژبەڕۆژ کڵپە دەستێنێ. دەنگە جیاوازەکان تێکەڵ بە یەکتر بوون و لایەنگرانی بزوتنەوە جیاوازەکان بۆ دەرپەڕاندنی حەمە ڕەزا شا شێلگیرانە تێدەکۆشن. لە کوردستاندا جوڵەکان جیاواز و ئامانجەکان جۆرێکی دیکەن. خەڵکی گوندەکان بۆ تێکەڵبوون بە خەڵکی ناڕازی شارە کوردییەکان خەنجەر، تەورداس، بیور و داس هەڵدەگرن و جار و بار هاوار دەکەن: "ئێمە ڕۆڵەی دێهاتین بۆ کوشتنی شا هاتین".

کاناڵی تەلەویزیۆنی و بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕادیۆکان باشترین سەرچاوەی هەواڵی ڕووداوەکانی ئێران بوون. لەو ڕۆژگارەدا ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی کوردستان و خاوەنی تەلەویزیۆن و ڕادیۆ بوون. زۆربەی خەڵک بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان و بە سەر بردنی کاتەکان شەوانە لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە و تەتەڵەی هەواڵ و ڕووداوەکانیان دەکرد. لەو سەردەمەدا، بەشێکی کەم لە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندەوار بوون و زمانی نەتەوە سەردەستەکانیان بە سەقەتی بەکار دەهێنا. لە بەشێک لە ماڵە کوردییەکان نەوەی تازە ڕسکاو، کە چەند ساڵێکیان لە قوتابخانە خوێندبوو، بۆ دایکان و باوکان دەبوونە وەرگێڕی زارەکی ڕووداوەکان. ئەو مێرمنداڵانە لەو ڕۆژگارەدا لاقیان کەوتبوو پێڵاوی گەورە ساڵەکان و لە بەر شەرم و نەشکان زۆر جاران بەشی گرینگی هەواڵەکانیان دەقرتاند و هەواڵ و ڕووداوەکانیان بە سەر و گوێلاک بڕاوی بە گوێی بیسەران دەگەیاند.

ماڵی مام کەریم، لەو سەروبەندەدا لە گەڵ جیران و خزمەکان جیاواز دەردەکەوتن و بە ماڵێکی پڕ لە جوڵە دەناسرا. ئەوان بەدوای خەونی ئارام و ژیانێکی باشتردا وێڵ بوون، بەڵام باوک و کوڕ لە سەر

چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانج هاوڕا نەبوون. کەماڵ کە کوڕە گەورەی مام کەریم بو، لەو ڕۆژانەدا بە دوای چارەنووسێکی نادیاردا سەرگەردانە و تەپوتۆزی شۆڕش سەروچاوی تۆزاوی کردوە. ئەو وێڕان بەشێک لە گەنجەکانی شار ڕۆژانە لە سەر شەقام و لە ماڵی دۆست و خزمان باسیان لە کۆتاییەکانی نیزامی پاشایەتی و سەرکەوتنی گەلانی ئێران دەکەن. کەماڵ و ڕەحمانی هاوڕێی لە سەردەمی نیزامی پاشایەتیدا بۆ تێپەڕاندنی دەورەی زۆرەملی ناسراو بە "خزمەتی سەربازی" و دواتر بۆ کارکردن سەردانی ناوچەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردبوو. ئەوان زیاتر لە خەڵکی ئاسایی، لە سەر ناوچەکانی دیکە و هەروەها بارودۆخی شارە گەورەکانی ئێران ئەزموون و زانیاریان کەڵەکە کردبو. کەماڵ و هاوڕێکانی لە گەڵ بزوتنەوە نارازییەکانی ئەو سەردەمە کەم و زۆر ئاشنا بوون، بەڵام هێشتا لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتیدا دەجوڵانەوە. کەماڵ و دوو کەس لە هاوڕێکانی بە ناوی ئیسماعلی مام ڕەحمان و سەلامی نەنکە فاتێ شەوانە لە ڕێگای ڕادیۆ فارسی زمانەکانەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی خۆپێشاندانەکانی تاران و هەروەها باقی شارە گەورەکانی ئێران بوون. ئەوان لە سەر شێوەکانی خەیاڵی گەنجانە خەونیان بە نەخش و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەدیت، کە لە پێناوی خاک، خەڵک، خۆ و خودادا ئامادەی فیداکاریی و گیانبازین.

ڕۆژگار شێواو و وەک ئاوێنەی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا روخسار و سیمای سەیر و سەمەرەی دەردەخست. لە ماڵانی شاردا وێنەی پیرە پیاوێکی ریش سپی دەگەڕا، کە بە ڕێبەر و ئیمام دەناسێندرا. ڕۆژێک ئەو وێنەیە لە ماڵە جیرانێکەوە دەگوازرێتەوە ماڵی مام کەریم. چیرۆکەکان لە سەر ئەو پیاوە زۆرن و ئەو کات زیاتر باس لە پیاوچاکی ئەو پیرە پیاوە مەندیل لەسەرە شیعە دەکرا. مام کەریم، وێنەکە لە دەستی یەکێک لە منداڵەکانی دەردێنێ و یەک و دوو جار لە چاو و نێوچاوانی ڕادەمێنێ و دواتر جنێوێکی تەڕ و تازەی بە ریش و مەندیلەکەی دەدات. منداڵەکانی دیکەی ماڵی مام کەریم چاوەڕوانی گەیشتنی وێنەکەیان دەکرد و بە تامەزرۆیی لە وێنەکەیان دەڕوانی و خەونە شاراوەکانی خۆیان دەدیتن. ئەو سەردەمە خەڵک خوازیاری ڕۆیشتنی شا بوون و بۆ زۆربەی خەڵک گرینگ نەبو، کە دواتر چ نیزام و کەسێک دەبێتە ڕێبەر و بەڕێوەبەری وڵات. خەڵکی ئێران هێشتا لە خەوی چیرۆکە کۆنەکان ڕانەپەڕیبوون، بۆیە توانای دیتنی دووردیمەنی ڕووداوەکانیان نەدەکرد. وڵاتی پاشاکان لە کۆنەوە بە ڕەمزی دواکەوتوویی خەڵک و وڵات، کارەکان ڕادەپەڕێنێ و گەمەی سیاسەت بەڕێوەدەبات. بۆ پاشا و بەرپرسانی تاران خەڵک و وڵات لە خزمەتکارێک زیاتر نەبوون و لە پێناوی تاج و تەختی شا

و بنەماڵەکەیدا ئیسماعیل ئاسا قوربانی دەکران. دەوڵەت بە دەزگایەکی سەرکوتکەر و زاڵم ناسراوە، کە سێبەری رەش و پیسی لە سەر سەری خەڵکی رەش و رووت قورسایی دەکات. ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی وڵات لە جیاتی پاراستنی سنوورەکان و دووربوون لە کایەی سیاسەت، بەردەوام لە دژی خەڵکی ناڕازی و رەخنەگر رادەگیران. وڵات بە تەواوەتی تاپۆی شا و بنەماڵە و دارودەستەکەی کراوە و دەنگە جیاوازەکان لە قوڕگدا دەخکێندرێن. خەڵکی وڵات و تاکەکانی بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، فێری ماف و ئەرکە رەواکانیان نەکراون و هێزی لێدان و گرتن و کوشتن لە هەموو لۆژیکێک بەهێزترە.

خەڵک بۆ رزگاربوون لە ژێر چنگی نێزە و چەکی ئەرتەش و بەندیخانەی پاشایەتی و بە پێشەنگایەتی ئاخوندەکان وردە وردە هێزی دەرپەڕاندنی شایان خوڵقاند. لە سەر سەکۆی شانۆی رۆژگاردا زۆر جار رووداوەکان وەک خۆیان دووپات و چەند پات دەبنەوە. چارەنووسی گەلان و نەتەوەکان یەکێک لەو بابەتانەیە، کە لە زۆر شوێن بە جۆرێک خۆی دووبارە دەکاتەوە. کاتێک خەڵکی وڵات و هەرێمێک شارەزای مێژووی راستەقینەی خۆیان نین و بەدوای دەنگی دەهۆڵدا رادەکەن، بێگومان سەریان لە بەردی زۆرداریی و چەوسانەوە دەدەن. خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە ترسی تاج و تەختی پاشایەتی، کەوتنە تەڵەی ئاخوندە مەندیل بەسەرەکانی دەرچووی قوتابخانەی فرت و فێڵ. پیرە پیاوە ریش سپییەکە و هاوڕێکانی لە کرچ و کاڵی کۆمەڵگەی ئێران سوودیان وەرگرت و لە ماوەیەکی کەمدا دیکتاتۆریەکی رەش و زاڵمتر لە حەمە رەزا شایان دامەزراند. ئەو پیرە پیاوەکەی مێدیاکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەرنەچوو، بەڵکو دەسەڵات روخساری راستەقینەی ئاشکرا کرد. وەعد و بەڵێنییەکانی خومەینی و هاوڕێکانی لە سەر خانوو و نانی خۆڕایی، کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کەوتنە ژێر تەپۆتۆزی رووداوە تازەکان. کوردەکان و خەڵکی مافخوازی ئێران لە بەر نەبوونی دووربینی و هەروەها شارەزانەبوون لە کایەکانی سیاسەت کەوتنە زەلکاوی ترسناکی سیاسەت و دەسەڵاتێکی مرۆڤکوژ، کە خومەینی بە ناوی وەلی فەقی رێبەرایەتی دەکرد.

نێوچاوانە تاریکەکەی خومەینی و بیرۆکە دژە مرۆڤییەکانی لە پاریس بۆ خەڵک ئاشکرا نەکرابوون. ئەوکات مێدیای رۆژئاوا و دەروێشە سیاسییەکانی ئێران و زۆر ناوەندی دیکە، بە مەبەستی رووخاندنی نیزامی پاشایەتی و دەرپەڕاندنی شا، چیرۆکی شایستە و درۆی گەورەیان لە سەر خومەینی بڵاو دەکردەوە. لە ژێر کارتێکەریی رۆژئاوا و مێدیاکانیاندا ئاخوندە شیعەکان لە نێوخۆدا کاری

بەرفراوانیان دەکـــرد و لە پڕێـــک بونە کوڕێـــک. خومەینی لە فەڕانسە بە شـــێوەیەکی نافەرمی نوێنەرایەتی بەرەی دژی شا و هەروەها نیزامی دوای پاشایەتی دەکرد. گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران و وتەکانی لە گۆڕستانی بەهەشتی زارا و دەربڕینی هەستەکانی زۆر دەللاقەی بەسەر نیزامی دوارۆژی ئێرانـــدا کـــردەوە، بەڵام چـــاو و گوێکـــان ئەوکات حەزیان لە دیتـــن و بیســـتنی راســـتیەکان نەدەکرد. شەقامەکانی تاران و باقی شارەگەورەکان دەخرۆشان و خەڵک چاوەڕوانی بەهەشتی بەڵێندراو، نان، ئازادیی و بۆڕی نەوت و گازی دەکرد. مزگەوتەکان جمەیان دەهات و خوێندەوارە ئێرانیەکان زیاتر لە خەڵکی ئاسایی لە داکوتانی سینگەکانی دیکتاتۆرییەت و ستەمکاریدا رۆڵیان دەگێڕا. باڵە توندڕەوە ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان لە راست و چەپ خەریکی گوتنی لەبەیک بۆ خومەینی و نیزامەکەی بوون و تەنیا لە کوردستاندا دەنگ ورەنگێکی جیاواز بەرچاو دەکەوت، کە باوەڕی بە وتە و درووشمی پیرە ئاخوندەکە نەدەکرد.

ژیانی سیاسی گەلانی ناوچە پڕە لە هەوراز و نشێو و بە ئاسانی ئاستەنگ و ئالەنگارییەکانی سەر ڕێگای سەرکەوتنی گەلان وەلانانرێن. کوردەکان لە کوردستان و سەر زێدی خۆیان بە درێژایی چەند سەدەی رابردوو بە چەند هۆکارێک لە چارەنووسە تاڵەکە رزگاریان نەبوە. ئەوان لە ژێر دوو سێبەری ئیمپراتۆری عوسمانیی و ئێرانیی و دواتر لە ژێر پاڵەپەستۆری چوار دەوڵەتی سەرکوتکەری تورکییە، ئێران، عێراق و سوریەدا دابەشکراون. رووداوەکانی رابردوو بۆ کوردان بۆن و بەرامەی بەهاری ئازادیی و هاوینی دامرکانەوەی لێ نایەت. خۆپێشاندانەکانی ئێران بۆ دەرپەڕاندنی شا و هاتنەوەی خومەینی تاڵاوی مەرگ و وێرانیان بە گەرووی کوردانی رۆژهەڵات و باقی ئازادیخوازانی ئێراندا کرد. گوند و شارەکانی کوردستان لە دوای هەڵاتنی حەمە رەزا شا و هاتنەوەی ئاخوندێکی دەمارگرژ بە ناوی خومەینی کەوتنە داوی مەرگی خاڵخاڵییەکان و لە ڕێگای چەکی جۆراوجۆر پەلاماری ماڵ وسامانیان درا. درووشمە قێزەوەنەکانی خومەینی لە کوردستان لافاوی مەرگ و خوێنی هەستاند و پاسدارە چەک بەدەستەکانی نیزامی تازە بە ناوی خوا، حوسێن و گەیشتن بە کەربەلا بەرەو چیا و دۆڵەکانی کوردستان هاتن.

مام کەریم و سۆفی حەمە و وەستا عەوڵا لەو رۆژانەدا وێڕای هاوشاریی و بەشێک لە خزمانی گوندەکان دڵگرانی خۆیان لە رووداوەکان دەردەبڕن. ئەوان و خەڵک دڵخۆشن، کە چەند حیزب و ڕێکخراوێک و بە

تایبەت حیزبەکەی قازی خەڵکیان ڕێکخستوە و هێزی پێشمەرگەیان کۆکردۆتەوە. زۆر حیزب و ڕێکخراو لە نێو شارەکاندا بنکە و نوێنەرایەتیان داناوە و لاوەکان پۆل پۆل تێکەڵ بە حیزب و ریکخراوی دڵخواز دەبـــن. حیزبایەتی لێـــرە ئەگەرچی مێژوویەکی هەیە، بەڵام خەڵک زۆر لە گەڵ کەلین و قوژبنەکانی کاری سیاسیی و حیزبایەتی ئاشنا نین. بە وتەی مام کەریم، لەو خاکەدا حیزب وەک کارگی بەهاران لە زەوی هەڵتۆقیون و هەر حیزب و ڕێکخراوەی لە شار و مەڵبەندێک پێی خۆی قایم کردوە. لە ئێراندا نیزامە دەسەڵاتدارەکان خەڵکی وڵات و تاکەکانیان بە ئەنقەســـت پەراوێزخســـتوە. ئەوان لە سەر ئەو بـــاوەڕەن، کە ئەگەر خەڵک لە پاشـکەوتوویدا ڕاگیرێـت ئاســانتر و باشــتر ئیــدارەدەکرێ و ئاســتی چاوەڕوانییەکان نەزم و سەرەتایی دەبن.

سۆفی حەمە ڕۆژانە لە بەر سێبەری سوێبانەی خانوەکەیان لە گەڵ کۆمەڵێک لە پیــاوانی گەڕەک بە عورفی خۆیان تەتەڵەی ئەو دۆخە دەکەن. ناوبراو حەزی لەو دۆخە پڕ لە چەرمەسەرییە نییە و روو لە مام کەریم و وەستا عەبدوڵڵا دەکات و دەڵێ:" براینە وادیارە نیشانەکانی ئاخیر زەمان دەرکەوتوون. گەورە و بچووک نەماوە و هەر حیزبەی بۆ خۆی ئاوێک دەڕژنێنێ. بە زەینی من زەمانە ناخۆش دەبێ و بۆنی شەڕ و ئاژاوە دەکەم". مام سۆفی لە مام کەریم دەپرسێ، کە کەماڵی کوڕت لە گەڵ کام حیزبە و چەکی کێی لە لایە؟ مام کەریم، کە هێشتا تامە جیاوازەکانی شۆڕشی نەکردوە رادەگەیەنێت، کە کەماڵ و پێشمەرگایەتیان لە گەڵ یەکتر گونجاو نین. ئەمن چەند ساڵە بە هەژاریی و فەقیری ئەو منداڵانە بەخێو دەکەم و چاوەڕوانم، کە کوڕەکانم لاباریکم لە گەڵ بگرن و یارمەتیدەر بن. چاو لە بەرە دەستم کەن، کە چەندە و چۆن بە کرێکاری قەڵشیون. وەستا عەبدوڵڵا لەو نێوەدا سەری خۆی دەلەقێنێ و دەڵێت، مام سۆفی و مام کەریم باشە ئێمە چارمان چییە؟ ئەمن تازە ژنم هێناوە و منداڵم نین بۆ ئەوەی چەک بـۆ کـورد لە شـان بکەن، بەڵام ئەگەر هیــچ نەکەین و خەڵک داوای مافەکانی نەکات، چـۆن لەو ڕەزالەتە ڕزگارمـان دەبـێ؟ ئەگەر بە تەما و چـاوەڕوانی فریشـتە و پەری و ئەرتەشـی خـودایین، ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە و ڕەنگە هەتا گەڕانەوەی مەهدی سەرنەگرێ! هێشتا هەودای وتە و قسەکردنی پیرە پیـاوان و هەروەها باوکـان نەپچڕابو، کە کەماڵی کـوڕی مـام کەریم دەگاتە کـۆڕی پیـاوانی دڵشـکاو و دڵگیـراو. کەماڵ سـڵاو لە مـام کەریم و ئەوانی دیکە دەکـات و بە بـابی رادەگەیـنێ، کە چەنـد ڕۆژێـک سەفەر دەکـات و کـاری حیزبیـم هەیە. مـام کەریم بە بیسـتنی ئەو قسەیە بەنـدی دڵـی دەپسـێت و بە دەنگێکـــی بابانە دەڵێـــت، ڕۆڵە بەدوای خەڵکی سەر ڕووت مەکەوە و لە مـــاڵی خـــۆت دانیشە. بـــاب و

باپیرانم باسی زۆر دەور و زەمانەیان بۆ کردووم و ریسەکەی کوردان ئاخیری دەبێتەوە خوری. ئەوەتا مام سۆفی و وەستا عەبدوڵڵا شاهیدن، کە بە چ قوڕبەسەرییەک تۆم گەورە کردوە و نازانم ئەمڕۆ بەدوای چیدا عەودالیت؟ مام سۆفی ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و بەمجۆرە ڕێنوێنی کەماڵ دەکات، کەماڵ بۆ خۆت پیاو بە و ئاگات لە باب و دایکت بێ. ڕۆڵە تەنیا ڕێگای خودا و محەممەد دەیبەنەوە و ئەگەر دایک و بابت لێت رازی نەبن، ناچیە بەهەشت. کەماڵ دەزانێ، کە باوک و هاوساڵەکانی لە گەڵ خەبات و بەرخۆداندا نین و هەر کەس دەخوازێ خۆیی و بنەماڵەکەی لە ئاگرە سوورەی خەبات دوور بێ. مرۆڤەکان لە ژینگەیەکی پڕ لە گومانداا ئیرادەیان بە تەواوەتی باڵا ناکات و لە هەموو جوڵەیەک دەترسن. نەوەی کۆن باوەڕی بە باشتربوونی بارودۆخەکە نییە و خوازیارن، کە منداڵەکانیان نەبنە سووتەمەنی شۆڕش و خەباتێک، کە سەر و بنی نادیارە.

سێبەرەکان بە هیواشی خۆیان شۆڕ دەکەنەوە. سەردەشت لە سەر بەری دەستی سرووشت و باوەشی گردەسووردا پڕە لە هاوار و بە شنەی بەیانیان و ئێوارانی سەرچاوەی شار دڵی بریندارى باوەشێن دەکات. مەیدانی چەک لە ناوەڕاستی شار جمەی دێت و کڕیار و فرۆشیارانی چەک لەو بازاڕەدا بەدوای نان و پارەدا دەسووڕێنەوە. خەڵک هەر جارە گوێی لە بابەتێک دەبێ و هەر حیزب و ڕێکخراویک بە ئاوازێک دەخوێنێ. لاوان بە تێپەڕین لە مەیدانی چەکفرۆشتن و شەقامەکانی شاردا بیر لە دواڕۆژێکی نادیار دەکەنەوە و تێکەڵ بە ئێوارانی شار دەبن. سەرچاوەی شار بازنەیەکی گیان پێبەخشراوە، کە هەواڵ و ڕووداوەکانی شار لەوێدا تاوتوێ دەکرێن. لەو بازاڕەدا دەنگۆکان باڵ دەگرن و هەواڵەکان زار بە زار ڕێگا دەپێون و گوێی دانیشتوانی شار دەنگێون. لەو دۆخەدا کەماڵ باوکی و مام سۆفی و وەستا عەبدوڵڵا بەجێدێڵێ و بەرەو داوێنی شار شۆڕ دەبێتەوە. ئەو خەون بە چەک و ڕەختەوە دەیبینێ و لە ڕێگادا وێنەی ئەو ڕۆژانە لە مێشکیدا دەنەخشێنێ، کە وێڕای پێشمەرگە و هێزی بەرگری دژ بە پاسداڕەکانی سپای ئاخوندەکان دەجەنگن. کەماڵ لە شەقامی ڕاستەقینەی شار سەرنجی بریسکانەوەی تیشکی خۆر لە سەر ڕوومەت و ڕوخساری چەکەکان دەدات، کە بە شێوازێک باس لە دواڕۆژی جۆری دیالۆگی نێوان خاوەنانی خاک و داگیرکەرەکان دەکات. ناوبراو، ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە، کە بە فەرمی تێکەڵ بە ژیانی حیزبایەتی دەبێت و چەکی پێشمەرگانە لە شان دەکات. ئەو لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شار دەمێنێتەوە و ڕاهێنان لە سەر ژیانی تازە دەکات. ناوبراو ڕاستەوخۆ بە باوکی نەگوت، کە لە بنکەی حیزب لە شار جێگیر دەبێت و بۆ شاردنەوەی پرسی چەک هەڵگرتنەکەی،

بە مام کەریمی باوکی رادەگەیەنێ، کە بۆ چەند رۆژێک سەفەر دەکات.

کەماڵ لە گەڵ چەک ئاشنایە و شارەزای چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو چەکانەیە، کە پێشمەرگەکان کەڵکی لێوردەگرن. ناوبراو، لە رۆژانی یەکەمدا تەنیا لە کاتی پارێزگاریدا چەکی دەدرێتێ، بەڵام پاش تێپەڕینی حەوتوویەک دەبێتە خاوەنی کەڵاشینکۆفێکی قۆنداخدار.. ئەو لە بنکەی حیزبی دێموکراڕات لە گەڵ زۆر گەنج و کەسی دیکە ئاشنا دەبێ، کە هەر کامەیان هەڵگری چیرۆک و داستانێکی تایبەت بە خۆیانن. کەماڵ لە کاتی مانەوە لە بنکەدا تێدەکۆشی لە گەڵ ئەو نووسین و رۆژنامانە ئاشنا بێ، کە بەجۆرێک باس لە پرسی کورد دەکەن. ئەو کە لە قوتابخانەی شار ١٠ ساڵێک وانەی خوێندەوە، لە گەڵ نووسین و خوێندەوە بە زمانی دایکی ئاشنا نییە. ناوبراو لە بنکەکەدا دەبینێ، کە زۆر پێشمەرگە و چەکهەڵگر نە تەنیا خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیان نازانن، بەڵکو لە هونەری خویندنەوە و نووسین بە زمانی نەتەوەی سەردەست بێبەشن. کەماڵ دەبینێ، کە مرۆڤەکان جیاوازن و هەر کەسە بە ئامانجێک چەکی لە شان کردوە. شەوانە لە بەردەم بنکەی حیزب لە کاتی پارێزگاریدا بیر لە بنەماڵە و دوارۆژی خۆی دەکاتەوە، کە لە یەک چوارچێوەدا ناگونجێن. ئەو هێشتا بە تەواوەتی لە گەڵ حیزبایەتی و کاری پێشمەرگەکانە بە شێوەیەکی کرداری ئاشنا نەبوە. سۆزی چەک لە شانکردن و دەرکەوتن لە نێو کۆڵان و شەقامەکانی شار بە سەر بیرکردنەوە قوڵەکەدا زاڵن. کەماڵ بە هۆی خوێندەواریی و هەروەها ئۆگری بۆ فێربوونی زمانی دایک، لە هاوڕێکانی زیاتر دەناسرێ. ناوبراو بۆ فێربوونی زمانی دایک داوای یارمەتی لە بەرپرسانی حیزب و خوێندەوار و کەسانی شارەزا دەکات.

کەماڵ ئێوارەیەک بە سەردانێکی دوو رۆژە دەچێتەوە ماڵ. دایک و باب و ئەندامانی بنەماڵە بە دیتنی شاد دەبنەوە، بەڵام بە لێشاوی پرسیارەکان کەماڵ دەتاسێنن. زارای دایکی بە دیتنی چەکێکی قۆنداخدار سەری سووڕ دەمێنێ و دەپرسێت، کاکە ئەو دوژمنەی لە چی دەگێڕیت؟ مام کەریم بە هەڵسووڕاندنی تەزبیحە قەزوانەکان دڵگرانی لەو بارودۆخە دەردەبڕێ. ناوبراو دەڵێت، بەخوا تەواومان کرد. کەماڵ، تۆ بە تەمای چی؟ خودموختاری چۆن وەردەگریت و چینی کرێکار چۆن دەحەسێنیەوە؟ کاوە، لەیلا و شیرین لەو دیالۆگ و قسەکردنەدا بێدەنگیان هەڵبژاردوە و زۆر ناچنە نێو جەرگەی ئەو پرسیارانەی، کە لە براکەیان دەکرێ. ئەوان دڵخۆش و شادن، کە هەموویان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و وەک جاران لە سەر سفرەی هەژارانە دەتوانن بە دمەتەقەیەکی رۆژانە و ئاسایی جەمە نانەکەیان

بخۆن و کاتەکان تێپەڕ کەن. کەماڵ زۆر خۆی لە قەرەی پرسیارەکان نادات و هەوڵدەدات بە ئاسانی رزگاری بێت، بەڵام بابی واز ناهێنێ. مام کەریم دەگێڕێتەوە، کە دوێنێ لە نێو شاردا گوێی لە پێشمەرگەی چەند لایەک گرتوە، کە هەر کامەیان بە جۆرێک درووشم و شوعاریان داوە. ئەو لەو پەرتەوازەییە نیگەرانە و بوونی ئەو چەکدارانە بە سەرەتاییەکی نارێک بۆ دۆخی کوردەکان پێناسە دەکات. بە باوەڕی مام کەریم، یەک میللەت و یەک هێزی چەکدار دەگونجێ، بەڵام یەک میللەت و ئەو هەموو حیزب و هێزە چەکدارە ئاسەواری خەراپ لە سەر کۆمەڵگا دادەنێ. ئەو بە دەنگی بەرز لە خوا دەپاڕێتەوە، کە لەو رۆژگارە ئاڵۆزەدا تووشی ناخۆشیی و دەرد و بەڵایان نەکات. مام کەریم روو لە کەماڵی کوڕی دەکات و دەپرسێ:" رۆڵە، ئەتۆ چەکداری کام حیزبی؟ ئەمن دەزانم، حیزبی قازی باسی خودموختاری دەکات، بەڵام ئەوانەی باسی چینی کرێکار و کارگەر دەکەن، بەدوای چ ئامانجێک کەوتوون؟ ئەدی رۆڵە ئەو چریک و سازمانە زۆرانە چۆن وڵات رزگار دەکەن؟ کەماڵ بە کورتی دەڵێ، بابە ئەمن لە گەڵ حیزبی قازیم و زۆر لەو حیزب و سازمانانەم نەکۆڵیوەتەوە، بەڵام بە کوردی هەر لایەنە و باس لە شوعار و خەونی خۆی دەکات. بابە، بەو زووانە زۆر شت روون دەبێتەوە و رۆژگار راوەستاو نییە. مام کەریم، لە کوڕەکەی دەپرسێت، کە حیزبی ئەوان لە گەڵ نیزام دەسازێن یان بەرنامەیان چییە؟ لە پڕ زارای دایکی وەقسە دەێت و دەڵێ: رۆڵە کەماڵ، خودموختاری چۆنە و ئەگەر ئەو داواکاریەمان قبوڵ کرا، ئێمە دەبینە چی؟ کەماڵ بە شێوازێکی خۆمانە دەڵێ: دایە، ئەوەندەی بیستوومە و خویندوومەتەوە، مەسەلەکە پێوەندی بە ئیدارەکردنی کوردستانە. سەرۆکی حیزب و رۆژنامە و کادرەکانی باس لەوە دەکەن، کە ئێمە ئێرانێکی ئازاد و کوردستانێکی خودموختارمان دەوێ. بە کورتی، دەمانهەوێ لە کوردستاندا بە زمانی کوردی بخوێنین و پێشمەرگە پارێزگاری لە سنوورەکان بکەن و ئازاد بژین. زارای دایکی دەڵێ، رۆڵە جا بە کوردی چۆن دەنووسرێ و دەخوێندرێ، کوا مەدرەسە و موعەلیم. بە خودای تاک و تەنیا حەزمان لەو خودموختارییە، بەڵام دەوڵەت دینی نییە و بە تانک و تۆپ و تەیارە دێتە سەرمان. کەماڵ سەرێک بۆ دایکی رادەوەشێنێ و دواتر ئاماژە بە چەکەکەی دەکات، کە بۆ پارێزگاری لە خاک و خەڵکەکەی هەڵیگرتوە. کاوە، کە هێشتا تەمەنی ١٤ ساڵە، زۆر حەزی لە چەکی براکەیەتی و لە دەوروبەری ئەو چەکە قۆنداخدارە دێتودەچێ. لە پڕ کاوە بە دایکی دەڵێ، ئەمنیش وەک کاکم دەبم بە پێشمەرگە. مام کەریم بە بیستنی ئەو قسەیەی کاوە دەهری دەبێ و وەک سۆبەی تازە داگریساوی چیلکان خەریکە گەفان دەکات و ئیستیکانە چایەکی بۆ لای سەماوەرەکە فرێدەدات و بە سەر کوڕەکانیدا هاوار دەکات. لەیلا و شیرین لەو دۆخەدا کز و بێدەنگن و لە نێوان

توڕەیی باوک و خۆشەویستی براکانیاندا گیریان خواردوە.

زارا، بە مام کەریمی هاوسەری دەڵێ، کەریم ئەتۆ چت لە ئێمە دەوێ و بۆ نان و ئاوت بە ئێمە تاڵ کردوە. مەگەر نازانی، ئەگەر خودموختاریمان وەرگرت، ژیانی پیر و جحێڵان خۆش دەبێ و لەو رەزاڵەتە رزگارمان دەبێ. مام کەریم لە توڕەیی و خەفەتان چاوی دەوروبەر نابینن و لە زارای خێزانی توڕە دەبێ و دەڵێ، ئەدی بە سەری بابەت، خودموختاری بەیانی دێتە بەر دەرگا و وەک تەنەکەی رۆنی بە ماڵاندا دابەش دەکرێ. زارا کە راگرتنی دڵی کوڕەکانی بەلاوە گرینگترە بە هاوسەرەکەی دەڵێ، ئەگەر حیکایەتیش بێ ئەو خودموختارییە هەر خۆشە و رۆژانە پێنج فەڕزە لە سەر بەرماڵێ لە خوا و پێغەمبەران دەپاڕێمەوە، کە پشت و پشتیوان بن. کەماڵ بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە بە باوکی دەڵێ، بابە راستە ئێمە دەبێ هەموو پێکەوە کار بکەین و ژیانی خۆمان بەڕێکەین، بەڵام هەتا کوردستان ئازاد نەبێ، خۆ ئێمە رزگارمان نابێ. ئەمن بۆ دوو شەوان هاتوومەوە و با پێکەوە بە خۆشی ئەو کاتانە تیپەڕ کەین و خوا گەورەیە. کەماڵ روو لە کاوە دەکات و دەڵێ، تۆ تەمەنت کەمە و بۆ پێشمەرگایەتیی و چەک هەڵگرتن زۆرت ماوە. بێجگە لەوە، خۆ ناکرێ ماڵی ئێمە هەموو چەک هەڵگرن و لە ماڵ دەرچن. تۆ وەک کوڕی ماڵ لە دەوری دایک و بابم و خوشکەکان بژی و رۆژگار دەگۆڕێ. چەک هەڵگرتن تەنیا مانەوە لە شار و گوند نییە، بەڵکو دەبێ لە کاتی پێویستدا بۆ شوێنەکانی دیکەی کوردستان بڕۆی و ئەرکێکی دژوار و قورسە. مام کەریم کەمێک ئارام و ئۆقرەی گرت و دواتر بە پێکەنینەوە ئەو وردە چیرۆک و بەسەرهاتانەی دەگێڕێتەوە، کە لە سەردەمی شێخ مەحمود، سمکۆ،قازی، شۆڕشی ئەیلولدا بە سەر کورد و پێشمەرگەکانیدا هاتوە. ناوبراو، لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوار و لە کۆتایی وتەکانیدا دەیگوت، بە غەوسی گەیلانی حەزم لە حوکومەتی کوردییە، بەڵام خودا شاهیدە عەقڵم نایبڕێ و کورد زۆر زەحمەتە بە ئاسانی رزگاری بێ. کەماڵ بۆ بیستنی بیروڕای باوکی لە سەر شۆڕشی ئەیلول و دواتر شکان و ئاشبەتاڵەکە دەپرسێ، بابە ئەتۆ چۆنت ئاگا لەو شکان و روخانە گەورەیە هەیە و کێ تاوانبارە؟ مام کەریم، حەزی لە چای گەرمە و روو لە کچەکانی دەکات و داوای هێنانی چای دەمکراو و گەرمیان لێدەکات. پاش هەڵقۆڕاندنی سێ ئیستیکان چای قەدباریک و هەڵدانی کلۆ قەندە تەورێزیەکە ئاخێک هەڵدەکێشێ. ناوبراو بە دڵشکاوی دەڵێ، ئەو کات کورد دڵخۆش بوون کە شۆڕش سەربکەوێ و بەجۆرێک مافەکانیان وەرگرن، بەڵام وەک هەمیشە کوردەکان لە کۆتایی رووداوەکاندا دەستیان لە بنی هەمبانە دەرچوو و کەوتنە سەر ساجی عەلی. ئێمە لەم دیوەی کوردستان

زۆر حەزمان لە سەرکەوتنی کوردی گەرمێنێ بو، بەڵام کورد لە گەڵ یەکتر ناپاکن و خودا دەزانێ سەرکردەکانیش سوارچاک نین و خەریکی گێرە و کێشەی خۆیانن. ئەو سەردەمەی پێشمەرگەکانی دێموکراتی لە کوردستانی گەرمێن جێگایان نەدەبۆوە و بە فەرمانی مەلا مستەفا زۆر پێشمەرگە گیران و کوژران و رادەستی خوانەناسەکانی حەمە رەزا شای کرانەوە. ئەمن ئەو شەو دەزانی بۆچی تورەم، چونکە دونیام لە ئێوە زیاتر دیتوە و لە کۆنەوە زۆر چیرۆکیان سینگ بە سینگ بۆ گێڕاومەوە، کە باسی پەرتەوازەیی کوردان دەکەن. کەماڵ ئەمن لەتۆ دەپرسم، لەو شارە چەند کەس دەژین و چەند پێشمەرگە چەکی هەڵگرتوە؟ کە جحێڵ بووم، زۆر خەونی گەورە و پاکم هەبوون، بەڵام زەمانە زۆر بێ رەحمە و درەنگ یان زوو کوردەکان دەکەونە سەر چۆکان. نازانم، ئەوە چارەنووسیکی خوداییە یان ئاکامی خۆخۆریی و پێکەوەهەڵنەکردنی کوردانە.

شەو باڵی بە سەر هەموو لایەکدا کێشاوە و شار خەریکە دەچێتە باوەشی خەوێکی ئارام. شەوانی هاوین و بە تایبەت خەوی سەر بانەکان بۆ لاوەکان تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، بۆیە کەماڵ بە چەکەوە دەچێتە سەر بان و تێکەڵ بە خەوی شیرین و ئاسمانی پڕ بە ئەستێرە دەبێ. کەڵەبابەکان لەو دەڤەرەدا بە هاتنی سپێدە شادن و ماوەیەک بەر هەڵاتنی خۆر بە خوێندنی خۆیان بانگی هاتنی بەیانی بە گوێی خەوتوەکاندا دەخوێنن. خەوی بەیانیان ئەگەرچی شیرینە و مرۆڤ بە ئاسانی بەر نادات، بەڵام بانگی مزگەوتەکانی شار و هەروەها راسانی وزە جیاوازەکان پاڵەنەری وەخەبەرهاتنی زۆر کەسە. مام کەریم بەیانیان بۆ نوێژکردن روو لە مزگەوتی گەڕەکەیان دەکات و لە رێگای چوون و هاتنەدا لە گەڵ جیران و هاوتەمەنەکانیدا باس لە رووداوە گەرمەکانی رۆژ دەکەن. ئەوان زیاتر لە نەوەی تازە تووڕەن و خوازیاری پاراستنی باڵانسی ژیان و ئاسایشن، بەڵام گەنجەکان لە گەڵ چەرخی رووداوەکان دەڕۆن و زۆر بە قوڵی ناچنە ناخی پرس و رووداوەکان. مەلا عوسمان لە مزگەوتی گەڕەک جار و بار لە گەڵ نوێژکەرەکاندا دەدوێ و هەواڵی ماڵ و منداڵەکانیان دەپرسێ. ناوبراو داوا لە دایکان و باوکان دەکات، کە کوڕەکانیان فێری چۆن مزگەوت بکەن و بۆ نوێژ و رۆژگرتن رێنوێنیان بکەن. لەو بەرەبەیانیەدا لە مام کەریم دەپرسێ، کە کوڕ و کچەکانی چۆنن و ماوەیەکە کەماڵی کوڕی نابینێ. مام کەریم بە دەنگێی کز و ئارام بە مەلا عوسمان دەڵێ، مامۆستا چت عەرز بکەم، کەماڵیش خەریکە سواری ئەسپی هەوەسی کوردایەتی بوە و چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتوە . مەلا عوسمان خوازیاری وەرگرتنی زانیاری زیاترە و لە مام کەریم دەپرسێ، لە گەڵ حیزبی پێشمەرگە پیاوەکان کەوتوە یان

ئەوانەی پێشمەرگەی ژن و کچیان هەیە و داس و چەکۆشکێکیان لە سەر ئالا سوورەکەیانە؟ مام کەریم بە پێکەنینەوە دەڵێ، مامۆستا لە گەڵ حیزبی قازی کەوتوە و کەماڵ کوڕێکی خواناسە. مەلا عوسمان دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە، کە موسوڵمانەکان لە سەر ڕێگای چاکە و ڕاست ڕابێنێ و دەست لە عەمریان بگرێ.

سەماوەری ماڵی مام کەریم و زۆربەی ماڵە کوردییەکان بەیانیان زوو هەڵدەکرێن و ئۆگرانی گەرمەچا لە دەورەی یەک کۆدەبنەوە. زۆر جار گەورەی ماڵ سینگ بە سەماوەری دەنێ و بەیانیان بە کەیفی دەڵی خۆی بە ئیستیکانە قەد و لار باریکەڵەکان تێر چا دەخواتەوە. مام کەریم بە دیتنی سەماوەرە هەڵکراوەکە بزەی دێت و پاش چەند جار ناوهێنانی خوا و پێغەمبەر بەرامبەر بە سەماوەرە کوڵیوەکە دادەنیشێ و چاوەڕوانی کچەکانیەتی، تاکو یەکەم چای بەرەبەیان هەڵقوڕێنێ. کەماڵ دوای هەڵاتنی گزینگی خۆر و هەڵکردنی شنەبای بەیانی و مۆسیقای باڵندە پڕ لە جوڵەکان لە خەو هەڵدەستێ. ئەو ماوەیەک سەرنجی جیران و دارە توەکەی حەوشەیان دەدات، کە بۆتە مەڵبەندی چۆلەکە و باڵندەکانی دیکە. زارا لە ژوورەوە هاوار دەکات، کە نانی بەیانی ئامادەیە. کەماڵ، کاوە، لەیلا و شیرین وێڕای دایک و بابیان لە دەوری سفرە نایلۆنە گوڵگوڵەیەکە کۆدەبنەوە. مام کەریم، لە دەستپێکی نانی بەیانی باس لە مەلا عوسمان دەکات، کە ئەحواڵی ماڵ و منداڵی پرسیوە و ئاگاداراە، کە کەماڵ بۆتە پێشمەرگە. زارا بە وشەکانی مام کەریم تورە دەبێ و بە دەنگێکی تیژ هاوار دەکات، خودایە پەنا بە تۆ لە دەستی مەلا، جیران و کەریم ژیانمان شێواوە. کچەکان سەرەتا گەڕە چایەک تێدەکەن و دواتر بە تێکڕا نانی بەیانی بە ماست و ڕۆنی خۆماڵی دەخۆن. لە سەر سفرە هەر کەسە و بە جۆرێک باس لە ڕۆژگار دەکات و کچەکان لەو بەرەبەیانەدا دەخوازن باسێک لە گەڵ براکانیان بکەنەوە. لەیلا، کە کچی گەورەی ماڵە روو لە کەماڵی برای دەکات و دەپرسێ، کاکە ئەرێ مەسەلەی ژنهێنانی تۆ چی بەسەر دێت؟ وەک بیستوومانە تۆ لەمێژە بە نیازی خواستنی کچی مام ڕەحمانی بانەزێریت. شیرین لە بنەوە لەیلا تورە دەکات و دەپرسێ، خوشکێ ڕەنگە ڕێگا بۆ خۆت خۆشکەیی و بە تەمای مێرکردن بی؟ زارای دایکیان بە سەری لێوانەوە دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەوە کاری خوایە و کچ دەبێ مێردی بکات و کوڕ ژن بێنێ. ئەوەش قسمەتی خودایە و هەتا خوا قەڵەمی لێنەدا ڕەنگە ئەو کارانە سەرنەگرن. کەماڵ لەو پرسیار و باسانە سەری ئەستور بوە و تێناگات، کە چۆنە چەک هەڵگرتنێک ئەو هەموو پرسیارانەی خوڵقاندوە. خەون و خەیاڵی پێشمەرگایەتی و پارێزگاریکردن لە خاک و خەڵک کەماڵی سەرقاڵ کردوە، بۆیە

وەبیرخوشکەکەی دێنێتەوە، کە ژیان بەردرێژە و وەرزی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش درەنگ یان زوو دێتە سە رێگا. مام کەریم لە پڕ باسێکی بیر دەکەوێتەوە، کە پێوەندی بە خوازبێنی لەیلای کچیەتی و ماوەیەک لەوە پێش لە لایەن باوکی کوڕێکەوە وەبن گوێی هەڵێنراوە. لە کاتێکدا پاروە نانە ماستاوییەکە بۆ لای زاری دەبات، چاوێک لە لەیلا دەکات و دەپرسێ، رۆڵە لەو سەردەمەدا باشترین کار ئەوەیە تۆ دابمەزرێنین. لەیلا لە شەرمان لە سەر سفرەکە هەڵدەستێ و خۆی بە گەسکدانی حەوشەی ماڵەکەیان خەریک دەکات.

مام کەریم باسەکە دەکاتەوە و روو لە کوڕ و هاوسەرەکەی دەکات، کە ماڵی سەلیمی مەمەنداغای بۆ عەباسی کوڕیان داوای لەیلا دەکەن. کەماڵ گوێبیستی وتەکانی دایکی دەبێ، کە دەڵێ کەریم ئەمن لەیلام بۆ کوڕی برای خۆم داناوە و حەز ناکەم بیدەم بە بێگانە. مام کەریم سەرێک رادەوەشێنێ و بە هێواشی دەڵێ، خزم لە کن خزمی سوکە و کچی خۆمان دەدەینە خەڵکی دیکە. کەماڵ سەری لەو هەموو گێرە و کێشە دەرناچێ و بە باوک و دایکی دەڵێ، با کەمێکی دیکەش سەبر بکەین و دواتر رەنگە پیاوێکی گونجاو و باشی بە نسیب بێ. شیرین دوای بیستنی باسەکان سفرەکە جێدێڵێ و دەچتە حەوشەکەیان و قسەی هەمووان بۆ خوشکەکەی دەگێڕێتەوە. ئەو لە لەیلا دەپرسێ، خوشکێ ئەتۆ حەز لە خزم دەکەی یان بێگانە؟ لەیلا حەوشەکە بە نیوەخاوێنکراوی جێدێڵێ و دواتر دەچێتەوە ژوور و سفرەکە کۆ دەکاتەوە. باسەکان کۆتاییان هاتوە و کەمێک شەرمی شکاوە و دەزانێ، کە پرسیارەکەی بەیانی هەویرێکە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و رەنگە مانگ و ساڵانی داهاتووش ئەو باسە زیندوو بێتەوە.

مام کەریم کارێکی بەردەوامی نییە و لە وەرزەکانی هاوین و سەرەتای پاییزدا وەک کرێکارێک لە کاری سازکردنی خانو و باڵەخانەکاندا کار دەکات. دەستە قەڵشیوەکانی و سەر و چاوە سووتاوەکانی لە ژێر خۆری هاویندا بەشێکن، لە خەمی هاوڵاتیانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە خێروبێری بەروبومی وڵات سوود نابینن. باب و دایکە هاوتەمەنەکانی مام کاریم و زارای هاوسەری، بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە کوڕەکانیان لە تەمەنی گەورەساڵیدا تێکەڵ بە هێزی چەکدار و حیزبی سیاسی ببن. هیوا و ئومێدی باوکان و دایکان گەورەبوونی منداڵەکان و سووکبوونی ئەرکی بەخێوکردنی خێزان بو. کارە وەرزییەکان بۆ ماڵە خاوەن منداڵەکان زۆر گونجاو نەبوون، بەڵام رێگایی دیکە و بژاردەی زۆرتر نەبوون. مام کەریم، لە وەرزی زستان و بەهاردا وردەکاری دیکەی دەکرد، بەڵام باخەڵی گەرمدا نەدەهێنا و تەنیا بەشی

ورده پێداویستییەکانی ماڵی دەکرد. زۆربەی ماڵەکان لەو بارودۆخەدا پشتیان بە خۆیان دەبەست و بە کۆتایی هاتنی هاوین و دەستپێکی پاییز تەماتە، باینجان و کولەکەیان ویشک دەکردن و وەک پێخۆری خواردنی زستانە هەڵیان دەگرتن. ساوەرکوتان و ترێ نانەوە و دۆشاوکردن، روبی تەماتە و هەروەها سازکردنی مرەبای بەهێ و هەنجیر زۆر کەسی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. ژیان بە تەواوەتی نەکەوتبۆ سەر ڕێچکەی مۆدێرن و زۆربەی ماڵەکان لە شارە چووک و گوندەکان مریشک و مەڕ و ماڵاتیان رادەگرت. حەوشەی ماڵی مام کەریم و جیرانەکانیان لەو رۆژانەدا پڕ بوون لە مریشک، فڕوج، کەڵەباب و هتد.

پاش خواردنی نانی بەیانی مام کەریم و کوڕەکانی دەچنە حەوشەی ماڵ و لە بن سێبەری دارە توەکە گوێ بۆ رادیۆ شل دەکەن. رادیۆ ئەو کات وەک زانکۆیەکی گشتی خزمەتی دەکرد و بەشێکی زۆر لە خەڵکی سیاسی و تازە پێگەیشتوو بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکان رادیۆی بچکۆڵانەیان لە گەڵ خۆ دەگێڕا. رادیۆی تاران بۆ کوردەکان زۆر دڵگیر نەبوو، چوونکە خۆیان تێدا نەدەدیتەوە. رادیۆی بەشی فارسی بی بی سی گوێگری زۆرتری هەبوون، کە زیاتر باسی رووداوە سیاسییەکانی دەکرد و بیروڕای جیاوازی لە سەر رووداوەکانی ئێران، چارەنووسی شا و هاتنەوەی خومەینی بڵاودەکردەوە. رادیۆی بەغداش لە بەشی کوردیدا زیاتر گرینگی بە بواری گۆرانی، فۆلکلۆڕ و هەروەها هەواڵەکانی تایبەت بە حکومەت و جیهانی عەرەبی دەدا. کوردەکان خاوەنی مێدیایەکی کاریگەر و سەربەخۆ نەبوون، کە خەڵکی کورد لانی کەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوارۆژی مەترسییەکان ئاگادار بکاتەوە و کوردەکان لە دوارۆژی مەترسیدار و ژێنۆساید ئاگادار بکاتەوە. مام کەریم، کەیفی بە هەواڵ و خەبەرەکان زۆر خۆش نەدەبو، بەڵام بە ناچاری گوێی لە هێندێک بەرنامە دەگرت. لە زمانی فارسیدا کۆڵەوار و ناشارەزا بو، بەڵام بە خوار و خێچی هێندێک بابەتی وەسەر یەک دەخستنەوە و بەشێک لە دەربڕینەکان تێدەگەیشت.

مام کەریم لە کاتی گرتنی دەنگی کوردی بەغدا و گوێگرتن لە گۆرانی حەسەن زیرەک داوا لە کوڕەکەی دەکات، بە قسەی بابی بکات واز لە پێشمەرگایەتی بێنێت و ژیانی هاوبەش پێکبێنێ. بە تێگەیشتنی مام کەریم، ئەو بارودۆخە ناگۆڕێ و کورد دەوڵەتی نییە و دەرەقەتی حوکمەتی تازە نایەت. چەند مانگ لەوە پێش، لە سنە شەڕی خوێناوی بەرپاکرا و رێژیم زۆر زاڵمانە پەلاماری بەردەسەر خەڵکی سیڤیل. لەو شەڕەدا، کە بە نەورۆزی خوێناوی سنە بەناو بانگە، سەرتاپای کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەندیل

بەسەر و قات لەبەرەوە درندایەتی خۆیان بەرامبەر بە پرسی کورد و مافەکانیان دەربڕی. لە شاری نەغدە، لە مانگی بانەمەڕدا پیلانی شەڕی ئازەرییەکان لە گەڵ کورد جێبەجێکرا و هەرجارەو کورد لە مەڵبەندێکەوە تووشی پیلانگێران و ئاژاوەگێران دەبوونەوە. لە مەریوان و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان سەرەتاکانی دەرکەوتنی قۆناخی دژوار و ئالەنگارە رقەنەکان دەردەکەون. چەند جارە دەڵێن نوێنەرانی کورد و دەوڵەت کۆبوونەوە، بەڵام چ خێرێکی نەداوەتەوە. نوێنەرانی دەوڵەت دێن، نوێنەرانی حیزبەکان دەچن بۆ قۆم و تاران، بەڵام خۆ خافڵاندنە. نیزامی مەلایان لە سڵەتەنەتی شا زۆر رەقترن و بە خوێن دەڕۆن. خەڵکی ئێران تازە لە خوێنی خۆپێشاندان و تەزاهوراتەکان رزگاری نەبوە و توانای نییە دژی ئەو رژیمە خوا نەناسە راوەستێ و لە سەر شەقامەکان سەنگەر بگرێ. بەخودای رۆڵە، تازە کەوتووینە داوی زەمانە و ئەو ریشە پێویستی بە شانەهەڵگرتنە. ئەمن مردوو و ئەتۆ زیندوو، ئەو خودموختارییە هەر بە ناویش قبوڵ ناکرێ. کەماڵ بە وردی گوێ لە وتەکانی بابی دەگرێت و لە مام کەریم دەپرسێ، باشە ئەگەر ئەمن هاتمەوە ماڵێ چ لە وەزعەکە دەگۆڕێ؟ ئایا حکومەت دەڕوخێ و کورد سەردەکەوێ؟ پاشان ئەگەر هەموومان خۆمان پەنا بدەین و کەس ئامادە نەبێ لە پێناوی خاک و خەڵکدا چەک لە شان بکات، چۆن و چەندە قازانج دەکەین؟ بابە، قسە و گێرانەوەکانی تۆ زۆر راستن، بەڵام هەوای کوردایەتی لە کەللەی داوم و تازە لە ماڵێش بم خێرێکی ئەتۆم نابێ. ئەگەر ژیانی هاوبەش پێکبێنم و منداڵیشمان هەبێ، ئەو لەو رێبازە لانادەم. ئەمن باوەڕم بە نان و ئازادی گەلەکەمە و رۆژڕەشییەکانی ئەمرۆمان بەرهەمی بێدەنگی ئێوە و قبوڵکردنی زوڵمی گەورەی داگیرکەرەکانە. ئەمن و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان سوێندمان خواردوە، کە لە پێناوی خاک و خەڵکدا گیان لە سەر دەست بین. با چەند دە ساڵی دیکە، خەڵک بڵێن کە ژمارەیەک کورد لە سەر مافی نەتەوەکەیان لە فلانە شەڕ دژ بە داگیرکەرانی کوردستان گیانی خۆیان فیداکردوە. مام کەریم، تێدەگات، کە کار لە کار ترازاوە، بەڵام وەبیر کوڕەکەی دێنێتەوە، کە ئەو کارە لێرەدا کۆتایی نایەت. سبەینێ کاوەی برات رەنگە بە لایەکی دیکەدا بڕوا و ئەوجار ئەمن و دایک و خوشکەکانت دەمێنینەوە. پێویستە کارێک بکەین، کە کاوە بیر لە چەکهەڵگرتن و بوونە پێشمەرگەی حیزبێک نەکاتەوە. زەمان گۆڕاوە و کوڕ و کچەکان گۆڕاون و شەرم نەماوە. رەنگە ساڵێکی دیکە، کاوە بە لایەکی دیکەدا بڕوات و بچێتە گەڵ حیزبی ئاڵاسوورەکان و تێکەڵ بە حیزبی چەکوش و داس بێ.

بانگی نیوەڕۆیە لە مزگەوتەکان دەدرێ و بەشێک لە نوێژکەران بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە جەماعەت

بەرو مزگەوتەکان دەڕۆن. گەنج و لاوەکان کەمتر ئۆگری چوون بۆ مزگەوتن، بەڵام لە ریزی نوێژکەراندا خەڵکی مێرمنداڵ و گەنج دەبیندرێن. مزگەوتەکان بۆ رێژیمی ئاخوندەکان بنکەی باشن و بە ناوی دین و بڵاوکردنەوەی سوننەتە ئایینیەکان دڵی بەشێک لە خەڵکیان داگیر کردوە. بەشێک لە مەلاکان ناوێرن بە ئاشکرا تێڕوانینی خۆیان دەربڕن، بەڵام بە کردەوە فریوی درووشم و شوعارەکانی ئاخوەندەکانی تاران و قۆمیان خواردوە. ئەوان چاوەڕوانن، کە حیزبە کوردییەکان و پێشمەرگەکانیان بە تێپەڕینی کات لە شارەکان بچنەدەر و داری خواپەرەستی لە ژێر سایەی نیزامی تازە دامەزراودا چەقەرە بکات. مەلا کوردەکان لە کۆنەوە زۆر بە کەمی خاوەنی تێگەیشتنی قوڵ لە رەهەندە جیاوازە ئایینی و نەتەوەییەکانن. ئەوان زیاتر ئەهلی ژیان و بەخۆراگەیشتنن و زۆر بە کەمی بە ئارەقەی دەستی خۆیان دەژین. مەلا کوردەکان وەک رێژەیەکی خوێندەوار و خاوەن هونەری نووسین و خوێندن ئەرکە نیشتمانییەکانی خۆیان نەناسیوە و لە ئاستی کۆمەڵگەدا بە کەمترین بەرپرسیارەتی خۆیان رزگار کردوە. زۆربەیان کاریان تەنیا پێشنوێژی، تەڵقیندانی مردوەکان، ژن مارەکردن و رێنوێنی خەڵک لە چۆنیەتی گرتنی رۆژوو و سەر چاککردنەوە و وەرگرتنی زەکات، سەرفترە و هتدە. بەشێکی کەم لە مەلاکانی کوردستان کاری پەروەردەیان راپەڕاندوە و زۆر بە کەمی هاوکاری خویندەوارکردنی خەڵک بوون. ئەوان و مزگەوتەکانیان لە بەر نەبوونی وردبینیی و دووربینی وەک قەشە و کەلیسەکان خەڵکیان فێری خوێندنەوە و نووسین نەکردوە. لە پرسە گەورەکاندا بایەخە مرۆڤیی و ئایینیەکانیان لەبیر کردوە و بە رێژەیەکی کەم لە سەر گوتنی ویست و داخوازە رەواکان راوەستاو و پایەدار بوون. مەلاکان لە پرۆسەی خزمەتکردنی کۆمەڵگا دوور بوون و زۆربەیان خۆیان وەک تۆڕێژی سەرەوەی کۆمەڵگا پێناسەکردوە، کە کاریان تەنیا ئەنجامدانی کارە روتینەکانە. مزگەوت و حوجرەکان بۆ پیاوان بوون و ژن و کچەکان لەو ناوەندانە دوور بوون. خەڵک لە گوند و شارەکان خزمەتی مەلاکانیان کردوە و پارەی مانگانەیان داونێ و زۆربەی کاروباری رۆژانەیان بۆ راپەراندوون، بەڵام مەلاکان لە ئاستی وەرگرتنی ئەو خزمەت و چاوەڕوانیانەی خەڵک و گەلەکەیاندا نەبوون و نین. مەلای زرۆبەی گەل و قەشەی زۆربەی نەتەوەکان بە کردەوە دین و کتێبە ئایینیەکانی بۆ خزمەت بە خەڵک و ژینگەکەی بەکار هێناوە و لە رەوتی خەباتی سیاسیی و رزگاریخوازانەدا پاڵپشت و پێشڕەو بوون. مەلایەتی لە کوردستاندا لە فۆرمی گشتیدا نەبۆتە خاوەنی کولتوری بەرپرسیارەتی و بژاردەی کۆمەڵگای کورد وەک شێخ، ئاغا و مەلاکان لە بەشینەوەی روناکبیری نیشتمانیدا رۆڵی لاوازیان گێڕاوە.

مـام کەریم بە بیسـتی ئەڵڵاهوئەکبەر و ئەڵڵاهوئەکبەر، لە دەنگبرزکەرەوەی مزگەوتەکە بە تەوژمێکی خێرا بە سەر کۆڵان و شەقامەکاندا بڵاودەبۆوە، شادە و ئیمان دێنێ و بەرەو مزگەوت دەڕوات. کەماڵی کوڕی بە ئەسپایی دەچێتە ژوور و لە گەڵ دایک و خوشکەکانی و کاوەی برای سەرقاڵی خواردنەوەی چا دەبن. کاوە ئەو ساڵ بۆ پۆلی سێهەمی ناوەندی دەچێ و وتەکانی دەیسەلمێنن، کە سەری زۆر لە خوێندن ناخورێ. ئەو چەند نامیلکەیەکی لە نێو شار دەستکەوتوە، کە بە فارسی نووسراون و لە سەر باوەڕەکانی مارکس دەدوێن. کەماڵ، چاوێکیان لێدەکات و لە کاوە دەپرسێ، دەزانی مارکس بە چ ڕێگایەکدا توانیویەتی بە نەمری بمێنێتەوە و کتێبەکانی بڵاوکردوونەوە؟ کاوە، دەڵێ، بەڵی بە ڕێگای چینی کرێکار و هەروەها بە زەحمەت و ماندووبوونی چەکوش و داس بەدەستەکان. کەماڵ زەردەیەکی دێت و بە کاوە دەڵێ، براکەم ئەو بە خوێندن و خۆماندووکردن توانیویەتی بەو ئاستە بگات. تۆش ئەگەر خۆت ماندوو بکەیت و دەرسەکانت تەواو بکەی، دەرفەتی باشترت بۆ دەرەخسێ. خەڵکی خوێندەوار و شارەزامان دەوێ و تۆ دەگونجێ یەکێک لەو کوڕانە بیت، کە لە داهاتوودا بتوانی خزمەتی کرێکار، وەرزێر و پێش هەمووان باوکت بکەی. کاوە، زۆر سەری لەو شیکردنەوانە دەرناچێ، چوونکە ناوبراو ئاشقی ئەو شوعار و دروشمانەیە، کە باس لە جیهانێکی بەرابەر دەکەن. کورد گوتەنی، ئەو ناخوازێ ببێتە شارەزایەکی ڕێبازی مارکس و تەنیا ئۆگری ڕۆژگار و سەردەمەکەیە، کە هەر حیزب و ڕێکخراوە بە رەنگ و وێنەیەک باس لە دواڕۆژ دەکات. کاوە چەند رستەیەکی فارسی، کە لە نامیلکەکاندا نووسراون بە ناتەواوی وەردەگێڕتە سەر زمانی کوردی، کە زیاتر لە سەر بورژوا، کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ئەرکی چینی کرێکار دەدوێن.

لەیلا و شیرین خەریکی کاروباری ماڵن و جاروبار گوێبیستی دەمەتەقەی براکانیانن. شیرین بە لەیلای خوشکی دەڵێت، کە بەخت و شانسیان هەیە، کە نەچوونە قوتابخانە و فێری خوێندنەوە و نووسین نەبوون. لەیلا زۆر سەرنجی قسەکەی شیرین نادات و خۆی سەرقاڵی کاروباری ماڵ دەکات. مام کەریم پاش گەڕانەوە لە مزگەوت سەروچاوی ڕەشهەڵگەڕاوە و جنێو بە دار و بەرد دەدات. زارا لە بن سەماوەرەکەی دانیشتوە و سەری خۆی پێچاوە و بە دیتنی هاوسەرەکەی زۆر تێکدەچێ. سەرەتا وادەزانی کەریم بۆ خواردنەوەی چا تاڵوکە و پەلەیەتی و زوو ئیستیکانە قەد باریکەکەی بۆ لە سەر ژێرپیاڵە شینەکە دادەنێ. مام کەریم ئارام بوونەوەی نییە و پەلاماری ریشی خومەینی و مەندیلی ئاخوندەکان دەدات. ئەندامانی خێزان بێدەنگن و چاوەڕوانن بزانن، کە چ هەواڵێک هەیە. مام کەریم

ئیستیکانە قەد باریکەکەی بە سەر ژێرپیاڵە شینەکەدا لار کردەوە و دواتر بە هەڵدانی کڵۆ قەندێک بۆ زاری ئامادەی خواردنەوەی چا گەرم و دەمکێشراوەکە دەبێ. ئەو لە کاتێکدا قەندەکەی لە زاردا وەک کەللایەک دێناوەبرد، گوتی، لە مزگەوتدا بڵاوکرایەوە، کە خومەینی، پیاوە ریش درێژ و جەهەندەمییەکە فەرمانی جیهادی بۆ سەر کوردستان دەرکردوە. کەماڵ بە بیستنی ئەو هەواڵە راست دەبێتەوە و چەک و رەختەکەی دەبەستێ و خۆی دەگەیەنێتە بنکەی حیزب. خەڵک خەمبارە و لە هاتنەوەی خومەینی وردە وردە پەشیمانن و تێدەگەن، کە لە داوێکی زۆر ئاڵۆز کەوتوون و بە ئاسانی رزگاریان نابێ. ئەو فەرمانەی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان لە دوای رووداوەکانی پاوە بوون، کە بە راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری رێژیم دژ بە کوردەکان پێناسە دەکرێ.

کەماڵ بە گەیشتنی بۆ بنکەی حیزب تێدەگات، کە بارودۆخەکە ئاسایی نییە و هەموو لایەک خۆیان بۆ شەڕ ساز و ئامادە دەکەن. ئاماژەکان ئاشکران و هەموو لایەک کەم و زۆر تێگەیشتبوون، کە نیزامی تازە ئامادە نییە مافی کوردان بدات. هێزە سیاسییەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنین و خۆیان بۆ پارێزگاری لە شار و گوندەکان ئامادە دەکەن. ئەوان پرش و بڵاون و وەک هێزێکی تەیار و فێرکراوەی دەوڵەتێک نین و زۆر لایەن لە پاش راپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە نیزامی پاشایەتی تێکۆشاون هێزی چەکدار پێکەوە بنێن و حیزبی دێموکرات لەو گۆڕەپانەدا بە حیزبی یەکەم دادەنرێ. ئەوان خاوەن رێکخستن و کادری کۆن بوون و لە رابردوودا بۆ خەڵک ناسراو بوون. ئەو حیزبە لە سەردەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە سابڵاغ کۆمارێکی راگەیاند، کە نیزیک بە ساڵێک خۆی گرت و دواتر لە ژێر پاڵەپەستۆی رێژیم و هێزی ئەرتەش کەوت. بنکەی حیزبی دیموکرات لە شار ئەمڕۆ جموجوڵێکی زۆرتری هەیە و بەرپرس و بەڕێوەبەرانی حیزب دێن و دەڕۆن. ئەوان بارێکی قورسیان لە سەر شانە و بێجگە لە ئیدارە کردنی شار و گوندەکان دەبێ لە مەیدانی شەڕ و بەرەنگاریدا پێشانی بدەن، کە خاوەن باوەڕن و ئامادەی فیکاریی و گیانبازین.

خومەینی و نیزامەکەی، مەیلیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەبوو. ئەوان مەبەستیان لە قسەکردن و گەڕی وتووێژەکان تەنیا کات کوشتن و بەرەوپێشبردنی رەوتی سەقامگیرکردنی نیزام و هێزە چەکدارەکانیان بوو. لە باوەڕی ئاخوندە شیعە سیاسییەکاندا کردەی تەقییە رێگە پێدراوە و ئەوان لە ژێر ناو و نیشانی شەرعیدا دەکرێ مەبەستەکانی خۆیان بشارنەوە و دووڕوویانە لە گەڵ کوردەکان

بدوێن و هەڵسوکەوت بکەن. خومەینی ویستی لە ڕێگای دابەشکاری هێزە سیاسیی و خەڵکی کوردستان درز بخاتە ریزی خەڵک و بە جۆرێک خەڵکی کوردستان لە هێزە سیاسییەکان دوور بخاتەوە. ئەوان هێزە کوردییەکانیان بە بەکرێگیراوی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە پێناسەدەکرد. کادرە سیاسیەکانی ڕێژیم لە زۆربەی مەڵبەندەکان خۆیان و کوردیان بە برای موسڵمانی یەکتر دەناساند و بە گوێی خەڵکیاندا دەخوێند، کە ئەگەر هێزە سیاسییەکان نەبن کوردستان ئەمن و ئارام دەبێ و ژیان بە خۆشی تێپەڕ دەبێ. بەڕێوەبەرانی نیزامی تازە ئاگاداری کولتوری کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوون و شارەزای کولتوری سیاسی ئێرانی پاشایەتی، بۆیە لە زۆر شێواز و تاکتیک بۆ دابڕاندنی کوردان لە یەکتر سوودیان وەردەگرت. لە لایەک مەکتەبی قورئان سازکرابو، کە گرینگی بە پرسی نەتەوایەتی نەدەدا. لە لایەکی دیکە، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپ لاقیان لە سەر زەوی نەچەقیبوون، بەڵام خوازیاری لێدان لە بۆرژوازی کوردیی و دواتر ئێران و هەروەها ئازادکردنی هەموو کرێکارانی جیهان بوون. چەپ و ڕاست لە گۆڕەپانی سیاسەتەدا خاوەنی خەونی گەورە نەبوون. ئەوان دەرفەتی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستن لە کۆمەڵگەی کوردستانیان بە گوێرەی پێویست بۆ نەڕەخسا.

کەماڵ لەو بارودۆخەدا چەک و ڕەخت و کەلوپەلی کەسیی خۆی هەڵدەگرێ و وێڕای هاوڕێکانی بەرەو ڕێگای پیرانشار و سەردەشت وەڕەدەکەون. ژمارەیەکی دیکە، لە پێشمەرگەکانی کورد و هێزی بە ناو بەرگری بەرەو ناوچەکانی بانە و سەقز وەڕیدەکەون. کەماڵ لەو ڕۆژگارەدا شانازی بە چەک و جەمەدانەکەی دەکا و لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان گوند بە گوند بەرەو ڕێگای پیرانشار و سەردەشت ڕێگا دەبڕن. گوندەکان بڕن لە پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان لە ژێر ئیدارەی حیزبەکانیان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان خۆیان بۆ دیفاع لە باوەڕەکانیان ئامادە دەکەن. کەماڵ و هەزاران پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سێ مانگ شەڕی مافخوازانەدا بە خومەینی و هێزە چەکدارەکانی نیزامیان سەلماند، کە کوردستان پاروویەکی چەور نییە. کەوتنی کەلاکی داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو بەرەکانی شەڕی ڕەوا ئاماژەیەکی ئاشکرا و سەلمێنەرن، کە سپای داگیرکەر هەرچەندە هێز و کەلوپەلی شەڕی هەبێ، بەڵام لە بەرامبەر ئیرادەی خۆڕاگریی نەتەوەیەکی خاوەن ماف خۆڕاناگرن. مەلا حەسەن، کە بەشێک لە فەرماندەی شەڕەکانی جادەی سەردەشت و پیرانشاری لە ئەستۆیە، لە ماوەی سێ مانگ، کە بە وەرزی دیفاع لە ئازادی ناودێر دەکرێ، وێڕای هەزاران پێشمەرگەی دیکە ئارەقە و شەونخونی زۆر دەکێشن. پێشمەرگە تازەکان لەو ماوەیەدا لە گەڵ شەڕ و

تاکتیکەکانی شەڕ لە گەڵ ڕێژیم ئاشنا دەبن. پێشمەرگەکان پاش تێکشاندنی ئەرتەش و سپای ڕێژیم بە گەمە روو لە یەکتر دەکەن و دەپرسن، ئایا پۆتین و پۆستاڵی ئەو داگیرکەرانە بۆنیان کردوە؟ ئەوان ئامـــاژە بە وتەیەکی بنـــی سەدەر دەکەن، کە لە سەروبەندی قەیرانەکان لە تەورێز وەک فەرمانێکی فەرمی بۆ سپا و ئەرتەش بڵاوی کردبۆوە. بە وتەی فەرمانی ناوبراو، سەرباز و چەکدارەکانی ڕێژیم هەتا ئازادکردنی کوردستان نابێت بەندی پۆستاڵ و پۆتینەکانیان بکەنەوە!

لەو سەردەمەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور ببوونە پایتەختی حیزبە ئۆپۆزیسیۆن و بەرهەڵستەکارەکان. هێز و پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەو کەش و دۆخە تایبەتییەدا باشتر پڕ و باڵی خۆیان دەدا و هەر هێز و لایەنە بە جۆرێک سیاسەتەکانی خۆی ڕێکدەخست. لە پێناوی پاراستنی جادەی پیرانشار و سەردەشت و هەروەها سەرخستنی پڕۆسەی بەرگری لە دوای فەرمانی جیهانی خومەینی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان وڵامی بانگەوازی حیزبی دێموکڕات و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەداتەوە و پێشمەرگەکانیان بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات ڕەوانەی ناوچەی شەڕ دەکەن. ئەگەرچی ئەوان خاوەنی هێزێکی زۆر تۆکمە و شارەزا نەبوون و بە تایبەت شارەزای شەڕی مەیدانی نەبوون، بەڵام هاوکاری نێوان هێزە کوردییەکان بە کارێکی گونجاو و ئەرێنی پێناسەکرا. کەماڵ لە ماوەی مانەوەی لە گوند و ناوچەکانی نێوان سەردەشت و پیرانشار لە گەڵ بەشێک لە پێشمەرگەکانی باشوور ئاشنا دەبێ، کە پێکەوە لولەی چەکەکانیان کردۆتە سینگی داگیرکەرانی کوردستان. عەلی تەقتەقی، یەکێک لەو پێشمەرگانەیە، کە لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشدار بوە و چیرۆکی زۆر و پڕ لە هەوراز و نشێوی لە بزوتنەوەی کوردان لە سینگی خۆیدا هەڵگرتوە. ناوبراو، لە کاتی ڕاوەستانی پەلاماری ئەرتەش و سپا بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان، دۆست و ئاشناکانی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بە گێڕانەوەی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان سەرقاڵیان دەکات. کەماڵ و دەیان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەو ڕۆژانەدا بە بیستنی چیرۆکەکانی عەلی تەقتەقی شاد و هێندێک جار خەمبار دەبن.

لەو ماوەیەدا دوو کولتوری حیزبایەتی و هەروەها وانەکانی شۆڕشی کورد دەگوازرێنەوە و لاوەکان زۆرتر ئاشنای ڕووداوەکان دەبن. پێشمەرگە لاوەکان لە کۆنەکارەکان هونەری شەڕ و هەروەها چۆنیەتی خۆپەنادان و پاراستنی تەقەمەنی فێر دەبن. کۆنەکارەکان کەمتر لە ناوەندە چەکداریەکان فێری شەڕ

و هونەری بەکارهێنانی چەک بوون و زۆربەیان لە مەیدانی شەڕ و بە کردەوە وانەکانی شەڕ فێربوون. لەو سەردەمەدا هێزەکانی ڕێژیمی تاران، ئەرتەش، سپا و بەسیجییەکان، زۆر ڕێکخراو نەبوون و زیاتر بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی مرۆڤیی شەڕیان دەکرد. کوردەکانیش خاوەنی هێز و جەنگاوەری ڕێکخراو نەبوون و بە هەموو لایەک تێدەکۆشان لەو ماوە کورتەدا پێش بە هاتنی سپای خومەینی بگرن، کە بە کارێکی چەتوون و دژوار دەخەملێندرا. عەلی تەقتەقی زۆر جار باسی رووداوەکانی سەردەمی ئەیلولی دەکرد و بە پێکەنینەوە دەیگوت، وەلحاسڵ ئەو شۆڕشە سەری هەمووانی خوارد و کوردی لە یەکتر کردە دوژمن. کەماڵ بۆ زیاتر ئاشنا بوون لە ناخی رستە و دەربڕینەکانی عەلی تەقتەقی پرسیاری دەکرد، مامۆستا مەبەستت چییە و ئەگەر شۆڕش نەبو، ئەدی بە چ ناوێک پێناسەی دەکەی؟ عەلی تەقتەقی بە پێکەنینەوە گوتی، برام کەماڵ، ئەمن ٦ ساڵ لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووم و پاش ئاشبەتاڵ لە ١٩٧٨ەوە لە ریزەکانی یەکێتیدا خەبات دەکەم. ئەگەر نوکە قەڵەمی باش و کارام هەبا، بە سەری تۆ، هەموو ئەو ئاژاوە و ماڵوێرانیەم دەکردە کتێب. کاکی برام، کوردەکان شەڕکەری باشن، بەڵام پێکەوە هەڵناکەن و شەڕی یەکتر باشتر لە شەڕی دوژمنان دەکەن. ئێمەی کورد، حەزمان لە ناوی گەورەیە، بەڵام نازانین ئیشی بۆ بکەین. بە کەلامی خودا، ئەو کوردە خۆخۆرە قەت خۆی ساغ نەکردۆتەوە. ئەتو بڕوانە، لە کوردستانی گەرمێن بزانە زیاتر لە سەت هەزار پێشمەرگە لە ١٩٧٥ بە فەرمانی کابرایەک چەکەکانیان شۆڕکردەوە و دواتر بە لێشاو چووینەوە باوەشی ڕێژیم. خەڵکێکی زۆر لەو ساڵانەدا چەکی بۆ ڕێژیم وەرگرتوە و جەمەدانە و پشتێند وقاتی کوردییەکی زۆر باشتر و ڕێکتر لە من و مامۆستاکانی من دەبەستێ. ئێمە نە لەشۆڕشدا بەرنامە و پلانی تۆکمەمان هەیە و نە لە شەڕدا یاساکان دەپارێزین. ئێمە وەک کابرا دەڵێ، حەزمان لە ویشکە کەڵەکە و لە کۆنەوە گەورەکان فێریان کردووین، کە لە کوێ پسا لەویی گرێبدەینەوە. عەلی تەقتەقی دڵی ئەوەندە پڕە، کە سەرنجی دەورووبەر نادات و جگەرەکانی بە دوای یەکتردا ئاور دەدا ودوکەڵەکەیان بۆ سەر سەری خۆی بەرز دەکاتەوە. ناوبراو، روو لە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات دەکات و دەڵێ، خوابکەم ئێوەش وەک ئێمە نەکەونە داوی شەڕی خۆکوژی. ئێمە زۆرمان کردوە و تازە لێی راهاتووین و بۆمان تەرک ناکرێ، بەڵام تو گۆڕی شەهیدان وریا بن و خۆتان بەو ئاگرەوە مەسووتێنن. برایمە چکۆڵ، کە خەڵکی ناوچەی سنەیە و لەو کۆڕەدا گوێی بۆ عەلی تەقتەقی شلکردوە بە هێواشی دەڵێ، کاکە ئەگەر بەو ئەندازەیە لە کوردایەتی خەستە و ماندوویت، لەو شاخانە چ دەکەی؟ سابیر کۆیی لە پڕ توڕە دەبێ و بە قسەی رەق وڵامی برایمە بچکۆڵ دەداتەوە. عەلی تەقتەقی لە قاقای پێکەنین دەدات و بە دەنگێکی توڕەوە دەڵێت، هاوڕێیان ئەمجار دەزانن

کێشەی کوردان چییە. ئەمن چیرۆکە راستەقینەکانی ژیان و پێشمەرگایەتی دەگێڕمەوە و لە پڕ کاک عەلی رەخنەم لێدەگرێ. پێش ئەوەی خۆم وڵامی ئەو برادەرە بدەمەوە، کاکە سابیر سەربەخۆ بە گژ کاک عەلیدا دەچێتەوە. ئێمە خەڵکێکی سەیر و سەمەرەین، بۆیە بە ئاسانی یەکتر قبوڵ ناکەین. ئەگەر لە جیاتی من، فارسێک، عەرەبێک یان تورکێک لەو سەنگەرانەدا قسەی بۆ هاوڕێ پێشمەرگەکان بکردایە، یەک تاکە کورد نەقەی لێوە نەدەهات و زۆربەی گوێگران قسەکەرەکانیان بە محەممەدی مەهدی دەشوبهاند.

کەماڵ لەو هەراو هەنگامەیەدا دەستخۆشی لە عەلی تەقتەقی دەکات، کە لە گەڵ چەکدارەکانی رۆژهەڵات لە سەنگەردایە و هەروەها ئەزموون و بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ پێشمەرگەکان دەگێڕێتەوە. ناوبراو بۆ گۆڕینی تەوەرەی باسەکان، ئاوێک لە کتریەکە دەکات و لە سەر سێ کوچکە بەردەکەی دادەنێ. بێدەنگەیەکی تەواو باڵ بەسەر ئەو پێشمەرگانەدا دەکێشێ و کەس قسەیەک ناکات. شەڕەکانی سێ مانگە لە کۆتاییەکانی خۆیان نیزیکن، بەڵام ژمارەیەک لە پێشمەرگە سەڵتەکان لەو ماوەیەدا بەردەوام لە ناوچەی بەرگری سەرقاڵی پارێزگاری لە هێڵەکانی بەرگری بوون. مام کەریم و خێزانەکەی، کەم و زۆر لە رێگای ئەو پێشمەرگانەی خێزانداربوون و بۆ پشوودان دەگڕانەوە ماڵ و شوێنی ژیانیان هەواڵی کوڕەکەیان دەزانیت و چەند نووسراوەیەکی کورتی کوڕەکەیان بەدەست گەیشتبوو. زارا و خوشکەکانی لە کاتی نوێژەکاندا بۆ کوڕەکەیان دەپاڕێنەوە و نزا بۆ شکانی دوژمن و سەرکەوتنی پێشمەرگەکان دەکەن. نامە نووسراوەکانی کوڕەکەیان رۆژانە لە سەر تاقەی ماڵ دانراون و زارا و مام کەریم داوا لە کاوەی کوڕیان دەکەن، کە بە دەنگ سەر لە ئێواران و شەوانە بۆیان بخوینێتەوە.

لە یەکێک لە نامەکاندا کەماڵ دەنووسێ: باب و دایکی بەڕێزم، خوشک و براکەم! ماوەیەکی زۆرە لە ئێوە دوورم و زۆر یادتان دەکەم. ساڵانی رابردوو، ئەو سەردەمەی کە بۆ کارکردن دەچووینە شارەکانی دیکەی ئێران، جیاواز بوون. ئەو کات لە ماوەی سێ مانگدا پارەیەکی باشم پاشەکەوت دەکرد و پاش گەڕانەوە ژیانی پاییز و زستانمان پێ بەسەر دەبرد. ئەگەر لەو دۆڵ و چیایانە گەڕامەوە، رەنگە باخەڵەکانم بەتاڵ بن و وەک جاران گەرم و گوڕییەکی زۆر بە ژوورە گەرم و وگوڕەکانمان نەدەم. لێرە شادم، کە ئەرکی کوردانەی خۆم جێبەجێ دەکەم و بەشێکی زۆری ئەو فیداکاریانە بۆ دایک و بابم

دەگەڕێتەوە. دایە، لێرە هێندێک جار بۆ نان خواردن سەر لە گوندەکان دەدەین و زیاتر خۆمان خواردنێکی سادە لە بن سێبەری دارە تۆزاوییەکانی ناوچە شەڕ ساز دەکەین. کە لە ماڵی گوندنشینان وەژوور دەکەوم و ژنانی هاوتەمەنی تۆ دەبینم، یاد و بیری تۆ دەکەم. بۆ زۆربەی ژنەکان باس لە دەست رەنگینی تۆ و خوشکەکانم دەکەم. ئەوان زۆرجار بە پەرۆشەوە گوێ لە وتەکانم دەگرن و لە خوا دەپاڕێنەوە، کە بەردی سارد و گەرم نەیەتە سەر چەکدارەکانی خاک و کورد. ئەگەر ئەوجار هاتمەوە بەشێک لە تەپ و تۆزی کەوتووی سەنگەرەکان دێنمەوە، کە بە تۆپ و فڕۆکە شەڕکەرەکانی دوژمن لەو ماوەیەدا لە سەر جەستە و جلوبەرگەکانمان نیشتوە. هەتا گەڕانەوەم بە خواتان دەسپێرم. بە بابم بڵێن، کە بەشێکی زۆر لە قسە و وتەکانی لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا دەکەوتنە زەین و بیرم و هاوڕێیەکی باشووری کوردستان بە ناوی عەلی تەقتەقی پەیام و وتەکانی پڕن لە تامی وشەکانی تۆ. ئەو جیاوازیەکەی ئەوەیە، کە رەخنەش دەگریت، بەڵام لە گۆڕەپانەکەدا هەیە و چەکی لە شانە و زۆربەی کاتەکان خەون و خەمەکانی خۆمان بە یەکەوە بەش دەکەین".

مام کەریم و زارا بە بیستنی وشە نووسراوەکانی کوڕەکەیان چاویان پڕ لە ئاو دەبن و هەر کامەیان لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا لە سەر کەلەکە رادەکشێن. کاوە رۆژانە دەچێتە قوتابخانە وبە نابەدڵی درێژە بە خوێندن دەدات. ئەو هەست دەکات، کە زۆربەی قوتابیەکانی دیکە حەزیان لە خوێندن نییە، بەڵام رێگایەکی دیکە شک نابەن و لە ماڵ و دەرەوە هاندەدرێن، کە لە وانەکان سوود وربگرن و خزمەتی دوارۆژی خۆیان و گەلەکەیان بکەن. قوتابخانەکان پڕن لە هاواری چەوسانەوەی گەلێکی ژێردەست و رۆژانە قوتابیەکان لە کاتی وانە و خوێندندا روخساری ژیانیان بە شێوازی جیاواز دەردەبڕن. کاوە و هاوپۆلەکانی لە دۆخیکی دژواردا دەخوێنن و بە گوێرەی پێویست مامۆستا و کتێبی خوێندنیان گیرناکەوێ. ئەوان بە زمانی نەتەوەی سەردەست و دەوڵەتێکی داگیرکەر دەخوێنن و لە کتێبە مێژووییەکاندا هیچ جۆرە ئاماژەیەک بە کورد و کوردستان ناکرێ. دۆخەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ئارام بۆتەوە و زۆر کەس خەون بە ژیانێکی ئارامەوە دەبینی. ئەو رۆژانە خەڵک بۆ ماوەیەکی کورت دڵی خۆشە و خومەینی ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستان راگەیاندوە. کوردەکان پاش شەڕی سێ مانگە پێشوازیان لە بانگەوازی خومەینی کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ دیالۆگ لە گەڵ رێژیم دەربڕی. پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕ هێشتا چاوەڕوانن. ئەوانەی شەوانە لە ژێر رهێڵەی تۆپ و چەکی قورس و سوکدا رۆژ دەکەنەوە بە ئاسانی باوەڕ بە بانگەوازی رێژیم ناکەن. لە زۆربەی سەنگەرەکان

پێشمەرگە سەرکەوتوە و لە پانتایی رۆژهەڵاتی کوردستاندا خەڵک و پێشمەرگە شادیی و کەیفخۆشی خۆیان بۆ سەرکەوتنەکان دەردەبڕن. لەو شەڕانەدا شەهید و برێنداریکی زۆر هەیە و ناوچەیەکی پان و بەرین لە کوردستان بە چەکی داگیرکەرەکان وێران و سووتاوە. خەڵکی سڤیل و ئاسایی لە شەڕی دوژمن زەبری زۆری بەرکەوتوە. هێزەکانی دوژمن زەبری کاریگەریان لێدراوە و ستونە نیزامیەکانیان بە سپا و ئەرتەش و بەسیجیەوە لە چیاو و دۆڵەکانی کوردستان سەریان لە تاشە بەردە گەردەنکەشەکان داوە.

سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەگەرچی لەو ماوەیەدا خۆڕاگری بێوێنەیان لە خۆیان نیشانداوە، بەڵام دەردی کۆنی کوردان سەری هەڵدایەوە. لەو ماوەیەدا هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە بەرەی کوردە رۆژهەڵاتییەکاندا مانەوە، بەڵام پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی قیادەی موەققەت لە گەڵ رێژیم کەوتن. ئەوان لە شەڕەکاندا لە پێشەوەی پاسداڕەکان دەڕۆیشتن و شەڕی کوردی رۆژهەڵاتیان دەکرد. ئەگەرچی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا سەرکردەی پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتیان دڵنیا کردبۆوە، کە هەڵەکانی رابردوو دووپات ناکەنەوە و کاریان بە دۆخی نێوخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵام لە وتە و بەڵێنیەکانیاندا راستگۆ نەبوون. ئەوان لە شۆڕشی بە ناو ئەیلوولدا و بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا زۆر تێکۆشەری رۆژهەڵاتیان بە کوژراویی یان بە دیلی رادەستی ژاندارمەکانی حەمە رەزا شا کردبۆوە رێژەی خەیانەتی ئەوان لە کوردی رۆژهەڵات ئەوەندە زۆر و بەرین بو، کە بۆ لێبوردن نەدەبوون. عەلی تەقتەقی لەو پێوەندییەدا زۆر جار بە پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری دەگوت، خۆزگە نوکە قەڵەمەکەم ئەوەندە دەجوڵا، کە دڵ و مێشکم دەخوازێ، ئەوکات لاپەڕە بە لاپەڕە چیرۆکی خەیانەتی کورد و بە تایبەت بنەماڵە و سەرکردەی پارتەکانم دەنووسیەوە. ناوبراو بۆ کوردە رۆژهەڵاتییەکان و تەنانەت باشوورییەکان باسی ئەو رۆژانەی دەکرد، کە کوردە تێکۆشەرە رۆژهەڵاتییەکان لە باشوور بە ئاشکرا نەدەوێران خۆیان دەرخەن. ناوچەکانی قەڵادزێ، سلێمانی، حاجی ئۆمەران و زۆر شوێنی دیکە پڕن لە چیرۆکی کوردکوژان. عەلی تەقتەقی رۆژێک پێشمەرگەکان کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێ، کە جیاوازی یەکێتی و پارتی لە چ دایە؟ لەو نێوەدا روو لە عەلی بچکۆڵ دەکات و دەپرسێ، هاوڕێ عەلی خۆتەسلیمکردنەوەی من دۆخەکە باشتر ناکات و رۆژە ناخۆشەکان بەڕێوەن. ئایا دەزانی بڕۆسە چەکدارکردنی کوردەکان لە باشوور چەندە بەربڵاوە و رێگایەک بۆ خۆپەنادان نەماوە. رۆژگاری کوردان تاڵە و بە ئاسانی چارەسەری پرسەکەمان ناکرێ. ئایا دەزانن، کە چەکدارەکانی قیادەی موقەت لە ناوچەی دزڵێ رێگا نادەن تەقەمەنی شەڕ بگاتە دەستی

هــاوڕێ پێشــمەرگەکانمان و بەمجۆرە خزمەتی خۆیــان بــۆ ئاخونــدەکان و پاســداڕە کــورد کوژەکــان دەسەڵمێنن. کەماڵ بە قــوڵی گــوێی بــۆ عەلی هەڵخســتوون و خەمبارە بەو رووداوانە، کە لە مێــژووی کورددا دووپات دەبنەوە. سەلیم خانەیی کە شارەزای ناوچەکەیە و ئاگاداری هەواڵەکانی ناوچەی شەڕ لە شنۆ، نەغەدە و پیرانشــارە بــاس لە کــردەوەی قێزەوەنــی چەکــدارەکانی بــارزانی دەکــات، کە پێــش پاسداڕەکان سەنگەر و بارەگا چۆڵکراوەکانیان گرتۆتەوە. ئەوان بە ناوی عەشیرەت و کوردایەتی لە گەڵ زۆر سەرۆک عەشیرەتی ناوچەی ورمێ پێوەندییان گرتوە و خەڵک دژ بە حیزبــی دیموکڕات و بزوتنەوەی کــوردی رۆژهەڵات هانــدەدەن. لە شــاری شــنۆ تەقەیان لە خەڵک کــردوە و شەش کەســیان کوشــتوە و لە ناوچەی ورمــێ عەشیرەت و خەڵکیان هانــداوە چەک بــۆ ڕێژیــم هەڵگرن. کەماڵ جەمەدانەکەی لە سەری کردۆتەوە و بە سەر شــانی داداوە و کــوڵاوە بە میــل و کــاموا چنراوەکەی لە بــن هەنگڵی نــاوە و لە پێشمەرگەکانی باشوور دەپرسێ، باشە ئەو کارەی پارتی بــارزانی لە رابــردوودا کردوویانە و ئەمڕۆ لە رۆژهەڵات دەیکەن چەنــدە خزمەت بە کورد و مــافی کــوردان دەکــات؟ بە کــام شەرع و یاســایەک رەوایە کورد ببێتە داردەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکان؟

عەلی تەقتەقی بە بیستنی ئەو پرسیارانە، بە کەماڵ دەڵێت، کاکی بــرا ئەوانە پرسیارن و فەرموو بــا چایەکی چاکی بۆ ساز کەین و دواتــر چەنــد جگەرەیەک بە بــادا بکەین، پاشــان بۆتــان لە بنــی کولەکەی دەدەم. پێشــمەرگەیەکی ســابڵاغی کە نــاوی لە خــۆی نــاوە هەڵۆ مەجلیسەکە خۆشــتر دەکــات و هــاوار دەکــات، کە گــۆم هەتا قوڵــتر بێت، مەلەی خۆشــترە. عەلی بچکۆڵ گاڵتە بە هەڵۆ دەکــات و دەڵــێ، ئێوە ئاوتان هەیە، هەتا مەلەی تێدا بکەن! هەڵۆ بە گاڵتە روو لە پێشمەرگەکان دەکات و بە قامکێک ئامــاژە بە عەلی بچکۆڵ دەکات و دەڵــێ، ئەم کاکە رەئیسی پرسیاری لینگاوقوچە. ئــاخر عەلی، ئەتۆ چۆن گــوێت لە هــاواری ماســی فرۆشــانی ســابڵاغێ نەبوە، کە هەموو رۆژێ هــاوار دەکەن ماســی سەدی، ماســی سەدی! عەلی تەقتەقی حەزی لەو بەزمانەیە، بەڵام دۆخەکە دەقۆزێتەوە و باسەکە دەباتەوە سەر پــــــارتی و ماڵی بــارزانی. لە سەرەتادا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و بە دەنگێکــی بەرز دەڵــێ، خودایە لەو کەس و سیاســیانە خــۆش نەبیت، کە ئەو کابرایەیان تووشــی سیاسەت کــرد و کردیانە سەرۆکی حیــزب. کەماڵی بــرام گــوێبگرە، ئەگەر کــوردە رووناکبیرەکــان خۆمــان گوتەنی پیــاو بوونایە هەرگیز رێگایــان نەدەدا ئەو پیــــاوە نەک سیاسەت بکــــات، بەڵکو باســـی سیاسەت و کــــورد بکــــات. ئەو قــــورە هەموو خوێنــــدەوارە سۆرانیەکان گرتوویانەتەوە و بە گۆڕی شەهیدان نەوەی دوای ئێمەش لێیدەرناچن. کاکی خــۆم، ئێمە لە

باشوور هەتا ئەو پیاوە قوت نەکراوەتەوە سیاسەتمان جۆرێکی دیکە کردوە، بەڵام کە ئەم برادەرە لە رووسیا گەڕایەوە و خزم و بنەماڵەی لە دەوری خۆی کردەوە، سیاسەت لە مانا بەتاڵ کرایەوە. شەڕی نێوان مەلایی و جەلالی، دەرپەڕاندنی کوردی رۆژهەڵات لە باشوور بۆ قازانجی شا و حساب بۆ کەس نەکردن لە سایەی سەری ئەو بنەماڵە بوونە کولتور. لە ١٩٧٥ بە قسەیەک مەیدانیان چۆڵ کرد و پێشمەرگەیان بۆ تەسلیم بوونەوە دەنگدا و پاشان دوای دەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەڕی نێوخۆیان گەرم کردەوە و کوڕی خەڵک بە خۆڕایی لێرە و لەوێ کوژران. برادەرینە ئێستاکێ بڕوانن، ئەوان لێرۆکانە حەز ناکەن کوردەکان بە ئارامی لە سەر بارودۆخی خۆیان بڕیاربدەن و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک یارمەتی عەسکەر و پاسداری ئێرانی دەدەن. ئاخر کورد، کەی تەرمی مردووی دەرهێناوەتەوە و ئەو کولتوری باب و باپیرانمانە، کە رێز لە گۆڕی هەموو مردوویەک بگرین، کەچی ئەوان بە بیانووی دەرهاتنەوەی تەرمی مەلا مستەفا تەشقەڵە بە حیزبی دیموکراتی دەکەن. کوڕینە، بە خودای زۆر کوردم خۆش دەوێت، بەڵام خۆمان هیچ سنوورێک ناناسین و لەو گۆڕەی بە قسەیەکی دوژمن دەکەوینە گیانی یەکتر. لە پڕ دوو پێشمەرگە لە کاتی چاوەدێریدا سەرنج دەدەن، کە هێزێکی چەکدار لەو ناوچەیە نزیک دەبێتەوە و بۆیە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن، ئێوە کێن؟ چەکدارەکان وڵام دەدەنەوە، کە خۆمانەین و لە ناوچەی سەردەشتەوە دێین؟ دوو چاوەدێرەکە، دەپرسن ئەرک و مەبەستتان چییە؟ چەکدارەکان دەڵێن بۆ ئاڵوگۆڕ رەوانەی ئێرە کراوین و ئاسمان ساماڵە. پاش بیستنی نهێنی هێزە چەکدارەکان، کە ئاسمان ساماڵە، پێشمەرگەکان ئارام دەبنەوە و بە کورتی بەخێرهاتنیان دەکەن. لە گەرمەی گەیشتنی ئەو هێزەی پێشمەرگە، عەلی بچکۆڵ بە عەلی تەقتەقی دەڵێ، لە سەر ئیجازەی کاک هەڵۆ پرسیارێک دەکەم، باشە ئەگەر خۆمان خەراپ نەبین و ئیستعدادی دژایەتی یەکترمان نەبێ، چۆن بە یەک تاقە پیاو و بنەماڵەیەک ئەو هەموو ئاژاوەیە ساز دەبێ. عەلی، بە ئەسپایی دەڵێ، کوڕەکان ئێستا کاتی دمەتەقە نەماوە و خودا دەزانی، کاک عەلیش پرسیارەکەی پڕە لە راستی. ئێمە کێشەمان یەک تاکە کەس نییە، بەڵکو سەقافەتی گشتیی و جەماوەریمان کاڵ و کرچە. عەلی بچکۆڵ درێژە بە قسەکانی دەدا و دەپرسێ، کاکە عەلی سەقافەت و جەماوەر چ مانایەک دەدەن؟ عەلی تەقتەقی بە هاتنی پێشمەرگە تازەکان قسەکانی دەبڕێ و بەرەو پیلی پێشمەرگە تازەکان دەچێ. ئەوان بارگە و بنە دەخەن و شەو پێکەوە تێپەڕ دەکەن. هاتنی ئەو پێشمەرگانە شەپۆلی نوکتە و قسەی خۆشی زیاد کردوە و کولتوری دەوڵەمەند لە چەند ناوچە، گوند و شارێک لە دەوری ئاگری نێو سێ کوچکە بەردینەکەی گەرم و گوڕتر کردوە. هەر دەستەیەک لە پێشمەرگەکان خاوەنی بە سەرهاتێکی جیاوازە و زۆر

دەنگخـۆش لـە ریـزی پێشـمەرگەکاندا دەردەکەون. ژمارەیەک لەوان لە دەوری ئـاگرە خۆشەکەی بنکەی پێشمەرگەکان کۆبوونەوە و بە دوای یەکتردا گۆڕانی دەڵێن. ئەوان لە سەر داوای پێشمەرگەکان گـۆرانی جیاواز دەڵێنەوە و هێندێک جار پێکەوە و بە یەکەوە سروودی ئەی رەقیب و ئەی شەهیدان دەچڕن.

شەوانی پـاییز کـزە سەرمای کوێسـتانەکانیان لە هەناودایە، بۆیە تێپەڕکردنی شەوانی پـاییزی جـۆرە کەرەستەیەکی خەوی دەوێت. پێکەوەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە کزە سەرمایەکەی شکاندوە و دڵگەرمەیەکی تایبەتی داوەتە پێشـمەرگەکان. بەشـێک لەوان بەیانی ئامـادەی گەڕانەوە بـۆ مـاڵ و ناوچەی خۆیـانن و خەو بە ئاسـانی ناچتە چاوەکانیـان. کەماڵ و عەلی تەقتەقی لە تەنیشـت یەکتر دەخەون و ئەوان بەیانی لە یەکتر جیادەبنەوە، بەڵام باوەڕیـان وایە، کە بـۆ سـاڵانی داهـاتوو ئەگەر مەرگ مەودا بـدات، یەکتر دەبیننەوە. هەڵسـوکەوتی یەکتریان بە دڵە و راز و نهێنـی یەکتر دەپـارێزن، بۆیە لە کۆتاییەکانی ئەو شەوەدا بە قسەی خـــۆش و گێڕانەوەی بیـــرەوەری شەڕەکان کاتەکان تێپەڕ دەکەن. ئەوان وەک لاسـایی کردنەوەی پاسـداڕ و بەسـیجییەکان و بـۆ خۆشـترکردنی ژینگەی بنکە و سەنگەرەکان وێکـڕا دەڵێـن: تەکبیر، سەڵەوات و بەرەو کەربەلا. عەلی پێـش ئەوەی خەو بە یەکجارەکی بیباتەوە، ئاخێک هەڵدەکێشـێ و دەڵـێ، کەس تـوڕە نەبێ، بەڵام بەو خاکە سوێند دەخـۆم کە کـورد هەر کـورتی دینـێ. کەماڵ شەوباشـی لێـدەکات و لە گـژ زیندەخەونان رادەچـی. ئەو پـاش تێپەڕکردنی سـێ مانگێک لەو سەنگەرانەدا ئۆگری زیاتری بـۆ مـاڵ هەیە و دژوارییەکانی ژیـان، شەڕ و خەبات بە کـردەوە تێـدەگات. وتە و قسەکانی بـاوکی، عەلی و هەروەها سەربردەی دژواری کوردەکـان لە رابـردوو و ئەمڕۆدا نیگەرانییەکانی زیاتر دەکەن و کۆشکی خەونەکانی دەلەرزێنن. ئەو لە نێوان راستیی و ناڕاستیدا گیری خواردوە و زۆر جار لە خۆی دەپرسێ، کێ راستە و چۆن بزانم، کە ئەو گێڕانەوە و سەربردانە راستن یـان نـا؟ کێـوی خەمەکانی کـورد لە سەر شـان و پیلـی خەڵک قورسـایی دەکـات و هەرەوەزی سیاسـیی و نەتەوەیی بـۆ رزگـاری نابینـدرێ. کەماڵ بیـر لە خـۆی ناکاتەوە، کە تـازە تێکەڵ بە حیزبایەتی و کـۆڕی پێشمەرگایەتی بوە، بەڵکو بیر لەو کۆنە پێشمەرگانە دەکاتەوە، کە لە بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧دا بەشدار بوون. ناوبراو بیر لە عەلی هاوڕی دەکاتەوە، کە لە باشوور لە دوو قۆناخدا بەشداری بزوتنەوەی کوردایەتی کردوە، بەڵام رۆژ بە رۆژ گومانی لە سەرکەوتنی کوردان زیاتر دەبێ. لە کۆنەوە گـوتراوە، کە مرۆڤ هەتا دنیا زیاتر ببینێ و رۆژە تاڵ و شیرینەکان تێپەڕ بکات، باشتر لە ناخی رووداوەکان دەگات. جیهـانی لاوان و گەنجان پـڕە لە خەیاڵ و خەونی جـوان بـۆ دوارۆژی خۆیـان و جیهـان، بەڵام رەوڕەوی

روورداو و ئاڵوگۆڕەکـــان و چەرخی زەمانە بە حیکمەتی خەیاڵ و خەونەکان ریگە نـــابڕێت. مرۆڤەکان لە سەردەمی لاوەتی بە دوای ئەو جیهانەدا دەگەڕێن، کە دواتر بە تەڕاویلکە دەردەچێ. خەڵک لە ئێران و لە رۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە رێژیمی حەمە رەزا شا خۆپێشاندان و خەباتیان کرد، بەڵام بە هاتنەوەی خومەینی و رەگ داکوتـــانی نیزامـــی ئاخونـــدەکان ئـــازادیی و مافەکان بوونە تەڕاویلکە. بارودۆخەکە ئەوەنـدە شـڵقاوە و ئـاڵۆزکراوە، کە نـان و کـاریش لە تەڕاویلکە دەچـن. کەماڵ لە سەر جێگە رەقەکەی خۆیـدا کەلەکا و کەلەک دەکـات و هەرووژمی خەون و خەمەکان رێگـا نـادەن، بـۆ سـاتێک چاوەکـانی لە سەر یەکـدا بنـــێ و ئـــارام بگـــرێ. زۆربەی پێشـــمەرگەکان چاوەکانیـــان چۆتە خەو و کەماڵ و چەنـــد پێشمەرگەیەک ماوون، کە ئەسپی خەیاڵی خۆیان لینگ دەدەن و چـاوەڕوانی زەردەپەڕ و هەڵاتنی خـۆری پاییزە دەکەن. پاش شەکەت و ماندووبوون کەماڵ جەمەدانەکەی بە سەر دەم و چاویدا دەدات و جیهانی ژاوەژاو جێدێڵێ. فیشەکە شێتە و گوللە وێڵەکان کار لە گـوێی پێشـمەرگەکان ناکەن و ئەوانەی رۆژانە و شەوانە بە گـژ سـپای داگیرکەردا چوونەوە، خـاراون و بەشـێک لەوان چەنـد جـار لە مـردن گەڕاونەوە. شنەبای بەیانی دۆڵ و کێوەکان بۆنی گژ و گیا وشکەڵەبوەکانی سەر سینگی کوێستان و تەنیشت رووبـار و خڕەکان بە گوند و مەزراکانـدا بڵاو دەکاتەوە. کـێ هەیە، لە کـزەی شـنە بـایی پاییزی کوێستانەکانی نیشتمان تورە بێت و خۆی بشارێتەوە.

چەنـد پێشـمەرگەیەک بەیانی بە سـرووود و گـۆرانی خەوی هاوڕێکانیـان دەزڕێنـن و لە دەوری ئـاورە خۆشەکە کۆدەبنەوە. کتریە رەشەکان و تەنەکەی گەورەی رۆنـــی لە تەنیشـــت ئاگرەکەوە لە حەژەمەتی سووتانی دارەکان بە کوڵ دەگرین و لە تاوی سووتانی هەناویان پڕیچکە ئاوەکـان بـۆ دەوروبەری خۆیـان فـڕێ دەدەن. ئـاگر و چـای بەرەبەیان لە بنـارە چیاکـان تـام و چێـژی تایبەتی هەیە ، بۆیە زۆربەی پێشـــمەرگەکان کەلوپولی خەوتنی خۆیـــان کۆدەکەنەوە و دەخـــوازن لە گەڕی یەکەمی چـــا سەیلانەکە بخۆنەوە. پێشـــمەرگە تـــازە هاتوەکـــان ئـــارامترن، بەڵام ئەوانەی چەنـــد مانگێکە پێکەوە شەو و رۆژ دەکەنەوە هەر رووداوێک دەقۆزنەوە و دەیکەنە پێخـۆری پێکەنین. عەلی تەقتەقی بـانگی عەلی بچکـۆڵ دەکات، کە زوو بگاتە لای ئەوان و چا دیشلەمەکەی بخواتەوە. لە باشووری کوردستان کاتێک شەکر لە چا دەکرێ بە چای شیرینی بەناو بانگە و ئەگەر وەک رۆژهەڵاتییەکان بە قەنـدی کڵـۆ بیخۆنەوە دەبێتە چای بە دیشلەمە. ئەو نـاو و کولتورانە لەو رۆژانەدا و بـۆ کـۆڕی پێشمەرگانە دەبوونە مایەی پێکەنین و جار و باریش تورە بـوون. عەلی بچکـۆڵ، کە بەیانیان بەردەوام تورە و بیزارە هـاوار دەکـات، کاکە چـا

دیشلەمە و شیرینەکە بۆ خۆت و دوارۆژمان تاڵ مەکە. کەماڵ و زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی، کە بەرەو ناوچەی سەردەشت و گوندەکانی دەگەڕێنەوە خۆیان ئامادە کردوە و سەرقاڵی ماڵئاوایی لە پێشمەرگەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانن. ئەوان بەرەو جادەی پیرانشار و سەردەشت دادەکشێن و چاوەڕوانی هاتنی کەلوپەلی راگواستن دەکەن. عەلی تەقتەقی، کە وێڕای پێشمەرگەکانی یەکێتی بەرەو ناوچەکانی زەڵێ دەگەڕێنەوە بۆ گاڵتە بە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات دەڵێ، کاکە سواری ماشێن نەبن، هەتا سەیارە ئامادە دەبێ. کەماڵ لە گەڵ دەیان کەس لە هاوڕێکانی رێگای ماڵ دەگرنە بەر و هەتا نەڵاس بە ماشێنی سەرئاوەڵە دێن. دواتر گوندەکان دەکەنە رێچکەی گەیشتن بە شار و پاش چەند کاتژمێرێک لە بەری کەنەکە سپێ چاویان بە چراخانی شار دەکەوێ. ئەوانەی، کە دەگەڕانەوە بۆ شار ژمارەیەکی ٢٠ کەسی دەبوون، کە زۆر تامەزرۆی دیتنی کۆڵان و شەقامەکانی شار و ئەندامەکانی ماڵەوەیان دەکرد. ئەوان بۆ حەسانەوە لە دەروازەی شار و تەنیشت ئاشی رەحمان شەمامی کۆدەبنەوە و لە کانیاوە زوڵاڵەکەی خوار جادە تینوایەتیان دەشکێنن. هەرکام لەوان هەڵگری زۆر چیرۆک و بەسەرهاتن، کە تەنیا کورتە چیرۆکەکان بۆ پێکەنین و حەسانەوە دەگێڕنەوە. ژمارەیەک باس لە چۆنیەتی شەڕەکان و هەروەها ناشتنی تەرمی هاوڕیکانیان دەکەن، کە لە پێناوی خاک و خەڵکدا شەهید دەبن. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و کەماڵ لەو ماوەیەدا لە گەڵ یەکتر ئاشنا بوون و لە یەکەم جەولەی پێسمەرگایەتی بوونە مایەی دڵگرمی یەکتر. بەشێک لەوان لەو شەوە پاییزیەدا بۆ شادیی هاوڕێکانیان باس لە دوارۆژ دەکەن. حوسێنی ئازیزی هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڵێ، کوڕینە با ناوی خوای لێبینن و بەرەو ماڵەکانمان بڕۆینەوە. پاش نیو کاتژمێری دیکە هەر کامەیان دەگاتە بەر دەرگای ماڵ و پاش لە دەرگادان و کردنەوەی دەرگای حەوشەی ماڵ بە دیداری کەس و کاریان شاد دەبنەوە. مام کەریم و زارا بە هاتنی کوڕەکیان شادن و بە هێواشی دەچنە ژوورەوە. کاوە، لەیلا و شیرین لە خەودان و بە تەقەی دەرگای حەوشە وەخەبەر نەهاتوون. زارا پاش ماچکردنی کوڕەکەی چەند هێلکەیەک لە رۆن دەکات و لە بەردەمی کەماڵی دادەنێ. مام کەریم، فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە و شوکری خودا دەکات، کە کوڕەکەیان بە سڵامەتی گەڕاوەتەوە ماڵ. کەماڵ ئەحواڵی خوشک و برا و خزمان دەپرسێ و پاشان لە بابی دەپرسێت، کە چۆن لەو زەمانە تێدەگات. مام کەریم چاوێک لە زارای هاوسەری دەکات و بە کورتی بەمجۆرە وڵام دەداتەوە:"بە کەلامی خوای خەراپتر دەبێ و باشتر نابێ. حوکمەت هەتا بڵێی کافر و مولحیدە و ئەو ئاخوندانەش کەزاب و درۆزنن. بە ئیمانم کورد لە گەڵ یەکتردا ناپاکان و ئەوەتا بە چاوی خۆت دەبینی، کە کوڕانی مەلا مستەفا و چەکدارەکانیان چۆن بوونە

کەواسووری بەر لشکری خومەینی. ئەمن عەقڵم نایبڕێ و پاش ماوەیەکی دیکە دەوڵەت هەموو وڵاتی دەگرێتەوە و پێشمەرگەش بەرەو حدودی پاشەکەشەی دەکەن. با قسەیەک بۆ خوا بکەین، لەو شارەدا هەزار و یەک رەنگ و چیرۆک دەبینی. ئەو شارەمان وەک شاری ئەحزاب و رێکخراوەکان لێهاتوە. ماوەیەکی دیکە، کەس خەتی کەس ناخوینێتەوە و چەنگ لە بەرۆکی یەکتر دەدەن. ئەمن بیستوومە، کە عەبدورەحمان قاسملوو پیاوێکی دنیا دیتەو و عالەمە، بەڵام ئەو کوردە بە کەسێک و دە کەس بەڕێوە ناچێ. کوڕە کەماڵ دەستم بە داوێنت، چەکی پێشمەرگایەتی دابنێ و ببە بە کاسبی ماڵی خۆت. بە زات و سیفەتی خودای پەژیوان دەبیەوە، بەڵام دواتر سوودی نییە".

زارا باسەکە دەگۆڕێ و پرسیاری خواردن و ژیانی کوڕەکەی دەکات. ئەو بە دوای یەکتردا دەڵێ، وەی رۆڵە چاوی دایکت کوێر بێ. ئەمن هەموو جەمان لێرە پڕ بە دڵی خۆم بۆت گریاوم و بیرم لە تۆ کردۆتەوە، کە لەو کوێستان و چیا و دۆڵانە دەبێ چ خواردن و خەوێکتان هەبێ. بە خودای رۆڵە، خوشکەکانت لە من زیاتر پەرۆشی تۆیانە و هەموومان پێنج فەرزە لە سەر بەرماڵێ بۆت پاڕاوینەوە. زارا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و توک و دوعایان لە خێڵێ خومەینی دەکات و دەڵێ، خودایە تو گەورەیی خۆت و پێغەمبەرە خۆشەویستەکەت ئەو سەگانە لەنێو بەری. بۆ خاتری ناو و سیفاتە جوانەکانت چاوت لە ئێمەی هەژار بێ و خودایە دەستی ئەو زاڵمە کافرانە ببڕی. کەماڵ پاش خواردنی هێلکەورۆنەکە و خواردنەوەی ماستاوێک سپاسی دایکی دەکات، کە بەو نیوەشەوە ئەو تەعامە خۆشەی بۆ ئامادە کردوە. خەو چاوەکانی هەمووانی قورس و گران کردوە و هەر کەسە و لە سەر جێگای خۆی دەخەوێت. هەتا کاتی کەڵەبابخوێنان لە ماڵی مام کەریم کەس جینگڵەی نادات و خەوی ئارام باڵی بەسەردا کێشاون. مام کەریم دەچێتە مزگەوت و دەگەڕێتەوە منداڵەکانیان لە خەو هەڵنەستاون و ئەویش خۆی لە هەڵکردنی سەماوەرەکە دەدزێتەوە و بۆ تیکنەدانی ئارامی ماڵ دەچێتە سەر جێگا خەوەکەی و سەرەخەوێکی بۆ دەشکێنێ. لەیلا لە خەو رادەچەنێ و پاش دیتنی پێڵاوە ئادیداسەکە شکی هاتنەوەی براکەی دەکات و بە پەلە دەچێتە ژووری خەوتنی میوانان و دەبینی براکەی خەوتوە. لەیلا بەو دیمەنە زۆر شاد دەبێ و بە گەرمی کاروبارە پێویستەکان رادەپەڕێنێ و سەرنج دەدات، کە سەماوەرەکە وەک رۆژان ناڵەی نایەت. تێدەگات، کە بابی لە بەر شادیی گەڕانەوەی براکەی ئەو بەیانیە دەستی لە سەماوەرەکە بەرداوە، بۆیە بە پەلە ئاو لە سەماوەر دەکات و سووکە ئاورێک بە پڵیتەکەیەوە دەنێ و چاوەڕوانی کوڵانی ئاوەکە دەکات. شیرین و کاوەش بە هێواشی لە خەو هەڵدەستن

و نیگەرانن، کە بۆچی هەواڵی دایک و بابیان نییە. ئەوان لەیلا دەبینن و دواتر دەبیستن، کە کەماڵی برایان درەنگانی شەو گەڕاوەتەوە و بۆیە هەموو لایەک کەوتوونە باوەشی خەوێکی قوڵ و ئارام.

ژاوەژاوی بەیانیانی شار و دەنگەدەنگی منداڵانی کۆڵان، کە بەرەو قوتابخانەکان دەچن ختۆکەی ئەسپی خەیاڵی کەماڵ دەدەن و لە خەوی شیرینی بەیان هەڵیدەستێنن. ماوەیەکی زۆرە، کە ئەو لەو ژینگەیە دوورە و بایەخە زێڕینەکەی ماڵی لە دوورەوەی ماڵ زیاتر بۆ دەرکەوتوە. ئەو بۆ دیتنی روخساری دوو خوشک و براکەی بەرەو ژووری دانیشتن دەچێت و لە ئامێزیان دەگرێت. کاوە بەرەو قوتابخانە دەڕوات و چەند پرسیارێک لە براکەی دەکات و لە ماڵ دەچێتە دەر. لەیلا و شیرین داوا لە براکەیان دەکەن، کە باسێکی ئەو ناوچەیە بکات، کە چەند مانگە وێڕای سەدان پێشمەرگەی دیکە شەو و ڕۆژی تێدا کردۆتەوە. کەماڵ باسی ئاگری کراوەی دەورووبەری بنکەکان و هەروەها خواردنەوەی چای بەردەم ئاور و دیدار و سەردانی گوندەکانی دەوروبەری شەڕگەکان دەکات. ناوبراو، باس لە فیداکاری خەڵکی گوندەکان دەکات، کە زۆر میواندارن و یارمەتی زۆری پێشمەرگەکان دەدەن. ئەو ئاماژە دەکات، خۆزگە شارەکانیش وەک گوندەکان لە رەوتی خەبات و تێکۆشاندا بەشدار دەبوون. خەڵکی شارەکان زیاتر خەریکی ژیانی خۆیانن وتەنیا جار و بار زەبری بۆمبارانێک یان شەڕێکی کورتماوەیان بەردەکەوێ. لەیلا باس لە خۆیان دەکات، کە ئەوان لە شار دەژین و کوڕەکەیان لەو خەباتەدا بەشدارە و چەند مانگە لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکانە. کەماڵ لە گەڵ خوشکەکەی لەو پێوەندییەدا هاوڕایە، بەڵام روونی دەکاتەوە، کە ڕێژەکە زۆر کەمە و لە شارەکانی دیکە هەر بۆ باسکردن نابێ. کەماڵ هەروەها باس لە ناسینی خەڵکی زۆر لە ناوچە و هەروەها پێشمەرگەی باشوور و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خوشکەکانی دەگێڕێتەوە. لە گەرمەی ئەو قسانەدا، دەڵێ ئەرێ کاکە، کەی شاییەکمان بۆ ساز دەکەیی و خەڵکی شار کاریان بە کوردایەتی نییە و ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە شەقام لە بەر بوک گوازتنەوە بەرناکەوێ. ناوبراو بە پێکەنینەوە وڵامی شیرین دەداتەوە، کە راستە خەڵک حەزی لە ژیانە و حەقی خۆیانە. ئەگەر خوا یارمەتیدەر بێت، بێگومان بووکیش دێت و لەو حەوشەیەدا براژن و دشەکان شەڕی یەکتری دەکەن. شیرین باس لە کێشەی خەسوو و بوک دەکات و رادەگەیەنێ، کە کێشەی براژن و دشەکان زۆر کۆن و قوڵ نییە. لەیلا چاوێک لە لەیلا دەکا و دەڵێ، خوشکێ کاکم ماندوو مەکە و بانگی دایک و بابم بکە، با نانی بەیانی پێکەوە بخۆین. ئەمڕۆ وەک ڕۆژی جێژنی رەمەزان وایە، کە هەموو پێکەوە نان دەخۆین و لە دەوری یەکتر کۆدەبینەوە. شیرین لە دوورەوە دەپەڕێتە نێو

ئەو قسانە و بە پێکەنینەوە دەپرسێ، خوشکی نان و ماست و هێلکە کەی بۆ جێژن دەبن؟ جێژنانە جلوبەرگی جوانت لەبەر دەکەیی و جێژنانە وەردەگری، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا جێژنی گەڕانەوەی کاک کەماڵە.

مام کەریم و زارا بە پێکەنینەوە بەرە سفرەی بەیانی دێن. پاش دانیشتن و ناوی خوا هێنان نانی بەیانی دەخۆن و بەقسەی خۆش لە سفرەکە دەکشێنەوە. زارا لە خۆشیان تورەبوونی لەبیر چۆتەوە و وەک رۆژان ئەمر و فەرمان دەرناکات. کەماڵ، کە ئۆگری بە کاری کوردایەتی و حیزبایەتی زیاتر بوە پاش نانی بەیانی سەردانی بنکەی حیزب دەکات و هەتا ئێوارە وێڕای دۆستان و ئاشنایان باس لە چیرۆکی شەڕەکان دەکەن. ئەوان باس لەوە دەکەن، کە لەو رۆژانەدا باشترە کەڵک لە رۆژانی ئاگربەس وەربگیردرێ. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و کەماڵ زۆر دڵیان بەو ئاگربەستە خۆش نییە و نیگەرانی دەستپێکردنەوەی پەلاماری رێژیمن. لەو رۆژانەدا پادگانی شار و بنکەی رادار و پردی بریسوێ لە بەردەست هێزەکانی رێژیمە و مەودای نێوان پێشمەرگە و رێژیم لە گەڵ یەکتر زۆر نییە. ئەوانەی، کە لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا لە بەرەکانی شەڕ شاهیدی ئازایەتی پێشمەرگە و دڕەندەیی چەکدارەکانی رێژیم بوون، ترسیان لە نەبوونی دەزگا و ناوەندی پشتیوانی دەکردەوە، کە رەنگە لە درێژخایەندا بەسەر کورددا بشکێتەوە. ئەوان ئاگادار بوون، کە هێزی پێشمەرگە رێکخراو نییە و هێزیکی خۆبەخشە و ئەرتەشی وڵاتان پێویستی بە یارمەتیی و پەروەردەی بەردەوام و هێزی راهێنراو هەیە. بەرپرسانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگاداری بەشێک لەو بارودۆخە بوون، بەڵام لەو رۆژگارە سەختەدا دەسەڵات و دەرفەتی چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشانەیان نەبو. هیوا و ئومێدی زۆربەی خەڵک سازان و کۆتایی هاتن بە کێشەی نێوان رێژیم و هێزی پێشمەرگە بو. خەڵکی کورد ئامادەی خۆڕاگریی هەمە لایەنە نەبوون و باوەڕیان بە دواڕۆژی خۆیان کز و لەق بو. کەماڵی مام کەریمی، وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ پێشنیار دەکەن، کە رۆژانە پێشمەرگە لاوەکان فێری پەروەردەی حیزبیی و هەروەها نیزامی بکەن و رێژەیەکی زۆری چەکدار کۆبکەنەوە. ئەرکەکە گرانە و کورد لە بەر ئەوەی دەوڵەتی نەبوە، بە ئاسانی یاسا و رێساکان رەچاو ناکەن و رەنگە بە توندوتۆڵی پارێزگاری لە فەرمان و ئەمرەکان نەکەن. لەو رۆژانەدا بیرۆکەی باش و پلانی گونجاو زۆر بوون، بەڵام کات و ئیمکانات بۆ جێبەجێکردن زۆر کەم بوون. هەر ڕۆژە و لە گۆشەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان کێشەیەک ساز دەکرا و رێژیم و چەکدارەکانی بە هەموو توانا و فرت و فێڵێک خەریکی بنکۆڵ کردنی

کۆشـــکی خەیاڵی ئـــازادیخوازانی کـــوردان بـــوون. بەشـــێک لە خەڵک زۆر زانیاریـــان لە سەر پرســـی کوردایەتیی و هەروەها مـــافی خۆبەڕێوەبردن نەبوو، بۆیە ئەوان لە گەڵ رۆژ دەســـووڕان و بـــۆ ئەوان تێپەڕکردنی رۆژ و شەوەکان مەبەست و ئامانج بو.

وەرزی سەرماوەز بەڕێوەیە و بەستێنی هاتنی زستان خۆش دەکات. هاتوچۆی نوێنەرانی کورد و تاران و دیالۆگەکەیان لە سەر دواڕۆژی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ رێژیم گەمەی کات و بۆ کوردان تەنیا کات بەفیڕۆدانە. چەند مانگێکی ساڵ و بە تایبەت وەرزی زستان بارودۆخەکە لە ژێر هەناسەی ئاگربەست و درێژەی وتوێژەکانی کورد و رێژیمدا بەسەر چوون. کوردەکان لە رۆژهەڵات، ئەگەرچی وەک هێزی حیزب و پێشمەرگە لە یەکتر دابڕا و پەرتەوازە بوون، بەڵام لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدان بە تێکۆشان دەربڕی. حیزبەکان لە زۆربەی شوینەکان بە جۆرێک تێکۆشانیان هەبو، بەڵام خەڵک لەو رۆژگارەدا لە گەڵ کولتوری حیزبایەتی، ئەندامەتی، تێکۆشان لە پێناوی ئامانجەکان و هتددا وەک پێویست ئاشنا نەبوون. کوردستان لە جیاتی بیروباوەڕی کوردایەتیی و ناسنامەی سیاسی نوقمی تیکەڵی ئیدۆلۆژییە چەپ و راستەکان بو، کە بۆ خەڵک زۆر دڵگیر نەبوون. حیزب و رێکخراوەکان بە فۆرمی عەشایەریی و بە کولتوری کۆنی ناوچە لە ژێر ناوی جیاوازدا بەستێنی نامتمانەیەیان لەو کۆمەڵگەیەدا پەرە پێدەدا. هەر عەشیرەت و هۆزەێک بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لە نێوان حیزبەکاندا جۆلانەیان دەکرد. لە موعجیزەکانی رۆژگاری کوردان ئەوە بو، کە خاوەن زەوی، کوڕە ئاغا و ئاغاکان تێکەڵ بە بزوتنەوەی چەپ ببوون و داوای مافی کرێکارانیان دەکرد. خەڵکێکی کەم لەو دۆخەدا لە وردەکارییەکانی شۆڕشی رۆژهەڵات تێدەگەیی و تازە کارەکان زۆر شارەزای مێژوو و پاشخانی کۆمەڵگا نەبوون. ژمارەیەک لە تێکۆشەرە کۆنەکان، کە لە کۆماری کوردستان و دواتر لە شۆڕشی ٤٦ و ٤٧دا بەشداربوون، چاویان تیژتر و زمانی رەخنەیان لۆژیکی و هەڵسەنگاندنەکانیان شارەزایانەتر بوون. ئەوان بەراوردی رابردوو و ئەمڕۆیان دەکرد، بەڵام خەڵکێکی کەم گوێی لێدەگرتن و مێدیایەکی بەهێز و سەرتاسەریی نەبوو، کە دەنگ و باوەڕەکانیان بڵاوکاتەوە. لە شەوانی زستانی شار و گوندەکاندا دمەتەقەیەکی زۆر لە هۆدەی ماڵان و مزگەوتەکاندا لە سەر پرسە گەرمەکانی رۆژ بەڕێوەدەچوون. ئەو دیالۆگ و دمەتەقانە لە شارێکەوە بۆ شاریکی دیکە جیاواز بوون و هەر ناوچە و شارێک تایبەتمەندی خۆی هەبو. لە بەشێک لە کوردستان هێزە چەپ و سەرتاسەرییەکان و تەنانەت دەسەڵاتی مەرکەزی زۆرتر لە هێزە کوردییەکانی خاوەن بەرنامە و پلان، لاقیان چەقاندبوو. شارەکان

بە واتایەکی دیکە، نەبوونە چەکی بەرەنگاربوونەوە دژ بە ڕێژیم و بارە گرانەکە خرایە سەر شانی گوندە و ناوچە دوورەکان، کە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ناوەند نەبو. کرماشان، ئیلام، ورمێ و دواتر سنە و شارەکانی دیکە بە ئاسانی خرانە ژێر رکێفی پاسداڕ و بەسیجییەکان و هێزە کوردیی و چەکدارەکانیان لە دەرەوەی شارەکان و لە ژمارەیەک لە گوندەکان بە بێ بوونی ستراتیژییەکی روون و تاکتیکی بەرهەمدار چەقیبوون. خەڵکی کوردستان وەک زۆربەی خەڵکە ژێر دەستەکانی جیهان یەکدەست نین و بە ئاسانی بۆ دەسەڵات و نەتەوە سەردەستەکان دەستەمۆ دەکرێن. لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا دەرکەوت، کە بێجگە لە چەکدارەکانی کوڕانی مەلا مستەفا، بەشێک لە عەشیرەت و خەڵکی دیکە چەکی ڕێژیمیان هەڵگرتبوو. باوەڕەکان یەکانگیر نەبوون و کوردەکان وەک جاران بە ئاسانی بە گژ یەکتردا دەکران. شەوانی زستان بۆ تاوتوێی ئەو باسانە گونجاو بوون، بەڵام ڕەخنەگرەکان کەم و بەستێنی چاکسازی لاواز بو.

مام کەریم لەو ڕۆژگارەدا لە مزگەوت و ژمارەیەک لە دوکانی دۆست وئاشناکان ڕۆژە ساردەکان تێپەڕ دەکات. ماڵەکان سووتەمەنی پێویستیان نییە و بە زەحمەت نەوت و گازی شل لە شاردا دەست دەکەوێ. کوردستان، ناوچەیەکی پەراوێز خراو لە ئێرانێکی پاشکەوتوودا خاوەنی بنکە و ناوەندی گەورەی ئابوری نییە و کەمترین سەرمایەگوزاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کراوە. کوردستان، لە کۆنەوە بە حوکمی چەک و توندوتیژی بەڕێوەبراوە و بەڕێوەبەرانی ئێران حەزیان لە چارە و دوارۆژی ئەو ناوچانە نەکردوە. لە سەردەمی کۆندا بە زەبری زۆر و بە شێوازی ژن و ژنخوازی تێکۆشاون خەڵکی کورد واز لە ئایین و مەزهەبی خۆی بێنێ. خەڵکی کورد لە سەردەمی شادا دەرفەتی خۆئیدارەکردنیان پێنەدراوە و دەسەڵاتی یاسا لەو مەڵبەندە تەنیا ژاندارم، ساواک و بەندیخانە بووە. مام کەریم، بۆ پەیداکردنی بەشێک لە بژیوی ژیانی لە ڕۆژانی زستاندا، کە بەفر وڵات دادەپۆشێت، بە وەروەرە و بەفرماڵەوە، کە لای وەستا حەسەنی نەجار بەکردنی داوە، بە پارە چەند سەربانێکی ناسیاو و ئاشنایەک خاوێن دەکاتەوە. شارەکان خاوەنی دەزگا و ناوەندی تایبەت نین و زۆر جاران شەقام و کۆڵانەکان بە هەرەوەز لە لایەن خەڵکی گەڕەک خاوێن دەکرێنەوە. مام کەریم، پاش ماڵینی بەفری سەربانەکان وەک کەسێکی شارەزا و خاوەن تەجروبە چاوێک لە حەوشەی ماڵەکان دەکات و تەنیا بۆ کارپوختی گوڕێک لەوێ دەدا و دڵی خاوەن کار و ماڵەکان خۆش دەکات. ئەو بۆ زۆربەی ئەو خەڵکە ئاشنایە و متمانەی تەواوی پێدەکەن. لە زۆربەی ئەو ماڵانە، کە سەربانەکانیان خاوێن دەکاتەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە یان چا و

نـانخواردن بانـگ دەکـرێ و دواتـر، حـەقدەسـتی خـۆی وەردەگـرێ. نـاوبراو، بـە دیتنـی مـاڵە دەوڵـەمەنـد و داراکـان و بـەراوردکردنـی منداڵـەکانی هـەست بـە غـەدرێکی گـەورە دەکـات، چوونکـە کـەم مـاڵ و بنـەماڵـەی دەوڵـەمەنـد شـک دەبـات، کـە وەک کوڕەکـەی ئـەو چـەکی کردبێتـە شـان. ئـەو کـە چـاو لـە بنـەماڵـەی هـاوڕێ نیزیکـەکانی کـەماڵی کـوڕی دەکـات، کـە لـە مـاوەی شـەڕی سـێ مانگـەدا ئـەرکی بـەرەنگاربوونـەوەیان لـە ئـەستۆ بـوە، دێتـە سـەر ئـەو قـەناعـەتە، کـە دەوڵـەمەنـدەکان حـەزیان لـە سیاسـەت و چـەک نییـە و خـەریکی کاروباری خۆیانن. ناوبراو وەک پرسیارێکی بـەردەوام بیری لێدەکاتـەوە، کـە ئـەگەر کرماشان، سنـە، ورمـێ و زۆر شـاری گـەورەی دیکـە قـۆڵی هیممـەتی پیـاوەتی و مـەردایـەتی لێهـەڵماڵن، بێگومـان دوژمنـی مـەلعون بـە ئاسـانی نـاتوانـێ درێـژە بـە سـتـەم و قۆڕغکـاری بـدات. رۆژێکـی سـاردی زسـتانی، لـە کاتێکـدا کلـوە بـەفرەکان بنمیچـی ئاسـمانیان داپۆشـیوە، مـام کـەریم لـە رێگـای چوونـەوە مـاڵ تووشـی کـەماڵ، وەسـتا مستـەفا و حوسێنی ئازیزێ دەبـێ، کـە لـەو سـەرمایـەدا بـە شـەقامی سـەرەکی شاردا پیاسـە دەکـەن و باسـی کوردایـەتی دەکـەن. نـاوبراو سـڵاویان لێـدەکات و لێیـان دەپرسـێ، کوڕینـە ئـەمن لـەو مـەتـەڵـەی نـاگـەم و خێرتان دەگاتـێ، بۆ منـی دەردەداری هـەڵێنن. کوڕەکان بـە رێـزەوە گـوێی لێـدەگرن و کـەماڵ یـەکسـەر پێـش بـاوکی دەکـەوێ و بـاس لـەوە دەکـات، کـە وتـەکانی بـابی و عـەلی تـەقتـەقی زۆر لـە یـەکتر دەچـن. ئـەوان چاویـان تیـژە و بیریـان بـە تـەواوەتی لـە کـۆی ئـەو رووداوانـە کردۆتـەوە، کـە باسـی دەکـەن. مـام کـەریم پێدەکـەنـێ و بـە کـەماڵ، وەستا مستـەفا و حوسێنی ئازیزێ دەڵـێ ئـەمانـەتی خودای بن و رۆژێکی دیکـە ئـەو پرسیارەتان لێدەکـەم.

وەستا مستـەفا، حوسێنی ئازیزێی و کـەماڵی مام کـەریمی لـە ماوەی چـەند مانگدا تێکۆشاون لاوەکان زیاتر بۆ کوردایـەتی رابکێشن و لـە رێگـای چـەند مامۆسـتایـەک چـەند کۆڕێکیـان بـۆ پێشـمـەرگـە تـازەکـان گرتـوە. ئـەوان لـە مـاوەی کارکردنـدا فێربـوون، کـە کـارکردن سـەختـە و ژیـانی سیاسـی پـڕە لـە رووداوی چاوەڕواننـەکراو. ئـەوان ژوورێکیـان لـە بنکـەی حیـزب پێـدراوە و رۆژانـە کارەکانیـان رادەپـەڕێنن. بـەشـێک لـە لاوەکـان رۆژانـە سـەردانیان دەکـەن و خوازیاری فێربوون و وەئـەسـتۆگرتنی ئـەرکن. لـەو ژوورەدا کـار بـۆ پـەروەردە کردنـی لاوەکـان دەکـرێ و ژمارەیـەک لـە لاوەکـان و هـەروەها پێشـمـەرگـەکان فێـری نووسـین و خوێندنـەوە بـە زمـانی کـوردی کـراون. مامۆسـتا نـازم، کـە خـەڵکی باشـووری کوردسـتانـە و ماوەیـەکـە لـەو شارە دەژیت، ئـەرکی گوتنـەوەی وانـەی زمانی کوردی بـە ئـەستۆ گرتوە. مامۆستا نازم هـەروەها کورتـەیـەک لـە مێژووی بزوتنـەوە کوردییـەکان بۆ پێشمـەرگـە و لاوەکـان دەڵێتـەوە. ئـەو بـە چـاوی خـۆی شکانی گـەورەی

کوردانی باشووری دیوه و دەزانێ، کە کوردەکان شارەزای مێژووی خۆیان نین. لە کاتی وتنەوەی وانەی مێژوودا چیرۆکی باوکی دەگێڕێتەوە، کە چەندە و چۆن لە حیزبی هیوا و کۆماری کوردستاندا بەشداری کردوە. باوکی پاش رووخانی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ باشوور و بە دڵشکاوی هەتا دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول کاری بە سیاسەت نییە. پاش ئەوەی خەڵک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە پێناوی مافەکانیاندا چەک هەڵدەگرن، باوکی مامۆستا نازم، کە بە فەقێ خدری جاف ناودەبرێ، دەچێتە ریزی پێشمەرگەکان و لە چەندان شەڕی گەورە و بچووکدا بەشداری دەکات. کاتێک لە ناو جەرگەی شۆڕشدا هەست بە زوڵم و زۆری کادر و بەرپرسانی پێشمەرگە لە خەڵکی ئاسایی دەکات و لاساری سەرکردایەتی پارتی و بارزانی دەبینێ، باشوور بەجێدێڵێ و روو لە شاری بەغدا دەکات و ماوەیەک بە کاری دژوار و تاقەت پڕووکێن خێزانەکەی بەخێو دەکات. فەقێ خدر لە ناوچەکانی پشدەر و بیتوێن و هەروەها باڵەکایەتی زوڵم و زۆرییەکی زۆری چەکدارەکانی پارتی دژ بە خەڵک و شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینێ و لە لای کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی سوێند دەخوات، کە ئەو شۆڕشە وەکو پووشی سەپانی دەسووتێ و خەڵکی کورد خێری لێناکات. ئەو لە لای مامۆستا نازمی کوڕیی و هەروەها دۆستە نیزیکەکانی باسی کردوە، کە هەر شۆڕشێک بارزانییەکان سەرکردایەتی بکەن سەرناکەوێ و لە کۆتاییدا دەشکێ، چوونکە ئەوان خۆیان بە کردەوە بە سەروەری خەڵک دەزانن و لە هونەری سیاسەت دوورن. مامۆستا نازم، لە کاتی وتنەوەی وانەکانی مێژوودا ئاماژە دەکات، کە باوکی گلەییەکی زۆری لە خوێندەوارە کوردەکانیش کردوە، کە لە پێناوی خۆیان و گیرفانیاندا زۆر بیریان لە خەڵک و پرسی گەورەی کوردان نەکردۆتەوە. ناوبراو، رێنوینی پێشمەرگە لاوەکان دەکات، کە چەندە دەتوانن خۆیان بە خویندنەوە خەریک بکەن و یاسا و چوارچێوەی کوردایەتی بە پاکی بەڕێوەبەرن. ئەو زۆر جار وەبیر کوردە رۆژهەڵاتییەکان دێنێتەوە، کە لە رۆژی شکاندا زۆریی و بۆری نایخوات و با وەک ئێمەی کوردی باشووری تووشی ماڵوێرانی و شەڕی نێوخۆ نەبن. کوردایەتی تەنیا هاشوهووش و قسەی گەورە نییە، بەڵکو فیکر، وتە و کرداری کوردانەیە.

سەرجەم پێشمەرگەکان و هەروەها بەشداربوەکان لە وانەکانی مامۆستا نازم کەڵک وەردەگرن و تێدەکۆشن، کە سەرەتا بە زمانی دایک بنووسن و بخوێننەوە. لە پێناوی سەرکەوتنی زیاتر و هەروەها پێدانی پێخۆری زۆر بە لاوەکان، مامۆستا نازم بە هاوکاری ئەوان شانۆیەکی پڕ مانا بە ناوی "پێخۆڕ و مەرجەکانی سەرکەوتن" لە ساڵۆنی سینەمای شار پێشکەش دەکەن. ئەوان لەو شانۆیەدا بە زمانێکی

ساکار باس لە چۆنیەتی کاری هێزە سیاسییەکان، تاکی کۆمەڵگە، مەلا و کەسانی ئایینی و هەموو چین و توێژەکان دەکەن. مەبەستی شانۆکە وبیرهێنانەوەی ئەو مەرجانەیە، کە بزوتنەوەی رزگاریخوازنە و خەڵکانی ژێردەست بۆ رزگاربوون دەبێ رەچاوی بکەن. بە گوێرەی وتە و پەیامەی نێو شانۆکە، مەلای مزگەوتەکان ئەرکیان تەنیا هاتوچۆ لە نێوان ماڵ و مزگەوتدا نییە،بەڵکو ئەوان پێویستە لە پێناوی عەدالەت، سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی مافە رەواکان قۆڵی هیممەت هەڵماڵن. مامۆستا نازم، لە نێو شانۆکەدا وەک مامۆستایەک رۆڵ دەگێڕێ و لە زۆر شوێندا باس لە فەقێ خدری باوکی دەکات، کە لە ماڵەوە بە منداڵەکانی گوتوە، هەر گەل و نەتەوەیەک زانا و خوێندەوار و گەورەکانی راست و خاوەن ویژدان بوون، گەلەکەیان بەختەوەر دەبێ و خەڵک روو لە چاکەکردن دەکەن، چوونکە پێشڕەوانی ئایینی، دنیایی و هەروەها بەڕێوەبەران خۆیان لە دزی، گەندەڵی، خۆپەرەستی، ژێردەستیی و چەند رووییی دەپارێزن. لە کۆتایی شانۆکەدا رۆڵگێڕانی شانۆ بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن، کە سیاسەتی ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە کەڵکی نییە و کورد بۆ رزگاربوون پێویستی بە هەرەوەزی راستەقینەیە.

تەڕاویلکەی خەبات، نان و ئازادی

وەرزی زستان بەرەو کۆتایی دەڕوا و دۆخی هەژاران لە ژێر رەحمەتی هاتنی خۆر و گەرما باشتر دەبێ. خەڵکێکی زۆر لەو بارودۆخەدا لە چاوەڕوانیدان و دەستیان بۆ کار و کاسبی ناچێ. ئاڵووگۆڕەکانی تاران و رۆیشتنی تاج بەسەرێک و هاتنەوەی مەندیل لە سەرێک بە ئاسانی تێناپەڕێ. ئاخوندەکان خەیاڵی گەورەیان لە سەردایە و پلانی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئاخوندیی و ئیسلامیان هەیە. وڵاتە جیرانەکانی ئێران و بە تایبەت عێراق لە پەیام و هەڕەشەکانی ئاخوندەکان نیگەرانە، چوونکە زۆرایەتی خەڵکی ئەو وڵاتە شیعەن و بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی خومەینی و پەیامە شیرین و هەڵخەڵەتێنەرەکان. لە سەرەتادا، بەرپرسانی رێژیم و تەنانەت پارتە بە ناو سیاسییە چەپ و راستەکان لە ناسینی نیزام و پلانی رێژیم و بە تایبەت ئاخوندەکان داماوبوون. زۆر رێکخراو تەنیا بە درووشمی نەمان بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا سەرسام ببوون و خومەینیان بە سەمبولی خەبات لە دژی ئەمریکا دەناسی. ئەوان لە گەڵ ئایدۆلۆژی خۆیان راستگۆ نەبوون و لە چوارچێوە و پرنسیبەکانی چەپ و ئایینی خۆیاندا ساویلکانە دەجوڵانەوە.

بە وتەی خاڵە مینە زۆربەی حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکان بۆ بەڕێوەبەران و قسەکەرەکانیان لە دوکانی سیاسی دەچن. ئەو باوەڕی بە قسەی بەتاڵ و درووشمی رۆاڵەتی نییە. خاڵە مینە، سەردەمانێک لە حوجرە و مزگەوتەکانی بانە، سەردەشت و سلێمانی وانە ئایینیەکانی خوێندوە . ئەو لە دەیان گوند و لە چەند شار و هەروەها لە گەڵ سەدان فەقێ تەمەنی بەسەربردوە و کۆمەڵگەی کوردیی و تاکی کورد دەناسێ، بۆیە زۆر دڵخۆش نییە. ناوبرراو شارەزانی حیزبەکانە و سیاسەتکارە کوردەکان دەناسێ و کۆڵانەکانی سیاسەت وەک گیرفانەکانی شارەزایە. خاڵە مینە بۆ پەیداکردنی نان و ئاوێک ساڵانێکی زۆرە لە یەکێک لە شەقامەکانی شار دووکانێکی بەرگدرووی کردۆتەوە. شوێنی کارەکەی وەک ژووری لێکدانەوەی هەواڵ و رووداوە گەرمەکانی رۆژە و خەڵکی ناسراو و کەسانی ناو بەدەرەوە جلوبەرگی خۆیان و منداڵەکانیان بە خاڵە مینە دەدروون. خاڵە مینە لە کاتی کارکردندا بە وردی سەرنجی ئەو میوانانە دەدات، کە بۆ بەسەربردنی کات لە دەوری کۆدەبنەوە و بە دڵ حەز لە بیستنی دەردی دڵی

هەموو لایەک دەکـــات. ماوەیەکە کوڕەکەی هاوکـــاری ناکـــات و تێکەڵ بە لاوانـــی چەکـــدار بـــوە و لە ڕێکخستنەکانی دیموکراتدا ڕێکخراوە. ئەو ڕۆژانە، ئەویش دەردی دڵـی خۆی بۆ دۆست و ئاشنایان باس دەکـات و بە کراوەیـی لە سەر پێوەنـدی خۆیی و کوڕەکەی دەدوێ. خـاڵي مینەی بەرگدروو رقـی خۆی لە کەماڵی مام کەریم ناشارێتەوە و لای زۆربەی میوانەکان بە کەسیکی گەلۆر و کارنەکەر نـاوی دێنـێ. بە وتەی خاڵە مینە، ئەگەر کەماڵ و هاوڕێکانی لەو شارە خەڵک لە داو نەخەن، کوڕی مـن و کـوڕی خەڵکی دیکە چ کاریان بە حیزبایەتی و کاری سیاسییە. ئەو لای یەکێک لە دۆستەکانی بە ناوی ریزوانی دەردی دڵ دەکات، کە کوڕەکەی پەرویز خەریکە بە ئاسانی لە دەستی دەردەچـێ. خاڵە مینە لە نێـو قسەکانیدا دووپـاتی دەکاتەوە، کە ئـۆگری کوردایەتیی و خەباتە، بەڵام بەو ئەزموونەی کە لە باشـوور و ڕۆژهەڵات کۆی کردۆتەوە باوەڕی بە کوردان نەماوە. ریزوانـی گـوێگرێکی باشە و زیـاتر ئـۆگری بـۆ خەباتی ئـارام و سیاسییە نەک چەکداری. ناوبراو ڕێنوینی خاڵە مینە دەکات، کە کوڕەکەی پەرویز لە کاری سیاسی دوور نەخاتەوە، بەڵام بە هێواشـی بە گوێیـدا بخـوێنـێ، کە چەک کێشەکان چارەسەر ناکـات و کـورد سـووتاوی ئەو چەکەیە. خاڵە مینە لە ریزوانـی دەپرسـێ، کە کـوڕی ئەو زەمانە چـۆن گـوێ لە باوکیـان دەگـرن! نـاوبراو پێشـنیار بە ریزوانـی دەکـات، کە شەوێک سەردانیان بکـات و بـۆ ماوەیەک لە گەڵ پەرویزی کوڕیـان قسە بکـات و بـۆ ئەوەی هەتا کـار لە کـار نەترازاوە کاریـک بکەن. خاڵە مینە هەموو جـارێ دووپـاتی دەکاتەوە، کە لە شۆڕشـی کوردانـدا کـوڕی خەڵک وەک تـڕی بنـی گـۆمێ دەڕوات و دواتـر دەبڕێتەوە، بۆیە ناخوازێ کوڕی ئەو و خەڵکی دیکە لە پێناوی ئەم و ئەودا بکوژرێن.

ئێـوارە درەنگـای دوارۆژەکـانی زسـتانە و ریزوانـی بەرەو مـاڵی خاڵە مینە دەڕوات. کاتێـک لە دەرگـای حەوشەی مـاڵی خاڵە مینە دەدات، هەسـت دەکـات لە ژوورەوە کێشەیە و خاڵە مینە پەلاماری پەرویزی کـوڕی دەدات. چەنـد جارێـک، کە نـاوبراو لە دەرگـا دەدات، خاڵە مینە هـاوار دەکـات، ئەو دەرگایە بکەنەوە بزانە چ سەگبابێک بەو شەوە و لە نێوەڕاستی شەڕی کـوڕ و بابـدا لە دەرگـا دەدا. ریزوانـی کە دەرگـا دەکرێتەوە، سـڵاو دەکـات و دەپرسـێ، خاڵە مینە بەخوا میـوانی شەوان مەحبوب نین و رەنگە زۆر سـووک دەردەکەون. خاڵە مینە پـاش گێڕانەوەی زۆر نەقڵی خـۆش و سەربردەی کـۆن داوای لێبـوردن لە ریزوانـی دەکـات و بە پێکەنینەوە دەڵـێ، کـاکی مـن بەو زەوادەی لە مـاڵی هەموومانـدا هەیە لە کـاتی توڕەبوونـدا پیـاو زمـانی پیسە، بۆیە تەڵاقیش لە کـاتی توڕەییـدا ناشـکێن و خـوا بەنـدەی خـۆی بـاش دەناسێ.

پەرویز بەخێرهاتنی ریزوانی نەکردوە و لە هەڵسوکەوتی بابی توڕەیە. دایکی چەند جارێک هانی دەدات، کە بچێتە ژوور و لە گەڵ میوانەکە دابنیشێ. ریزوانی پاش گوێگرتن لە خاڵە مینە و خواردنەوەی چا و کاکڵە گوێز، بانگی پەرویز دەکات. پەرویز بە ناچاری دەچێتە ژوور و پاش بەخێرهێنانی ریزوانی لە سەر فەرشە نەخشێندراوەکە دادەنیشێ. ریزوانی یەکسەر ناچێتە نێو باسەکە و بە پرسیاری لابەلا پەرویز دەبزێوێ و دەخوازێ رێژەی باوەڕ و زانیارییەکانی ناوبراو هەڵسەنگێنێ. ریزوانی پرسیار لە پەرویز دەکات، کە چۆن دەڕوانێتە پرسی کورد و خەبات و لە کام حیزبە زیاتر نیزیکە؟ پەرویز دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و دەپرسێ، ئاغای ریزوانی باشە تۆ بۆچی بە زمانی دایکت ناتوانی نامەیەک بنووسیت؟ ئێمە بۆ لەو شارە و لە هەموو کوردستاندا توانای خۆئیدارەکردنمان نییە؟ نەتەوەی کورد چۆن بەوجۆرە رزگاری دەبێ، کە باوک، مامۆستا، مەلا، میرزا، ئاغا و گەورەکان رێگا لە خەڵک بگرن لە پێناوی خاک و خەڵکدا خۆیان رێکخەن و ئەگەر پێویست بکات، شەهید بن؟ ئەمن بیروڕاکانم لە حیزبی دێموکراڕت نیزیکن، بەڵام باوەڕم بە عەدالەت و ئازادی هەیە. کوردەکان ئەگەر بە تێکڕا بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان نەکەن، ئاخوندەکان بە ئەرتەش، پاسدار و بەسیجی سەرکوتمان دەکەن. خاڵە مینە و ریزوانی پاش بیستنی وڵامەکانی پەرویز چاوێک لە یەکتر دەکەن و بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبن. ریزوانی بە سەر خۆیدا زاڵ دەبێ و بە خاڵە مینە دەڵێ، پەرویز کوڕێکی رێکوپێک و خاوەن باوەڕێکی جوانە، بەڵام حەز دەکەم چەند پرسیارێکی دیکەی لێبکەم و دواتر دەڕۆم. پەرویز ئۆگری شێوازی نەرمی پرسیارکردن و هەروەها گوێگرتنە و ریزوانی لەو بارەوە وەستایانە دەجوڵێتەوە، بۆیە پەرویز بۆ بیستنی پرسیارەکان چوار مەشقی دانیشتوە. ئەو هەست دەکات، کە لە گەڵ جاران جیاوازە و وەک رابردوو خاوەنی تەنیا کەسایەتی باوک و پیشە نییە، بەڵکو ئەمڕۆ خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی و بە ئاشکرا دەتوانێ بەرگری لە باوەڕ و ئامانجەکانی بکات. ریزوانی لە پەرویز دەپرسێ، نەزەرت لە سەر حیزبە ئیسلامیی و چەپەکانی کوردستان چییە؟ پەرویز بە کورتی باس لەو سیاسەتانەی حیزب دەکات، کە لە ماوەی چەند مانگی رابردوو لە کۆبوونەوەکاندا فێری بوە. بۆ وێنە، کە کوردستان پێویستی بە هەموو حیزب و رێکخراوەکانە، بەڵام ئامانجی نەتەوەی کورد دەستەبەرکردنی مافەکانیەتی. حیزب، ئەگەر لە سەر بەستێنی ئازادییەکان دابمەزرێ و ئیدارەبکرێ و بە دوای ئامانجێکی رەوا و خاوەن تاکتیک و ستراتیژی دروست بێ، بێگومان براوەن، بەڵام حیزب ئەگەر ئاوێنەی سیاسەت و رێبازی ئەو وڵات و ئەم دەوڵەت بێت، کێشەمان بۆ دروست دەکات. ریزوانی پاش

ئەو دیالۆگە، پێشنیار بە خاڵە مینە دەکات، کە بەدوای بەردەستێکی دیکەدا بگەڕێ و تازە پەرویز بە کەڵکی دوکانی باوکی نایەت و ئەو تێکەڵ بە سیاسەت بە مانا قوڵەکەی بوە. خاڵە مینە بە سەری لێوان ناوی سیاسەت دووپات دەکاتەوە و سپاسی ریزوانی دەکات، کە ئەو شەوە لە گەڵ پەرویزی کوڕی دواوە. ریزوانی بە پێکەنیەوە لە بەردەم دەرگای حەوەشە لە خاڵە مینە دەپرسێ، ئەرێ میوان هەر لە پشتەوەڕا جوان دیار نییە، کە دەڕوا و خانەخوێ لە چنگان رزگاری دەبێ. خاڵە مینە لە خەم و خەفەتی سیاسەت وەک جاران مەیلی قسەی خۆشی نەماوە و دەرگاکە دادەخات و دەچێتەوە ژوور.

خاڵە مینە و هاوسەرەکەی ئاڵتون لەو شەوەدا دوو قۆڵی بیر لەوە دەکەنەوە، کە بۆ ئەوەی کوڕەکەیان واز لە کاری حیزبایەتی و چەکداری بێنێ، باشترە شەوی داهاتوو سەردانێکی ماڵی مام کەریم بکەن و ئەوان بدوێنن. ئەو رۆژانە خەڵک ترسی هەڵگریسانی شەڕی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی تارانیان هەیە و هاتنی بەهار و شکانی لشکری سەرما زۆر دڵخۆشکەر نییە. کوردەکانی رۆژهەڵات لە بەردەم تیغی هێزێکی تەواو تەیار بە چەکی جۆراوجۆر و هەروەها سەدان هەزار چەکداری هەڵخەڵەتاو و تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردە چەکدارەکان بەرەی رێژیمدان. ئەوان خاوەن دەوڵەت و پشتیوانی نێودەوڵەتی نین و بە شێوەیەکی ئاسایی لە سەر توانا سنووردارەکانی خۆیان بەگژ دوژمنێکی غەدار دا دەچنەوە. خەڵکی کورد ئەوەندە لە بەستێنی خەبات و دوارۆژی پرسەکەیان تێناگەن، کە بڕیاری شەڕی گەورە و هەروەزی نیشتمانی بدەن. ئەوان فێربوون، هەر کات لە دەشت و شارەکان تاقەتی مانەوەیان نەما، پەنا بۆ کێو و دۆڵەکان دەبن و بەو هێزەی کە هەیانە زەبر لە دوژمن دەسرەوێنن. خەڵکی کورد و پارتە سیاسییە کوردییەکان لە بەر پاراستنی ژیانی خەڵکی سڤیل و نەبوونی ئەزموون لە شەڕی شارەکان زۆر بیریان لە خۆڕاگری لە جەرگەی شارەکاندا نەکردۆتەوە.

لە ئاستی گشتیدا غیرەتی گیانبازی و فیداکاری نەبۆتە کولتوری گشتیی و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک خۆیان لەو شەڕە دەپارێزن و بە شەڕی خۆیانی نازانن. ئەوان باوەڕیان بە رەوایەتی خەباتەکە هەیە، بەڵام گیان و ژیان خۆشەویستن و ئامادە نین لە پێناوی ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا سەر و ماڵیان فیدا بکەن. لە سەر ئەو بناخەیە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کوڕەکانیان هاندەدەن، کە خۆیان لە هێزە چەکدارەکان بپارێزن و ئەگەر کوڕ یان کچەکانیان تێکەڵ بەو حیزب و رێکخراوانە بوون بە زۆر رێگا تێدەکۆشن لەو هێزە سیاسیانە جیایان کەنەوە. دێموکراتی، کە هێزی یەکەم و خاوەن پاشخانی

مێژووییە لە بەر زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی و هەروەها کولتوری هێزی چەکداری سەربەخۆی ژنانی نییە. زۆربەی خەڵک بە کولتور باوەڕداری دینی ئیسلامن و تێکەڵکردنی پێشمەرگەی پیاو و ژن لە ناخەوە خەڵک دەڕووشێنێ. ئەو سیاسەتە مەقبوڵییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو خەڵکدا دەباتە سەر، چوونکە خەڵکی کورد لەو بارودۆخەدا نە تەنیا ئامادە نین کچەکانیان ببنە پێشمەرگە، بەڵکو بۆ کوڕەکانیشیان زۆر کەندوکۆسپ ساز دەکەن. ریکخراوی کۆمەڵە لەو مەیدانەدا جیاوازتر دەجوڵێتەوە و ئەوان کچ و ژنیان بۆ پێشمەرگایەتی وەردەگرت، کە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان کارێکی ئاسان و ساکار نەبو.

رەوتی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی حکومەت و هێزە کوردییەکان لە گەمەیەک زیاتر نەبو. رێژیم لە پاش تێپەڕینی وەرزی زستان خۆی بۆ داگیرکردنی کوردستان ئامادە دەکات و هێزەکانی رێکخستوە. پێشمەرگەی کوردان بە گوێرەی توانا خۆیان رێکدەخەن و لە هێڵە گەرمەکان سەنگەر دەگرن. دوو جیهانی جیاواز لە بەرامبەر یەکدا چەقیوون. بە سەدان هەزار بەسیجی و پاسدار بە فەرمانی خومەینی چەکدار کراون و زۆربەیان بە مەبەستی گەیشتن بە کەربەلا بەرەو کوردستان دەهاتن. لە لایەکی دیکە، گەلێکی ژێردەست و چەوساوە، کە زۆر بە زەحمەت هەزاران پێشمەرگەی بۆ رێکدەخرا، کە بە بەراورد بە کۆی حەشیمەتی کوردستان و ناوچە جیاوازەکان رێژەیەکی کەم و دوور لە چاوەڕوانی شۆڕشگێڕانە بو. زۆربەی دایکان و باوکان حەزیان لەوە نەدەکرد تەنیا رۆڵەکانی ئەوان لە پێناوی کوردایەتی و هتدا خۆیان فیدا بکەن. خەڵک لەو ساتانەدا مۆدێلی چاولێکەری رەچاودەکات و دەپرسن، کە بۆچی تەنیا رۆڵەکانی ئێمە؟ بە کوردی چاو و دڵەکان گەورە بوون و هەموو کەس لەو هاوکێشەیە دەگەیشت، کە بەو ژمارە کەمە و بەو پەرتەوازەییە، کوردەکان ناتوانن رێژیم تێکبشکێنن.

خاڵە مینە و هاوسەرەکەی، لە سەر بناخەی ئەو تێڕوانین و خوێندنەوە دڵگرانن، کە پەرویزی کوڕیان لە ریزی حیزبێکی کوردیدا چەکی هەڵگرتوە و رێکخراوە. ئەوان بە دڵ پشتیوانی کورد و مافەکانی کوردانن، بەڵام بە لۆژیک و عەقڵ ئامادە نین بە سەر و ماڵ لەو رێگایەدا سەرمایەگوزاری بکەن. خاڵە مینە خەبەر بۆ مام کەریم دەنێرێ، کە شەو سەردانیان دەکەن. زارا و مام کەریم سەرەتا مەزەندە دەکەن، کە رەنگە بۆ دیتنی کچەکەیان بێن و مەیلی خزمایەتیان بێ. ئەوان لە هاتنی ماڵی خاڵە مینە بە گومانن و نازانن، کە بە چ هۆکارێک سەردانیان دەکەن. کەماڵ ئاشکرای دەکات، کە خاڵە مینە حەز لە چارەی

من ناکات، چوونکە کوڕەکەی چەند مانگێکە سەردانی ئێمە دەکات و بۆتە پێشمەرگە. زارا لە قوژبنێکی ژوورەوە هاوار دەکات و دەڵێ، بە خودای ئەوانەش دەرد و ژانی ئێمەیان هەیە و دەگەڕێن، کەسێک کوڕەکەیان ناچار بکات، کە بگەڕێتەوە ماڵ و کاری بە حیزبایەتی و سیاسەت نەبێ. ئەدی رۆڵە، خەڵک رۆڵەی خۆی خۆشدەوێ و لە بەر هەتاوێی نەدۆزیوەتەوە و بە ئاسانی دەستبەرداری نابێ. بە پێغەمبەری ئاخر زەمانی هەموو کەس لە کەریمی باشترە. کوڕەکەم سێ مانگی رەبەق لە ماڵێ دوور و لە بەرەکانی شەڕ بو، کەچی ئەو کەریمە هەتا گوندی بێزیلێش نەچوو! نازانم ئەو پیاوەی من روحمی هەیە یان نا. ئەوەتا ماڵی خەڵکی لە شاردا ئامادە نین کوڕەکەیان چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرێ.

درەنگانی ئیوارە خاڵە مینە و هاوسەرەکی دەگەنە ماڵی مام کەریم. پورە ئاڵتون هاوسەری خاڵە مینە بە دەستی بەتاڵ ناچتە ماڵان و بۆ ماڵی مام کەریم یەک کیلۆ شیرینی تازەی کڕیوە. مام کەریم، کەماڵ و زارا و منداڵەکانی دیکە بەخێرهاتنی گەرمیان دەکەن. کەماڵ چەک و رەختەکەی لە گۆشەیەکی ژوورەکە داناوە، کە پورە ئاڵتون زۆر حەز لە چارەیان ناکات و داوا دەکات، کە لە بەرچاوان ونیان کەن. کەماڵ بە گاڵتە دەڵێ، پور ئاڵتون ئەدی کوڕەکەتان پەرویز چۆن بۆتە پێشمەرگە و کە چەکی هێنایەوە ماڵ چۆنی هەڵدەگرن. خاڵە مینە و هاوسەرەکەی بە بیستنی ئەو وتەیە تێکدەچن و نێوچاوانیان لە کەماڵ گرژ دەکەن. خاڵە مینە ئەحواڵی مام کەریم دەپرسێ و داوای لێدەکات، نەقڵێک یان قسەیەکی خۆشیان بۆ بگێڕێتەوە. مام کەریم باسێک لە شایی قەدیم و هەروەها گۆرانی بێژە میللیەکان دەگێڕێتەوە، کە چەندە و چۆن ساڵان خەڵکیان دڵخۆش دەکرد. ئاڵتون بە بیستنی خۆشییەکانی کۆن و سەردەمی شا دڵی دەگەشێتەوە و بە دەنگێکی بەرز دەپاڕێتەوە، کە خودای گەورە بۆ خاتری مەککە و مەدینان ئەوانە لە ناو بەرێ، کە ئەو بارودۆخە ناخۆشەیان دروست کرد. ناوبرا دەپرسێ، باشە ئێمە زەمانی شا چ کێشەیەکمان هەبو؟ نازانم، بۆچی بە دەستی خۆمان ئەو مەلەکە جوانەمان لە ئێران دەرپەڕاند و مەلایەکمان هێناوەتەوە، کە جەهەندەمی لە نێوچاواندا دیارە؟ خودایە قبوڵی نەکەی و تاج و تەختی ئەوانە بڕوخێنی، کە ژیان و حاڵیان شێواندنین.

خاڵە مینە پاش پاڕانەوە و لاڵانەوەی ئاڵتونی هاوسەری، باسەکە دەکاتەوە و ژیانی خۆیی و بارودۆخی پەرویزی کوڕیان بۆ دەگێڕتەوە. مام کەریم گوێ دەگرێت و بە دوای یەکتردا دوو وشەی "بەڵی قوربان" دەڵێتەوە، کە رقی ئاڵتون هەڵدەستێنێ. سەرئەنجام، خاڵە مینە بە کورتی داوا لە مام کەریم و کەماڵ

دەکـات، کە کوڕەکەیان ئامۆژگـاری بکەن و کارێـک بکەن، کە دڵـی بەرامبەر بە حیزبە سیاسـییەکان و مەسەلەی کوردایەتی رەش کەن. خاڵە مینە هەڕەشە لە مـام کەریم دەکـات، کە کوڕەکەی ٥ سـاڵی دیکەش تووشی بەڵایەک بـێ، بێگومـان کوڕەکەی بەرپرسە، چوونکە پەرویز بە قسەی شـیرین و چەور لە دوکـان و بـابی دوور خراوەتەوە. کەماڵ چەند جارێک بە خۆی دەڵێت، کوڕی مـام کەریمی تەواوت کـرد. ئەمڕۆ هیچ نەقەوماوە و هیچ نەرێسڕاوە ئەو هەڕەشانە دەبیستین، ئەگەر خوانەخواستە رۆژێک شەهید و بریندار هەبێ، دەبێ حاڵمان چۆن بێ! مام کەریم بۆ خۆشکردنی مەجلیس پێشنیار دەکـات، کە لە گەڵ خاڵە مینە بڕۆن کەسێک بدۆزنەوە، کە کەماڵ و پەرویز لە سیاسەت دابـبڕن. خاڵە مینە بە بیستنی ئەو دربڕینە ئـارام دەبێتەوە، چوونکە تێـدەگات، کە مـام کەریم وەکـو ئەو زۆر دڵخۆشە بەوەی کوڕەکەی لە تەنیشت دایک و بـابی درێـژە بە ژیـان بـدات و پێکەوە رۆژگـار تێپەڕێنن. مەجلیسـی ئـاڵتون و زارا لە سیاسەتی تێپەڕی کردوە و ئەوان بـاس لە ژن و ژنخـوازی دەکەن و بـۆ چارەنووسـی کچەکان دەپاڕێنەوە. ئەوان وەک دایـک لە خەمی کوڕەکانیـان تێدەگەن، بەڵام دامەزرانـدنی کچەکان بـۆ دایکـانی کـورد لە پڕۆژەیەکی گەورە دەچێ، کە ئاڵتون و زارا بە وردی تەتەڵەی دەکەن. ئەوان وەک دەزگـای سەرژمێری و رۆژنامەوانی ئاگاداری مێردکردنی کچانی شارن و گەڕەک بە گەڕەک ئەو کچانە دژمێرن، کە لە مـاوەی دوو سـاڵی رابـردوودا مێردیـان کـردوە. خاڵە مینە تێـدەگات، کە کـاری پەرویزی و کەماڵ تەواو بـوە و باشـترە لە گەڵ ئـاڵتون بڕۆنەوە مـاڵ. ئەو بە گاڵتە و نوکتە لە کۆبوونەوەکان بـاس دەکـات، کە لە کۆبوونەوەی ژنان دەترسێ و هەر کۆبوونەوەیەک رەنگە ژانەسەرێک بۆ پیاو ساز بکات.

میوانەکان دەڕۆن و مـاڵی مـام کەریم هەللاجی چۆنیەتی پەیداکردنی دراو و پـارە بـۆ ژیـان دەکەنەوە. مـام کەریم ئەو سـاڵ زۆر سەغڵەتە و لە ترسـی نەبوونی کـاری هاوینە دڵـی وەکوتەکوت کەوتوە. خۆبەخێوکردن لەو رۆژگارەدا کارێکی گەورەیە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، کە هەتا سەر هەبێ، خـوا نـان و رۆژی دەداتێ. مام کەریم بیری لە کڕینی هێستر یـان بـارگین کردۆتەوە و لە گەڵ چەند کۆنە دۆست و ئاشـنای بەنیازن کە بـۆ خۆژیانـدن هـاتوچۆی کوردسـتانی گەرمێن بکەن. لە بەشـێکی زۆر لە ناوچە سنووریەکان وردە بـازاڕ و ناوچەی کاڵافرۆشـتن کراوەتەوە. بێجگە لەوە، ژمارەیەک لە کاروانچیەکانی بە سەر سنوور و بازاڕە سەر سنووریەکان دڵیـان ئـاو ناخواتەوە و بەرەو قـوڵایی باشوور دەڕۆن. زۆربەی ئەنـدامانی مـاڵی مـام کەریم ئەو کـارە بە گونجـاو دەزانـن، بەڵام باوەڕیـان بە سەبرکردن هەیە. لە ناوچەکەدا بـاوە، کە دەڵێـن " ئەوەی لە سەر سەبرانە لە سەر خێرانە". لە کـاتی قسەکردن لە سەر

کڕینی وەڵاخێک بۆ کاروانکردن شیرین دوو جار دەپشمێ و بە تێکڕا ماڵەوە تورە دەبن. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن، کە دوو سەبر یان پشمینی شەوانەیان پێناکەوێ و تەگەرە دەکەوێتە بەردەم کار و بەرنامەکەیان. پورە زارا لە شیرین تورە دەبێت و چەند سووکە جنێوی پێدەدات و هاوارادەکات، کە ئێستا وەختی سەبرهێنان و پشمینە!

لە رۆژانی سەرەتای بەهاردا و نوێبونەوەی ساڵ قوتابخانە بۆ ماوەی دوو حەوتوو داخراوە. کاوە لەو رۆژانەدا وەک ئەندامانی دیکە ماڵەوە هەتا درەنگانی شەو دادەنیشێ و گوێبیستی پلان و چیرۆکەکان دەبێ. ئەو کە لە قۆناخی دوای ناوەندییە، پاش تەواوبوونی قوتابخانە دەتوانێ کارێکی هاوینە بکات و لە کۆکردنەوەی تێچووی ژیانی ماڵدا بەشدار بێ. لەسەر ئەو بناخەیە پرسیاری لێدەکەن، کە حەزی لە چ کارێکە و مەیلی چ پیشەیەکی هەیە؟ کاوە، لە جیهانی چینی کرێکار و ئاسمانی وەرزێڕاندا نوقووم بوە و زیاتر حەزی لە وشەیە تا کردەوە، بەڵام بەو شێوازە کەم کەس دەتوانێ بەرەی خۆی لە ئاو بێنێتەدەر. کاوە باس لەوە دەکات، کە ژمارەیەک لە هاوڕێکانی لە تەنیشت پارکی شار شەربەت، گەنمە شامی، شیرینی، بامیە و زولوبیا و میوە هاوینەیکان دەفرۆشن. ئەگەر وەرزی هاوین هات دەتوانم وەک ئەوان لەو شوێنە یان لە تەنیشت ماڵی خۆمان ئەو کارە بکەم. بەشێک لە هاوڕێکانی قوتابخانە لە گەڵ وەستا دەکەون و لە کاری خانوو سازکرندا بەشداری دەکەن، بەڵام حەقدەستی گەورەساڵانیان نادەنێ. ئەوەی راستی بێت، حەزم لەو کارە نییە، چوونکە وەستاکان لە گەڵ کرێکارەکان قسە رەقن و پاشان نیزیکەی ١١ کاتژمێر دەبێ کار بکەی. کاوە لە هاوڕێکانی بیستوە، کە وەستاکان و گەورە ساڵەکان و تەنانەت خاوەن کارەکان رەحم بە مێرمنداڵ و لاوەکان ناکەن و کاری قورسیان پێڕادەپەڕێنن. بێجگە لەوە بەشێک لە وەستاکان جنێوی توند بەو مێرمنداڵانە دەدەن، کە لە پێناوی پەیداکردنی نان و ئاوێکدا رەوانەی کار دەکرێن.

کەماڵ بەنیازە لەو رۆژانەدا مامۆستا نازم، کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا لە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیدا یارمەتی کردوون، بۆ خواردن بانگ دەکات. باب و دایکی بەو میوانداریە خۆشحاڵن و دەڵێن، رۆڵە میوانەکانی تۆ بەخێر بێن و خوا دەزانێت سبەینێ چی روودەدات. ماڵ بە میوانەوە جوانە و هەر کەسێک دێتەوە بەخێربێت. کەماڵ کەلوپەلی پێویستی میوانداری دەکڕێت و بۆ شەوی سێزدەبەدەر مامۆستا نازم،وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ بۆ خواردنی ئێوارە بانگ دەکات. مامۆستا

نازم خەبەر دەدات بە کەماڵ، کە کۆنە دۆستێک لە گەڵ خۆی دێنێ، کە تازە گەیشتۆتە سەردەشت و خەڵکی شاری سلێمانییە. پێش ئەوەی تاریکی باڵ بە سەر ناوچەکەدا بکێشێ، میوانەکان لە دەرگای ماڵی مام کەریم دەدەن و بە گەرمی بەخێرهاتن دەکرێن. مام کەریم لە گەڵ میوانەکان دادەنیشێ و پاش چا خواردنەوە چەند نەقڵێکی خۆشی رۆژگاری کۆنیان بۆ دەگێڕێتەوە. مامۆستا نازم، میوانەکەی خۆی بە هەموان دەناسێنێ، کە ناوی ئاسۆی موزەممیتە (پەرەستار) و لە سەر هاوکاریکردنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و ئاشکرابوونی هەڵاتوە. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و هەروەها کەماڵ زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی ئاسۆ دەکەن. ئەوان باس لە کاروچالاکیەکانی مامۆستا نازم دەکەن، کە چەندە کوردانە و لە پێناوی نەتەوەکەیدا لەو ماوەیەدا لە شار پێشکەش بە لاوان و پێشمەرگەکانی کردوە. مامۆستا نازم سپاسیان دەکات و بە وتەی خۆی کارێکی یەکجار کەمی راپەڕاندوە. پاش خواردنی نانی ئێوارە و خواردنەوەی دوو جۆرە چای رۆژهەڵاتی و باشووری دەرگای باسەکان دەکرێتەوە. مام کەریم لە سەر بارودۆخی سلێمانی و هەروەها باری گوزەران و ژیانی خەڵک چەند پرسیارێک لە ئاسۆ دەکات. بە گوێرەی وڵامەکانی ئاسۆ، لە عێراق و بەشی کوردستانەکەی تەنیا سیاسەت زەحمەتە و کەلوپەلەکانی ژیان زۆر و زەوەندن. ئەو باس لە کولتوری بەعس دەکات، کە ئەگەر گوێرایەل بیت و کارت بە کوردایەتی یان سیاسەت بە مانا گشتییەکەی نەبێت، ژیانت خۆشە و بە داهاتێکی کەم ژیانێکی مامناوەندی بۆ خۆت و منداڵەکان دابین دەکەی. قوتابخانە و ناوەندەکانی خویندن زۆرن و ئاستی خوێندنی عێراق بە بەراوەرد لە گەڵ وڵاتانی ناوچە بەرزە. ئەوەی زۆر ناخۆشی کردوە، رەوتی چەکهەڵگرتنی خەڵک و بوونە چەکداری رێژیمە، کە بەشێکی زۆر بۆ پاراستنی خۆیانە. ئەو کولتورە لە هەموو دەردەکانی دیکە تاڵترە و وەکو بیستوومە، لە ئەنجامی تەقوتۆقی ئەیلول بە شێوییەکی بەرین جاشەتی وەک ناو و کولتور گەشەی کردوە. ئاسۆ بۆ پێکەنینی بەشداربوەکانی مەجلیس دەگێڕێتەوە، کە لە ساڵی رابردوو لە کاتی کارکردن لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی دوکتۆرێکی دڵسۆز دەیگوت، کە نەتەوە و گەلانی دیکە خەریکی دۆزینەوە و کەشفی گەورە و نایابن، کەچی کورد خەریکی شەڕی خۆترێن و شەڕی یەکتر و لە کۆتاییدا جاشەتییە.

ئاسۆ لە مام کەریم دەپرسێ، کە بە تێگەیشتنی ئەو هەڵاتنی ئەو لە سلێمانی بۆ سەردەشت هیچ لە وەزعی کورد دەگۆڕێ. بۆ وردترکردنی پرسیارەکە دەپرسێ، ئایا تۆ ئامادەی وەک ئێمەی گەنج و لاو ئاوارە بیت و لە کەس و خزمەکان دابڕیت؟ مام کەریم، لە بەر میوانەکان بە شێوازێکی هێمن و ئارام

وڵامدەداتەوە و دەڵێ، کاکە تازە ئەمن دەستم لە دنیا بەرداوە و کەسانی وەک تۆ، مامۆستا نازم، کەماڵ، مستەفا و حوسێن کارەکان رادەپەڕێنن. ئێمە تازە توانای ئەو هەڵات و چوونە بەندیخانە و شەڕە تەقەمان نەماوە و لەو تەمەنەدا ئاشقی کوڵاوی خۆمانین، کە گژەبا و رەشەبا هەڵینەگرن. مامۆستا نازم بۆ پاراستنی رێزی مام کەریم پشتیوانی قسەکانی دەکات و چەند باسێک لە سەر فەقێ خدریی باوکی دەگێڕێتەوە، کە سالانێکی زۆر لە پێناوی کوردایەتیدا لە رۆژهەڵات و باشوور ئارەقەی رشتوە و لە مردن گەڕاوەتەوە. مامۆستا نازم بۆ ئەوەی رێز لە کەماڵ بگرێ و پێشمەرگایەتیەکی لە بەرچاوی مام کەریم گەورە پێشان بدات، باسێک لە دڵپاکیی و هەروەها تێکۆشانی کەماڵ و هاورێکانی دەکات، کە خۆبەخشانە ئەرکی گەورە لەو شارەدا لە ئەستۆ دەگرن. ناوبراو خۆزگە دەخوازێت، کە کورد پێویستی بە تاکی خاوەن باوەڕ و گەلێکی خۆناسە. ئەو مەترسییەکانی خۆی ناشارێتەوە، کە خەڵکی کورد و تاکی کورد وەک یەک لە هەرەوەزی خەبات و تیکۆشانی نەتەوەکەیاندا بەشدار نین و بارە قورسەکە لە سەر شانی ژمارەیەکی کەم لە خەڵکە.

مام کەریم، لە پڕ پرسیارە گرینگەکەی وەبیردێتەوە، کە رۆژێک نیازی هەبو لە کەماڵ، مستەفا و حوسێنی بکات، کاتێک لە یەکێک لە شەقامەکانی شار پیاسەیان دەکرد. ناوبراو روو لە هەمووان دەکات و دەپرسێ، برادەرینە باشە بۆچی زیاتر بنەماڵە هەژار و فەقیرەکان بەدوای ئەو حیزب و هێزانە دەکەون؟ ئەمن زۆر بە کەمی دیتومە و بیستومە، کە کوڕ و کچی دەوڵەمەند و داراکان وەک منداڵی هەژارەکان هەڵپەی حیزبایەتی و کوردایەتیان هەبێ؟ ناوبرا پێداگری دەکات، کە هەژاریی و فەقیری عەیب نییە و پیاو دەبێ بە قیسمەت و نیسیبی خودا رازای بێت، بەڵام ئەو پرسیارانە شەو و ڕۆژ لە کاسەی سەرمدا دەبزون. میوانەکان و کەماڵ بە تێکڕا بێدەنگ دەبن و پرسیارەکە بە پرسیارێکی گرینگ و شایستە دەزانن. کەماڵ بەو پرسیارە وتەیەکی خاوەنکاری ئازەریزمانی بیردەکەوێتەوە، کە چەند ساڵ لەوە پێش بە گوێیدا چرپاندوە. ناوبراو ئاماژە بە مامۆستا نازم و ئاسۆ و میوانەکان دەکات، کە وڵامی بابی بدەنەوە، بەڵام خۆی دەخوازی ئەو وتەیە وەک سەرەتای وڵامەکە بگێڕێتەوە. کەماڵ دەڵێ، رۆژێک لە بەر سوورەتاوی هاوین لە ئارەقەدا شەڵاڵ و لە بەر شەکەتی و ماندووبوون هەناسەسوار ببووم. لە خۆم و بنەچەکەم تووڕە بووم و بە دەنگ لە گەڵ خۆمدا قسەم دەکرد، کە لەوە زیاتر ئەو ژیانە قبوڵ ناکەم. لە کاتێکدا هیلاک و ماندوو لە بەر سوورەتاودا کارم دەکرد، خاوەنکارەکەم لە سووچێکەوە سەیری دەکردم. لەو دۆخەدا بیرم لە خاوەنکار نەدەکردەوە، چوونکە ئەوەی لە ناخ و دەروونمدا هاواری

دەکرد، کەسێکی دڵشکاو و پێست سووتاو بو، کە شارەزای دواڕۆژ و ئامانجەکانی نەبو. چاوەکانم بە دڵۆپە ئارەقەی نێوچاوانم سوور هەڵگەڕابوون و دەست و لاقەکانم وەک رۆژان بەدوامدا نەدەهاتن. ماوەیەک تێپەڕیی و چاوەڕوانم دەکرد، کە خاوەنکارەکە لەو سووچە دەرچێت و خۆم لە گەڵ بوون و ناخمدا تەنیا بم و شانم بدەمە بەر کار و خەمەکان. لەو ساتانەدا خاوەنکارەکە چاوەکانی لە سەر من و ئەو شوێنەی کە کارم لێدەکرد نەدەجوڵاند، بەڵام هەستی کرد، کە دیتراوە و دەزانم لەو سێبەرە چاوەدێریم دەکات. خاوەنکارەکە هاتە لام و چاوێکی لە سەروچاو و شانە ئارەقاویەکانم کرد و گوتی، کەماڵ وەرە با پێکەوە لە ژوورەکەم ئاوێکی سارد بخۆینەوە و پشوویەک بدەین. لە داخی ئازاری ماسولکەکانی جەستەم و ماندوویەتی بەر سوورە هەتاوی هاوین بە بیستنی ئەو قسانەم دڵخۆش نەبووم، چوونکە کارە تاقەت پڕووکێنەکەم بەو پشوودانە کورتە کۆتایی نەدەهات. خاوەنکارەکە، کە بە ئاغای عەباسی بانگمان دەکرد، وازی نەهێنا و سەرئەنجام پێکەوە بەرەو ژووری حەسانەوەی ناوبراو رۆیشتین. سەرەتا ئاوێکی سارد و دواتر چا و میوەیەکمان پێکەوە خوارد. عەباسی باسەکەی بە بابەتێکی لاوەکی کردەوە و گوتی، لە ناوچەی ئێوە میوەی جوان و بە تایبەت ترێی رەشی نایاب هەیە. ئێوە کێو، دەشت و ئاوێکی سازگارتان هەیە و ئەگەر هەڵە نەبم، کانگای دەوڵەمەندی زۆر کەرەستە و مادەتان هەیە، کە هەتا ئەمڕۆ کەڵکیان لێوەرناگیرێ. کاتێک وتەکانی تەواو بوون، تێگەیشتم کە رەنگە پرسیاری دیکە بکە، بۆیە بە دووپات کردنەوە وشەی "بەڵێ" وەک گوێگرێکی باش چاوەڕوانی درێژەی چیرۆکەکە بووم. عەباسی پرسیاری کرد، ئاغا کەماڵ ئەتۆ چۆن بیر لەو ژیانە دەکەیەوە و چەندە لە کولتوری خۆتان رازین؟ ئێوە چۆن منداڵەکانتان بەخێو دەکەن و مەبەستتان لە بوونی منداڵی زۆر چییە؟ ئەمن زۆر بنەماڵەی کورد دەبینم، کە منداڵی زۆریان هەیە و کەمتر بە خەم و ئازارەکانیان رادەگەن. ئایا لە ناوچەی ئێوەش ئەو کولتورە هەیە؟ ئێوە کوردن و ئێمە ئازەری و هەردووکمان گیرۆدەی دەسەڵاتدارانی تاران. مەبەستم نییە، کە بێ رێزی بە شاهەنشا بکەم، بەڵام لەوە تێناگەم، کە بۆچی ناوچەکانی ئێران دواکەوتوو رادەگیرێن و سەرمایەگوزاری لە سەر خەڵک و ناوچەکان ناکرێ. کە ئەو وتانەم، لە خاوەنکارەکە بیست زۆر خۆم لە قەرەی سیاسەت نەدا و گوتم، کولتوری کورد جوانە و ئێمە رێزی گەورەکانمان دەگرین و ئاگاداری یەکتر دەکەین و کوڕ هەتا ژن دێنێ و زۆر جار دواتریش لە گەڵ دایک و بابی دەژیت. وڵاتی ئێمە هەوایەکی سازگار و جوانی هەیە و رەز و کوێستانەکانی پڕن لە تام و چێژی ژیان و ئەگەر دەخوازی لە پاییزدا سەردانێکی ئەو ناوچەیە دەکەین. لە بەر زۆربوونی منداڵ و چۆنیەتی بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵەکان دۆخەکە جیاوازە. زۆر منداڵ و بە تایبەت کچ هەن، کە

ناچنە قوتابخانە و لە زۆربەی گوندەکان قوتابخانە و تەنانەت ناوەندێکی دەرمانی نییە. خەڵکی ئێمە تەنیا جەنابی ژاندارم دەناسێ و بەرپرسانی ئەرتەش و ساواک لە ناوچەکانی ئێمە هەمە کارەن. بنەماڵەکان منداڵیان زۆرە و وەک پێویست دەرەتانی پەروەردەکردن نییە و بۆ زۆربەی دایکان و باوکان تێرکردنی زگی منداڵ و کڕینی پۆشاک لە ئەرکە سەرەتایی و گرینگەکانن. بە تێگەیشتنی من، دایکان و باوکان هەموو ژیانیان بۆ منداڵەکانە، بۆیە چاوەڕوانن کە منداڵەکانیان لە سەردەمی پیریی و نەخۆشیدا گۆچانی دەستیان بن و ئاگاداریان بکەن. خاوەنکارەکە پرسیاری کرد، ئەدی ئێوە چۆن خۆتان پێناسە دەکەن؟ مەبەستم ئەوەیە، کوردن، کوردی ئێرانن، تەنیا ئێرانین یان چی؟ گوتم، ئاغای عەباسی ئەو پرسیارە قورسانە و ئەو شان و پیلە ئارەقاویانەی من چۆن لە گەڵ یەکتردا دەگونجێن. ئێمە کوردین و کوردیش زۆرن، بەڵام وەک بابم زۆر جاران وەبیرمان دێنێتەوە، کە کوردەکان درەنگ لە خەوێ هەستاون و کە وەخەبەریش هاتوون جیرانەکان و خەڵکی دیکە هەموو وڵاتیان گرداوە. عەباسی لەوە زیاتر پرسیار ناکات، بەڵام روانگەی خۆی لە سەر سەرمایەگوزاری بنەماڵە و دەوڵەت لە سەر منداڵ و ناوچەکان دەردەبڕێ. ناوبراو دەڵێ، کاتێک ساڵی رابردوو سەردانی چەند وڵاتێکی ئورووپایم کرد و لە گەڵ یەکێک لە خزمەکانم بە گوند و شارە چووکەکاندا دەگەڕاین، بە گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە سەرسام بووین. قوتابخانە، نەخۆشخانە، فڕۆکەخانە، کارخانە، خانوو و باڵەخانەکانی ژیان و داهاتی کرێکاران و کارمەندان و هتد. پانتایی ئەو وڵاتانەی داپۆشیبوو. ژمارەیەک لە گوندە بچووکەکان و تەنانەت تاقە ماڵ و جووتە ماڵەکان رێگا، ئاو، وزەی کارەبا و بەرق و هەوەها پۆستیان هەبو. حەوتوویەک لە ئامستردام بە شەقام، کۆڵان، خواردنگە و شوینە گشتییەکاندا گەڕام و تێگەیشتم، کە لەوێ لە سەر تاک سەرمایەگوزاری چاک دەکەن و بۆ داهاتوو پەروەردەیان دەکەن. لە وڵاتی ئێمە هەژارەکان و منداڵەکانیان بۆ لێدان، کاری قورس و شەڕ و هتد. ئامادە دەکرێن و حکومەتەکانی ئێمە باکیان بە چارەنووسی ئێمە نییە. کەماڵ دەزانم، ئێوەش خەمەکانتان گەورەیە و پشکی شێرتان لەو نەهامەتییانە بەردەکەوێ، بەڵام لێرە خەڵکیان ترساندوە و کەس ناوێرێ متمانە بە یەکێکی دیکە بکات و لە رێگای تۆقاندن و بەندیخانە وڵامی رەخنەکان دەدەنەوە. لەوە تێدەگەم، کە تۆ بە مەبەستی پەیداکردنی پارەیەک لە شار و ناوچەکانی خۆت هەڵقەندراوی و ناخوازیت لە سەر ئەو باسانە بە دڵی خۆت قسە بکەی، بەڵام ئەو رۆژگارە بە بێدەنگی وێران دەبێ.

مامۆستا نازم، ئاسۆ، مستەفا و حوسێنی ئازیزی و مام کەریم گوێیان لە چیرۆکەکی کەماڵ و ئاغای

عەباسی گرتوە، کە پڕ بو لە ژانی رۆژگار و خەمی نەبڕاوە. کاتێک کەماڵ چیرۆکەکەی تەواو کرد، مامۆستا نازم گوتی، مام کەریم ئەو خاوەنکارە زەمانی شا و چەند ساڵ لەوە پێش ئاگاداری خەم و ئازارەکان بوە، بەڵام بێدەنگی و هەروەها نەبوونی تێگەیشتنی گشتی لە سەر ئەمڕۆ و دوارۆژ خەڵک ماڵوێران دەکات. پرسیارەکەی تۆش، کە بۆچی منداڵی هەژار و فەقیرەکان زیاتر تێکەڵ بە حیزبایەتی دەبن و خوازیاری ئاڵوگۆڕن رەوایە. هەژارەکان بۆ گۆڕینی دۆخی دژوار و چارەسەرکردنی کێشەکان ناچارن بجوڵێن، بەڵام ئەو جوڵان و گۆڕانە بەداخەوە کەڵکی خەراپی لێوەردەگیری. کوڕی دەوڵەمەند لە منداڵیەوە فێری پاراستنی سامان و پاشەکەوت و هەروەها گەشەپێدانی سەرمایە دەکرێ، بەڵام منداڵی فەقیر و هەژار ئامانجی تێربوونی زگ و بوونی پۆشاکێکە. ئێمە وەک کورد هەتا چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانمان نەگۆڕین، ناکرێ باس لە چاککردنی دوارۆژ بکەین. ئاسۆ بۆ پێکەنین وەبیر مام کەریم دەخاتەوە، کە منداڵی دەوڵەمەند دەترسێ و کابرای هەژار هیچ لە دەست نادات. ئەگەر ئاسۆ کوڕی دەوڵەمەند و دارایەکی ناودار بووایە، ئایا تێکەڵ بە کۆمەڵەی رەنجدەران دەبوو؟ بێگومان نا، ئەو کات رەنگە تێکەڵ بە کۆمەڵەی دارا و خاوەن پشکەکان بوومایە و پیشەکەشم موزەممیت و پەرەستاری نەبوایە و خۆم ئەندازیار و دوکتۆرێک دەبووم. مامۆستا نازم، بە گاڵتە بە ئاسۆ دەڵێ، کاکە با کەمێک کۆن ببیت و ناکرێ وەک تازە میوان پێگەی ئێمەش لاواز بکەی و بە قسە خۆشەکانت سەرنجی ئەو خەڵکە بۆ لای خۆت راکێشی. پاش تەتەڵەیەکی زۆرتری پرسیاری مام کەریم و بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی رێژیمی تاران بەرامبەر بە کورد، میوانەکان دەڕۆن و خەم و ژانەکانیان بە دوارۆژ دەسپێرن.

ئاماژەکان دەریدەخەن، کە وەرزی بەهار بۆ کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ورزێکی ئارام و خۆش نابێ. هێزەکانی دوژمن چەند مانگێکە بە هەموو تواناوە خۆیان بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان ئامادە دەکەن. ئەوان لە ژێر ناوی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە هێواشی خۆیان بۆ هێرشی بەهارە ئامادە کردوە، بەڵام کوردەکان و هێزە سیاسییەکانیان لە بەر نەبوونی توانا ماددیی و مرۆڤیەکان و هەروەها نەبوونی تێگەیشتنی گشتی لە سەر ویست و داخواز و شێوازی بەرەنگاری درێژە بە سیاسەتی چاوەڕوانی دەدەن. پێشمەرگە لە بەشێکی بەرچاو لە شارەکان هەیە، بەڵام ئەوان خۆیان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە نەکردوە و شەڕی شارەکان ناکەن. خەڵکێکی زۆر هەیە، کە لە داخوازە رەواکان نەگەیشتوە و ناخوازی لە سەر پرسی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری تووشی چەرمەسەری بێ. رێژیم بۆ

سەرکەوتن لە پلانەکانی تەنیا لە سەر هێزە چەکدارەکانی حیساب ناکات و تێکۆشاوە بە ئاشکرا و نهێنی لە گەڵ خەڵکی ناسراو، عەشیرە، مەلا ناوبەدەرەکان و کەسانی خاوەن پێگە پێوەندی بگرێ. ئەوان لە بارودۆخی ئابوری خەڵک کەڵکی نەرێنی وەردەگرن و دەزانن، کە ئەگەر شار و گوندەکان داگیربکەنەوە بە رێژەی پێویست کورد چەکدار دەکەن. بە مەبەستی چەسپاندن و بە ئاسایی نواندنی پرۆسەی چەکدارکردنی خۆبەخشانە یان زۆرە ملی، کە ماوەیەکە لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەنجام دەدرێ، ناوی پێشمەرگەی موسڵمانیان بۆ هەڵبژاردوە. رێژیم هەرچەندە تاجی بە مەندیل گۆڕیوەتەوە، بەڵام لە فرت و فێڵی سیخوڕی ساواک و تەنانەت پێخۆر و پاشماوەی ئەو رێکخراوە کەڵکوەردەگرێ. بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی و هەروەها لاوازکردنی ئیرادەی خەڵک، بەرپرسانی رێژیم ژمارەیەک کوردیان لە شار و گوندە گەورەکان وەک هاوکار دەستنیشان کردوە، کە راستەوخۆ چەک هەڵناگرن و لە بواری کۆکردنەوە و راگواستنی زانیاری هاوکاری بەرپرسانی ریژیم دەکەن. ئەو کەسانە بە نهێنی ئەو کارە دەکەن، بۆیە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ژمارەی ئەو سیخوڕانە کارێکی ئاسان نییە.

لە ماوەی ئاگربەستدا رێژیم تێکۆشاوە بە نهێنی زانیاری لە سەر ژمارەی چەکدار و چەکەکانیان و هەروەها هەڵوێستی خەڵک لە سەر حیزبە سیاسییەکان و نیزامی سیاسی ئێران کۆبکاتەوە. هێزی چەکدار و پێشمەرگەی پارتە سیاسییەکان لەو مەیدانەدا شارەزا نەبوون و دەرفەتی گونجاویان نەبوە. ئەوان لە دۆخی بەرگریی و هەروەها پەرتەوازەییدا نەپرژاونە سەر کۆی گشتیی بارودۆخەکە. کاری گەورە و شەڕی رزگاریخوازانە پێویستی بە کەرەستەی گونجاو، پاڵپشتی بەرینی خەڵک و ئیرادەی تێکڕایی نەتەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان هەیە. لەو خەباتەدا ئەو کەرەستانە نەبوون و تاک و کۆی کورد بە گوێرەی پێویست لە گەڵ بەستێنەکانی خەبات و ئاسەواری داگیرکاریی ئاشنا نەبوون. لە زۆربەی شار گەورەکان، شەڕی گەورە و بەرخۆدان بۆ ئازادیی و سەروەری مافی نەتەوەیی نەبینران و زۆربەی شەڕ و بەرەنگاریەکە لە شارە چووک و ناوچە شاخاوییەکان ئەنجام دەدرا.

حیزبەکان بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی داگیرکاری پێشمەرگە و هێزی بەرگری کۆدەکەنەوە، بەڵام پلان و جوڵەکان زۆر توندوتۆڵ نین. کورد گوتەنی، ئەو لێشاوە بەری بە ئاسانی ناگیرێ. لە زۆربەی گوند و شارەکان رێژەیک ژن و کچی فیداکار سەرەڕای دژواریی و سەختی رێگاکە لە ماڵ دەچنەدەر و

چەک، قەڵەم و پیشەکانیان بۆ زبرلێدان لە دوژمن دەخەنەگەڕ. کەماڵی مام کەریمی، وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و پرویزی خاڵە مینەی لە گەڵ سەدان پێشمەرگە بەڵێن دەدەن، کە هەتا دوا دڵۆپی خوێن وەفاداری ڕێبازی قازیی و شەهیدە ڕاستەقینەکانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەیان بن. ئەوان سەرەتا لە بەردەم پادگان و باقی بنکەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە شاردا سەنگەر دەگرن. شەڕەکان زۆربەی ناوچەکانیان گرتۆتەوە، بەڵام ڕێژیم سەرەتا دەخوازێت بەرو ناوچە سنوورییەکان پێشڕەوی بکات. بەرپرسانی ڕێژیم بە وتەی باوی شەڕ نیازیان هەیە، کە پشتی شەڕ لە پێشمەرگە و پارتە سیاسیەکان بگرن و ئەوان دواتر هەنگاو بە هەنگاو لە سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵقەنن. شەڕەکان خوێناوین و کوژراوی دوژمن زۆرن، بەڵام پەرەپێدرانی سیاسەتی بە ناو شەهیدپەروەرانەی ڕێژیم و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بۆ شەڕی کوردستان، سەنگەرەکانی ڕێژیم بە پڕی دێڵنەوە.

ژیان بۆ خەڵکی ئاسایی دژوارە و نرخی کاڵاکان دەچنەسەر. قوتابخانەکان دوو مانگێکیان ماوە و بەشێک لە قوتابیەکان هیوادارن، کە هەرگیز چاویان بە تەختەڕەشەی پۆلی خوێندن نەکەوێتەوە. کاوەی مام کەریم، ڕۆژانە لە ماڵەوە لاپەڕەی کتێبەکانی دەکاتە فرۆکە و لە سەر بانی ماڵەکەیانەوە بەرەو کۆڵان بەرزیان دەکاتەوە. مام ڕەحمانی دوکاندار، کە بەکاری کاوە تورە و بێزارە. ئەو لە دوکانە تەنەکە بچووکەکەی دێتەدەر و بانگی کاوە دەکات، کە بۆ گوڵەبەڕۆژە و هەروەها شتومەکی دیکە پێویستی بەو کتێبانەیە. کاوە بەڵێنی دەداتە، کە پاش تەواوبوونی قوتابخانە چەند کتێبێکی جوانی بۆ دەباتە دوکان. مام ڕەحمان زۆر بە منداڵ و جوڵەی مێرمنداڵ و تەنانەت خەڵکی لاو تورەیە و تەنیا لە گەڵ مشترییەکانی دانووی دەکوڵن. بەشێک لە منداڵەکان بۆ سازکردنی پێکەنین و هەروەها تووڕەکردنی مام ڕەحمان لە پشت دوکانەوە دەڵێن، مام ڕەحمان ریشی مامە خومەت هەیە؟ مام ڕەحمان هەموو جارێک لە دوکانەکە ڕادەکاتە دەر و پاش ڕێهاڵاندنی بەردێک یان پێدانی چەند جنێوێک بە منداڵەکان و مامە خومە دەچێتەوە ژوور. مام ڕەحمان لە دووکانەکەیدا زۆربەی پێداویستیەکانی منداڵان بۆ خوێندن و هەروەها شیرینی، جەگەرە و ساردەمەنیەکانی هەیە. گەورەساڵەکانی گەڕەک ڕێزی دەگرن و منداڵەکانیان بۆ ڕێزگرتن لە مام ڕەحمان هاندەدەن. مام ڕەحمان دژایەتیەکی زۆر توندی لە گەڵ ئاخوندەکان و بە تایبەت خومەینی هەیە. ئەو لە کاتی چوون بۆ ماڵەکان و دیداری شەوانە جنێوی بە ریشی خومەینی داوە و جار وبار بە ریش پەشمەکی ناوبردوە. منداڵ و لاوەکان بە گوتنەوەی ئەو جنێوانەی مام ڕەحمان بارودۆخەکەیان ئاڵۆزکردوە، بۆیە بۆ تووڕەکردنی ژمارەیەک لەو منداڵ و

مێرمنداڵانە لە دوورەوە هاوار دەکەن، مام رەحمان پەشمەکی مام خومەت هەیە!

قوتابیان و مامۆستاکان لە دڵەڕاوکەی بەردەوام و درێژخایەندان، چوونە شەوانە چەکدارەکانی رێژیم یان پێشمەرگە بۆ ترساندنی لایەنی بەرامبەر تەقەی ئاسمانی دەکەن. سەرئەنجام ساڵی خوێندن تەواو دەکەن و خۆیان بۆ وەرزی پشوو و حەسانەوە ئامادە دەکەن. منداڵەکان بە پیشە و کاری جیاواز پارەی گیرفان بۆ خۆیان پەیدادەکەن، بەڵام ئەو ساڵ لە ساڵانی رابردوو دژوارترە. بێکاریەکی زۆر هەیە و زۆر جار گەورە ساڵ و لاوان بۆ تێپەڕاندنی کات و هەروەها چێژوەرگرتن یارییەکانی وەک شێر و خەت، باژۆڕ، کەلایەن و مێشێن دەکەن. تیلەبازەکان، کە هەنگێون و بە باشی لە کەلا و پارەی ئاسنی داکراوی بەشداران دەدەن کەیفیان سازە و پارەی جگەرە یان خواردنێکی سەرپێیی دەبەنەوە. مام کەریم حەزی لەو یاریی و بەزمانە نییە و بە قوماریان دەزانێ. ناوبراو خوازیارە منداڵەکانی لەو یاری و قومارانە دووربن و پارەی حەرام نەخۆن.

کاوە بە نیازە هاوێن لە تەنیشت پارکی شار وردە میوەی دارستان و شەربەت بفرۆشێ. شەڕی نێوان حکومەت و هێزە کوردییەکان بەردەوامە و پێشمەرگەکان لە زۆر شوێن خۆراگری دەکەن، بەڵام سوپای داگیرکەر بە پاڵپشتی هێزە ئاسمانیی و هێزی پیادە و بە کوژراوێکی زۆر ناوچەکان دەگرێتەوە. پێشمەرگەکان بۆ پارێزگاریکردن لە سەر و ماڵ خەڵک لە بەشێک لە شارەکان دەکشێنەوە. ئەوان لە دەوروبەری شار و ئاواییەکانی کوردستان جێگیردەبن و درێژە بە جوڵەی رەوا دەدەن. کەماڵ و هاوڕێکانی لە شار دەردەکەون و ژیانێکی تازە لە رەوتی خەباتی چەکداریدا دەستپێدەکەن. ئەوان هەنگاوی یەکەمی دوور کەوتنەوە لە ماڵ، شار، دۆستان و هەروەها ژیانی ئاسایی هەڵدەگرن. زۆربەی پێشمەرگەکان تازەکارن و بە قوڵی هەللاجی پرسی خەبات و درێژەکێشانی بزوتنەوەی چەکداریی و سیاسی کوردستان ناکەن. ئەو رۆژانە مرۆڤەکان لێکدادەبڕێن و دۆستەکان بەرەو چارەنووسی جیاواز هەنگاو هەڵدەگرن. دوای دەرچوونی پێشمەگە لە شار، مامۆستا نازم بۆ ماوەیەکی دیکە لە سەردەشت دەمێنێتەوە و دواتر بەرەو ناوچەی ئالانی سەردەشت دەگوازێتەوە. ئاسۆی موزەممیت بە دیتنی رووداوەکان توانای بڕیاردانی نامێنێ و دواتر بۆ مانەوە بەرەو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی لە زەڵێ دەچێ. مام کەریم، هاوین بە وردە کرێکاریی و هەروەها فرۆشتنی سەوزە و میوە بەسەر دەبات. کاوە رۆژانە کارەکانی خۆی رادەپەڕێنێ، بەڵام زۆر ئارام نییە. دڵەکان پڕن لە ترس و چەرخی زەمانە

بێڕحمانە خەون و خەیاڵی گەلێک وردوخـــاش دەکـــات. بـــۆنی شەڕ، خـــوێن، بەندیخانە، ئـــاوارەیی و دەربەدەری، سێدارە و چەوساندنەوە نیشتمانیان داپۆشیوە. ژیـانی بـۆ هەموو لایەک دژوارە و گەنـج و پیرەکان لە دوارۆژی خۆیان دڵنیا نین.

وەرزی هاوین دوا رۆژەکـانی تێپەڕ دەکـات و کـاوە بە زۆرە ملـی لە قوتابخانەی دوا ناوەندەی ناونووسـی کردۆتەوە. بـای پـاییزی بە سەر دەشـت و دۆڵ و بنـاری چیاکانـدا دەفـڕێ و بە هێمنـی پـووش و پەڵاشە سـووکەکان لە بـن بـاڵی خۆیـدا هەڵـدەگرێ. بـۆنی بەهاری ئـازادی هێشـتا لە باوەشـی رەشەبای تـۆز هەڵگرتوودا نەبڕاوەتەوە. هەواڵەکان سـوار لە سەر شەپۆلی رادیۆکـان وەک بـا بە شـار و گوندەکانـدا پەیامی مانەوە رادەگەیەنن، بەڵام ناوچەکە ژانـی هەڵگریسـانی شەڕێکی تـازەی لێدەکرێ. ئاخونـدەکان بە درووشـمی فوودانەیی ناردنەدەرەوەی شـۆڕش و هەڕەشەی گەورە، دیکتاتۆرەکەی عێراقیـان هانـداوە، کە شەڕێکی تـــــازە لە گەڵ دیکتـــــاتۆری جەماران هەڵگریســـــێنن. ئەوان لە پێنـــــاوی خەونە ئەهریمەنیەکانیانـدا بە ئـاگر و ئاسن بە سەر خەڵکی سڤیل و ناوچەکانـدا دەدەن. هێزەکـانی عێراق لە پێشـــڕەویدان و هێـــزە ئاســـمانییەکانی عێـــراق باڵادەســـتن. لەو پـــاییزەدا یەکەمین پڕیشـــکی ئـــاگری ماڵوێرانکەری شەڕی ئێـران و عێـراق بەشـێک لە شـار وێـران دەکـات و ژمارەیەکی لە هاوڵاتیـانی کـورد شەهید و برینـدار بـوون. کـاوە ئەو ئێوارەیە، لە بەردەم پـارکی شـار خەریکی فرۆشـتنی گوڵەدانی کـوڵاو دەبـێ و بە بیسـتنی دەنگـی فرۆکە شەڕکەرەکان خـۆی لە جۆگەی ئـاوی تەنیشـت شەقامەکەدا تەخت دەکـات. دوکەڵێکی رەش بە سەر بەشـێک لە ئاسـمانی شـاردا بڵاودەبێتەوە. خەڵک بـۆ دەربـازکردنی گیانیان رادەکەن و بە کەمی ئاوڕ لە یەکتر دەدەنەوە. کاوە گوڵدانە کوڵاوەکان بۆ ماڵ دەباتەوە و دواتـر وێـرای چەنـد هاوڕێیەکی بەرەو شـوێنی بۆمبارانەکە دەچـن. ئەوان چەنـد خانوویەکی رووخـاو دەبینـن و هەواڵی کـوژراو و برینـدارەکان دەبیسـتن. ئەو ئێوارەیە، کـاوە وێـرای هاوڕێکـانی تێکەڵ بە ئـاپۆڕای تازیەباری گۆڕستانی شار دەبن و لە رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمەکاندا بەشداری دەکەن.

مـام کەریم لە حەوشەی ماڵەکەیـدا پیاسە دەکـات و هاوسەرەکەی تاوانبـار دەکـات. بە وتەی مـام کەریم، ئەگەر زارا ئاگـاداری مـاڵ و منداڵەکەی بـێ، کوڕەکـانی بەمجۆرە بە دوای رووداوەکانـدا نـاچن. زارا لە ژوورەوە مێردەکەی تاوانبـار دەکـات و دەڵێـت، ئەگەر منداڵەکانم هاوشـێوەی خەڵک خـاوەنی دوکان و ژیانێکی خۆش بوونایە، بە کونـاندا نەدەڕۆیشتن. ئەوان لە هەموو ماڵی دونیا بـڕە ئازادییەکان

هەیە و با لەو ژیانەدا زۆر سەرشکێنیان نەکەین. کەریم خوا بتگرێ، ئەو ئێوارە خەڵک بە دیار کوژراو و بریندارەکانیان فرمێسک دەڕێژن، ئەتۆ بۆ زمانت راناوەستێ؟ ئەتۆ ئەمڕۆ دەبوو بەشداری کفن و دفنی شەهیدەکان بکەی و دڵنەوایی تازیەبارەکانت دابایەوە. دنیا، کۆکراوەی خۆش و ناخۆشیەکان و شایی و شینە. ئەورۆ لەوانە و سبەینێ لە ئێمەیە. ئەتۆش وەک مام رەحمانی دوکاندار خەریکی خودار دەبیت و ئەو بایە لەو کونەیەوە بێت، رەنگە منداڵ و لاوەکان مام رەحمانێکی دیکەیان بۆ زیاد بکرێ. مام کەریم بە تەواوەتی دەهری دیارە و خەریکە هەرچی دەیزانێ وەک گۆزەی سەروژوور بیرڕێژێ، بەڵام دەنگی لێدانی دەرگای حەوشە وتەکانی دەقرتێنێ. کاوە دەگاتەوە ماڵ و چۆنیەتی بۆمباران و هەروەها ناوی بەشێک لە کوژراوەکان بە باوکی دەڵێت و دەچێتە ژوور. ئەو خەڵک لەو بۆمباران و تازیەبارییەدا پێویستیان بە گوێگرتنە، بەڵام کولتورەکە جیاوازە و گوێی گوێگرتن زۆر نین. زارا بە گەڕانەوەی کاوە شادە و کاوەی ماچ دەکات و چەند جارێک دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە، کە مەرگی منداڵەکانی نەبینێ. لەیلا و شیرین، کە ئەو ئێوارەیە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاوەیان دەکرد، بە هاتنەوەی براکەیان شادن. ئەوانیش داوا لە براکەیان دەکەن، کە وەک تاقانە کوڕی ماڵ ئاگاداری خۆی بێت.

مام کەریم، کۆتایی بە دمەتەقە دێنێ و تەزبیحە قەزوانەکانی بۆ چەپ و راست هەڵدەسووڕێنێ. ناوبراو هیچ ئاسۆیەکی روون نابینێ و چەند جارێک لە خوا دەپاڕێتەوە، لە ئەو دۆخە چاک کەیی و ئاوێک بەو ئاورە سووتێنەردا بکەی. ئەوان ماوەیەکی زۆرە، کە ئاگاداری کەماڵ نین و تەنیا یەک نامەی کەماڵیان بە دەست گەیشتوە، کە لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت بۆ رێگای بانەسەردەشت چوون. بنکە و مەقەڕاتی حیزبەکان لە گوندە نیزیکانەی ناوچەن و هاتنەوە بۆ نێوشار کارێکی ئاسانە. مام کەریم شەو بە هاوسەر و منداڵەکانی دەڵێ، کە نیازی هەیە بەیانی بۆ کڕینی ئەسپێک یان هێسترێک بچێتە قاسمەرەش. هاوسەرەکەی بە گوتنی لائیلاهە ئیللاڵا لە مێردەکەی دەپرسێ، باشە رۆژی خوای نەماون ئەتۆ بەیانی بۆ کڕینی چوارپێیەک نەڕۆی. ئەدی سەرەخۆشی ئەو هەموو ژن و منداڵە بێگوناهە؟ مام کەریم، لە کورتی دەیبڕێتەوە و دەڵێ، پاش سەرەخۆشییەکە دەڕۆم. نانی فەقیران و هەژاران چۆتە پشتی شێری و ئەگەر نان و ئاوێک بە ئاسانی پەیدا بێ، کارم بەو قوڕەکارییە چییە. زارا پاش نانخواردنی ئێوارە، لە گەڵ کچەکانی دەردی دڵ دەکات و گلەیی لە مێردەکەی دەکات. ئەو بۆ کچەکانی روون دەکاتەوە، کە حەزی لەو کارەی بابی منداڵان نییە، چوونکە ئەگەر خوانەخواستە تووشی بەڵایەک بێت، پەنا بۆ کوێ بەرین. کەماڵ ئەوە

چەکی هەڵگرتوە و بە ناوی خودای باوەڕم بە کاوەش نییە و ئەویش بەلایەکدا دەڕوا. کاروانکردن و چوونە گەرمێنی ڕێگای سەرئاوێ نییە و وڵات پڕە لە خوانەناس، دز و جەردان.

شیرین زۆر بە قوڵی بیر لە خەمەکانی دایکی ناکاتەوە و مەترسییەکان و پەیامەکانی دایکی زۆر بە گرینگ وەرناگرێ. ئەو زۆر حەزی لە سابوونی لۆکس، چای سەیلان و برینجی ئەمریکی و هەروەها ئەو کاڵایەنەیە، کە لە گەرمێنێ لە سەر پشتی ئەسپ و هێستر بۆ کوردستانی کوێستان دەگوازرێنەوە. لەیلا و شیرین لەو ماوەیەدا خۆیان بە کوڵاوچنین سەرقاڵکردوە و هەر کوڵاوەی بە ٢٥ تمەن دەیفرۆشن. کڵاوچنین ئەو ڕۆژانە لە شاردا بۆتە کارێکی دیار و پیاوان، کوڕان، کچان و ژنان بە تەنیا و پێکەوە خەریکی چنینی ئەو کوڵاوانەن. لەیلا دەستڕەنگینە و کوڵاوەکانی پتەو و دێرراستن، بۆیە کڵاوکڕەکان سەرنجی زۆریان لەسەرە و پێشنیاری چنینی کوڵاوی زۆرتری پێدەکەن. لە بەشێک لە ماڵەکان کچان خۆی بە چنینی سەرتاقە، بەرتاقە، سەرچرا، سەر جێنان و زۆر کاری دەستی دیکە سەرقاڵ دەکەن. بێجگە لەوانە، درویینی کوڵاوی خام و هەروەها هەڵبەستنی جەمەدانە و چنینی گورێوی زەنگاڵ بۆتە بەشێک لە سەرقاڵی گەنجان و ژنانی ماڵ. ماڵەکان بۆ ئیدارەکردنی ئابوری ماڵ پێویستیان بە هەرەوەزە و ئەندامانی ماڵ بە گوێرەی توانا و لێزانینی خۆیان لەو پڕۆسەیەدا بەشدارن.

کەماڵ لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێکانی لە ناوچەی بانەیە. ئەوان وێڕای بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی دەوروبەری ڕەبەت، بانە و ناوچەکانی دیکە لە سەنگەردان و تێدەکۆشن زەبر لە لشکری ئاخوندەکان بدەن، کە بەنیازن بەرەو سەردەشت بڕۆن. گوندەکانی دەوروبەر قورسایەکی زۆریان لە سەر شانە و هاتوچۆی نێوان شار و گوندەکان ئاسان نییە. بەشێک لە خەڵک بە مەبەستی کاسبی و پەیداکردنی بژیوی ژیان ناچارن جوڵەیەکیان هەبێ، بەڵام کولتوری بەشێک لە چەکداری حیزبەکان و هەروەها چەکدارەکانی حکومەت توندوتیژی لێدەتکا. ژمارەیەک لەوان کۆنەقین و هەروەها چەکیان دژ بەوانە بەکار دەهێنا، کە لە رابردوودا بەجۆرێک لە گەڵ یەکتردا کێشەیان هەبو. ڕێژیم و بەرپرسەکانی لە هیچ دوژمنکاریەک تەنەخیان نەدەکرد و هەتا دەگونجا نەخشەی شەڕی کورد بە کوردیان وردتر و پاراوتر دەکرد. بەشێک لە چەکدارەکانی ڕێژیم، کە بە پێشمەرگەی موسڵمان و بەشێکیان بە بەسیجی، پاسدار و ئیتلاعاتی دەناسران، بە سەربەستی خەڵکیان ئازار دەدا و شەوانە دەچوونە سەر خەڵک و دراو و زێڕیان بە زەبری چەک لێدەستاندن. خەڵکی کاسب و دوور لە سیاسەت

زۆر بە ئاسانی لەو دۆخەدا هەڵنەدەسوڕا. ڕێژیم سیاسەتێکی دوژمنکارانەی داڕشتبوو، بۆیە بە کوشتنی مرۆڤی کورد بە دەستی کورد و گرتنی کورد بە دەستی کوردەکان دەگەشایەوە. لە لایەکی دیکە، بەشێک لە چەکداری حیزبەکان کاتێک لە گوندەکان تووشی پیاوێکی کاسبی شار دەبوون، بەربینگیان پێدەگرت و بە ناوی سیخوڕ و هاوکاری ڕێژیم ئازاریان دەدا. ئەو کەسانە پاش گەڕانەوە بۆ شار بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لە بەرپرسێکی پێشمەرگە یان پێشمەرگەیەکی سەرەڕۆ هەستی تۆڵەکردنەوەیان کەڵەکە دەبو و ویستی تۆڵەکردنەوەیان بالای دەکرد. سیاسەتی لێدان و پێدادانی خەڵکی ئاسایی لە ژێر ناوی چەکی پێشمەرگایەتی یان هاوکاربوونی ڕێژیم دۆخێکی ئاڵۆزی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواریدا خوڵقاندبو.

سیاسەتێکی ئاڵۆز و دژ بە یەکتر لە گۆڕەپانەکەدا راهێنانی لەسەر دەکرا. ژمارەیەک لە پارتە سیاسیی و چەکدارەکانیان سیاسەتی ڕەش و سپیان دەرحەق بە توێژێکی دیاری کۆمەڵگە "مامۆستایانی ئایینی" ڕەچاودەکرد. ئەوان بە گشتی خەڵکێکی ئاسایی و بە کردەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک نەبوون، بەڵام ژمارەیەک لەوان بە ناوی جیاواز و لە ژێر لێکدانەوەی لینگاوقوچدا خەڵکیان دژ بە هێزە کوردییەکان هاندەدا و پشتیوانیان لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرد. زۆربەی مەلا کوردەکان دڵیان بۆ کورد و کوردستان لێدەدا، بەڵام سیاسەتی پەروەردەی کوردان و کولتوری "سەر سڵامەت بێ" ئەوان و زۆر خەڵکی دیکەی سەرکز و لاواز بارهێنابو. درێژبوونەوەی سیاسەتی بێدەنگی خەڵک بەرامبەر بە چەوسێنەرەکان زیانی گەورەی لێدەکەوتەوە و ئازایەتی کوردانی دەڕووشاند. وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرا و سەلمێندراوە، کە تەنیا بە چەند هەزار چەکدار و پێشمەرگەیەک کەڕامەت و سەروەری نەتەوە و خاک نەدەپارێزرا.

مەلا عوسمان زۆرجاران لە گەڵ مەلاکانی دیکەی شار، بۆ کورد و ژیانی پڕ لەمەینەتی کوردەکان بەپەڕۆش بوون، بەڵام نەدەوێران بە ئاشکرا دژ بە سیاسەتی ڕێژیم و هێڵە گشتییەکانی ناوەندەی ڕوحانیەتی ڕێژیم هەڵوێست بگرن. مەلا عوسمان ڕۆژێک لە سەر ئەو بێدەنگیی و هەروەها خۆپەنادانە بە راشکاوی بە مام کەریم و دەیان کەس لە نوێژکەران دەڵێ، بە هەموو ئایەتەکانی قورئان سوێند دەخۆم، کە هەموو کردەوەیەکی ئەو ڕێژیمە دژی ئیسلام و قورئانە، بەڵام بە ئیمان و ئایینم لە ترسی زیندان و ئەشکەنجە ناوێرم راستییەکان بڵێم. ناوبراو بە ئامادەبووان رادەگەیەنێ، کە ئەرکی ئەو

پێشنوێژکردن و تەڵقینداداني مردوو و هەروەها ژن مارەکردن، خوێندنەوەی مەولوودنامە، رێنوێنی موسڵمانان بۆ کای خێر و چاکەیە و ناوێرم خۆم لە قەرەی سیاسەت بدەم. سیاسەت کانیاویکی هێندە رەوان و پاک نییە، کە مرۆڤ بە ئاسانی دەستی بخاتە ناو و تامی بکات. ژیانی سیاسییەکان لە جیهانی ئیسلامدا پڕە لە ژان و ئێش و کاتێک سیاسەت سڵاوت لێدەکات، ئەوکات بە زات و سیفەتی خودا ناخۆشی و نەهامەتییەکان بە ریز دەبنە هاوڕێی ژیانت و خۆشی بە تەواوەتی باردەکات.

شەوانی پاییزی بۆ پێشمەرگە مەیدانی چالاکی زیاترن. ئەوان شارەزای باشتری ناوچەکە بوون و بە ئاسانی زەبریان لە بنکە و بارەگاکانی رێژیم لە نێو شار و گوندەکان دەدا. کەماڵ و هاوڕێکانی لەو ماوەیەدا شەوانە بە پێڵاوەکانیان ئەوەندەیان شەق لە بەرد و داری سەر رێگا و کوێر رێگاکان هەڵدابو، کە بۆ گوتن نابێ. چوونە سەر بارگاکانی رێژیم و هەروەها زەبرلێدانی لە لشکرێکی بەرفراوانی رێژیم لە سەر رێگای بانەسەردەشت پێخۆری شەوانی ساردی پاییز و هەروەها جەستەی شەکەت و ماندوو بوو. پەروێزی خاڵە مینەی لە یەکێک لە شەڕەکاندا برینـدار دەبـێ و بـۆ چارەسەرکردنی رەوانەی نەخۆشخانەی شۆڕش دەکرێ. خاڵە مینە و پورە ئاڵتۆن زۆر ئاگاداری کوڕەکەیان نین. ئەوان دڵخۆشن، کە کوڕەکەیان لە گەڵ کەماڵ، مستەفا و حوسێن و زۆر پێشمەرگەی دیکەی ناوچە پێکەوەن. ئەوان رۆژ و شەو دەپاڕانەوە و زۆر جار خێریان دەکرد، کە کوڕەکەیان لە دەرد و بەڵا و لە گوللەی دوژمن دوور و پارێزراو بێت. پورە ئاڵتۆن بە دیتنی خەونی شەوانە، ئارام و قەراری نامێنێ و بۆ شیکردنەوەی خەونەکان خاڵە مینە بۆ لای مەلا باقی دەنێرێ. مەلا باقی لە مەلا کوردپەروەر و شۆڕشگێڕەکانی شارە، کە مل بۆ داگیرکەر نادا و لە رۆژگار توڕەیە. ئەو بە خوێندنەوەی شێعر و سروودە کوردییەکان لە بەر دەرگای قوتابخانەکان و هەروەها لێدان لە سەرباز و پاسداڕەکان لە راستە شەقامی شار ئازایانە و کوردانە بێزاری خۆی لە داگیرکەرانی کوردستان دەردەبڕێ. پورە تاڵتون شەوێک خەون بە خاڵە مینەوە دەبینـێ، کە یەکێک لە ددانە گەورەکانی لەقە و خەریکە بێتەدەر. ناوبراو بەیانی خاڵە مینە بە زۆر رەوانەی لای مەلا باقی دەکات و داوای لێدەکات، کە خەونەکەی بۆ تەفسیر بکات. مەلا باقی بە زانست و کەڵکوەرگرتن لە خەوننامە کۆنەکان و هەروەها خوێندنەوەی باری دەروونی دایکی پێشمەرگەیەک بە خاڵە مینە دەڵـێ، کاکە بە خێزانت بڵـێ، کە دڵی ئارام بێت و خودا ئاگاداریەتی. رەنگە رووداوێکی ناخۆش رووبدات، بەڵام بە پشتیوانی خودا ناخۆشیەکە زۆر درێژە ناکێشـێ و چاک دەبێتەوە. خاڵە مێنە دەچێتەوە ماڵ و تێکڕای وتەی مەلا باقی بۆ ئاڵتونی هاوسەری دەگێڕێتەوە. ئاڵتون بە بیستنی ئەو

رووداوە ناخۆشە، نەترەی دەچێ و بە سەرهەڵدانی لایەلایە باس لە پەرویز دەکات، کە رەنگە شتێکی لێهتابێ. ناوبراو زۆر دەگریی و دواتر بە هاوسەرەکەی رادەگەیەنێ، کە بۆ وەرگرتنی خەبەر و هەواڵی تازە سەردانێکی ماڵی مام کەریم دەکات و لە گەڵ براژنە زارا چەند ساتێک پێکەوە دەدوێن. ئاڵتون پاش دیتنی دایک و بابی کەماڵ ورەی دەچێتە سەر و دڵی خۆی بەهێزدەکات. ئەو بە دەنگ چەند جارێک بەمجۆرە نزا دەکات: "خودایە شوکور بۆ قسمەت و نسیبت، کوڕەکانمان ئەمانەتی تۆن. ئەوان لە ژێر رەحمەتی تۆ و دوا پێغەمبەری جیهاندا پارێزراو دەبن و ئێمە بەندەیەکی گوناهکارین". پورە ئاڵتون لە زارا دەبیستێ، کە کەریم لەو رۆژانەدا بۆ ئەسپ یان هێستر کڕین سەرێک لەو گوندانە دەدات و خوابکەم خەبەری کەماڵ و پەرویز و دۆستانی دیکە بێنێتەوە. پورە ئاڵتون بە بیستنی ئەو خەبەرە کوڕەکەی لە بیردەچێتەوە و دەپرسێ، کە مام کەریم ئەسپ و هێسترى بۆ چییە؟ خۆ بە تەمای کاروانچیەتی نییە؟ زارا دەڵێ بەخوا خوشکی خۆم زۆریش پرتەوبۆڵەم لە سەر کردوە، بەڵام کەریم وابزانم ئەجلی هاتوە. نازانم ئەو پیاوە بۆ ئاوا سەرقاڵی کرینی وڵاخی باربەرە؟ ئاڵتون بە زارا دەڵێت، خوشکێ بە تەمای خوای. خوابکات هەر سەر سڵامەت بن و پیاو پیوێستە کاسبەییەک بکات. پیاو زۆر لە ماڵ نەبێ باشە و بۆ کاسبی و کار سەردانی دەروە بکات. پیاو کە شەو و ڕۆژ لە ماڵ بوو، بێگومان ژیانی ماڵ دەشێوێ. خاڵە مینە کە دەگاتەوە ماڵ، دەنگی بەرز دەکاتەوە و چاوەڕوانم بەیانی بێ و پیاوەکە لە ماڵ دەرچێ. خوشکە زارا گوێ مەدەیە و خوادەکات مام کەریم ساغ دەبێ، خوای دەکرد بۆ حەڵەب و بەغدایە دەچوو. ئاڵتون وەبیر زارایە دێنێتەوە، کە ماڵی کاروانچیان پڕە لە شتومەکی خۆش و بەنەرخ و قەت خۆت بەوە نیگەران مەکە، کە مێردەکەت دەبێتە کاروانچی. تاڵتون بەرەو ماڵ دەڕواتەوە و خەریکی سازکردنی خواردنی ئێوارەیە، کە خاڵە مینە وەژوور دەکەوێت. پورە ئاڵتون چیرۆکی ماڵی مام کەریم و زارایە دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکاتە، کە خوابکەم خەبەرێکی کوڕەکان بێنێتەوە. خاڵە مینە سەروچاوی وەک رۆژان کراوە نین و زارا دەپرسێ، ئەرێ پیاوەکە چ قەوماوە و بۆچی ئاوا رەنگی روخسارت زەرد هەڵگەڕاوە. خاڵە مینە لە رقی هاوسەرەکەی بەڕماڵەکەی هەڵدەگرێ و دوو جار نوێژی ئێوارە دەگێڕێتەوە و دواتر رادیۆ ئانتێن درێژەکەی هەڵدەکات و لە سەر دەنگی کوردستانی ئێران رایدەگرێ. دەنگی کوردستان ئێران بەرنامەکانی نەبوونەوە و پاش ماوەیەکی دیکە بە دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە بەرنامەکانی دەبنەوە. لە بەر پاڕازیت و خشەخش گوێگرەکان بە ئاسانی گوییان لە دەنگی رادیۆکە نابێ و بۆ بیستنی دەنگی تەواو دەبێ بەردەوام دەستیان لە سەر رادیۆکە بێ. ئەو رۆژانە رادیۆکە هەواڵی عەمەلیاتی پێشمەرگە و هەروەها پەلاماری لشکری ئاخوندی

بڵاودەکاتەوە و بە تەواوەتی ناوی پێشمەرگە شەهید و هەروەها سەرباز، پاسدار، بەسیجی و چەکداری رێژیم دەخوێنێتەوە، کە لە شەڕدا دەکوژرێن یان بەدیل دەگیرێن. لە کاتی بوونەوەی رادیۆی حیزبدا بێدەنگی تەواو زاڵە و هەموو لایەک عەوداڵی بیستنی هەواڵی شەڕ و چارەنووسی ئازیزانیانن. خاڵە مینە بە وردی گوێ لە رادیۆکە دەگرێ و کاتێک هەواڵی عەمەلیاتی پێشمەرگەکان لە سەر جادەی سەردەشت- بانە دەخوێندرێتەوە، چوارمەشقی دادەنیشێ و سەرتاپا دەبێتە گوێ. پاش ئەوەی بێژەری هەوڵەکان کۆی رووداوەکە باس دەکات، لە مەڕ خەسارەتی پێشمەرگەکان باس لە بریندار بوونی چەند پێشمەرگە دەکات، کە یەکێک لەوان بە هۆی کاری بوونی برینەکەی دوو رۆژ دواتر گیان لەدەست دەدا و لە گۆڕستانی یەکێک لە گوندەکانی ناوچە بەخاک دەسپێردرێ. کە ناوی شەهیدەکە دەخوێندرێتەوە، خاڵە مینە دڵی ئارام دەبێتەوە، بەڵام بۆ پەرویز بە پەرۆشە و وێڕای ئاڵتونی خێزانی ماوەیەک کز و مات دادەنیشن. خاڵە مینە دەڵێ، ئاڵتون دڵم وەک جاران ئارام نییە و رۆژانەش جۆرە دڵەڕاوکەیەک بەسەرمدا زاڵە. بە مەزەندەی من پەرویز بریندارە، ئەگەرنا ئەو خەون و بارە قورسەم بۆ لە سەر شانە. ئاڵتون و منداڵەکان بە چاوی بە فرمێسکەوە لە دەوری یەک دانیشتوون و بێدەنگی بە سەر ماڵدا زاڵە.

مام کەریم ئەو رۆژانە زۆر بەدوای کڕینی ئەسپێکدا عەوداڵە و وێڕای کەسێکی خاوەن ئەزموون لە ئەسپ و هێسترناسیین سەردانی چەند گوندێکیان کردوە. لە زرۆبەی گوندەکان ئەسپ و هێستر گیردەکەون، بەڵام مامەڵەی مام کەریم سەر ناگرێ. ئەوانەی لە سەر لاق و تەمەنیان کەمە و رۆیشتنیان سوار و لەبارە نرخیان لە سەرێیە و ئەوانەی کە پەراسوویان پڕ نیە و لە رۆیشتندا سەرسمەی دەکەن و تەمەنیان چۆتە سەر زۆر بە کەڵکی کاسبی نایەن. عەلی کاروانچی، کە بەشێکی زۆری تەمەنی خاوەنی ئەسپ و هێستر بوە، بە چاوێکی رەخنەگرانە لە ئەسپ و هێسترەکان دەڕوانێ. ناوبراو وەبیر مام کەریم دێنێتەوە، کە وەڵاخی بۆ پارە و بژیوی ژیان دەوێ و ناکرێ پارەیەکی زۆر لە ئاوێ بکەن. پاش چوار رۆژ گەڕان لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت مام کەریم بە هاوکاری عەلی کاروانچی ئەسپێکی باڵابەرزی لە گوندی دەرمانئاوێ بە نرخی دە هەزار تمەن دەکڕن و دەگەڕێنەوە سەردەشت. لە رێگای گەڕانەوەدا مام کەریم و عەلی کاروانچی بە نۆبە سواری ئەسپەکە دەبن و هەر کامەیان لە تەنیشت و لە پشتەوە سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆی لە سەر ئەو ئەسپە دەردەبڕن. مام کەریم پارەیەک دەداتە عەلی کاروانچی و دەستخۆشی لێدەکات بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەو ئەسپە. عەلی دڵخۆشە، کە مام کەریم گەیشتۆتە ئەسپێکی گونجاو، بۆیە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ"یاخوا سەر بە خێر و سەر بە

رسق بێ". پاش نوێژی عەسری مام کەریم دەگاتەوە ماڵ و ئەسپەکەی بە دوای خۆیدا رادەکێشێ بۆ حەوشە. لەیلا و شیرین بە دیتنی باب و ئەسپ کەمێک لە یەکتر رادەمێنن و دەزانن، کە کاروباری خاوێنکردنەوەی حەوشە و تەنانەت ژووری تایبەت بە ئەسپەکە لە سەر شانی ئەوانە. زارا بە دیتنی ئەسپەکە شاد نییە و دوعا دەکات، کە لە دەرد و بەڵا بەدوور بن. مام کەریم سەرەتا ئەسپەکە تاقەت دەکات و کەمێک لە کا و جۆی بۆ لە تورەکەکە دەکات و دواتر شەکەت و ماندوو وەژوور دەکەوێت. کچەکان و زارا بەخێرهاتنی دەکەن. کاوە لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە و پاش بەخێرهاتنی باوکی سەرێک لە ئەسپەکە دەدات و بە هێواشی دەست بە ئاڵەکانیدا دادێنێ. ئەسپەکە ئارامە و پاش ماوەیەک لەوەڕان پڕمەیەک دەکات و کلکەکەی بە نیشانەی حەسانەوە بۆ راست و چەپ رادەوەشێنێ. زارا زۆر بەو رۆژگارە دڵخۆش نییە و نیگەرانی پاکوخاوێنی ماڵ، دواڕۆژی مێردەکەیی و هەروەها پاشەڕۆژی کاوە و کەماڵی کوڕیەتی، بۆیە وەک رابردوو هێمن و ئارام نەماوە و ناتوانێ بە سەر توڕەبوونەکانیدا زاڵ بێ. ئەو رۆژانە لە بەر زۆربوونی خەمەکانی لە حەوشەی ماڵ دادەنیشێ و وێڕای لەیلای کچی بە قسەوباسی جیران و خزمان خەمەکانی بەبادا دەکات. ناوبراو بە لەیلا دەڵێ، رۆڵە رۆژانێک بیرم لە دیتنی تۆ و کەماڵ دەکردەوە، کە وەک کچ و کوڕانی شار ژیانێکی سادە و ماڵێکی بچووک بۆ خۆتان پێکەوە دەنێن. خەونەکانم وەک سەهۆڵی بەر هەتاوی هاوین دەتوێنەوە و خەریکە رۆژگار لە بەر چاوەکانم دەگۆڕێ. کچی خۆشەویستم، ئەمڕۆ کەماڵ دوورە و ئەوانی دیکەش خەریکە بەرەو قوژبنێک دەڕۆن و لە کۆتاییدا دەبێ خۆمان سەر بە یەکەوە بنێین. لەیلا دڵخۆشی دایکی دەداتەوە، کە رۆژانی خۆش زۆر ماوەن و نیگەرانی ناوێت. خوا پشت و پەنا بێ و بابم و کاکم سڵامەت بن، من هیچی دیکەم ناوێ و ئێوە بۆ من هەموو سامانێکن.

مام کەریم رۆژی دوایی مشووری ئەسپەکەی دەخوات و پاش کڕینی پێداویستییە سەرەتاییەکان ئەسپەکە بۆ ناڵکردن بۆ لای وەستا رەحیمی ناڵبەند دەبات. وەستا رەحیم بە دیتنی مام کەریم و ئەسپەکە سەرسوڕما دەپرسێ، مامە کەریم ئەوە خەریکی چی؟ مام کەریم جنێوێک بە زەمانە دەدات و باسێک لە دژوارییەکانی ژیان دەکات، کە لە بەر نەبوونی کاروکاسبی دەستەوداوێنی ئەسپ و کاروان دەبێ. وەستا رەحیم ئەسپەکەی بۆ ناڵ دەکات و چاوێک لە ددان و چۆنیەتی دەست و لاق دانانی دەکات و پیرۆزبایی لە مام کەریم دەکات. مام کەریم ٦٠ تمەنێک دەداتە وەستا رەحیم و پاشان بۆ سووککردنی خەمەکانی ورده غارێک بە ئەسەپەکە دەکات و بە رێگای دۆڵتانچکدا هەتا باغی مەلا خالید دەڕوا و

دەگەڕێتەوە. پـاش گەڕانەوە بـۆ مـاڵ مـام کەریم لە گەڵ ژن و منداڵەکانی دادەنیشـێ و دڵنیایـان دەکاتەوە، کە نـاوبراو تەنیا لە بەر ژیـانی خێزانەکە ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردوە. مـام کەریم لە گەڵ کۆمەڵێک لە کاروانچیەکان ڕێکدەکەون و خۆیـان بـۆ سەفەری قەڵادزێ ئامـادە دەکەن. کاروانچیەکان سەماوەر، خەنە، پستە و و کەل و پەلی دیکەی ئێرانـی بـۆ بازاڕەکـانی ئەو دیـو دەبـن و چـا، برینـج، جگەرە، سابون و زۆر شتی دیکە دێنەوە. مام کەریم بۆ یەکەمجار چاو لە کاروانچیەکانی دیکە دەکـات و خەنە دەکڕێ. ئەوان ٦ کاروانچی دەبن و لە ماوەی حەوتوویەکدا دەچنە نیزیک قەڵادزێ و لە ئۆردوگـای بەستەسـتێن کاڵاکانیـان دەفرۆشـن و کەلوپەلی پێویسـت بـۆ بردنەوە دەکـڕن. بەشـێک لە کارونچیەکان خەڵکی گونـدن و مـام کەریم و خـدری پیرۆتـی لە شـار دەژیـن، بەڵام زۆربەیان لە گەڵ یەکتر جـۆرە ناسیاوەتی کۆنیـان هەیە. لەو سەفەرەدا کاروانچیەکان دڵخۆشـن، چوونکە خێرێکـی باشـیان لە کاڵاکـان کردوە و بە سڵامەتی گەڕاونەوە ماڵی خۆیان.

مـام کەریم و خـدری پیرۆتـی لە سەر ئەو بـاوەڕەن، کە هەتا زسـتان نەهاتوە باشـترە لە درەنگـانی ئەو پاییزەدا سەفەرێکی دیکەی کوردسـتانی گەرمێنێ بکەن و پارەیەک بـۆ مـاڵ و منداڵان پەیـدا بکەن. مـام کەریم بۆ ئەو کاروانە بارە سەماوەرێک، خدری پیرۆتی بارە پستەیەک و ئەوانی دیکەش هەر کەسە بە گـوێرەی ویسـتی خـۆی کاڵایەک دەکـڕێ. لە وەرزی سەرماوەزدا بە بنـاری چیاکانـدا هەڵدەگەڕێن و دادەگەڕێن و سەرئەنجام بەرەو پێدەشتەکانی پشدەر شۆڕ دەبنەوە. زۆربەیان دڵخۆشـن و پێشـبینی خێر و قازانـج دەکەن و بیـر لە رووداو و کارەسـاتی نـاخۆش ناکەنەوە. لە دیـوی پشـدەر هەواکەی زۆر سـارد نییە و پـاش چەنـد قۆناخێـک دەگەنە ئۆردوگـای بەستەسـتێن و لە یەکێک لە ماڵەکان بە نـاوی مـام حەسەنی ئـاڵان بارگە و بنە دەخەن. هەر کـام لە کاروانچیەکان دیارییەکی بـۆ مـاڵی مـام حەسەنیی و هەروەها منداڵەکانیان بـردوە. کاروانچیەکان بـۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماڵانە بـڕە پارەیەک دادەنێـن. رۆژی دواتـر کەلوپەلەکان دەفـرۆش و خۆیـان بـۆ گەڕانەوە ئامـادە دەکەن. مـام کەریم و خـدری پیرۆتـی راسـپێراون، کە جگەرە و سـیگاری ئەمریکی و رۆژئـاوایی بـۆ ناسـیاوێک بکـڕن. ئەوان لە بازاڕەکانـدا بە دوای ئەو جگارەکانەدا دەگەڕێن بە دوو رۆژان بارەکانیـان تاقەت و ئامـادە دەکەن. بەرەبەیانیەکی زوو لە مـاڵی مـام حەسەن دەردەکەون و بە هەزار خەیاڵ بەرەو جەرگەی مـاڵ و منداڵەکانیان بەڕێدەکەون، بەڵام لە دەرەوەی ئۆردووگا تووشی ژمارەیەک چەکداری کوردی باشوور دەبن. چەکدارەکان خۆیان بە چەکداری ڕێژیمی بەعس دەناسێنن و پاش ماوەیەکی کورت کاروانچییەکان دەپشکنن. سەرۆک

جاشەکان چەکدارەکانیان رادەسپێرن، کە بارەکان لە وڵاخەکان بکەنەوە و دواتر ئەو کەسانە بەرنە ماڵەکەی و چەند رۆژێکی دیکە ئەوانە دەکەمە پاروویەکی چەور. کاروانچییەکان لەو کردەوەیە چەکدارەکان تورەن، بەڵام ناچارن کە هێمنانە داوایان لێبکەن ئازادیان بکەن و بارەکان بۆ خۆیان هەڵگرن، بەڵام پارانەوە سوودی نییە. جاشەکان بە کاروانچییەکان پێدەکەنن و دڵنیایان دەکەنەوە، کە مەترسیان لەسەر نییە و دوو یان سێ رۆژ رایاندەگرن و دواتر ئازادیان دەکەن. مام کەریم لەو شەوەدا بیری قسەی هاوسەرەکەی دەکەوێتەوە، کە زۆر جاران دەیگوت، کەریم ئەتۆ و کاروانیان نەگوتوە. ئەگەر تۆ بەڵایەکت بەسەرهات، ئەمن و کچەکان روو لە کوێ بکەین؟ مام کەریم بێدەنگە و دوو جارێک بە جاشەکان دەڵێ، کە ماڵ و منداڵی وردن و کەس نییە، کە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان بەئەستۆ بگرێ، بۆیە پیاوی چاک بن و ئازادیان بکەن. جاشەکان و چەکدارە کوردەکانی سەر بە رێژیمی بەعس دڵڕەقانە بارەکان دەخەن و ئەسپ و هێسترەکان لە دۆڵێکی نیزیک دەبەستنەوە و دواتر مام کەریم، خدری پیرۆتی، رەحمان، عەبدوڵڵا، برایمی مەلای و رەسووڵی بە دەست بەستراوی بۆ یەکێک لە ماڵەکانی ئۆردوگا دەگوازنەوە. پاش دوو رۆژ مانەوە لە ژوورێکی داخراودا، یەکێک لە کاروانچییەکان، کە ناوی رەسووڵە و تەمەنی زۆر منداڵە لە ژوورەکە دێننە دەر. دواتر ئەسپ و هێسترەکانی دەدەنەوە و دەڵێن، لە گەڵ کاروانی بگەڕێوە ئەو دیو و بە ماڵ و منداڵی کاروانچییەکان بڵێ، کە خوا گەورەیە و هەموو ساغن. رەسوڵ لە گەورەیی رووداوەکە تێناگات و ناچارە ئەمرەکان جێبەجێ بکات و بە نابەدڵی ملی رێگا دەگرێ. ئەو وەڵاخەکان بە ئاوسار لە یەکتر دەبەستێتەوە و بەمجۆرە بە دوای یەکتردا دەڕۆن و کۆنترۆڵکردنیان ئاسانترە. وەڵاخەکان سووکەبارن و تەنیا کورتان و تێڕەیەکان لە سەر پشتی خۆیان هەڵگرتوە و بۆ گەڕانەوە لە سەر لاقن. ئەوان هەڵگری خەمی گەورەن و پەیامی تاڵی رۆژگاریان پێیە.

کە رەسووڵ لە ژوورەکە دەچێتەدەر، مام کەریم و ئەوانی دیکە دەزانن، کە لە داوی زۆڵە کوردان کەوتوون و بە ئاسانی رزگاریان نابێ. مام کەریم، لەو دوو شەو و رۆژەدا بە هاوڕێ کاروانچییەکانی دەڵێ، ئێمە چەندە هەژارین و ناتوانین کاسبیەکی حەڵاڵ و ئازاد بکەین. بە دەستی چەکدارەکانی بە ناو شۆڕش یان جاشەکان دەگیرێین و ژیانمان لە مەترسی دەکەوێ. خدری پیرۆتی لە تەنیشت مام کەریمی دانیشتوە و لە دڵەڕاوکەی تەواودا نوقمە، بۆی جۆری دانیشتنەکەی دەگۆڕێ و لە هاوڕێکانی دەپرسێ، ئێمە دەبی چ چارەنووسێکمان هەبێ ؟ ئەو کاروانچیانە پڕن لە خەم و زۆربەیان ژن و منداڵی سەروپێچکەیان هەیە. رەحمان هەرچی جنێوی کوردەواریە و لە فەرهەنگی کوردانداهەیە بە جاش و

چەکدارەکانی دەدات. ئەوان هێندێک جار لە ماڵی مام حەسەنی بەگومانن و ئەوان تۆمەتبار دەکەن، چوونکە جاشەکان بە تەواوەتی ئاگاداری ژمارەی ئەو کاروانچیان بوون و تەنانەت کاڵا و کەلوپەلی سەر پشتی وەڵاخەکانیان دەزانی.

پێنج کوردی کوێستان، کە بۆ پەیداکردنی نان و بژیوی ژیان سنوورە دەستکردەکانیان بڕیوە، ئەمڕۆ بە دەستی بازرگانانی کورد و کوردە سیخوڕەکانی قوتابخانەی نیشتمانفرۆشی لە ژوورێکدا بەندکراون. چەندە تاڵە کوردەکان بە دەستی کوردەکان لە پێناوی ورگ و پارەدا بە بارمتەبگیرێن و دواتر رادەستی چەکداری دوژمن بکرێن. یەکێک لە جاشەکان بە چەکەوە دەرگا دەکاتەوە و پۆشاکێکی سەربازی ئێرانی دەداتە مام کەریم و کاروانچیەکانی دیکە و ئەمردەکات، کە جلوبەرگی خۆیان بگۆڕن و بیخەنە ناو کیسەیەکی نایلۆن. کوردە کاسبکارە بەندکراوەکان لەو فرت و فێڵەی جاشەکان ناگەن و بیر لەوە ناکەنەوە، کە لە سەر دەستی چەند جاشێکی جەمەدانە لە سەر و پۆشاکی کوردی لەبەر تووشی چ رۆژگاریکی تاڵ دەبن. عەبدوڵڵا لە کاتی گۆڕینی جلەکاندا بە دەنگ جنێوێک بە دایکی جاشەکان دەدات و دەڵێ، خۆ مردن باوکی هەمووانە. چەند جارێک باسی کولتوری خۆفرۆشی کوردان بە نەتەوە سەردەستەکان دەکات. لە پڕ یەکێک لە جاشەکان بە قۆنداخەی چەکەکەی لە عەبدوڵڵا دەدات، بەڵام عەبدوڵڵا وازناهێنێ و هاواردەکات، کە ئەگەر بە حەڵاڵی لە دایکبوون، بۆچی ئەوانیان لەو ژوورەدا بەند کردوە و جلی عەسکەری ئێرانیان لەبەر دەکەن؟ پاش ماوەیەک ئوتۆمبیلێکی کوردە فورسانەکان لە بەر دەرگای ماڵ رادەوەستێ و جاشەکان بە پەلە مام کەریم، رەحمان، عەبدوڵڵا، خدری پیرۆتی و برایمی مەلای دەبەنە دەر و سواری ئوتۆمبیەلەکە دەکەن. سەرۆک جاشەکان، کە وەک بازرگانێک لە کوردە هاودین و هاوزمانەکانیان دەڕوانێ، چاوێک لە سەر و روخساری گیراوەکان دەکات و دواتر بە یەکێک لە جاشەکان دەڵێ، حەمەد سەرتان بۆ سفر کردبان. حەمەد بە شۆفیری ئوتۆمبیلەکە دەڵێ، کە بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێک بچنە ماڵی کوڕە خاڵەکەی و لە حەوشەدا چاوەڕێ بکەن، هەتا سەرتاشێک پەیدا دەکات و بە پەلەی دەیهێنێ. حەمەد لە بازاڕی بەستەستێن خۆی بە سەرتاشخانەیەک دادەکات و داوای سەرتاشێک دەکات، کە بە بە مەکینەی سەرتاشین بۆ نیو سەعاتێک لە گەڵی بچێ. یەکێک لە بەردەستەکانی یاسین سەرتاش بە ناوی سەلاح لە گەڵ حەمەد دەڕوا و پاش ماوەیەک لە حەوشەی ماڵی کوڕە خاڵەکەی دادەبەزن . حەمەد بە سەلاح دەڵێ، قژی ئەو پێنج کەسە سیفر بکە و پێویست ناکات قسەیان لە گەڵدا بکەی. پارەی خۆت وەردەگریی و لە سەرتاشخانەی وەستا یاسین باسی ئەو

کارە ناکەیت. سەلاح کە تازە کارە و دەستی هێشتا وەک سەرتاشە خاوەن ئەزموونەکان ناجوڵێن، قژی ئەو پێنج پیاوە کوردە چاک دەکات. لە کاتی چاککردنی قژی عەبدوڵڵادا سەلاح دەبیستێ، کە عەبدوڵڵا زمانی توند و زبر بەکاردێنێ و دەڵێ: "زۆڵە کوردی جاش چارەنووس چ لێدەکات. شەرتە لەو رۆژگارە رزگارم بێ، ئاوی ئەو خاکە ناخۆمەوە هەرگیز چاوم بەو ناوچە و مەڵبەندانە ناکەوێتەوە. خۆزگە دوو کەلیمە سەوادم دەبوو، قورئان بە حەقەت و بە ساحبت شەو و رۆژ لە سەر خەراپە و خۆفرۆشی ئەو کوردانەم دەنووسی. ئەتۆ هێندە حەرامزادە بن، کوردی هاودین و هاوزمانت بگریت و بەزۆر لە ماڵ و منداڵەکەی دایبڕیت".

پێنج کاسبە کوردەکە لە خۆیان، خوایان و رۆژگارەکە دەهرین و نازانن پەنا بۆ کام دەسەڵات ببن. ئەوان بۆ مامەڵەیەکی ناپاکانە ئامادە کراون و جاشەکان بە ناوی سەرباز و عەسکەری گیراوی ئێرانی بە بەرپرسانی رێژیمی بەعس دەیانفرۆشن. بۆ ئێوارە رەوانەی یەکێک لە بنکەکانی رێژیمی بەعس دەکرێن و جاشەکان بە ناوی دیلی شەڕ رادەستیان دەکەن. چەکدارە کوردەکانی بەعس قوڕێک بۆ کوردە کاسبکارە بێتاوانەکان دەگرنەوە، کە بە ئاسانی لێی دەرناچن. ئەوان لە بەندیخانەی ئیستخبارات بە کابڵ و کەلوپەلی دیکەی نیوەگیان دەکرێن. عەڕەبەکان وەک عەسکەر و سەربازی گیراوی شەڕ هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکەن و رۆژ لە رۆژ بارودۆخەکەیان تاڵتر دەبێ. یەکەم ئێوارە سەموونیکی رەقیان دەدەنێ و لە ژووریکی تەڕ و تاریکدا رایاندەگرن. مام کەریم و هەموو کاسبکارە کوردە بەندکراوەکە کە چاو لە خۆیان دەکەن، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشن و دەپرسن، بە کام شەرع و قانون ئێمەیان تووشی ئەو دۆخە تاڵە کردوە. پێکەوە ساغدەبنەوە، کە بەیانی داوای وەرگێڕی زمان بکەن و چیرۆکی خۆیان بە کورتی بگێڕنەوە، بەڵام گوێیەک بۆ بیستن شک نابەن. بەیانی بە لێدان و پێدادان پێشوازیان لێدەکەن و دەرفەتێک بۆ قسەکردن نییە و هەر کاتێک یەکێک لەوان قسە دەکات، بە کابڵ و دار بەردەبنە سەر و گوێلاکیان. ئەو رۆژە لە قەڵادزێ بۆ رانیە رادەگوازرێن و کەیسێکی گەورەیان لەسەر ئامادەکراوە. لە یەکێک لە بنکەکانی بەعس لە رانیە هەتا ئێوارە رادەگیرێن و لەوێش وەک قەڵادزێ جەستەیان بە لێدان رەش و شین دەکرێ. ئێوارە پاش پێدانی سەموونێک بە ئۆتۆمبیلێکی عەسکەری بەرەو کەرکوک رەوانە دەکرێن و سەرئەنجام دەبرێن بۆ زیندانەکانی دەوروبەری بەغدا. مام کەریم، رەحمان، عەبدوڵڵا، پیرۆت و برایمی مەلای پاش ماوەیەک دەزانن، کە بەندیخانە مەڵبەندی ژیانە و دەرەوەی بەندیخانەیان لەبیر دەچێتەوە. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئاگاداری ماڵ و منداڵ نابن،

بەڵام دواتر لە ریگای خاچی سووری نێودەوڵەتی نامە و نووسراوە لە نێوان ئەوان و منداڵەکانیاندا ئاڵووگۆڕ دەکرێن. ئەوان لە سەر بناخەی ئەو قورەی کە جاشەکان لە پشدەر بۆیان گرتبوونەوە وەک دیلی شەڕ ناویان تۆمار دەکرێ. چارەنووسیان بە دوارۆژی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بەندە و بە زۆرەملی خراونە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخێکی دژوار و پڕ لە ژان. چیرۆکی کاسبکارە گیراوەکان ئەوەندە تەمومژاوەییە، کە بەرپرسانی بەعس ئامادە نین گوێ بۆ مەزڵومییەتی ئەو کەسانە بگرن، کە بۆ گیرفان و ورگی چەند خۆفرۆش و فورسانێکی کورد، جلی عەسکەری ئێرانیان لەبەر کراوە و فرۆشراون. عەبدوڵڵا لە ژێر شەللاقی بەعسییەکاندا هاوار دەکات و بۆ خۆڕاگری لە بەردەم لێدان و پێدادانی پیاوی بەعس و بەندیخانە جنێوی تایبەتی بە کورد و جاشەکان دەدات. ئەوانی دیکە، بە بێدەنگی پێشوازی لەو لێدان و شەق و پێلاقانە دەکەن، کە لە سەر دەستی کوردە چەکدارە نیشتمانفرۆشەکان بۆتە پشکیان. ئەوان جەستەیان بۆتە هەڵگری چیرۆکێکی خەماوی و شکانی دەست و لاقیان لە ژێر پۆستاڵی بەعسیە هاربوەکان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی چواردیوارییەکانی بەندیخانەدا تۆمار دەکرێ.

بنەماڵەی کاروانچییە کاسبکارەکان لە نەگەڕانەوەی پیاوەکانیان نیگەرانن. رەسووڵ بە تەنیا لە گەڵ وڵاخی کاروانچییەکان دەگەڕێتەوە، کە بۆ بنەماڵەکانیان پڕە لە ژان. ئەوان لەو چیرۆکە ناگەن و گێڕانەوەکانی رەسووڵ دڵ و مێشکیان ئارام ناکاتەوە. ماڵی مام کەریم و خدری پیرۆتی لە سەردەشتن و ماڵی ئەوانی دیکە لە گوند، بۆیە چیرۆکی گیران و چۆنیەتی رووداوەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و دەنگۆی جۆراوجۆر بڵاودەبنەوە. رۆژانە لە موسافیرخانەی حیکمەت و هەروەها لە بازاڕی شار خزمانی گیراوەکان بە شێوازی جیاواز ئەو بابەتە تەتەڵە دەکەن. بەشێک لە خزمەکانیان پەنا بۆ حیزبی دێموکراڕت دەبەن و داوایان لێدەکەن، کە بۆ رزگارکردنی ئەو کەسانە یارمەتیدەر بن. بەرپرسانی حیزبی دێموکراڕت بنکەی پێوەندیان لە قەڵادزێیە، بەڵام ئازادکردن و گەڕاندنەوەی ئەو دیلکراوانە کارێکی ئاسان نییە. بەرپرسی بنکەی قەڵادزێ لە سەر داوای بەرپرسانی حیزبی بە شێوازی سەرەتایی هەواڵی ئەو کاروانچیانە دەپرسێ و ناوەکانیان دەداتە بەرپرسانی رێژیم لەو شارە، بەڵام هەرچی دەگەڕێن و سۆراغ دەکەن هیچ سەرداوێکیان بۆ ئاشکرا نابێ. زارا و هاوسەری خدری پیرۆتی کە لە شار دەژین بە چاپۆکان بە سەری خۆیاندا دەدەن و توک و دوعایان لە دار و بەرد دەکەن. هاوسەری خدری پیرۆتی دوو منداڵی پێنج ساڵە و شەش ساڵەی هەیە و بە زارایە دەڵێ، خۆزگە منداڵەکانم گەورە

دەبوون و لە خەم دەڕەخسان. زارای مام کەریمی، بە مریەمی خدری دەڵێ، براژن بە خودای، هەر قامکە خوێنی خۆی لێدێ و منداڵ هەتا گەورەتر بن خەمیان زۆرترە. ئەوە چەند مانگە ئاگام لە کەماڵی کوڕم نییە و ئەویش خودا دەزانێ حاڵی چۆنە. زارا و مەریەم خزمێک رادەسپێرن، کە لە زووترین کاتدا ئەو وەڵاخە سەرەخۆرەیان لە کۆڵ بکەنەوە و بە نرخێکی گونجاو بیانفرۆشن. ئەو رۆژانە وڵاخی سواری یان باری داخوازیان زۆرە و نرخەکانیان چۆتە سەرێ. لە ماوەیەکی کەمدا ئەسپەکەی مام کەریم و خدری پیرۆتی بە نرخیکی گونجاو دەفرۆشرێن و پارەکەیان دەدرێتەوە زارا و مریەم. لەیلا، شیرین و کاوە رۆژانە بە بیستنی چیرۆکە جیاوازەکان کوڵی دڵیان هەڵدەستێ و پاش گریان و هەنسکدان ئارام دەبنەوە. زارا کە خەڵک و خزم لە ماڵ دووردەکەونەوە بە منداڵەکانی دەڵێ، رۆڵە چۆنم دەزانی، کە خوا یەکە، ئاوا دەمزانی کە کەریم دانامەزرێ و تووشی ئەو رۆژگارەمان دەکات. ناوبراو جاروبار بۆ مێردەکەی چاوی پڕ دەبن لە فرمێسک و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و بەمجۆرە دەپاڕێتەوە" خودایە، ئەو جاش و کوردە زۆڵانەی پیاوەکانیان لێ ئەستاندین ریسوا بکەی و رەحم بە خۆیان و منداڵەکانیان نەکەی. یا ئیلاهی، بۆ خاتری پێغەمبەری ئاخیر زەمانی، جەرگیان کون کون کەی و ئارام و قەراریان لە ماڵێ نەهێڵی. خودایە، بۆ خاتری قورئانی پیرۆز ناوی جاشە خۆفرۆشەکان لە دەفتەری خۆتدا رەش کەیتەوە و قەت خێر و خۆشی لە خۆیان نەبینن".

مریەم زۆر رۆژان بۆ شکاندن و رەوینەوەی خەمەکانی دەچێتە لای ماڵی زارا. ئەو لە گەڵ لەیلا و شیرینی کچی مام کەریم کاتەکان تێپەڕ دەکەن و پێکەوە بە گێڕانەوەی بیرەوەری لە مام کەریم و خدری پیرۆتی ساتێک دەگەڕێنەوە بۆ رابردوو. رۆژانە پێکەوە خۆزگە دەخوازن، کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا جاریکی دیکە بە دیدار یەکتر شاد ببنەوە. وڵات نوقمی شەڕە و بنەماڵەکان وەک پێویست ناتوانن یارمەتی یەکتر بدەن، بەڵام گیانی هاوکاری نێوان خەڵک باشە و لەو وڵاتەدا مرۆڤ لە برسان نامرێ. هەموو کەس سەرپەنایەکی هەیە و لە ژێر باران و بەفردا کەس نەکەوتوە، بۆیە تاکەکان باوەڕیان بە درێژدان بە ژیان زۆرە. زارا و مریەم بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئەوان بۆ منداڵەکانیان وەک دایک و بابن و نابێ منداڵەکانیان هەست بە نەبوون یان دووربوونی بابیان بکەن. مریەم هەموو رۆژێک دێتە ماڵی مام کەریمی و بە کچەکان و پورە زارای دایکیان دەڵێ، دڵم بەوە خۆشە، کە دڵنیابین پیاوەکانمان زیندوون و رۆژێک بە سڵامەتی دەگەڕێنەوە. ئێمە خەمی ئەوانمانە، کە لە بەندیخانەی ئەو کافر و بێ دینانەدا نەمرن. ئێمە لە وڵاتی خۆمانین و نان و ئاوێک بۆ ژیان دەستەکەوێ. زارا لە

گەڵ لەیلای کچی بیر لە کارێک دەکەنەوە، کە بتوانن بژیوی ماڵ پەیدا بکەن. ئەوان نانکردن بۆ خەڵک و هەروەها کردنەوەی دوکانێکی بچووک لە حەوشەی ماڵ بە رێگا چارە دەزانن. وەرزی زستان دەستی پێکردوە و مانگی بەفرانبار رێژەیەکی زۆری بەفری لە بن باڵی هەورەکاندا حەشارداوە. زستان بۆ هەژاران ورزێکی دژوارە، چوونکە گەرمداهێنانی ماڵ و هەروەها بوونی پارەی پاشەکەوت بە دوو مەرجی سەرەکی ژیانێکی ئاسایی پێناسەدەکرێن. نەوت وەک سووتەمەنی بە دژواری دەستدەکەوێ و وزەی بەرق و کارەبا ئەوەندە بەتەوژم نییە، کە بۆ گەرمداهێنانی ماڵ سوودی لێوەرگیرێ. بەشێک لە خەڵکی شار دار لە گوندنشینەکان دەکڕن، کە بە کۆڵ یان بە شێوازەکانی دیکە لە دارستانەکانی دەوروبەری گوندەکان بۆ شاریان دێنان. ژمارەیەک لە خەڵک و بە تایبەت کوڕ و کچەکان پێکەوە دەچن بۆ دەرەوەی شار و لە وەرزی هاوین و سەرەتای پاییزدا کۆلکەدار و چیلکە کۆدەکەنەوە و بە کۆڵ بۆ ماڵەوە رایاندەگوازن. ژمارەیەک لە ماڵەکان لەو بارەوە بارودۆخیان باشە و لە حەوشەی ماڵدا قۆریەداریان هەڵناون و لە سەرمای زستان ناترسن.

شەڕی چەند مانگی رابردوو خەسارەتێکی زۆری لە ژینگە و خەڵکی کوردستان داوە، بەڵام رێژیم لەو شەڕانەدا زەبری کاریگەری بەرکەوتوە. هاتنی وەرزی زستان بە مانای خاوبوونەوەی شەڕەکان و دەستپێکی قۆناخی سڕبوون و خۆئامادەکردن بۆ بەهاری داهاتوویە. پێشمەرگەکان لەو وەرزانەدا ئیماکاناتیکی کەم و زۆر سەرەتاییان هەیە، بۆیە بەشێک لە چیاو و ناوچە بەرزەکانیان لە وەرزی سەرمادا چۆڵ دەکرد. رێژیم لە ماوەی رابردوودا زۆر ئەزموونی کۆکردۆتەوە و شارەزای چۆنیەتی شەڕی پێشمەرگەیە، بەڵام چەکدارەکانی بە ئاسانی ناتوانن زانیاریی و رێنوێنیەکانیان لە مەیدانی شەڕ لە گەڵ پێشمەرگە کوردەکاندا پەڕاکتیزە بکەن. شارەکان شەوان لە کۆنترۆڵی رێژیمدا نین و پێشمەرگەکان بۆ هەرکام لە شارەکان دەتوانن بە ئاسانی بچن و عەمەلیاتی گەورە و بچووکی تێدا بەڕێوەبەرن. بەشێک لە شار و شارۆچکە و زۆربەی گوندەکان هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی رۆژانەی پێشمەرگەدان، بەڵام هەموو لایەک دەزانن کە هێزەکانی رێژیم هەنگاو بە هەنگاو ناوچەکان داگیر دەکەن و هێزە کوردییەکان توانای شەڕی مەیدانی گەورەیان وەک جاران نامێنێ. پێشمەرگەکان رێکخراو نین و پێویستیان بە پەروەردەی نیزامی، سیاسی و زۆر بواری دیکەیە. ئەنجامدانی ئەو کارانە بۆ پارتە کوردییەکان ئاسان نییە، چوونکە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان پێویستیان بە ئامادەکردنی مامۆستا بۆ گوندەکان و هەروەها ئیدارەکردنە، کە کات و وزەی خۆی دەوێ.

بەشی سێهەم

پەرتەوازەبوونی خێزان و نەتەوەیەک

کەماڵ و هاوڕێکانی بە هاتنی زستان و ئەهوەنبوونەوەی شەڕ بە نیازن بگەڕێنەوە بنکەکانی خۆیان لە ناوچەی سەردەشت، بەڵام چاوەڕێی هێزی جێگرەوە دەکەن. هێزێکی پێشمەرگە سەر بە ناوچەکانی رەبەت و بۆکان دەگوازرێنەوە بۆ هێڵەکانی پێشەوی شەڕ و دەستە تایبەتیەکەی سەردەشت دەگەڕێتەوە. پەرویز پاش ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانەی شۆڕش بە دەستێکی هەڵبەستراو و سەرێکی بریندارەوە رەوانەی بنکەی هێزەکانی سەردەشت دەکرێتەوە. پاش ماوەیەک لە گەڵ کەماڵ، وەستا مستەفا و هەروەها حوسێنی ئازیزێ یەکدەگرنەوە. سەرەتا لە بنکەی مارەغانی جێگیر دەبن، بەڵام دڵیان ئۆقرە ناگرێ. هاتوچۆی شار و گوندەکان زۆر دەگمەنە و بێجگە لە زستانێکی سارد خەڵک بە ئاسانی لە گوندەوە بۆ شار و لە شارەوە بۆ گوند ناچن. وەک باوە لەو ناوچە شاخاویانە زستان وەرزی پشوودان و پێکەوە بوونە. خەڵکی گوندەکانیش زۆر بە کەمی سەردانی گوندەکانی دیکە دەکەن و تەنیا بۆ سەردانی پێویست وەک شایی، شین و هەروەها رووداوی نەخوازراو گوندییەکان هاتوچۆی یەکتر دەکەن. رێگاکان زستانان دەبەسترێن و گوندەکان زۆر بە کەمی رێگای هاتوچۆیان بۆ کێشراوە. گوندەکان لە ئاوی بۆڕی و هەروەها کارەبا و وزەی بەرق بێبەشن و باشترین ئامێری روونـاکی شەوانی گوند چراتۆڕە، کە خاوەنەکەی هەتا درەنگانی شەو بە پەمپدان شەکەت و ماندوو دەکات. زۆرجاران تۆڕی چراکە دەوەرێ و ماوەیەک دەخایەنێ هەتا تۆرێکی دیکەی دەخەنە سەر بە ئەڵکۆڵ و پەمپدان وەکاری دەخەنەوە. چرای ناسراو بە دیوارکۆ، فانۆس و فتیلە لە زۆربەی ماڵەکان هەن، بەڵام کۆڵانی ماڵانی گوند زۆر تاریکن. گوندەکان لە شەوانی زستاندا و پاش خەوتن بە تەواوەتی دەکوژێنەوە و کەمتر چرا و روونـاکاییەک بەرچاودەکەوێ. مارەغانی یەکێک لەو گوندانەیە، کە بە جادەیەکی چەوڕێژ بە شارەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام ئەو رێگایە کەڵکی لێوەرناگیرێ.

کەماڵ کاتێک دێتە مارەغانی لە رێگای دۆست و ناسیاوەکانی ئاگاداری دۆخی ماڵ دەبێ. خەمی گیرانی

مـام کەریم و نەبوونی ئاگـاداری لە دایـک، خوشـک و براکەی دەسـتبەردار نیـن و رۆژانە نوێدەبنەوە. کەماڵ چەند جارێک لە گەڵ بەرپرسی دەستە دادەنیشێ و داوادەکات، لەو زستانەدا سەردانی ماڵ بکاتەوە. بەرپرسانی پێشمەرگە زۆر لە بارودۆخەکە دڵنیا نین و بە کەماڵ دەڵێن، کە رەنگە ئەو بەهارە رێژیـم پەلاماری ئێمە بـدات. گرینگە، کە خۆمـان بـۆ شەڕی بەهار ئامـادە بکەین و لە بیـری چۆنیەتی سەنگەرلێدان و هەروەها کۆکردنەوەی هێزی زۆرتـری چەکـداردا بیـن. ئەو روونکردنەوە و شـیکردنەوانە بیری کەماڵ ناقرتێنن و ئەو گوێ بەو وشە و رستانە نـادات. چەند رۆژێک دواتـر نـاوبراو لە گەڵ هـاوڕێ کۆنەکانی وەسـتا مسـتەفا، حوسـێنی ئـازیزێ و هەروەها پەرویز کۆدەبنەوە و بیـر لە چوونەوە بـۆ شـار دەکەن. ئەوان نـاتوانن بە ئاشکرا بـڕۆن و نیگەرانن، کە ئەگەر بە ئاشکرا و بە بەرچاوی پێشمەرگەکان خۆیان بۆ چوونەوە ئامادە بکەن، رەنگە راپۆرتیان لێبدرێ و بەجۆرێک رێژیم شوێن پێیـان هەڵبگرێ و لە داویان بخـات. لە ئاکامدا ئەوان ساغدەبنەوە، کە پێکەوە لە گەڵ بەرپرسەکەیان قسە بکەن و دواتـر بـۆ شـوێنە ونکـردن بڵێـن، سەرێکی ناوچەی ئـالانی دەدەیـن. بەرپرسەکەیان سەرتا دژایەتی خـۆی بـۆ چوونەوەیان دەردەبـڕێ، بەڵام کەماڵ و هاوڕێکـانی بە کوردی دەڵێن، رازی بـن یـان نـا دەچینەوە، بەڵام باشـترە لە یەکتر تێبگەین. ئێمە چەند مانگە لە مـاڵ دوورین و ئەنـدامانی ماڵەوە لە دۆخیکـی دژواردا دەژین. ئێمە لەوە تێدەگەین، کە زستانە و رەنگە راپۆرتمـان لێبـدرێ و ئاشکرا بیـن و زبـری گەورەتر بە خوشـک و براکانمـان بکەوێ، بەڵام هەموو ئەو مەترسـیانە قبـوڵ دەکەین و بـۆ مـاوەی حەوت رۆژێـک دەچینەوە. ئێمە پرسـیارمان کـردوە و دەتـوانین بە رێگـای گۆرانانـدا بچینەوە، کە خەڵکی کـاروانچی و کۆڵبەر هـاتوچۆی پێـدا دەکەن و بـۆ چوونە نێوشـار ئاسـانترە. بەرپرسـی دەسـتەکەیان بە ناچـاری رازی دەبێ و رێنوێنیان دەکات، کە ئەگەر چوونەوە شـار و دۆست و خزمێکیـان دیت سەبری خۆیـان نەدۆڕێنن. ناوبرا ئاماژەدەکات، کە یەکەم هەڵە لەو دۆخەدا بە دوا هەڵە پێناسەدەکرێ. قسە ئەگەر کەوتە زارێـک دەکەوێتە شـارێک، بۆیە ئێـوە دەبـێ بە تەواوەتی نهێنییپـارێز بـن و زۆر بە وردی ئاگـاداری خۆتـان و چۆنیەتی هەڵسـوکەوت لە گەڵ دەوروبەر بـن. رێژیـم لەو ماوەیەدا هاوکـار و چەکـداری خۆمـاڵی زیـاتر کردوون و رەنگە سیخوڕەکان لە جوڵە و گەڕانی بەردەوامدا بن و بە دوای پـاروویی چەوردا بگەڕێن. ئێـوە تەنیا بە رێگای کەسانی نیزیک وەک دایک و باب پێوەنـدیتان بە یەکەوە بـێ و زۆر قوتە قوتەی مەکەن. لە ماوەی هاوینی رابردوودا چەند پێشمەرگەیەک لە شارەکانی دیکە لە رێگای سیخوڕەکان و لە ئاکامی کەمترخەمی خۆیـان گیانیـان لەدەسـت داوە. ئێـوە دەبـێ ئاگاتـان لە پەرویز بـێ و بەهیـچ جـۆر تەنیا نەبێ. حوسینی ئازیزێ دەڵێ، ئەگەر پەرویز پێیخۆشە با لە گەڵ من بـێ و ئەو حەوتوویە لە مـاڵی ئێمە

دەبین. ئەمن تەنیا لە گەڵ دایکم دەژیم و برا و خوشکەکانم ژیانی خۆیان هەیە و هەر کەسەو لە ماڵی خۆیەتی.

هەموویان لە سەر ئەوە ساغدەبنەوە، کە باس لەو دیدارە نەکەن و بۆ شوێنە ونکە بە کورتی باس لە سەفەر بۆ ناوچەی ئالان یان بێوران بکەن. ئێوارەی رۆژی داهاتوو، چەک و رەخت لە خۆ دەبەستن و لە مارەغانی دەچنەدەر. ئەوان بە شوێنی نەدیودا دەڕۆن و چاوەڕوان دەکەن، کە تاریکی باڵ بە سەر دنیادا بکێشێ و دواتر خۆیان بگەیەننە خرێ گۆرانان. پەرویز، مستەفا، حوسێن و کەماڵ دڵخۆشن، کە پاش ماوەیەکی دوور و درێژ دەچنەوە ماڵ، بەڵام هەر کام لەوان بە رێژەیەک لە ئاشکرابوون نیگەرانن. هێشتا خەڵک و پێشمەرگەکان عادەتیان بە کاری نهێنی نەگرتوە، بۆیە خۆحەشاردان بۆ ماوەی حەوتوویەک لە ماڵی خۆیاندا بە کارێکی دژوار مەزەندە دەکەن. وەستا مستەفا دەڵێ، باشە کوڕینە ئەگەر ئێمە لە ماڵ بین و شەو میوانێکی خۆشەویست هات، چۆن دەکرێ و دەگونجێ خۆمان ئاشکرا نەکەین؟ ئەمن خۆناگرم و کە خزمێکی نیزیک هات لە گەڵ ئەوانی دیکە بەخێرهاتنی دەکەم. حوسێنی ئازیزێ بە پێکەنینەوە دەڵێ، ئەو برادەرە ئاخری تووشی دەردەسەریەکمان دەکات.کاکە، ئەگەر خزم هێندە خۆشەویست و نیزیکە، بۆچی چەند مانگە یەکێکیان لەو شاخ و کێوانە سەردانیان نەکردیی و سڵاوێکیان بۆ نەناردی؟ ئەمن ساغبوومەوە و ئەگەر خزم هاتن، باشتر خۆم تاقەت دەکەم و حەز ناکەم سۆراغم بزانن. کەماڵ و هاوڕێکانی بە قسەکردنەوە گەیشتبوونە سەر سوێی شاریی و بە ئاسانی چراخانی نێوەڕاستی شاریان دەدیت. ئەوان لە سەر رێگای ژاژۆکە ژمارەیەک کۆڵبەریان دیت، کە لە ترسان لاقیان عەرزی نەدەگرت و ئامادەی هەڵاتن و کۆڵ فرێدان بوون. کەماڵ و پێشمەرگەکانی دیکە، چەکەکانیان خستبوو ژێر باڵتۆکانیان و لە شەودا بە کەسی چەکدار نەدەچوون. ئەوان بە کۆڵبەرەکانینا گوت، کە بۆ هێنانی کۆڵ دەچنە شار و هەر ئەو شەو دەگەڕێنەوە.

ئەوان بانگی خەوتنان گەیشتنە گۆڕستانی گچکەی شار، کە لە تەنیشت شیرکەتی نەوتە و بە هێواشی خۆیان گەیاندە مزگەوتی قیبلە. لە بەر ئاسایش و هێمنایەتی بڕیاریاندا، کە هەموویان بچنە ماڵی کەماڵ و بۆ شەوی دواتر هەر کەسە بە هێمنی بچێتەوە ماڵی خۆی. کەماڵ و هاوڕێکانی کاتێکی گونجاو گەیشتنە بەردەرگای ماڵی مام کەریم، چوونکە پورە زارا لە بەر دەرگای ماڵەکەی بە بێڵە بەفرە باریوەکەی رادەماشت. ئەو هەرگیز بیری لەوە نەدەکردوە، کە لە شەوێکی زستانەدا و لەو کاتەدا

کوڕەکەی لە گەڵ چەند کەسی دیکە لە بەر دەرگای ماڵ شین ببنەوە. بۆ ئەوەی پورە زارا ئارامی خۆی بپارێزێ، یەکێک لە پێشمەرگەکان سڵاوی لێدەکات و دەڵێ، پورێ زەحمەت نەبێ با بچینە حەوشەی ماڵ، چوونکە پەیامێکی خزمێکی تۆم پێیە. زارا لەو کاتەی شەودا زۆر گرینگی بە پەیامەکە نادات، بەڵام چەند کەسەکە دەبینێ، کە لەو کۆڵانەکەدا بێدەنگ راوەستاون. حوسێنی ئازیزێ لە دایکی کەماڵ زیاتر نیزیک دەبێتەوە و لە بە ئەسپایی دەڵێت، پورە زارا پەیامی کوڕەکەتم پێیە. پورە زارا بە بیستنی ئەو سرتەیە کەمێک دەشڵەژێ و سەرەتا ئەو کەسە بە چەکداری رێژیم تێدەگا، کە رەنگە بە فێڵ و بۆ کاری چڵکاوخۆرانە ئەو کارە بکات. پورە زارا لە پڕ دەڵێ، بە خودای بۆنی کەماڵی کوڕم دەکەم و بۆیە بە روخسارێکی کراوە بە حوسێنی دەڵێ، رۆڵە فەرمو بۆ ژوورەوە. حوسێن کە دەگاتە حەوشەی ماڵی مام کەریم، بە کورتەی پەیامەکە بە گوێی پورە زارادا دەچرپێنێ. پورە زارا بە بیستنی هاتنەوەی کەماڵ و کوڕەکان شاد دەبێ و داوادەکات، کە با کوڕەکان بێنە ژوور. پورە زارا ئەوەندە دڵخۆشە، کە بە پەلەپڕووزە دەچێتەژوورێ و بە منداڵەکان دەڵێ، میوانمان دێن و تەنیا گۆڕ ئەو خەبەرەتان لێدەبیستێ. لەیلا، شیرین و کاوە سەرسوڕماو لە دەرگاکە دەڕوانن، بەڵام هێشتا روخساری میوانەکان دەرنەکەوتوە. منداڵەکانی مام کەریم خەیاڵی جۆراوجۆریان بە تونێلەکانی مێشکدا گوزەر دەکات. یەکێک مەزەندە دەکات، بابی بگەڕێتەوە و ئەوەی دیکەیان گەڕانەوەی براکەیان. پاش تێپەڕینی خولەکێک چاویان بە چوار پیاو دەکەوێ، کە سەر و چاوی خۆیان پێچاوە و باڵتۆی هەتا سەرچۆکانیان بە سەر چەکەکانیاندا بەرداوەتەوە. هەموویان دەشڵەژێن، بەڵام کەماڵ بۆ دڵنیاکردنەوەی دایک، خوشکەکان و کاوەی برای یەکەم کەس دەچێتەژوور و سڵاو دەکات. لە گەڵ دایکی یەکتر ماچ دەکەن و دواتر خوشکەکانی ماچ دەکات و پاشان کاوە لە ئامێز دەگرێ. بەخێرهاتنی وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و پەرویز دەکەن. دەرگای حەوشەکەیان بە پەلە داناخەنەوە و پورە زارا بە میوانەکان دەڵێ، بۆ ماوەیەکی کورت دەچێتەوە بەردەرگا و سەرقاڵی ماڵینی بەفرەکە دەبێ. مەبەستی ناوبراو چاوەدێری کردنی دۆخەکەیە و بە تایبەت جیرانەکان، کە ئایا ئاگاداری هاتنی میوانەکانن یان نا. دوای نیو کاتژمێرێک پورە زارا کۆتایی بە کاری بەفرراماڵین دێنێت و دەرگای حەوشەکە دادەخات و تێکەڵ بە کۆڕی میوانەکان دەبێ. لەیلا لەو ماوە کورتەدا سەماوەرەکەی پێکردوە و سەرقاڵی ئامادەکردنی برینج، شلەی تەماتە و لەپەیە. کەماڵ و هاوڕێکانی پاش خواردنەوەی چایەکی سەیلان، پرسیار لە چۆنیەتی ژیانی ماڵی مام کەریم، خاڵە مینە، پورە ئازیز و هەروەها ماڵی وەستا مستەفا دەکەن. پورە زارا چەند جارێک شوکری خودای دەکات و دەڵێ، رۆڵە هەموویان چاکن و خوا دەکات ئێوە راوەستاو و پارێزراو دەبن. خاڵە مینە و

براژنە ئاڵتون ماوەیەکی زۆرە نیگەرانن و زۆر جاران دێنە ئێرە و پێکەوە باس لە خەم و ژانەکانی ژیان دەکەین. براژنە ئازیزم لە سەر ڕێگای بازاڕ و لە دوو سەرەخۆشیان دیتوە و زۆر دڵ قایم و خۆڕاگرە. براژنە بەس دایکی وەستا مستەفام لە نەخۆشخانەی جارێک دیوە و ئەویش زۆر باشە. ڕۆڵە، زستانان و پاییزان خەڵک لە ماڵی خۆی کەمتر دەچێتەدەر و ئێمەش ناوێرین زۆر هاموشۆی یەکتری بکەین. بە غەوسی گەیلانی سیخوڕ و بەسیجی وەک خیز و خۆڵ زیادبوون و ژن و پیاو لە سێبەری خۆیان دەترسن. ئەو سەردەمەی دنیا گۆڕاوە و ئاخری زەمانە، چونکە زۆر کەس خەتی سمێڵانی نەداوە، کەچی دەبێتە بەسیجی و چەکی حکومەتی لە شانە. لە کۆتایی قسەکاندا پورە زارا کز و بێدەنگ دەبێ و ناوی مام کەریم دێنێ. کەریم، گوتی زارا لە ڕێگای وەڵاخدارییەوە پارەیەکی باش پەیدا دەکەم و ژیانتان بە پشتیوانی خودا باشتر دەکەم. با کەماڵ پێشمەرگایەتی خۆی بکات و نیگەرانی ماڵ نەبێ و ئەمن کاسبی حەڵاڵ دەکەم و خوداش دەلیلی داماوانە. کە باسی گیرانی مام کەریم و چیرۆکی گیرانەکەی کرا، کەماڵ پرسی، کە بابم لە گەڵ چەند کەس گیراوە؟ ڕۆڵە، کەریمی فەقیر لە گەڵ خدری پیرۆتی، برایمی مەلا، ڕەحمان، عەبدوڵڵا و ڕەسوڵی گیراون. ئەو جاشە خوا نەناسانەی دیوی گەرمێنێ ڕەسوڵیان لە گەڵ وەڵاخەکان ناردبۆوە و کەسمان سەر لەو ڕووداوانە دەرناکەین. ڕەسوڵ تەنیا زانیاریەکی کەمی هەیە و نازانێ، کە ناوی ئەو چەکدارانە و سەرۆک جاشەکان چییە. باس لەوە دەکات، کە لە ئۆردوگای بەستەستێن ماوەیەک لە ژووری ماڵێکدا بەندیان کردوون، بەڵام دواتر ئەو ئازاد دەکرێ و ئاگاداری چارەنووسی بابت و ئەوانی دیکە نابێ. ڕۆڵە زۆر کەسمان ڕاسپاردوە و تەنانەت بنکەی حیزب لە قەڵادزێ پرسیاری چارەنووسی کەریم و کاروانچیەکانیان لە حکومەت کردوە، کەس نازانێ بۆ کوێیان بردوون. مریەمی هاوسەری خدری پیرۆتی زۆر جاران دێت و خەونەکانی دەگێڕێتەوە و هەموو جارێ سوێند دەخوات، کە خدر و کەریم و ئەوانی دیکە وەک ئێمە زویندوون و هەر دەگەڕێنەوە.

لەیلا و شیرین لە گەڵ کاوە سفرە گوڵگوڵیەکەی لە سەر فەڕشەکە ڕادەخەن و لە ماوەیەکی کورتدا برینج و تەماتەی ویشکراو لە گەڵ لەپە دادەنێن. میوانە درەنگهاتوەکان لە سەر سفرەکە دادەنیشن. خەمەکانی پورە زارا ئەوانی تاساندوە و هەموویان بۆ پورە زارا و مام کەریم نیگەرانن. پورە زارا دەڵێ، ڕۆڵە فەرموون خوا دەکات ئێوە ساغ و سڵامەت دەبن، خودا بۆ ئێمە دەرگایەک دەکاتەوە و بە کەریمی شاد دەبینەوە. تەماتەکانم بۆ خۆم ویشک کردوە و لەپەکانم لەو حەوشەیەی لە دەستاڕی داوە و برینجەکەش دەڵێن ئەمریکاییە. ئەمن نازانم ڕێژیمی ئێران شەو و ڕۆژ مەرگ بۆ ئەمریکای دەڵێ، بەڵام

برینجەکەی لە هەموو برینجەکان خۆشترە. ئەو مەلا ریش پان و مەندیل رەشە وڵاتیان وێران کرد و هەموو ماڵیان داغدار و لە یەکتر پەرتەوازە کرد. ئاخر ئەگەر، ئەو مام تڕکەنە (خومەینی) نەدەهاتەوە بۆ ئێرانێ، ئێمە و خەڵکی دیکە بۆچی تووشی ئەو رۆژە رەشانە دەبووین. بۆنی تەماتە خۆماڵییەکان و لەپەکانی دەشتی رەبەت تاموچێژی تایبەت بە خواردنەکە دەدەن. دوای نانخواردن جارێکی دیکە ئیستیکانە قەد باریکەکان دەبنە یار و یاوەری دەستەکان. قۆریە تۆقکراوە شیشەکەی سەر سەماوەرەکە هەڵگری چیرۆکی زیاتر لە هەشت ساڵانە و بۆ هەمووان ئاشنایە. کەماڵ کە چاوی بە قۆرییەکە دەکەوێ روخساری بابی دێتە بەرچاو، کە چەندە بە دڵخۆشیەوە بەیانیان لە دەوری سەماوەرەکە دادەنیشت و چاوەڕوانی دەمکێشانی چای دەکرد. ئەو باس و گێڕانەوەکانی بابی لە گوێدان، کە چەندە بە جوانی دەریدەبڕین. مام کەریم، ئەگەرچی مرۆڤێکی نەخوێندەوار بو، بەڵام لێکدانەوە و دەربڕینەکانی لە سەر بارودۆخەکە و بە تایبەت لە سەر کوردان زۆر تیژ و رەوا بوون. ئەو بە مانای وشە، لە لاوازی کوردەکان تێگەیشتبوو، بۆیە کەماڵی رێنوێنی دەکرد، کە چنگ لە کاسبیەک گیرکات و لە داوی سیاسەت نەکەوێ.

پێشمەرگەکان لە گەڵ کاوە، لەیلا و شیرین ئاگادار دەکەنەوە، کە لە لای هیچ کەسێک باس لە سەردان و دیداری ئەوان نەکرێ، چوونکە رەنگە کوژران و بریندارببوونی خەڵک و ئەندامانی ماڵەوەی بەدوادا بێ. هەموویان بەڵێن دەدەن، کە ئەو دیدارە وەک نهێنی دەپارێزن و بە زۆریش ئامادە نین زەبر لە خۆیان و براکەیان بدەن. کاتیک هەموو لایەک لە بارودۆخەکە دڵنیا دەبنەوە، میوانەکان بە مەبەستی خەوتن دەچنە ژووری میوانان. پەرویز لە بەر ژانی برینەکەی بە درەنگەوە خەوی لێدەکەوێ. بارەشی زستان و گژەبای شەوی رابردوو برینەکانی کولاندۆتەوە و دووبارە لە ژان چوونەوە. کۆتاییەکانی مانگی ریبەندانە و بۆ رێژیم ئەو رۆژانە بە رۆژانی سەرکەوتنی شۆڕش پێناسەدەکرێن. بەفر ئەو رۆژانە لە هەموو پەیامەکان رەواتر و راستگۆیانەترە، چوونکە رێگاکان کوێر دەکاتەوە و شەقامەکانی شار و جادەکان دەگرێ. ئەو رۆژگارە بۆ مانەوەی پێشمەرگە گونجاوە و بە وتەی پیرەکان لە بەر کزی سەرما و سەختبوونی زستان سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە.

کاوە بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستێ و بە نیازە بچێتەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام کۆڵان و سەربانەکان پڕ لە بەفرەکان ئاماژەیەکن، کە قوتابخانە ئەمڕۆ ناکرێنەوە. دایکی لە خەو راستدەبێتەوە و کاوە رادەسپێرێ، کە رێگای ئاودەستی حەوشە و هەروەها بەردەرگا خاوێن کاتەوە و بەفرەکە رابماڵێ. کاوە

لە ماوەی کاتژمێرێکدا کارەکە تەواو دەکات و لە خۆشی نەبوونی قوتابخانە ماندوویەتی ناناسێ. پیاو و کـــوڕانی گەنجی جیرانەکان لە سەر بانەکان ئامـــادەن و بە وەروەرە و بێڵـــی بەفرماڵین سەرقاڵی رامـاڵینی بەرفرە باریوەکەن. پورە زارا کە پیـاو و کـوڕی خەڵکی بە سەربانانەوە دەبینـێ، یـادی مـام کەریم دەکاتەوە، کە چەنـدە بـۆ ئەو رۆژانە قـالب سـووک و لە سەر لاقـان بـوو. ئەو نە تەنیا بەفری سەربانی خۆیانی رادەماڵی، بەڵکو ژمارەیەک لە سەربان و حەوشەی ماڵەکانی شاری خاوێن دەکـردەوە. کـاوە و لەیلا دەچنە سەر بـانی و پێکەوە بەفرەکە رادەمـاڵن. کاتێـک جیرانەکان لە مـاڵینی بەفری سەربانەکان تەواو دەبـن، حەوشە نەدیتوەکەی مـاڵی مـام کەریم بـۆ کەماڵ و هاوڕێکـانی دەکەوێتە سەر پشـت. ئەوان یەکەیەکە دەسـت و روخسـاریان دەشـۆن و لە دەوری سـۆبەی داران کۆدەبنەوە. هەموویان دڵخۆشن و ئامادەی دیداری ئازیزانیـانن. پورە زارا ئەرکی ئاگادارکردنەوەی ماڵەکان بە ئەستۆدەگرێت. دوا نیوەڕۆیە کە رێگاکـان دەکرێنەوە و هـاتوچۆ ئاسـانتر دەبـێ، نـاوبراو دەتـوانـێ بچێتە مـاڵی وەسـتا مستەفا، پەرویز و هەروەها حوسێنی ئازیزێ و لە دۆخەکە ئاگاداریان کاتەوە.

پێش بـانگی نیوەڕۆیە پورە ئـاڵتون لە دەرگـای مـاڵی مـام کەریم دەدات. کەماڵ و هاوڕێکـانی بە تەقەی دەرگـا دەشـڵەژێن، بەڵام پـاش ماوەیەکی کـورت کە دەرگـا دەکرێتەوە ئـاڵتون، دایکـی پەرویز دەبینـن. لەیلا نازانـێ چۆن بارودۆخەکە تێپەڕێنـێ. بەخێرهاتنی پورە ئـاڵتون دەکـات و دەپرسـێ، پورێ خـۆ هیـچ نەبوە؟ ئـاڵتون دەڵـێ، رۆڵە بە کەلامی خـودای قەسەم لە خەونمـدا کەماڵ و پەرویز هاتبوونەوە شـار و تەنیا بۆ لای دایکت هاتووم، بزانم خەبرێکی تـازە نییە؟ پەرویز لە پەنجەرەی ژوورەوە و لە پشت پەردە دادراوەکە چـاوی بە دایکـی دەکەوێ. پـورە زارا دەڵـێ، پەرویز رۆڵە دایکـت بـا بێتە ژوور و ئەو کـاری دوانیوەڕۆی منی سووک کرد. لەیلا لە بەردەرگا چاوەڕوانە، کە دایک و براکەی بڕیـار بـدەن، ئـاخۆ پورە ئـاڵتون دەچێتە ژوور یـان بە بیـانووی بـوونی میـوانی غەریب رەوانەی مـاڵ دەکرێتەوە. پـورە زارا لە دەربیجەوە بـانگی ئـاڵتون دەکـات، کە بچێتە ژوور و نیوەڕۆیە میوانیـان بـێ. کەماڵ، وەسـتا مسـتەفا، پەرویز و حوسـێنی ئـازیزی خۆیـان لە ژوورێکـدا تاقەت دەکەن و وارێکدەکەون، کە باسەکە بە هێمنـی بکەنەوە. ئـاڵتون لە کـاتی چوونەژووردا چەنـد جـووت پێڵاوی پیـاون لە بەر شـیپانەی دەرگـای داڵانەکە دەبینـــێ، بۆیە لە لەیلا دەپرســـێ کە ئەو هەموو پێڵاوەی پیـــاوان چ دەکەن لێـــرە؟ رۆژانـــی دیکە، تەنیا پێڵاوە کۆنەکانی مام کەریم لەوێ دانرابوون. لەیلا خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە و دەڵـێ پورە ئـاڵتون فەرموو بـۆ ژووریٚ و خەریکی ئامـادەکردنی نـانی نیوەڕۆم. ئـاڵتون دەچێتەژوور و لە گەڵ زارا ئەحواڵی

یەکتر دەپرسن و لە تەنیشت سۆبەکەی دادەنیشن. ئاڵتون دەڵێ، تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت هاتووم و خاڵە مینە لە ماڵ چاوەڕوانم دەکات و ئەگەر نەچمەوە وڵاتی وێران دەکات. بە ناشکوری نەبێ، پیاوی کورد هەر دەبێ لە پێشی دابنێی و نازانێ هێلکەیەک لە رۆنی بکات و پەتاتەیک بکوڵێنێ. پورە زارا قسەکەی ئاڵتون بە راست دادەنێ، بەڵام بە کێشەیەکی تێپەڕی دادەنێ. ئاڵتون بە پەلە دەپرسێ، ئەرێ خوشکی من ئەو پێڵاوەی پیاوانە چن؟ خۆ میوانتان نین؟ ئەمن خەونم دیوە و ئەوجارە قەناعەتم هەیە، کە خەونەکەم راستە. ئەگەر کەماڵ و پەرویز هاتوونەوە مزگێنیت دەکەوێ. زارا وەپێش ئاڵتونێ دەکەوێ و دەپرسێ، باشە ئەگەر رۆژی هاتنەوەیان بڵێم مزگێنیەکەت چییە؟ ئاڵتون دەست بۆ قوماشی کەراسە کوردییەکەی رادەدێری و بە ئاماژە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێ. زارا بە سووکی دەڵێ، براژنە ئاڵتون مزگێنیم دەکەوێ و ئەو ئێوارەیە بە هومێدی خودای پەرویز دەگاتەوە ماڵ، بەڵام دیواریش ئەو هەواڵ و خەبەرەت لێنەبیستێ. ئاڵتون بەڵێن دەدات و دەستەکانی بە نیشانەی پاڕانەوە بەرز دەکات و هاواری خوا و پێغەمبەر دەکات و دواتر خواحافیزی دەکات.

پاش ئەوەی ئاڵتون ماڵی مام کەریمی جێهێشت، کەماڵ و هاوڕێکانی نانی نیوەڕۆیە دەخۆن و چاوەڕوانی ئێوارە دەکەن، تاکو بە دایک و بابیان شاد ببنەوە. پورە زارا دوای نانخواردن سەردانی ماڵی وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزی دەکات. ناوبراو، سەرەتا بەرەو ماڵی حوسێنی ئازیزێ دەچێ، کە لە تەنیشت شەقامی کەمەربەندی هەڵکەوتوە. پاش چارگە سەعاتێک دەگاتە بەر دەرگای ماڵی دایکی حوسێن و لە دەرگا ئاسنەکەیان دەدات. ئازیز بە تەنیا دەژیت و لە پەنجەرەی قاتی دووهەمی خانوەکەیان چاوی لە ژنێکە، کە لە دەرگا دەدات، هەرچەندە دەرگاکە دانەخراوە. ئازیز لە بەر بەفر و بۆ خۆپاراستن لە هەڵخلیسکان لە سەر بەفر، لە سەر پەنجەرەکە فەرمووی دەکاتە ژوورێ. ئازیز بە دیتنی زارا نیگەران دەبێت و پاش کورتە بەخێرهێنانێک لە زارا دەپرسێت، ئەوە چۆنە بەو رۆژە سەردانی ئازیزێ دەکەی؟ زارا ئەگەر راز و نهێنیەک هەیە بە راشکاوی بیڵێ. بە غەوسی گەیلانی، ئێستا وەک بە پێی رووتی لە سەر خەڵووزی گەشاوە و پۆلوان بم. زارا دڵنیای دەکاتەوە، کە تەنیا خەبەری خۆش هەیە و پەنا بە خودا قەت خەبەری ناخۆش و جەرگبڕ نابیستن. زارا چیرۆکی گەڕانەوەی کوڕەکان بۆ ئازیزێ دەگێڕێتەوە و ئاگاداری دەکات، کە ئێوارە لە ماڵ بێ، چوونکە حوسێن بە نهێنی سەردانی دەکات و بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەمێنێتەوە. ئەو رۆژانە دەبێ وەک پشیلە و مشک وریا و لە سەر هەست بین، چونکە خوانەخواستە کەسێک راپۆرتمان لێدا سەر و ماڵمان دەفەوتێ. ئازیز بە

بیستنی ئەو خەبەرە و گەیاندنی مزگێنی دەستخۆشی و دەمخۆشی لە زارا دەکات. زارا لە ترسی ماڵ و هەروەها رووناەدانی کارەساتی ناخۆش ئارام و قەراری نییە و خواحافیزی لە ئازیزێ دەکات و بەرەو ماڵی وەستا مستەفا دەڕوا. ماڵی بابی وەستا مستەفا لە خوار بڵواری شارن و ڕێگاکە بۆ زارا دژوارە، بەڵام ئەو هەواڵ و مزگێنیانە دەبێ بە کەسی باوەڕپێکراو و دڵقایم رابگوازرێن. زارا پاش ماوەیەک ڕێگابڕین دەگاتە ماڵی وەستا مستەفا. خاتوو بەس لە بەر دەرگای حەوشەیە و خەریکە دەرگاکە دابخات. ناوبراو، کە زارا دەبینێ، هەڵوێستەیەک دەکات و دێتە بەردەم دەرگاکە و سڵاوی لێدەکات و دەپرسێ، براژنە زارا بەو رۆژگاری زستانە بۆ کوێ دەچی؟ منداڵەکانت چۆنن و خەبەری مام کەریمی؟ توخوا کەس خەبەری کوڕەکانی بۆ نەناردووی؟ بەخوا رۆژگار و زەمانەیەکی پڕ لە چەرمەسەرییە، ئاخر ئەمن و براژنە زارا و ئەو دایکانەی دیکە بە چ شەرعێک دەبێ دڵیان لە سەر بەری دەست بێ؟ ئێمە چ گوناهێکمان کردوە، کە کوڕەکانمان پەڕیوەی ئەو گوند و شاخانە بوون و لە یەکتر دابڕاوین؟ زارا بە بیستنی پرسیارەکان چەند جارێک بە خاتوو بەس دەڵێ، خودا ئەو کەسە بگرێ، کە ئەو ئینقلابە پیسەی سازکرد. پێغەمبەر و قورئان جەرگی ئەو کەسانە کونکون کەن، کە کوڕی خەڵکیان لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرپەڕاند. خاتو بەس، باوەر بکە خەریکە ئەسڵی مەسەلەکەم لە بیر دەچێتەوە. ئەمن راسپاردەم و بۆ لای تۆ هاتووم، پێمخۆشە لە ژوورەوە خەبەرەکەت بدەمێ و بگەڕێمەوە ماڵێ. بەس و زارا دەچنە ژووری میوانەکان و دوور لە چاوی ئەوانی دیکە، چیرۆکی گەڕانەوەی کوڕەکەیان باس دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە ئێوارە پاش تاریک داهاتن کوڕەکەیان دەگاتەوە ماڵێ، بەڵام نابێ دیواریش ئەو خەبەرەیان لێ ببیستێ. بێجگە لەوە، ئەو رۆژانەی کە مستەفا لێرەیە ناکرێ هیچ خزم و جیرانێک ئاگادار بکرێتەوە، چوونکە خەڵکی قسەهێن و قسەبەر زۆرن و با تووشی ماڵوێرانی نەبین. خاتوو بەس بە تەواوەتی زارا دڵنیا دەکاتەوە و زۆر دەگەشێتەوە، بۆیە پڕ بە دڵ سپاسی زارا دەکات. زارا دەگەڕێتەوە ماڵ و بە کزەی سەرما و گفەی بای زستانی سەروچاوی سڕ دەبن و دەستەکانی لە گۆ دەچن. مستەفا، حوسێن و پەرویز لە گەڵ کەماڵی بەخێرهاتنەوەی دایکی کەماڵ دەکەن و زۆر سپاسی زەحمەت و ماندوویەتی دەکەن.

پەرویز، وەستا مستەفا و حوسینی ئازیزێ چاوەڕێی ئێوارەی دیدار دەکەن. ئەوان پێکەوە بۆ پارێزگاری لە خۆیان و سڵامەتیان لە سەر چەند خاڵێک رێکدەکەون و بڕیاردەدەن، کە شەش رۆژی دیکە ئەگەر هیچ مەقەدەر نەبێت لێرە کۆدەبنەوە و دواتر لە شار دەردەچن. پەرویز زۆر رێنوێنی دەکەن، کە

ئاگاداری خۆی بێت و ئەگەر کێشەیەکی هەبێ لە ریگای دایکی، ئاگاداریان بکاتەوە. ئەوان وشەیەک بۆ نهێنی خۆیان دادەنێن، کە لە ئەگەری هەڵاتن و هەروەها پەنابردن بۆ لای یەکتر لە درەنگانی شەودا بەکاری بێنن. وشەکە بۆ هەموان پڕە لە بیرەوەری و لە تەنیشت پۆلە سپیدارێکی خڕێ دۆڵتانچک هەڵکەوتوە و ناوی کانی فەقێیانە. سەردەمی خوێندن و هەروەها چۆلەکەکوژی زۆربەی لاوەکان سەریان لەو پۆلە سپیدارە داوە، کە دۆڵتانچک و هەروەها کانی فەقێیان دەڕازاندەوە . ئێوارەی دوارۆژەکانی مانگی ڕێبەندانە و ئاسمان پڕ بە دڵە گەورەکەی بەفر بە چیا و دۆڵەکان دەبەخشێ. زستان ناوی خۆی بەخۆیەوە و لە لوتکەی چلە گەورە و چلە چووکەدا نێوچاوانی گرژ دەکات و تەوژمی سەرماکەی گیانلەبەر تەزێنە. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و پەرویز خۆیان ئامادە کردوە و بڕیاریان داوە، سەرەتا پەرویز، دواتر حوسێن و لە کۆتاییدا وەستا مستەفا بچێتەوە ماڵ. کۆڵانەکان چۆڵ و شەقامەکان پڕن لە بێدەنگی. پێشمەرگەکان لە ماڵی مام کەریم هاتوونەدەر و بە کۆڵانەکاندا تێدەپەڕن. کلوە بەرفرەکان لە ناخی تورەیی ڕێبەندانەدا بەرەو زەوی شۆڕدەبنەوە و تێکەڵ لشکری بەفری سەر زەوی دەبن.

خاڵە مینە و ئاڵتونی هاوسەری ئۆقرەیان لێهەڵگیراوە و شاییان لە دەڵدا دەگەڕێ. خاڵە مینە بە بیانووی خاوێنکردنەوەی کۆڵان بە پێمەڕە و بێڵی بەفرماڵین هەتا سەر سیلەی کۆڵانەکە دەچێ و دەگەڕێتەوە. ناوبراو چەند جارێک لە هاوسەرەکەی دەپرسێ، باشە نەگوترا کاتژمێر چەند دێن؟ چاوم خێل بوون هێندەی بڕوانم و دەستم خەریکە شلوکوت دەبن. ئاڵتون لە خۆشیان زۆر گوێ بە گلەیی و قسەکانی خاڵە مینە نادات و خەریکی سازکردنی خواردنە. جیرانەکانیان دەرگاکانیان داخستوون و زینەدەوەر لە دەرەوە نەماوە. لەو کاتەدا پەرویز بە پارێزەوە لە گەڵ دوو هاوڕێکەی لە کۆڵانی ماڵەوەیان نزیک دەبێتەوە و لە دوورەوە چاوی بە بابی دەکەوێ، کە لە بەر دەرگا راوەستاوە. وەستا مستەفا، کەریمی ئازیزێ هاوڕێیەتی پەرویز دەکەن و پاش تۆقەکردن لە گەڵ باوکی ڕێگای خۆیان دەگرن و ماڵئاوایی لە پەرویز دەکەن. خاڵە مینە بە پارێزەوە و بە دەنگێکی کز بەخێرهاتنی کوڕەکەی دەکات و پاش دەرگا داخستن لە ژوورەوە یەکتر لە ئامێز دەگرن. ئاڵتونی دایکی چینێک دەگری و بەخێرهاتنی پەرویز دەکات و سەری ماچ دەکات. خوشک و برا چووکەکەی پەرویز بە دیتنی براکەیان و گریانی دایکیان و هەروەها بارودۆخەکە سەرسوڕماو دەبن. ئەوان لەو تەمەنەدا زۆر لە سیاسەت و پێشمەرگایەتی تێناگەن و ئاگاداری هەوراز و نشێوەکانی ژیان نین. خەجیج تەمەنی ٧ ساڵە و

محەممەدیش ٨ ساڵ، بۆیە زیاتر رواڵەتی مەسەلەکان دەبینن. منداڵەکان جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەوان لە ئامێزی زەمان و کاتدا دەژین و هاوشێوەی گەورە ساڵەکان لە رابردوو یان داهاتوودا ون نابن. پەرویز بۆ لای خەجیج و محەممەد دەچێ و لە ئامێزیان دەگرێت. پەرویز ئاگاداره، کە دایک و بابی لە گەڵ چەکدا نێوانیان خۆش نییە، بۆیە دەچێتەژوور و چەک و رەختەکەی تاقەت دەکات و لەبەر چاوانی دەشارێتەوە. ئاڵتون و خاڵە مینە زۆر بە حەسرەتەوە لە ژوورەکە دادەنیشن و خەجیج و محەممەد لە تەنیشت خۆیاندا دادەنێن. پەرویز لە تەنیشت بابی دادەنیشێ و ئەحواڵی خزم و جیرانەکان دەپرسێ. ناوبراو ئەندامانی ماڵ ئاگادار دەکاتەوە، کە زۆربەی رۆژەکان یادیان دەکات. زۆر یادی خوشک و براکەی کردوە و لە لوتکەی ماندوویەتی، ئارەقەڕشتن و شەڕدا وشە و وتەکانی بابی لە گوێدا دەزرینگێنەوە. لە گەڵ ئەو وردە گێڕانەوانە باس لە بریندارببوونی خۆی دەکات، کە لە شەڕی سەر جادەی بانەسەردەشتدا چوار مانگ لەوە پێش پێکراوە. ئاڵتون و خاڵە مینە بە دیتنی برینی دەست و پاشەسەری کوڕەکەیان زۆر تێکدەچن، بەڵام هەموویان دەزانن کە چارەنووس رەنگە لەوەش دژوارتر و تاڵتر بۆ مرۆڤ بەدیاری بێنێ. ئاڵتون و خاڵە مینە لەو کاتەدا دەپاڕێنەوە و داوا لە یەزدان دەکەن، کە کوڕەکەیان وێڕای هەموو خەڵکی دیکە لە رووداوی دڵتەزێن بپارێزێ. خاڵە مینە بەڕماڵەکە هەڵدەگرێ و نوێژی شوکرانە دەکات و پاش تەواوبوونی نوێژ بۆ خۆیان و کوڕەکەیان بە لێشاو دوعا دەکات. پاش ئارام و ئەهوەن بوونەوەی دۆخەکە، نانی ئێوارە پێکەوە دەخۆن. خاڵە مینە وەک دڵی خەبەری دابێ، داوا دەکات نانەکەیان بە پەلە بخۆن و هیچ سەیر نییە، ئەو شەو جیرانێک یان خزمێک بۆ دیدار یان کار لە دەرگا نەدات. پەرویز لە دۆخەکە نیگەرانە و بیر لەوە دەکاتەوە، ئەگەر میوانێک هات چۆن خۆی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پەنا بدات و کەس گوێی لە دەنگی نەبێ. ئەو هەتا ئەو شەو ئەو دۆخە تازەیەی تاقی نەکردۆتەوە، بۆیە داوا دەکات زوو پێڵاوەکانی لە ریزی پێڵاوەکانی خۆیان دەرکەن و لە ژوورەوە پەنایان بدەن. لەو قسانەدا دەبن، کە دەنگی دەرگا دێت و خاڵە مینە بە بەپەلە بە منداڵەکانی دەڵێ، کە ئەگەر میوان هاتن هیچ شتێک نەدرکێنن و منداڵی خەڵکی نەبەنە ئەو ژووری براکەتان. پەرویز زوو خۆی تاقەت دەکات و لە ژوورەکەدا لە پشت جاجمە نوێنەکان رادەکشێ. خاڵە مینە دەرگای حەوشە دەکاتەوە و دەبینێ ماڵی وەستا جەلالی تەنەکەساز بۆ شەونشینی هاتوون. وەستا جەلال لە بەر دەرگاکە لە دەستی زستان داد و فیغانەیتی و دەڵێ، ئەگەر ئەو شەونشینیانە نەبن بە ناوی هەموو پێغەمبەرەکان شێت دەبین و چنگ لە شاخی دەدەین. بە بیستنی ئەو قسانە، خاڵە مینە دڵێ ئارام دەبێ و دەزانی، کە ئەوان هیچ جێگای مەترسی نین و دڵساف و پاکن، بۆیە بە پێکەنینەوە

بەخێرهاتنیان دەکەن. وەستا جەلال کوڕ و کچە گەورەکەی لە گەڵ خۆی نەهێناون و تەنیا دوو کچە چووکەکەی لە گەڵن، کە هاوتەمەنی محەممەد و خەجیجی خاڵە مینەن . هاوسەری وەستا جەلال ئایشێ خەڵکی رەبەتە و بنەماڵەکەیان لە گەڵ حیزبی دێموکراتن. رەبەت هێشتا لە ژێر دەستی پێشمەرگەدایە و بە ناوچەیەکی ئازادکراو دەژمێردرێ. پاش بەخێرهێنان و تێکردنی چا و دانانی میوە ژنەکان پێکەوە و پیاوەکان لە گەڵ یەکتر باسی ژیان، دوکان، سیاسەت و هەروەها منداڵەکان دەکەن. وەستا جەلال ئەحواڵی پەرویزی کوڕەکەیان دەپرسێ و خۆزگە دەخوازێت، کە ئەویش لەو سیاسەتە پیسە دوورە پەرێز دەبوو. کاکە بە بانگی محەممەدی سوێند بێ، کورد لەو شەڕەدا دەدۆڕێ. کاکە دەوڵەت جیاوازە و بە هەموو رێگایەک دەتوانێ سەربازگیری بکات، سەرانە وەرگرێ، نەوت و وڵات دەفرۆشێ، بەڵام ئێمە چیمان هەیە. بە زات و سیفەتی خودای، کوردایەتی خۆشە، بەڵام بە تەنیا ناکرێ. خاڵە مینە تۆ خۆت باش شارەزای حیزبایەتی و شۆڕشی کوردانی، بزانە قەت شۆڕشێک سەرکەوتوە! ئەوەتا هەین هەر دارەدارەی دەکەین و دواتر دەکەوینەوە و ساڵانێکی زۆری دەوێ هەتا تووشی گاگۆڵکەکردن دەبینەوە. بە سەری منداڵە خۆشەویستەکانم، بە قوەتی شانان نییە و ئەگەر خودا نەیکرد و خەڵک نەجوڵا هیچ کارێک سەرناگرێ. ئایشێ بە ئاڵتونێ دەڵێ، بە خوای خوشکێ ئەگەر دڵت خۆشکردبا و ژنت بۆ هێنابا قەت تووشی پێشمەرگایەتی نەدەبو. ئەوەتا ماڵی ئێمە لە رەبەت هەموو تێوەگلاون، بەڵام کەسیان لە دوارۆژ دڵنیا نییە. برایەکمان هەیە، کە زۆرجار باس لە رزگارکردنی کوردستان و ژنهێنان دەکات. خاڵە مینە و ئاڵتون کە باسی کوڕەکەیان کرا زۆر کپ و بێدەنگ بوون و بە هێواشی گوتیان، بە سەری خۆشەویستان ئێمە زۆرمان هەوڵدا، کە واز لەو فێعلانە بنێ. گەنج و جحێڵی ئەو سەردەمەی گوێ لە کەس ناگرن و زەمانە گۆڕاوە. کوڕ و کچی ئەو سەردەمە بە کەیفی خۆیان دەکەن و هەر خوا ئاگاداریان بێ. پاش شەونشینیەکی خۆش و بەسەربردنی کاتێکی شاد وەستا جەلال و هاوسەرەکەی خواحافیزی دەکەن. خاڵە مینە بە دیتنی ئاسمان و کڕێوە توڕە دەبێ و بە تەوسەوە دەڵێ، ئەو ساڵ ئاسمان یەکپارچە بۆتە چاڵە بەفر و لە هەموو کونان دەبارێ. ئاڵتون بە وتەکانی مێردەکەی تووڕەیە و نزا دەکات، کە لە سەر رێگای راست و رەوا راوەستاو بن و خوا گوێ لە بەندەی گوناهبار رانەگری، کە بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان توڕەیە.

پەرویز لە پشت جاجمەکان رزگاری دەبێت، بەڵام شەو درەنگە و لە بەر پاراستنی خۆیان بە باشی دەزانن، کە گڵۆپەکان وەکوژێنن و لە تاریکیدا هەتا خەویان لێدەکەوێ درێژە بە قسە و باسەکان بدەن.

ئەو ماوەیە چەند کەسێک لە سەر هەڵکردنی چراتۆڕ و هەروەها گڵۆپ و نەکێشانی پەردەی پەنجەرەکانیان لە لایەن کوردە چەکدارەکانی رێژیم هەڕەشەیان لێکراوە. ئەو بنەماڵانەی هەتا درەنگانی شەو چراکانیان هەڵکراوە شک و گومانی ئەوەیان لێدەکرێ، کە میوانداری پێشمەرگە بکەن. لە ترسی ئەو دەنگۆ و هەروەها هەڕەشەی جاشەکان چراکانی ماڵ زوو دەکوژێنەوە و لە سەر جێگاکانیان درێژ دەبن. خاڵە مینە دڵەڕاوکەی زۆرە و لە ئێوارەوە لە ترسی ئاشکرابوون و هەروەها پەلاماری چەکدارەکانی رێژیم بۆ سەر ماڵیان تووشی زگچوون بوە و رێگای ئاودەست و تەوالیت بەرنادات. لە چاوی خاڵە مینە هەموو دونیا بۆتە گوندێکی بچکۆڵە و بە تێکڕا چاویان لە سەر ماڵ و بنەماڵەکەی ئەوە. شەو زۆر تین لە خۆی دەکات سەرە خەوێک بشکێنێ، بەڵام سوودی نابێ. ئاڵتون و پەرویز بە هێواشی قسە دەکەن و پاش خەوتنی خەجیج و محەممەد مەیدانی قسەکردن کراوەترە و باس لە رووداوەکان زۆرتر دەکەن. خاڵە مینە لە سەر دۆشەکەکەی ئارام ناگرێ و بە شێواز و فۆڕمی جیاواز رادەکشێ. ناوبراو دەچێتە سەر زگ و پشت و باوەشکێکی قوڵ دەدات و جنێوێک بە زەمانە دەدات. ئەو لە سەر جێگاکەی دادەنیشێ و پاش ماوەیەک بیرکردنەوە بە کوڕەکەی دەڵێ، رۆڵە زۆر بیر لەو چەند رۆژە دەکەمەوە، بۆیە ئەگەر خوانەخواستە ئاشکرا بووی یەکسەر خۆت تەسلیم بکە و ئاشکرای بکە، کە بۆ خۆت وازت لە دژە شۆڕش هێناوە و بۆ خۆرادەستکردنەوە هاتویتەوە. ئاڵتون کە شارەزای مێردەکەیەتی و دەزانێ چەندە تەنگەتاوە، بە ئارامی هانی مێردەکەی دەدات، کە بخەوێت و نیگەران نەبێ. سەرئەنجام لشکری خەو بە سەر سەربازە پەرتەوازەکانی خەیاڵ و زیندەخەونەکاندا سەردەکەوێ و ئەندامانی ماڵ بە تێکڕا دەچنە ئامێزی خەویکی شیرین. بەیانی رۆژی هەینییە و قوتابخانەکان داخراون، بۆیە نیگەرانی منداڵەکانیان نین و دەرفەتی پێکەوەبوونیان هەیە. ئەو شەوە سۆبەی داران گڕفەیەتی و گەرمایەکی تایبەت بە هەموو لایەک دەبەخشێ. سۆبەی نەوتێ تەنیا لە ژووری میوانان دانراوە، کە بە رێکەوت کەڵکی لێوەردەگرن و سەماوەر لە هەموو ماڵان ئەو ئامێرە خۆشەویستەیە کە نەوتی لێنابڕێ، چوونکە خەڵک ئۆگریەکی تایبەتیان بۆ خواردنەوەی چا هەیە.

مستەفا و حوسێن شەوی رابردوو لە ماڵەوە شەوێکی پڕ رووداویان بە سەر برد. مستەفا لە ترسی میوانان دوو جار بە زۆرەملی لە ژوورەوە خۆی پەنا داوە. ئەو بە ئاشکرا دەڵێ بۆ دیتن و دیداری ماڵ و خزمان هاتوومەوە و لەو خۆشاردنەوەی لە میوان و تەنانەت جیرانەکان بێزارم. بابی وەستا مستەفا جگەرە بە جگەرە دادەگریسێنێ و جاروبار ئاوڕێک لە وەستا مستەفا دەداتەوە و دەپرسێ، باشە ئەتۆ بۆ وازت لە وەستایەتی هێنا؟ لەو گوند و بەندەنانە کاری وەستایەتی پەیدا نابێ؟ کوڕم بۆ حیزبیش بەپارە

کاری وەستایەتی بکە. ئەگەر ئەمن ئەو کارەی تۆم دەزانی، بە فەخری عالەم حیزبیان لەسەر تاپۆ کردبام، هەتا خڕێ دۆڵتانچکی نەدەچووم و لە شار نەدەچوومە دەر. لە درێژەدا مام دەروێش لە مستەفا رادەگەیەنێ، کە بەخودای ئەو رێژیمە پیسە و بەهارێ لەو گوندانەش دوورتـــــــان دەخاتەوە. باشە، دوکتۆر قاسملو چۆن لەو زەمانەی تێدەگات و چەندە بە دوارۆژ دڵخۆشە؟ مستەفا بە قسەی بابی خۆت دەکەی بۆ بەهارێ لەو گوندانە دەست بە کاری وەستایەتی بکە و پاش هاوینێکی دیکە وەرەوە شاری. هێشتا بە تەواوەتی هەوداکان نەپساون و تازە سەرەتایە و کەس بە کەسە، بۆیە پاش گەڕانەوە بۆ بنکەکەتان بیرێکی لێبکەوە. بەو زەوادەی لە سەر سەفرەیە و هەموو رۆژێ تامی دەکەین هیچ شتێک لە کوردایەتی خۆشتر نییە، بەڵام رۆڵە کوردایەتی بە هەموان سەردەکەوێ. پێشمەرگە بە کەڵاشیکۆف و دوو نارنجۆک و ژێ سێ یەک بەرگەی ئەرتەش ناگرێ. شەڕی دەوڵەتان بە دەستی بەتاڵ ناکرێ و خۆ ناشکوری نەبێ، لەو هەموو حەشیمەتە ژمارەیەکی کەم چەکیان هەڵگرتوە. ئەگەرلە هەموو شارە کوردییەکان بە هەزاران کەس چەکی هەڵگرتبا، ئەمن شەرمم دەکرد بە تۆ بڵێم بگەڕێوە و چەک دابنێ، بەڵام خۆ ئەو شۆڕشەش هەر بە تۆ، کوڕی مام کەریم، خاڵە مینە و پور ئازیزێ ناکرێ. شۆڕش تۆپ و تەیارەی دەوێ و دەبێ دەوڵەتی گەورە گەورە لە پشتت بن. کوردە بۆر بۆ خۆشی نازانێ چی دەوێ؟ وەستا مستەفا سپاسی بابی دەکات بۆ قسەکانی و دواتر لە سەر ژیانی رۆژانە پرسیاری لێدەکات. مام دەروێش دەڵێ، رۆڵە بازاڕ بە گشتی راوەستاوە، بەڵام خودا هەتا سەر هەبێ، بێگومان نان و ئاوی دەداتێ. ئێمە بەو دوکانەی هەمانە وردە پارەیەک پەیدا دەکەین و شوکور بۆ خوا موحتاجی دەستی کەس نین. منداڵەکان باشن و کوڕەکان لە دوکان و لە کاری هاوینەدا باشن. ئێمە بە قەناعەتەوە دەژین و لە سەر سفرەی بە خۆشی کاتەکان تێپەڕ دەکەین و ماڵێکی ئارام و پڕ لە بەرەکەتمان هەیە. کوڕەکان و شوکری خوشکت گەورە دەبن و دواتر حاڵمان باشتر دەبێ. ئەمن ئەوەتا هەم لە بەیانی نەترساوم و رۆژ و شەو باوەڕم بە خوڵقێنەری یەکتا و تاقانەیە. ئێمە بەندەی خوداین و لەو دونیایەدا چەند رۆژێک دەژین، بۆیە باشترە چاک و ئەهلی خێر و پیاوەتی بین.

حوسێنی ئازیزێ پاش گەیشتنە ماڵێ زۆر دڵخۆشە و لە گەڵ دایکی پێکەوە شەو بە باس و قسەکردن لە سەر جیران و خزمان تێپەڕ دەکەن. ئازیز خەمی ئەوەیەتی، کە هەموو کوڕ و کچەکانی دامەزراون، بەڵام حوسێن بە تەنیا ماوەتەوە. بابی حوسێن هەشت ساڵ لەوە پێش لە کاتی هەڵقەندنی کارێزدا دەمرێ. ئەو پاش هەڵقەندنی کارێزەکە سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی کانیاوە تەقیوەکان دەبێ، کە بەشێک

لە کارێزەکە دەڕوخێ و کۆتایی بە ژیانی مام حەمزە دێنێ. ئازیز لەو ماوەیەدا زۆرترین کاتەکانی لە گەڵ حوسێنی تێپەڕ کردوە و لە هەموو منداڵەکانی دیکە لە یەکتر نیزیکترن. ئازیز پێشنیار بە حوسێنی کوڕی دەکات، کە ئەگەر نیازی ژنهێنانی هەیە چەند کچێکی باش لەو گەڕەکە هەن و کاریک دەکات، کە بۆ یەکتر بینین بانگیان بکات. حوسێن دایکی تێدەگەیەنێ، کە پێشمەرگایەتی و ژنهێنان کارێکی دژوارە. پیاو کە ژنی هێنا و بوونە خاوەنی منداڵ، ناکرێ و ناوگنجێ وەک سەردەمی سەڵتی هەڵسووڕ بێ. دایە، لە کوردەواریدا دەڵێن، ئەوەی لە سەر سەبرانە لە سەر خێرانە. با ئێمەش لە سەر سەبران بین و بە پشتیوانی خوا لە داهاتوودا خوازبێنی کچێک دەکەین، کە بە دڵی تۆ بێت. ئازیز قەناعەت بە قسەکانی کوڕەکەی دەکات و رادەگەیەنێ، کە دنیا پڕە لە ژن و ساڵیش نەبڕاون و سەرئەنجام ئەویش دەبێ.

کەماڵ و زارا لە گەڵ خوشکەکانی و کاوە پاش رۆیشتنی مستەفا، حوسێن و پەرویز دەرفەتێکی کراوەیان بۆ قسەکردن دەبێ. ئەوان بە کراوەیی باس لە خەم و کێشەکانی خۆیان دەکەن. پاش گیرانی مام کەریم دوو کێشەی گەورە لە ماڵدا سەریان هەڵداوە. یەکەم، کاوە مەیلی بۆ خوێندن نەماوە و نیازی هەیە ببێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. دووهەم، شیرین دەخوازێ مێرد بکات و ئەو کەسەی کە داوای دەکات، ناوبانگی باشی نییە و لە گەڵ پاسدارِ و بەسیجیان بینراوە و دەبیندرێ. زارا و لەیلا پێکەوە کێشەیان نییە و ئەوان بڕیاریان داوە، کە بەرگەی ئەو کێشانە بگرن و تەسلیمی رۆژگاری زاڵم نەبن. لەیلا لە بەر دژواری زەمان و ژیان چەند خوازبێنیەکی رەت کردۆتەوە و نیازی مێردکردنی نیە. ئەوان بە هاوکاری کەماڵ هەوڵی کردنەوەی گرێ کوێرەی کاوە و شیرین دەدەن. کەماڵ گوێ لە کاوە دەگرێ و رێنوێنی دەکات، کە کارێکی گونجاو نییە کە دایک و خوشکەکانی بە تەنیا بێڵێتەوە و تێکەڵ بە حیزبێک بێ. ناوبرا بە برایەکەی دەڵێ، کە هەر ماڵەو یەک کەسی بەردەکەوێ و ئەگەر لە هەموو کوردستان ئەو خەڵکە بەشداری لە شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا بکردایە، بێگومان ئەمڕۆ کارمان لە شوێنێکی دیکە بو. کاوە بیری لای شۆڕشی کرێکارانی جیهانە و زۆر بیر لە بیری نەتەوەیی ناکاتەوە. ئەو لە کتێب و بڵاوکراوەی کۆمۆنیست و کۆمەڵەکدا خوێندیەتیەوە، کە دوا چارەسەر شۆڕشی کرێکارانە و هەتا ئەو ڕۆژە زوڵم و بێدادی کۆتایی نایەت. کەماڵ و حیزبەکەی زۆر دڵیان بەو کۆمۆنیستە ئاگرینانە خۆش نییە و دەزانن، کە سەرئەنجام کێشەیەک بۆ خەڵکی کورد لە کوردستان دەنێنەوە. کاوە باس لە چین و تەبەقەی کارگەر دەکات، کە خاوەنی بەرهەمن و سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان بە زۆر

دەستیان بەسەردا گرتوە. کەماڵ لە کاوە تورەیە و دەپرسێ، باشە مامە ریشنە مارکسەکەی تۆ چۆن چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا دەکات؟ شۆڕشی کرێکاران چۆن ئەنجام دەدرێ و رێبەرایەتی ئەو شۆڕشە کێ دەیکات، ئاغا یان سەرمایەدا؟ ئەو پرسیارانە بۆ کاوە قورسن و ئەو هێشتا بە تەواوەتی نەچۆتە بنج و بناوانی کۆمۆنیزم و بیروباوەڕەکانی مارکس و لێنین. کەماڵ پاش تووڕەبوون لە کاوە و سووربوونەوەی لە خەیاڵ و قسەکانی براکەی، لە گەڵ شیرین قسە دەکات. ناوبراو وەبیر شیرین دێنێتەوە، کە ئەو خوشکی چووکە و لە کوردەواریدا خوشکی گەورە سەرەتا دەڕوات و دواتر خوشکی چووک مێردی دەکات. شیرین بەرگری لە خۆی ناکات، بەڵام دەیدرکێنێ، کە خوشکە لەیلا حەزی لە مێرکردن نییە و بڕیاری داوە مێرد نەکات. کەماڵ بە بیستنی ئەو قسەیە دەزانێ، کە شیرین خەونی مێردکردنی گەورەیە و بە ئاسانی دەستبەرداری نابێ، بۆیە رێنوینی دەکات، کە کچ و کوڕ لە هەڵبژاردنی هاوسەردا پێویستە ورد و ژیر بن و فریوی قسە و رووکار نەخۆن. رۆژگار گۆڕاوە و مرۆڤەکان وەک جاران لە ماڵ نین و جوڵەی خەڵک لە جاران زیاترە، بۆیە هەتا بۆت دەکرێ لە گەڵ کەسێکی کارکەر و خاوەن فکری بەرپرسیارەتی ژیانی هاوبەش پێکبێنە. شیرین لە کاکی دەپرسێ، باشە ئەو بۆ ژن ناهێنێ و ناگەڕێتەوە ماڵ؟ کەماڵ وڵام ناداتەوە و دواتر بە بێدەنگی لە ژوورەکە دادەنیشێ و لە پەنجەرەی ماڵەوە چاو لە روخساری زستان دەکات. دارە توەکەی ماڵیان و هەروەها هێندێک پاشماوەی خواردنەکان باڵندەکان و بە تایبەت کویلەکەکان لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. ئەوان لە جوڵەدان و بە فڕینی بە پۆل لە حەوشەی ماڵان و سەربانان موژدەی نیزیک بوونەوەی بەهار دەگەیەنن. لەیلا لە تەنیشت کاکی دادەنیشێ و دەخوازێ، کە خەمی کاوە و شیرین نەخوات و لە گەڵ دایکی زیاتر لە جاران قسەیان لە گەڵ دەکەن و هیواداره، کە ئەو برا و خوشکە سەرچاوەی ئارامی ماڵ بن. ئەندامانی ماڵ سەبارەت بە چارەنووسی بابیان زۆر خەمبارن، بەڵام لە گەڵ چارەنووسدا هیچ ناکرێ. لەیلا وەبیر ئەندامانی ماڵ دێنێتەوە، کە بابیان لە پێناوی بەختەوەری ئەواندا خۆی هاویشتە نێو ئاور و ئێمە نابێ بێوەفابین.بە وتەی لەیلا، بابیان پاش ئازادبوون دەبێ بە ئێمە و ناوبانگمان سەربەرز بێ. ئێمە پێویستە کوڕ و کچی باش و خاوەن کەسایەتی بین و ناکرێ وەک پووشکە و گیا وشکەی هاوین بە ئاسانی بە هەموو بایەک ببزوین و هەر رۆژەی لە کۆڵان و قوژبنێک بسووڕینەوە. دایکمان بەرگەی خەم و خەفەتی زیاتر ناگرێ و با هەر کەس لەبەر خۆیەوە یارمەتیدەر بێ. شیرین زۆر بە قسەکانی لەیلا دڵخۆش نییە و هەموو وشەیەکی خوشکەکەی بە بەربەستێک بۆ خۆی پێناسەدەکات. کاوەش هەوای داس و کوچکەکە لە سەری داوە. لە خەیاڵی ناوبراودا، بەیانی چینی کرێکار، رەفیق مارکس و لێنین وێڕای

هـاوڕێ مـائۆ کلیـل و ڕەمـزی سەرکەوتن دەدەنـە کرێکـارانـی قوربـەسەری بێکـاری کوردسـتان و وەرزێـڕە دەست قەڵشیوەکان.

زارا دەزانـــێ ئەو ڕۆژانـە بەنرخن و گـــوێ بە دمەتەقەی خوشـــک و براکـــان نـــادات و لـە دەوری ژووری چێشتلێنان گورجوگۆڵ دێت و دەچـی. ئەو بە نیـازە ئەمڕۆ خـواردنێکی خـۆش بـۆ کوڕەکەی ئامـادە بکـات، کە ساڵان گەورە پیاو و کوێخا و هەروەها ئاغاوەتیـان پـێ داوەت دەکـردن. دۆکڵیـو بـە ڕۆنـی خۆمـاڵی، کە زیـاتر بە ڕۆنـی کـوردی دەناسـرێ. دۆشـاوی ترێـی کۆڵەسەی هـاوار دەکـات و وێکـڕا ئەنـدامانی مـاڵ بـۆ ڕێزگرتن لـە دایـک و باوکیـان باسـی مێردکـردن و بوونـە کۆمەڵـە کۆتـایی پێـدێنن. جیرانـەکان و گەڕەک لـە هەناوی زستاندا کـڕ و بێدەنگە و خەڵک سەرقاڵی کاروبـاری خۆیـانن. ڕۆژی هەینـی لـە مزگەوتـی سـووری شار نوێژی هەینـی دەکرێ و ماوەیەکە بە زۆر ئیمـامی جومعـە ناچـارە بـاس لـە شەڕی عێـراق و ڕەوایەتـی نیزامـی ئیسـلامی و هەروەها لاڕێبـوونی دێمـوکڕات و بـاقی هێـزە کوردییەکان بکـات. خەڵک هێشـتا بـە تەواوەتـی لـە قـاڵب نەدراون و تەوژمی خـۆڕاگری کـوردان دانـەمرکاوەتـەوە، بۆیـە زۆر کەسـی ئیمانـدار لـە چـوون بـۆ نـوێژی هەینـی خۆدەپـارێزن. بەشـێک لـە خەڵک دەچـن و تەنیـا لـە نوێژەکەدا بەشـدار دەبـن و وەک بەرزەکی بانـان بـۆی دەردەچـن. مەلا بـۆ ئەوەی دڵـی خەڵک و هەروەها خـوا لـە خـۆی رازی بکـات، هەموو ڕۆژێکی هەینـی باس لـە زۆرداری دەکات و خـۆڕاگری خەڵک و موسڵمانان دژ بـە کـافر و زاڵمـان بـە ئەرکیکی ئـایینی ناودەبـات. ئەو نـاوێرێ زۆر خـۆی لـە قەرەی سیاسەت و کوردایەتـی بـدات و بـە خێرایـی لـە پرسەکانـی تایبـەت بـە کورد و کوردستان تێدەپەڕێ و زۆر جاران بۆ خۆشاردنـەوە لـە هەڵوێست پەنـا بـە حەدیسێکی نەبوی دەبـات، کە سەردەمی پێغەمبەری ئیسـلام لـە مەککە و مەدینـە ڕوویـان داوە. بەشـێکی زۆر لـە نوێژکەران دەزانـن، کە ئاخونـدە دەسەڵاتدارەکان لـە گەڵ دینـی ئیسـلام ناتەبان و بـە نـاوی دیـن زۆر کاری قێـزەون دەکەن و کوردەکـان دەکـوژن و بەنـدیان دەکەن. ئەوان ئاگـاداری کوشـتاری بـە کۆمەڵـی خەڵکی گونـدی قـارنـێ و قەڵاتانن. مەلاکانـی کوردسـتان دەزانـن، کە مەلا مەحمودی مەسـتورزادە مەلای گوندی قارنـێ کاتێک قورئـان لـە سەر دەست لـە پاسداڕەکان دەپاڕێتەوە، کە خەڵک نەکوژن و پێشمەرگە لەو گوندەدا نیە، چۆن وڵامی دەدەنەوە. پاسداڕەکان بـە چەکی زاڵمانـە دەسـترێژ لـە مەلا مەحمود دەکەن و لـە سەر خاکی کوردستان درێژدەکرێ. ژمارەیەک لـە خەڵکی نیشـتمانپەروەر ڕەخنـە لـە مەلا کوردەکـان دەگـــرن و باوەڕیـــان وایـە، کە نـــوێژکردن لـە پشـــت ئەو ئیمـــام و مەلایانـە ڕەواو و دروســـت نییـە. ئەوان چاوەڕوانیـــان لـە مەلا و ئیمـــام جومعەکانـە، کە کوشـــتاری بـە کۆمەڵـی خەڵک و لـە ســـێدارەدانی ڕمەکی

لاوەکان قبوڵ نەکەن. مەلاکان دەتوانن قورئان و حەدیس بکەنە پاڵپشتی داواکارییەکانیان و بەرگری لە گەلێکی مەزڵوم بکەن. مەلا کوردەکان زۆربەیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و ئامادە نین لە پێناوی حەق و راستیدا سەر و ماڵی خۆیان فێدا بکەن. تەنانەت بەشێک لەوان لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیدا بە ناوی جیاواز و بۆ مەرامی خۆیان زۆر نارەوایانە دژ بە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان وەستانەوە و چەکداری حیزبە سیاسییەکانیان بە کافر و لادەر لە رێبازی ئیسلام دەناساند.

خاڵە مینە لە جوڵە نەکەوتوە و بەو سەرمایە لە شەقامی سەرەکی شاردا وەک پیاوی قەرزدار تونـد تێدەپەڕێ. بە نیازە بۆ نوێژ بچێتە مزگەوتی سوور و یەک و دوو گەورە جاش ببینێ. ناوبراو کاتەکان بە دژواری تێپەڕدەکات و وەک لە سەر ئاور و ئاسن بێ. هەرچەندە هێزەکانی رێژیم زیاتر لە بنکەکانی خۆیاندان و لە دۆخی بەرگریدان، بەڵام ترس ئەوە نازانێ. سرووشت و چاوەکانی خاڵە مینە، سەرباز و پاسداڕی رێژیم لە سەر زەویی و ئاسمان دەبینن. کاتێک ناوبراو دەگاتە مزگەوت، ئیمام و خەتیب لە سەرەتای خوتبەکەیدایە و سڵاو بۆ پێشەوایان ئیسلام و ئیمامانی ئەهل سوننە و جەماعەت دەنێرێ. خاڵە مینە بە پەلە خۆی دەخزێنێتە ریزی دووهەمی نوێژکەران و ئاگاداری ئەوە نییە، کە چەندە نوێژکەرەکان بەو جوڵە کوتوپڕانە ئازار دەدات. حاجی رەحمان چاوێک لە خاڵە مینە دەکات و بە کورتی ئەحواڵی دەپرسێ. خاڵە مینە بۆ دۆزینەوەی جاشە بە ناوبانگەکان شار، کە لە ریزی یەکەمی نوێژکەراندا دانیشتوون خۆی بەرز و نەزم دەکات. پاش تەواوبوونی نوێژی هەینی ناوبراو بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە یەکێک لەو جاشانە و تۆقەیەکی گەرمی لە گەڵ دەکات. جاشەکە تێدەگات، کە خاڵە مینە رەنگە داواکاری یان کارێکی هەبێ. خاڵە مینە بە گوێی جاشەکەدا دەچرپێنی، کە پرسیارێکی هەیە و ئایا ئێستا گونجاوە بۆ قسەکردن؟. جاشەکە دەڵێ، خاڵە مینە ئەگەر پرسیارەکەت زۆر قوڵ و سیاسی نییە، بەڵێ ئێستا ئامادەم. خاڵە مینە دەپرسێ، ئەگەر پێشمەرگەیەک بگەڕێتەوە سەر ژیان و ماڵی خۆی، ئایا بەرپرسانی رێژیم لە ئیتلاعات و سپای پاسداران زیندانی دەکەن؟ چەکدارەکەی رێژیم دەڵێ، ئیسلام دینی بەخشین و عەفوکردنە و ئەگەر چەکداری سەر بە زیدی ئینقلاب تۆبە بکەن، بە فەرمانی ئیمام دەبەخشرێن. خاڵە مینە، بەو زستانە و لە نێوەڕاستی مزگەوتێ لە پرسیارکردن بەردەوامە و دەخوازێت، لە چۆنیەتی تۆبەکردنەکە تێبگات. چەکدارە کوردەکەی سەر بە رێژیم بە کورتی روونی دەکاتەوە، کە تۆبەی سیاسی بەو مانایەیە، کە ئەو چەکدارە لە کردەوە سیاسیەکانی پەشیمانە و داوای لێبوردن لە رەهبەری نیزام دەکات و قەت پاڵپشتی دوژمنانی شۆڕشی ئسیلامی و ئیمام ناکات. خاڵە مینە بە پێکەنینێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکە دەڵێ، بە خوا شەپکە تونده و باشترە پیاو لە ماڵی

خۆی نەچێتەدەر. جاشەکە پرسیاری پەرویزی لێدەکات، کە لە کوێ چەکدارە و بۆچی ناگەڕێتەوە؟ خاڵە مینە هەڵوێستەیەک دەکات و دەپرسێ، کاکی من ئەوڕۆژانە کێ ئاگای لە کێیە؟ بە ماڵی خوای سوێند دەخۆم، کە رۆژگارەکە لە ئاخیر زەمان دەچێ و کوڕ بە قسەی بابی ناکات. سەردەمی ئێمە باب و دایک دەسەڵاتیان بە سەر کوڕ و کچی خۆیاندا دەشکا. ئەو سەردەمە هەموو لایەک لە دەوری یەکتر بووین و چ باسی شۆڕش و ئینقلاب نەدەکرا و ژیان یەکجار خۆش و پڕ لە جوانی بو. کاکە باوەڕت بێ، رەنگە ئێوە زۆرتر ئاگاتان لێبێ. ئێمە خۆت دەزانی دوکاندارین و ناتوانین بەدوای کوڕەکەمدا شاخ و دۆڵان بکەم. پاش ماوەیەکی دیکە مزگەوتەکە چۆڵ دەکرێ و چەند نوێژکەرێک بە دوای پێڵاوەکانیاندا دەگەڕێن. خاڵە مینە بەو نوێژکەرانە دەڵێ، ئەی ئەهلی مزگەوت و جەماعەت وەک من بکەن، ماوەیەکی زۆرە بە پێڵاوێکی زۆر کۆن و دڕاوەوە بۆ مزگەوت دێم و دەزانم کەس ئەو پێڵاوانەی ناوین. زۆر کەس بە ناوی نوێژکردن بۆ گۆڕینەوە پێڵاوەکان دێتە مزگەوت. ساڵان، کە ئینقلاب نەکرابو، پێڵاودزین زۆر کەم و دەگمەن بو،بەڵام ماوەیەکە پیاو دەبێ ئاگاداری سەر و ماڵی بێ. رۆژگارە و دنیا گۆڕاوە و تەنیا بە خوای چاک دەکرێ و ئیمان لاواز بوە. چەکدارەکەی رێژیم پێڵاوەکانی لە کیسە نایلۆنێک ناوە و مجێوری مزگەوت بۆی لە شوێنێک تاقەت کردوون. خاڵە مینە دەچێتە ماڵ و چیرۆکەکە بە تەواوەتی بۆ هاوسەر و کوڕەکەی دەگێڕێتەوە. ئاڵتون تووڕە دەبێ و داوای لێدەکات، کە ئەو چەند رۆژانە بەڵایەکیان بەسەر نەیەنێ. پەرویز لە کاری بابی دڵگرانە، بەڵام بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و دەزانێ، کە خەمی منداڵ گەرانە. بۆ ئەوەی خاڵە مینە سەرگەرم بکات، داوای لێدەکات کە چەند بۆ خۆیی و هاوڕێکانی سەر و قاتێکی کوردی بدروێ و هەر کەس پارەی خۆی دەدات. خاڵە مینە لە بەرزی باڵ و پانی شانان دەپرسێ، بەڵام پەرویز پێشنیار دەکات بۆ زانینی ئەندازەی تەواوی ئەو هاوڕێیانە سەردانیان بکات و ئەوڕۆ باشترین کاتە. پاش نیوەڕۆیە، خاڵە مینە ماڵەکان دەگەڕێ و بە دیداری هاوڕێی کوڕەکەی شاد دەبێ. ئەندازەی پێویست بۆ دروینی قاتی کوردی لە مستەفا، حوسێن و کەماڵ دەگری و لە سەر رەنگی قوماشی خۆڵەمێشی یان خاکی ساغدەبنەوە. کاتێک خاڵە مینە ئەو کوڕانە و ماڵەکانیان دەبینێ غیرەتی دەچێتەسەر و بە خۆی دەڵێ، ئەو ترسە ترسەی ناوێ و مرۆڤ هەر جارێک دەمرێ. ئەو لە ماڵی وەستا مستەفا زیاتر دەمێنێتەوە و لە گەڵ مام دەروێش زۆر باسی رۆژگار دەکەن. وتەکانی مام دەروێش مرۆڤ ئارام دەکەنەوە و ناوبراو زۆر بە رووداوەکان تووڕە نابێ و هەڵەی مرۆڤ بە گوناه نازانێ. ناوبراو بۆ خاڵە مینە باس دەکات، کە مرۆڤ بۆ فێربوون هاتۆتە سەر گۆی زەوی و لە رێگای هەڵە و خەتاوە فێر دەبێ. مام دەروێش ترسی خۆی لە شەڕی نێوان کوردان ناشارێتەوە و ئەو شەڕەش بە گوناهێکی

نەبەخشراوە دەزانی. بە گوێری تێگەیشتنی مام دەروێش ئەو هەموو حیزبە چەکدارە چۆن لە گەڵ یەکتر دەحەوێنەوە؟ ناوبراو رەخنەی زۆری لە کوڕانی مەلا مستەفا هەیە، کە بوونە هاوسەنگەری پاسداڕەکان و شەڕی سەنگەربەسەنگەر لە گەڵ پێشمەرگەی کورستانی کوێستان دەکەن. خاڵە مینە بۆ مام دەروێشی دەستێنێتەوە و دەڵێ بەو دەستەی لە سەر قورئانم داناوە، ئەوانە بە ئەندازەی یەک سەرە دەرزی خێریان بۆ کورد نەبوە و نابێ. ئەوانە لە رابردوو و ئەمڕۆ و تەنانەت لە داهاتووشدا بە ناوی کوردایەتی خزمەتی دەوڵەتە خوانەناسەکان دەکەن. مام دەروێش باوەڕی وایە، کە گیا لە سەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە و باس لەوە دەکات، کە مەلا مستەفا و کوڕەکانی وەک یەکتر سیاسەت دەکەن، بەڵام لە دوو سەردەمی جیاوازدا. فەرقی باب و کوڕان نییە و کورد لە مێژە گوتویەتی، گەورە ئاوێ دەڕێژێ و بچووک پێی تێدەخات. سەردەمی مەلا مستەفا کوردی ئێمە لەودیو دەکوژران، دەگیران و رادەستی ئێران دەکرانەوە و ئەمڕۆ کوڕەکانی زیاتر لە باوکیان دەکەن. ئەوان لە وڵاتی خۆیان هەڵاتوون و غیرەتی گەڕانەوەیان نییە و سەرقاڵی یارمەتیدانی ئاخونـدەکانن و وەک چەکداری بەکرێگیراو خەیانەت لە کوردی ئێرە دەکەن. خاڵە مینە بە پێکەنینەوە خواحافیزی لە مام دەروێش دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، کە چیرۆکی کوردان زۆر شپرێوە و سەر و بنی ناچێتەوە سەر یەک، بۆیە ئەمڕۆ ئێمە تووشی ئەو کێشە و گرفتانە بووین.

رۆژەکان بە پەلە تێدەپەڕن و حەوتووی دیدار خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات. خاڵە مینە قاتە کوردییەکانی تەواو نەکردوە وبڕیارە بۆ پێنج شەممە تەواویان کات. کەماڵ، مستەفا، حوسێن و پەرویز لە رێگای دایک و بابیان یەکتر ئاگادار دەکەنەوە، کە پاش ئەوەی قاتەکان تەواو بوون لە شار دەچینەدەر. کەماڵ دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و لەو ماوەیەدا دوو جار بە نهێنی لە بنکەی رێژیم لە شێخ مەولانا، شیرکەتی نەوت، خانووی مەلا وەسیمی و پایەگای کانی بۆگەن نیزیک دەبێتەوە. ناوبرا مەبەستیەتی، وردە زانیاری لە سەر مۆڵگەکانی رێژیم کۆکاتەوە و ئەگەر گونجا لە کاتی گەڕانەوەدا بە چەکی سووک زەبرێک لە بنکەیەکی ریژیم بدەن. ئەو ئاگاداری ویستی هاوڕێکانی نییە و نازانێ، کە پەرویز چەندە بەرگەی ئەو کارە دەگرێ، چوونکە هێشتا برینی دەست و سەری بە تەواوەتی چاک نەبۆتەوە. کەماڵ ساغدەبێتەوە، کە شەوی چوونەدەر و پێش ئەوەی لە ماڵی ئەوان بچنەدەر دەتوانن پێکەوە کورتە کۆبوونەوەیەک بکەن و لە سەر ئەو بابەتە بیروڕا بگۆڕنەوە. لە هەڵسەنگاندنی یەکەمدا، باشترین شوێن بۆ زەبرلێدان بنکەی شێخ مەولانا یان شیرکەتی نەوتە. ئەوان پاش زەبرلێدان لەو

بنکانە بە ئاسانی دەتوانن دەرچن و بەو زستانە هێزەکانی رێژیم تەنیا چەند روونـاکی پەژێن هەڵدەدەن و بە چەکی نیوەقورس رێگاکانی دەوروبەری شار ئاوربـاران دەکەن. چەکدارەکانی رێژیم ئازایەتی و ئامادەیی چۆنەدەر لەبنکەکانیان نییە و ئەو پەڕی تەقە لە ئاسمان و رێگاکان دەکەن. رۆژی پێنج شەممە قاتەکان تەواو کراون و شەوانی دیدار گەیشتنە کۆتایی. وەستا مستەفا لە مام دەروێش و ماڵەوە ماڵئاوایی دەکات و بەرەو ماڵی حوسێن دەچێت. ئەوان پاش خواحافیزی لە پورە ئازیز، پێکەوە بۆ ماڵی پەرویز دەڕۆن و ماوەیەکی کورت لەوێ دەمێنەوە و پارەی قاتەکان دەدەنە خاڵە مینە. پاشان بە تێکڕا بۆ ماڵی مام کەریم دەچن و لەوێ کاتژمێرێک دەمێننەوە. کەماڵ لە بەر ئەندامانی ماڵەوە دەرفەتی قسەکردن لە گەڵ هاوڕێکانی بۆ زەبرلێدان لە بنکەیەکی رێژیمی نییە. کەماڵ لە هاوڕێکانی دەپرسێ، کە چەندە پارەتان داوە بۆ قاتەکان با دایکم بەیانی بیداتە خاتوو ئاڵتون. وەستا مستەفا دەڵێ، کاکە پارەکەی تۆ دراوە و دواتر حیساب دەکەین. چەکدارەکان وەک رۆژانی هاتن چەک و رەختەکانیان دەبەستن و باڵتۆ دریژەکانیان بەسەردا بەردەدەنەوە و بە جەمەدانەکانیان بەشێک لە روخساریان دادەپۆشن. شەوێکی سارده و ئەستێرەکان بە جوانی دەدرەوێشنەوە. کۆڵان وشەقامەکانی شار کز و بێدەنگن و لە حەژەمەتی داگیرکاریی روخساریان دەرناخەن.

کەماڵ و هاوڕێکانی لە ماڵ دەردەکەون و خەمێکی گەورە بۆ ماڵەکانیان جێدێڵن. ئەوان لە گەڕانەوەدا زۆر خەمی تێکهەڵچوونیان نییە و دەزانن، کە ئەگەر لە سەر شەقامی شار هێزەکانی رێژیم بکوژرێن هەتا بەیانی کەس بە هاواریانەوە ناچێ، بۆیە زۆر ئاسایی یەکەم کۆڵانی گەڕەکەیان تێپەڕ دەکەن و دواتر دەکەونە سەر شەقام. کەماڵ لەو دەرفەتەدا باس لە بیرۆکەی زەبرلێدان لە بنکەیەکی رێژیم دەکات، بەڵام هاوڕیکانی بە گونجاوی نازانن. مستەفا و حوسێن وەرزی وشکانی بۆ ئەو چالاکیانە بە گونجاو دەزانن و پەرویز دەرفەتی قسەکردنی نابێ، چوونکە لەو کاتەدا تویوتایەکی نیزامی بە بەردەمی ئەواندا تێپەڕی. ئەوان کەمێک دەشڵەژێن، بەڵام لە پڕ دەڵێن ئەگەر بگەڕێتەوە راوی چاکە و سەرو دەسترێژێکی لێدەکەین و دواتر بەو رێگایەدا سەردەکەوین. بۆ ئەو مەبەستە پەرویز دەنێرنە کۆڵانی بەرامبەریان و پێشنیاری پێدەکەن، کە هەتا تەنیشت چاڵە بەفرەکەی گۆڕستانەکە بڕوا، بەڵام کە تەقە دەستی پێکرد، لە شوێنی خۆی هەڵنەستێ. وەستا مستەفا، حوسێن و کەماڵ لە دوو شوێنی جیاواز و بە دووری ١٠ میتر لە یەکتر خۆیان مات دەکەن، بەڵام خەبەری گەڕانەوەی ئوتۆمبیلە نیزامیەکە نییە. ئەوان خەریکە چەکەکانیان بە شاندا بکەنەوە، بەڵام دەنگی ئوتۆمبیلەکە دۆخەکە

دەگۆڕێ. سێ چەکی کەڵاشینکۆف لەو شەوە ساردەی زستاندا خەریکە بیرۆکەکان دەکەنە کردە و لە بیر و وشەکان رووداو دەخـــــــوڵقێنن. قامکەکان لە سەر پەلاپیتکەی چەکەکان ســـــــڕ و دڵەکان لە بەردەم دەسترێژی چەکەکان خێراتر لێدەدەن.لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا چاوەکان پێویستە تیژ بن و هەڵە نەکەن و تەنیا لە هێز و کەلوپەلی نیزامی بدەن. ئوتۆمبیلە نیزامیەکە بە خێراییەکی زۆر خەریکە لە چەکدارەکان تێپەڕێ، بەڵام ئاگری چەکەکان لە سەر سینگی شەقام شۆفیر و سەرنشینەکانی وێڕای ماشێنەکە لە کار دەخەن. شۆفیرەکە و چوار بەسیجی لە کۆتایی ساتەکانی تەمەنیان هاواری ئەڵڵاهوئەکبەر و یا حوسێن سەرهەڵدەدەن. پێشمەرگەکان بۆ دڵنیابوون بە پەلە لە ماشێنەکە نیزیک دەبنەوە سەر و دەسترێژی لێدەکەن و دەڕۆن. ئەوان بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و لە بەر دۆخی تایبەتی پەرویز لە چوونە سەر کوژراوەکان خۆ دەبوێرن و ئەو دەسکەوتە بۆ خۆیان بە تەواو دەزانن. ئەوان بە پەلە دەگەنە شوێنی دیاریکراو و پاش یەکگرتنەوە لە گەڵ پەرویز بەرەو پشت گەڕەکی دۆڵتانچک دەڕۆن. هێزەکانی رێژیم لە چەند مۆڵگەیەکەوە بە چەکی جیاواز رێگاکانی دەوروبەری شار ئاورباران دەکەن. بۆ دیتنی زیاتری ناوچەکە لە شەودا مۆڵگەکانی رێژم چەند رووناکی پژێنێک هەڵدەدەن و لە ژێر تیشکی ئەواندا درێژە بە ئاورباران کوێرانە دەدەن.

رێگای دەرچوون لە شار بە داوینی گردە سووردا تێدەپەڕێ. ئەو رێگایە بۆ چەکدارەکانی بە رێگای رەش ناسراوە، بۆیە لە کاتی سازبوونی تێکهەڵچوونی چەکداری هێزەکانی رێژیم لە درسترێژی چەکەکانیان بێبەشی ناکەن. چەکدارە کوردەکان لە ماوەی نیو کاتژمێرێکدا لە بازنەی دیتنی مۆڵگەکانی رێژم دەردەچن و دەگەنە گۆڕانان.ئەوان لە رێگادا تووشی چەند کۆڵبەرێک دەبن، کە لە بەر دەسترێژی کوێرانەی دوژمن و هەروەها تەقینەوەی چەند خۆمپارەیەک (هاوەن) خۆیان لە بەفردا تەخت کردوە و کۆڵەکانیان بۆ پارێزگاری لە جەستەی خۆیان لە سەر شان هەڵناوە. پێشمەرگەکان سڵاوێکی ئارام لە کۆڵبەرە درێژبوەکان سەر سینگی بەرفر دەکەن و دەڕۆن. کۆڵبەرەکان بە غیرەتی ئەو چەکدارانە راست دەبنەوە و خۆیان لە ترسی مردن رزگار دەکەن و کۆڵەکانیان بەرەو گوندی ژاژۆکە دەبەن. بەشێک لە کۆڵبەرەکان شەوان دوو کۆڵ کاڵایانە دەگوازتەوە. رۆژانە چەکدارەکانی رێژیم و کوردە بەسیجەکان لە بەشێک لە گەڕەکەکانی شار و لە سەر رێگا گشتییەکان رادەوەستن و سەرقاڵی گرتنی کەلوپەلی خەڵکن. لە ئاکامدا، خاوەن بار و کەلوپەلەکان ناچارن شەوانە کاڵاکانیان بۆ دەرەوەی شار بگوازنەوە.

پاش کاتژمێرێک کەماڵ و هاوڕێکانی دەگەنەوە بنکەی دێموکراڕت لە مارەغانی. پێشمەرگەکان و خەڵک

لە تەقەی شـار نیگەران بـوون و هەر کەسە و لێکدانەوەیەکی بـۆ کـردوە. بەرپرسـی دەسـتەی کـاوە مارەغـانی زۆر ئاگـاداری چوونەوەی ئەو پێشـمەرگانەیە بۆیە، لە چارەنووسـی ئەوان نیگەرانە. بە تایبەت، کە ئەوان بڕیـاربوو رۆژی چوارشەممە بگەڕێنەوە و رۆژێـک وەدرەنـگ کەوتوون. هەوڵی ئەو رووداوە بـۆ رادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی ئێـران رەوانە دەکـرێ و دوای چەنـد رۆژێـک وەک چالاکیەکی چەکـداری دەخوێندرێتەوە. خەڵکی شـار بـۆ رۆژی دواتـر بە ترسەوە پرسـیار لە یەکتر دەکەن و ئەوان تامەزرۆی بیسـتنی هەواڵی رووداوی شەوی رابـردوون. بەشـێک لە خەڵکی سەر ئەو شەقامە و نیزیـک رووداوەکە، لە پەنجەرەی ماڵەکان بە ئاگـاداری دوادەسـتڕێژی چەکـدارەکان لە تویوتـا نیزامیەکەن. رێژیم بەرەبەیانی زوو، هێزەکـانی بە شـاردا بڵاودەکاتەوە، کە لە سێبەری خۆیـان دەپرینگێنەوە و هەر هەنگاوێک بە ئەڵڵاهوئەکبەڕێک دەچنەپێش. بەشێک لەو پاسدار و بەسیجیانە دەگەنە سەر ماشینە بە گوللە دابێژراوەکە و تەرمی چـوار چەکـداری رێژیـم دەدۆزنەوە، کە شەوی رابـردوو کـوژراون. ئەوان بـۆ شـاردنەوەی رووداوەکە تێدەکۆشـن خوێنە رژاوەکە بە ئـاو بشـۆنەوە، بەڵام لەو کـارەدا زۆر سەرکەوتوو نـابن، چوونکە ژمارەیەک لە جیرانەکان لە کەلێنی پەردە کێشـراوەکانیان شـاهیدی ئەو رووداوەن و دەزانـن چـی قەوماوە. هێزەکـانی رێژیـم بە زەحمەتێکی زۆر ماشـێن و کوژراوەکـان لە شـوێنی رووداوەکە دەگوازنەوە. ئیتلاعاتی سپا چەنـد چەکداریکی کورد کۆدەکاتەوە و شەنوکەوی ئەو رووداوەیـان لە گەڵ دەکات. بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخەکە ژمارەیەک چەکدار بۆ پشکنینی چەند ماڵێک لە شوێنی رووداوەکە و هەروەها ٤ گەڕەکی شـار دەنێـرن، کە دەروازەی هـاتوچۆی شـار و گونـدەکان بە ئەژماردێن. زۆربەی خەڵک لەو رووداوە شـادن و کەمتر دەترسـن، چوونکە ئەوان بە هیـچ جـۆر ئاگـاداری ئەو رووداوە نیـن و هیچ چەکدارێک خۆی لە ماڵەکانیاندا حەشار نەداوە. بۆ پشکنینی ماڵەکان کوردە چەکدارەکانی رێژیم وەک شـارەزا لە ریـزی پێشەوەن و ئەوان لە بەرچاوی پاسـداڕ و بەسـیجیەکان لە هیـچ کردەوەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەر بە هاوشـارییەکانیان خۆنـابوێرن. لە جنێـو و شـکاندن و تەنانەت لێـدانی ژمارەیەک گەنـج و لاو تەنەخی ناکەن و بە چەکـدارەکانی رێژیـم دەیسەلمێنن، کە ئەوان خۆفرۆشـێکی راستەقینەن و پڕ بە دڵ ئامادەی خەیانەتن.

مـاڵی مـام کەریم، خاڵە مینە، پورە ئـازیز و مـام دەرویـش پـاش دەرکەوتنی کوڕەکانیـان هەتا بەیانی چاویان لە سەر یەک دانەناوە. ئەوان شەو هەتا بەیانی دەست بە دوعا بوون و بۆ سڵامەتی کوڕەکانیان پاڕانەوە. بەیانی هەموو ئەو بنەماڵانە پێـش خەڵکی دیکە لە مـاڵ دەچنەدەر و بە دوای هەواڵەکانـدا

دەگەڕێن. بە ڕێکەوت مام دەروێش، خاڵە مینە و هاوسەرەکەی، زارای مام کەریم و هەروەها ئازیزی دایکی حوسێنی لە دەوروبەری سەرچاوی شار لە یەکتر هەڵدەنگون. ئەوان لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانن و بە پارێزەوە سڵاو لە یەکتر دەکەن و بە کورتی دەپرسن، ئایا هیچتان بیستوە؟ مام دەروێش دەڵێ نیگەران مەبن، ماوەیەک لەوە پێش پێشمەرگەیەکی موسڵمان تەنیا باسی کوژرانی چوار چەکداری ڕێژیمی کردوە، کە لە ماشێنەکەیاندا کوژراون. ئاگاداری خۆتان بن و بچنەوە ماڵ و کوڕەکان بە هیممەتی خوا سڵامەتن.

چەکدارەکانی ڕێژیم وەک ژەنگە سوورە هاروژێندراون و بەو زستانە لە سەر شەقام و کۆڵانی تەنیشت بنکەکانیان خەڵک چاوترسێن دەکەن. ئەوان پاش پشکنینی ماڵەکان بە دەستی بەتاڵ گەڕاونەوە و بەرپرسانی سپا لە شار نیگەرانن. ترسی ئەوان لە دووپاتبوونەوەی ئەو هێرشە کوتوپڕانەیە، بۆیە داوادەکەن و هەوڵدەدەن سەرە داوێک لەو ڕووداوە پەیدابکەن. بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکان ئەوانیش گوێ لە ڕادیۆی هێزە کوردییەکان دەگرن، بۆیە ئاشکرابوونی ئەکتەرەکانی پشت ئەو ڕووداوە بە ڕادیۆ دەسپێرن. پاش خوێندرانەوەی خەبەرەکە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەرپرسانی سپا و ئیتلاعاتی دڵنیابوونەوە، کە ئەوانە دەرچوون و لە شاردا خۆیان پەنانەداوە. بەرپرسی سپا جاشەکان ڕادەسپێرێ، کە زانیاری لە سەر ئەو ماڵانە کۆبکەنەوە، کە کوڕەکانیان لە گەڵ حیزبە هەڵوەشاوەکان و دژە شۆڕشن. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ناوی زۆربەی ئەو بنەماڵانە دەدرێتە بەرپرسانی سپا و ئیتلاعات و بەمجۆرە سیخوڕە کوردەکان وەک کەو بۆ لەداوخستنی کەوەکانی دیکە دەخوێنن و دەبنە داردەستی نوێنەرانی وێرانی و ئاژاوە.

شیرین لە پێناوی دڵداری و گەیشتن بە کەسێکی نیزیک لە ڕێژیم خەریکە هێڵە سوورەکان دەبەزێنێ. ئەو لە گەڵ تازە بەسیجییەک ئاشنا بوە و لە پێناوی گەیشتن بە یەکتر دژ بە بیری کوردایەتی دەوەستێتەوە. ناوبراو، بە سرووشت و کردەوەکانی بە کچکێکی سەنگین و گران نەدەبیندرا و تەنیا لە سەر بناخەی هەست و پێکەنین ڕووداوە چووک و گەورەکانی دەدیت. لە کاروباری ماڵدا مرۆڤێکی قالبگران و لە تێگەیشتن لە نەخشی دایک و خوشکەکەی سەرگران و لاسار. هەر مرۆڤەی جۆرە سرووشتێکی هەیە و بە شێوازێک لە گەڵ دەوروبەردا هەڵسوکەوت دەکات. بەشێک لە شارەزایانی پەروەردە لە ڕادەبەدەر باس لە کاریگەرییەکانی پەروەردە لە سەر منداڵ دەکەن، بەڵام ئەوان کەمتر

بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆنە ئەندامانی یەک بنەماڵە لە گەڵ یەکتر جیاوازن. لەیلا و شیرین دوو کچی یەک بنەماڵەن. لەیلا خەمی ماڵ و ئەندامانی خێزانەکەی هەڵگرتوە. ئەو وێنە گشتییەکە دەبینێ و لە پێناوی گەیشتن بە پیاوێکدا ئامادە نییە هەموو شتێک فیدا بکات. شیرین لە دەریای دڵداریدا خنکاوە و بەرامبەرەکەشی لە پێناو تێرکردنی کفوکوڵی تێپەڕ و هەروەها دەستگیرکردنی لە پاروویی چەوری ئینقلاب لە گەڵ ڕێژیم و بە تایبەت ئیتلاعاتی سپا تێکەڵ دەبێ. ئەو لە کاری گەیاندنی خەبەری نێوخەڵک و هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان چالاکە، بەڵام شیرین ئەو روخسارە دزێوەی دۆستەکەی نابینێ. لەیلا و دایکی ڕۆژانە ڕێنوێنی شیرین دەکەن، کە وریا بێت و ژیانی خۆی نەفەوتێنێ. پورە زارای دایکی، کاتێک لە دووپاتکردنەوەی ڕاستیەکان ماندوو دەبێ، باس لە پەندێکی کوردی دەکات، کە چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوسەر بە جوانی شیدەکاتەوە، کە بریتییە لە "ئەوەڵ تەخت و ئەوەڵ بەخت". شیرین لە بەر بیرکردنەوەی کورت و خوار و خێچ، تانە و تەشەر لە لەیلای خوشکی دەدات، کە تەنیا لە بەر ئەوەی پێش ئەو مێردی دەکات، دژایەتی دۆستەکەی دەکات.

کاوە لە بەر جیهانی کرێکاران و چەکوچ و داسی سەر ئالا سوورەکان زۆر تێکەڵی ئەو روودواوانە نابێ. ڕەنگە بە باوەڕی ئەو سەرکەوتنی چینی کرێکاران کۆتایی بەو هەموو خەم و چەوسانەوە بێنێ، بۆیە خەبات بۆ سەرخستنی سۆسیالیزم بە ئەرکی یەکەم و پێویست دادەنێ. ناوبراو لەو ماوەیەدا بە تەواوەتی گۆڕاوە و چەند جارێک بە گوێی دایک و خوشکەکەی هەڵێناوە، کە دوای خوێندنی ئەوسا ڵ چەکی بەرابەری دەکاتە شان. پورە زارا لە کاتی توڕەبوون و شەکەتیدا چەند جنێویکی کوردانە و لەبار بە شوعاری حیزبەکان و بە تایبەت داس و چەکچوکە دەدات. ئەو زۆر لە مەسەلەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم نازانێ و زیاتر پاچ، داس، تەورداس و بیور دەبینێت، بۆیە زۆر جاران ڕادەگەیەنێ، کە ئەوانە هەموو ژەنگێ دەێنن. بە باوەڕی ناوبراو، تەنیا خوا، دایک و باب و چاکە ژەنگ ناهێنن.

شیرین لەو ماوەیەدا دەچێتە بازاڕ و لە دوکانی نەریمانی هێندێک پێداویستی ماڵ دەکڕێ، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا لە بەرامبەر پادگانی شار تووشی دۆستەکەی، خالید دەبێ. خالید دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و ماوەیەک لە گەڵی ڕادەوەستێ و پرسیاری لێدەکات، ئاخۆ بۆ داخوازی خەڵکی ناسراو بنێرێ یان نا؟ شیرین سەردادەخا و دواتر دەڵێ، ئەدی چاوەڕێی چی دەکەی؟ شیرین وردبین نییە و لە کاتی قسەکردندا ئاشکرای دەکات، کە برا گەورەکەی، دایک و خوشکی دژایەتی ئەو کارە دەکەن، بەڵام

ئەو خۆی شەرتە. خالید بە مەبەستی تایبەت و سیخوڕی لە شیرین دەپرسێ، کە چۆن و کەی ئەو باسەتان لە گەڵ کەماڵ کردوە؟ شیرین بە ساویلکەیی باس لە دیداری کەماڵ و هاوڕیکانی دەکات، کە ماوەیەک لەوەپێش سەردانی شاریان کردوە و چەند رۆژێک لە ماڵ ماونەوە. خالید بە وەرگرتنی ئەو خەبەرە شاگەشکە دەبێ! پاش ئەوەی چەند پرسیاریکی دیکەی لێدەکات، بە شیرین دەڵێ، بە دایکت بڵێ سەرەتا چەند ژنێک دەنێرین و با ئەوان رێگاکە خۆش کەن و دواتر پیاوەکان بۆ خوازبێنی دەنێرم. خالید کە سەرمەستی خەیانەت و خۆفرۆشییە، خەیانەت لە دۆستەکەی دەکات. ئەو وەک مرۆڤیکی شکاو و نیشتمانفرۆش هەتا ناوەندی ئیتلاعاتی سپا راناوەستێ و یەکسەر داوای بینینی بەرپرسی یەکەم دەکات. پاش ماوەیەک چاوەڕوانی، پاسدار رفیعی بانگی دەکات و وەک کوردان پرسیاری لێدەکات، کە رێویت یان شێڕ؟

خالید، بە فارسیەکی تێکشکاو و تێکەڵ لە گەڵ کوردی بەمجۆرە وڵامی پاسدارەکە دەداتەوە:"قوربان خبر خیلی بزورگ برای شوما دارم. من شنیدم، کە پسران مام کریم، مام درویش، آزیز و خال مینە تقریبا هفت شب و روز در شهر خوابیدە و خوردە و گفتەاند. فکر من زیاد می رود، کە این کافران لامسب چهار برادر اسلام را شهید کردند" (بەڕێز هەواڵێکی گرینگم بۆ ئێوە هێناوە. بیستوومە، کە کوڕی مام کەریم، مام دەرویش، ئازیز و خاڵە مینە حەوت شەو و ڕۆژان لە شاردا ماونەوە. بە باوەڕی من ئەو کافر و بێ دینانە دەستیان لە شەهیدکردنی چوار برای موسوڵماندا هەیە). پاسدار رەفیعی، کە پەیامەکە دەبیستی زۆر ناچێتە قوڵایی باسەکە و دەستخۆشی لە خالید دەکات و بە سەربازی ئیمامی زەمانی ناودەبات. ناوبراو لە مێزەکەی بەردەمی چەپکێک پارە دەردێنێ و وەک شیرینی دەیداتە خالید. خالید دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و لە پاسدارەکە دەپرسێ، ئەگەر سەربازێکی ئیمامی زەمان زەماوەند بکات، برادەرانی سوپا چەندە یارمەتی دەکەن. رەفیعی بە پێکەنینەوە دەڵێ، خالید سەربازی ئیمامی زەمان ژن ناهێنن و بە گومناوی سەردەنێنەوە. ئایا تۆ کەسی دڵخوازی خۆت دیتەوە؟ کەی نیازت هەیە و چەندە لە سەر ئەو مەسەلەیە پێداگر و مکوڕیت؟ خالید بە فارسیەکی خۆش رووونی دەکاتەوە، کە گیرڤانی بەتاڵن و پێویستی بە یارمەتی بەپەلەیە، چوونکە نیازی هەیە لەو رۆژانەدا خەڵک بۆ خوازبێنیی بنێرێ. رەفیعی بەڵێنی پێدانی چەند هەزار تمەنێکی پێدەدات و لە یەکتر جیادەبنەوە. پاش رۆیشتنی خالید، رەفیعی بیر لە قسە و وتەکانی خالید دەکاتەوە، کە لە دوو بابەت پێکهاتبوون، یەکەم بابەتی بوونی چەند چەکدارێکی دژە شۆڕش لە شار و دووهەم پرسی ژنهێنان. ئەگەر خالید بابەتەکانی

تێکەڵ نەکردبان رەنگە پرسی بوونی کوڕانی مام کەریم و ئەوانی دیکە زۆر بە جیددی وەرگیرابا. ئەگەر خالید باسی کچی مام کەریمی کردبا، کە بەنیازە بیخوازێ، رەنگە سەرەداوێک بکەوتایە دەستی ئیتلاعات و دواتر بە شێوازی خۆیان ئەو هەواڵەیان ساغکردبایەوە. خالید پاش چوونەوە ماڵ و بیرکردنەوە سیخوڕیەکەی تێدەگات، کە چ دەستەگوڵێکی بە ئاو داداوە و گەڕانەوەش دژوارە. ئەو بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی شیرین ئێوارە بە نهێنی سەردانێکی کۆڵانەکەیان دەکات. شیرین کە هەموو خەم و ئەرکەکانی بریتین لە دڵداری و مێردکردن لە ماوەیەکی کەمدا خالید دەبینێ، کە لە سەری کۆڵانەکە راوەستاوە. بۆ دیتنی خالید، شیرین تاو دەداتە تەنەکەی زبڵەکە و لە حەوشە دەچێتەدەر و لە پەنا ئەو کارەدا ناوبراو لە گەڵ خالید چەند قسەیەک دەگۆڕێتەوە. خالید دەڵێ تازە لە ئیتلاعات دێمەوە و ئەو هەواڵەی تۆم بەوان راگەیاندوە و پارەیەکم وەرگرتوە، بەڵام باسی ئەوەم نەکردوە کە لە چ کەسێکەوە ئەو خەبەرەم بەدەست گەیشتوە. خالید داوا لە شیرین دەکات، کە ئەو کارە لێکەوتەی خەراپی دەبێ و دوژمنایەتی لە نێوان ئێمە و ئەو خەڵکەدا ساز دەکات، بۆیە باشترە کە تۆ بڵێی، کە خەبەرەکە راست نییە و تەنیا بۆ ئەوەی دایک و خوشکەکەت لە گەڵت خەراپن ئەو هەواڵەت سازکردوە، دەنا کەماڵ و هاوڕێکانیت نەدیوە. خالید چەند جارێک داوای لێدەکات، کە لەوە زیاتر ئەو باسە نەکاتەوە و رەنگە ئەویش لە لای سپا و بەرپرسانی ئیتلاعات بەدناو و درۆزن دەرچێ. شیرین لە نێوان دوو بەرداشدا گیری خواردوە و نازانێ چ بکات. ئەویش بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ئەگەر ئیتلاعات و بەرپرسانی سپا بزانن کەماڵ و هاوڕیکانی لە شار بوون، تاوانی کوشتنی ئەو چوار کەسە دەخرێتە ئەستۆی ئەوان و زۆر کەس بەند دەکرێن. شیرین لە پێناوی گەیشتن بە خالید هەڵەی کوشەندەی کردوە و هەڵسوکەوتی ناوبراو و بەتایبەت خالید بۆ زۆر کەس پڕن لە گومان. پورە زارا و لەیلا کە شیرین دەبینن تەنەکە زبڵەکە هەڵدەگرێ و ماوەیەک ناگەڕێتەوە کەمێک شک و گومان دەکەن. بۆ ئاگاداربوون لە شیرین چەند هەنگاوێک هەتا سەری کۆڵانەکە دەڕۆن و شیرین و خالید پێکەوە دەبینن پێکەوە. پورە زارا لەو زستانەدا دادێتە بەفرەکە و دوو لەتکە سەهۆڵ بە خالیدی دادەدات و بە جنێودان لەو ناوە راوی دەنێ. پورە زارا یەک پارچە تووڕەیە و هەتا دەگاتە ژوورێ چەند مستەکۆڵەیەک لە شیرین دەدات و چەند جارێک دەڵێ، سەرت لە قوڕێ دەنێم، کەس نەماوە بە دوای جاش و سیخوڕان نەکەوی. تۆ برات پێشمەرگەیە و بابت هەتا ئێستا خەبەری نییە. ئەمن و لەیلا چۆن دەتوانین پارێزگاری لە تۆ بکەین. هەموو کچێک مێردی دەکات، بەڵام خۆ مێردکردن گەمە و خانوچکەی منداڵان نییە، کە هەموو رۆژێ سەرلەنوێ سازی کەیەوە و دواتر بیرۆخێنیەوە. هەر کچێک کە مێردی دەکات، ئەگەر وریا نەبێ دوارۆژی

دەدۆرێنێ. ئەوەتا خەڵکی ئێرانی فریوی پیاوێکی فێڵبازیان خوارد و ئەمڕۆ هەموو لایەک پەشیمانن. مێردکردن کارێکی گەورەیە و کوردان لە کۆنەوە پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن، کە چەند جار دەبێ بیپێوی و یەکجار بیبڕی. شیرین ناوێرێ باسەکە بە تەواوەتی بکاتەوە و تەنیا ئەوەندە دەگێڕێتەوە، کە ئەو کوڕە بە نیازە چەند کەسێک بنێرێ بۆ دیتن و خوازبێنی. لەیلا و پورە زارا هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەن و نازانن چەندە و چۆن ئەو پرسە چارەسەر بکەن.

کاوە لە سەر پشت راکشاوە و خەریکی خوێندنەوەیە و کاری بەسەر ئەو کێشە و گرفتانە نییە. ئەو وەنازانێ مێشێک میوانیەتی و ئەگەر پرسیاری چۆنیەتی چارەسەرکردنی دار و بەردی لێبکەی، ئەو دەگەڕێتەوە بۆ مارکس و دیکتاتۆری پرۆلێتاریا بە چارەسەری هەموو کێشەیەک دەزانێ. ئەو لەو تەمەنەدا دڵی بە وشە و رستە جوانەکان دەگەشێتەوە و ئاگاداری ئەزموونی گەلانی دیکە لە سەر دەرسەکانی مارکس و سۆسیالیزم نییە. بە واتایەکی دیکە، کاوە بە جۆرێکی دیکە ئاشقی بیرۆکەیەک بوە و لە پێناوی گەیشتن بە شاری خەیاڵی کۆمۆنیزم ئامادەی هەنگاوهەڵگرتنە. ئەو لە قوتابخانەش قوتابیەکی بێدەنگە و کەمتر خۆی تێکەڵ بە کێشە و ئاڵۆزییەکانی رۆژانە دەکات. لە گەڵ دین و قورئان پێوەندییەکی پتەوی نییە و تەنیا بۆ خۆرزگارکردن و دەرچوون لە دەرسی تایبەت بە دین وانەکانی دەخوێنێ. لە گەڵ دایکی لە سەر شوێنی جێگریبوونی خوا کێشەیان هەیە و پورە زارا بە دوو جنێو و قسەی سووک کاوە بێدەنگ دەکات. کاوە دایکی بەوە تورە دەکات، کە ئەگەر ئیسلام و نیزامی ئیسلامیتان دەوێ، فەرموو مامە ریش پەشمەک وەک دیاری بۆ ئێرانیەکانی هێناوە. دایکی کاوە بە بیستنی ئەو قسانە زمانی هەر ئاورانە دێنێ و دەڵێ، هەی چوارپێ بە ریشی ئەو ریش پەشمەکە هەڵمیزی و خودا بیباتەوە.

رەفیعی رۆژی دواتر بە سواری تویوتا رەنگ خاکیەکە دەچێتە ماڵی خالیدی، بەڵام خالید لە ماڵ نابێ. ناوبراو پاش ماوەیەک چاوەڕوانی کردن بە ماڵی خالید رادەگەیەنێ، کە ئەگەر کوڕەکەتان هاتەوە کارمان پێیە و دەتوانێ بێتە شوێنی کارەکەم. بەشێک لە منداڵانی گەڕەک دڵیان بەو ماشێنە دەکرێتەوە و خۆزگە دەخوازن، کە گەورە بوون ببنە خاوەنی ئوتۆمبیلێکی ئاوا جوان و رازاوە. تۆفیقی برای خالید لە گەڵ منداڵەکان لە دەوربەری ماشێنەکە هەڵبەزدابەزیانە و بەشێک لە منداڵەکان دەپرسن، کە ئەوعەجەمە بۆچی سەردانی ماڵی تۆفیق دەکەن؟ ژمارەیەک لە منداڵەکان لە گەورەکانی ماڵەوە

بیستوویانە، کە خالید چەکداری ڕێژیمە و بە جاش ناسراوە. لە سەر چوونی ئەو پاسداڕانە بۆ ماڵی تۆفیق، یەکێک لە منداڵەکان دەڵێ، چوونکە خالیدی برای تۆفیقی جاشە، بۆیە هاتوچۆیان دەکەن. تۆفیقی برای خالید تووڕە دەبێ و لە گەڵ منداڵەکە دەیکەنە شەڕ. دایکی تۆفیق لە ژوورەوە گوێی لێیە، کە منداڵێک لە دەرەوە لە گەڵ تۆفیق شەڕیانە و خالیدی کوڕی بە جاشەکەر بانگ دەکەن. ڕەفیعی پاسدار لەو کاتەدا لە ماڵی خالید دێتەدەر و بەسەر شەڕی منداڵەکاندا دەدەکەوێ. ناوبراو منداڵەکان لێکدەکاتەوە و بە فارسی پێیان دەڵێ، کە شەڕ و دەعوا باش نییە و ئێوە سەربازانی داهاتووی ئیمامی زەمانن. بۆ هەڵخڕاندنی سەرنجی منداڵان و گەورەساڵەکان، ڕەفیعی دەست بۆ جانتاکەی دەبات و هەر منداڵەی دەتمەنیان دەداتێ و دەڕوا.

خالید کاتژمێرێک دواتر دەگاتەوە ماڵ و دوای ئەوەی کە ئاگاداری هاتنی ڕەفیعی دەبێ، قامکی خۆی دەگەزێ. ئەو دەزانێ، کە قسەکانی دوێنێ ڕەنگە ئاسەواری خەراپ لە سەر پێوەندییەکانی ئەو و ڕەفیعی سازبکەن. خالید بە ناچاری دەچێتە ئیتلاعات و چاوەڕێی دیداری ڕەفیعی دەکات. ڕەفیعی هێشتا نەگەڕاوەتەوە و نیگابانی بنکەی ئیتلاعات دەڵێن تازە لێرە دیتومانە و ڕەنگە بۆ کارێکی بەپەلە چووبێتەدەر و بێتەوە. سەرئەنجام ڕەفیعی دێتەوە و لە گەڵ خالید تۆقەیەک دەکەن و دەچنە ژووری کارەکەی. لە خالید دەپرسێ، کە ئەو هەواڵەی دوێنێی گێڕاتەوە، لە چ کەسێک بیستوە و چەندە جێگای باوەڕە. خالید بە شێوازی خۆی بۆ ڕەفیعی باس دەکات، کە زۆر باوەڕم بەو خەبەرە نییە، چوونکە دوێنێ دووبارە دیتمەوە و گوتی، کە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی من ئەو خەبەرەی سازکردوە، بۆیە باشترە فەرامۆشی کەین و جاری دیکە، ئەمن پێویستە وەک سەربازێکی عاقڵ و ژیری ئیمامی زەمان کار بکەم. قوربان داوای لێبوردنت لێدەکەم و هەمیشە لە خزمەتی تۆ و ئینقلابدام. پاسدارەکە چاو لە چاوی خالید دەکات و سەرنجی جوڵەی دەست و جەستەی دەدات و هەست دەکات، کە نیگەرانیەکی قوڵ لە ناخی خالیددا پەنگی خواردوە. لە کۆتاییدا لە خالید دەپرسێ، تۆ کەمێک نائارام دیاریت و مەسەلە چییە و چۆن دەتوانین یارمەتیدەر بین؟ خالید بە دەست ئاماژەیەک بە سەر دڵی دەکات و ڕەفیعی لە پەیامەکە تێدەگات و بە شۆخی دەڵێ، ئاغا خالید دەبێ ئێمە هەموو ئاشقی ئیمامی زەمان بین، کە هیممەت بکات و بگەڕێتەوە و ئێمە لە کێشەکانی سەردەم ڕزگار بکات، بەڵام مادام ئاشقی ژنهێنانی کەمێک یارمەتیت دەکەین. خالید سپاسی پاسدار ڕەفیعی دەکات و لە بنکەی ڕێژیم دچێتەدەر و دەگەڕێتەوە ماڵ.

خالید کوڕە کوردێکی هەژارە، کە لە بەر نەبوونی و دەستکورتی و هەروەها بۆ تێرکردنی کەفوکوڵی گەنجانە کەوتۆتە داوی دەزگا سیخوڕیەکانی ڕێژیم. ئەو بیر لە کوردایەتی ناکاتەوە و گرینگی بە پرسی خاک و نیشتمان نادات و کاتێک لە مەڕ ئەو کارە سەرکۆنە دەکرێ، بە پێکەنینەوە دەڵێ، هەموو هەر بۆ گیرفان و ورگی دەکەن. جیرانەکان لە داخی خالید توڕەن و منداڵەکانیان هاندەدەن، کە بە جاش و ناوی خەراپ بانگیان بکەن، بۆ ئەوەی لەو گەڕەکە بڕۆن. دایکی خالید لەو بارودۆخە نیگەرانە و ڕۆژانە لە دەست کوڕەکەی داد و فیغانیەتی و لە لای جیرانەکان خۆی بە شەرمەزار دەزانێ. خالید بۆ ئاودانی گرێ دەرونیەکانی لە گەڕەک کێشە بۆ خەڵک ساز دەکات و بە کەڵاشیۆفەوە هەڕەشە لە خەڵک دەکات. بەشێک لە جیرانەکان لە بەر ڕێژیم هیچ ناڵێن و بە هەموو شێوەیەک خۆیان لە خالید و بنەماڵەکەیان دەبوێرن. بەشێک لە دایکان منداڵەکانیان ڕێنوینی دەکەن، کە تێکەڵ بە منداڵەکانی ئەو ماڵە نەبن و باشترە کە سەگی نوستوو لە خۆیان وەخەبەر نەهێنن.

کۆتایی زستان هەواکەی شکاندوە و لشکری سەرما خەریکە پاشەکشە دەکات. ماڵی خالید بەنیازن بەهارێ لەو گەڕەکە بڕۆن و بۆ شوێنێکی نیزیک بنکەکانی ڕێژیم بگوازنەوە. ئەوان لە جیرانەکان نیگەرانن و دەترسن، کە بە هاتنی وەرزی بەهار و هاتنەوەی پێشمەرگە ژیان و ئارامی ماڵەوەیان تێکبچێ. لە ژێر تیشکی ڕووداوە جیاوازەکاندا مرۆڤەکان درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدەن. خالید، چەند ژنێکی خزمیان لە گەڵ دایکی بۆ ماڵی مام کەریم دەنێرێ. زارای مام کەریم و لەیلا بە سوننەتی میوانداری بەخێرهاتنی ژنەکان دەکەن. شیرین بە دیتنی ژنەکان شاگەشکە دەبێت و جیهانی تەمبەڵی و قالبگرانی جێدێڵێت. شیرین ئەوەندە بە گەرم و گوڕی هەڵدەسوڕێ، کە میوانەکان لە پەیامەکەی تێدەگەن. زارا و لەیلا سەرەتا بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەن و دواتر دەڵێن دەکرێ ماوەیەکی دیکە قسەی لە سەر بکرێ. شیرین دەپەڕێتە نێو قسەکانی دایکیی و لەیلا و سووربوونی خۆی لەسەر مێرکردنی بە خالید دەردەبڕێ. ژنەکان و دایکی خالید دەچنەوە ماڵ و پێشنیار بە خالید دەکەن، کە چەند کەسێکی ریش سپیی و هەروەها ڕێزلێگیراو بۆ داخوازی بنێرێ. ئەگەر شیرین لە نێو پیاوەکاندا قسەی دڵی خۆی بکات، بێگومان پیاوچاک پەیدا دەبن و کارەکەی بە تەواوەتی هەڵدەبڕن.

خالید لەو ماوەیەدا هەست دەکات، کە پیشە و سەنعەکەتەی لە نێو خەڵکدا بەتاڵ و پووچە. سیخوڕ و چەکداربوون لە باوەشی ڕێژیمدا بە شەرم و نەنگی پێناسە دەکرێ. ئەو بۆ خوازبێنی شیرین روو لە

چەند کەسێک دەکات، بەڵام زۆربەیان بە بیانووی جیاواز خۆیان لە داواکاری خالید دەدزنەوە. خالید ناچارە، کە چەند کوردێکی چەکداری ڕێژیم لە گەڵ یەک دوو ریش سپی بنێرێ بۆ خوازبێنی. زارا کاتێک ئاگاداری هاتنی پیاوەکان دەبێ، لەیلا بە دوای خاڵ حەسەن و مام عوسمانیدا دەنێرێ. ئەوان لە نەبوونی مام کەریمدا وەک خزمی پلە یەک وەکالەتی ماڵی مام کەریم دەکەن. خاڵ حەسەن و مام عوسمان دایکی شیرین ڕێنوێنی دەکەن، کە ئەو کچە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و کچ ئەگەر قسەی کەس و کاری شکاند، بەکەڵک نایەت و هەتا زووتر بڕوات خێر و سەوابی زیاترە. زارا بە چاپۆکان بە سەری خۆی دادەدات و سوێند دەخوات، کە ئەگەر شیرین لە ماڵ بچێتەدەر گەردەنی ئازاد ناکات و نایدوێنێ. پیاوەکان ئێوارە لە دەرگای ماڵی مام کەریم دەدەن و دوو کەس لە چەکدارەکانی ڕێژیم بە چەکەوە لە ریزی ئەو کەسانەدان. پورە زارا و لەیلا خۆیان لە بەخێرهاتنی میوانەکان ناکەن و کارەکان بە خاڵ حەسەن و مام عوسمان دەسپێرن. باوکی خالید، مەولود بەزاز دەستی خاڵ حەسەن و مام عوسمان ماچ دەکات و پیرۆزبایی لە شیرین و خالید دەکات. پیاوەکان و بە تایبەت چەکدارەکانی ڕێژیم دەپرسن، باشە دایک و کەسوکاری دادە شیرین بۆ دیار نین؟ یەکێک لە چەکدارەکان کە خەریکی چاخواردنەوەیە بە گاڵتە دەڵێ، ڕەنگە ئەوانە ڕقیان لە پێشمەرگەی موسڵمان بێت و لاگری لە پێشمەرگەی ناموسڵمان بکەن. دوو ریش سپیەکان حەز لەو باسانە ناکەن و دەزانن، کە ڕەنگە قسەیەکی نارێک ریسەکە بکاتەوە خوری، بۆیە ئەوان بە پەلە باس لە پیاوچاکی مام کەریم و داوێن پاکی ئەو بنەماڵەیە دەکەن. یەکێک لەوان باس لە چاکە و ئیمانداری براژنە زارا دەکات، کە چەند ساڵە بە ڕووسووری منداڵەکانی بەخێودەکات و بە دەستپاکی بەناو بانگە. بە مەبەستی مارەکردن لە سەر حەقە مارەیی شیرین ساغدەبنەوە، کە بە ١٩ مسقاڵ زێڕی هەژدە عەیار مەزەندەی دەکەن، کە دەبێ نیوەی بۆ بکڕی. شیرین لە لوتکەی کفوکوڵی تێپەڕدایە و نازانێ، کە ژیانی ژن و مێردایەتی لە گەڵ چاوبڕکێنەی بەردەرگا و کۆڵانان جیاوازە. ئەو هێشتا ئاگاداری بنج و بناوانی ژیانی ڕاستەقینەی خێزان نییە و لە بەر بێکاریی و هەروەها لاساری بە پەلە ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردتوە.

پورە زارا و لەیلا خالید ئاگادار دەکەنەوە، کە لە مارەکردن و گواستنەوەدا خالید ناتوانێ سەردانیان بکات و بە شێوەیەکی زۆر ساکار و لە ماوەیەکی کورتدا بگوازرێتەوە. خاڵ حەسەن و مام عوسمان وەک خۆیان بە میوانەکان دەڵێن، کە بابی شیرین هێشتا چارەنووسی نادیارە و براژنە زارا و لەیلا و ئێمەش بە گونجاوی دەزانین، کە شەرت و مەرجی براژنە زارا لەبەر چاو بگیرێن. لەو بارەوە کەس گلەیی نییە

و هەموویان بـۆ چارەنووسـی نادیـاری مـام کەریم بەداخن. زۆربەی پیاوەکـان ئەوەش زیـاد دەکەن، کە زەمانە گۆڕاوە و هەر رۆژەی هاوڵاتییەک بەداخەوە لێرە و لەوێ گیـانی لەدەست دەدات، بۆیە سەردەمی دەهۆڵ و زورنا نەماوە و هەردەبێ بەو شێوازە بووک بگوازرێتەوە. کاوە لەو رووداوانەدا دیار نییە و ئەو بە تەواوەتی خـۆی لەو پرسـانە دابڕیـوە. تەنانەت ئەو شەو چۆتە مـاڵی هاوڕێیەک و لەوێ خۆیـان بە خەباتی کرێکـاران و هەروەها بزوتنەوەی سۆسیالیسـتی لە کوردسـتاندا سەرقاڵ دەکـات. بە بـاوەڕی ئەوان، حیزبە ســـوننەتیەکان نوێنەرایەتی بـــورژوا دەکەن و ماکە و سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی کوردستانن، بۆیە ئەوان دەبێ بەرەی چەپ بەهێز بکەن. کاتیک کـاوە دەگەڕێتەوە مـاڵ دایکـی پرسیاری لێدەکات، ئەگەر داس و چەکوچ بۆ رۆژێکی وەک ئەمڕۆ بە سوود نەبن ئەدی بە کەڵکی چی دێن؟ کاوە بە شێوازی خـۆی دێتە قسە و بەمجۆرە دەدوێ:" دایە سوننەتە کۆنەکان دەبـێ تەواو بـن و ئەو قەزییە زۆر سادەیە. کچێک مێرد دەکات و لەوە زیاتر نییە. ناکرێ هەموومان بەو مەسەلەوە تووشی نەخۆشی بین و شەو و ڕۆژ بیکەینە مەسەلەیەکی مـوهیم. ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە مەسەلەن سۆسیالیسـتی دەبـو، ئەتۆ وەزعت زۆر لەوڕۆ باشتر بو. دەوڵەت موچەی بۆ دەبڕیوە و ئێمەش هەموومان بەشی خۆمـان وەردەگـرت و بەرابەر زینـدەگیمان دەکـرد. زۆر دڵخۆشـم، کە سـێ مـانگی دیکە تێکەڵ بە ئەرتەشـی رەنجـدەرانی کوردستان دەبم و لە گەڵ خوشک و برا چەپەکانم لە ئێراندا شۆڕشی کرێکاری وەڕێدەخەین.

لەیلا دەستی دایکی دەگرێت و لە تەنیشتی دادەنیشێ و بە دەستەکانی شان و ملی دەشێلێ. زارای مـام کەریم، چاوێک لە لەیلا دەکـات و بە گریانەوە دەڵـێ، رۆڵە بە خـودا پێکەوە دەمێنینەوە. شیرین و کـاوە دەڕۆن، بەڵام داهاتوویەکی باشـیان نـابێ. ئەو ژنە سـبەینێ ئەگەر مێردەکەی لە شـوێنێک کـوژرا یـان گیرا، چۆن دەژیت و کێ چاوەدێری دەکات؟ ئەو هەتیوە پارەی لە گیرفانـدا نییە و هەر بـۆ پـارەی جگەرە و خواردن وەدوای ئەو پاسدارە کوردکوژانە کەوتوە. ئـاخر گونـاه نییە، ئەتۆ بـرات پێشمەرگە بـێ و مێرد بە کابرایەک بەکرێگیراو بکەی؟ رۆڵە، قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە، کە کچ و کوڕەکانم بەمجۆرە پاداشی چاکەکانم بدەنەوە. چەند سـاڵە بە هەژاری و نەداری ئێوە بەخێوکردوە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینـم تەنیا تـۆم بە دەوەرە ماوە. ژیانێکی تـاڵ و دژوارە و رەنگە سـاڵانی داهاتوو لەمڕۆش تـاڵتر بن.

خالیـد بە وردە قەرز و چەنـد هەزار تمەنی پاسـدارِ رەفیعـی خـۆی بـۆ مـارەبڕین و گواسـتنەوەی شـیرین ئامـادە دەکـات. لەو رۆژانەدا جیـران و هەروەها خـزم و ئاشـناکان بە جیـاواز لە سەر ئەو بابەتە قسە

دەکەن. ماڵی خاڵە مینەی ئاگاداری دۆخەکەن و دەزانن، کە شیرین لە سەر ویستی خۆی مێردی کردوە و رەزایەتی دایک و کەسانی نیزیکی لەسەر نییە. مام دەروێش چەند رۆژێکە ئاگاداری ئەو رووداوەیە و دەپارێتەوە، کە ئاخیری ئەو کارە خێر بێت. ناوبراو باوەڕی وایە، ئەگەر منداڵت گەورە بوون و گەیشتنە تەمەنی مێردکردن و ژنهێنان، تووشی پیاوی چاک و خەراپ دەبی. دەردی منداڵان گرانە و هەتا منداڵەکان گەورە دەبن خەمەکانیان گەورەترە. ئازیزی دایکی حوسێنی رۆژێک سەردانی زارا دەکات و دڵنەوایی دەداتەوە.

خالید لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەدا زۆربەی کارەکانی راپەڕاندوون و مارەبڕین تەواو بوە و تەنیا گواستنەوەی شیرین ماوە. ئەو لە گەڵ مەولود بەزازی بابی لە نێوشاردا بە دوای خانووی کرێدا دەگەڕێن و سەرئەنجام لە تەنیشت یەکێک لە بنکەکانی ریژیم خانوویەک بەکرێ دەگرن. مەولود بەزاز تەمنێکی زۆر قوماش و پارچەی بە گوندەکاندا گێڕاوە و جار و بار لە گەڕەکەکانی شاریشدا ئەو کارەی کردوە. ئەو ماوەیەک سەرقاڵی مریشک فرۆشتن بوە، بەڵام چەند مانگێکە بەنیازە دوکانێکی کەلوپەلی منداڵان بکاتەوە. ناوبراو لە گەڵ خالید زۆر ناکۆکە، بەڵام شەڕی کوڕەکەی ناکات و باوەڕی بە چارەنووسە. بە وتەی مەولود بەزاز، ئەگەر کوڕ و کچ ساڵح و پاک بن، لە ئاوریشدا بن بە ساغ و سەلیمی دەردەچن و هەموو جوڵەیەک لە دەستی وەستا کەریمی رەحمان و رەحیم دایە. لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەدا شیرین بە رێوڕەسمێکی ساکار دەگوازرێتەوە. شیرین نیشتەجێی ماڵی مەولود بەزاز دەبێت و چیرۆکی شەڕی دایک و کچ دەبێتە شەڕی خەسوو و بوک.

شیرین لە رۆژانی یەکەم هەستی بە ژانی هەڵە گەورەکە ناکات و نازانێ، کە رۆژانی جێژن بەسەر دەچن و مانگی هەنگوینی لەو دەڤەرە هاوتای حەوتوویە. شیرین لە بۆنە دابەکاندا تووشی ئالەنگاری دەبێت و لە سێ رۆژانە و حەوت رۆژانەدا رێگای گەڕانەوەی مالی دایکی نییە. خەسوەکەی لە وپێوەندییەدا مێشکی سەری دەکۆڵێ و شەو و رۆژ پرسیاری لێدەکات، کە دایک و خوشکی بۆچی نایدوێنن. شیرین لە کاروباری ماڵدا پەسەندی خەسوو نابێ و بەردەوام رەخنە لە کارەکانی دەگرێ. راستییەکەی ئەوەیە، کە شیرین لە ماڵ کەمتر خۆی فێری هونەری ماڵداری کردوە و زیاتر وەک مرۆڤێکی زیادە و نەرێنی لە ماڵدا جوڵاوەتەوە. ناوبراو لە کارکردن و ئیدارەکردنی ماڵدا لاوازە و هەتا ئەو ڕۆژانە هەستی بەوە نەکردوە، کە ئیدارەکردنی ماڵ بۆ دایک و خوشکەکەی چەند دژوار و سەخت بوە. ئەستی لە شەڕدا کاراترە و تەنگ بە شیرین هەڵدەچنێ و خەریکە بارودۆخەکە لە گرێژنە دەردەچێ.

مەولود بەزاز و خالید چاری دۆخەکەیان پێناکرێ و لە ماوەی مانگێکدا چەند جارێک ئەستی و شیرین دەست لە پرچ و قژی یەکتر دەنین . ئەوان لە گەڵ یەکتر مەدار ناکەن، بۆیە ساغدەبنەوە کە لەو خانوەدا بژین، بەڵام سفرەیان جیابێ. خالید لەو ماوەیەدا لە گەڵ بەرپرسانی رێژیم زۆر تێکەڵە و ئەوان لە رێگای خالید دەخوازن، کە زانیاری تەواو لە سەر بنکە و ناوەندی پێشمەرگەی دژە شۆڕش لە قوچ و مارەغانی و ناوچەکانی دیکە کۆبکەنەوە.

بە هاتنی بەهار و رەشبوونەوەی بەفر گوندنشینان تێدەکۆشن بۆ پەیداکردنی پێداویستیەکانیان سەردانی شار بکەن. سیاسەتی رێژیم بەرامبەر بەوان زۆر توند نییە و رێژیم هەوڵدەدات، روخسارێکی نەرم بەرامبەر گوندنشینەکان پێشان بدات. لە زۆر شوێن بەرپرسانی رێژیم ئەو قسەیە دەڵێنەوە، کە گۆیا رێبەرەکەیان خومەینی گوتویەتی "عەشیرەتەکان پاڵپشتی نەبڕاوەی شۆڕشن". خالیدی مەولود بەزازی رۆژانە لە سەر رێگای شار گوندنشینەکان رادەگرێ و پرسیاری زۆریان لە سەر پێشمەرگە و هەڵسوکەوتی ئەوان لە گەڵ گوندییەکان لێدەکات. گوندنشینان جیاواز لە سەر پێشمەرگە دەدوێن. ئەوانەی کە لە لایەن کەسێک یان چەند پێشمەرگەیەکەوە جەزرەبە درابن یان شەوکوت کرابن، بە خەراپ و نەرێنی لە سەر پێشمەرگەکان دەدوێن. ژمارەیەک گوندنشین لە دەستی میوانداریی و هەروەها ناندانی بەردەوامی پێشمەرگە ماندوون، بەڵام لە دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆدەبوێرن. بەشێک لە گوند نشینەکان بڕیاریان داوە، کە وڵات ئارام بێتەوە گوندەکەیان جێدێڵن و دەگوازنەوە بۆ شار. لە سەر ژمارەی پێشمەرگەکان زانیاری جیاواز دەدرێتە خالیدی مەولود بەزاز و بەشێک لە ژمارەکان بۆ رێژیم تۆقێنەرن و ژمارەیەکیش دڵخۆشکەر. بەرپرسانی سپای پاسداران بەنیازن لەو ماوەیەدا پەلاماری مارەغان و هەروەها بەرزایی قوچی بدەن و ئەو دوو ناوچەیە لە کۆنترۆڵی پێشمەرگە دەربێنن. پێشمەرگەکان و پارتە سیاسییەکان لە سەنگەری چاوەڕوانیدا ماونەوە و ئیرادەی تێکشکاندنی هێزە داگیرکەرەکانیان نییە. ئەوان ئامادەی فیداکاریی و زەبرلێدانن، بەڵام تێکۆشانیان پچڕ پچڕە و لە سەر دوژمن کاریگەرییەکی بەرچاو و یەکلاکەرەوەی نییە. بەشێک لە فەرماندەکان بە ویستی خۆیان دەجوڵێنەوە و ئەوان شارەزای خوێندەنەوەی دیوی پشتەوەی کردەوەکان نین. رێبەرایەتی هێزە سیاسییەکان توانای کۆکردنەوە و رێکخستنی هێڵەکانی بەرگریان نییە و لە زۆربەی سەنگەرەکاندا لە حاڵەتی بەرگریدان. لە لایەکی دیکە، خەڵک لەو بارودۆخە ماندوون و دەخوازن بە لایەکدا بکەوێ. بەرپرسانی حکومەت لەو خاڵانە سوود وەردەگرن و ئاگادارن، کە خەڵکی کورد بە گشتی ئامادەی گیانبازی نییە و ژمارەیەکی کەم لە کوردەکان بە چەک بەرامبەر بە هێزەکانی رێژیم دەوەستەنەوە.

پێشمەرگەکان لە زۆربەی ناوچەکان بە هاتنی وەرزی بەهار دڵخۆشن و بەشێک لەوان خۆیان بۆ چالاکیەکان ئامادە دەکەن. لە دەوروبەری شار پێشمەرگە بە ئاسانی دەتوانێ جوڵە و چالاکی بکات و ئێواران شار لە کۆنترۆڵی هێزەکانی رێژیم دەردەچێ. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان رۆژانە هەتا زینوێ کامەلای دێن و لە بن سێبەران چاوەدێری هاتوچۆی هاتوچۆکەران دەبن. ئەوانیش زانیاری لەسەر رێژیم و هەروەها ئەو کوردانە کۆدەکەنەوە، کە هاوکاری رێژیم دەکەن و چەکی ئەوانیان لەشان کردوە. بەرپرسانی پێشمەرگە بەجۆرێک ئاگاداری هێرشی هێزەکانی رێژیمن، بەڵام باوەڕ ناکەن کە هێزی پێشمەرگە لە دەشتی مارەغان و ناوچەکانی دیکە بە ئاسانی شکست بخوات، بۆیە ئامادەکاری زۆر بۆ هێڵە بەرگرییەکان ناکەن. لە بەرەبەیانییەکی زووی مانگی سێی بەهاردا سەدان کەس لە پاسدار، بەسیجی و هەروەها چەکدارە کوردەکان بە نیازی گرتنی گوندی مارەغان و دەوروبەری روو دەکەنە ئەو ناوچەیە. ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە تکنیکی شەڕ لە بنکەکان نیزیک دەبنەوە و دواتر بە دەزگای دەنگ بەرزکەرەوە دروشمی ئەڵڵاهوئەکبەر، یا حوسێن و بۆ پێشەوە بەرەو کەربەلا دەڵێنەوە. پێشمەرگەکان و هێزی بەرگری لە ماوەیەکی کەمدا دادەگژێنە هێزەکانی رێژیم و شەڕەکە هەتا ١١ی بەیانی درێژەی دەبێ. کوژارویکی زۆر لە هێزەکانی رێژیم لە مەیدانی شەڕدا دەکەون، کە دواتر لە رێگای خەڵکی ئاسایی تەرمەکان بۆ بەرپرسانی رێژیم لە شاری سەردەشت دەگوازرێنەوە. پاسدارەکان بۆ داپۆشینی شکانە گەورەکەیان لە سەر بەرزاییەکانی گۆرانان بنکەیەکی تازە دادەمەزرێنن و لە مزگەوتی شیعەکانی تەنیشت پادگان رێورەسمێکی گەورە بۆ کوژراوەکان بەرێوەدەبەن. لەو شەڕەدا کەسانی وەک حاجی ئەکبەڕی دەکوژرێن، کە بۆ بەرپرسانی سپا بە زەبرێکی کاریگەر ئەژمار دەکرا.

کەماڵ، وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و پەرویز لەو شەڕەدا وێڕای بەشێکی بەرچاو لە هێزی بەرگریی و پێشمەرگەکان ئازایەتیەکی گەورەیان نواند. ئەوان لە شەڕەکەدا چەک و تەقەمەنیەکی زۆر دەگرن و دوو دەزگا ئۆتۆمبیلی نیزامی لەو لشکرە تێکشاوە دەگرن. سەرکەوتنی پێشمەرگە و تێکشکانی هێزە دژە کوردەکان لە رادیۆ دەخوێندرێتەوە. بەرپرسانی پێشمەرگە و هەروەها هێزی بەرگری لە دوای ئەو شکستەی هێزەکانی رێژیم، گرینگی تەواویان بە ئامادەکاری زیاتر بۆ بەرنەگاربوونەوە نەدا. لە ئاکامدا چەکدارەکانی رێژیم جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر مارەغانی و هەروەها بەرزایی قۆچ. لەو شەوەدا بەشێک لە پێشمەرگەکان لە گوندەکانی دەوروبەر سەرقاڵی بەشداریکردن لە رێورەسمی شایی دەبن و

قوچ و مارەغان لە بەرامبەر پەلاماری تازەدا خۆڕاگریەکی درێژخایەن ناکەن. بنکەی پێشمەرگەکان لە قوچ خۆڕاگریەکی گەورە دەنوێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا پێشمەرگەکان زۆربەیان شەهید دەبن ئەو بەرزاییەش دەکەوێتە ژێر پۆستاڵی پاسدار و سەربازانی ئیمامی زەمان. دوژمن زەبرێکی کاریگەری لێدراوە و کەلاکێکی یەکجار زۆر لە ناوچەی شەڕدا کەوتوون. بەرپرسانی رێژیم و سپای پاسداران لە بەرامبەر زەبری ئەو شەڕەدا تاساون، بەڵام گرتنی مارەغان و هەروەها بەرزایی قوچ بە سەرکەوتنی گەورە دەزانن. پێشمەرگەکان و هەروەها چەکدارەکانی ناسراو بە هێزی بەرگری لەو ناوچانە دەکشێنەوە و چاوەڕوانی پەلاماری داهاتووی هێزە بەسیجیی و پاسدارەکانن. ئەوانە بە وەرگرتنی ئەزموون لە ساڵانی رابردوو دەزانن، کە هەتا بەهاری داهاتوو بارودۆخەکە ئارامە و رێژیم بەهاری داهاتوو رەنگە هێرش بکاتە سەر ناوچە ئازادەکان. کەماڵ لە شەڕی مارەغانی بە سووکی بریندار دەبێ و لە گوندەکانی دەوروبەر لە لایەن چەند کادریکی دەرمانی چارەسەر دەکرێ. بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە هێزەکانی رێژیم چەند عەمەلیاتێک لە نێوشار و مۆڵگەکانی رێژیم لە دەوروبەری شاردا بەڕێوەدەچن. لەو سەردەمەدا هاتوچۆی خەڵکی شار بۆ گوندەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە ئاسایی دەبێت و دایکی کەماڵ و لەیلا لەو هاوینەدا سەردانێکی کەماڵ دەکەن.

ئەوان بە تەواوەتی پەرتەوازە بوون و کاوەش لە رەبەت بۆتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. رەبەت و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارۆچکەیە مەیدانی جوڵە و چالاکی هێزی چەکداری حیزبەکانن. حیزب و بەرپرسەکانیان لەو سەردەمەدا سیاسەتی پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانیان زۆر لاوازە. ئەوان لە ناوچەکان سەرقاڵی راهێنانی دەسەڵات بوون و هەر حیزبەی بە جۆرێک بە گوندەکاندا دەگەڕێن و یارمەتی کۆدەنەوە. خەڵکی هەژار و تەنانەت داراش لەو دۆخە تووڕە و ماندوون، چوونکە لە سەردەمی جۆخین هەڵگرتندا پێشمەرگەی زۆر حیزب داوای یارمەتی دەکەن و وەرزێڕەکان لەو هەموو دەست و زمانە زراویان چووە. ئەو رۆژگارە بێجگە لە حیزبە چەپە ئێرانیەکان، زۆر پارتی کوردەکان وەک دێموکرات، کۆمەڵە، خەبات و هتد بیروڕای خەڵکیان بە گرینگ وەرنەدەگرت و خۆیان بە پاشای وڵات دەزانی. دار و دیواری شارۆچکەیەکی وەک رەبەت بە رەنگ و درووشمی جۆراوجۆر رەنگێندرابو. لە سەر دیواری ماڵ و قوتابخانەکان، سەر شەقامە راستەکەی رەبەت وتەکانی فیدل کاسترۆ، مائۆ، چەگوارا، مارکس هەتا دەگاتە وتەی ناودارانی ئیسلام و دواتر درووشمی دێموکرات و هتد دەبیندران. وەرزی حیزب و پارتە سیاسییەکان لە چڵەپۆپەدا بوو، بەڵام دابەشبوونێکی گەورە لە پانتایی گۆڕەپانەکەدا

بەرچاو دەکەوت.

کاوە بۆ رزگاری کرێکارانی جیهان و کەماڵ بۆ خەبات لە پێناوی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستاندا تێکەڵ بە دوو رەوتی جیاوازی سیاسی ببوون. قژەکانی دایکیان و روخساری لەیلا چیرۆکی پەرتەوازەبوونی بنەماڵەیەکن، کە بابیان لە دەشتەکانی پشدەر بە دەستی جاشەکان وەک سەربازی ئێرانی بە عەسکەرە عێراقیەکان دەفرۆشرێ. شیرین لە پێناوی خۆشەویستییەکی دەڵەمە و ئاوەکیدا بۆتە هاوسەری یەکێک لە سیخورەکانی سپاسی پاسداران لە شار. پورە زارا و لەیلا لە رێگای مارەغانی بەرەو گوندی ترشیان و دواتر قازان و پاشان دەرماناوێ دەڕۆن و قەراره کوڕەکەیان لەو گوندەدا لە ئامێز بگرن. کەماڵ سەر شانی چەپی لە شەڕی مارەغانیدا بە گوللە پێکراوە، بەڵام زۆر قوڵ نییە. دایکی لە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان خەبەری سووکە برینەکەی کەماڵی بیستوە، بەڵام دڵ گەرم و بریندارە و بۆ دیتنی کوڕەکەی چاوەڕوانە. دۆڵ و خڕە قوڵەکانی گوندەکان و لوتکەی بەرزی چیا و کێوەکانی ناوچە و قرچە قرچی هاوین بە یەکەوە سەرنجی رێبواران و بە تایبەت پورە زارای ماڵشێواو و لەیلای کچی رادەکێشن. ئەوان زۆر کەمتر لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەمجۆرە بە گوند و شاخەکاندا سووڕاونەوە. دڵگەورەیی خەڵکی گوندەکان و میواندۆستیان سوکنایی دڵی زارا و لەیلا دەدەن. ئەوان شادن، کە خەڵکی گوندەکان زۆر کراوەترە لە خەڵکی شارن. لە یەکێک لە دێبەرەکانی دەرماناوێ پورە زارا بۆ لێکردنەوەی خەیارێک لادەدا، بەڵام خاوەنەکەی بە زۆر لە بەر سێبەری کەپرەکە بە نان و دۆ و هەروەها خەیار و تەماتەی خۆماڵی داوەتیان دەکات. وەرزێڕی ماندوو و شەکەت دەزانێ، کە زارا و لەیلا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێن، بەڵام پرسیاریان لێناکات. زارا پاش دەستخۆشی و سپاسی خاڵەی وەرزێر پرسیاری لێدەکات، کە بنکەی دێموکرات لە کوێیە؟ خاوەنی دێبەرەکە پێشنیاریان پێدەکات، کە لێرە دانشین و ئەو دەچێت دەستنوێژێک هەڵدەگرێ و نوێژێک دەکات، دواتر لە گەڵیان دەچێ هەتا بنکەی پێشمەرگەکان. خاڵەی ورزێڕ ئامازەدەکات، کە کتریەکە وەسەردەنێ و دەتوانن چاییەکی خۆش بخۆنەوە و دواتر پێکەوە دەڕۆن. لەیلا بە تەواوەتی دیمەن و سرووشتی لادێکان گیرۆدەی دەکەن و خۆزگە دەخوازێ، کە ئەوانیش لە یەکێک لەو گوندانە ژیانێکی ساکار و پڕ قەناعەیان تێپەڕ کردبایە. هاتنەوەی خاوەنی دێبەرەکە هەودای خەونەکانی لەیلا دەپسێنێ. کزە بایەکی فێنک لە لوتکەی شاخە بەرزەکانەوە بەرەو دۆڵەکان دەکشێ و بە هێمنی گەڵا وشکبوەکانی کەپرە بچکۆلانەکەی خاڵەی وەرزێڕ دەلەرێنەتەوە. کتریە دوکەڵاویەکە لە سەر ئاورەکە قوڵتان دەدات و سەرەکەی لە ژێر

تەوژمی هەڵم و جۆش و خرۆشی ئاوە کوڵیوەکەدا وەلەرزین کەوتوە. خاڵەی وەرزێڕ سەری تورەکە چا وشەکەکە دەکاتەوە و بە دەستەکانی لۆچێک چای وشک لە کتریەکە دەکات و دواتر کتریەکە لە سەر ئاورەکە لادەبات و لە تەنیشت ئاورەکە لە سەر پۆلوە نیوە دامرکاوەکاندا دایدەنێ. خاڵەی ماندوو بە هێواشی دەڵێ، براژن بەخوا رۆژگارێکی ناخۆش و سەختە. ئەو خەڵکە چەند ساڵ لەوە پێش لەو گوندەی ئێمەڕا بە پێ دەچوونە شار و لە خۆپێشاندانەکانی دژی شادا بەشداریان دەکرد. کوردەکان بە تەورداس، بیور و خەنجەر بۆ شار دەچوون و هاواریان دەکرد، کە ئێمە رۆڵەی دێهاتین بۆ کوشتنی شا هاتین! بە ئیمانی ئیمانداران و بە کەلامی خودای سوێند دەخۆم، کە قەت جێگای خۆمان ناگرینەوە. ساڵێکی دیکە لێرە چەکداری رێژیم دەبینی و کوردە بۆر بەرنامەی نییە. ئەو حیزبانە وەک خەڵکی خۆمان رمەکی کار دەکەن و توانای ئیدارەکردنی شەڕ و رێکخستنی خەڵکیان نییە. لە هەر دۆڵێکدا چەند حیزب و رێکخراوێک چادریان هەڵداوە و کەس خەتی کەس ناخوینێتەوە و تاقە کەسێک گوێ لە فەقیر راناگرێ. هەر حیزبەی بۆ خۆی حکومەتێکە و گەورە و بچووک نەماوە. براژن لەوەش خەراپتر دەبێ و چەند ساڵێکی دیکە ئەو حیزبانە لە گەرمێنێش جێگایان نابێتەوە. ئەوان ئەوکات لە ئەژنۆی خۆیان دەدەن، کە چەندە بە ئاسانی شار و گوندەکانیان لە دەستی رێژیم و چەکدارەکانیان ناوە.

پاش خواردنەوەی چایەکی خۆشی کتریە دوکەڵاویەکە خاڵەی وەرزێڕ پێش پورە زارا و لەیلا دەکەوێ و هەتا بنکەی حیزب لە گەڵیان دەچێ. بە پێشمەرگەیەکی گوندەکەیان دەڵێ، ئەگەر لێرە نەمانەوە لە گەڵ کوڕەکەیان بیانهێنە بۆ ماڵی مامی خۆت. زارا و لەیلا سڵاو دەکەن و لە ژوورەکەی بنکەی پێشمەرگەکان دادەنیشن. پێشمەرگەکان بەخێرهاتنیان دەکەن و دواتر پرسیاریان لێدەکەن، کە بۆ سەردانی کێ هاتوون؟ پورە زارا بە زمانێکی شەکەت و ماندوو وڵام دەداتەوە، کە ئەو دایکی کەماڵی مام کەریمیە. پێشمەرگەکان زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکەن، بەڵام ئاگاداریان دەکەنەوە کە کەماڵ و هاوڕێکانی ئەوڕۆ بەیانی چوونە سوورەچۆمیی و رەنگە سبەینێ بگەڕێنەوە. پێشمەرگەیەک دەزانێ، کە دایک و خوشکی کەماڵ رێگایەکی زۆریان بڕیوە، بۆیە پێشنیاریان پێدەکات ئەگەر دەتوانن بە لاقان بڕۆن، ئەو ئامادەیە هەتا گوندی سوورەچۆمیان بەرێ. لەیلا و دایکی نازانن چ وڵامێک بدەنەوە و کەمێک نیگەران دەبن. پورە زارا دەپرسی، کاکە هیچ لە راستی خۆشتر نییە، ئەگەر ماوە و عەیبی نییە ئێمە هەتا بەیانی دەچینە ماڵی ئەو خاڵەی، کە هەتا ئێرە لە گەڵمان هات. پێشمەرگەکان سوێندی بۆ دەخۆن، کە بەیانی لێرە بوە و بۆ سەردانی دۆستانی چۆتە ئەو گوندە و سبەینێ دەگەڕێتەوە. یەکێک لە پێشمەرگەکان هەتا ماڵی خاڵە عەباس لە گەڵیان دەچێت. ئەوان هەتا بەیانی

لە گەڵ خاڵە عەباس و پــورە نـــاز و منداڵەکانیان دەمێنەوە و شەوێکی لەبیرنەکراو لە گەڵ ئەوانـــدا دەبەنە سەر.

تاریکایی ئێوارانی ئەو دۆڵ و چیایانە و خوڕەی ئاوی جۆگە و خڕەکان بۆ خەڵکی شار سیمایەکی پڕ لە سام و خۆشی هەیە. ئـاو و هەوای سـازگار، قەناعەتی گوندنیشـنان و دڵگەورەییان بـۆ لەیلا پـڕن لە وانەی گەورە و شەو لە کـاتی خەوتنـدا ئەسـپی خەیاڵی تـاودەدات و خـۆی لە داوێنـی گونـدێکی کوردسـتانێکی رزگـارکراودا دەبینێتەوە. ئەو لە داخـی خەمە گەورەکانی ژیـان و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی ماڵ پەنا بۆ خەیاڵ دەبات و لە جیهانی خەونەکانیدا لە گەڵ دایکی پڕن لە شـادیی و دوورن لە خەمە چنگ رەش و دڵرەقەکان. بـابی لەیلا، وەک جـاران لە ژوورەوە دانیشـتوە و بە قسە خۆشەکانی کـۆڕی مەجلیسـی میوانەکان دەڕازێنێتەوە. لە پـڕ تەقەی چەکێک هەودای خەیاڵی دەپسـێنێ و راسـت دەبێتەوە. لە پەنجەری مـاڵی خاڵە عەباس دەڕوانێتە دەرەوە، بەڵام بێجگە لە لشـکری تـاریکیی و هەروەها هاژەی ئاوی خڕ و خشەی گەڵای دارەکانی تەنیشت ماڵەکان هەست بە هیچ ناکات. بە ناچـاری دەگەڕێتەوە سەر دۆشەکی خەو و لە باوەشی خەودا پەنادەگرێ. ئەوان بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستن و پاش نوێژکردن بۆ خواردنی نان و چای بەیانی لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە. دەنگە دەنگێکی زۆر لە بەر دەرگـا سـاز دەبـێ و سەرنجی هەمووان بـۆ خـۆی رادەکێشـێ. زارا دەگەشـێتەوە و مەزەنـدە دەکـات، کە دەنگـی کوڕەکەی دەبیسـتێ. کەماڵ لە گەڵ چەن هاوڕێیەکی لە دەرگـا دەدات و بە دیـداری دایـک و خوشکی شاد دەبێتەوە. فرمێسکی شادی بۆ سووکردنی قورسایی خەمەکان لە کانیاوی چاوەکـان سەرچاو دەگرن و بە بنارەکانی روخساردا شۆڕدەبنەوە. ئەندامانی ماڵی مام کەریم لە ساتەدا دوو جیهانی خۆش و نـاخۆش لە بەرچاویانـدا دەبینـن. یەکەم، دیـداری کورتمـاوەی کەماڵ و دووهەم، پەرتەوازەیی مـاڵ و رۆیشتنی کاوە و شیرین. خاڵە ساڵە میوانەکان جێدێڵێ و چەند جارێک بە خـاوەن مـاڵ بانگیـان دەکـات ودووپـاتی دەکاتەوە،کە ئێـوە خـاوەن مـاڵن و رێزتـان لە سەر چاوانە. پورە زارا و لەیلا دوا ماوەیەک لە گەڵ کەماڵ دەچنە دەر و بە ئـازادیی خۆیـان لە گەڵ یەکتر لە سەر ژیـان و ژانەکان دەدوێن. پورە زارا لە گەڵ ئەوەی شـادە، بەڵام ئـازاری تەنیایی و پەرتەوازەبوونی ماڵەکەیان شـوێنەواری قـوڵی لەسەر دانـاوە و بەردەوام دووپـاتی دەکاتەوە، کە شـوکور بـۆ تـۆ خوایە، وەک ئـاردی نێـو دڕوانمـان لێهـات. یـا ئیلاهی، گوناهم چییە و لە پێناوی کام گوناه و ناپاکیدا ئێمەت تووشی ئەو رۆژگارە رەش و تاڵە کـردوە؟ کـوڕ، کـچ و مێـرد، هەمووی ئەوانە دایـک و خوشـکێکی چـاو بە فرمێسـکیان لە خـانوێکی رەق و تەقـدا بەجێهێشتوە.

زارا و لەیلا بە هێواشی باسی رووداوەکان دەکەن و ئاشکرای دەکەن، کە کاوە لە رەبەتێ چەکداری کۆمەڵەیە و شیرین مێردی بە خالیدی مەولود بەزازی کردوە، کە کوڕێکی سیخوڕ و سەر بە رێژیمە. کەماڵ بە بیستنی ئەو خەبەرانە دەتاسێ و لە سەر تاشەبەردێکی تەنیشت رێگاکە دادەنیشێ و هەڵوێستەیەک دەکات. ناوبراو، لە لەیلا دەپرسێ، شیرین ئەو کارەی بۆ کردوە؟ ئەدی کاوە لە پێناوی کام رێگا و ئامانجدا بۆتە پێشمەرگە؟ ئەو، خۆی بە تاوانبار دەزانێ و بە راشکاوی بە دایک و لەیلا رادەگەیەنێ، کە ئەگەر ئەمن بە قسەی بابم بکردایە و تێکەڵی سیاسەت و چەک نەبوومایە، خوشک و براکەم هەرگیز ئەو رێگایەیان هەڵنەدەبژارد. زارا لەو کاتەدا سەری کەماڵی ماچ دەکات و بە گریانەوە دەڵێ، رۆڵە نیگەران مەبە و کەس لە تۆ ناڕازی نییە. خوا دەستت لە عەمری گرێ و راوەستاو بی. خوا گەورەیە و رەنگە کاوە عاقڵ ببێ و لەو کابرا ریشنە کۆمۆنیستە بتۆرێ و بگەڕێتەوە سەر رێگای راستەقینە. ئەگەر کاوە هاڕەی لە بڕەی جیاکردبایەوە، بێگومان دەهاتە گەڵ حیزبەکەی ئێوە و لە تەنیشت برای خۆی چەکی هەڵدەگرت، بەڵام بە کەعبەی موعەززەم ئەویش تێکەڵی کردوە. ئەمن بۆم باسی رۆژانە و کاروباری ژیان دەکرد، ئەو بۆی باسی کرێکارانی جیهان و داس و چەکوچەکەی سەر ئاڵاکەی دەکرد. ئەمن رێنوێنیم دەکرد، کە بابت نادیارە و دەبێ وەک کوڕی ماڵ خاوەن کەسایەتی خۆت بی،کەچی ئەو بۆی باسی سۆسیالیزم و ئیقلابی تەبەقەی کارگەری دەکرد. خوابکەم، رۆژێک لەو خەوە قورسە هەستە و بزانێ، کە مرۆڤ بە کارەوە جوانە. کوڕی من بۆ شیرین نیگەران مەبە، ئەمن و لەیلا رێگامان پێنەدا بە شێوەی باو مارە بکرێ و لە ماڵ بچێتەدەر. لە کاتی خوازبێنی من و لەیلا بەخێرهاتنی هیچ کەسێکمان نەکرد و خاڵ رەحمان و مام عوسمانم کردنە وەکیل و تەواو. لەو رۆژەی لە ماڵ چۆتەدەر رێگام نەداوە بگەڕێتەوە. ئەمن و لەیلا زۆرمان پێگوت، کە تۆ خوشکی پیاویکی، کە چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردوە، زۆر نەگونجاوە تۆ مێرد بە کەسێک بکەی، کە لە سەنگەری دژایەتی براکەت و کوردان دایە. خەمی شیرینت نەبێ و پاش ماوەیەکی دیکە پەشیمان دەبێتەوە و دەزانی، کە چ هەڵەیەکی کردوە.

کەماڵ داوا لە دایکی و لەیلا دەکات، کە بچنە قاوەخانەی دەرماناوێ و ئاوێک یان خواردنەوەیەکی فێنک بخۆنەوە. ناوبرا زیاتر لە سەر قاوەخانەکە دەڕوات و دەڵێت، ماسی قوتو، تەماتە، هێلکەی خۆماڵی و خواردنی دیکەشی لێیە. زارا حەزی لەو خواردنانە نییە و لە بەر خاتری کەماڵی هەتا

قاوەخانە دەچن و هەر کامە قوتوە بیپسیەکی کۆلا دەخۆنەوە. بۆ نیوەڕۆ دەچنەوە ماڵی خاڵ عەباس و لە گەڵ پورە ناز دەکەونە گێڕانەوەی بەسەر هاتە کۆنەکان. لە جەرگەی گێڕانەوەی چیرۆکە کۆنەکادا دەبن، کە وەستا مستەفا، حوسێن و پەرویز بۆ دیتنی هاوسەر و کچەکەی مام کەریمی وەژوور دەکەون. ئەوان خەبەر و هەواڵی تازەی شار لە زارا و لەیلا دەپرسن. زارا و کچەکەی لە ترسان بە نهێنی هاتوون و بە کوڕەکان دەڵێن، ئەگەر بۆ چوونەوە راسپاردەیەکتان هەیە لە سەر چاوانی دادەنێین. ئەگەر چوومەوە سەردانی ماڵی هەمووتان دەکەم و سڵاوی ئێوەیان پێدەگەینم. کەسوکاری ئێوەم لە سەفەرە ئاگادار نەکردەوە و زۆر نیگەرانین. ئەوە یەکەمجارە و بڕیارماندا، کە ئەوجار بە تەنیا وەڕێ دەکەوین و شار پڕە لە عەجەم و خەڵکی سەر بە ڕێژیم. ئێمە هەموو لە ژێر چاوەدێری کوردی بەکرێگیراودا دەژین و ژیانمان هەتا بڵێی تاڵە. کوڕی مام دەروێش، ئازیز، خاڵە مینە بە تێکڕا دەڵێن وادەزانین چاومان بە دایکی خۆمان کەوتوە و هیچ جیاوازییەکی نییە. ئێمە لە دەرەوە هەموومان وەک ئەندامی خێزانێکن و ئاگاداری یەکترین.

خاڵە عەباس لە ئاوداشتنی دێبەرەکەی دەگەڕێتەوە و بەخێرهاتنی هەموو لایەک دەکات. ناوبراو دوای دانیشتن لە تەنیشت میوانەکان چەند جارێک ئەو رستەیە دەڵێتەوە:" یاخوا بەخێربێن ماڵی کاکی. گەورەتان کردین". خاڵە عەباس لە پێشمەرگەکان دەپرسێ، کە چۆن ئەو زەمانە هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا لە گەڵ حکومەتی مەلاکان دەسازێن یان ئەو شەڕە درێژەی دەبێ؟ باشە سەرۆک و پیاوە گەورەکانتان لە سەر ئەو رۆژگارە لێدوانێک نادەن؟ کورد و کورت گوتەنی، هیچ ئومێد و هیوایەک بە دوارۆژ هەیە یان ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پارە؟ کەماڵ لە بەر ڕێزگرتن لە میوانداریەتی خاڵە سۆفی بە ئارامی چیرۆکی باوکی دەگێڕێتەوە، کە ساڵانی زوو چەندە بە وردی کوڕەکەی لە پاشەڕۆژی سیاسەت ئاگادار کردۆتەوە. ئەو بە کورتی بیروڕاکانی بەمجۆرە دەردەبڕێ:" خاڵە عەباس ئێمەی کورد پەرتەوازە و لێکدابڕاوین. ئەو ساڵانە دەرفەتی چاکمان بۆ خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستن کەوتەدەست ، بەڵام کەڵکی باشمان لێوەرنەگرت. خەبات و پێشمەرگایەتی رەوایە و لەو ڕێگایەدا شەهیدی زۆرمان داوە. ئێمە درێژە بە پێشمەرگایەتی بدەین یان خۆمان رادەستی ڕێژیم بکەینەوە، هیچ لە رەوایەتی پرسی کورد کەم ناکاتەوە. ئێمەی کورد زۆر بیر لە دوارۆژ ناکەینەوە و فێرکراوین بە پەلەپڕووزە کارەکان بە ناپوختی تەواو بکەین. پێشمەرگەی ئازامان زۆرن، بەڵام باش ئیدارە ناکرێن. شۆڕش کەرەستەی زۆر نییە و خەڵکیش تەنیا لە گوندەکان زۆر ئۆگری خەبات و تێکۆشانن. لە شارەکان خەڵک سەرقاڵی ژیان و

خۆپەنادانن. بەرپرسانی سەرەوە لەو بارودوخە ئاگادارن، بەڵام بەو هێز و ئیمکاناتە هەر ئەوەندە دەکرێ. ئێمە لە بیرمانە، کە لە شەڕی سێ مانگەدا چ زەبرێکی گەورە لە رێژیم سرەوێندرا. ئەو رۆژانە رێژیم پەلامار دێنێ و ئێمە ماوەیەک خۆڕاگری دەکەین و دواتر تەپۆڵکە و گوندەکان بۆ رێژیم جێدێڵین. شەڕ، ئیمکانات و گەڵاڵەی دەوێ و ئەو شەڕەی ئێمە ئەمڕۆ بەسەرماندا سەپاوە بۆ مانەوەیە. خاڵە بە ناشکوریش نەبێ، حیزب و رێکخراویش ئەوەندە زۆرن، کە سەریان لە خەڵک و خۆیان شێواندوە. خاڵە عەباس لە کاتی گوێگرتن لە قسەکانی کەماڵ بە دەستەکانی قەندانە شووشەکەی بەردەمی دەبزێوێ و دواتر بە ئامادەبووان دەڵێت:" ئەمن مردوو و ئێوە زیندوو، کاری کوردان گرێ و گۆڵەی زۆری تێدەکەوێ. ئەمن لە شەڕی پاسدار و پێشمەرگەی حیزب ناترسم، بەڵکو لەوە دەترسم پێشمەرگەی حیزبەکان لە سەر کۆکردنەوەی زەکات، یارمەتی و هەروەها شێعر و وتەکانیان شەڕی یەکتر بکەن. کوردایەتی و ئازادی خۆشە، بەڵام رێگا زۆر سەخت و چەتوونە. چەند جاران چەکداری حیزبەکان زوڵمیان لە گوندنشین و خەڵکی زۆر بەتەمەن کردوە. لە سەر رێگای شار چەند پێشمەرگەیەک سووکایەتی بەو کەسانە دەکەن، کە بۆ حاجەتێک دەچنە شار و هەموو جەستەیان دەپشکنن. زەمانە دەسووڕێ و ساڵێکی دیکە پەشیمان دەبینەوە. دوو ساڵ لەوەپێش شار لە چنگی پێشمەرگەدا بو، کەچی ئەمڕۆ ئەرتەش و پاسدار لە قوچ و مارەغانین. ساڵێکی دیکە لەو دۆڵەی رەنگە بەسیجی و پاسداران ببینی، کە بە دۆڵی زەرتکەیدا هەڵدەگەڕێن". هاوسەر و منداڵەکانی مام کەریم، سپاسی ماڵی خاڵە عەباس و پورە ناز دەکەن، کە بە دڵێکی گەورە و پاکەوە میوانداریان کردوون.

کەماڵ و کوڕەکان ساغدەبنەوە، کە لە گەڵ پورە زارا و لەیلا سەردانی سوورە چۆم قەلاڕەشێ بکەن و چەند رۆژێک لەو گوندانە پێکەوە تێپەڕکەن. ئەوان دوا نیوەڕۆ بەرەو گوندی سوورەچۆم بەڕێ دەکەون. لە رێگادا زۆر بیرەوەری خۆش دەگێڕنەوە، کە بەشێکیان پێوەندیان بە سەردەمی منداڵەتی و رۆژانی شارە. ئەوان لە سوورەچۆمی سەرەتا دەچنە مەقەڕ و دوای پشوودانێکی کورت دەچنە یەکێک لە ماڵەکان. بەیانی دەچنە گوندی قەلاڕەشە و دوو شەوان لە ماڵەکانی ئەو گوندەدا دەمێنەوە. ئەوان بۆ رۆیشتنە بۆ شار پەلەیانە، چوونکە ماڵەکەیان بە کەس نەسپاردوە و زۆرمانەوەیان بە گونجاو نازانن. کەماڵ و هاوڕێکانی هەتا پشت رەزەکانی گەوەلان هاوڕێیەتی پورە زارا و لەیلا دەکەن. لەیلا و دایکی ماڵئاوایی لە هەموو لایەک دەخوازن و لە گەڵ ژمارەیەکی لە گوندنشینەکان بەرەو شار دەڕۆنەوە. کەماڵ پێشوەخت دایک و لەیلای خوشکی رێنوێنی دەکات، کە ئەگەر لە رێگای گەڕانەوەدا چەکدار یان

کەسی دیکە پرسیاریان لێکردن باسی هیچ نەکەن. تەنیا ئەوەندە بڵێن، کە لە ماڵی خزمان بووین. دایک و کچ وێڕای چەند ژن و پیاوێکی گوندەکانی دەوروبەر بە قسەکردن و بێدەنگی ڕێگاکە دەپێون و پاش کاتژمێرێک دەگەنەوە شار. ناوبرا لە گەڵ لەیلا شەکەت و ماندوون و دیداری ماڵە مام دەروێش، ئازیز و خاڵە مینە بۆ ڕۆژانی داهاتوو هەڵدەگرن.

کاوەی مام کەریمی، لە یەکێک لە بنکەکانی کۆمەڵە لە شارۆچکەی رەبەت جێگرکراوە. ئەو لە کۆنەوە ئـــــۆگری وتە و قسە دانســـــقەکانی رێبەرانی سۆســـــیالیزم و کۆمۆنیزمە، بۆیە یەکەم مانگەکانی پێشمەرگایەتی بە شادیی تێپەڕ دەکات. ناوبراو، لەو ماوەیەدا تێدەکۆشێ زیاتر لە گەڵ نووسراوە فارسیی و کوردییەکان ئاشنا بێ و رێبازێکی راستەقینە بدۆزێتەوە. لە مانگی خەرمانانـدا پێشمەرگەی حیزبەکان بۆ کۆکردنەوەی پیتاک و زەکات لە مەزرا و گوندەکان دەگەڕێن. کاوە لە گەڵ تیمێکی کۆمەڵە بۆ کۆکردنەوەی ئەو یارمەتیانە بەرو گوندەکانی سیسێر، نستان و دەوروبەری وەڕێدەکوێ. ئەوە یەکەم چالاکی ناوبراو لە ریزەکانی کۆمەڵەدایە. ئەوان گوند بە گوند دەڕۆن و لە سەر مەزرا و جۆخینەکان سەردانی خەڵک دەکەن. بەشێک لە خەڵک ئامادە نییە، کە زەکات یان یارمەتی خۆی بە کۆمەڵە بدات. بەشێک لە وەرزێڕەکان لە سەر جۆخینەکان هاوار دەکەن، کە تازە پێشمەرگەکانی دێموکراڕات زەکاتیان بردوە. بەشێک لە وەرزێڕەکان بۆ خۆدەربازکردن لە دانی زەکات ئەو فرت و فێڵانەیان دەکرد، بەڵام دواتر وەرزێڕەکان لە بەرامبەر پێدانی یارمەتی بەڵگەیان وەردەگرت، کە رێگاکەی ئاسانتر دەکرد. کاوە لە زۆربەی سەر جۆخینەکان و پاشانە گوندەکان دەبینێ، کە بەرابەریی و عەدالەت خەریکە پشتی لە عەرزێ دەدرێ.

گەرمای تاقەت پڕووکێنـــی دۆڵ و مەزراکانی ناوچەی رەبەت بـۆ کـاوە دژوار و سەختە. ئەو یەکەمجارە لە نیزیکەوە کاری وەرزێڕی، گێرە و کێشەی گوندنشینەکان دەبینێ. کاتێک لە بن سێبەری دارەکانی تەنیشت جۆخینەکان لە لایەن وەرزێڕەکان بۆ چاخواردنەوە یان خواردنی نان و دۆیەک بانگ دەکرێ، کاوە بێدەنگ لە گۆشەیەک دادەنیشێ. بۆ رەواندنەوەی ماندوویەتی و هەروەها دۆزینەوەی قسەی خۆش لەو گەرمایەدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە ئامـاژە بە کـاوە دەکـات، کە کـوڕی شـارە و تـازە هاتۆتە نێـو ریزەکـــانی کۆمەڵە، بۆیە رەنگە لە لووسەکە، قڕنـــوو، تەپۆ و هەروەها ژنگە ســـوورەکانی ئەو ناوچانە کەمێک بپرینگێتەوە. لە یەکێک لە مەزراکان کـاوە خۆبەخشـانە ئامـادەکردنی چـا و هێنـانی ئاوەکە دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو نـابێ. ئەو پـاش هێنـانی ئاوەکە و دانـانی کتریەکە لە سەر سێ کۆچەکە بەردەکە، لە کردنەوەی ئاورەکە سەرکەوتوو نابێ. کاکی وەرزێڕ بە پێکەنیەوە دەڵێ، بەو شێوازە سیاسەت و پێشمەرگایەتی بکەن، ئاوری شۆڕش لەوە خۆشتر نابێ.

لە یەکێک لە گوندەکان پێشمەرگەکان لە گەڵ خاوەن ملکێکدا دەبێتە کێشەیان. وەرزێڕەکە ئامادە نییە ئەو رێژەیە لە گەنم و نۆک، کە پێشمەرگەکان داوای دەکەن وەک یارمەتی یان زەکات بدات. یەکێک لە پێشمەرگەکان بە قۆنداخی تفەنگ چەند دانەیەک لە پشت و شانی وەرزێڕەکە دەدات و خاوەن ماڵ ناچار دەکەن، کە زیاتر لەو رێژەیە بدات. کاوە لە بەر سوورەتاوی هاوینی ناوچەکانی رەبەت وتەی مارکس، لێنین و مائۆی لە گەڵ کۆکردنەوەی پیتاک و یارمەتی بۆ شۆڕش هاوتا دەکرد. ئەو لەو تەمەنەدا بە وردی جیاوازی نێوان وشە و کردەوەی نازانێ، چوونکە وانەکانی قوتابخانە و هەروەها پەروەردەی کۆمەڵگا وشک و داخراون. مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا لە هەموو شوێنێک ئەرکی مل لەقاندن و گوتنی ئەشهەدوبیللایە و ئەگەر رەخنەبگرێ دەکەوێتە بەر غەزەبی خوای دەسەڵات. کاوە لە جەولەیەدا سەردانی زیاتر لە ٢٦ گوند دەکات و شەو و ڕۆژ لە ماڵ و لە مەزراکان لە گەڵ روخساری راستەقینەی ئەو مرۆڤانە ئاشنا دەبێ، کە لە پێناوی نان و ئاوێکدا شەکەت و ماندوون. ئەوان بەشێک لە پیتاک و یارمەتیەکان بە وشکەپارە وەردەگرن و بەشێکیش وەک گەنم، نۆک و هتد، کە بە یارمەتی گوندنشینەکان لە گوندێکی دیاریکراودا کۆیان دەکردەوە و دواتر بۆ رەبەتیان دەگواستەوە. لە بەشێک لە گوندەکان پێشمەرگەی حیزبەکان لە یەکتر هەڵدەنگوتن و لە بەرچاوی کچ و ژنە جوانەکانی ئاوایی مۆڕەیان لە یەکتر دەکرد. ئەو رۆژانە هەر چەکدارێک حیسابی ژنڕاڵ بۆ خۆی دەکات و هەموو فەرماندەیەک حاکمێکە. ئەوان بە تێکڕا لە رەبەت و گوندەکانی ناوچەدا پاڵیان لێداوەتەوە و ناتوانن پردی بریسوێ لە پاسدارەکان بستێننەوە. شۆڕشەکە لە شۆڕشی چاوەڕوانی دەچێ، کە توانای هێرشی نەماوە و چاوەڕوانە دوژمن ساڵ بە ساڵ پاشەکشەی پێبکات و سەرئەنجام لە مەیدانەکە پەراوێزی دەخات.

زارای مام کەریمی و لەیلا پاش گەڕانەوە لە دیداری کوڕەکەیان، سەردانی ماڵی خاڵە مینە، مام دەروێش و پور ئازیزێ دەکەن. سڵاو و رێزی کوڕەکانیان پێدەگەینن و باس لە بریندارەبوونی کەماڵی دەکەن. پورە زارا بە تێروتەسەلی سەفەرەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە و باس لە جوامێری خەڵکی گوندەکان دەکات. لەیلا لە سەر جوانییەکانی گوند و مەزراکان و دڵگەورەیی گوندنشینەکان دەدوێ، کە زۆر بە رێزەوە ئەو چەند شەوە میوانیان بوون. زارا لەوە دڵنیایان دەکاتەوە، کە هەتا بەهارێکی دیکە حکومەت هێرش ناکات و دەستی خاترجەمی بدەنە بن سەریان، بەڵام ساڵ بە ساڵ لە یەکتر دوورتر دەکەوینەوە.

باب و دایکی پێشمەرگەکان شادن بەو خەبەرانە و بڕیاردەدەن، کە لە پاییزدا ئەگەر خودا هەڵیسووڕێنێ سەرێک لە کوڕەکانیان دەدەن. خەمی زارا لە ژنەکانی دیکەی هاوتەمەنی زیاترە و ئەو دەبێ بیر لە کار و خۆژیاندن بکاتەوە. ناوبراو پارە پاشەکەوتەکەی لە بوخچەیەکدا هەڵگرتوە و بە ماڵی سپی بۆ رۆژی رەشی دەناسێنێ. لەیلا لەو مەیدانەدا ئازایانە قۆڵی هەڵماڵیوە و ئامادەیە لە گەڵ چەند ژنی نانکەردا نان بکات و بەو پارەیە بژیوی خۆیان دەستەبەر بکات. پورە زارا چەند شەوێکە خەون بە کاوەی کوڕیەوە دەبینێ و هەموو بەیانیەک چەند جارێک خەونەکانی بۆ لەیلا دەگێڕێتەوە. شەوانە ئارام و قەراری نامێنێ، بۆیە ساغدەبنەوە، کە پێکەوە سەردانێکی کاوەش بکەن و پاش گەڕانەوە بیرێک لە چۆنیەتی خۆژیاندن بکەنەوە.

لەیلا دوو قاتی کوردی، پشتێندێکی ناسراو بە قوماشی فرمێسک و دوو لفکەی دەستچن وەک دیاری بۆ کاوە دەپێچێتەوە. ئەوان بە ماشێنێکی موسافیرهەڵگر هەتا سەر پردێ بریسوێ دەڕۆن. رێگای هاتوچۆی ئوتۆمبیل لە سەر پردێ بۆ رەبەت گیراوە، چوونکە لە پردێ پاسدار و لە رەبەت پێشمەرگە حوکم دەکەن. زارا و لەیلا شارەزای ئەو رێگایە نین و ماوەیەک لە دووری پردەکە بە بیانووی جیاواز خۆیان دەخافڵێنن، بۆ ئەوەی رێبوارێک پەیدا بێ. پیاوێک بە سواری ئەسپێک نیزیک دەبێتەوە، بۆیە بە دەرفەتی دەزانن و پرسیاری رێگای چوونە رەبەتی لێدەکەن. سوارەکە بە دەست رێگاکەیان نیشاندەدات، کە بەرەو باڵان و وەتماناوێ دەچێ. ناوبراو چەند جارێک رێنوێنیان دەکات، کە لەو رێگایە بۆ راست و چەپ لانەدەن و نیگەران مەبەن، چوونکە رێبوارێکی زۆر لە نێوان رەبەت و ئەو گوندانە و سەرچۆمی کەڵوێدا هاتۆچۆدەکەن. زارا و لەیلا ماوەیەک بە رێگادا دەڕۆن و بۆ پشوودان لە بن سێبەری ریزە سپیدارێک لادەدەن. ئەوان شەکەت و برسی دیارن، بۆیە بوخچەکەیان دەکەنەوە و هەڵوا و نانەکە دەردێنن و خۆیان تێردەکەن. خەریکی هەستان دەبن، کە چەند رێبوارێک دەگەنە لایان و لە بن سێبەرەکە دادەنیشن. ئەوان کراوەترن و لە پورە زارا و لەیلا دەپرسن، کە بۆ کوێ دەچن؟ ئەگەر بۆ رەبەت دەچن ماوەیەکی دیکە پێکەوە بەیەکەوە دڕۆین. با لێرە پشوویەک بدەین و نوێژی نیوەڕۆیە بکەین و بە فێنکی دەڕۆین. زارا و لەیلا دڵخۆشن و دەڵێن خودا لە عەبدی خۆی خافڵ نییە و ئەوانە وەک خدری زیندوو لە ئێمە پەیدا بوون.

رێبوارەکان یەکدەست دیارنین و لە خەڵکی دوو ناوچەی کوردستان دەچن. جلوبەری ژنانە و پیاوانەی

ئەوان جیاوازی هەیە و بە ئاسانی لە یەکتر جیادەکرێنەوە. ئەوان پرسیار لە زارا و لەیلا دەکەن، کە بەو قرچە قرچەی گەرمایە چۆن رێگای رەبەتیان گرتۆتەبەر. پورە زارا بە کورتی دەڵێت، کە چارەنووس. ئەو دواتر ئازاری دایک و باوکەکانی سەردەم دەنەخشێنێ و بەمجۆرە دەدوێ. ئەو زەمانە دایک و بابەکان خەراپیان بەسەر هاتوە. ئێمە بە هەزار بەدبەختی و رۆژرەشی منداڵەکانمان گەورە کرد و دواتر حیزبۆکە هاتن و منداڵیان هەڵفریواندن و بۆ خزمەتکردنی خۆیان و گەورەکانیان لە دایک و بابیان کردنەوە. چارەنووسمان بڵاوبوون و پەرتەوازەبوونە و لە سایەی سەری ریش پەشمەکەکان ناحەسێینەوە. بە هەموو شێخ و موشایەخی دنیایە، ئەوەش رەنگە گرفتاری ئەو دەردە بن. ژنێکی سنەیی بە زاراوەی خۆیان دەڵێ:" قوربانی ئەو دەمەو دایە، تۆ راستی ئێژی. مردوم خانەخەراو کریان". پاش ئەو بیروڕاگۆڕینەوە پیاویکی بە ساڵداچوو وەپێشیان دەکەوێ و بە قەتارە بەرەو مەڵبەندی هێزە سیاسییەکان رێگا دەبڕن. سەروبەندی نوێژی عەسر دەگەنە رەبەت و لەوێ هەر کەسەو بە لایەکدا دەڕوات. لەیلا لە دووکانێکی سەر شەقامە تۆزاویی و چەوڕێژەکەی رەبەت پرسیاری بنکەی کۆمەڵە دەکات؟ کورێکی گەنج پێش ئەوەی وڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، دەپرسێ رەنگە ئێوەش منداڵەکەتان زویربێ و ببێتە پێشمەرگە. لەیلا دووکانەکە جێدێڵێ و لە رێبوارێکی ئاسایی پرسیار دەکات، کە بنکەی کۆمەڵە لە کوێیە؟ پیاوەکە لە کاتێکدا خەریکی گوتنی ئەستەغفیروڵڵا و هەروەها وشەکانی وەک ئەڵڵا و سوبحانەڵڵایە، وەپێش لەیلا و دایکی دەکەوێ و هەتا بەر دەرگای بنکەی کۆمەڵە هاوڕێیەتیان دەکات. یەکەم چەکداری کۆمەڵە کە بەخێرهاتنی لەیلا و دایکی دەکات کاوەیە. ئەو لە بەر دەرگای بنکەی کۆمەڵي پیاسەدەکات و چەکێکی کەڵاشینکۆفی قۆنداخداری لە شان کردوە. پورە زارا سەری ماچ دەکات و لیی دەپرسێ، کاکە ئەتۆ هەموو رۆژێ باسی کابرا پیرەکەت دەکرد، کە بەرابەری دابین دەکات و کرێکار رزگار دەکات و هتد. ئایا لەو ماوەیەدا هیچ کێشەیەکی چارەسەر کردوە؟ کاوە بە دیتنی دایک و خوشکی چاوەکانی پڕ لە ئاو دەبن و بەخێرهاتنیان دەکات. ناوبراو دایک و خوشکەکەی دەباتە هۆدەیەکی تایبەت بە میوان و کەسێکی دیکە بۆ چاوەدێری دەنێرێتە بەر دەرگا. لە ماوەیەکی کورتدا بەشێک لە پێشمەگە ژن و کچەکان و هەروەها پیاوەکان بەخێرهاتنی دایک و خوشکی کاوە دەکەن. کاوە بە پەلە ئاوێکی خواردنەوەیان بۆ دێنێ و دواتر سەماوەرەکە، کە تازە کوژاوەتەوە هەڵدەکاتەوە و چاییەک ئامادە دەکات. لەیلا دەڵێ، ئەوڕۆ هەست دەکەین کە کابرای ریش پەشمەکە بێ مەندیلەکە کاری خۆی کردوە و ئەوەتا چا ساز دەکەی و کاروبارەکان رادەپەڕێنی. کاوە لەو کاتەدا بۆ پێکەنین باس لە ناساندنی مارکس دەکات و بابەتی فێۆدالیزم و سەرمایەداریان بۆ شیدەکاتەوە. دایکی زۆر پێدەکەنێ

و لە کۆتاییدا وەبیر کاوە دێنێتەوە، کە سەرئەنجام جوجەڵەکان پاییزێ دەژمرین. کاوە لەو پەندە تێناگات و لە وڵامدا دەڵێ، لێرە جوجەڵەمان نییە و کەڵەباب و مریشک بە کەڵکی پێشمەرگان نایەن، چوونکە لە ماوەیەکی کەمدا تەواویان دەکەن. دایکی دەپرسێ، رۆڵە بۆ مریشک دزین لێرەش هەیە؟ ئەدی هەموو رۆژێ لە سەر دار و دیوار لە رادیۆنە شکاوەکان هاوار ناکەن، کە لایەنگری مافی هەژاران و زەحمەتکێشانی کوردستانن. خودا دەزانێ، راست نەماوە و هەر کەس بۆ لای خۆی رایدەکێشێ. زارا بەنیازە دەستنوێژ هەڵگرێ و شوێنە پێویستەکان لە کاوە دەپرسێ و لە گەڵ لەیلا پێکەوە دەچن بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن. خواردنی شەوی بنکەکە برینج و لوبیایە، کە لە گەڵ خواردنی ماڵ جیاوازییەکی زۆری هەیە. برینجەکە وەک سندە گڵ بە یەکەوە نووساوە و بە زەبری کەوگیر و کەوچک لە یەکتر نابێتەوە و لۆبیاکانیش بە تەواوەتی پێنەگەیشتوون. بۆ تێرکردنی زگ میوان و چەکدار ناچارن کە خواردنەکە قبوڵ بکەن و بە گوێرەی توانا بیخۆن.

یەکێک لە کچە پێشمەرگەکان دایکی کاوە دەبزێوێت و پرسیاری لێدەکات، کە لەیلا بۆ نابێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە؟ کچەکە درێژە بە پرسیارکردن دەدات و و زارا بە پرسیاری رەنگاوڕەنگ شەکەت دەکات. زارا بۆ پچڕینەری ئەو کچە دەپرسێت، کە کچی جوان تۆ بۆ مێرد بە کاوەی ناکەی؟ پێکەوە وەرنەوە شار و خەریکی ژیانی خۆتان بن و واز لەو شۆڕشە بێنن. بە سەری پێغەمبەری ئەو شۆڕشە وەک ترخێنەی وایە هەتا بمێنێ و درێژەی بکێشێ عەلەمان هەڵدەێنێ. کچ و ژنەکانی مەقەڕی بە قسەکانی زارا شاد و دڵخۆشن. پێشمەرگەیەکی دیکەی ژن لە زارا دەپرسێ، ئەتۆ بۆ بردنەوەی کاوە هاتووی یان لەیلات بۆ پێشمەرگایەتی هێناوە؟ زارا و لەیلا بارەکەیان دەدۆزنەوە و بە پێکەنینێکی کورت و مانادار وڵامی ئەو پرسیارانە دەدنەوە. کاتێک پورە زارا خەریکی نوێژی ئێوارە دەبێ، ژمارەیەک پێشمەرگەی گەنجی کۆمەڵە بابەتی تازە بۆ توڕەکردنی دایکی کاوە دەدۆزنەوە. دوای تەواوبوونی نوێژ و تاعەت، یەکێک لە پێشمەرگەکان لە پورە زارا دەپرسێ، ئایا تۆ لە مانای ئەو نوێژ و عیبادەتە تێدەگەی؟ سەرەتا پورە زارا بە نەرمی دەڵێ، رۆڵە هەمووی باسی خوا و پێغەمبەر و ئاوری جەهەننەم و بەهەشتە. ئێمە هەموو موسڵمانین و باوەڕمان بە رۆژی حەشر و مردن هەیە، بۆیە ئەو نوێژ و رۆژوانە کاسبی رۆژی ئاخیرەتە. لەو کاتەدا یەکێک لە پورە زارا دەپرسێ، ئەتۆ حەمەی قوڕەیشی دەناسی؟ پورە زارا لە داخی ئەو پرسیارە بێزارکەرانە جنێوێک بە حەمەی دەدات و دەڵێ، خۆم من ئیدارەی سەبت و ئەحوالی وڵآتی نیم، کە ئاگاداری ناو و شۆرەتی هەموو کەسێک بم. بەو رستەیە پێشمەرگەکان و

کـــاوەش لە پڕمە پێکەنین دەدەن و هێنـــدێکیان ژووره جێـــدێڵن. زارا سەرەتا دەشـــڵەژێ و لە لەیلا دەپرسێ، ئەوانە بۆچی وا لە فیشقەی پێکەنیان دا؟ خۆ هیچی خواروخێچم نەگوتوە و تەنیا گوتوومە ئەو کابرایەی ناناســـم! کـــاوە لەو دەرفەتەدا بە دایکـــی دەڵـــێ، کە مەبەســـتیان لەو کابرایە پێغەمبەر محەممەدە، بەڵام هێنـدێک کەس بە حەمەی قوڕەیشـی نـاوی دەبەن. ناوەکەیان کوردانـدوە و ناسـناوی عەشـــیرەتەکەیان خســـتۆتە پـــاڵ. زارا بە بیســـتنی ئەو روونکردنەوەیە بە کەیفی خـــۆی جنێـــو بەو پێشمەرگانە دەدات، کە تووشـی ئەو گوناهەیان کردوە. بۆ ئارامکردنەی بارودۆخەکە کـاوە و دایکـی لە گەڵ خوشکی هەتا بەیانی پێکەوە جێدێڵن. دایکـی و لەیلا داوا لە کـاوە دەکەن، کە سەردانی کەماڵیان کردوە و زۆر ئامۆژگاری کردوون، کە کاوە بگێڕنەوە ماڵ. کاوە ئامادەی چوونەوە نییە و بە دایکـی دەڵـێ، هەتا لەو نیزیکانە بنکە و مەقەڕمان هەبێ درێـــژە بە پێشـــمەرگایەتی دەدەم و ئەگەر دونیـــا گـــۆڕا قسەیەکی دیکەی لێدەکەین. لەیلا زۆر شێر و ڕێویان بۆ کاوەی برای دێنێتەوە، بۆ ئەوەی دڵـی نەرم بێت و بگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام زۆر سوودی نابێ. لە ژووری میوانەکان وێنەیەکی گەورەی مارکس هەڵاوەسراوە، کە لەیلا و دایکی پاش ماندووبوون لە قسەکردن چاوێکی لێدەکەن. زارا لە داخی کاوە چاپۆک لە مارکس دەنـێ و بە ریش پەشمەکی بـێ مەنـدیل نـاوی دەبـات. کـاوە لەو بابەتە تـووڕە دەبـێ و لە گەڵ دایکـی کێشەیان لـێ پەیـدا دەبـێ. پـورە زارا هـاواری لـێ هەڵدەسـتێ و تێـر بە دڵ جنێـو بە مـارکس دەدات. پێشمەرگەکان لە دەرەوەی هۆدەکە گوێیان لەو جنێو و دمەتەقەیە و بنکەکە بە پێکەنین پڕ دەبـێ. زارا بەو پێکەنینە هێنـدەی دیکە تـوڕە دەبـێ و باســی شەوی رابـردوو دەکـات، کە گاڵتەیان بە ئیسـلام و پێغەمبەر کردوە. کاوە و لەیلا بە زۆر دایکیان ئـارام دەکەنەوە و کـاوە تێگەیشـتوە، کە ئەو پێشـمەرگانە لە سازکردنی نوکتە دەگەڕێن، بۆیە بە لەیلا و دایکی دەڵێت، با سەریک لە بازاڕ بدەین.

کـاوە و لەیلا لە گەڵ دایکیـان سەردانی بـازاڕ دەکەن و تەوەرەی قسەکردن دەگـۆڕن. کـاوە لە دایکـی دەپرسـێ، کە دەبـێ خەمی بابیـان بخـۆن و بە جۆرێـک بزانـن کە ئایـا گیـراوە یـان مـردوە؟ کـاوە زیـاتر دەچێتە نـاخی مەسەلەکە و داوا لە دایکـی دەکـات، کە لە ڕێگـای حیزبـی دێمـوکڕات باشـترە لە عێـراق سۆراغێکی بابم بکەین. ئەوان پێوەندی باشیان لە گەڵ ڕێژیمی عێـڕاق هەیە و ئەگەر نییەت هەبێ زۆر بە ئاســانی دەتــوانن سەرداوێک ئاشــکرا بکەن. زارا و لەیلا ئەو بیرۆکەیە بە بــاش دەزانــن و بەڵێن دەدەن، کە ئەگەر کەماڵیان لە نیزیکەوە دیت بە وردی پرسیاری دۆزینەوەی مام کەریم بکەن. کـاوە لە مەڕ دوینـێ شەو داوای لێبـوردن لە دایکـی دەکـات و ئامـاژە دەکـات، کە بنکە و مەقەڕەکان بەو قسە و

چیرۆکانە کاتەکان تێدەپەڕنن. بەشێک لە کوڕ و کچانی ناوچەکانی دیکە کراوەن و گاڵتە و گەمەی زۆر لە گەڵ یەکتر و بە تایبەت دایک و باوکی پێشمەرگەکان دەکەن. زارا بە راستە ڕێگاکەی ڕەبەتدا دەڕواتە خوار و لە دەست هەتاوی ئەو دەشتە خۆزگە بۆ شارەکەی دەخوازێ. بۆ حەسانەوە دەچنە چاخانەیەک و دواتر بەرەو مەقەڕ دەگەڕێنەوە. لەیلا و دایکی داوا لە کاوە دەکەن، کە ئەگەر هەر پێشمەرگایەتی دەکات، بۆچی ناچێتە گەڵ دێموکراتە و تەنیشت براکەی. کاوە بە راشکاوی دێموکراتە بە بورژوا ناو دەبات، کە سەرۆکەکەی کوڕە ئاغایە و پارێزەری سەرمایەدارییە. ئەمن لە پێناوی ئاڵا سوورەکەی کۆمەڵە و بیروباوەڕی سۆسیالیزمدا تێدەکۆشم و ئیمانم بە دێموکراتە و بەرنامەکەی نییە. دایکی سوورە لە سەر ئەوەی، ڕۆژێک کاوە پەشیمان دەبێتەوە و حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانە دەخوازێ. ئەوەتا کەماڵ بە زمانی خۆی بە ئێمەی گوت، ئەگەر بە قسەی بابم کردبا و سەرقاڵی کار و پیشەیەکی ئازاد بوومایە، قەت شیرین و کاوە تووشی ئەو چارەنووسە نەدەبوون. کاوە بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، چوونکە وتە و ڕێنوێنیەکانی دایکی راستن، بەڵام کفوکوڵی گەنجانە و مۆدیلی سەردەمە. زارا لە لەیلا دەپرسێ ڕۆڵە ئەوڕۆ بڕۆینەوە یان بەیانی؟ لەیلا بە باشی دەزانێ، کە ئەو شەو لە لای کاوە بن و بەیانی زوو بەرەو سەردەشت بگەڕێنەوە. ئەوان بەرەو بنکەی کۆمەڵە دەگەڕێنەوە و کاتێک دەگەنەوە نانی نێوەڕۆ ئامادەیە. ئەمڕۆ پێشمەرگەکان باشتر لە دوێنێ دەجوڵێنەوە و دەزانن، کە دڵی پور زارایان ڕەنجاندوە. یەکێک لە بەرپرسانی بنکەکە لە سەر ڕووداوەکانی شەوی رابردوو و ئەو نوکتە و پێکەنیانە داوای لێبوردن لە دایکی کاوە دەکات و بە راشکاوی رادەگەیەنێ، کە ئەرکی ئێمە رزگاری مرۆڤەکان لە چنگی ستەم و زوڵمە. ئێمە وەک ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە باوەڕمان بە باوەڕە دینیەکان نییە، بەڵام ڕێز لە باوەڕ و دینی خەڵکی کوردستان دەگرین.

زارا دەستخۆشی لەو بەرپرسە دەکات و ئامۆژگاری دەکات، کە هەتا بۆیان دەکرێ ڕێز لە خەڵک بگرن. بەرپرسەکەی کۆمەڵە لە سەر ڕێژە و ژمارەی چەکدارەکانی ڕێژیم لە شار چەند پرسیارێک دەکات، کە زارا بە ڕێکو پێکی وڵامیان دەداتەوە. پورە زارا و کاوە لە گەڵ لەیلا ئەو شەویش لە هۆدەی میوانەدا بە سەر دەبەن. بەیانی ماڵئاوایی دەکەن و کاوەش هەتا خوار ڕەبەتێ هاوڕێیەتیان دەکات. چاوەکانی کاوە لە کاتی ماڵئاواییدا فرمێسکیان تێدەگەڕێ و دایک و خوشکەکەی بە گریانەوە ملی ڕێگا دەگرن. دوای دوورکەوتنەوە لە یەکتر کاوە رادەوەستێ و توانای بەرەنگاری کانگای تەقیوی ناخی نامێنێ. لە سەر ڕێگاکە دادەنیشێ و لە پڕ بەدوای دایک و خوشکەکەیدا هەڵدێ. لەیلا و دایکی هێشتا خەریکی

سڕینەوەی فرمێسکەکانیانن، کە کاوە خۆیان دەگەیەنێتێ. کاوە چاوەکانی بە گریان سوور هەڵگەڕاون و لە سەر ڕێگا پووشاویەکە دادەنیشێ. لە کاتێکدا بە دەستی پووشە وشکەکان لە زەوی دەردەکێشێ باس لە خەم و ئازارەکانی دەکات. ناوبراو بە دایکی دەڵێت، بۆ ئەوە گەڕامەوە کە ناخی ڕاستەقینەی دڵم بە ئێوە نیشان بدەم و وابیرنەکەنەوە، کە بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە ئێوەم لەبیر کردوە. لەو ڕۆژەی کە لە ماڵ دەرچووم زیاتر بیرتان دەکەم و ڕۆژ نییە، لە سەر بانی ئەو مەقەرەی تێر چاو لە شار نەکەم و بۆ دیتنی ئێوە دڵم پڕ نەبێ. گەردەنم ئازاد بکەن و ئەگەر بۆ ئێوە کوڕ و برایەکی باش نەبووم، هیوادارم بۆ خەڵک و مرۆڤایەتی کەسێکی بەسوود بم. خواتان لە گەڵ بێ و ئاگاداری خۆتان بن. چەند ڕێبوارێک لە کاوە و دایک و خوشکەکەی نیزیک دەبنەوە، کە لە بەر سوورەتاوی دواڕۆژەکانی مانگی خەرمانان لە لێواری ڕێگەدا بە کزی دانیشتوون. لەیلا و دایکی کاوە خواحافیزی لە کاوە دەکەن و بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە. کاوەش بەرەو کۆشکی خەونەکان بۆ درێژەدان بە خەبات لە پێناوی سۆسیالیزم گەڕایەوە.

لەو ڕۆژانەدا کەسێکی بە ڕواڵەت تێکچوو سەر لە بنکەی کۆمەڵە دەردێنێ و خوازیارە ببێتە پێشمەرگە. ئەو کە تەمەنی لە گەڵ نەک پێشمەرگەکان بەڵکو فەرماندە و بەرپرسەکانیش جیاوازە، ڕۆژانە لە ژێر سێبەری بنکەکە قسەی خۆی دەکات و ڕادەگەینێ، کە زگی عەمباری کەس نییە. ئەو کەسە، کە خۆی بە مەلا فەلسەفە دەناسێنێ چیرۆکی سەیر و سەمەرە لە ژیانی خۆیی و بنەماڵەکەی دەگێڕێتەوە. ناوبراو، لە سەردەمی لاوەتی وەک گەڕیدەیەک سەری لە زۆر شار و گوندی نەک کوردستانی ڕۆژئاوا، باشوور و ڕۆژهەڵات هەڵێناوە، بەڵکو لە بەغدا، تاران و دەمشق لە گەڵ خەڵک ئاشنا بوە. مەلا فەلسەفە باوەڕی بە هیچ ئایدۆلۆژیەک نییە و ڕەخنە لە سەر چۆنیەتی سازکردنی چەک و تەنانەت هەڵفڕینی مێشولەش دەگرێت. ئەو پیاوە لەو سەردەمەدا وەک ئاوێنەی باڵانوێن و دەرخەری نوقسانی و خاڵە لاوازەکانی هێزە کوردییەکان و کولتوری ئیدارەکردنی ئەو هێزانەیە. مەلا فەلسەفە، کورد بە خەڵکێکی دابڕاو لە یەکتر دەناسێنێ. لە سەر حیزبە کوردییەکان بە توندی دەدوێ و ڕەخنەی لە شورای گوند و شارەکانی دێموکڕات و کۆمەڵە دەگرێ. ئەو لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکانی سەڵماس، ورمێ، شنۆ، سنە، کرماشان، سەقز، بانە و سەردەشت گەڕاوە و ئەزموونی لە سەر ئەکتەرە سیاسییەکان هەیە. ناوبراو کەسێکی بێ زەڕ و دوور لە کولتوری خۆفرۆشییە، بۆیە لەو ماوەیەدا زمانی سوور و تیژی سەری نەسوتاندوە. مەلا فەلسەفە ئەو ڕۆژانە لە گەڵ کاوە زۆر دەدوێ و تێدەگات، کە کاوە چاوەڕوانی زۆری لە بارودۆخەکە هەیە و بە ئاسانی باوەڕ بە شکستی ئەفسانەی

خەیاڵ ناهێنێ. مەلا فەلسەفە لە سەر سفرەی نانخواردن بابەتی سەیر و سەمەرە دەورژێنێ و دەپرسێ، بوون و نەبوونی ئێمە وەک حیزب و پێشمەرگە چ لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟ ڕێژیم بۆچی لە گرتنەوەی شار و گوندەکان سەرکەوتوو و ئێمەش شکاوین؟ بۆچی لێرە پێشمەرگەی رووسی، چینی و کوبایی نییە؟ ئایا کەس لە وڵاتانی سۆسیالیستی پاڵپشتی ئێمە دەکەن؟ لە کام شاری کوبا باس لە بزوتنەوەی کوردان دەکرێ و ڕێز لەو گیانبەختکردوانە دەگیرێ، کە لە پێناوی کرێکارانی جیهان و سۆسیالیزمدا لە چیا و دۆڵەکانی کوردستاندا سەردەنێنەوە؟ مەلا فەلسەفە لە هەر بنکەیەک مانگێک خۆدەگرێ و دواتر یان خۆی دەڕوا یان دەری دەکەن. ناوبراو بۆ ماوەی چوار حەوتوو لە تەنیشت وێنەکانی ماركس و ئینگێڵس ئەسپی ڕەخنەی خۆی تاودەدا. بەشێک لە پێشمەرگەکان بە چاکی گوێیان لێدەگرت و ژمارەیەکی دیکەش مەلا فەلسەفەیان بە مەلا فشە بانگ دەکرد. مەلا فەلسەفە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە لە ماڵ دەردەچوون بابتێکی باش و ئەرینی بو، چوونکە بە کەیفی جەماعەت سەرسفرە و مەجلیسی دەڕازاندنەوە. ئێوارەیەک لە کاتی چاخواردنەوەدا لە شوێنی خۆی ڕاست دەبێتەوە و وەک قسەکەرێکی شارەزا دەستەکانی لە پشت خۆ گرێدەدا و چەند وتەیەک پێشکێش دەکات. لە سەرەتادا ڕەخنە لە کۆمەڵە دەگرێ، کە سیاسەت و ڕێبازەکەیان لە گەڵ خاک و خەڵک و تەنانەت خودی خۆمدا نەگونجاوە. ئەوان و هاوڕێ فارسەکانیان بەنیازن لە کوردستان شۆڕشی کرێکاری بەرپا بکەن، کەچی مامە پیرەی ڕەزبەر بۆ پیتاک و زەکات جەزرەبە دەدەن! کۆمەڵە کاری چاکی کردوە، کە ژن و کچانی هێناوەتە سەنگەر، بەڵام ئەو کوڕ و کچانە لە پێناوی مافە ڕەواکاندا خەبات بکەن و شەهید بن باشترە لە وانە و تێزەکانی مارکس، مائۆ و لێنین. کۆمەڵە و دێموکراتی خەڵکی دژ بە یەکتریان لە ریزەکانیاندا ڕێکخستوە، بۆیە ئەوانە لە دوارۆژدا دەبنە ماکەی شەڕە تەقە. ئەگەر گوێ لە گوندنشیانە نەگرین ساڵێکی دیکە یان دوو ساڵێکی دیکە ئەو بنکانە دەبنە مۆڵگەی پاسدار و بەسیجییەکان. داواتان لێدەکەم لە کۆشکی خەونەکان دەرچن و بەرچاوتان ڕوون بێ. هەموو شێت و منداڵی دونیایە دەزانن، کە سۆسیالیزم و دێموکراتی لە بن باڵی ئاخوندە شیعەکاندا باڵا ناکەن و ئەمڕۆ یان سبەی لەودیو خۆمان دەدۆزینەوە. مەلا فەلسەفە توڕە دیارە لەو ماوەیەدا قەت بەمجۆرە دەرنەکەوتوە. چەند پێشمەرگەیەک مەلا فەلسەفە دەنگ دەدەن و ناچاری دەکەن، کە کەلوپەلی هەڵگرێ و لەو بنکەیە بچێتەدەر. مەلا لە کاتێکدا سندوقە تەنەکەی هەڵدەگرێ، بە تەوسەوە بە پێشمەرگە و بەرپرسەکانیان دەڵێ، عەداڵەت و بەرابەری هەڵدەنگرنەوە! ئێوە لە جیاتی لێدان لە بنکەی ڕێژیم و خەباتی بێ ئەمان خۆتان لەو بنکە و هۆدانەدا بەند کردوە.

مەلا فەلسەفە ئێوارە بەرەو بنکەی ڕێکخراوی خەبات دەچێ و بە ئاسانی جێگایەک بۆ خۆی دەکاتەوە. ئەو بە دەوروبەری بنکەی خەباتدا هاتوچۆ دەکات و درووشمە نووسراوەکان دەخوێنێتەوە، کە باس لە پێغەمبەر و ئیسلام دەکەن. ڕۆژانی یەکەم مەلا فەلسەفە بێدەنگە و پێشمەرگە و بەرپرسانی ئەو بنکەیە لە ژێر چاوەدێری دەگرێ. ناوبراو شارەزایی لە زمانی عەرەبی، فارسی و کوردیدا زۆرە و لە زۆر مزگەوت و بنکە دمەتەقەی جۆراوجۆری کردوە. مەلا فەلسەفە وردە وردە تێکەڵ بە بەرپرس و پێشمەرگەکان دەبێ و ڕۆژانە لە کاتی حەسانەوەدا گوێ لە هەواڵ و خەبەرەکان دەگرێ. ئەو ڕۆژێک پرسیار لە بەرپرسی بنکەکە دەکات، کە سەرئەنجام ئەوان بەدوای چ نیزامێکدا دەگەڕێن؟ دواتر درێژە بە پرسیارەکان دەدات و دەپرسێ، تۆ کوردێکی موسڵمانی یان موسڵمانێکی کوردی؟ بەرپرسەکە لەو پرسیارانە توڕە دیارە و چەند مۆڕەیەکی لێدەکات. مەلا فەلسەفە دەستبەردار نییە و پرسیار دەکات، کە جیاوازی نێوان نیزامی ئسیلامی ئاخوندی و ئیسلامی مەلایی زۆرە یان کەم؟ بەرپرس و پێشمەرگەکان بەو پرسیارانە زۆر تێکدەچن و سندوقە تەنەکەی بۆ فڕێدەدەن بەر دەرگا و دوو جنێو بەو کەسە دەدەن، کە ڕێگای خەباتی نیشان داوە. مەلا فەلسەفە لە قسە ناکەوێ و لە وڵامدا دەڵێ، جنۆکەی ئیماندار سەبەبن! کاتێک مەلا دەزانێ، کە خۆری بەختی لەو بنکەیەش ئاوا بوە، سندوقەکەی هەڵدەگرێ و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، بە هەموو ئایەت و سوڕەکانی قورئان لە سوڕەی بەقەڕەوە بگرە هەتا دەگاتە کەوسەر بەو کولتور و سیاسەتە لە سوور و کایە دەیدۆڕێنن. مەلا فەلسەفە شەو دەچێتە مزگەوتی ڕەبەت و هەتا بەیانی لەوێ دەمێنێتەوە. لە گەڵ مجێوری مزگەوت نان و ماستێک دەخوات و دواتر بەرەو پردی بریسوێ شۆڕ دەبێتەوە. لە بازگەکانی ڕێژیم لە بەر روخسار و تەمەن کەمتر پرسیاری لێدەکەن و ئەویش هیچ کارتێکی پێناس هەڵناگرێ. هەر کاتێک پرسیاری لێدەکرێ، زیاتر لە دە خولەک سەرقاڵی پشکنینی گیرفان و سندووقەکەی دەبێ و لە کۆتاییدا دەڵێ، هەڵوەریوە. ئەو لەو دۆخە جاڕز و وەڕەزە و ناتوانێ لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا ژیان تێپەڕ کات. ئەو تەنیا بۆ گوتنی ڕاستییەکان ناوی سەیر و سەمەرە لە خۆی دەنێ و ئاگاداره، کە باشترین ڕێگا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەخنەکان بۆ ناوبراو ئەو شێوازە کۆمێدییە. ناوبراو لە دەمشق، بەغدا و تاران ژیاوە و دەزانێ، کە حیزبە سیاسییەکان و خەڵک چەندە و چۆن لێک گرێدەدرێن. ناوبراو بەشێک لە پارتە سیاسیی و ڕێکخراوەکان بە دوکان و بازرگانی دەزانێ. ئەگەر لە داو دەکەوی، پێش خەڵکی دیکە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و خۆی بە تاوانباری یەکەمی پرسی کوردایەتی لە کوردستان دەزانێ. لە ڕێگای ڕەخنە لە خۆگرتن و لە باب و باپیرانی ڕێگا بۆ

ڕەخنەگرتن لەو کەسانە خۆش دەکات، کە باوەڕ بە تواناکانیان ناکات. ئەگەر باخەڵی بەتاڵ دەبێ و دەرگای ماڵەکان لە سەری دادەخرێن، کاروباری وەک چەقو تیژکردنەوە و دوعانووسین دەکات و بە ئاسانی دەرگاکان دەکاتەوە. مەلا فەلسەفە هونەری دۆزینەوەی ماڵ و هەروەها تۆمارکردنی ناوی خەڵکی بەهێزە. لەو ماوەیەی، کە لە ڕەبەت لە گەڵ کاوە ئاشنا بوە، ناوی باوک و دایک و زۆر زانیاری دیکەی وەرگرتوە. مەلا فەلسەفە ناسیاو کەسە نیزیکەکانی ڕێنوێنی دەکات ، کە خەڵکناسین و ڕاگرتنی پێوەندی لەگەڵ خەڵک زۆر گرینگە. ناوبراو لە زۆر ماڵان کە دادەنیشت، بە کورتی بۆ خاوەن ماڵ و خانەخوێی شیدەکردوە، کە ئەو لە دزی بە هەموو جۆرەکانی، خۆفرۆشی بە تەواوەتی و خەیانەت دوورە و لە پشتەملەی خەڵکی ئاسایی هیچ نالێ، بەڵام لە سەر سیاسەت و حیزب و دەوڵەت قسە دەکات. مەلا فەلسەفە لە پردی بریسوێ ڕادەوەستێ و بە سواری ئوتۆمبیلێک بەرەو سەردەشت دەڕوا. ناوبراو بۆ خۆشاردنەوە و هەروەها ڕێککەوتن لە گەڵ ژینگەی تازە لە ناو ئۆتۆمبیل لە سەر ناوی شێخ زەرگەتە ساغدەبێتەوە. ناوە هەڵبژێردراوەکانی ئەو پیاوە لە گەڵ کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕێکخراو و لەو کاتەشدا بۆ بیسەران مایەی پێکەنینن. ئەو کە دەگاتە سەردەشت یەکسەر دەچێتە مزگەوتی سەرچاوە و هەتا نوێژی شێوان لەوێ دەمێنێتەوە. ژمارەیەک لە نوێژکەران دوای تەواوبوونی نوێژ سەرەنج دەدەن، کە پیاوێکی غەریبە بە سندووقێکی تەنەکەوە لە مزگەوتە و یەکێک لە نوێژکەران پرسیاری لێدەکات، کە ئایا شوێنێکی بۆ خەوتن هەیە؟ شێخ زەرگەتە بەڕێزەو ڕوو لە نوێژکەرەکە دەکات و بە زمانی دەستەکانی ئاماژە بە نەبوونی شوێن دەکات. خاڵەی نوێژکەر لە ڕێگای خودادا فەرمووی ماڵەکەی دەکات و پێکەوە دەڕۆنەوە. لە ڕێگادا ناو دەگۆڕنەوە و خاڵەی نوێژکەر خۆی بە کاک حاجی دەناسێنێ و کاکەی غەریبیش بە شێخ زەرگەتە. حاجی بە ناوەکەی شێخ زەرگەتە زەردەیەکی دێتەو دەپرسێ، کە باشە شێخ ژەنگەسوورەش نیت! شێخ زەرگەتە لە حاجی دەپرسێ، کە چۆتە ماڵی خوای یان هەر ناوەکەی حاجییە؟ حاجی بە پێکەنینەوە دەڵێ، کاکە هەتا ئەمڕۆ خوا حەجی بەنسیب نەکردووم و ئەگەر حاجی تەواو بوومایە، بێگومان کەشیدە زەردەکەم لەسەر دەنا. شێخ زەرگەتە سپاسی میواندۆستی حاجی دەکات و بە گاڵتە دەڵێ، زۆربەی حاجییەکان دڵکراوە و بەخشەندە نین و پاش دیداری مەککە و مەدینە دەگۆڕێن. حاجی لە قسەکردن دانامێنێ و شێخ زەرگەتە دڵنیادەکاتەوە، کە دڵ شەرتە و سروشتی مرۆڤ بە ئاسانی ناگۆڕێ. حاجی و شێخ دەگەنە ماڵ و منداڵەکانی حاجی دایکیان لە هاتنی میوانێک ئاگادار دەکەنەوە، کە سندووقێکی تەنەکەی لە سەر شانە. یەکێک لە منداڵەکان مەزەندە دەکات، کە ئەو سندووقە پڕ بێت لە وردەواڵە و ڕەنگە شەو شتیکیان گیربکەوێ. هاوسەری

حـاجی و منداڵەکانیان بەخێرهاتنی میـوان دەکەن و حـاجیش چەنـد جارێـک بەخێرهاتنی دەکـات. ئەو شەوە شـێخ زەرگەتە زۆر کەم قسە دەکـات و سەرنج دەدات، کە هەڵسـوکەوتی ئەو ماڵە چۆنە و ئایـا دەگـونجێ رۆژی داهـاتووش لەو ماڵە وەمێنـێ. کاتێـک حـاجی پرسیاری لێدەکات، کە چ نیـازیکی هەیە، شـێخ بە کـورتی خـۆی لە گێلـی دەدات و ئامـاژە دەکـات، کە بەنـدە دەکـات خەیاڵان و خـواش دەکـات بەتاڵان. بە گـوێرەی وتەکانی شـێخ زەرگەتە خەو بـرای مردنە و کـێ دەزانـێ بەیانی چ روودەدات، بۆیە وڵامەکە بە کراوەیی دێڵێتەوە. حاجی تێدەگات، کە شێخ رەنگە فەقیر و ماڵ لە کۆڵ بێت، بەڵام لە دیوی شاراوەی شێخ دەترسێ، بۆیە شەو زۆر بە توندوتۆڵی هەڵسوکەوت دەکـات و دەرگاکـان بە تەواوەتی قفڵ دەدات. شـێخ زەرگەتە بـۆ حەوشەش بە تەنیا نـانێرن و یەکێک لە منداڵەکان یـان حـاجی بـۆ خـۆی لە گەڵیەتی. بەیانی شێخ دەستی حاجی دەخوێنێتەوە و پێش ئەوەی زار بکاتەوە، شێخ بە حاجی دەڵێ، با نـاوی خـوای لێـبێنین و سەردانێکی بـازاڕ بکەین. حـاجی بە ناچـاری لە گەڵ شـێخ دەچنە دەر و لە پـڕ پرسـیاری لێـدەکات، کە سـندووقەکە دەبەین یـان دواتـر کەسـێکی بەدوادا بنێـرم؟ شـێخ لە پەیامەکان تێدەگات و بە پێکەنینەوە دەڵێ، کاک حاجی ئەو سندووقە با ئەو شەویش میوان بێ و بۆ رۆژی دواتریش خـوا گەورەیە. ئەوان پێکەوە بەرەو بـازاڕ دەچـن و سەردانی چەنـد دووکانێـک دەکەن. لە دەوروبەری دوکـانی حـاجی مەجیدی تـرێ رەشـێکی زۆر دەبینـن، کە لە گونـدەکان بـۆ فرۆشـتن هاتۆتە شـار. هەنار و هەنجیر و زۆر میـوەی دیکە لەو کۆڵانەدا ماونەوە و خەڵک بـۆ کڕیـن و بردنەوەیان زۆر هەڵسـووڕ نییە. شـێخ زەرگەتە بازاڕەکەی پێخۆشە و لە پـڕ گـوێی لە دەنگێکـی گەورەیە، کە کەلوپەلی مـاڵ هەڕاج دەکـات. بە شەقامی سەرەکی شـاردا دەڕوا و تووشـی کابرایەک دەبـێ، کە بە نـاوی فەرمانـداری و بەرپرسانی شار فوو لە دەزگای دەنگبەرزکەرەو دەکـات. لە سەر شەقامی سەرەکی ژمارەیەکی بەرچاو میـوەفرۆش دەبینـێ، کە لە تەنیشـت داشـقەکانیان دانیشـتوون و چـاوەڕوانی مشـتەریەکانیانن. لە سەر رێگـای هاتوچۆکەران پیـاوێکی کوردپەروەر دەبینـێ، کە لە سەر چەنـد کارتۆنێک دانیشـتوە و نیشـتوو بە خەڵک دەفرۆشـێ. شـێخ زەرگەتە دڵی ئەو شارەی دەگرێ و بە فێڵ خۆی لە حاجی هەڵـدەبڕێ و بە حـاجی دەڵـێ، کاکە رەنگە لە بەر پیـری وهەژاری لەو شـارە ون ببـم، بەڵام ئەگەر رێگاکەشـم ون کـرد، هەتا ئێوارە لە مزگەوتاندا بانگەواز نەکەن. ئەمن لەو شارە بە مزگەوتی سەرچاوە دەزانـم و بە شەویش ئەو مزگەوتە دەدۆزمە. شـــێخ زەرگەتە بەرەو مزگەوتی ســـوور دەچـــێ و دوای چاوخشـــاندن بە مزگەوت و ئاوخواردنەوەیەک، لە دوکـانێکی تەنەکەی تەنیشـت مزگەوت دەپرسـێ، کە ئایـا مـاڵی مـام کەریم بـابی کـاوە پێدەزانـێ؟ کـابرای دوکـاندار کە گـوێی بە تەواوەتی نابیستن چەنـد جارێک گـوێ دەگـرێ، هەتا لە

پەیامی شێخ زەرگەتە تێدەگات. ناوبراو کە بە دەنکی تەزبیحەکانی یاری دەکات بە دەست ئاماژە بە شێخ دەکات، کە لەو پارکە لە خەڵکی دیکە بپرسێ، چوونکە ئەو زۆر خەڵکی شار ناناسێ. لە تەنیشت پارکی شار شێخ چاوی بە گوڵەدان فرۆش و خەڵکی کاسب دەکەوێ، کە هاوتەمەنی کاوەی مام کەریمن، بۆیە پرسیار لە یەکێک دەکات، کە ئایا ماڵی کاوەی مام کەریمی دەزانێ؟ کوڕەکە کە خەریکی وەرگرتنی پارەی گوڵەدانە فرۆشراوەکانە دەپرسێ، خاڵە کام کاوە؟ کاوەیەکمان هەیە کە تازە دەڵێن بۆتە پێشمەرگە و کاوەی دیکەشمان زۆرن لێرە؟ شێخ بە پەلە دەڵێ، کاکە ئەو کاوەیە دەڵێم، کە گۆیا چەکی هەڵگرتوە. ئەمن ناسیاوی کۆنی بابی کاوەم و هاوکاری خاڵی خۆت بکە با ئەحواڵپرسیەکیان بکەم. کوڕە گوڵەدانفرۆشەکە تەنەکەی گوڵەدانەکان و هەروەها کەلوپەلەکانی لە لای برادەرێک جێدێڵێ و لە ماوەی دە خولەکێکدا شێخ دەگەیەنێتە ماڵی کاوە. شێخ لە دەرگا دەدات و پورە زاراش دەرگاکە دەکاتەوە. زارا بە تەنیا لە ماڵە و لەیلا لە گەڵ چەند ژنێکی ناسیاو بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان تەندور بە تەندور دەگەڕێن و نان بۆ داراکان دەکەن. زارا بە دیتنی ئەوپیاوە دەشڵەژێ و ماوەیەکی کورت لە سەروچاو و بۆشاکی شێخ رادەمەنێنێ. شێخ دەزانی، کە رۆژگارەکە پڕە لە ترس و خەڵک نیگەرانە و هەروەها غەریبە و نەناسراوەکان لە شارەکان بە ئاسانی وەرناگیرین. ناوبراو وەک ناسیاوێک ناوی پورە زارا دێنێ و پاشان کورتەیەک باسی کاوەی بۆ دەکات. پورە زارا وەک لە داری بەربێتەوە و لەو چیرۆکە تێناگات، کە کاوە و ئەو پیاوە چۆن لە گەڵ یەکتر لە بنکەیەدا پێشمەرگە بوون. ئەو لە بیریەتی، کە ماوەیەک لەوە پێش لە گەڵ لەیلا لە رەبەت بوون و سەروچاوی ئەو پیاوە بە تەواوەتی نائاشنایە. شێخ چیرۆکێک لە سەر خۆی ساز دەکات و دەگێڕێتەوە، کە ماوەیەک لە رەبەت ژیاوە و لە گەڵ کاوە زۆر تێکەڵ و نیزیک بوە. ئەو رێنوێنی کاوەی کردوە، کە بگەڕێتەوە شار و خزمەتی دایک و خوشکی بکات، چوونکە ئەو کوڕ و کچانە حەیفە لەو هۆدانەدا خۆیان گیرۆدەی وتە و نووسراوەی ئەم وئەو بکەن. پورە زارا دڵی نەرم دەبێ بۆ فەرمووکردن، بەڵام لەوە دەترسێ کە پیاوخەراپ دەرچێ. ناوبراو ناوی ئەو پیاوە دەپرسێ و خوازیارە تێبگات، کە خەڵکی کوێیە و بەدوای چیدا سەرگەردانە. شێخ خۆی بە شێخ زەرگەتە دەناسێنێ، کە ساڵانێکی زۆرە ماڵ بە کۆڵە و شار و وڵاتان دەگەڕێ. ناوی زەرگەتە بۆ زارا لە گەڵ شێخەکە دوو وشەی ناڕێک و نەگونجاون، بۆیە زیاتر لە ناوەکەی دەکۆڵێتەوە. زارا ئاماژە دەکات، کە لە وڵاتی ئەواندا شێخەکان وەک پیاوچاک دەبینن و سوێندیان بە سەری دەخۆن و نانی ماڵی شێخان بە متفەڕک دەخورێ، بەڵام قەت ناوی زەرگەتەی لە دوای ناو شێخ و موشایەخانە نەبیستوە. شێخ زەرگەتە دایکی کاوە ئاگادار دەکاتەوە، کە سبەینێ میوانیان دەبێ و دواتر یەکتر

دەبیننەوە.

حاجی لە شەقامە راستە و ناڕاستەکانی شاردا بە دوای شێخ زەرگەتەدا دەگەڕێ. ئەو دەترسێ، کە شێخ بەڵایەکیان بەسەر بێنێ و تووشی گۆنگەڵیان بکات. ئەو دەردەی لە حاجی و پورە زارایە، لە شێخ نییە، چوونکە ئەو گەڕۆکە و خەمی گەورەی حەوانەوە و جەمە خورادنێکە. گەڕان و گەڕیدەیی پڕن لە خۆشی و ناخۆشی و شێخ زەرگەتەش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە. ئەو لە کاتی گەڕانەوە لە ماڵی مام کەریمی بەرەو شـــێخ مەولانا دەڕوا، کە بنکەیەکی ڕێژیمـــی تێدایە و بە هەوای ڕەبەتێ لە سەنگەرەکە نیزیکە دەبێتەوە، کە بە بلوک و گونی بەنی پڕ لە گەڵ هەڵچنراوە. چەکدارێکی خۆماڵی ڕێژیم لە سەنگەردا شـێخ زەرگەتە دەبینـــێ، کە بە شـێوازێکی کۆمێـدی و پێکەنیناوی لە سەنگەرەکە نیزیـک دەبـــێ و زاری دەجـوڵێ. شـێخ زەرگەتە بەنیازە وەک مەقەڕەکان ئەو بنکەیەش بکاتە مەیـدانی گاڵتەوگەپ، بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا دوو شەق و قۆنداخێک دەخوات. کاتێک شـێخ دەزانـێ، کە شەپکە تونـدە و ڕەنگە بەنـد بکـرێ خـۆی شـێت دەکـات و ڕسـتە و وشەی سەیر و سەمەرە بە پاسـداڕ و چەکـدارە کوردەکـان دەڵێـت. یەکێک لە جاشەکان بە تونـدی جەزرەبەی دەدات و دواتـر لە هۆدەیەکی چـووکی بنکەی شـێخمەولانەی دەکەن. بەرپرسی ئەو مۆڵگەیە کە فارسە خوازیارە شێخ زەرگەتە ببینێ و قسەی لەگەڵدا بکـات، بەڵام بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و نیشاندانی روخساریکی مرۆڤانە خواردن و نـانێکی باشـی بـۆ دەنێـرێ. ڕەزا ئیمـانی بەرپرسـی ئەو مۆڵگەیە لە شـێخ زەرگەتە دەپرسـێ، کە نـاوت چییە و خەڵکی چ شـارێکی وڵامـی سەیر و سەمەرە دەبیسـتێ. شـێخ بـۆ ئەوەی بیسەلمێنـێ، کە شـێتە برینـج و خواردنەکەی بە ڕاکشـانەوە دەخوات و بە کەچەکەی گەمە دەکات. بـۆ خواردنەوەی چایەکەی لە سەر یەک لاق ڕادەوەسـتێ و سـڵاوی سەربازی لە جنـدۆکان دەکـات. ڕەزا ئیمـانی لەو ڕۆژگـارەدا ئەو جۆڵە و وتانەی شـێخ زەرگەتەی زۆر بە ئاسـایی وەردەگـرێ. شـێخ بە فارسـی دەڵـێ نـاوم زەرگەتەیە و شـۆرەتم خشـۆکە و خەڵکی وڵاتـی تڕانـم. ئیمانی لە بەشێک لە قسەکانی تێدەگەیی ولە ژمارەیەک لە وشەکان نەدەگەیشت و بە هەموو چەکـدارە کوردەکانی ڕێژیم لەو بنکەیە بۆیان وەرنەدەگێڕایە سەر زمانی فارسی. بۆ خۆرزگـارکردن شـێخ زەرگەتە کەراسەکە دادەکەنـێ و پشـتی کە بە قۆنداخەکە ڕەش و شـین بۆتەوە بە ئیمـانی نیشـان دەدات. نـاوبراو بـــۆ گەوجانـــدنی ئیمـــانی و ئەوانی دیکە قسە بـــۆ مێرۆلە و باڵنـــدان دەکـــات. ڕەزا ئیمـــانی جاشەکان ڕادەسپێرێ، کە ئازادی بکەن و خۆیان بە خەڵکی دێوانە و شێت گیرۆدە نەکەن.

شێخ زەرگەتە لە تاوی ژانی پشت و جەستەی زۆر هەڵسووڕ نەماوە و بە هێواشی هەنگاو هەڵدەگرێ. لە تەنیشت کتێبفرۆشی مەلا برایمی چاوی بە حاجی دەکەوێ کە لە داخی شێخ زەرگەتە جارێک جەمەدانەکەی دەبەستێتەوە و جارێک پشتێندە شلەکەی توند دەکاتەوە. شێخ دەچێتە دوکانی مەلا برایم و حاجیش بێسڵاوکردن خۆی بە دووکانەکەدا دەکات. مەلا برایم لەو هەڵسوکەوتە توڕەیە و بە جۆرێک بێڕێزی بە خۆی دەزانێ. ئەو لە گەڵ حاجی دۆستن، بەڵام کەمتر حاجی بەو شێوازە سەرلێشواو و شپڕزەیە دیتوە. حاجی کە دەگاتە شێخ زەرگەتە توڕە دەبێ و زۆر سەرشکێنی دەکات و لە سەر ئەو خۆونکردنە سەرکۆنەی دەکات. شێخ زەرگەتە لە دوکانەدا یەکسەر کەراسەکەی دادەنێ و بەسەرهاتی خۆی لە بنکەی شێخمەولانە دەگێڕێتەوە. شێخ باس لە چۆنیەتی خۆرزگارکردنی خۆی ناکات، چوونکە کارتەکانی دەسووتێن، بەڵام شارەزایانە تەعبیر لە زوڵمی داگیرکەران و مەزڵومی کوردەکان لە سەر خاکی خۆیان دەکات. مەلا برایم داوا لە حاجی و شێخ زەرگەتە دەکات دابنیشن و چاییەک یان ئاوێکی سارد بخۆنەوە. شێخ چاوێک بە کتێبەکاندا دەگێڕێ و لە مامۆستا دەپرسێ، ئایا خەڵکی ئێمە کتێب دەخوێننەوە؟ شێخ چاوەڕێی وڵام ناکات و درێژە بە وتەکانی خۆی دەدا و لە کوردبوون توڕەیە. بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، کە کورد زمانی خۆی نازانێ، مێژووی خۆی نازانێ و چەک بۆ دوژمنەکەی هەڵدەگرێ، ئاخر بە کام قانون ئەو کوردە سەردەکەوێ؟ مامۆستا و کاک حاجی ئەو کوردە بە دەستی خۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا دەکات و ئێمە قەدری نیعمەتی ئازادی نازانین. لەو خاکەدا ژمارەیەک سیاسی هاتن و کردیانە شەڕە حیزبێنە و قوڕێکیان گرتەوە، کە هەزار شێتی وەک شێخ زەرگەتە بە زیندووی کوشتوە. کاکە ئەوڕۆ لەو شێخمەولانەیە چەکدارە کوردەکە بە قۆنداخ لە پشتم دەدات و کابرای فارس لە ژوورەوە خواردنی بۆ هێناوم و پێشمەرگە موسڵمانەکانی راسپارد، کە ئازادم کەن. مەلا برایم و حاجی دڵەکوتەیان گرتوە و دەترسن، کە لە سەر ئەو دروشم و پرسیارانە بگیرێن و ئازار بدرێن. حاجی لەو کاتەدا لە شێخ دەپرسێ، کە سندوقەکەی دەوێتەوە یان نا؟ شێخ ئارام دەبێتەوە و دەزانێ، کە زۆربڵێی کڕیاری نییە و رەنگە کەند و کۆسپ و تەنانەت شەق و بەندکردنی بەدواوە بێ.

شێخ و حاجی سپاسی مەلا برایم دەکەن و لە دووکانی کێبفرۆشیەکە دەردەچن. شێخ قوتە قەتە زۆر دەکات و لە گەڵ تەمەنی نەگونجاوە، بۆیە حاجی لە سەر راستە شەقامەکە چەند دەسکە کەور و جەعفەری لە گەڵ ترێ رەشی دەکرێ و بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە. شێخ ئەو شەو قسەی خۆش دەکات و نەقڵی کۆن و جیاواز بۆ حاجی دەگێڕێتەوە. حاجی بۆ شادکردنی شێخ زەرگەتە دەڵێ، خۆزگە ژن و

منداڵم نەدەبوون و ئەمنیش وەک تۆ بە ناوی شێخ و سەیدەوە بەو شار و گوندانەدا دەسووڕاینەوە. کاکە شێخ، پیاو کە ژنی هێنا غیرەتی کەم دەبێ و ئازایەتی سەردەمی رەبەنی نامێنێ. ئەگەر ئەتۆش وەک ئێمە ماڵ و منداڵت هەبوونایە، بێگومان ناوێکی ڕێکوپێکت بۆ خۆت هەڵدەبژارد و کارت بەو سندوقە نەدەبو. شێخ ئاخێک هەڵدەکێشێ و ئاماژە دەکات، کە ڕۆژگار ناگەڕێتەوە و مرۆڤ ناچارە تەسلیمی چارەنووس بێت. ناوبراو چیرۆک و بەسەرهاتی کۆن لە سوریە، عێراق و ئێران لە خەڵک و بە تایبەت کولتورە جیاوازەکان دەگێڕێتەوە. ئەو بۆ حاجی ئاشکرای دەکات، کە خەم و ژانێکی قوڵ لە سەر ڕۆژرەشی کوردان وەک شاخ لە سەر شان و پیلی قورسایی دەکەن و تازە ناخوازێ ژیانێکی ئاسایی هەبێ. شێخ زەرگەتە بەمجۆرە درێژە بە وتەکانی دەدا: "چارەسەری من مردنە و دەگەڕێم هەتا مردن لە شوێنێکی میوانم دەبێ. ئەمن بە زوڵمی داگیرکەران چەندە ئازار دەکێشم، بە حیزبە کوردییەکان زیاتر دڵگرانم. کاک حاجی، ئەو حیزبانە بەرنامەیان باشە، بەڵام خەڵکی پەروەردەکراو و بەرپرسی ئیماندار و هەڵسووڕیان کەمە. ئەتۆ بڕۆ بۆ ڕەبەتێ، وەک شارۆچکەی حیزبانە و هەر حیزبەی لەوێ مەقەڕ و چەکداری هەیە، بەڵام خەریکی کاری لابەلا و پێچەوانەن. کوڕ هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی و دەخوازێ پەروەردەیەکی نیزامی و سیاسی هەبێ، بەڵام لێرە و لەوێ خەریکی قژداهێنان و خەباتی بەرئاوێنەن. ئەو شۆڕشە بە جحێڵایەتی، فشەکردن و جنێودان بە دین و ئیسلام و دەرپەڕاندنی خەڵک سەرناکەوێ. شۆڕشی کوردان لە کۆتاییەکاندا دەکەوێ، چونکە کورد ئاگاداری مێژووی خۆی نییە. لە گوندەکان گەڕاوم و زۆر بە وردی گوێم لە خەڵکی گوندەکان گرتوە. زۆربەیان لەو بارودۆخە تووڕەن و دوعادەکەن خودا ئەو وەزعە بە لایەکدا بخات. ئەو شۆڕشە کاری باشی کردوە، بەڵام زۆر کەمن و ئیدارەکردنی خەڵک کارێکی ئاسان نییە. لە بەشێک لە گوندەکان مامۆستای شۆڕش هەیە و منداڵەکان فێری زمانی کوردی دەکەن، ئەوە سیاسەتێکی باشە و قەت لە تام و چێژ ناکەوێ، بەڵام لە خەڵکدان و تۆمەت لە خەڵکدان و تەنانەت بە زۆر پیتاک لە خەڵک ئەستاندن کارێکی ڕەوا نییە". حاجی تێدەگات، کە شێخ زەرگەتە بۆ خۆی مامۆستایەکە و ڕەنگە چەند کتێبێکی قوت دابن، بۆیە پرسیاری لێدەکات، کە بۆچی ئەو بە وردی ئەو دەردە دڵ و ڕەخنانە بە سەرۆکی حیزبەکان و بە بەرپرسەکان ناڵێ؟ شێخ زۆر بە وردی ڕەگ و ریشەی ئەو شکان و کەوتنانەی بۆ شیدەکاتەوە و دڵنیای دەکاتەوە، کە ئەو دەردانە بە ٥٠ ساڵی دیکەش چارەسەر نابن.

شێخ و حاجی لە کاتی خەوتن درێژە بەو باسانە دەدەن و سەرئەنجام حاجی وەبیر شێخ زەرگەتە

دێنێتەوە، کە جیهـــانی سیاسەت قوڵە و بـــا لەو دارســـتانەدا ون نەبن و تووشـــی مۆڵگەیەکی وەک شێخمەولانە نەیەن و دارکاری نەکرێن. شێخ زەرگەتێ بە پێکەنینەوە دەڵێ، بەخوا لەو زەمانەدا پیاو ئاقڵ نەبێ لە ماڵی خواش دارکاری دەکرێ. خۆزگەم بە ساڵانی کۆن، کە پڕ لە چاکە و هەرەوەزی بوون. ئەمڕۆ زەمانە گۆڕاوە و رۆژانە دەبیستین، کە خوایە دەستی چەپ موحتاجی دەستی راست نەبێ. شەو باڵی پان و پۆڕی بە سەر وڵاتدا کێشاوە و ئاماژەکانی هاتنی ورزی سەرما لە سەر و چاوی دار و گیادا دەرکەوتوە. شەوانە هەوا فێنکە و وەرزی تەوژمی گەرما خەریکە دەبێتە بەشـــێک لە رابـــردوو. شـــێخ و حـــاجی چاوەکانیـــان لە خەوڕادەچن و لە بازنەی ژیـــانی رۆژانە دەچنەدەر. بە دەنگـــی مەلای بەیانی حـاجی خەوی دەزڕێ، بەڵام لە بەر شـێخ بـۆ مزگەوتێ نـاچێ و بە چەنـد جـار گـوتنی ئەڵڵاهوئەکبەڕ و ســـوبحانەڵڵا قەناعەت دەکـــات و دەخەوێتەوە. شـــێخ زەرگەتە هەتا بەیانی تەکانێ نـــاخوات، بەڵام بەرەبەیانی لە چنگـی ژانـی پشـت و جەسـتەی هاواریەتی و داوای دەرمـانی ئـازار لە حـاجی دەکـات. خانەخوێ خۆیان تێکنانێن و پێشنیاری پێدەکەن، کە پاش خواردنی نانی بەیانی سندوقەکەی هەڵگرێ و بـۆ چارەسەر دەچنە لای شەیدایی. ئەو دەسـتی دەرزی لێـدانی خۆشە و هیـــچ نەخۆشـــێک نییە، کە بە سەردان و دیـداری ئەو دوکتـۆرە چارەسەر نەکرابێ. شـێخ قەناعەتی دێـت و دوای نـانخواردنی بەیانی سپاسـی مـاڵی حـاجی دەکـات و پێکەوە بەرەو شـوێنی کـاری شەیدایی دەچـن. شـێخ لە نیـوەی رێگـادا پەشیمان دەبێتەوە و بە سندوقەکەیەوە ماڵئاوایی لە حاجی دەکات. شێخ بە پەلە بەرەو ماڵی پورە زارا دەچـــێ و یەکسەر لە دەرگـــای حەوشەی دەچێتەژوور و لە نیوەڕاســـتی حەوشەکە رادەوەســـتێ. زارا لە ترسـی شـێخ ئەمڕۆ لەیلای لە کـار گێڕاوەتەوە و ئەوان وەک باڵندەی وریـا لە سەروچاوی شـێخ دەڕوانـن. شـــێخ لە ترســـی جیـــران و خەڵکی گەڕەکەکە بـــانگی دایکـــی کـــاوە دەکـــات و ســـڵاویان لێـــدەکات. لەیلا دەچێتەدەر و بەخێرهاتنی دەکـات و داوای لێدەکات لە سەر راخەرێک لێرە دابنیشـێ و چـاو و نـانی بـۆ دێنـن. زارا بـۆ پارێزگـاری لە خـۆیی و کچەکەی چەقویەکی کـۆنی لە بـن پشـتێندە درێژەکەی نـاوە و لە کـــاتی هـــاتوچۆدا دەســـتی لە پشـــتێندەکەی نابێتەوە. شـــێخ زەرگەتە بە زمـــانی خەڵک دەزانـــێ و لەو حەوشەیە خـۆی لە قەرەی نوکتە و گاڵتەکردن نـادات و بە تەواوەتی دەچێتە قـاوغی مرۆڤێکـی ئـارام و تێگەیشـتوو، کە بە گـوێگرتن و گێڕانەوەی رووداوە راسـتیەکان متمانەی زارا و لەیلا دەسـتەبەر بکـات. ناوبراو دڵگرانی خۆی لە گیرانی مام کەریم و هەروەها دەربەدەربوونی کوڕەکانی دەردەبڕێ و بە چەنـد وشەیەک ئامـاژە دەکـات، کە ئەوان جێگـای گەورەیی و رێـزی خەلکی کوردسـتانن. لەو سەردەمەدا کەم بنەماڵە لە کوردستاندا ئامادەن بەو شێوازە لە پێنـاوی مـاف و خاکەکەیانـدا خەبات بکەن. براژنە زارا

تـۆ مـادام دایکـی کـاوەی، بـۆ مـن لـە جێگەی خوشـکی گەورەی. لـەیلا سەبری گـوێگرتنی نـەماوە و وەک رابـردوو لـە دەربڕینـی ویسـت و تێڕوانینـەکانی شەرم ناکـات و لـە شـێخ دەپرسـێ، کە نـاوبراو لـە گەڵ حکومەتە، حیزبە یـان کەسێکی ئاساییە؟ خەڵکی چ شـارێکە و ژن و منداڵەکانی لـە کـوێ دەژیـن؟ ئەگەر تەنیا و رەبەنە، چۆنە لـە نێو ئەو هەموو حیزب و رێکخراوەدا جێگای نەبۆتەوە؟ تـۆ لـەو شـارە چ دەکەیی و شەوی رابردوو لـە ماڵی کێ بـووی؟ ئێمە پیاومـان لـە مـاڵ نییە و لـەو کاتەوە براکـانم لـە مـاڵ دەرچـوون ئێمە زۆر خۆدەپـارێزین و نـاخوازین خـوێ بە برینەکانمانـدا بکەین. شـێخ زرگەتە لـە قسە ناکەوێ و دەستخۆشی لـە لـەیلا دەکـات بـۆ ئەو پرسیار و بەدواداچوونانە، بەڵام خـۆی لـە وڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبـوێرێ. نـاوبراو بـە کـورتی چیرۆکـی رۆژانەی خـۆی بـاس دەکـات، کە وەک پیـاوێکی نـاڕازی لـە ژیـان، سیاسەت، حکومەت و حیـزب دەگەڕێ.ئەو بەمشـێوازە درێـژە بە چیرۆکەکەی دەدات:" لـەو ژیانـە دڵخـۆش نیـــم، بەڵام تاقەتی مانەوە لـە شـــوێنێکم نییە و لـە بەر رەخنەگرتن و قسەکردن زۆر مەحبوب نیـــم. پیاوخەراپ نیـم، دز نیـم، درۆزن نیـم و لـە هەموو ژیانمـدا باڵندەیەکم ئـازار نەداوە. ئەمن رەنگە بە گەڕیدەیی لـە دایک ببم و هەتا منداڵ بووم ئەو پرسیارانەم لـە دایک و بابم نەکردن، کاتێک کە گەورەتر بووم و فامم کردەوە لـە شەقامەکانی بەغدا و دواتـر دەمشقدا خـۆم دیتەوە. دابڕانەکەم لـە دایک و بـابم هەمیشەیی بو، چوونکە منداڵی تاقانە بووم و پاش گەڕانەوەم بـۆ ناوچەی مەریوان هەواڵێکم لـە دایک و بـابم نەبیسـتەوە. ئەوان دوای دوورکەوتنەوەم زۆر تیکۆشـابوون خـوا منـداڵێکی دیکەیان بـداتێ. پـاش چاوڕوانیەکی زۆر و نەهاتنی منـداڵی تـازە و هەروەها کوێربوونەوەی نـاوم، دایـک و بـابم بە دڵشکاویی سەرەتا بۆ سنە و دواتر بـۆ تـاران دەگوازنەوە. ئەوان لـە دوای خۆیـان تەنیا ئەو سندووقە و چەند هەزار تمەنێکیان وەک میرات بۆبەجێ هێشتووم. کە گەڕامەوە ئێران و بە پرسیارکردن و گەڕان چوومە تـاران و لـە رێگای خزمێکەوە ئاگاداری چارەنووسی تاڵی مردنی دایک وبـابم بـووم بە تەواوەتی شکام. لـە ترسی چارەنووسی دایک و بـابم و دووپات نەبوونەوەی ئەو چیرۆکە خەماوەییە خـۆم لـە قەرەی ژنهێنـان نەدا. شەش مانـگ لـە تـاران دوای سەرکەوتنی شۆڕش کرێکـار بـووم و ماوەیەکیش لـە سنە کـاری دەستفرۆشـیم کـردوە. لـە زۆر گونـد و شـاراندا کـاری وردەواڵەفرۆشـیی و تەنانەت چەقوتیژکردنەوەم کـردوە. کە لـە مەریوان پەڕیوەی سلێمانی بـووم، بـۆ مـاوەی ٧ مانـگ لـە چاخانە کـارم کـرد و شەوانە لـە مـاڵی حـاجی ساڵح دەمامەوە. ئەوان منداڵیان نەبوون و بە بوونی من زۆر شـاد بـوون و و بـۆ پڕکردنەوەی خەمەکانیان حاجی ژن مریشکێکی زۆری بەخێو دەکرد و هەر کامە نـاوێکی لێنـابوون. رۆژانـی یەکەم لـە مـاڵی حـاجی ساڵح زۆر سەیر بو، کاتێک حـاجیژن بـانگی مریشکەکانی دەکـرد و نـاوی حەلاو، ئایشـێ، رەحمە و هتـدی

دەبرد، چاوەڕوانی ئامادەبوونی کچ و ژنم دەکرد، کەچی دواتر تێگەیشتم کە حاجیژن لە خەیاڵی خۆیدا خاوەن منداڵە". چیرۆکی شێخ زەرگەتە زۆری خایاند و سەرنجی لەیلا و پورە زارای بە تەواوەتی راکێشاوە. شێخ ئامادەی درێژەدان بە چیرۆکەکەیەتی، کە ئاڵتونی خاڵە مینە دەگاتە حەوشە و بەسەر کۆتایی چیرۆکەکەی شێخ زەرگەتدا دەکەوێ. کاتێک ئاڵتون شێخ و سندووقەکەی دەبینێ، پرسیار دەکات، کە بۆ لە دەرەوە دانیشتوون؟ شێخ پێش خاوەن ماڵ و خانەخوێ دەڵێ، لە دانیشتنی دەرێ خۆشتر هەیە؟ براژن درەنگ یان زوو هەموومان دەبینەوە خاک و با لەو دنیایەش زۆر فیز و گەورەیی لەخۆ نیشان نەدەین. گۆڕستانەکان پڕن لە حیکمەت و باشترە کە خۆمان بۆ رۆژی کۆچی دوایی ئامادە بکەین. ئاڵتون بە گوتنی بەڵێ مام راست دەفەرمووی خۆی لە قسەکردن بوارد و بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر لە بنەوە پرسیاری لە زارا و لەیلا دەکرد. شێخ زەرگەتە لە فکری خۆیدا بە گونجاوی دەزانێ پرسیار لە ئاڵتون بکات، ئاخۆ ئەوان میوان رادەگرن و پیاویان لە ماڵە. ئاڵتون دەپرسێ، ئەرێ بۆ کە هاتم بێدەنگەتان لێکرد. شێخ سەر لەنوێ بەخێرهاتنی دەکاتەوە و پرسیاری لێدەکات، کە سەرەتا هاوسەرەکەی لە ماڵە یان نا؟ ئەگەر لە ماڵە شێخ شەوێک یان دوو شەوی دیکە لە شار دەبێ و دواتر سەری خۆی هەڵدەگرێ و بەرەو ناوچەی ئازاد دەڕوا. ئاڵتون بە راشکاوی بەخێرهاتنی شێخ زەرگەتە دەکات. زارا و لەیلا رووونی دەکەنەوە، کە ئەوان پیاویان لە ماڵ نییە و بەداخەوە کە غەریب و میوان وەک جاران ناتوانن لێرە بمێننەوە. ئاڵتون لەو پێوەندییەدا دەڵێت، کە براژنە زارا ماڵی مام کەریم و خاڵە مینە هەر یەکن و ئەو خاڵەش بەخێربێت بۆ ماڵی ئێمە. ئەمن دەڕۆم بە خاڵە مینە دەڵێم، کە ئێوارە میوانێکی غەریبمان دێت و براژنە زارا و لەیلا ئێوەش ئێوارە وەرن. ئەمن بە خاڵە مینە دەڵێم با بێرەدا بێتەوە و خاڵە شێخ لە گەڵ خۆی بێنێتەوە ماڵ.

ئاڵتون بەرەو دوکانی خاڵە مینە دەچێت و رووداوی میوانە نەخوازراوەکەی ماڵی پورە زارای بۆ دەگێڕێتەوە. خاڵە مینە لە تێکەوڵێکەی ژنان تورەیە و سەرەتا دەڵێ، بە من و تۆ چی، کە پیاوێک میوانی ماڵی براژنە زارایە؟ ئاڵتون بە تەواوەتی مەسەلەکەی تێدەگەیەنێ و دڵنیای دەکاتەوە کە ئەو خاڵە شێخە غەریبە و گوتویەتی شەوێک یان دوو شەو دەمێنێتەوە و دەڕوا. بۆیە مینە ئێوارە کە هاتیوە بە ماڵی پورە زارایەدا وەرەوە و خاڵە شێخ لە گەڵ خۆت بێنە و لەیلا و دایکی دواتر بۆ خۆیان دێن. ئاڵتون دەڕواتەوە ماڵ و سەرقاڵی سازکردنی خواردنی ئێوارە دەبێ. خاڵە مینە ماوەیەک کار دەکات و پاشان بۆ مزگەوت دەچێ و میوە و شیرینی بۆ ئێوارە دەکرێ و خاڵە شێخ لە ماڵی مام کەریم هەڵدەگرێ

و دەچێتەوە ماڵ. لەیلا و زاراش ماوەیەکی دیکە بۆ ماڵی خاڵە مینە وەڕێدەکەون.

خاڵە مینە و هاوسەری بەخێرهاتنی شێخ دەکەن و پێکەوە لە گەڵ زارا و لەیلا و منداڵەکانیان نانی ئێوارە دەخۆن. شێخ بەردەوام نوێژان ناکات، بەڵام ئەگەر خانەخوێ و خاوەنماڵ چاوەڕوانی نوێژکردنیان لە شێخ زەرگەتە هەبێ، ناوبراو بە سووکی دەستنوێژ هەڵدەگرێ و پاڕانەوەیەکی پاراویش لە دوای نوێژەکە جێبەجێ دەکات. ناوبراو ئەو ئێوارەیە بە گونجاو دەزانێ، کە وەک جەماعەت دەستنوێژ هەڵگرێ و نوێژەکان بە کاتی خۆی بکات. سندووقەکەی شێخ زەرگەتە و پاشگری ناوەکەی بۆ منداڵ و گەورە ساڵانیش مایە تێڕامانە. خاڵە مینە لە شێخ دەپرسێ، کە ناوی راستەقینەی چییە؟ هەست ناکەم تۆ ناوی راستەقینەت شێخ زەرگەتە بێ و ئەو ناوەت تەنیا بۆ مەبەستێک لە خۆناوە. شێخ زەرگەتە لە سندووقەکەی دەڕوانێ و چاوێک لە زارا و لەیلا دەکات و دواتر بەمجۆرە وشە و رەستەکای ریز دەکات:" کاک مینە ئەگەر بڵێم ناوی راستەقینەی خۆم نازانم درۆم نەکردوە. ئەمن تاقانەی ماڵ بووم، سێ ناوی جیاوازم هەبوون، کە دڵم بە هیچیان خۆش نەبو. دایکم زیاتر بە ناوی حەمزە بانگی دەکردم و حەمزەی بە ناوێکی پیرۆز و قارەمانێکی ئیسلام دەناسی. بابم، ساڵێک بە ئەمیر و ساڵێک بە رەزای بانگ دەکردم. لە سەردەمی گەنجیدا ناچاربووم لە شار و ماڵ دەربچم و لە سلێمان گریسامەوە. لەوێ جنسیەی منداڵێکی مردویان بۆ پەیدا کردبووم، کە ناوی نجمەدین ئەحمەد مەولود بو، کە لە بەغداش بە کەڵکم هات. کە چوومە دەمشق هیچ ناوێکم لە خۆ نەناو و پاش ساڵێک لە گوندێکی کوردان کرامە کوڕی ماڵ و جنسیەی ئەوانم لە تەنگەی گیرفان نا. کە گەڕامەوە هیچ ناسنامەیەکم نەبو، لە مەریوان و سنە بە زۆر ناسنامەیەکم وەرگرت و ناوی غەریبم بۆ خۆم هەڵبژارد. وەک بەیانی بۆ براژنم و لەیلام باس کرد، کە گەڕامەوە ئێران و کوردستان بە سەر هیچ داکەوتم و دایک و بابم لە تاران وەفاتیان کردبو. لە هەموو سەروەت و سامانی دنیا تەنیا ئەو سندووقەم بۆ ماوەتەوە و چەند ساڵە لە گەڵ خۆمی دەگێڕم و هەر کاتێک کە دنیام لەبەر چاوان رەش دەبێ، سەرم دەخەمە سەر ئەو سندووقە و ئۆقرە دەگرم. بۆنی دایک و بابم لەو سندووقە دەکەم و بۆ من پڕە لە ژیان و پەند. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر کاتێک کە دایک و بابێک دەبینم، کە کوڕ یان کچەکەیان بۆتە پێشمەرگە یان چەکداری رێژیم دڵم ژان دەکات. ئەوان ئەگەر لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆزیشدا چەک هەڵگرن و شەهید بن، دیسان بۆ دایک و باب خەسارێکی گەورەیە. ئەمن ماوەیەک لە رەبەت بووم و لەوێ لە گەڵ کاوە ئاشنا بووم و رۆژێک لە کاتی چاخواردنەوەدا هەستامە سەر پێ و زۆر رەخنەم لێگرتن و دەریان کردم. ئەوکات

ناوم مەلا فەلسەفە بو، کە ژمارەیەک لە بەر پرسیار و رەخنەکانم بە مەلا فشە بانگیان دەکردم. ئەمن لە ژیانمدا زەرەرم بۆ باڵندەیەک نەبوە و لە درۆ، بوختان و پشتەملە بێزارم و هەرگیز خەیانەت لە کورد ناکەم، بەڵام لە ئاستی زوڵم و چەوسانەوەدا ناتوانم بێدەنگ بم". مینە، ئاڵتون، زارا و لەیلا بۆ ئەو چیرۆکانە سەرتاپا بوونە گوێ. کاتێک شێخ زەرگەتە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو دەنگی دەگۆڕێ و فرمێسک لە چاوی دەگەڕێ، بۆیە خانەخوێ و میوانەکانش بە دەستەکانیان چاویان دەگوشن و فرمێسک لە چاویان دەسڕنەوە، کە بە سەر گۆناکانیاندا هاتوونەخوار. خاڵە مینە دڵخۆشە، کە راستگۆیانە چیرۆکی ژیانی بۆ گێڕانەوە و ئەلفاتیحایەک بۆ گۆڕی دایک و بابی دەخوێنن. خاڵە مینەش ئاماژە دەکات، کە لە سەردەمی کۆندا تاقولۆق و بە کەمی منداڵەکان هەڵوەدا دەبوون، بەڵام ئەمڕۆ لە بەر ئەو ئینقلاب و شۆڕشە دار و بەرد لە جێی خۆی نەماوە. زۆربەی کوڕ و کچەکان گوێ لە دایک و بابیان ناگرن و چاو و گوێیان لە سەر حیزب و ناوی گەورە و پیاوە خاوەن کتێب و فکرەکانە. ژمارەیەک وەک کاوەی خۆمان لە کتێب و نووسینی نووسەری کۆمۆنیست و سۆسیالیستدا بە تەواوەتی قوم و ون بوون. ئەگەر پرسیاری پاییز و وەرینی گەڵای دارەکانت لێکردایە، ئەو بۆی باسی شۆڕشی ئۆکتۆبر و دیالێکتیکی تاریخی مارکسی دەکرد. ئەو کاوە لە گەڵ ئەو دایک باشە و ئەو خوشکە سەربەرزە لە سەر مارکس تووڕە بوە و دایکی گوتویەتی، کە ئەو ریش پەشمەکەی تۆ لە گەڵ ریش پەشمەکەی خۆمان تەنیا مەندیلی جیاوازە. شوکور بۆ خودا کوڕەکانی دیکە باشن و لە سەر رێبازی کوردایەتی سوورن و زۆر لە خەڵک دوور نەکەوتوون. شێخ زەرگەتە بە پەلە وەقسە دەکەوێتەوە و بە رژدی داوا دەکات زۆر بە وردی گوێی بگرن." کاکە مینە بە موقەدەسات سوێند دەخۆم، کە چەند ساڵێکی دیکە ئەو کوڕ و کچەی خەڵک بە ناوی شەڕی سۆسیالیزم و بورژەوازی و شەڕی چینی کرێکار و توێژی سەرمایەدا بەگژیەکتردا دەکرێن و ماوەیەک شەڕی ئێرانیان لەبیر دەچێتەوە. کاکە ئەمن لە بنکەی زۆربەی حیزبەکان ماومەوە و زۆر بە وردی گوێم لە قسە و تێڕوانینەکانیان گرتوە. زۆر ترسناکە، کەس بە کەس رازی نیە و هەر حیزبەی خۆی بە پاڵەوان و مەیدانداری راستەقینەی خەبات دەزانێ، بەڵام پێگە و قورسایی خۆیان نازانن. زۆربەیان درووشمی مافی خەڵک دەدەن، کەچی حیزب نییە بە جۆرێک مافی خەڵک زەوت نەکات. بەڵای هەرە گەورە ئەوەیە، کە کۆمەڵەکان شەڕی چینی کرێکار و شۆڕشی سووریان لە کوردستان لە نوختەیەکی هەڵەوە دەستپێکردوە. دێموکرات حیزبێکی میللی و گشتییە و لە ریزەکانیدا مامۆستا، مەلا، کرێکار، وەرزێر، کاروانچی، میکانیک، سەرباز، فەقێ و هتد تێدایە. ئەوانەش لە کۆمەڵە قبوڵ ناکەن، کە بە ناوی شۆڕشی کرێکاری بە بۆرژەواو و سەرمایەدار بناسێندرێن و هەڕەشەیان لێبکرێ. حیزبی

دێموکراتی چەکدارێکی زۆری هەیە و مێژووییەکی هەیە و ڕەوا نییە، کوڕ و کچی ئەو وڵاتە شەڕی یەکتر بکەن. لە هەموو دنیادا باوە، کە لە سەر خاکێک یەک سیستم و یەک یاسا و یەک لشکر هەیە. ئەوەی خۆمان، تێکەڵ و پێکەڵە و فارس گوتەنی هەرج و مەرجە. حیزبەکان چەکداریان هەیە، گومرگیان هەیە، شوواریان هەیە، زەکات و پیتاک وەردەگرن. لە کۆنەوە دەگوترێ، کە هەزاران کاسبکار و هەژار لە وڵاتێکدا دەگونجێن، بەڵام دوو دەسەڵاتدار و حاکەم لە گەڵ یەکتردا ناگونجێن. بڕوانە، حیزبی مەلا مستەفا لە ١٩٧٥ چۆن شکان و هەڵاتن بۆ ئێران، بەڵام ئەمڕۆ لە جیاتی تێکۆشان لە دەهۆک، زاخۆ، هەولێر و کەرکوک و سلێمانی بوونە کەواسووری پێش لشکری پاسداڕ و بەسیجییەکان و بە کوردی جاشەتی دەکەن. کورد لە هەموو لایەک سەرگەردانە و وەک لە کتێبە مێژووییەکاندا نووسراوە لە شەڕی چاڵدرانەوە هەتا ئەمڕۆ کوردەکان لە گەڵ یەکتر دژ و لە گەڵ دەوڵەت و ئیمپڕاتۆرییەکان هاودەست و گوێ لەمست". خاڵە مینە بە وردی گوێ لە شێخ دەگرێ و بە تەواوەتی لە گەڵ ناوبراودا هاوفکرە و لە کۆتاییدا زۆر سپاسی دەکات بۆ ئەو قسە و باسە بەکەڵکانە. شەوانی سەرەتای پاییز هێشتا بە کەڵکی چیرۆکی درێژ نایەن، بۆیە زارا و لەیلا دەگەڕێنەوە ماڵ و شێخ و ماڵی خاڵە مینە بە خوا دەسپێرن. شێخ زەرگەتە شەوێکی خۆش لە گەڵ خاڵە مینە بەسەر دەبات و رۆژی دوایی لە گەڵ ناوبراو دەچێتە نێوشار و دوکات و شەوی داهاتووش لەوێ تیپەڕ دەکات.

شێخ زەرگەتە ناوچە ئازادەکان بۆ مانەوە بە باشتر دەزانێ، چوونکە لە بنکە و مەقەڕەکان زیاتر دەتوانێ بمێنێتەوە. ناوبراو ماڵئاوایی لە خاڵە مینە و دۆستان دەخوازێ و بە سندوقەوە بەرەو دۆڵی گەوەلان و دواتر قەلارەشێ دەڕوات. شێخ زەرگەتە لە رێگادا تووشی وڵاخدارێک دەبێ و سندوقەکەی بۆ لە نێوبار داوێ و هەتا تەنیشت رەزی جوامێری پێکەوە دەڕۆن. کابرای وەڵاخدار بەرەو کانییە رەش دەچێ و سندوقەکە لە تەنیشت رەزی جوامێری دەداتەوە شێخ زەرگەتە و رێنوێنی دەکات، ئەگەر لە مەقەڕ و پێشمەرگان دەگەڕێ، ئەو رێگایە بگرێت. شێخ زەرگەتە سندوقەکە هەڵدەگرێ و لە گوندی گەوەلان لادەدات و نانێک دەخوات و پاشان بەرو قەلاڕەشێ دەڕوات. ئەو ماوەیە ناوبراو بیر لە ناوێکی تازە دەکاتەوە، کە کەڵکی هەبێ و هەتا ساڵێکی دیکە خۆبگرێ. لەو گوندانە زۆر ورد لە ناو و بنەچەکەت ناپرسن و بە خاڵە و مامە حەوتوویەک تێپەڕ دەبێ، بەڵام لە بنکەکان یەکەم رۆژ ناو و شۆرەتت لێدەپرسن. ئەو لە هەورازی گەوەلان سەردەکەوێ و جوانیەکانی ئەو دۆڵ و شاخانە بۆ ساتێک لە خەمەکانی دادەبڕێن. ئەو جوانیەکی دەگمەن لەو دارستان، چۆم و بەرئاوە لە گەڵ شاخە بەرز و زنجیرەی کێوەکان دەبینێ، کە پڕن لە بۆنی ناسنامەی کوردایەتی و تامی ئازادی. کاتێک شەکەت و

ماندوو دەبێ، سندوقەکەی لە تەنیشت ڕێگا دادەنێ و لە گەڵ خۆی دەکەوێتە قسە. بانگی خۆی دەکات و ناوی حەمزە، ئەمیر، ڕەزا و غەریب بە دوای یەکتردا دەڵێتەوە. لە گوتنەوەی ناوەکانی تەنیا دەنگی لەبیرنەکراوی دایک و بابی دەبیستێ. ئەو سەردەمەی کە زێڕین و پڕ لە جوانی بو و دایک و بابی خەونی گەورەیان لە سەر داهاتووی منداڵەکەیان هەڵچنیبو. دایک و بابی، حەبیبە و سوڵتان، ڕۆژانی جێژنی ڕەمەزان، قوربان و بەهاران کوڕەکەیان وەک نیعمەتێکی خودا چاو لێدەکرد و دڵخۆش و شاد بوون، کە پێکەوە لە بازاڕەکانی مەریواندا پەشمەک و فڕفڕەی سوور و سپیان بۆ دەکرێ. حەبیبە لە سەر بەرماڵ وەک سۆفییەک دەپاڕایەوە، کە خوا حەمزەی بۆ ڕاوەستاو بکات و چەند منداڵێکی ساڵحی دیکەی پێببەخشێ. سوڵتان لە خێرکردن و یارمەتیدانی خزم و ئاشنایاندا ماندوویەتی نەدەناسی و بە حەبیبەی هاوسەری دەگوت، ئەو خێرات و چاکەیە بە تەنیا بۆ خۆم نییە، بەڵکو سەرەتا بۆ ئەمیر و ڕەزایە. خوا ئەو کوڕەمان پایەدار بکات و تەمەنی ئێمەش درێژ بکات، بەڵکو ڕۆژێک نەوەکانمان لەو حەوشەیە بە دەنگی بەرز بانگمان بکەن. شێخ زەرگەتە لەو زیندە خەونە ڕادەپەڕێ و بڕیاردەدات، ڕۆژانی یەکەم خۆی بە هەر چوارناوەکە بناسێنێ و ئەگەر سەری نەگرت ناوێکی پێکەنیناوی دەدۆزێتەوە.

ئەو لە زینوان سەردەکەوێ و دەگاتە گوندی قەلاڕەشە و لە ڕێگای منداڵێکەوە دەچێتە مەقەڕ و سندوقەکەی لە تەنیشت خۆی دادەنێ. سەرەتا پێشمەرگەکان بە ناوی خاڵە بەخێرهاتنی دەکەن و یەکەم شەو پرسیاری ناوی لێناکرێ. پاییزی ئەو گوندانە فێنکە و هەڵکەوتی جۆغڕافیایی وەک جیرانە کێو ڕوخسارێکی تایبەتی بە وەرزەکانی ساڵ داوە. بۆ بەیانی بەرپرسی دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە مەقەڕ تووشی شێخ زەرگەتە دەبێ و بەخێرهاتنی دەکات و لێی دەپرسێ، ئەتۆ خەڵکی کوێی؟ ناوت چییە؟ باشە ئەتۆ پێشمەرگایەتیت بۆ دەکرێ؟ شێخ زەرگەتە سپاسی دەکات و دەڵێ ناوم، حەمزە-ئەمیر-ڕەزا- غەریبە. بەرپرسەکە لە بەر دوور و درێژی ناوەکەی پرسیارەکانی خۆی لەبیر دەچنەوە و بە سەر سوڕمانەوە دەڵێ، ئەمن ناوی سولاسیم (سێ ناو، خۆ، باوک و باپیر) لە عێڕاقیەکان بیستوە، بەڵام وەڵڵاهی لەو چوار ناوە تێنەگەیشتم. خاڵە بەخێر هاتی و خۆشحاڵ و دڵ گوشادین بە هاتنی تۆ. دێموکڕات حیزبی میللەتە و ئەتۆش تاکێکی ئەو میللەتەی. بە هومێدی خوای ساڵی داهاتوو، بەهارێ ساڵی سەرکەوتن و سەرفرازی کوردان دەبێ. خاڵە، ئێرە پایتەختی ئەمەر پاشایە و ئێمە پێش خەڵکی دیکە ئینقلابی خۆمان کردوە و بە خوێنی شەهیدان گوندێکی پێشڕەوین. حیزبی پێشڕەو پێویستی بە

پێشمەرگە، گوند و شاری پێشڕەوە و خۆ ناکرێ هەموومان هەر بەرەو دواوە بگەڕینەوە. شێخ زەرگەتە قسەکانی پێخۆشن و بە بەرپرسەکە دەڵێت، قوربان لە ئەلفەوە هەتا یا هەمووی راستە. ئەو رۆژە پێشمەرگەکان و ئەوانەی سەر بە هێزی بەرگرین ناوی شێخ زەرگەتە دەپرسن و هەموو جارێک چوار ناوەکانی حەمزە-ئەمیر-رەزا-غەریب بە دوای یەکتردا ریزدەکات. گوندنشینێک دەپرسێ، بەشقێ خوای ئەو ناوەت لە کوێ هێناوە و بە چەندی کڕیوتە؟ ماڵت نەشێوێ بۆ ئەو زنجیرە ناوە. کاکی خۆم، خەڵک پرس بە چەند میرزا، فەقێ و مەلایان دەکات هەتا ناوێک بۆ منداڵەکەی دەدۆزێتەوە.

شێخ زەرگەتە پاڵەپەستۆی لە سەرە و زۆر گوێی لە ناوی میرزا دەبێت و وەبیری دێتەوە کە دەرزیلە لەو گوندانە کەڵکی زۆری لێوەردەگیرێ، بۆیە بۆ رزگاربوون لەو پرسیارانە خۆی بە میرزا دەرزیلە دەناسێنێ. خەڵکی گوندەکە ئەو ناوەیان لە سەر زاری سوارە و کەس رەخنەی لێناگرێ، کە ئەو ناوەت بۆ لەخۆ ناوە. لە ماوەی چەند رۆژێکدا ناوی میرزا دەرزیلە لە قەلاڕەشێ، سوورەچۆم و هەروەها دەرماناوێ بڵاودەبێتەوە. میرزا دەرزیلە تێدەگات، کە ئەو ماوەیە سەبر و تەحەممول پێویستە و چەند مانگێک لە گەڵ ئەو خەڵکە هەڵدەستێ و دادەنیشێ، بۆیە ناچارە سەرەتا ئاشنای کولتور و هەڵسوکەوتی ئەو گوندە ببێت. زۆر کەس وەک نوکتە و بۆ پێکەنین باس لە رووداوەی میرزا دەرزیلە دەکەن، کە چۆن و چەندە پێشمەرگایەتی بۆ دەکرێ. میرزا دەرزیلە لە گەڵ پیاوانی ئاوایی ئاشنا دەبێ و خەڵکی گوندەکە بە کراوە و دڵپاک دەبینێ، بۆیە رێزیان دەگرێ. ئەو زۆر هاتوچۆی ماڵان ناکات و دەزانێ، ئەگەر زۆر لە گەڵ ماڵێک ئاشنا بێ، داوای گێڕانەوەی چیرۆک و سەرگوزەشتەی ژیانی لێدەکەن و دواتر هەموو خەڵک دەزانن، کە کێیە و خاوەن چ پاشخانێکە.

ژیانی گوند لەو سەردەمەدا لە پاڵ کێوە راوەستاو و داوێن رەقنەکان لە ژێر دەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان خۆشترە. لە گوندی قەلاڕەشێ قوتابخانەی سەرەتایی هەیە و مامۆستاکانی شۆڕش لە پێناوی پەروەردەکردنی منداڵی گوندنشینەکان تێدەکۆشن. کەماڵی مام کەریمی لە بەر نەبوونی مامۆستای شارەزا و سەر بە حکومەت پێشنیاری مامۆستایەتی پێدەکرێ. ئەو لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە مامۆستاکان بە سەر گوندەکاندا دابەشدەکرێن. ئەو سەردەمە بەشێک لە پێشمەرگەکان وەک مۆدیل و تەنیا بۆ مەیلی دڵ وازیان لە ناوە زیاتر ئایینیەکان دەهێناو و ناوێکی شۆڕشگێڕانەیان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد. لە زۆربەی بنکەکان ناوە گەورەکان بۆ فەرماندە و بەرپرسەکان قۆرخکرابوون. بنکە و

مەقەڕەکان پڕ بوون لە شەپۆل، شەماڵ، شوانە، هەڵمەت، پۆڵا، ئاگر، دارەوان، شاخەوان، هەڵۆ، ڕێبوار و هتد. لەو سەردەمەدا ئەوانەی کە ناوەکانیان نەگۆڕیوە شەوانە لە بنکەکان و هەروەها لە لایەن کچانی گوند پرسیاریان لێدەکرێ، کە بۆچی خۆیان نوێ نەکردۆتەوە. کەماڵ بۆ رزگاربوون لەو گێژاوە دوای گواستنەوە بۆ قەلارەشێ و بوونە مامۆستا، ناوێکی مامناوەندی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. کچێک لە کاتی ئاوبردنەوەدا تووشی کەماڵ دەبێ و بە شێوەزاری خۆی دەڵێ، مامۆستا لە بەر عەمرت مرم، ئ ئەتو ناوت بۆ خۆت هەڵنەناوە؟

کەماڵ و هاوکارەکانی شەوانە بۆ بەسەربردنی کات و لێکدانەوەی هەواڵەکان و هەروەها کڵاو و گورێوی بازی، دامە، دۆمینە، گەڕی گۆرانی گوتن و زۆر بابەتی دیکە کۆدەبنەوە. ئەوان بۆ رابواردن ناوە تازەکان و خاوەنەکانیان لە یەکتر بەراوەرد دەکەن. حوسێنی ئازیزێ لەو گاڵتە و گەمانەدا کراوەیە و بە پانەوە لێکدانەوەکانی لە سەر ناوی هاوڕێکان دەردەبڕێ. ئەو بە کەماڵ دەڵێ، کاکە نەچی ناوی گەورە لە خۆت بنێی و دواتر لە ژێر قورسایی ناوەکەدا جوڵەت بۆ نەکرێ. پەرویز بۆ هاندانی زیاتری حوسێن دەپرسێ، کاکە دەتوانی زیاتر مەبەستەکەت وەک پەتاتەی بێوران سوور کەیەوە. حوسێن، کۆمەڵە ناوێکی وەک هەڵمەت، خۆڕاگر، هێرش، ئازا، شاخەوان، ژیر، شەماڵ، ڕێبوار بە نموونە دێنێتەوە، کە لە گەڵ خاوەنەکانیان یەکتر ناگرنە. ناوبراو لە هەڵمەتەوە دەستپێدەکات و بە ڕێکوپێکی لە قەپان و تەرازوویان دەدات و دەپرسێ، کاکە پێشمەرگەمان هەیە و ناوی هەڵمەتی لەخۆ ناوە، کەچی لە هەموو ژیانیدا هەڵمەتێکی نەبردوە و کە باسی هێرشکردنە سەر بنکەیەکی ڕێژیم دەکرێ، یەکسەر نەخۆش دەکەوێ و دواتر هەتا دەگەرینەوە لە سەر جێگا بۆی تەخت دەبێ. چەکدارمان هەیە ناوی لە خۆ ناوە ئازا، کەچی لە شەڕ و کاردا هەرگیز ئازا و هەڵسووڕ نییە. لە شەڕەکاندا لە گەڵ تیمی هێرشبەر ناکەوێ و بە بیانوی لاوازی چاوەکانی ئامادە نییە لە گەڵ تیمی پێشڕەو لە جەولەکاندا بڕوا. برادەرمان هەیە دڵخۆشە بە هێرش بانگی بکەن، بەڵام ئەگەر هەموو کوردستان وێران بێت ئەو کاک هێرشە ئامادە نییە یەک هێرش بکات. ڕێبوارمان هەیە کە بە هەموو ئایدۆلۆژیەکان پێدەکەنێ و خەون بە سەردانی گوندە ئازادکراوەکان دەبینێ و ڕێبواری تاقە دارێکیش نییە. کاکە ڕێژیم ساڵ بە ساڵ پاشەکشەمان پێدەکات و خۆڕاگری وردە وردە وەک عەتر و بۆنی تیرۆس لە گۆڕ دەکەوێ. ئەگەر ئێمە ئەو هەموو مامۆستا پۆڵا و ئاسنەمان هەیە، بۆچی داگیرکەرانی کوردستان ناسوتێنین. وەستا مستەفا بە لێکدانەوەکانی حوسێن سەرخۆشە و چاوەکانی بە پێکەنین پڕبوون لە فرمێسک و دەڵێ، باوەڕکەن کوڕینە شەراب و ویسکیم نەخواردۆتەوە، بەڵام ڕەنگە بە قەدەر قسەکانی حوسێنی خۆش نەبن! کەماڵ

لە سەر قسەکانی حوسێنی ئەوەندە زیاد دەکات، کاکە شتێکی تێدا بێڵەوە. لە بەر رەخنەکانی تۆ بۆ هەڵبژاردنی ناوێک خەریکە لاقم دەلەرزن و لە پایەگا و مۆڵگە گرتن دژوارترە. ئێمە نابێ هێندە قوڵی لێکدەینەوە و مرۆڤ پارچەیەکە لە گۆشت، ئاو و ئیسک. ئەوەی زۆر گرینگ و پڕبایەخە ئیمان و باوەڕی ئینسان و مرۆڤە، کە سەرچاوەی هێز و ئازایەتییە. کەماڵ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کاتێک لە گەڵ پێشمەرگە تازەکان قسە دەکات، رستەیەک زۆر دووپات دەکاتەوە و رێنوێنیان دەکات، کە پێویستە وەک پێشمەرگە خاوەن بڕوا بن و بڕوایان بە خۆیان هەبێ، چوونکە بڕوا بۆ پێشمەرگە وەک تەقەمەنی بۆ تفەنگ وایە. لە سەر ئەو بناخەیە ناوی مامۆستا بڕوا هەڵدەبژێرێ و بە حوسێن دەڵێت، ناوێکم هەڵبژارتوە کە زۆر رەخنەی لێناگیرێ. ئەگەر ئازا، خۆڕاگر، پۆڵا، شەماڵ، دارەوان، شاخەوان، شەپۆل، هێرش و هەڵمەتیش نەبم، بێگومان دەتوانم بڕوام بە رێگاکەم و هەروەها خەباتی کوردان هەبێ. لەو کاتەوە ناوی مامۆستا بڕوا بە باڵای کەماڵی مام کەریمی دەبڕێ، بەڵام وەستا مستەفا، پەرویز و حوسێن ناوی خۆیان ناگۆڕن و بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان نە مامۆستان و نە سەرپەل و کادر خۆیان لە ناوگۆڕین دەدزنەوە.

حوسێن، مستەفا و پەرویز لە دەرماناوێن مامۆستا بڕوا دەگوازێتەوە بۆ گوندی قەلارەشێ، بەڵام دۆستایەتی و هاتوچۆیان لە جاران زیاترە. منداڵانی گوند بۆ خوێندن لە سەرپێن و سەرەڕای نەبوونی کەرەستە و کەلوپەلی خوێندن بە پانتۆڵ و کەوای پینەکراو لە هۆدە گڵین و قوڕینەکاندا خۆیان ماندوو دەکەن. مامۆستا بڕوا لە یەکەمرۆژی وانەگوتنەوە وتەی پیاوە خاوەنکارە ئازەرییەکەی بیردەکەوێتەوە، کە باسی سەرمایەگوزاری لە سەر منداڵی دەکرد. مامۆستاکانی حکومەت توند و بە زمانی نەتەوە و دەوڵەتی سەردەست دەدوان و لە کاتی تووڕەبووندا بێرەحمانە بە سۆندە، دارە و کابڵ لە منداڵەکانیان دەدا. مامۆستا بڕوا، لە پێناوی پەروەردەکردنی نەوەیەکی باشتر تێدەکۆشێ، بەڵام تێدەگات کە کارێکی یەکجار قورسە. ئەو لە گەل مامۆستاکانی دیکە بە گوێرەی توانا بۆ فێرکردنی قوتابیەکان هەوڵدەدەن. گوندنیشەکان بە چاوی رێزەوە لە مامۆستاکانی شۆڕش دەڕوانن و زۆربەی خەڵک ئارزو دەکات، منداڵەکانیان خوێندەوار بن و لانی کەم وەک میرزا سجیلەکان نامە و عەریزە بنووسن و بەڕەی خۆیان لە ئاوێ دەربێنن. لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی چاکە مامۆستاکان، بنەماڵەکان بە نۆبە مامۆستاکان بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بانگ دەکەن و بیرەوری خۆش لەو دیدار و یەکتربینینەدا کۆدەکەنەوە. چێشتە بەناو بانگەکانی گوند لە وەرزی زستان و بە تایبەت بۆ میوانەکان بە رەشەچێشت بە ناوبانگن. دۆکلیو

بە رۆنـی خۆمـاڵی، کەشکەک، ترخێنە، ماشێنە، دۆکڵیـوی لووشەی، پڵاو و سـاوەر لـە گەڵ شـلـەی لـەپە و گۆشت بەشێک لەو خواردنانەن، کە گوندنشینەکان و تەنانەت ئەوانەی لە شار دادەنیشن بـۆ میوانەکان سازی دەکەن. بـۆ سەربردنی کـات شەوانی پـاییز و زسـتان لاوەکـان و تەنانەت پیاوەکـان لـە یەکێک لە ماڵەکان کۆدەبنەوە و خۆیان بە یارییە زستانەکان سەرقاڵ دەکەن. ئەگەر دیوەخان گەورە بێت، ملانە و زۆرەبـانی بە دوو مێرمنـداڵ یـان لاو دەگـرن و بە پەلە هانـدەری هەردووکیان سەر قوتدەکەنەوە و بە چەپڵە و وشە هـاوار دەکەین، پشـتی لە عەرزێ بـدە و لاقـی بگـرە. جاروبـار چەڵە مەشـکێنە، پاشـا و وەزیرێن، کـۆڵاو و گورێبـازی و زۆر یـاری دەیکە دەکەن. بەشێک لە مامۆستاکان بـۆ تیژکردنـی مێشکی منداڵەکان و بە تایبەت ئەوانەی لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی فێری یاری ناسراو بە ناو، شۆرەت، گیـا، گیانلەبەر، وڵات، شار و کەلوپەل دەکەن. بەشداربوەکان پێویستە بە پیتی هاوشـێوە ناوەکـان ریزبکەن و ئەوەی کە یەکەم جـار تەواوی دەکـات، خاڵبەنـدی وڵامـی بەشـدارانی دیکە دەکـات. لەو سەردەمە یـاری دامە و مینـج و زۆر گەمەی دیکەش پەیدا بوون.

خەڵک لە سەردەمی ئاڵۆزییەکاندا گرینگی بە گوێگرتن لە رادیۆکـان دەدەن. کانـاڵی رادیـۆ کوردییەکان لە زۆربووندان و هەروەها بەشی فارسی زۆر رادیۆ وەک بـی بـی سـی، ئیسـرائیل، ئەمریکا و هتد. لە نێو خەڵکدا ناسراون. مامۆستاکان بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکانی ناوچە و جیهـان رادیۆیەی چوکیـان هەیە و بـــۆ میوانیەکان لە گەڵ خۆیـــانی دەگێـــرن. چەنـــد مـــانگێکی خوێنـــدن تێدەپەڕیوە و مامۆســـتای قوتابخانەکان و قوتابیەکان بە سەر وەرزی پاییز و زستاندا بازیانداوە. وەرزی بەهاری لادێ روخساری کێـو و دۆڵەکان پـڕە لە جـوانی سـیحراوی. مامۆسـتاکان بـۆ بیـرەوری لە گەڵ منداڵەکان چەنـد جارێـک سەردانی شاخەخوارە، هۆینەماڵ، بێوران و باژاڕ دەکەن. ئەو دیدار و سەردانانە چاوی منداڵەکان زیـاتر دەکەنەوە و ئاگـــادارەدەبن، کە لە گونـــد و ناوچەکانی دیکەش منـــداڵی هاوتەمەنیان لە پێنـــاوی خۆپەروەردەکردندا دەچنە قوتابخانە. لە چیا و داوێنی کێوەکان یەکێک لە مامۆستاکان یـان قوتابیەکی دەنگ خـۆش سەیران و سەردانەکان باشـتر دەڕازێنێتەوە. قوتابییەکان لەو چوونەدەر و گەڕانە زۆر وانە فێردەبن، کە لە گەورە ساڵیدا زیـاتر کەڵکی لێوەردەگرن. مامۆسـتاکان بیـر لە سەردەمی منـداڵی خۆیـان دەکەنەوە، کە تێڕوانیـان بـۆ جیهـان لە دەوروبەری گونـد و شـاردا قەتیس مـابو. مامۆسـتا بـڕاو، واتە کەماڵی مام کەریم لەو منداڵانەیە کە هەتا گەورە نەبوە دەرفەتی چوون بۆ رەبەتی بۆ نەڕەخساوە. ئەو داخراوبوونی کوردەکان لە گوند و ناوچەی هۆز و عەشیرەتەکان بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی کورد دەزانێ. بە لێکدانەوەی ناوبرا، خەڵکی کورد لە یەک زمـانی نووسین و خوێندن کەڵک وەرنـاگرن و

گەمە بە زاراوەی یەکتر دەکەن، بۆیە بە رێژەیەکی کەم ئاگاداری رووداوەکانی کورد و کوردستانن. مامۆستا بڕوا دوا مانگەکانی ساڵی خوێندن تێپەڕ دەکات. هەرچەندە قوتابیەکان وەک پێویست کتێب و کەرەستەی خوێندنیان نەبوە، بەڵام سەرجەم مامۆستاکان لە چۆنیەتی فێربوونی زمانی کوردیی و هەروەها فارسی قوتابیەکان رازین. لە نووسینی داڕشتنی فارسی قوتابیەکانی پۆلی پێنج داڕشتنی جێگای سەرنج دەنووسن. یەکێک لە قەتابییەکان لە سەر پرسی خەباتی کوردان لە پێناوی ئازادیی و مافی نەتەوەییدا داڕشتنێکی نووسیوە، کە مامۆستا بڕاو تووشی سەرسوڕمان دەکات. مامۆستا بڕاو کاتێک داڕشتنەکە دەخوێنێتەوە، پرسیار لە قوتابیەکە دەکات، کە چ کەسێک ئەو داڕشتنە جوانەی بۆ نووسیوی. قوتابیەکە سوێند دەخوات، کە بۆ خۆی نووسیویەتی و دەستوخەتی خۆیەتی. مامۆستا بڕوا دەڵێ دەزانم بە پێنووسی تۆ نووسراوە، بەڵام کەسێک ئەو بابەتەی بە تۆ گوتوە. قوتابیەکە سەرنجام ناچار دەبێ راستیەکە بدرکێنێ و لە سەرە خۆ ناوی میرزا دەرزیلە دەبات. کوڕی مام کەریمی ناوی میرزا دەرزیلەی بیستوە و چەند جارێک لە گوندی قەلاڕەشەدا دیویەتی، بەڵام قەت بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ئەو ناوە سەیرە ئەو داڕشتنە جوانە بنووسێ.

مامۆستا بڕوا ئێوارە لە گەڵ مامۆستاکان دیکە سەردانێکی بنکەی پێشمەرگەکان لە گوند دەکەن. بەرپرسی بنکە بەخێرهاتنیان دەکات و خۆزگە دەخوازێ زۆرتر سەردانی ئەو بنکەیان کردبایە. مامۆستاکان پرسیار لە چۆنیەتی کاروباری مەقەڕ دەکەن و دەپرسن، کە پاییز و زستانیان چۆن تێپەڕکردوە. بەرپرسەکە لە گۆترە دەڵێ، کاکە پاییز و زستان بەو بارانە و بەفرە چۆن تیپەڕدەکەی؟ ژمارەیەک خۆیان فێری خوێندن دەکەن و لە ترسی گێرەی دەبنە حوشتر و بەشێکی دیکەش وەک خۆمان سەردانی خزم و دۆستان دەکەین و چاوەڕوانی بەهارێ دەکەین. مامۆستاکان دەزانن، کە شەڕی خوێندەوار و نەخوێندەوار و نەوەی کۆن و نوێ بەو دیدارە تەواو نابێ، بۆیە بە کورتی داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەکەن. مامۆستا بڕوا لە میرزا دەرزیلە دەپرسێ، کە چەند مانگێکە لێرە دەژیت، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی دەست و پەنجەی یەکتریان نەخوێندۆتەوە. کاکی بەرپرس پێدەکەنێ و دەڵێ، باشە ناوەکەی گۆڕی. یەکەم رۆژ پرسیارم کرد ناوت چیە، ئەو میرزا دەرزیلە چوار ناوی وەک خشتە و بلۆک دوای یەکتر ریز کردن. بە برایەتیمان، هەر نەترەم چوو، چوونکە ناوی سولاسیم لە عەڕەبان و هەروەها کوردستانی گەرمێنێ بیستوە، بەڵام لە رۆمانی ئەمیر ئەرسەلانی رۆمیشدا نەمخوێندۆتەوە چواردانە ناو بۆ یەک تاکە ئینسان گڕبدرێن! میرزا دەرزیلە بەسەر غەیبەتی خۆیدا دەکەوێ و بەخێرهاتنی

میوانەکان دەکـــات. پێشـــمەرگەکان میوانەکانیان پێدەناســـێنن و دەڵێـــن، ئەوە مامۆســـتا بڕوایە، ئەوە مامۆستا ئەبوبەکرە و ئەو کاکەی ئـاخیریش مامۆستا هێرشە. میـرزا دەرزیلـە بـە پێکەنینەوە پیرۆزبـایی ئەو ناوە جوانانە لە مامۆستاکان دەکات و کاری مامۆستاکان بە بـاش دەنرخێنـێ. مامۆستا بـڕوا ئاستی خوێنـدەواری میـرزا دەرزیلـە دەپرسـێ؟ میـرزا بـە قامکەکانـی ئامـاژە دەکـات، کە شەش کەلاسـی قەدیمم خوێنـــدوە. لە بیرمە مامۆســـتایەکی ئازەریمـــان لە پـــۆلی شەش هەبو، کە بە شەق تـــۆپ تـــۆپێنی بە قوتابیەکان دەکرد. ئەمن منداڵێکی تاقانە بووم و زۆر بەرگەی ئەو شەق و مستەکۆڵانەم نەدەگرت، بۆیە لە پـۆلی شەش زیـاتر نەچوومە سەر و ئیمـانم بە مەدرەسە و موعەلیم و تەنانەت کتێبە دەرسـییەکان نەما. مەدرەسەی ئێمە قوتابی پەروەردە ناکەن، بەڵکو وەک زیندان و بەندیخانەن، کە منداڵ و لاوەکـان بەشێکی زۆری تەمەنیان لەوێدا بەفیڕۆدەدەن. لە وڵاتی ئێمە و دەوروبەر کوڕ و پیاویـان بـۆ سەربازیی و شەڕ و کـچ و ژنیـان بـۆ ماڵـداری دەوێـن، بۆیە مێشکمان تەنیا ئەو خەونانە بەهێز دەکـات، کە بـاس لە سەرکزیی و لاوازی تـاکی کـورد دەکەن. میـرزا دەرزیلـە رەخنە لە کتێبەکان دەگـرێ و بابەتەکانیان بە هیـچ و پـووش و پەڵاش پێناسە دەکـات. میـرزا بـەو قسەوباسە سەبری تەواو دەبـێ، بۆیە لە سەر موکێتە تەسکە کونکونەکە لە مامۆستاکان دەپرسێت، ئایـا دەزانـن زمـانی دایک چەنـدە لە سەر دەرونـی منداڵ کاریگەرە؟ ئایا دەزانن بـۆچی زۆربـەی کوردە خوێنـدەوارەکان خێرێکـی ئەوتۆیان بـۆ کـورد نییە و زۆر بە ئاسانی لە لایەن کڕاوەت لەبەر و مەندیل لەسەرەکانی ئێران فریـو دەدرێن؟ مامۆستای کـورد هەیە لە سەر مێژووی کـورد یەک لاپەڕەی نەخوێندۆتەوە، بەڵام بە رۆژ چیرۆکـی پاشـایەتی پاشا قورمساخەکانی ئێران و تەمەدونی ئەو وڵاتەت بۆ دەخوێنێتەوە.

مامۆستاکان لە گەڵ میـرزا دەرزیلـە زۆر هـاودەنگن و مامۆستا بـڕوا تێـدەگات، کە ئەو پیـاوە لە داخـی خەڵکی کـورد و ژانـــی کوردبـــوون ئەو نـــاوە سەیر و سەمەرەی بـــۆ خـــۆ ســـازکردوە. میـــرزا دەرزیلـە لەو بەهارەدا ترسـی نەماوە و بە دڵ ئاشقی وەرزی رەخنەگرتنە. نـاوبراو چەنـد جارێک دووپـاتی دەکاتەوە، کە ئەو چەنـــد مانگە لە داخـــی بێـــدەنگی مـــردم . ئەمن بە سرووشـــت دژ بە هەڵســـوکەوتی نەگونجاوی کوردانم و دڵنیام، کە ساڵەکان لە قـازانجی ئێمەدا نیـن. مامۆستا بـڕوا، ئەبوبەکر و هێرش بە قسەکانی میـرزا زۆر سەرسـامن، بەڵام بیـر لەوە دەکەنەوە کە مەقەڕات وبنکەی هیـچ حیزبێک ئەو کولتـورە قبـوڵ ناکەن. ئەوان بـــــــــــــــــۆ خاوکردنەوەی بارودۆخەکە کورتەیەک لە سەر ئەرکی خەڵک و هەروەها بەرپرســـیارەتی هێـــزە سیاســـییەکان بـــاس دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی تـــاران بە ماکە و سەرچاوەی نەهامەتییەکانی خەڵکی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەزانـن. بـۆ ئەوەی پێشـمەرگە نەخوێنـدەوارەکان

تـووڕە نەبن و لە داخـان جنێـو بە کـتێب و پێنووسـان نەدەن، مامۆسـتاکان بە ڕێـزەوە لە کـردەوەی خەباتکارانەیان دەڕوانـن و میـرزا دەرزیلە دڵنیادەکەنەوە، کە زۆربەی ئەو کـوڕ و پیاوانە ئاشـقی خوێنـدەواربوون و پێگەیشـتنن، بەڵام ئەگەر قوتابخانە و مامۆسـتا نەبێ، کـێ تاوانبـارە. مامۆسـتاکان کۆتـایی بەو دیالۆگە دێنـن و بەرەو مزڵەکەیان دەگەڕێنەوە. مانگەکان بە پەلە تێدەپەڕن و قوتابخانە تەواو دەبـێ. وەرزی عەمەلیات و چـالاکی پێشـمەرگەکان لە زۆر ناوچەی کوردسـتان سەوزبوون و هێـزی پێشمەرگە لە مەڵبەند و ناوچە جیاوازەکان گورز لە پەیکەری نیزامـی ئاخونـدەکان دەوەشـێنن. مامۆستا بـڕوا، دوای تەواوبوونی مامۆستایەتی دەگەڕێتەوە پەلی پێشـو و هـاوینێ وێـڕای پێشـمەرگەکان دیکە لە چالاکیەکانی ناوچە و نێوشـاردا بەشـدارە. میـرزا دەرزیلەش ئامـادەی پاشەکشەیە و نـاوبراو بـاوەڕی بە خۆڕاگری کوردەکان نییە و بەردەوام دەڵـێ، نەتیجە گرینگە و لە کۆتاییـدا چەکدارەکانی ڕێژیم لە سەر سنوورمان دادەنێن. زۆر کەس باوەڕیـان بەو قسـانە نەدەکرد و ئەو پەنـدەیان نەدەزانـێ، کە راسـتی یـان لە زاری منداڵی ببیستە یان شێت.

ئەو بەهار و هاوینە ڕێژیـــم لە ناوچەکانی دیکە بە درووشـــمی ئەڵڵاهوئەکبەڕ و سەڵەوات لێـــدان و هەروەها هێنانی هێزێکی زۆری ئامادەی مەرگ و هەڵگری کلیلەی بەهەشت سنووری ناوچە ئازادەکـانی بەرتەسـکتر دەکاتەوە. پێشـمەرگەکان لە ناوچە جیاوازەکـان بـۆ یارمەتیـدانی هێزەکـانی دیکە لە جەولەدابون، بەڵام تواناکـان زۆر نەبوون. هێـزە کوردەکـان هەتا ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵیـان بەرتەسک نەبوون، زۆر هەستیان بە مەترسییەکان ئـاوارەیی و هەروەها هێـزی ڕێژیـم نەدەکرد. هێـزی پێشـمەرگە ئەگەرچی تەیار و پۆشتەوپەرداخ نەبو، بەڵام خاوەنی ئیمان و باوەڕی فیداکارانە بـو. شـایانی باسە، کە ئیمان و باوەڕ چەکی گرینگە، بەڵام لە شەڕگە و بەرەکانی شەڕدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە نابینـێ. لە شەڕدا ئامـادەبوونی بەردەوام، تەقەمەنی و چەک، نەخشەی بەرگریی و هەروەها دڵنیـابوون لە پشـتی شەڕ و سایکۆلۆژی و بـاوەڕ بە سەرکەوتن کاریگەرن. زۆربەی پێشمەرگەکان و هەروەها فەرماندەکان ئاگـاداری نەبوونی کەلوپەلی شەڕ، نەبوونی پێوەنـــــدی لە گەڵ هێزەکـــــانی دیکە و هەروەها نەبوونـی پلان و بەرنامەی تۆکمەی هێـزی پێشـمەرگە بـوون. ئەو سـاڵە زۆربەی هێـزە سەرتاسەرییە ئێرانییەکان بە یەکجاری و لە ژێر پاڵەپەستۆی ریژیمـی ئاخونـدەکان گواستبوویانەوە کوردستان. موجاهیدینی خەڵقی ئێـران، لە گەڵ نیـزام نەسـازان و پەنایان بـۆ کوردسـتان هێنـا. بنـی سەدر و مەسعود ڕەجەوی سـاڵی رابـردوو بە چاورشـێوی ژنانە لە ئێـران هەڵاتن و لە فەڕانسە گیراسەنەوە. موجاهیدینی خەڵق لە لایەن

حیزبی دێموکراتی پێشوازیان لێکرا و بۆ کۆکردنەوەی ئەندامە پەرتەوازەکانیان یارمەتی کران. ئەوان لە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بنکە و ناوەندی نیزامیان کردەوە و بازاڕی بانگەشی خۆیان لە سەر حیسابی کوردستان و کورد گەرمداهێنا. ئەوان ئەو ساڵ باشتر خۆیان ڕێکخستۆتەوە و لە ڕێگای رادیۆ و بڵاوکراوەکانیان ئەندامەکانیان ڕێنوێنی دەکەن، کە بۆ کوردستان بگوازنەوە.

خەڵکی کوردستان بە هاتنی موجاهیدەکان شاد نەبوون. ئەوان ئەگەرچی هێزێکی بەگۆڕەگوڕ و خاوەن بازاڕ و ساباتی رازاوە بوون، بەڵام بە کردەوە قازانجێکیان بۆ خەڵکی کورد و پرسە رەواکەی نییە. بەشێک لە خەڵکی کوردستان ئەوانیان بە پاسداڕی دواڕۆژ ناودەبرد و بە هاتنی ئەو هێزە بۆ کوردستان دڵگران بوون. ئەوان، لە هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سەردەشت بۆ خاڵی نەبوونی کەیسی خەباتکارانە جاروبار لە عەمەلیاتێکی چووکدا بەشدار دەبوون. زۆربەیان لە گەڵ بارودۆخ و سرووشی کوردستان نائاشنا بوون و بە گوێرەی پێویست کارا نەبوون. هاوین و پاییزی ئەو ساڵە بە هاوکاری پێشمەرگە کوردەکان ڕێگا و جادەی چەند مۆڵگەیەکی ریژیمان مینڕێژ کرد و بە شێوازی لاوەکیش لە شەڕەکاندا بەشداربوون. لە جەولەیەکدا کەماڵ و هاوڕێکانی وەک هاوکار و یارمەتیدەر لە گەڵیانن و لە سەر ڕێگای قوچ، مارەغانی و هەروەها رادار چەند مینێکی دژی تانک دادەنێنەوە. لەو سەفەرەدا کەماڵ کە بە مامۆستا بڕوا بانگ دەکرا، لە گەڵ چەند موجاهیدێک لە سەر تێڕوانین لە کورد و دواڕۆژی کوردستان دەکەونە دمەتەقەیەکی گەرم. موجاهیدەکان خەڵکی جیاوازن و لە ئازەری، فارس، عەڕەب و کورد و بە تایبەت کوردی ناوچەی کرماشانیان لە گەڵە، بۆیە چۆنیەتی گۆکردنی زمانی فارسیان و هەروەها گوتنەوەی ناوە کوردیەکانیان بۆ دژوارە. کەماڵ لە ماوەی جەولەیەکی ١٠ ڕۆژیدا لە گەڵ ئەو موجاهیدانە ئەوەندە تووشی دمەتەقە و چەقەچەقی سیاسی و لابەلا بوە، کە وازی لە ناوی مامۆستا بڕوا هێنا. پێشمەرگە کوردەکان لەوە تووڕە و نیگەرانن، کە لە سەر خاکی خۆیان نوێنەرانی نەتەوەی باڵادەست ئاغایەتیان لەسەر دەکەن و ئامادە نین وەک ئاوارەیەک خەباتی کوردان بۆ ئازادیی و مافەکان بە رەوا بزانن. موجاهیدەکان وەک پاسداڕەکان ئاشق و ئۆگری نەخشەی پیشلەیی ئێرانن و بە ئاشکرا هەڕەشەیان دەکرد، کە ئەمڕۆ یان سبەینێ ئەو کەس و لایەنانە تەمبێ دەکەن، کە باسی تەجزیەی ئێرانی خۆشەویست دەکەن. کەماڵ لەو جەولەیەدا واز لە ناوە داتاشراوەکەی دێنێ و بە حوسێن دەڵێ، ئەو سەگبابانە با هەر بە کەماڵ بانگم بکەن. ئەوان بەو هەڵسوکەوت و زمانەیان لەو ماوەیەدا عەزابێکی گەورەیان داوم. لەو خاکەدا چۆنت لێقەوماوە و چەندە دەردەداریت، کە نەوەکانی

عەلی قولی و ئەبولفەزڵ گەمە بە بوونت دەکەن. وەستا مستەفا هەڕەشە دەکات، ئەگەر ئەوجارە نەک حیزب بەڵکو خواش لە گەڵ ئەو تەڕەماشانەم بنێرێ، بە گوێی ناکەم و با سزام بدەن. ئەمن ئامادە نیم لە گەڵ ئەو خەڵکە، کە پەروەردەی تاریخێکی درۆزنانە و نامرۆڤانەن لە بەهەشتی خودادا و لە چۆمی هەنگوینیدا مەلە بکەم. حوسێن دەرفەتە بە لەبار دەزانێ و بە گاڵتە بە حوسێن و کەماڵ دەڵێ، کوڕینە وەرن با وەک مەڕە گێژان بەدوای خۆماندا راکێشیان کەین و بەسەر مۆڵگەیەکی ڕێژیمدا ساغیان کەینەوە. کاکە، ئەوانە بە ئاوی پاک خاوێن نابنەوە و هەتا قیامەت دژی مافەکانمانن. پەرویز رەخنەی لە حیزبە و بە باوەڕی ناوبراو حیزب خەریکی پیاوەتی و کاری چاکەیە. ئێمە ئەوەتا بە دەستی چەکداری ماڵی مەلا مستەفا گیرمان خواردوە، کە خۆیان بە کورد دەزانن، تازە خەریکن موجاهیدین دێننە کوردستان و ئەوانیش لە چەکدارەکانی بارزانی باشتر نابن. گورگ و مار بۆ چاکەلەگەڵکردن نابن و هەردووکیان لە دەرفەتدا زەبرت لێدەدەن، بۆیە ئەمن لەو حیزبە ناگەم. نازانم کاری بەو چاکە چییە و لە کام قۆناخدا موجاهیدین چاکەمان دەدەنەوە. مەگەر کوردەکان و دێموکراٚت لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا پاڵپشتی بنی سەدر نەبوون! ئاگادارن، کە ناوبراو ئەرتەشی ئێرانێ راسپارد، کە هەتا هەموو ناوچەکە پاکسازی نەکەن بەندی پۆتین و پۆستاڵەکانی لاقیان نەکەنەوە!

بەرپرسی پێشمەرگەکان بە چەند قامکێکی دەستی راستی، سمێڵە گەورەکانی لە سەر لێوەکانی لادەدت و بۆ هاوڕێکانی شیدەکاتەوە، کە حیزب زۆر وردە و دووریش دەڕوانێ. ئەوانە ئەگەر حەماقەت بکەن و شێت و شەیدای ئێران بن، ئێمە باشترە چاوکراوە بین و ئاگاداریان بکەین. ئەوانە بە ١٠ رۆژ روونکردەوە و شێرورێوی هێنانەوە نابنە کورد و باوەڕیان بە حیزبێکی دیکە هەیە. شوکور بۆ خوا فارسیەکەم ئەوەندە سەقەتە، کە بە هیچ جۆر خۆیان لە قەرەی نادەم و خوای دەکرد لەو دارستانەی دەبوونە مەیمون و بە داران هەڵدەگەڕان. کاکە ئێوە خوێندەوارن و ئاگادارن، کە بەشی کوردی قوڕبەسەر هەر خزمەتکردنە. کوردە موجاهیدەکە گوێ لە دیالۆگی پێشمەرگەکان دەگرێ و ئەوەندەی تێیدەگات بۆ هاوڕێکانی وەریدەگێڕێتە سەر فارسی. پێشمەرگەیەکی بەساڵداچوو بە ناوی سەلیم پیرۆز، کە ئەو رووداوە دەبینی لە داخی کوردەکە وەک فەنەر هەڵدەبەزێتەوە و بە کوردیی و فارسی جنێوی پێدەدات. سەلیم بە کوردە موجاهیدەکە دەڵێت: پەدەر سەگ ئەگەر بە خاتری حیزب نەبێ لێرەت دەتۆپێنم. شەرم ناکەی، کە لە سەر خاکی کوردان سیخوڕی دەکەی و فەرقی تۆ لە گەڵ ئەو چەکدارە خۆفرۆشانەی حکومەتی چییە؟ پێشمەرگەکان هەتا گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان لە گەڵ موجاهیدەکان

لالـــوت بـــوون. ئەوان پـــاش گەڕانەوەیان بـــۆ بنکەی خۆیـــان نارەزایەتی لە حیـــزب و سیاسەتەکانی دەردەبـڕن، کە خەڵکی کـورد و پێشـمەرگەیان بە نـاوی سەنگەری ئـازادی کردۆتە خزمەتکاری فـارس و ئازەری.

رێژیـــم لەو ســـاڵەدا لە شەڕ لە گەڵ عێراقـــدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەســـت هێنـــاوە و شـــاری خورڕەمشەهریان لە بـن دەسـتی ئەرتەشـی عێـراق دەرهێنـاوە. هێـزە ئێرانییەکان توانیویانە بەر بە پێشـڕەویی هێـزە عێراقییەکان بگـرن و دەرفەتی کۆکردنەوەی هێـزی زیاتریـان لە کوردسـتاندا هەیە. عێـراق بە جۆرێـک ئامـادەی رێکەوتن لە گەڵ ئێرانە، بەڵام ئاخونـدەکان لە پێنـاوی ناردنەدەرەوەی شۆڕشـی درۆ بە هاوکـاری ئیمـامی مەهـدی شەڕەکە درێـژەدەدەن. ئەوان شەڕەکە بەرەو کوردسـتان دەگوازنەوە و نەخشەی رووخـانی سەددام حوسـێنیان لە سەردایە. ئاخونـدەکان و بەرپرسـانی نیزامـی تاران بەنیازن لە رێگای شاخەکانی کوردستان و لێدان لە بزوتنەوەی کوردستان بەرەو کەربەلا و دواتر فەلەستین بـڕۆن! درووشم و شوعارە بەتاڵ و رەنـگ زەردەکـان بە دەیـان هەزار کەسیان بە ئاسانی بـۆ سەر مەیدانە مینرێژکراوەکـــان ئامـــادە دەکەن و هەر ئاخونـــدە لە کۆبوونەوەکانـــدا حەدیس و گیڕانەوەیەکی سەقەت بە قازانجی نیزام دەگێڕێتەوە. خەڵکی رەشوڕووت و ئـۆگرانی کەربەلا بە ئـاوازی دەڵڵاڵەکانی شەڕ لە مەیدانەکانی شەڕدا دەکـوژرێن و وڵات وێـران و داڕووخـاوە. چەکـدارە چەتە و قەمەکێشەکانی نیـزام لە کوردسـتاندا دەسەڵاتێکی ئەهریمەنی و سەرکوتکەریان سەپاندوە. ئەوان لە وێرانکردنـی دارستان، سەرچاوە ئاوییەکان، گۆڕستانەکان و تەنانەت گۆڕینی رێـڕەوی ئاوەکـان و ورد و خاشکردنی تاوێرەبەردەکانی کێو و بەندەنەکان چیژوەردەگرن.

بەڕە لە لای تەنکەوە دەدڕێ

حیزب و گەلە ژێرەستەکان، شەڕی دەسەڵات و ناسنامەی تێکشکاو

شیرین لە گەڵ خالید ڕۆژگارێکی دژوار و سەخت بەسەر دەبات. خالید لە قوڕی خەیانەتدا چەقیوە و بە هەتا بن ملان تێوەگلاوە. شیرین بە تەواوەتی تێگەیشتوە، کە دڵداریەکەی لە گەڵ خالید لە سەر بناخەیەکی تەپڵەک هەڵچنراوە و لە زڕە دڵداری دەچێ. ئەو لەو ژیانە پەشیمان و بێزارە، بەڵام رابردوو ناگەڕێتەوە و چاک نابێتەوە. ئەو ڕۆژانە لە گەڵ ماڵی خەزوور و خەسووی شیر و تیر لە یەکتر دەسوون و هەر لایەنە پڕ بە دڵ و ناخی رق و کینە جنێو بە بەرامبەرەکەی دەدات. شیرین و خەسوەکەی بە وتەی کوردان ددانیان لە یەکتر سپی بوونەوە و ڕێز لە یەکتر ناگرن. خالید لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی گرانتر بوون و سپا بۆ پەیداکردنی زانیاریی و هەروەها لە داوخستنی پێشمەرگە بەکاری دێنن. ئەو شەوانە ناچارە لە گەڵ تیمی زەربەتی شار بگەڕێ و لە کاتی پەلاماری سپا و ئەرتەش بۆ سەر گوند و شاخەکانی ناوچە ناچارە وەک شارەزا لە ریزی پێشەوەی سەربازانی ئسیلامی نابی موحەممەدیدا ڕێگا ببڕێ. پێوەندییەکانی خالید و شیرین ئەوەندە لەرزۆک و شکێنەرن، کە تەنیا پاڵنەرێک یان هاندەرێکی پێویستە. شیرین ڕێگای ماڵی بابی نییە و پردی دواخۆی رووخاندوە، بۆیە خالید و دایکی خۆیان لێخستۆتە سەر پشت. شیرین دەزانێ، کە کار لە کار ترازاوە و چاککردنەوەی پردی پێوەندی و متمانە لە گەڵ نیزیکەکانی دژوارە. ئەو زیاتر لە ماڵە و لە گەڵ دەرو جیرانەکانیان پێوەندییەکی توندوتۆڵیان نییە، چوونکە لەو گەڕەکەدا تازەن و لە بەر چاوی خەڵک زۆر خۆشناو نین. بەشێک لە جیرانەکان لە ترسی تێوەنگەلان لە گەڵ خالیدی مەولود بەزازی و منداڵەکانیان بە گوێرەی عورفی کۆمەڵایەتی سڵاویان لێدەکەن، بەڵام زۆر تێکەڵیان نابن. ماڵی مەولود بەزازی پڕە لە شەڕ و بوک و خەسوو کێشەکەیان یەکلانەکردۆتەوە. ئەو ماڵە تەنیا کاتێک ئارامە، کە میوانێک سەردانیان دەکات. خالید بۆ رزگاربوون لە شەڕە چەقەی خەسوو و بوک دەرمانی خێرای دۆزیوەتەوە. ئەو بە تەنیا کەمتر دەچێتەوە ماڵ و دەزانی، کە لەو کاتانەدا رەخنەی نەبوونی و هەروەها ئاوری شەڕی نێوان شیرین و دایکی دامرکاوەتەوە.

ڕێژیم لە شارو گوندەکان بە خەستی سەرقاڵی چەکدارکردنی کوردەکانە. لە بەشێک لە گوندەکان لە

بەرهۆکاری جیاواز و بوونی خزمایەتی نێوان گوندنشینەکان بەرپرسانی ڕێژیم سەرکەوتوون. ئەو کوردانەی کە تێکەڵ بە ریزی چەکدارەکانی ڕێژیم دەبن بە جۆرێک قەناعەتیان بە خۆیان هێناوە. ئەوان لە توێژ و چینی جیاوازی کۆمەڵگەن، بەڵام هاندەر و پاڵنەری خۆیان هەیە. ژمارەیەک لە کوردەکان لە بەر کێشەی کۆمەڵایەتی و هەروەها کۆنەقین لە گەڵ پێشمەرگەیەک یان حیزبێک و بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە و خۆپاراستن پەنایان بۆ ڕیژیم بردوە. ئەوانەی لە شار دەبوونە چەکداری ڕێژیم زۆربەیان خەڵکی شار نەبوون، بەڵکو ژمارەیەک لەوان لە گوندەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە بە هۆکاری جیاواز تەسلیمی ڕێژیم دەبوون و چەکیان هەڵدەگرت. کۆمەڵێک خەڵک بۆ پەیداکردنی بژیویی و نان بۆ منداڵەکانیان چەکیان هەڵدەگرت و زەرەریان بۆ کەس نەبو، بەڵکو لە مۆڵگەیەک چەند سەعاتێک دەمانەوە و دواتر بە بێدەنگی دەڕۆیشتنەوە ماڵەکانیان. ژمارەیەک لە لاوەکان بۆ خۆنیشاندان و تێراوکردنی هەستی شکێندراوی منداڵی دەبوون پاسدار، بەسیجی یان جاش و دواتر بە گوڕی کۆنە قینەکان لە خەڵکی بێ چەک و کاسبکاریان دەدا. شەوانە دەچوونە سەر ماڵان و تەماعیان لە سەروەت و سامان و تەنانەت ناموسیان دەکرد. ژمارەیەک لەو جاشانە لە گەڕەکەکانی شار ڕۆژانە وەک سەگی هاری بەر دەرگای ئیمامی زەمان و مەهدی خۆحەشاردەر پەلاماری خەڵکی سیڤیلیان دەدا. خالید یەکێک لەو چەکدارانەیە، کە لە بەر هەژاری لە داوی ئیتلاعات و سپای پاسداران کەوتوە. ناوبراو لە ئازار و ئەزییەتدانی شارنشینەکاندا بەناوبانگ و ناسراوە. ئەو بە لێدان لە خەڵکی ئاسایی و کاسبکار و تەنانەت بەساڵداچوو شادە و لە دونیای خۆیدا فەرماندەیەکی ئیمامی زەمان و سەربازێکی ڕێگای قودس و کەربەلایە.

ڕێژیم بێجگە لە چەکدارکردنی خەڵک بە ناوی دین و پەرەپێدانی کولتوری ئیسلامی و هەروەها خوێندنی قورئان کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێوان کورد و پارتە سیاسییەکان. هاوینان لە بەشێک لە قوتابخانەکان قورئان دەخوێندرێ و دایک و بابەکان بە ڕێژەیەک باوەڕیان بە دیوی دەرەوەی نیزام کرد. کوردەکان لە ژێرپەردەی خۆپاراستن و سڵامەتی سەر و ماڵ لە گەڵ ڕێژیم و بەرپرسانی ئەو نیزامە عادەتیان کردوە، بەڵام ژمارەیەک بنەماڵە و کوڕەکانیان وەک سووتەمەنی خەباتی ئەو سەردەمە دەسووتێن. ڕێژیم لە زۆربەی شارەکان بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک سیاسەتی لە سێدارەدانی لاوانی کردۆتە پیشە و زۆر کەس لە سەر گێڕانەوەی چیرۆکێکی سازکراو بەندەکرێن. بازاڕی چەواشە و فرتوفێڵ هاوار دەکات، بەڵام سێدارە، کوشتار و بەندیخانە خەڵکیان تۆقاندوە. بەسیجی و پاسدارە بێ

کولاو و مۆڕاڵەکان بۆ گرتنی تەنانەت کچان داستەوداوێنی فێڵی ئیمامی زەمانی دەبن و بە بەرچاوی کوردە سیخوڕەکان ستەم لە ویژدانی مرۆڤەکان دەکەن. یەکێک لە کۆنە جاشەکان، کە زۆر حەزی لە بەستنی جەمەدانی هەڵبەستراو و جلوبەرگی کوردییە و بەردەوام سمێڵ و قژەکانی رەشدەکاتەوە بۆ خالیدی دەگێڕێتەوە، کە ساڵی رابردوو لە گەڵ چەند برادەرێکی پاسدار و بەسیجی بۆ پشکنین چووینە ماڵی مەلا مینەی قاسمیانی. ئەو کات مەلا مینە و کوڕەکانی قاچاخ ببوون. یەکێک لە کچەکانی ناوبراو ئەورۆژە لە خانوەکەدا دەگەڕا. ئێمە ماڵەکەمان بە تەواوەتی پشکنی و هیچمان نەدۆزیەوە. ئێمە بە نیازی چوونەدەر چەکەکانمان لە شانکرد، بەڵام پاسدارێک وەزعەکەی تێکدا. ئەو پاسدارە لە هۆدەی خوارەوە خانوە دوو قاتەکە ماوەیەک خۆی پەنادا و نارنجۆکیکی چل تیکەی لە سەر پەنجەرەی بەبەرد گیراوی قاتی یەکەم دانا. بەسیجییەکە، هات و بانگی ئێمەی کرد، کە ئەو ماڵە سەنگەری دژە شۆڕشە و ئەوەتا نارنجۆکی تێدایە. بەو بیانووە، کچەکەی مەلا مینەیان بۆ زیندانی خانەی موعەللیمان برد. ئەو رۆژە منداڵێکی زۆرمان لێکۆببوونەوە و منداڵەکان چاوکراوە و تیژبین بوون، کاتێک پاسدارەکە خۆی لە هۆدەکە هاویشت، یەکێک لە منداڵەکان بە کوردی هاواری کرد، کە ئەو پاسدارە نارنجۆکەکەی لە گیرفان دەرهێناوە و لەوێی داناوە. کاتێک بەسیجەکە بانگی ئێمەی کرد، کە نارنجۆکێکی دۆزیوەتەوە، کوڕەکە بە فارسی و کوردی گوتی، ئەو نارنجۆکە لە گیرفانی خۆت دەرهێناوە. پاسدارەکە چاوێکی لە کوڕەکە سوورکردەوە و گوتی، بۆچی فزولی دەکەی؟ ئەو چەکدارە کوردەی سەر بە رێژیم زیاتر خۆی وەک پیاوی مەجلیس و چارەسەری کێشەکان دەناساند. ناوبراو، زانیاری بۆ بەرپرسانی ئیتلاعاتی لە خەڵکی گوندەکان کۆدەکردەوە. ئەوە، زانیارییەکانی سەرەتا بۆ بەرپرسان تازە بوون، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ناوبراو زانیارییەکانی لە خەڵکی گوندەکان وردەگرێ و بەشێکیان سووتاون و بۆ کەڵکوەرگرتن نابن.

خالید و مەولود بەزاز بە تەواوەتی گۆڕاون و بە چاوێکی دیکە لە خەڵک و خۆیان دەڕوانن. ئەوان لە بەر نەداریی و هەژاری لە گەڵ سپا و دەزگای ئیتلاعات و سیخوڕی تێکەڵبوون. سەرەتا خالید بە تەنیا ئەو کارەی دەکرد و ئەمڕۆ مەولود بەزاز لە بەر چەوربوونی پاروویی سیخوڕی چەکی خەیانەتی لە شانکردوە. ناوبراو بە فۆرمی بەشێک لە پاسدار و بەسیجییەکان ریشێکی پان و پشتێندێکی پانوپۆڕی بەستوە و بۆ مزگەوتیش بەچەکەوە دەچێ. ناوبراو، لە سەر ئاکار و کردەوەکانی چەند جارێک ئاگادارکراوەتەوە، بەڵام مەولود بەزاز پشتی گەرمە و یەکەمجارە لە ژیانیدا چەک و پارەی هەبێ.

بەشێک لە ناسیاوان و خزمەکانی چەند جارێک داوای لێدەکەن لەو کارە پاشگەزبێتەوە. مەولود بەو خەلکە پێدەکەنێ و بە راشکاوی داوایان لێدەکات، کە ئەوانیش چەکی دیفاع لە ئینقلاب و ئیمام لە شان بکەن و شەڕی ئەو خوانەناسانە بکەن. مەولود بەزاز لە نێو ماڵ و منداڵەکەیدا زۆر خۆشەویست نییە، بەڵام بە هۆی ئەو پارە و چەکە خەریکە لاق دەچەقێنێ. ناوبراو بە ناوی پێشمەرگەی موسڵمان لە شارەداری زەوی خانووکردن وەردەگرێ و لە لیستی خوازیارانی حەجدا ناونووسی دەکات. ناوبراو قەت لە ژیانیدا ئەوەندە خاوەن پلە و سەفرەی چەور و پڕ نەبوە، بۆیە هەر ڕۆژەی وێنەیەکی خومەینی لە مۆڵگە وردەگرێ و لە تەختەی دیواریان دەدات.

تۆفیقی کوڕی لە گەڵ بابی دەردەی دەڵ دەکات و دڵگرانە، کە هاوڕێکانی بە کوڕی جاش ناوی دەبەن. بە وتەی تۆفیق دۆخەکە زۆر تاڵە و بە دەست ژمارەیەکی زۆر لە هاوتەمەنکانی گیری خواردوە. مەولود تۆفیقی دڵنیا دەکات، کە ئەو زمان درێژانە دەمکوت و تەمبێ دەکات. بە مەبەستی چاوترسینکردنی ئەو منداڵانە، تۆفیقی کوڕی دەنێرێتە کۆڵانەکەی بەردەرگای ماڵ و ڕێنوێنی دەکات، کە ئەو منداڵانەی کە جنێویان پێداوی ئەوڕۆ ئەتۆ بەربینگیان پێبگرە و دواتر بە شەق لە حەوشەی ماڵەکانیان دەکەم. تۆفیق لە کۆڵانەکەیان چاوەڕێ دەکات و لە پڕ دوو هاوتەمەنی لێ پەیدا دەبن و لە دوورەوە بە گۆرانی بانگی دەکەن و بە تۆفیق جۆخۆر بانگی دەکەن. مەولود بە چەک و ڕەختەوە خۆی لە پشت دەرگا حەشارداوە و چاوەڕوانە بەزمەکە گەرمتر و بەگۆڕتر بێ. تۆفیق ئەو ڕۆژە بە پشتیوانی بابی جنێوی توند دەداتەوە و هەڕەشەی سەرشکاندنیان لێدەکات. کوڕەکان هەست بە نەخشەی مەولود بەزاز ناکەن و بە پەلە پەلاماری دەدەن. مەولود بەزاز لە پشت دەرگا دەردەپەڕێ و یەکێک لەو دوو منداڵە دەگرێ و بە شەق و پێلاقە زۆری لێدەدا. بەشێک لە گەورە ساڵەکان، کە بە ڕێبواری بەو کۆڵانەدا تێدەپەڕن، منداڵەکە لە دەست مەولود بەزاز دەردێنن. مەلود بۆ خۆپەڕاندنەوە و هەڕەشەکردن لە لای جیرانەکان جنێو دەدات و دەڵێ، ئەگەر یەک جیران و منداڵی جیرانەکەم تەنانەت بە مریشکەکەم بڵێ خش، چاوی دەردێنم. ماوەیەکە شووڵیان هەڵکێشاوە و منداڵەکانم بە ناوی مەولود جۆخۆر و مەولود جاش بانگ دەکەن. باشە، ئێوە جاش و ماکەری چ وڵات و دەوڵەتێکن؟ ئەمن چ دەکەم چ ناکەم، بە تۆ چی هەی بیژوو؟

شیرین چاوەڕوانی منداڵ دەکات و ڕۆژێک لە ڕێگای نەخۆشخانە ئاڵتونی خاڵە مینەی دەبینێ. پێکەوە

رادەوەستن و ئەحواڵپرسی یەکتر دەکەن. شیرین لە دایک و خوشکەکەی لەیلا دەپرسێ. ئاڵتون زۆر سەرکۆنەی شیرین دەکات، کە حەیفە مێردت بە خالیدی کرد. نازانم بۆچی بۆ مێردکردن هەموو سنوورێک بەزاند و پشتت لە دایک و براکانت کرد. کچی خۆم ئەو کەفوکوڵە ماوەیەکە و دواتر کچ و کوڕ پەشیمان دەبنەوە. پاش ساڵێک یەکتریان لێدەبێتە دوژمن و رۆژانە سەت تووک و دوعا لە یەکتر دەکەن. شیرین دەڵێت، پورە ئاڵتون هەر عەقڵەی لە خەسارێک. ئەمن هەتا ملان لە قوڕێ چەقیوم و رێگای دەرچوونم زەحمەتە. نازانم بۆچی خوا چاوی کوێر و گوێی کەڕ کردم و ئامۆژگارییەکانی دایک و خوشکەکەم نەبیست. رۆژ نییە بیر لەو رۆژگارە تاڵە نەکەمەوە و خودا دەزانێ، کە چەندە چۆن لە داوی بەدبەختیەکان کەوتووم. ماوەیەکی دیکە منداڵم دەبێ و نازانم بەو منداڵە چۆن دڵم خۆش بێ؟ پورە ئاڵتون شەو رۆژ، خەسوەکەم تانەوتەشەرم لێدەدا و قسەی سووک و چرووکی دنیایە نەماوە، کە ئەو ژنە رۆژانە هەڵیان نەڕێژێ. خالید و مەولودی خەزوورم رۆژانە میوان و دۆستی ئاشنا و نائاشنا دێننەوە و ماڵەکەمان زەوادێکی حەڵاڵی تێدا گیرناکەوێ. بە پارەی حکومەت و هەروەها خەڵک رووتکردن منداڵی حەڵاڵ پەروەردە ناکرێ. زۆر بێزارم لەو ژیانە، بەڵام ئەوەش قسمەت و نسیبی خۆای گەورەیە. ئاڵتون دڵنەوایی دەداتەوە و دڵنیای دەکاتەوە، کە ئەو رۆژگارە بۆ هەموو لایەک سەخت و دژوارە، بەڵام رۆژێک چاک دەبێ. شیرین لە کاتی جیابوونەوە لە ئاڵتون بە دڵێکی پڕەوە داوای لێدەکات وەک پورێک جاروبار سەردانێکی بکات، چوونکە تەنیا و بێکەسە. ئاڵتون پێش گەڕانەوەی بۆ ماڵ سەرێک لە دایکی شیرین دەدات و بە کورتی چیرۆکی دیتنی شیرین و بارودۆخەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئاڵتون باس لەوە دەکات، کە شیرین تەواو تێکشکاوە و لە مێرد و خەسوەکەی بێزارە و چاوەڕوانی منداڵی دەکات. پورە زارا وەک رابردوو لە سەر قسەی خۆی سوورە و دەڵێ، با هەتا دەمری هەر قوڕبەسەر بێ. ئەمن چەندی لەبەر پاڕامەوە، کە مێرد بە کوڕی مەولودی نەکات، بەڵام ئەوە کەسایەتی ئێمە و رێزی براکانی شکاند. شیرین هەتا لێرە بو، بە تەواوەتی خۆی لە کاروباری ماڵ دەدزیەوە. تەنیا خەم و خەونی شیرین چوونە ماڵی مێرد و دوورکەوتنەوە لە ئێمە بو. خۆزگە هەزار هێندەی لە گەڵ خەراپ دەبوون و قەدری ئێمەی دەزانی.

مەلا برایمی کتێبفرۆش لەو سەردەمەدا پڕ بە دڵ لە رێژیم بێزارە. چەند بەسیجییەک لە گەڵ خالیدی مەولود بەزازی دوکانەکەی دەپشکنن و چەند کتێبی کوردی لە کتێبخانەکە دەبەنەدەر و هەڕەشەی لێدەکەن، کە مافی فرۆشتنی بڵاوکراوەی کوردی نییە. ناوبراو، پشکنینی دوکانەکەی بە ناڕەوا دەزانێ و

بۆ دەرکردن ئەو خەمە دوکانەکە دادەخات و رۆژانە سەردانی ناسیاو و دوکانی هاوڕێکانی دەکات. بۆ ئەو مەبەستە، ئێوارەیەک سەر لە دوکانی خاڵە مینە دەدات و بەسەرهاتی پشکنینی کتێبفرۆشیەکەی دەگێڕێتەوە. مەلا برایم لە گێڕانەوەکەدا مەولود بەزاز بە مەولود بەراز ناودەبات. لەو کاتەدا یادی میوانەکەی خاڵە مینە دەکات، کە رۆژێک لە دووکان دژ بە دوژمن و کوردە خۆفرۆشەکان بە گوڕێکی تایبەت قسەی دەکرد. مەلا برایم چەند جارێک دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەو میوانەت لە بنج و بناوانی کوردان گەیشتبوو. بەسەری کاکی، رۆژگار بۆ پیاوی ژیر و زانا تاڵ و تفتە. ئەوەندەی تێبگەم، ناوبراو لە داخی زەمانە ژیانێکی ساکار و پڕ لە گەڕانی هەڵبژاردبو. خاڵە مینە لە کاتێکدا لاق لە سەر ماکینەی درووماندەکەی دادەنێ، بە دەنگێکی مامناوەندی دەڵێ، مامۆستا شێخ زەرگەتە مرۆڤێکی شارەزا و بەئەزموون بو. ئەو کابرایە، مەلەوانی بەحری غەم و زانایە و لە داخی کوردان خۆی لە خەڵک شێت کردبو. ژیانێکی تاڵ و رۆژگارێکی زۆر پڕ لە ئازاری تیپەڕ کردبو. ئەوەندەی ئاگادار بم، بەرەو گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبەکان چوە و رەنگە لەوێش مەدار نەکات. شێخ زەرگەتە پیاوی رەخنە و چاولێکردن لە دەوروبەر و هەللاجیکردنی رووداوەکانە، بەڵام بەداخەوە ئێمە هیچ جێگا و رێگایەکمان بۆ ئەو کەسانە نییە. ئەوەتا مامۆستا باقی خۆمان لەو شارە لە داخی چەکدار و پاسدار رۆژانە شەقام و کۆڵانەکان دەگەڕێ و ئەگەر دەرفەتێک بدۆزێتەوە شێعر و هونراوەی کوردانە بۆ لاوەکان دەخوێنێتەوە. رۆژی شەممە بەرامبەر بە دووکانی کەریم کەیفەی یەک شەقی لە سەربازێکی سرەواند و گوتی تەرەس لە سەر رێگاکەم لاچۆ. مامۆستا برایم، بە سەری هەردووکمان ژیان هیچ خۆشیەکی نەماوە و نازانین سەر بە چ کونێکدا بکەین. حیزبە کوردییەکان و پیاوە سیاسییەکان بە هیچ و خۆڕایی شار و گوندەکانیان لە چنگ پاسدارەکان نایەوە. لە بیرتە ئەو ساڵەی شار بە تەواوەتی چۆڵکرا و سێ رۆژان لەو گوندانە ماینەوە. دێموکڕات و کۆمەڵە دوای ئێمە یەکسەر شاریان چۆڵکرد و وەک دیاریەک رادەستی چەکدارەکانی رێژیمیان کرد. کاکە ئەتۆ لە شار شەڕ نەکەی، لە گوند شەڕ نەکەی ئەدی بە قوربان لە شاخان شەڕ دەکەی؟ پەرژێنێکی بە گوڵە و ریحانە بێ، ئەوە قونەشەڕە و ئاخیری شکانە. ئەو ساڵەی کە هاتینەوە شار لە بیرمە منداڵەکان و گەورەساڵەکانیش وەک گۆرانی دەیانگوت، "بژی حیزبی دێموکڕات لە پێش ژنەکاندا هەڵات و بژی حیزبی کۆمەڵە پشتیوانت کیسەڵە".

مەلا برایم و خاڵە مینە بۆ دەرچوون لەو داخ و کەسەرانە بڕیاردەدەن، کە سەرێک لە گۆڕستانی تەنیشت شیرکەتی نەوت و هەروەها ماڵی حاجی کاکەلاوی بدەن. ئەوان بە دیتنی گۆڕستانی تەنیشت

شـــیرکەتی نەوتێ نیگەران دەبـــن، چوونکە زۆربەی دارەکـــانی ئەو گۆڕســـتانە بە دەســـتی پاســـدارِ و بەسیجییەکانەوە بڕاون و گۆڕستانەکە بە تەواوەتی رووتەن کراوە. لە کاتی تێپەڕین لە شیرکەتی نەوت دوو سێ منداڵ دەبینن، کە بۆ وەرگرتنی خواردن و نانی پاسدارەکانی شیرکەتی نەوت راوەستاون. مەلا برایـم بە دیتنـی ئەو رووداوانە بە تەواوەتی تێکـدەچێ و لە خاڵە مینە دەپرسـێ، ئەو منداڵانە دەبـێ دایک و بابیـان هەبێ؟ ئەوان سەرێک لە گۆڕستانەکەی دیکەش دەدەن، کە مۆڵگەیەکی رێژیـم ماوەیەک لەوێ قوتکرابـۆوە. خاڵە مینە و مەلا برایـم بە چاوخشـاندن بە کێلـی گۆڕەکـان و تەمەنی مردوەکـان ماوەیەک لە یەکتر رادەمێنن. مەلا برایم، فاتیحەیەک بۆ مردوەکان دەخوێنێ و دواتر دەگەڕێنەوە ناو شار و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن.

ئەو ماوەیە ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکان لە سێدارە دروان و روخساری دزێوی داگیرکەر خەمێکی گەورەی خســتۆتە سەر شـــانی کـــورد. رێگاکـــان پـــڕن لە ئۆتۆمـــبیلی نیزامـــی و ئاســـمانی ناوچە لە کـــاتی تێکهەڵچوونەکانـدا بە هێلیکۆپەتەری کـۆبڕا دادپۆشـرێ. تۆپخانە و مۆڵگەی گەورە لە شـار و دەوربەری گونـدە داگیرکاوەکـان و سەر لوتکەبەرزەکانـدا جێگیرکـراون. مۆڵگەکانی رێژیـم ئەوەنـدە زۆرن، کە مـرۆڤ هەســـتدەکات لە مۆڵگەیەکی گەورەدا دەژیـــت. ئەو بەهار کـــاوە لە گەڵ پێشـــمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی سەقز، بانە، مەهاباد، رەبەت و پیرانشـــار بە شـــێوازی نیوەپـــارتیزانی گەڕاوە. نـــاوبرا لە ناوچەکاندا و بە تایبەت گوندەکاندا دەبینێ، کە ئیرادەیەکی پتەو و یەکگرتوو بـۆ شەڕ دژ بە هێزەکـانی رێژیم نییە. کاتێک لە گوندەکانـدا دابەش دەبـن و لە گەڵ خـاوەن ماڵەکان دەدوێن زۆربەیان لە دەستی زەکـات و پیتـاک تـوڕەن و خەمی ئەوان نە سۆسیالیزمە و نە خودموختـاری، بەڵکو تێپەڕکردنی ژیـانێکی ئاسـودە. لە گونـدی خوڕخـوڕەی سەقز کـاوە و هاوڕێکـانی بـۆ حەسـانەوە لادەدەن و بە سەر ماڵەکانـدا دابەش دەبن. کاوە لە گەڵ پێشمەرگەیەکی ژن لە ماڵێک دەمێنەوە. خانەخوێ کە نانی پیشمەرگەیەکی زۆری داوە و بە کوردیەکی لەو دۆخە نـاجێگیرە مانـدوو و شەکەتن لە کـاوە دەپرسـێ، بە بـڕوای تـۆ بـۆ وەرگرتنـی خودموختـاری یـان دامەزارنـدنی نیزامێکـی سۆسیالیستی زۆری مـاوە؟ پێشمەگەکە ژنەکە، کە خۆی بە خوشکە سارا دەناسێنێ بە خاوەنمـاڵ دەڵـێ، کاکە ئێمە ئەمڕۆ نیوەی سۆسیالیزممان عەمەلی کردوە و بە پشتیوانی خەڵکی زەحمەتکێش و رەنجدەری کوردستان و ئێران نیوەکەی دیکەشی جێبەجێ دەکەین. خانەخوێ دەپرسێ، ئەدی خودموختارییەکە گەیشتۆتە کوێ؟ کـاوە بە کابراکە پێشنیار دەکـات، کە ئەو پرســیارە لە حیزبـــی دێمـــوکڕات بکـــات و ئێمە تەنیا لە سۆســـیالیزم شـــارەزاین. خاوەنمـــاڵ

درێژەدەدات و ئاماژەدەکات، کە هەنگاوی یەکەم خودموختارییە هەنگاوی دووهەم سۆسیالیزم، بۆیە باشترە لە گەڵ دێموکراتی بسازێن. بەرپرسانی کاوە و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە بەراوردکردن لە گەڵ پێشمەرگەکانی دێموکراتی خوێندەوارترن و لە گوندەکاندا زۆر لە گەڵ لاوەکان و خەڵکی رەخنەگر دمەتەقە دەکەن. بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانیان بە قوڵی تێڕاچوون و تێدەکۆشن لە نووسین و دەربڕینەکانیاندا سوننەتە کۆن و هەڵگرانی سوننەتەکان و بە تایبەت دین وەک بەفری بەرهەتاو بتوێننەوە. ئەوان ئەوساڵ زۆر دوورتر هەنگاویان هەڵگرتوە و هیوادارن لە گەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران جیهانی خەونەکان و کۆمەڵگەیەکی بێ چین و تەبەقە بخوڵقێنن. لە زۆربەی گوندەکاندا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دێموکراتی لە دژی یەکتر دەخوێنن و لەو ناوچانەی کە لایەنێک دەسەڵاتدارترە، مۆڕە لە پێشمەرگەی لایەنی بەرامبەر دەکات. لە ژمارەیەک لە گوندەکاندا جووت شوڕا هەیە، کە یەکیان سەر بە دێموکراتە و ئەوەی دیکەش کۆمەڵە. کاوە لەو چەند مانگەدا بە رشتنی ئارەقە و بڕینی هەوراز و نشێو زۆر وانەی گرینگ فێربوە. ئەو لە شەڕەکان و لێدان لە هێزەکانی رێژیم لە سەر جادەکان فێرکراوە، کە هەڵاتن و خۆپەنادان باشترین تاکتیکی شەڕە.

گەڕان بە گوند و ناوچەی جیاوازدا تێڕوانینی کاوە دەگۆڕن و پاش چەند مانگ جەولە و گەڕان کاوە دێتەسەر ئەو قەناعەتە کە بەرابەری هەر وەک درووشم جوانە. لە ناوچەی پیرانشار ورزێڕێکی شەکەت و ماندوو تەنیا لە بەر ئەوەی رێگا نادات پێشمەرگەی کۆمەڵە بچنەژوور دەکەوێتە بەر لێدان و سووکایەتی. کاکی وەرزێڕ بە زمانی ئاشکرا هاواردەکات، کە باوەڕی بە هیچ کەس نییە و پێویستی بە هیچ سازمان و حیزبێک نییە. نە کۆمەڵەم دەوێت، نە دێموکراتی و نە حکومەت. بە هەموان ماڵی خەڵکتان وێران کرد و تێری ئاگای لە برسی نییە. لە سەر ئەو قسانە چەکدارێک هەڕەشەی لێدانی زۆرتر لە وەرزێڕ دەکات، بەڵام وەرزێڕەکە سوێند دەخوات کە خوا سزایان دەدا و قبوڵ ناکات، کە بە ناوی کارگەر، موعەلیم و میللەت جەزرەبەمان دەن. ناوبراو دەڵێ:" کاکە لە سەر داوای من شەڕ دەکەن؟ لە سەر قسە و ویستی ئێمە بوونە کۆمۆنیست؟ چۆن بەو شۆڕشە ئەو میللەتە هەژارە رزگار دەکەن و ئازادی دەبەشنەوە؟ شەوی رابردوو کۆمەڵێکی دیکەی فارس ئەو گوندەیان وەزەقزەقە خستبو، کە موجاهیدین و سەربازی فیداکاری میللەتی گەورەی ئێرانین و هەتا کازیوەی بەیانی لەو گوندەی حەیوانەکانیش نەخەوتوون. کابرای ئیسفەهانی هاتوە و قەتی تفەنگ نەدیوە و لە هۆدەی پڕ لە ژن و منداڵ چەکەکەی خاوین دەکاتەوە و فیشکی لە دەست دەردەچێ. بەیانی عەجەمی حوکمەتی دێن و

رەشبگیردەکەن و هەتا ئێوارە دارکاری پیاوەکانی ئاوایی دەکەن. کاکە ئەو هەموو سووڕانەوەتان لە چییە، وەڵڵاهی بیللاهی وەتەڵڵاهی ساڵێکی دیکە پاسدار و بەسیجی ئەو بەندەنانەش دەگرن. کەسی کاکی، فکرێک لە خۆتان و خەڵک بکەنەوە. سوێند بە نانی هەتیوان، ئەگەر ئاوا بکەن و لە خەڵکی بدەن زۆر کەس پەنا بۆ حکومەتی دەبا و چەکی لە شانی دەکەن.

کاوە لەو ماوەیەدا هیچ پێوەندییەکی بە مالەوە نەگرتوە. ئەو لە لایەن کۆمەڵێک لە تازە ئەندامەکانی کۆمەڵە تیژ و ئامادە کراوە و دێموکرات بە فاکتەری کێشەکانی کوردستان و بە رێبەری بۆڕژوازی ناوچەی پێناسە دەکەن. لە ژێر کارتێکەری ئەو جۆرە لە تێڕوانین و هەروەها سێبەری شەڕی ساردی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە، کاوە هیچ پێوەندییەکی بە کەماڵی برایەوە نەگرتوە. لە زۆر گوند کە لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیموکرات تێکگیراون و سڵاویان لە یەکتر کردوە بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە سۆراغێک لە براکەی بکات و سڵاوێکی زارەکی بۆ رەوانە بکات. کاوە لە گەڵ حیزبایەتی بە فۆرمی رێبازی دینی هەڵسوکەوت دەکات و تێدەکۆشی ژیان و کرداری رۆژانەی دەرهاویشتەی تێڕوانینی سۆسیالیستیانە بێ. شەڕی کوردەکان بۆ مافەکانیان لەو شاخ و کێوانە بۆتە شەڕی درووشم و چەمکەکان و دوژمنی راستەقینە بە جۆرێک زیاتر لە هەمووان سوود لەو پەرتەوازەییە وەردەگرێ. کاوە لە کاتی تەنگانە و ماندووبووندا بیر لە پرسیار و رەخنەکانی مەلا فەلسەفە دەکاتەوە، کە چەندە وەستایانە تەنیا بە پرسیار کادر و پێشمەرگەکانی تورە دەکرد. ناوبراو، هەڵگری دوو بیرکردنەوەی دژ بە یەکە، بەڵام کاتێک دەکەوێتە گەڵ هاوڕێکانی و لە سەر سۆسیالیزمی راستەقینە و شۆڕشی کرێکاران دەکەونە کێبەرکێ، ناوبراو دەگەڕێتەوە بن ئاڵا سوورەکە و چاوی هیچ ئاڵایەکی دیکە نابینێ. کاوە لە کاتی تەنیایی بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر حیزبایەتی بۆ خەڵکە، باشە ئەو خەڵکە لە زۆر شوێن لە گەڵ بیروباوەڕی ئێمە نییە. ئەگەر لە ماڵی خۆمان بژمێرم، تەنیا ئەمن دوای ئەو رێبازە کەوتووم و ئەوانی دیکە بە چاک و خەراپ گوێ بۆ ئەو پەیام و دروشمانە راناگرن. لە بیرکردنەوەکانیدا کاوە دەگاتە ئەو نوختە هەستیارە، کە رەنگە خەڵک نازانی چی دەوێ، بۆیە ئەو حیزبانە بە رێگای جۆراوجۆر تێدەکۆشن لایەنگر و ئەندام بۆ خۆیان زیاد کەن. ئەو، کەمتر پێداگری لە سەر خەباتی پێشمەرگانە دەکات بە دەگمەن بیر لە خەباتێکی بێ چەک دەکاتەوە.

لە دوای چەند چالاکەیەکی چەکداری کاوە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، لە سەر لایەنە باش و

خەراپەکانی خەباتی چەکداری قسەوباس دەکەن. پێشمەرگەیەک کە ناوی شوانە و خەڵکی سنەیە، باوەڕی بە شۆڕشی چەکداریی و لولەی چەکەکانە. بە تێگەیشتنی شوانە، شۆڕشی کوردستان بە بێ چەک و پێشمەرگە ناتەواوە. ناوبراو رادەگەیەنێ، کە گڕی چەکەکان و تەقینەوەی نارنجۆکەکانە، کە پەیامی لێنین و مارکس و مائۆ بە گوێی ئاخوندەکانی تاران دەگەیەنێ. کاوە و ئاوارە نەغەدەیی بە دیتنی تەرمی کوژراو و وێنە تاڵەکانی شەڕ بیر لەوە دەکەنەوە، کە شۆڕش تەنیا بە چەک ناکرێ. بە باوەڕی ئەوان، شۆڕش ئەو ئینقلابە گەورە و عەزیمەیە، کە نیزامی سەرمایەداری هەڵدەتەکێنێ و چینی کرێکار رزگار دەکات و دەسەڵات دەداتە دەست کرێکارەکان. واحید بۆکانی بە هاوڕێکانی دەڵێ، شۆڕشی ئێمە پێویستی بە پەروەردەی کرێکار و کۆمەڵگەیەکی شارەزا و خاوەن ئاسۆیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەک سۆسیالیزم بەڵکو ئیسلامیزم سەرکەوتوو نابێ، چوونکە خەڵک و کۆمەڵگە ئامادە نین. ئەگەر بە زۆر خەڵک ناچارکەین، کە باوەڕ بە ئیدەئاڵەکانی ئێمە بێنن، ئەوەش دژکردەوەی لێدەکەوێتەوە و سەرئەنجام دژایەتیمان دەکەن. خوشکە لەیلا و بەرپرسەکەیان پێشمەرگەکان رێنوێنی دەکەن و وەبیریان دێننەوە، کە شۆڕشی کریکاری سەبری زۆری دەوێ و ئەو شەڕەی ئێمە سەرەتای شۆڕشێکی گەورەیە، کە سەرئەنجام ئێران بە تەواوەتی دادەگرێ. سەنگەر لاجانی تازە تێکەڵ بە ریزەکانی کۆمەڵە بوە و پڕە لە پرسیار. ناوبراو لە بەرپرسەکەیان دەپرسێ، کە ئەگەر شۆڕشی کرێکاری هێندە گرینگە، بۆچی دەوڵەتە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بۆ رزگارکردنی کرێکارانی کوردستان هیچ ناکەن؟ لە سەر چ بناخەیەک ئێمە تەنیا بە کرێکارانەوە چەسپاوین؟ ئەگەر کرێکار سەرکەوتن و دەسەڵاتیان گرتەدەست، کشاوەرز و کاروانچیەکان چ چارەنووسێکیان دەبێ؟ سەبری لەنێو ئەو پرسیار و دەمەتەقەیەدا دێتەقسە و رادەگەیەنێ، کە ئێمەی ژنان بۆیە چەکمان هەڵگرتوە، کە لە ژێر سێبەری نیزامێکی سۆسیالیستیدا بە مافەکانی خۆمان بگەین و هاوشانی پیاوان لە بەڕێوەبەری وڵاتدا بەشداربین. ئێمەی کۆمەڵە سوننەتەکان دەشکێنین و رێگا نادەین پیاوەکان و بە تایبەت پیاوی بورژوا رەنجی ژنانی زەحمەتکێش بخوات. کاوە زۆر لە مێژە گیرۆدەی ئەو پرسیار و بابەتانەیە و ئەویش گەیشتۆتە ئەو ئاکامە، کە ئەو دروشم و شوعارانە زۆر لە دۆخەکە ناگۆڕن. ناوبراو بە هاوڕێکانی دەڵێ، کە ئێمە باوەڕمان بەو رێبازە هەیە، بەڵام کێشەکە خەڵکی خۆمانە، کە باوەڕیان بەو رێبازەی ئێمە نییە. ئەوە حیزبی دێموکراتە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەیە و شوعاری دێموکراسی و خودموختاری دەدات، کەچی ئەمڕۆ لەو گوند و شارانە خەڵک نازانێ کە پێوەندی نێوان دێموکراسی و خودموختاری چییە. دێموکراسی و خودموختاری بە بەراورد لە گەڵ سۆسیالیزم، ئینقلابی ئۆکتۆبر و

شۆڕشـی کرێکـاران و بـورژوا زۆر سـادەترن. ئێمە پێویسـتە ئەو بـاوەڕ و بـەرنامەیە بـەرینە نێـو خەڵک. ئەگەر ئەوان پاڵپشـتی ئێمە بـن، بێگومـان وەزع و حـاڵی کۆمەڵە و تەنانەت چینـی کرێکـار زۆر باشـتر دەبێ. بەرپرسەکەیان بە گاڵتە دەڵێ، هاوڕێیان با هەنگاوێک هەڵگرین لەو باس و دمەتەقەیە باشترە و شـاعیری گەورەی ئێرانـی سەعدی بە شـێعر ئەو راسـتەیەی سەلماندوە، کە هەزار وتە بەقەدەر نیـوە کردارێک نابن.

لەو ورزەدا رۆژ نییە، کە هێـزە کوردییەکان لە ناوچەیەکی نیشـتمانی داگیرکـراودا پەلاماری مۆڵگە، ناوەند و ئۆتۆمبیلی سەربازی نەدەن. رێژیم ژانی ئەو گورزانە دەزانـێ، بەڵام ناچـارە بـۆ پاشەکشەکردن بە حیزبەکان و هێـزە چەکدارەکەیان خـوێن و کەرەسـتەیەکی زیـاتر سەرف کـات. هێـزە سیاسـییەکان ناوەنـدی رێبەرایەتی و سەرکردایەتیان لە نـاوخۆی رۆژهەڵاتی کوردسـتان بـۆ ناوچە سـنووریەکان گواستۆتەوە. کەماڵی مـام کەریم و هاوڕێکـانی وێـڕای سەدان پێشمەرگەی ناوچە لەو هـاوین و سەرەتای پاییزەدا لە پێنـاوی تێکشکاندنی ورەی سەربازانی ئیمـامی زەمـان و کلیـل لە ملەکانی ئاشقی کەربەلا پەلامارەکانیان بۆ سەر مۆڵگەکانی رێژم توندتر دەکەن. لە کۆتاییەکانی پاییزدا کەمال، پەرویز، حوسێن و وەستا مستەفا بە هاوڕێیەتی چەند کەسیکی دیکە بە مەبەستی زەبرلێدان لە هێزەکـانی رێژیم لە وارشـی قازیـاوە کەمینێک دادەنێنەوە. ئەوان لە دوای داکەوتنی سـێبەری ئێـوارە لە سـێ شـوێنی سەر جادەکە جێگردەبـن و چـاوەڕوانی هـاتنی کـاروانی ئوتۆمـبیلی هێـزە داگیرکەرەکان دەکەن. پـاش دوو کاتژمێر چاوەڕوانبوون و دەرنەکەوتنی ئوتۆمبیلە سەربازییەکان، بڕیـاردەدەن بەرەو سـێ رێیانە بـڕۆن و لە مۆڵگەکانی سەر رێگا بدەن. ئەو ئێوارەیە، پەرویز نوقمی یادگارییەکانی شارە و پێشنیار دەکـات، کە واز لە مۆڵگەی سێ ڕێیانە بێنـن و سەرێک لە شـار بـدەن. پێشمەرگەکان بە گاڵتە بە پەرویز دەڵێن، کاکە رەنگە حەزت لە شـیرینی و فـاڵودەی عـادڵی بـێ. ئەگەر لەو چالاکیە سەرکەوتین تێکـڕا دەچیـن و سەرێکی خزمان دەدەین. پەرویز لەو جەولەیەدا لاقـی لەدوا نایەن و وەک جـاران هەڵسووڕ دەرناکەوێ. ئەوان بە شێوازی پارتیزانی بە لێواری جادەکەدا و بە جلوبەرگی خـاکی خۆیـان لە گەڵ زەوی هاوڕەنـگ دەکرد و تێدەپەڕین. پەرویز لەو ساتەدا لە دارستان زەردهەڵگەڕاوەکەی خوار شاری دەڕوانـی و هێزێـک بەرەو شار رایدەکێشێ. ئەو لە پێشمەرگەکان جێدەمێنێ و تێکەڵ بە خەونی شار و دیدار شەقام دەبێت. وەستا مستەفا هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە، کە پەرویز دابڕاوە. حوسێن نیگەرانە و بە کەماڵی دەڵێت، بـا چـاوەڕوان بیـن و بزانیـن پەرویز چ کێشەیەکی هەیە. وەستا مستەفا دەگەڕێتە دواوە و دەبینـی، کە

پەرویز نوقمی خەیاڵە و چاوەکانی لە سەر چراخانی شار هەڵناگرێ. مستەفا دوو بەردۆچکەی پێدادات، بەڵام پەرویز لە کۆشکی زیندە خەونەکاندا مات و بێدەنگە. مستەفا بە سووکی بانگی دەکات، کە بۆچی لەو شوێنە چەقیوە. پەرویز ئاوڕێک لە مەستەفا دەداتەوە و بە هێواشی چەکەکەی لە سەر زەوی هەڵدەگرێ و بەدوای مستەفادا دەڕوا. پەرویز تەنیا دوو جاری دیکە لە روخساری چراخانی شار دەڕوانێ و بە سووکی دەڵێ، دایەگیان ئەگەر یەکترمان نەدیتەوە گەردنم ئازاد کە.

مستەفا و پەرویز دەگەنەوە پێشمەرگەکانی دیکە و لە نەدیوێکدا ماوەیەک کۆدەبنەوە. کەماڵ بە پەرویز پێشنیاردەکات، کە ئەگەر ناسازە یان کێشەیەک هەیە، ئەو دەتوانێ لە شوێنێک پشوو بدات w ئەوان گورزێک لە مۆڵگەکانی رێژیم لە سێ رێیانە دەوەشێنن. پەرویز بە هاوڕێکانی دەڵێت، هەستن با بڕۆین و رقی کوردانەی خۆمان بەسەر ئەوانەدا بڕێژین، کە خاکی داگیرکردووین و لە ماڵ و خەڵکی دابڕیوین. ناوبراو کەماڵ جیادەکاتەوە و چەند وشەیەکی بە گوێدا دەچرپێنێ. ئەوان کارەکانیان دابەشکردوە و بە گوێرەی تەڕحی عەمەلیاتی ئەگەر کاروانی ئوتۆمبیلەکان لە سێ رێیانە راگیرابو، بە موشەکی ئارپیجی و چەکەکانی دەستیان گورزی لێبدەن. ئەگەر ئەو کاروانەی ئوتۆمبیلانەش نەدیتران، بە موشەکی ئارپی چی و چەکی پارتیزانی لە پرسگە و دوو مۆڵگەی رێژیم لە سێ رێیانە بدەن. ئەوان لە ماوەی یەک کاتژمێردا لە شوێنی مەبەست جێگیر دەبن و کاروانی ئوتۆمبیلە سەربازییەکان دەبینن، کە لە نێوان مۆڵگە و هەروەها پرسگەکەدا راگیراون.

هێشتا وڵات روونا‌کە و ئێوارە بڕە لە بۆنی پاییزی سەرماوەز. جەمەدانەکان و پشتێندەکان توندوتۆڵن و چەکەکان بۆ سزادانی داگیرکەرەکان و لێدانی شمشاڵی بەرخۆدان ئامادەن. موشەکە ئارپیچیەکان بۆ لێدانی ئامانجەکان سوارکراون و چاوەکان سێرەیان گرتوە. پێشمەرگەکان ریسکێکی گەورەیان کردوە و زۆر لە سەنگەرەکانی رێژیم نیزیک بوونەوە. پەرویز بۆ پێشاندانی ئازایەتی پێشمەرگانە وەک جاران لە ریزی پێشەوەیە، بەڵام ئەمجارە وەک بەردەکان سەخت و بێدەنگ. دەستوری عەمەلیات دەدرێ و لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە نۆ موشەکە ئارپیچی لە کاروانە راگیراوەکەی دوژمن دەدرێن و دواتر قرمژنی چەکەکان ئاور لە سەر پشتی دوژمن دەکاتەوە. دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر، محەممەد رەسولەڵا و یا حوسێن لە هەموو لایەک دەبیسترێ. ئوتۆمبیلەکان لە نێو ئاگری رق و تۆڵەی ژمارەیەک لە کوردەکاندا دەسووتێن و مۆڵگەکانی رێژیم بە ئارەزووی خۆیان تەقە دەکەن. ئەوان بە چەکی قورس و نیوە قورس و

هەروەها سووک ناوچەکەیان داوەتە بەر رهێڵەی چەکی کوێرانە. پێشمەرگەکان بۆ ماوەیەکی دیکەش وەرزی سەرماوەز بۆ پاسدار و بەسیجییەکان دەکەنە وەرزی مردن و دۆزەخ و پاشان لە ناوچەی شەڕ دوور دەکەونەوە. ویزەی فیشکە شێتەکان و گرمەی چەکە نیوە قورسەکان و ناڵە ناڵی کاتیۆشاکان لە تاریکایی ئێوارەدا کاری خۆی دەکات و پەرویز دەکەنە ئامانج. کەماڵ و مستەفا لە گەڵ حوسێن بە بیستنی دەنگی هاواری پەورویز دەپەشۆکێن و وێڕای هاوڕێکانی دیکەیان بە سینگە خشکە دەچنە سەر پەرویز، کە لە سەر پشت کەوتوە. ئاوری دوژمن درێژەی هەیە و رێگا نادات پێشمەرگەکان جوڵە بکەن، بۆیە بۆ ماوەیەک لەو شوێنە خۆ پەنا دەدەن و بە جەمەدانە و پشتێندەکەیان برینە کارییەکانی پەرویز دەبەستن. پەرویز بە دیتنی کەماڵ چاوەکانی دەکاتەوە و بە جوڵاندنی دەستەکانی داوای ئاو دەکات. خەمێکی گەورە ئەو پەلە لە پێشمەرگەکان دادگرێ و هاوڕێ نیزیکەکانی پەرویز بەو رووداوە پەشۆکاو و نیگەرانن. مستەفا بە هاوڕێکانی رادەگەیەنێ، کە دانیشتن دادمان نادات و با بە پەلە بۆ شوێنێکی گونجاو بیگوازینەوە. پێشمەرگەکان ئامادەی هاوکارین، بەڵام لە رزگاریکردنی پەرویز دڵساردن. کەماڵ، حوسێن و مستەفا بە هاوڕێکانیان دەڵێن، کە ئەوان پەرویز بە کۆڵ دەبەنە نێوشار و تێدەکۆشن بە نهێنی چارەسەری بۆ بکەن. راگواستنی کەسی بریندار بە پشت و لەو بارودۆخەدا کارێکی دژوارە، بۆیە بە فکری کەسێکی خاوەن ئەزموون بە سەر نێزە و چەقو دوو دارێکی درێژ دەبڕن و دواتر بە کەڵکوەرگرتن لە پشتێند و جەمەدانەکان کەرەسەیەکی لەبار بۆ هەڵگرتنی پەرویز ساز دەکەن. پەرویز هێشتا لە زمان نەکەوتوە، بەڵام خەریکە لە وزە دەکەوێ و تواناکانی لەدەست دەدات. ئەو لە هاوڕیکانی دەپرسێ، کە بۆ کوێی دەبەن و چی بەسەرهاتوە؟ چاوەکانی لە سەر یەک دادەنێ و ناڵەیەک دەکات. چەکەکان ئارام بوونەوە و کزەی سەرماوەز پەیامی زستانی خەم بۆ شار دەبات. مستەفا و کەماڵ پێکەوە دارەکە لە سەر شان هەڵدەگرن و حوسێن لە پێشەوە قامک لە سەر پەلاپیتکەی چەک بەرەو شار هەڵدەگەڕێن. ئەوان دەزانن، کە پاش ئەو عەمەلیاتە وڵات رەنگە ئارام بێت و چەکدارەکانی ریژیم لە مۆڵگەکانی خۆیاندا ماونەوە. ئەوان بە تێکڕا شارەزای کۆڵان و شەقامەکانی شارن و دەزانن کە چۆن لەو شەوەدا بۆ رزگارکردنی پەرویز لە یەکێک لە ماڵەکاندا پەنابدەن. حوسێن، کەماڵ و مستەفا سەرەتا بیر لە ماڵی باوکی خۆیان دەکەنەوە، کە رەنگە باشترین بژاردە بێت بۆ بردنی پەرویز. کەماڵ ماڵی حوسێنی بە گونجاو دەزانێ، بەڵام ئەوان لە لێوار و لاجانگی شار دوورن، بۆیە دەبێ لە یەکێک لە خانوەکانی سەرەتای شار خۆمان پەنا بدەین. کەماڵ ماڵێک لە تەنیشت نەخۆشخانە دەناسێ، کە رەنگە باشترین بژاردە بێت، چوونکە ئەوان پیرە پیاو و ژنێکن و خانوەکەیان بەلاوەیە. ئەو ماڵە لە گەڵ

سیاسەت تێکەڵ نیـن و کەس لەو ماڵە بەگومان نـابێ. مسـتەفا لە کـاتی هەڵگرتنی پەرویزدا بیـر لە ئێوارە دەکاتەوە، کە چۆن بەرامبەر بە شار وەک عاشقێکی خاک، چاوەڕوان و مات راکشابو . خۆزگە ئەو عەمەلیاتەمان نەدەکرد و پەرویز بە سڵامەتی چاوی بە دایک و بابی دەکەوتەوە. ئێمە وەک هاوڕێکـانی پەرویز چ قسەیەکمان بۆ دایک و بابی هەیە؟

ئەوان لە گەڕەکی خوار پادگانی شار نیزیک دەبنەوە، بەڵام لە جەرگەی شەودا خۆپەنادان و دۆزینەوەی سەرپەنایەک کـارێکی دژوار و سەختە. داربەسـتەکە، کە پەرویزی لە سەر راکێشـراوە لە سەر شـانی هاوڕێکانی بەرەو شار بەرێگاوە. حوسێن، مستەفا و کەمال بۆ حەسانەوە داربەستەکە بە نۆبە لە سەر شان بەرەپێش دەبەن. پەرویز لە نوزەیەک زیـاتر هیـچ دەنگێکـی لـێ نابیسـترێ و خـوێنی جەستەی لە چـۆڕە کەوتوە. بـاڵتۆ، پشـتێند و جەمەدانەکان بـۆ پاراسـتنی پەرویز لە سەرمای سەرماوەز و مەرگ لە گەڵ یەکتر گرێـدراو و تێکەڵاوکراون. هـاوڕێ کۆنەکانی پەرویز لەو کۆسـتەدا شەڵاڵی ئـارەق و فرمێسکن، بەڵام لە پێناوی رزگاری ئەودا فیداکاری دەکەن. کەماڵی مـام کەریمی لە خـوار ماڵەکانی نەخۆشـخانەی شـار کوڕەکـان لە قوڵکەیەکی نەدیودا دادەنـێ و خـۆی بـۆ دۆزینـەوەی سەرپەنایەک بەرەو یەکەم کـۆڵانی گەڕەکی خوار شاری هەنگاو هەڵدەگرێ. شەو بۆ چەکدارەکان هێمای جیاوازە، بۆیە لە مۆڵگەکانی رێژیـم بە رێکەوت دەنگـــی تەقەیەک بەرز دەبێتەوە. ئەو تەقە پەرتەوازانە هەنگاوی کەماڵ شـل ناکەن و ئەو لە چەنـد دەرگایەک تێدەپەڕێ، بەڵام ماڵەکان هاوشـێوەی شەو بەرگی رەشـیان پۆشـیوە. دوای گەڕانێکی دژوار و پڕ لە مەترسی کەماڵ مـاڵی خـال عەباس و پورە خـانزاد دەدۆزێتەوە و ناچـارە بە سەر دیـواری حەوشەی ماڵەکەیانـدا بازبـدات. خـاڵ عەباس و پـورە خـانزاد سـاڵانێکی زۆرە پێکەوە دەژیـن، بەڵام سرووشـت و چـارەنووس بە تەنیای هێشـتوونەوە. ئەوان خـاوەنی منـداڵ نیـن، بەڵام لە سەرەتای ژیـانی هاوبەشەوە بە دیتنی منداڵانی گەڕەک و دۆستان شاد و بە ژیانی خۆیـان شوکرانەبژێر بـوون. جێژنانەی رەمەزان منـدالان لە بەردەرگای ماڵەکەیان ریزیـان دەبەست و زۆرتریـن جێژنانەیان لە پورە خـانزاد و خاڵە عەباس وەردەگرت. ئەوان بۆ جیرانەکان جێگـای بـڕوا بـوون و جیرانەکانیان لە کاروبـاری رۆژانەدا یارمەتیان دەکـــردن. خاڵە عەباس تـــوتن و پەڕی دەکێشـــا و بەردەوام چڕەدوکەڵی لە سەر روخســـاری دەگەڕا. ئەو سەر بە نەوەی کـۆن و لە گەڵ شـێوازی مـۆدێرنی ژیـان زۆر نەدەگونجا. سەبیلەکەی خـاڵ عەباس لە شاردا ناسراو و تورەکەی توتنەکەی بە بۆنخۆشترین تورەکەی پیرەپیاوەکـانی ئەو سەردەمە دەناسراو. ئەو تەنیا بـۆ سەرەخۆشـیی و بۆنـە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە سەری لە مزگەوتەکان دەدا و نـوێژ

و عیبادەتی لە ماڵی خۆی دەکرد. خاڵە عەباس پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان سوێندی خواردوە، کە نوێژ لە دوای هیچ مەلایە نەکات و وەسیەتی کردوە، کە لە دوای مردن تەڵقین دانەدرێ. پور خانزاد لە سازکردنی چێشت و چادا بەناوبانگە و شەوانەش بۆ بەسەربردنی کات خوری بە تەشی دەڕێسێ. ئەویش پاسدار و بەسیجیەکان بە خوانەناس بانگ دەکات و نەعلەت لە چەکدارە کوردەکان دەکات، کە لە گەڵ پاسدارەکان کونبەکون بە دوای پێشمەرگەدا دەگەڕێن. ئەوان و مام کەریم بۆرە خزمایەتیەکان پێکەوە هەیە، بەڵام لە هاتوچۆکردندا زۆر توندتۆڵ نەبوون. شەوانە خەوێکی جێگیر و تەواویان نییە، بۆیە خاڵ عەباس لە تاوی بێخەوی پەنای بۆ دارسەبیلەی دەبرد و دواتر سەرێکی لە حەوشە دەدا و دەگەڕایەوە ژوور.

کاتێک کەماڵ بەسەر حەوشەکەدا بازدەدا، خاڵ عەباس خەریکی دوکەڵکردن بە توتن و پەڕەکەیەتی. خانزادی هاوسەری لە خەو راستدەکاتەوە و ئاگاداری دەکات، کە کەسێک خۆی هاویشتە حەوشەکەمان. خانزاد هەستە گوێکانت لە گوێی سمووره و کەروێشک تیژترن، با گوێمان پوخت هەڵخەین بزانین پیاو خەراپە یان لێقەوماو. خانزاد لە خەو راستدەبێتەوە و سەرەتا لە خاڵە عەباس تووڕە دەبێ، کە بەو نیوە شەوە بۆچی خەوەکەی دەزڕێنێ. عەباس، چڕە دوکەڵی دارجگەرەکەی بۆ سەر ئاسمانی روخساری بەرز دەکاتەوە و دەنگێگی بەگۆڕتر داوا لە خانزاد دەکات، کە دونیا کاول نابێ و هەستە لە خەو. کەماڵ بۆ ئەوەی ترس و ژاوەژاو نەخوڵقێنێ لە پەنجەرەکە نیزیک دەبێتەوە و بە قامکەکانی لە شووشەی پەنجەرەکە دەدات، کە لە بەر هاتنی سەرما بە نایلۆن داپۆشراوە. خاڵ عەباس مەزەندە دەکات، کە ئەو پەنجەرە کوتە بەو نیوە شەوە مرۆڤێکی لێقەوماوە. کەماڵ ماوەیەک سەبر دەکات و دوای دڵنیابوون لەوەی خاڵ عەباس و پورە خانزاد دەجوڵێن، بە دەنگێکی نەزم داوای لێدەکات، کە دەرگا بکەنەوە کارێکی گرینگی هەیە. پور خانزاد ددانە دەستکردەکانی لە زار دەرهێناون و وشەکانی بە تەواوەتی لە سەر زمان گۆ ناکەن، بەڵام چەند جارێک دەپرسێ، کاکە ئەتۆ کێی؟ بەو نیوە شەوە لە چ دەگەڕێی؟ کەماڵ خۆی دەناسینێ و خانەخوێ دڵنیادەکاتەوە، کە پیاو خەراپ نییە و کارێکی گرینگی هەیە. خاڵە عەباس بە هەزار ترس و لەرزەوە دەرگا دەکاتەوە و کەماڵ بە چەک و رەخت و جەستەیەکی خوێناوی دەبینێ. کوڕی مام کەریمی، بە کورتی چیرۆکی ئەو رووداوەیان بۆ باس دەکات و داوایان لێدەکات، کە بۆ ماوەیەک پەنایان بدەن و ئەگەر بەیانی ویستیان با ماڵەکە بۆ چەند رۆژێک چۆڵ کەن و بچنە ماڵی بابی. خاڵ عەباس و پور خانزاد ماوەیەک دەتاسێن و بیر لە مەترسییەکانی ئەو

کارە دەکەنەوە، چوونکە ئەو کارە پڕە لە مەترسی، ماڵوێرانی و تەنانەت کوژران. خاڵ عەباس پاش هەڵوێستەکردنێک دەڵێ، کاکە بڕۆ بە هێواشی وەرن و ئەمن لە ئاودەستەکەی تەنیشت دەرگای حەوشەکە چاوەڕوانتان دەکەم هەتا دەگەنە ئێرە. بۆ ئەوەی خوێنی بریندارەکە نەڕژێ، ئەو نایلۆنە ئەستورە کە بۆ پەنجەرەکانم کڕیوە لە گەڵ ئەو پەتوە نەرمە بەرە و پەرویز بەو نایلۆن و پەتوە بە تەواوەتی بپێچنەوە. ئەو کافرانە بزانن لەو دەوروبەرە خوێن ڕژاوە ماڵەکەمان دەکەنە خەڵوز. مستەفا، حوسێن و کەماڵ بۆ کاتژمێر یەکی شەو پەرویزیان گەیاندە ماڵی خاڵ عەباس. ئەوان بۆ ئاشکرانەبوون ناچارن خۆیان لە هەڵکردنی چرا بپارێزن. چەک هەڵگرەکان شەکەت و ماندوون و لە چارەنووسی پەرویز نیگەرانن. ئەوان پێشنیار دەکەن، کە خاڵ عەباس ئەرکی ئاگادارکردنەوەی یەکێک لە برینپێچەکانی شاریان بۆ راپەڕێنێ. ئەو شەوانە زۆر بە کەمی خەڵک دەوێرا بۆ نەخۆشخانە بڕوات و چەکدارەکانی ڕێژیم لە سێبەری خۆیان دەترسان. خاڵ عەباس کە ماڵەکەیان لە نەخۆشخانە نیزیکە بێر لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی نەخۆش کات و پێکەوە بەرەو نەخۆشخانە بڕۆن بۆ ئەوەی برینپێچێکی خاوەن متمانە ئاگادار کەنەوە. خانزاد لە ژوورێکی خانوەکەیاندا دۆشەک و پەتو بۆ پێشمەرگەکان رادەخات و پەرویز لەوێ تاقەت دەکەن. عەباس و خانزاد لە چوونە نەخۆشخانە دەترسن، بەڵام بۆ رزگارکردنی پەرویزی خاڵە مینە بڕیاردەدەن سامی ترس بشکێنن و بەرەو نەخۆشخانە بڕۆن. ئەوان دەرگای ماڵەکەیان لە دیوی دەروەڕا دادەخەن و بە هەڵگرتنی گوچان و کۆخەکۆخ بەرەو نەخۆشخانە دەکەونەڕێ. خانزاد لە ڕێگادا بە دەیان جار لە غەوسی گەیلانی، شێخ و سەیدی وڵاتی دەپاڕێتەوە، کە بە سڵامەتئ بگەنە نەخۆشخانە و یارمەتی ئەو کوڕە فقیرە بدەن. ئەو لە ڕێگادا وشەکانی لائیلاهە ئیللاڵڵا دووپات دەکاتەوە و ساغبوونەوە کە ئەگەر لە تیمی زەربەت هەڵەنگوتن، خانزاد خۆی نەخۆشکات و بە ناڵە و ئاخهەڵکێشان خۆیان رزگارکەن. ئەوان دەگەنە بەردەرگای نەخۆشخانە و سەربازی پرسگەکە میلی چەکەکەی دەکێشێ و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات، کە راوەستە و تەکان بخۆی کوژراوی. خاڵ عەباس و پور خانزاد چەند وشەیەکی فارسی دەزانن و بە کوردی و فارسی دەڵێن:" کاکە ژنی من بیمار و مەریزە. ئێمە پیر و پەککەوتەین و بە کۆمەکی دوختۆر موحتاجین". سەربازەکە لەو شەوەدا ترس بەری نادات و گوێ لەو وتانە ناگرێ. بۆ ئەوەی ئاگاداری سەربازەکانی دیکە بکات، یەک فیشک دەتەقێنێ و پور خانزاد لە تەنیشت نەردە ئاسنەکانی حەوشە لە ترسان درێژ دەبێ. خاڵ عەباس بە کوردی هاوار دەکات، "مەریز و بیمار داریم چرا بەو نیوەشەوە تەقەی میکونی"؟ سەربازەکانی دیکە بە چەکەوە دەڕژێنە حەوشەی نەخۆشخانە و دبینن، کە پیرە پیاو

و ژنێک نەخۆشن. یەکێک لە سەربازەکان لە نیگابانەکە تورە دەبێ و بە تەوەسەوە دەڵێ، سەربازانی ئیمامی زەمان و حەزرەتی ئەبولفەزڵ لە شەڕ و لێقەوماندا ئارامی خۆیان دەپارێزن! ئەو شەوانە بەشێک لە سەرباز، پاسدار و بەسیجیەکان کاری تەوالیت لە سەنگەرەکانیاندا دەکەن و دەوربەری مۆڵگەکانیان دەیسەلمێنێ، کە چەند پاشەڕۆ لە کیسە نایلۆن کراوە و فڕێدراوە.

خاڵە عەباس و پور خانزاد دەچنە ژوور و دوکتۆر ئامادە نابێ و ئەوان لەوێ بۆ ماوەیەک چاوەڕوان دەکەن. خاڵ عەباس هاوسەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە نەخۆشیەکەی لە بیر نەچێتەوە. لەو کاتەدا ناوبراو جنێوێک بە زەمانە دەدات و لە دەستی ئەو بارودۆخە داد و فیغانیەتی و دەڵێت: "چاوم خێل بوون سەگبابێک لەو نەخۆشخانەیە دەرناکەوێ. رۆژانە کە کارت بەو خەڵکە نییە، بۆ ئاودەستی مزگەوتی سوور بچی تووشی حەوت و هەشت لات و سەگباب دەبی، بەڵام ئەو شەو بە فیشەکیش گیرناکەون". دوکتۆرێکی فیلیپینی فارسیزان لە نەخۆشخانە کار دەکات و سەرێک لە بەشی خێرا دەدات و پورە خانزاد دەبینێ. دوکتۆر بە فارسی پرسیار دەکات و گوێ لە دڵی دەگرێت و پاڵەپەستۆی خوێنی دەپێوێ، بەڵام هیچ لە یەکتر تێناگەن. پورە خانزاد ئەوەندەی لە بیرە، کە نۆبەتێ لە سە نۆبەتێی دێنێ و بە داد و فیغان باس لە ئازاری سەر، پشت و زگ بکات. خاڵ عەباس بە فارسی لە گەڵ دوکتۆرەکە دەدوێ و بە زمانی خۆی نەخۆشیەکەی خانزاد بەمجۆرە بەیان دەکات:" جەنابی دوکتۆر خودا عالەم و خەبیرە، ئین پیرە زەن شەوی گوزەشتە ساغ و سەلیم بود. نیوەی شەو بە قودرەتی قادر هەموو قالبی مریز و بیمار شود". لەو کاتەدا یەکێک لە پەرەستارەکان وەک خدری زیندە لەوێ قوت دەبێتەوە و سڵاو لە خاڵ عەباس دەکات. خال عەباس لە بەر کارەکەی پورخانزادی لە بیر دەچێت و بە پەلە هاوار دەکات، کە کاری گرینگی هەیە. ناوبراو بە گوێی پەرەستارەکەدا دەچرپێنێ، کە لە گەڵمان وەرەوە و نەخۆشێکی کوشەندەمان هەیە، کە قاچاخە و بە کەڵکی ئێرە نایە. ئەتۆ بڵێ، کە عەباس و خانزاد پیر و پەککەوتەن و هەتا ماڵ هاوڕێیەتیان دەکەم. دوکتۆرەکە بە فارسی زۆر بانگی خاڵ عەباس دەکات، کە مەریزەکەی لە بیرنەچێتەوە. خاڵ عەباس و پور خانزاد کەوتنە سەرباری خۆیان و لە ژووری دوکتۆر کەوتنە سەر زەوی. پەرەستارەکە گوتی، جەنابی دوکتۆر ئەوان شەو بە تەنیا هاتوون و دەترسن بگەڕێنەوە و ماڵ و نەخۆشن. ئەگەر ئیجازەم بدەن لە گەڵیان دەڕۆم و بەیانی دێمەوە. ئەو شەو نەخۆشی زۆرمان نین و بریندارەکانی سپا و بەسیج زیاتر بە هیلیکۆپتەر رەوانە شارەکانی دیکە کراون. دوکتۆرەکە لە هەڵسوکەوتی خانزاد و عەباس شەکەت و ماندوویە و زوو رەچەتەیەک دەنووسی و خۆی

لە دۆخەکە رزگار دەکات. پەرەستارەکە لە خاڵ عەباس دەپرسێ، کە بریندارەکە چۆنە و پێویستی بە چییە؟ خالە عەباس بە هێواشی باس لە قورسی برینەکان دەکات و داوا دەکات، کە ئەگەر دەکرێ کەلوپەلی پێویست بە نهێنی هەڵگرە. ئەو شەو هەر خوێنی لە چۆڕاوە و خوا پایەدارت بکات.

پەرەستارەکە بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ژووری کەلوپەلەکان و چەندە دەرفەتی هەبێ دەرمان و پێداویستی هەڵدەگرێ و بە هەزار ترس و لەرز لە گەڵ خاڵ عەباس و پورە خانزادێ دەڕواتەوە. پورە خانزاد لە رێگادا جارێک دەگریت و هێندێ کەڕەت توک و دوعایان لەو ریژیمە دەکات. خاڵە عەباس بە دەنگێکی سووک خەریکە چیرۆکەکە بۆ پەرەستارەکە دەگێڕێتەوە. پەرەستارەکە جەستەی دەلەرزێ و تێدەگات، کە سەر و ماڵی کەوتۆتە خەتەر. خاڵە عەباس بەڵێن دەدات، کە ناوی نەهێنێ و هەتا دەمرێ هەموو نوێژان دوعا و نزا بۆ پەرەستار و منداڵەکانی دەکات. ناوبرا هەست دەکات، کە کاکی پەرەستار لاقی لەدوا نایەن و بۆیە ناچارە بەڵێن بدات، کە ئەگەر ئاشکرا بوون ئەو هەموو رووداوەکە بە ئەستۆ دەگرێ. پەرەستارەکە لە خاڵە عەباس دەپرسێ، ئەو رووداوە قورسە چۆن بە ئەستۆ دەگریت؟ هەتا تۆ زار دەکەیەوە ئەو زاڵمانە لە سێدارەم دەدەن و ئەو کارە نرخی گیان و ژیانە. خاڵە عەباس بە سازکردنی چیرۆکێک هێمنی دەکاتەوە و دەڵێ، ئەتۆ هەر ئەوەندەت لە سەر بێ، کە ئەمن تۆم ئاگادار کردۆتەوە کە نەخۆشمان هەیە و تۆ لە بەر رێزگرتن و وەک کارێکی ئیسلامی و ئینسانی ئەو ئەرکەت راپەڕاندوە. کاکە ئەمن زۆر ژیاوم و با لە قەنارەم بدەن. خاڵە عەباس، پەرەستار و پور خانزاد دەگەنەوە ماڵ.

پەرەستارەکە بۆ ژوورێک دەبەن، کە پەرویز بە جەستەی لە خوێند شەڵاڵ و هاوڕێکانی بە دڵێکی شکاو و جەستەیەکی شەکەت و ماندوو کۆجیلەیان بەستوە. پەرەستارەکە بە دیتنی چەکدارەکان لە وزە دکەوێ. ئەو هەست دەکات، کە خەونە و باوەڕ بەو چاوەکانی ناکات. ناوبراو، جەستەی دەلەرزێ و بە دیتنی پێشمەرگەکان دڵەڕاوکە سەرتاپای جەستەی دادەگرێ. ئەو، لە کوڕەکان دەپرسێت، کە ئایا شەوی رابردوو ئەوان لە کاروانی هێزەکانی ئەرتەش و سپای پاسداڕانتان داوە؟ کوژراو و بریندارێکی زۆریان هەیە و ژمارەی کوژارو و بریندارەکان رانەگەیاندراوە. لە سێڕەیانە نەخۆشخانەیەکی نیزامی هەیە و بریندارەکان دەرمان دەکەن و کوژراوەکان لە ساردخانەی گەڕۆک دەپارێزن. پەرەستارەکە، دەچێتە سەر سەری بریندارەکە و لە روخسار و چاوەکانی وردەبێتەوە. ناوبراو بە هێواشی لە ژێر

لێوەکانیدا ئەو رستەیە دووپات دەکاتەوە "کوڕی خاڵە مینەی خەیاتە. ئەو رۆژانەم لە بیرە، کە تازە چەکی هەڵگرتبو و لە شەقام و کۆڵانەکانی شار لە گەڵ هاوسەنگەرەکانی دەگەڕا". پەرەستارەکە، چاوێک لە برینەکە دەکات و گوێ لە هەناسەی پەرویز دەگرێ و لە تەنیشت پێشمەرگەکان دادەنیشێ. خاڵ عەباس و پور خانزاد لە نێوان بەرداشی ترسی جاش و پاسدارەکان و هەروەها خەمی گەورەی کوڕی خاڵەمینەدا ماونەوە. شاردنەوە و پەنادانی پێشمەرگەکان کارێکی گەورە و فیداکارییەکی لەبیرنەکراوە، کە دڵێکی گەورە و ئازایەتیەکی نەبڕاوەی دەوێت. خاڵە عەباس لە پەرەستارەکە دەپرسێ، کە کوڕی خاڵە مینەی خوێنی لە قالبیدا ماوە یان نا؟ ئایا ئەمەلی چاکبوونەوەی هەیە؟ پەرەستارەکە پاش هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، بزمارێک لە دیواری دەدات و دەرزیەکی خۆراکی (ئاو و خوێ) هەڵداوەسێ و پاش زەحمەتیکی زۆر لە رەگی دەستی دەدات. ماوەیەکی تێدەپەڕێ و چەند دەرزیەکی تایبەت بە ژان، چڵک و راگرتنی خوێن لە پاڵ ئاوی دەرزیەکە دەکات. بە ئاوی ئۆکسیژێنە و بێتادین برینەکە خاوێن دەکاتەوە و زاری برینەکە بە تەقەڵ دەدوروێتەوە. ناوبراو چەند جارێک بانگی پەرویز دەکات و دەستەکانی تەکان دەدات و داوا دەکات، کە چاو هەڵێنێ. پرسیاری لێدەکات، کە ئایا ئەو رۆژانەت لە بیرە، کە لە گەڵ کوڕەکەم هاوڕێ بوون؟ لە بیرتە لە سەرەتای شۆڕش و پێشمەرگایەتی بە چەکەوە بە بەردەرگای دوکانەکەمدا تێدەپەڕیت و سڵاوت لێدەکردم. پەرویز جوڵەیەکی کەمی هەیە، بەڵام چاوەکانی وزەی ناسینەوەی هاوڕێ و دۆستانی نییە. پور خانزاد لە گۆشەیەدا کوڕ داماوە و بە دەنگێکی ماتەمبار دەڵێ، خوا دەزانێ ناخی دایکت ئەمڕۆ چ ئازارێکی هەیە؟ پەرەستارەکە، بەڵێن لە هەموو لایەک وەردەگرێ، کە هەرگیز ئەو رووداوە بۆ کەس نەگێڕنەوە و ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا نەهێنن. بە قوماشێکی تەڕ، روخسار و دەستەکانی پەرویز خاوێن دەکاتەوە و دوو دەرزی ناسراو بە خۆراکی لە تەنیشت پەرویز دادەنێ. بەڵێن دەدات، بۆ رزگارکردنی کوڕی خاڵە مینە لە هەموو دەرگایەک بدات و دەستی یارمەتی بۆ هەموو لایەک رابکێشێ. ئەوان بیریان لەوە کردۆتەوە، کە ئەگەر دەگونجێ شەو لە حەوشەی پشتەوەی نەخۆشخانە و لە رێگای پەنجەرەوە بۆ چارەسەر ببرێتە ژووری عەمەلیات. پەرەستارەکە ئەو کارە بە ئەستەم و دژوار دەزانێ. بە تێڕوانینی ناوبراو، باشترین کار ئەوەیە،دوو کیسە خەوێن لە بانکی خوێنی نەخۆشخانە دەربێنم و ئێوارە لە پاڵ دەمارەکانی پەرویزی بکەم. پەرەستارەکە لە سەر گروپی خوێنی پەرویز دڵنیا نییە و لە کارتی پێناسدا ئاماژەیەک بە گروپی خوێن نەکراوە. کەمال بە پەرەستارەکە دەڵێ، گرووپی خوێنی ناوبراو ئای موسبەتە و لەوە دڵنیابە. پەرەستارەکە نیگەرانە و بۆ خۆرزگارکردن لە پاڵەپەستۆی ئەخلاقی کار و پێشەکەی چەند دڵۆپە

خوێنێکی پەرویز دەگرێ و بۆ پەلە بەرەو تاقیگەی نەخۆشخانە دەڕوات. ناوبراو، بە بیانووی جیاواز لە نەخۆشخانەدا دەگەڕێ و پاش تاقیکردنەوەی خوێنەکە لە گرووپی خوێنەکە دڵنیا دەبێ. ناوبراو بۆ پەیداکردنی چەند کیسەخوێن لە نەخۆشخانەدا دەگەڕێ. سەرئەنجام بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە و هێندێک دەرمان دەخاتە نێو کیسە نایلۆنێک و بەرەو ماڵی خاڵ عەباس دەگەڕێتەوە. چاوەکان بە تێکڕا چاوەڕوانن و دەستەکان لە دەوری ئەژنۆی لاقەکان گرێدراون و دڵەکان شڵەژوان. پەرەستارەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە، بەڵام کەمێک دەرمانی هێناوە کە وزەیەک بە جەستەی برینداری پەرویز دەدات.

هاوڕێ و هاوسەنگەرانی پەرویز لە دۆخێکی ناخۆشدان و لە پێناوی رزگارکردنی پەرویز بیر لە زۆر پلان و بەرنامە دەکەنەوە . ئەوان لە دۆخەکە دەترسن و مەترسی ئاشکرابوونی خۆیان و پەرویزیان هەیە و چەقین بە رێگاچارە نازانن. پەرەستارەکە پێشنیاردەکات، کە ئەگەر دەرفەت هەیە بۆ سبەی بەیانی لە دارمەیتێکی باوێن و لە گەڵ خەڵکی ئەو گوندانە رەوانەی دەرەوەی شار بکرێ و لە رێگای حیزب بۆ چارەسەر بەرەو نەخۆشخانەی کوردستانی گەرمێنێ رەوانەبکرێ. ئەمڕۆ شار ئاڵۆزە و پاسدار و بەسیجییەکان لە شاردا بە چەکەوە دەگەڕێن. رەنگە بۆ سبەینێ دۆخەکە ئارامتر بێتەوە و کەس لە دارەمەیت ناپرسێ و باشترین رێگایە بۆ رزگارکردنی پەرویز لەو شارە. نەخۆشخانە بە کەڵکی ئەو کارە نایەت و لە نێو نەخۆشخانەدا زۆر کوردمان هەیە، کە ئامادەی سیخوڕین و با ریشی خۆمان لە دەستی ئەو زۆڵەکوردانە نەنێین. هەموو لایەک ئەو رێگایە بە باش هەڵدەسەنگێنن، بەڵام هاوسەری خاڵ عەباس دەپرسێ، کاکە ئەو کوڕە خۆدەگری هەتا بەیانی؟ پەرەستارەکە لە بەردەم ئەو پرسیارەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و پێداگری دەکات، کە ئەو لە ریگای ویژدان، خودا و کوردایەتیدا هەوڵی خۆی دەدات و ئەو دەرزیانە بەشی هەتا بەیانی دەکەن. ئەگەر ئەمن کیسەخوێنی گورپی ئای موسبەتم پەیدا کرد، بە راکردن دەگەمە ئێرە و خوێنەکەی پێدەدەین. خۆزگە دەکرا لە رێگای مینە بێتوشی لە شاردا هاوار بکەین و داوا لە هاوڵاتیان بکەین، کە پێویستمان بە خوێنە، بەڵام هیچ کارێک ناکرێ. ژیانی کوردان پڕە لە کارەسات و تراژیدی و بە داخەوە لە کوردەکان لە برینداریی و مەرگدا لە خزمەتگوازرییە مرۆڤییەکان بێبەشن.

ئەو بەشە لە پێشمەرگەکان کە لە چالاکی چەکداری سێرەیانەدا بەشداربوون گەیشتوونەوە مەقەرەکانیان. ئەوان باس لە برینداربوونی پەرویز ناکەن و تەنیا ئەوەندە باس دەکەن، کە ئەو

پێشمەرگانە لە گوندەکانی دەوروبەردا ماونەوە و چەند رۆژێکی دیکە دەگەڕێنەوە. بەرپرسی تیمەکە رووداوەکە بە تەواوەتی بۆ بەرپرسی دەستە دەگێڕێتەوە. هەواڵی لێدان لە کاروانی ئوتۆمبیلە سەربازییەکان و کوژار و برینداربوونی پاسداڕ و بەسیجیەکی زۆر لە شار و گوندەکانی دەوروی داوەتەوە. پاسداڕەکان بۆ رۆژی دوایی بە هێزێکی زۆرەوە لە شوێنی عەمەلیاتەکە نیزیک دەبنەوە و پاش پشکنینی زۆری ئەو ناوچەیە بەسەر خوێنی رژاوی پەرویزدا دەکەون. ئەوان لەو شوێنە زۆر دەگەڕێن و سەرەتا بیرلەوە دەکەنەوە، کە رەنگە پێشمەرگە و برینداره‌کان لەو دەوروبەردا خۆیان حەشاردابێ، بۆیە زۆر بە پارێزەوە دەجوڵێن. بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە دوو هێلیکۆپتەری سەربازی بە سەر ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا دەسووڕێنەوە و ماوەماوە بە شەستیر تەقە لە شوێنە نەدیو و گوماناوییەکان دەکەن. لە مەودای دووسەد میتری خوینەڕژاوەکە کاغەزێکی لوولکراو دەدۆزنەوە، کە بە کوردی نووسراوە. یەکێک لە پاسداڕەکان ئەو نامەیە بە چەند چەکدارێکی کورد نیشان دەدات، بەڵام ئەوان لەو نووسینە ناگەن. بۆ تێگەیشتن لە نووسراوەکە دوانیوەڕۆیە نامەکە دەبەنە ئیتلاعاتی شار و چەند کەسێکی بۆ خوێندنەوەی ئەو نامانە دەبەنە ئیتلاعات. خالیدی مەولود بەزازی ناوی مەلا برایم دێنێ، کە کتێبی کوردیی و شاعیرانی کوردی زۆرە و باشترە یان بچینە کتیبفرۆشییەکە یان ناوبراو بە ماشێن بۆ ئێرەکانە بگوازینەوە. پێشنیاری خالید بە گونجاو دەزانرێ و یەکێک لە پاسداڕەکان تویوتاکەی هەڵدەکات و لە گەڵ خالید دەچنە دوکانی مەلا برایم. بە دیتنی خالید و ئەو پاسداڕە، مەلا برایم بە پەلە بە مشتەریەکە دەڵێ، هەتا مزگەوت دەچم و دێمەوە. خالید و پاسداڕەکە لە خێرایی دەرچوونی مەلا برایم سەرسوڕماو دەبن. ئەوان ناچنە دوکانەکە و لە بەرامبەر دووکانەکە خۆیان پەنادەدەن و چاوەڕوانی گەڕانەوەی خاوەنی کتێبفرۆشیەکە دەکەن. مەلا برایم لە داخی ئەوان بە کۆڵانەکانی تەنیشت مزگەوتی سووردا خۆی دەگەیەنێتە شەقامی نەخۆشخانە و بە مەبەستی شوێنەونکە لە سووچێکی دیکەوە بەرەو دوکانەکەی دەگەڕێتەوە. ناوبراو نازانێ، کە خالیدی مەولود بەزازی و پاسداڕەکە بەرامبەر بە دووکانەکەی چاوەڕوانن و لە گەڵ مەلا برایم دەگەنە دوکان. خالید و پاسداڕەکە سڵاوی لێکدەکەن و رادەگەیەنن، کە سووکە کارێکیان بە مامۆستایە. مەلا برایم سڵاویان لێدەکات و خەریکە بیانوویەک بۆ دەرچوون بدۆزێتەوە، کە پاسدارەکە بە فارسی داوای لێدەکات، نامەیەکی کوردیان هەیە و داوای لێدەکەن بۆیان بخوێنێتەوە. مەلا برایم داوای نامەکە دەکات و چاوێکی لێدەکات و نیگەران دەبێ. پاسداڕەکە پرسیاری لێدەکات، کە ئەو نووسراوەیە بە دەنگ بخوێنەوە و بزانین بۆ کێ نووسراوە و نووسەرەکەی کێیە. مەلا برایم چاویلکەکەی لە چاو دەکات و لە

یەکەم رستەدا گیردەکات. پاسدارەکە دەپرسێ ئاغا ئیبراهیم ئایا تۆ کوردی دەزانی یان نا؟ خالید پێش مەلا برایم بەم شێوەیە وڵام دەداتەوە: "بەرادەری پاسدار، مامۆستا کوردی خوب بەڵەدە، ئەمما دڵی بە حاڵی ما خۆش نیست". مەلا برایم بیردەکاتەوە کە خالیدی مەولود بەزازی تووشی پەندێکی دەکات و بۆیە لە پاسدارەکە دەپرسێ، کە ئایا دەتوانێ چۆن نووسراوە بیخوێنێتەوە؟ پاسدارەکە بە نیشانەی رەزایەتی سەری دەجوڵێنێ و ئامادەی گوێگرتنە. مەلا برایم نامەکە بەمجۆرە دەخوێنتەوە" بە ناوی خەڵکی قارەمانی کورد، دایە و بابە سڵاوتان لێدەکەم و لە یەزادان داواکارم کە شاد و سڵامەت بن. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم و هەموو رۆژێک یادتان دەکەم و هیوادارم ئەو نیزامە کورد کوژە کۆتایی بێت و بە ئازادی بژیین. ئەو رۆژانە بە مەبەستی زەبرلێدان لە هێزەکانی رێژیم لە ناوچەین و زۆر حەزم دەکرد سەردانتان بکەم. نازانم چ چارەنووسێکم دەبێ، بەڵام بەختەوەرم کە لە پێناوی خاک و حیزبەکەمدا بمرم. ئێوە زەحمەتێکی زۆرتان کێشاوە و ئەگەر یەکترمان نەدیتوە گەرنم ئازاکەن. ئەمڕۆ وەک بابم، مام کەریم و زۆر پیرە پیاوی دیکەی کوردەواری تیدەگەم، کە ئەو خەباتە ئاسان نییە و ئەستاندنی ماف خوێن و نرخی خۆی دەوێ. دوژمن فێڵباز و درەندەیە و ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان سەرچاوە و ماکەی شەڕ و ئازاوەن. ئەو نامەیەم پێش جەولەی ئەوجارە دەنووسم و هەموو کوڕەکان سڵاویان هەیە. هیوادارم لە بەهاری داهاتوودا بە دیداری یەکتر شاد بین. کۆڵان و شەقامەکانی شارم لە شاخ و گوندەکان لەبیر ناچنەوە. لە سەر بەرزاییەکانی هۆمل، شاخەخوارە و کوێستانەکانی ناوچە زۆرجار بە دیتنی چراخانی شار شاد دەبم. گەلێکی زێر دەست لە زێر چەکمەی داگیرکەراندا چاوەڕوانی رزگاربوون دەکات. ئێمە بە گوێرەی توانا بەشێک لەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرین. پەرویز". خالید ئەو نووسراوە کوردییەی بە شێوازی خۆی بۆ پاسدارەکە وەردەگێڕا و پاسدارەکەش لە سەر دەفەتەرێکی بچووک کورتەی باسەکەی دەنووسیەوە. کاتێک مەلا برایم نامەکە دەخوێنێتەوە، پاسدارەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ناوبراو دەپرسێ، ئاغا ئیبراهیم تۆ موخالیفی یان موافیق؟ تۆ ئەو نووسینەت بە دڵە یان بە نووسراوەیەکی بێکەڵکی دەزانی؟ مەلا برایم بۆ خۆرزگارکردن دەڵێ، جەناب ئەوە کاری بەرپرسانە و ئەمن دوکاندارم و نووسراوەکەم تەنیا بۆ ئێوە خوێندەوە.

خالید و پاسدارەکە دەگەڕێنەوە بنکەی سپا و لەوێ لە گەڵ بەرپرسانی دیکە تاوتوێی عەمەلیاتەکە دەکرێ. خالید لە نێو کۆبوونەوەکەدا پێشنیار دەکات، کە مادام ئەوە نامەی پەرویزە بۆچی ئێمە نەچین پرسیار لە خاڵە مینە و ئاڵتونی هاوسەری نەکەین؟ ئەوان رەنگە وردە خەبەریان هەبێ و ئاگاداری کوڕەکەیان بن؟ پەرویز لەو نامەدا دڵی خەبەری داوە، کە رەنگە بە دەستی رەزمەندە و شەڕەکەرانی

ئیسلام بکوژرێ. چەند پاسدارێک بە چەکەوە لە گەڵ خالید بەرەو ماڵی خاڵە مینە دەڕۆن و بە پارێزەوە لە دەرگا دەدەن. ئەوان لە ئاڵتون دەپرسن، کە ئاخۆ ئاگاداری کوڕەکەیەتی یان نا؟ ئەوان نامەیەکیان دۆزیوەتەوە کە پەرویز نووسیویەتی و داوای گەردەن ئازایی لە دایک و بابی دەکات و لەو شوێنەی کە دۆزراوەتە خوێنێکی زۆری لێچۆڕاوە. ئایا هیچ پەیام و راسپاردەیەکی بۆ نەناردوون؟ ئاڵتون لە بەر دەرگا بە دیتنی پاسدارەکان دەترسێ و بە بیستنی ئەو خەبەرە دەتاسێ. ئەو توانای قسەکردنی نابێ و بەگریانەوە پاسدارەکان و خالیدی کوڕی مەولود بەزازی جێدێڵێ. خاڵە مینە بەسەر ئەو وەزعەدا دێتەوە و بە دیتنی ئەو چەکدارانە ترسێکی زۆر دایدەگرێ. ناوبراو، خوازیارە رێگا بگوڕێ و لەو ناوە دوورکەوێتەوە، بەڵام دەرفەت و ئەگەری گەڕانەوەی نییە، بۆیە لە بەر دەرگا سڵاو لە پاسدارەکان دەکا و لە تەنیشت ئەوان رادەوەستێ. خالید رووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و ئەوجار لەویش دەپرسن، کە ئایا هیچ زانیارییەکی لەسەر کوڕەکەی هەیە؟ خاڵە مینە وەک لە دارێک بەربووبێتەوە و چاوە لە پاسدارەکان و خالید وەرناگێڕێ. لە پڕ بیر لە پەرویز و چارەنووسە نادیارەکەی دەکاتەوە؟ ئەو بە پاسدارەکان رادەگەیەنێ، کە ناوبراو لە گەڵ پەرویز هیچ پێوەندییەکیان نییە و ئاگاداری هیچ نین. ئەو بۆ پاڵپشتی کردن لە وەتەکانی خۆی، چەند جارێک خوا، پێغەمبەر و قورئان بە شایەت دەگرێ. یەکێک لە پاسدارەکان خاڵە مینە وەپێش خۆی دەدات و چەک لە سەر دەست دەچێتە ماڵیان و هەموو ژوور و هۆدەکان دەپشکنێ. لە گەڕانەدا هیچ دەست ناکەوێ و بە مۆڕەکردن لە خاڵە مینە کۆتایی بە پشکنینی ماڵەکەی دێنن. خاڵە مینە لە ژوورەوە بە سەر هاوسەرەکەیدا دەکەوێ کە سەری خۆی رنیوە و بە لێدان لە خۆی روخساری هەموو سوور هەڵگەڕاوە. ناوبراو دەستی بۆ هیچ کارێک ناچن و نازانێ، کە لەو کاتەدا چ بکات. منداڵەکان لە ترسی پاسدارەکان خۆیان لە گۆشەیەکی ماڵەکەدا شاردۆتەوە و لەو حاڵەتەدا خەویان لێکەوتوە. ئاڵتون و خاڵە مینە تاساون و نازانن چۆن لە گەڵ ئەو رووداوەدا هەڵسوکەوت بکەن. خاڵە مینە بیر لە تێکهەڵچوونی شەوی رابردووی دەرەوەی شار و تەنیشت بێزیلە دەکاتەوە. دەستێک بۆ رادیۆکەی دەبات، بەڵام ئەویش چارەی ناکات. ئاڵتون بۆ ماوەیەک لە هۆش دەچێ و خاڵە مینە بە پەلە منداڵەکانی بۆ ماڵی مام کەریم دەبات و هاوسەرەکەی بۆ نەخۆشخانە رادەگوازێ. ئاڵتون لە نەخۆشخانە لە سەر تەختی نەخۆش درێژدەکرێ و چاوەڕوانی دوکتۆر دەکەن. دوکتۆر ماوە بە ماوە سەردانی ئەو بەشی ئۆرژانس و فریاکەوتن دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بەشی خەوێندراوان. کاتێک خاڵەمینە بۆ ماوەیەک دێتە حەوشەی نەخۆشخانە چاوی بە پەرەستارەکە دەکەوێ، کە ئاگاداری دۆخی پەرویزە. پەرەستار سڵاوی لێدەکات و ئەحواڵی دەپرسێ و هۆکاری هاتنی

بۆ نەخۆشخانە دەپرسێ. خاڵەمینە چۆنیەتی هەواڵەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، کە پاسدارەکان چۆن چوونە ماڵ و بە چ شێوەیەک باسی کەماڵ و نامەکەیان کردوە. پەرەستارەکە بە بیستنی ئەو هەواڵە ئارەقەیەک دەکات و زمانی لە گۆ دەچێ. ئەو هەموو کۆڵان و شەقامی لە بەرچاوان لێدەبنە پاسدار و بەسیجی و لەوە دەترسێ، کە ماڵی خاڵ عەباسی ئاشکرا ببێ و ناوبراو لەو بەینەدا بە ئاورەکە بسوتێ. ناوبراو سەردانێکی ئاڵتون دەکات، کە لە سەر تەختی نەخۆشخانە ناوی کوڕەکەی دێنێ و جاروبار لە سینگی خۆی رادەکێشێ و پرچەکانی دەڕنێتەوە. پەرەستارەکە دەترسێ، کە ئەو گریان و هاوارە نهێنیەکان ئاشکرا بکات و بە پەلە لەو بەشە دەردەچێ و بە بیانووی نوێژی ئێوارە و ژانەسەر لە نەخۆشخانە دەچێتەدەر. ناوبراو بە شێوەیەکی قۆرتاوپێچ خۆی لە ماڵی خاڵ عەباس و پورە خانزاد نیزیک دەکاتەوە و لە دوورەوە ماوەیەک ماڵەکەیان لە ژێر چاوەدێری دەگرێ. کاتێک دڵنیادەبێتەوە، کە دنیا ئارامە و دۆخەکە وەک خۆیەتی، بە پەلە دەچێتە ماڵی خاڵ عەباس. پەرویز لە ژێر کاریگەریی ئەو ئاوەدا، کە لە دەمارەکانی دەکرێ کەمێک رەنگی کراوەتەوە، بەڵام برینەکەی زگ و کەلەکەی بۆنی مەرگیان لێدێ. پەرەستارەکە باس لە خاڵە مینە و ئاڵتون دەکات، کە پاسدارەکان چوونی ماڵیان و باسی نامەیەکی پەرویزیان بۆ کردوون و ئەو لە نەخۆشخانەی دیتوون. بۆ ماوەیەک ترسێکی شارەاوە باڵ بە سەر ماڵی خاڵ عەباسدا دەکێشێ و نیگەرانن، کە پاسدار و جاشەکان ماڵەکان بپشکنن. پەرەستارەکە ژمارەیەک دەرمانی ئازار دەداتە کەماڵ و هاوڕێکانی و پێشنیاریان پێدەکات، کە بۆ بەیانی باشترە لە رێگای دارەمەیتێک لە شار ببرێتەدەر. حوسێن لە کەماڵ دەپرسێ، ئەرێ ئەو موجاهیدانە دەرمانگا و کادری برینپێچیان هەیە؟ کەماڵ چاوێکی لێدەکات و هیچ ناڵێت. ئەوان داوا لە پەرەستارەکە دەکەن، کە بەجۆرێک لە گەڵ مزگەوتی سەرچاوە یان سوور قسە بکەن و دارەمەتیێک بۆ سبەی بەیانی ئامادە بکەن. ئێمە لە گەڵ چەند کەسێکی دیکە دەتوانین بیبەینە مردووشۆرەکەی مزگەوتی سەرچاوە و دواتر لە گەڵ خەڵکی ئەو گوندانە لە شار دەرچین. خاڵ عەباس بە وردی لە وەزعەکەی دەفکرێ و دواتر دەڵێ، کاکە دارمەیتەکە لە سەر من و شەو لە گەڵ خزمێکی خۆم رایدەگوازین بۆ ئێرە. بۆ بەیانیش کە پەرویزمان لەو دارمەتیە هاویشت بە ماشێنێکی پشت بەتاڵ بە هێواشی دەیبەینە مزگەوتی قیبلە و بە خەڵک دەڵێین، کە لە نەخۆشخانەی ورمێ مردوە و خەڵکی ئەو گوندانەی دەوروبەرە. ئەگەر پاسدار و جاش لە سەر رێگاکە نەبوون لە گەڵ خەڵکی ئەو گوندانەدا رەوانەی دەکەین. ئەگەر رێگا نەدرا، شەو کەماڵ وکوڕەکان بۆ خۆیان دەتوانن لە سەر شان هەڵیگرن و بیگوازنەوە. پەرەستارەکە دەڵێ، رەحمەت لە بابت خاڵ عەباس بۆ ئەو فکرە چاکە. ئەگەر کارتان

نەماوە، ئەمن یەک دوو ڕۆژ بە بیانووی نەخۆشی خۆم لە ماڵ دەخزێنم و ناچمە نەخۆشخانە. کوڕینە، ئەمن بە چاکی دەزانم ئەگەر پەرویز لە شار دەرچوو، با خاڵ عەباس سەردانی ماڵی خاڵە مینە بکات و ئەگەر دەگونجێ با چاویکیان بە کوڕەکەیان بکەوێ. لە نەخۆشخانە زۆر کەسم دیتوون، کە لە سەرە مەرگدا بە دیداری ئازیزان شاد دەبن. خاڵە مینە رەنگە دواتر گلەیی لە هەموو ئەو کەسانە بکات، کە ئاگاداری بریندارییەکی پەورویز بوون، بەڵام رووداوەکەیان لێشاردۆتەوە. خاڵ عەباس، پور خانزاد و کوڕەکان ئەو پێشنیارە بە گونجاو دەزانن و ساغدەبنەوە، کە ئەگەر بە سڵامەتی لە شار دەرچوون، خاڵ عەباس سەردانی خاڵە مینە بکات و ئەوەندە بڵێت، کە ئاگادارە ئەو شەو پەرویز و کوڕەکان لە شار دەرچوون.

پەرەستارەکە خواحافیزیان لێدەکات و خاڵە عەباس دواتر بەرە نێوشار دەچێت و لە گەڵ خزمێکی خۆیان چاوێک لە دارە مەیتەکانی مزگەوتی سەرچاوە و سوور دەکەن. ئەوەی مزگەوتی سوور ئاسانتر و نیزیکترە، بەڵام پێویستی بە ئیجازەی مجێور یان مەلای مزگەوتە. خزمەکەی خاڵ عەباس پێشنیاردەکات، کە بانگی بەیانی بە بێدەنگی ئەو دارمەیتە هەڵگرین باشترە. ئەوکات کە ئەوان لە نوێژدان ئێمە بە پەلە رایدەگوازین و پاشان رەنگە چەند جارێک بۆی هاوار بکەن و تەواو دەبێ. خاڵ عەباس بە خزمەکەیان دەڵێ، کوڕە ئامان هیچ گوێیەک ئەو خەبەری نەبیستێ. ناوبراو بە باشی دەزانێ، کە خزمەکەیان هەتا کارەکە تەواو نەبێ نەچێتەوە ماڵ. خاڵ عەباس بە خزمەکەیان دەڵێ، رۆڵە بە ماڵی ئێوەدا دەڕۆینەوە و بە کورتی بە ماڵەوە رابگەیەنە، ئەو شەو لە ماڵی خاڵ عەباس و پورە خانزادم و نیگەران مەبن. شەو درەنگانێگ خاڵ عەباس لە گەڵ خزمەکەی دەچێتەوە ماڵ. خزمەکەی خاڵ عەباس، کە ناوی واحیدە بە دیتنی چەکدارەکان رەنگی زەردهەڵدەگەڕێ. ئەو بە تەواوەتی ئاگاداری دۆخەکە نییە و خاڵ عەباس بۆ تێوەگلاندنی بانگی کردوە. عەباس و خانزاد و بۆ کوڕەکان رووبی دەکاتەوە، کە ناوبراو بەو سیاسەتە دەست و لاقی واحیدی بەستوونەوە. ئەو کوڕی باشە و جێگای متمانەیە، بەڵام زۆر جار پیاو لە ماڵ قسەیەک دەکات و دواتر بۆ جیران و خەڵکی دیکە دەگوازرێتەوە. واحید و خاڵ عەباس بەیانی بە بیانووی نوێژ دەچنە مزگەوتی سوور و دارمەیتەکە لە مزگەوت دێننەدەر و لەسەر شان دەیبەنەوە ماڵ. ئەو ڕۆژە لە مزگەوت مجێور و مەلا هەست بە بردنی دارمەیتەکە ناکەن، چوونکە سێ دانەی دیکەی لێیە و کەمتر بینراوە، خەڵک دارمەیت هەڵگرن. واحید بە خاڵە عەباس دەڵێ، رەفیقێکم هەیە تویوتای پشت ئاوەڵەی هەیە و رەنگە بۆ راگواستنی دارەمەیتەکە یارمەتیمان بکات. نازانم ئێوە چ دەڵێن؟ گرینگە ئەوەیە، لە سەر رێگای چوونەدەر لە شار

ساغببنەوە. شار شەوانە دەروازەکانی کراوەن و ئەگەر ئیرادە بکەین بە زۆر ڕێگادا دارمەیتەکە دەبەینە دەرەوە. ڕێگای گەڕەکانی کانی مەڕی، کەپران، نێوزەڕۆ، دۆڵتانچک و گردەسوور زۆربەیان بەکەڵکی ئەو کارە دێن. بە تێڕوانینی واحید، کۆتاییەکانی پاییز هەوا ساردە و خەڵکی دێهاتەکان زۆر بە کەمی هاتوچۆی شار دەکەن و هەڵگرتنی ئەو دارەمەیتە چوارکەسی پێویستە. ئەگەر ڕۆژ دەرچین، خۆ ئەو پێشمەرگانە ناتوانن لە گەڵ دارە مەیتەکە بڕۆن، بۆیە باشترە ئێوارە بە ماشێن دارە مەیتەکە بەرینە گەڕەکی کانی مەڕیی یان دۆڵتانچکێ و بە تاریکی شەو دەرچین. ئەمن ئامادەم ئەرکی کوردانە بەڕێوەبەرم و هەتا دەرەوەی شار لە گەڵیان دەچم. هەموو لایەک قسەکانی واحید بە گونجاو دەزانن و ئەو ڕۆژە تابوتەکە لە ماڵ دێڵنەوە. خاڵ عەباس لە گەڵ واحید سەردانێکی ماڵ دەکات و بە هاوسەرەکەی دەڵێن، ئەو شەو لە گەڵ واحید میوانی خزمێکی خۆمان دەبین و نیگەران گەڕانەوەمان مەبن. شەوانە گەڕان زۆر کەمە و ڕەنگە هەر لەوێ بخەوین. واحید خاوەن ئوتۆمبیلەکە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئێوارە هێندێک بار و کەلوپەلی قاچاخ هەیە و بۆ دۆڵتانچ یان گەڕەکی نێوزەڕۆیەی ڕایدەگوازن، بۆیە پێش تاریک داهاتنی هەوا لە تەنیشت سینەما چاوەڕوانت دەکەم.

ئێوارە شۆفیر لە شوێنی مەبەست واحید هەڵدەگرێ و پێکەوە بەرەو ماڵی خاڵ عەباس دەڕۆن. شۆفیرەکە، کە دەگاتە لای ماڵی خاڵ عەباس ماشێنەکەی ڕادەگرێ و بە واحید دەڵێ، کاکە بارەکان بخەنەسەر و هەتا ئەو ماڵە دەچم. شۆفیرەکە کۆن دەۆستێکی لەو گەڕەکە هەیە و دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ بۆ نوێکردنەوەی دیدار. ناوبراو دەچێتە ژووری ماڵی کۆنە دۆستەکەیی و لە گەڵ ژنە باس لە ژیانی کۆن و خەمەکانی ئەوڕۆ دەکەن. ژنەکە هاوسەرەکەی لە ماڵ نییە و بە منداڵەکان دەڵێت، ئەوە خزمی خۆمانە. ئەوان خەریکی گۆڕینەوەی وشە و رستەکانن و باس لە دیدار و دیتن یەکتر دەکەن. دونیای مرۆڤەکان جیاوازە و تاکەکان بە دوای ئامانجی ڕەنگاوڕەنگدا دەگەڕێن. ئەوان لەو ئێوارەیەدا باس لە دڵداری، کڕینی چوارشێو و قوماشی ژنانە دەکەن. ئەوان ئاگادارنین، کە ژمارەیەک مرۆڤ لە پێناوی وڵاتەکەیاندا دەبنە قۆچی قوربانی.

خاڵە عەباس لە حەوشە پیاسەدەکات و بە دەنگ ئایەتولکورسی دەخوێنێ و فوو لە دەوروبەری دەکات. ناوبراو دەچێتە بەردەرگا و دەگەڕێتەوە حەوشە و بە کوڕەکان دەڵێت، کاکە ئیوارەیە ڕەنگە کاتەکەی باش بێت. واحید لە گەڵ خاڵە عەباس هاوڕا نییە و دەترسێ، لە بازاڕ و لە گەڕەکەکاندا تووشی

چەکدارەکانی رژیم بن، بۆیە پێشنیار دەکات دە خولەکێکی دیکە چاوەڕوان بکەن و پاشان دەڕۆن. شۆفیر تویۆتاکەی لە بیرچۆتەوە و لە گەڵ ژنە سەرقاڵی گاڵتە و پێکەنینە. سەرئەنجام دار مەیتەکە لە ماشێنەکە داوێن و چادرێکی بە سەردا دەدەن و مستەفا، حوسێن و کەماڵ چەک و رەختەکانیان لە تەلیسان داوێن. دوو کەسیان دەچنە ریزی پێشەوە و حوسێن لە پشتەوەی تویۆتاکە سوار دەبێ و چاوەڕوانی شۆفیر دەکەن. واحید نازانێ شۆفیرەکە لە حەوشەی کام ماڵدا چەقیوە، بۆیە بە دەنگ هاوار دەکات، کە کاکە ئێمە ئامادەین. شۆفیرەکە لە جیهانی دڵداریی و قوماش دەردەکەوێ و ئاگاداری تێپەڕینی کات و ساتەکان نییە. ناوبراو لە واحید دەپرسێت، کە بارەکان تەواون؟ واحید سەرێکی بۆ دەلەقێنێ. شۆفیر سڵاو لە سێ کەسەکەی دیکە دەکات و دەبینێ، کە هەموویان سەر و ریشیان هاتوە و زۆر مەیلی پێکەنین و گاڵتەیان نییە. شۆفیرەکە بەرەو دۆڵتانچک ماشێنەکە لێدەخوڕێت و ماوە بە ماوە روو لە مستەفا و کەماڵ دەکات و داوایان لێدەکات، کە قوربانتان بم قەت ژن مەهێنن. کاکە ئەوەی ژنی هێنا، بە تەواوەتی لە پیاوەتی دەکەوێ. مستەفا و کەماڵ بێدەنگن و دەترسن، کە ئەگەر زۆر روخساری خۆیان دەرخەن و قسە بکەن ئاشکرا ببن، بۆیە گوێ بە کاکی شۆفیر نادەن. لە کۆڵانێکی نەدیودا دارمەیتەکە دادەگرن و واحید پارەیەک بۆ شۆفیرەکە رادەدێرێ، بەڵام وەریناگرێ. شۆفیرەکە تاساوە و نازانێ تابوت ودارمەیت بۆچی بە نهێنی رادەگوازرێ! ئەو، بە دیتنی روخساری کەسە نەناسراوەکان و قسەنەکردیان شک و گومان لە دارەمەیتەکە دەکات، بەڵام لەو کات و ساتەدا هیچ پرسیارێک ناکات. شۆفیر خواحافیزیان لێدەکات و مستەفا، حوسێن، کەماڵ و واحید بە چوار نەفەری دارمەیتەکە بۆ خڕێکی نەدیو دەگوازنەوە. واحید بۆ تاقیکردنەوەی رێگا ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە و پاش ئەوەی دڵنیا دەبێ، کە رێگا ئەمینە بە دۆڵی تەنیشت شاخی وەستا حەسەنیدا هەڵدەگەڕێن. ئەو دۆڵە نەدیوە و بۆ دەربازبوون گونجاو، بەڵام بۆ راگواستنی بریندار و دارەمەیت رێگایەکی ناخۆش و دژوار. پێشمەرگەکان چەکەکانیان لە شانە و واحید چەکی پەرویز هەڵدەگرێ. ئەوان بە کاتژمێرێک دەگەنە دۆڵی گەوەلان و لەو گوندە لە رێگای شوڕای حیزب چەند کەسێک پەیدا دەکەن و دارمەیتەکە بە شان بۆ بنکەی قەلارەشێ دەگوازنەوە. واحید، خۆی لە خەڵکی ئەو گوندانە ئاشکرا ناکات و بە نهێنی خواحافیزی لە کوڕەکان دەخوازێ و دوعای چاکبوونەوەش بۆ پەرویز دەکات. ناوبراو بۆ شەو لە گوندی کانی ڕەش لادەدات. پێشمەرگەکان و بریندارەکە درەنگانی شەو دەگەنە قەلارەشێ و لە بنکەی پێشمەرگەکان دارمەیتەکە دادەنێن. لەو کاتەدا ژاوەژاوێک لە گونددا پەیدا دەبێ و هەواڵی گەڕانەوەی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان و پەرویزی خاڵە مینەی بڵاودەبێتەوە. پێشمەرگەکان بە دیتنی روخساری پەرویز

نیگەرانن، بەڵام لێرە تەنیا برینپێچی سادە گیردەکەوێ. میرزا دەرزیلە، کە بە رووداوەکە دەزانێ و ناوی پەرویزی خاڵە مینەی دێت، راست دەبێتەوە و لە سەر دارمەیەتەکە چاوێک لە پەرویز دەکات. لەو کاتەدا بەشێک لە پێشمەرگەکان بە مامۆستا بڕوا و هێندێک بە کەماڵ بانگی کەماڵی مام کەریمی دەکەن. میرزا دەرزیلە لە یەکێک دەپرسێ، بۆ مامۆستا بڕوا ناوی کەماڵی مام کەریمیە؟ ئەویش بە گوتنی بەڵێ، میرزا دەرزیلە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە. میرزا دەرزیلە لەو دۆخەدا لە کەماڵ نیزیک دەبێتەوە و گلەیی لێدەکات، کە یەک ساڵە خۆی لێشاردۆتەوە. ئەو لە سەردەشت چۆتە ماڵی دایکی و دوو شەوان لە ماڵی خاڵە مینەی میوان بوە. کەماڵ لەو کاتە ناخۆشەدا زۆر ناپڕژێتە قسەیکانی میرزا دەرزیلە. ئەوان بۆ رزگارکردنی گیانی پەرویز شەوە بەرەو گوندی بێژوێ دەڕۆن. لەو گوندە موجاهید و کۆمەڵە بنکەی دەرمانیان هەیە و رەنگە کەرەستەی چارەسەرکردن و دەرمان زۆرتر بن.

خاڵ عەباس و پورە خانزاد پاش دەرچوونی پەرویز و هاوڕێکانی هەر ئەو ئێوارەیە دەچنە ماڵی خاڵە مینە. خاڵە مینە و خێزانی تازە لە نەخۆشخانە گەڕاونەوە. خاڵە مینە بە دیتنی خاڵ عەباس گومانی زۆر دەبن و بە زات و سیفەتی خوای سوێند دەخوات، کە کوڕەکەیان بەڵایەکی بەسەر هاتوە. خاڵە مینە بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و روخسەت وردەگرێ، کە چەند خولەکێک منداڵەکانیان لە ماڵی مام کەریم دێنێتەوە. ئاڵتون بە دیتنی میوانەکان سەرێک هەڵدێنێ و پرسیاریان لێدەکات، کە ئایا هیچ دەزانن؟ خاڵ عەباس ئەوەندە دەدرکێنێ، کە لە کەسیکی غەوارەیان بیستوە، کە ئێوارە کوڕەکان لە شار دەرچوون. ئاڵتون دەپرسێ، پەرویزیان لە گەڵ بوە یان نا؟ خاڵ عەباس چاوەڕوان دەکات هەتا خاڵە مینە دێتەوە و دواتر باس لەوە دەکات، کە کوڕەکەیان بریندارە و ئەمڕۆ ئێوارە لە شار چۆتەدەر. خانزاد لە تەنیشت ئاڵتونێ دانیشتوە و رێنوێنی دەکات، کە خوا گەورەیە و هیوادارە کە کوڕەکەیان ساغ و سڵامەت بێ. خاڵە عەباس بە خاڵە مینە دەڵێت، کاکە لە بەیانی زووتر نییە وخۆت وبراژنە ئاڵتون سەردانێکی ئەو گوندانە بکەن و باشترە خۆتان لەوێ بن. ئەگەر بۆ منداڵەکانتان نیگەرانن ئەوە ماڵی مام کەریمی هەیە. هەتا ئێوە دێنەوە رۆژانە خانزاد با لە گەڵ براژنە زارا ئاگاداری منداڵەکان بکەن. ئەگەر منداڵەکان دەچنە قوتابخانەش رۆژانە وەک جاران دەتوانن بچن و بێنەوە و رێگاکە زۆر نیزیکە. خاڵ عەباس و پور خانزاد شەو لە لای ئاڵتون و خاڵە مینە دەمێننەوە. خاڵە مینە و هاوسەرەکەی بەیانی نانێک دەپێچنەوە و جلوبەرگێکی گەرم لەبەر دەکەن و بەرەو قەلاڕەشێ دەڕۆن. ئەوان ماوەیەکی زۆزە کە ئەو رێگا دوور و درێژەیان نەبڕیوە، بەڵام بۆ گەیشتن بە کوڕەکەیان زۆر وگوێ بە

ماندووبوون و رەشەبای کوێستانەکان نادەن. ئەوان کاتژمێر ١١ی بەیانی دەگەنە قەلارەشێ و دواتر بە پرسیارکردن مەقەرەکە دەدۆزنەوە. پێشمەرگەکان سەرەتا بەخێرهاتنیان دەکەن و نازانن، کە ئەو ژن و پیاوە چ کارەن. میرزا دەرزیلە کە تازە لە پیاسەی سەر باسکی گەڕاوەتەوە چاوی لە خاڵە مینە و خێزانی هەڵدەنگوێ. هەردووک لا بە بێدەنگی چاو لە یەکتر دەکەن، بەڵام میرزا دەرزیلە بە رێزەوە بەخێرهاتنیان دەکات. خاڵە مینە بە خێزانی دەڵێ، ئەو شێخ زەرگەتەیە، کە پار پاییزێ دوو شەوان لە ماڵمان ماوەتەوە. پێشمەرگەکان بە بیستنی ناوی شێخ زەرگەتە زەردەیەکیان دێتێ و لە میرزا دەرزیلە دەپرسن، کافر هەتا ئەمڕۆ ئەو ناوە خۆشەت بۆ ئاشکرا نەکردوە؟ میرزا دەرزیلە دۆخەکە بە هەستیار دەزانێ و جوابەجەنگی لە گەڵ پێشمەرگەکان ناکات و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات. ئەو پیشوەخت چیرۆکی دیتنی پەرویزیان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بۆ چارەسەرکردن رەوانی بێژوێ کراوە. خاڵە مینە و ئاڵتون ئۆقرەیان نامێنێ و داوادەکەن، کە کەسێک یارمەتیان بدات، بۆ ئەوەی بە زیندووی چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێ. میرزا دەرزیلە کاتەکە بە دەرفەت دەزانێ و لەو بنکەیە ماندوو و شەکەتە، بۆیە بە خاڵە مینە دەڵێ ئەمن لە گەڵتان دێم، بەڵام با دوو وڵاخێک بۆ تۆ و براژنم پەیدا بکەین. بە پارەیەکی کەم دوو وڵاخدار بەکرێ دەگرن و لە گەڵ میرزا دەرزیلە بەرەو بێژوێ دەڕۆن. میرزا دەرزیلە سندووق و کەلوپەلەکەی هەڵدەگرێ و لە کورتانی یەکێک لە هێسترەکانی قایم دەکەن و دەڕۆن. ئەوان لە گوندی دەرماناوێ لادەدەن و دڵنیا دەبن، کە پەرویز بەرو بێژوێ رۆیشتوە. وڵاخدارەکان بە رێگای زەردکەیدا هەڵدەگەڕێن، کە بەردەڵانێکی سیحراوییە و بە سەر ناوچە زەردهەڵگەڕاوەکەی پاییزدا دەڕوانن. پاش رێگابڕینێکی زۆر باب و دایکی پەرویز دەگەنە بێژوێ. بە گوێرەی ئەو دەنگۆیانەی کە لە گوندەکەدا بڵاوبوونەوە پەرویز لە بنکەیەکی دەرمانی موجاهیدەکانە. میرزا دەرزیلە، خاڵە مینە و ئاڵتون لە وڵاخدارەکان جیادەبنەوە و لە گەڵ کەسێکی گوندی بێژوێ بەرەو بنکەی موجاهیدەکان دەڕۆن. کەماڵ، مستەفا و حوسێن لە بەر دەرگای بنکەکە لە دوورەوە دەڕوانن، کە میرزا دەرزیلە بە سندووقەکەیەوە لە گەڵ ژن و پیاوێک و کەسێکی دیکە بەرەو بنکەی موجاهیدەکان دەڕۆن. حوسێن بە کوڕەکان دەڵێت، ئەوە خاڵە مینە و براژنە ئاڵتوون نین؟ ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ، کە رێبوارەکان دەگەنە جێگای مەبەست. خاڵە مینە لە دوورەوە هاوار دەکات، مستەفا، کەماڵ و حوسێن توخوا پەرویز ماوە؟ ئاڵتون خەریکی لەخۆڕاکێشان و پرچ ڕنینەوەیە. هەموو چاوەکان پڕ دەبن لە فرمێسک و هاوڕێکانی پەرویز تەنیا بەخێرهاتنیان دەکەن. ئاڵتون و خاڵە مینە بە زۆر دەچنە ژووری بنکەی دەرمانی و خوازیارن کە کوڕەکەیان لە باوەش بگرن. دوکتۆرێکی فارس لە سەر سەری پەرویزە و

دوو برینپێچ برینەکانی خاوێن دەکەنەوە. دڵی پەرویز هێشتا لە لێدان نەکەوتوە، بەڵام برینەکانی تاقەتیان لێبڕیوە. ئاڵتون و خاڵە مینە بە دەنگی بەرز دەگرین و مەبەستیانە بچنە سەر سەری کوڕەکەیان، بەڵام دوکتۆر و برینپێچەکان ڕێگایان نادەن. کەماڵ و هاوڕێکانی لە گەڵ میرزا دەرزیلە دەچنە ژووری بنکەی دەرمانی و خاڵە مینە و ئاڵتون بە زەحمەتێکی زۆر ئارام دەکەنەوە.

دوکتۆرەکە بە کەماڵ ڕادەگەینێ، کە ئەوان هەوڵی خۆیان دەدەن و ڕەنگە هەتا بەیانی نەتیجەی کارەکەیان دەرکەوێ. بە گوێرەی مەزەندەی دوکتۆر ئەگەری سەرکەوتن ٢٠ لە سەدە و لە گەڵ فاکت و ڕاستییەکان هیچ ناکرێ. ئەوان پێویستیان بە کات و شوێنێکی ئارامە و باشترە دایک و بابی لە شوێنێک هەتا سبەی ئارام بگرن. کەماڵ بە دوکتۆر پێشنیاردەکات، کە باشترە خاڵە مینە و ئاڵتون کوڕەکەیان ببینن. ڕەنگە ئەوە بۆ پەرویز و دایک و بابی باشترین دەرمان بێ. دڵەکان بەمجۆرە باشتر ئارام دەگرن و ئەگەر خوانەخواستە پەرویز شەهیدیش ببێت، ئەوان دڵیان بەوە خۆخشە، کە بە زیندوویی لە سەر تەختی دەرمانگا لە ئامێزیان گرتوە. دوکتۆرەکە پێشنیارەکە بە جوان و چەسپاو دەزانێ و پاش ماوەیەک بانگیان دەکاتە ژوور. ئاڵتون و خاڵە مینە لە تەنیشت پەرویز دادەنیشن و جوڵەی چاو و زار و هەروەها دەستەکانی دەبینن. پڕ بەدڵ ماچی دەکەن و دایکی لە ماوەی نیو کاتژێردا بە سەدان جار خۆی بە قوربان دەکات. دایکی ئامادە نییە لە ژوورەکە بچێتەدەر و بە هەزار پاڕانەوە و وتە دەیبەنە دەر.

میرزا دەرزیلە لەو ماوەیەدا زۆر لە دەوری دایک و بابی پەرویز هەڵدەسووڕێ و دڵنەواییان دەدات. کەماڵ و هاوڕێکانی لە گەڵ خاڵە مینە و سندووقەکەی میرزا دەرزیلە لە یەکێک لە ماڵەکانی بێژوێ میوان دەکەن. میرزا دەرزیلە بۆ گۆڕینی خەمەکان و سازکردنی ساتێکی ئارام سەربەخۆ باس لە چارەنووس و ژیان دەکات. کەماڵ بیری دێتەوە، کە میرزا دەرزیلە لە گوندی قەلاڕەشێ داڕشتنێکی جوانی بۆ یەکێک لە منداڵەکان ئامادە کردبو. خاڵە مینە کە گوێ لە کوڕەکان دەگرێ، بە شێخ زەرگەتە دەڵێن، میرزا دەرزیلە، بۆیە پرسیار لە شێخ زەرگەتە دەکات، کە بە چ ناوێک بانگی بکەن؟ میرزا دەرزیلە بە خاڵە مینە دەڵێت، کاکە ئازادیت بە چ ناوێک بانگم دەکەی، بەڵام ئەمن بۆ ئەو گوندە دەبێ ناوێکی تایبەت بۆ خۆم ساز بکەم. بە قوربانتان بم، بە ناوی شێخ زەرگەتە و میرزا دەرزیلە ناوم مەبەن. میرزا دەرزیلە بۆ بردنەسەری ورەی خاڵە مینە و ئاڵتون چیرۆکە کۆنەکانی دەگێڕێتەوە و باس لە کەسانێک دەکات، کە ئازیزترین کەسەکانیان لە ماوەیەکی کورتدا لەدەست داوە. ئەو خۆی بە

نموونە دێنێتەوە، کە تەنیا دایک و بابێکی هەبوون و بەداخەوە ئەوانیش مردوون. ژیان و چەرخی گەردوون لە دەست مرۆڤدا نین و ناتوانین بە کەیفی دڵی خۆمان بیسووڕێنین. کوردەکان بە گشتی و گوندنشینەکان بە تایبەتی خەڵکێکی میواندار و کراوەن. گوندنشینەکان لە شار کەمتر لە لایەن خەڵکی شارەوە وەک میوان وەردەگیرێن، بەڵام شارییەکان لە گوندەکان بە رێزە وەردەگیرین. کابانی ماڵ بە گوڕ و هێزێکی تایبەتە خەریکی رازاندنەوەی ماڵ و هەروەها راخستنی سفرە بۆ خاڵە مینە و ئەوانی دیکەیە. ئاڵتون لە سەر پەتویەک راکشاوە و بۆ رزگاربوونی کوڕەکەی دەپاڕێتەوە. مستەفا، حوسێن و کەماڵ بۆ دڵخۆشکردنی خاڵە مینە ئازایەتییەکانی پەرویز لە مەیدانی شەڕ دەگێڕنەوە. کەماڵ بە خاڵە مینە دەڵێ، ئەو شەوە بە شایەتی هەموو کوڕەکان پێشنیارم بە کەماڵ کرد، کە بۆ چالاکیەکە نەیەت و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمە بکات. تەنانەت بەڵێنیمان پێدا، کە پاش عەمەلیاتەکە سەرێک لە شار و ماڵەکانمان بدەین. لە عەمەلیاتەکەدا هەموو لایەکمان ساغ و سەلیم دەرچووین و لە دوا ساتەکانی دەرچوون لە مەیدانی تێکهەڵچووندا پەرویز پێکرا. ئێمە چەند رۆژە خەو خواردمان لە خۆ حەرام کردوە و تێکۆشاوین، کە پەرویز رزگاربکەین.

سفرە سادەکەی گوندییەکان بە پڵاو، لەپاو و هەروەها رۆن و ماستی خۆماڵی رازاوەتەوە. نانی ئاشی ئاوی، گەنمی خۆماڵی، کە بە ئاو، خۆر و خاکی نیشتمان پێگەیشتوون پڕاوپڕن لە بۆن وبەرامەی نیشتمانێکی ئازاد و مرۆڤی ماندوو. هەنار و هەنجیرەکانی ئالان ماوەیەکە ماڵئاواییان لە دارەکان کردوە و لە بەشێک لە ماڵەکاندا بۆ وەرزی زستان لە گەڵ مێوژ و میوەکانی دیکە پاشەکەوت کراون. ئالان ئەو ماوەیە وەک پایتەختی خۆڕاگری لێهاتوە و دەفتەری سیاسیی و سەرکردایەتی زۆر حیزب و رێکخراو لەو مەڵبەندەدا گریساونەوە. گوندەکان پڕن لە پێشمەرگە و بنکەی جیاواز. لە گوندێکی چووکی وەک هەرزنێ، نوێنەرایەتی زیاتر لە دە حیزب و سازمانی کوردستانی و ئێرانی دەبیندرێن. پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان لەو ناوەدا ئەگەر لە هێزە رۆژهەڵاتییەکان زۆرتر نەبن، کەمتر نین. تەنیا پارتی بارزانی لەو بارودۆخەکدا دژ بە شەپۆلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان مەلە دەکات و بۆتە داردەستی پاسدار و چەکدارەکانی کۆماری ئاخوندی.

میرزا دەرزیلە و کوڕەکان بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی پەرویز بەرەو بنکەی دەرمانی سازمانی موجاهیدینی خەڵق دەڕۆن. ئەوان بۆ پەرویز نیگەرانن و بە تایبەت ساتەکانی ئەو ئێوارەیە لە

بیرناکەن، کە پەرویز چەندە خەمی دیتنەوەی شار و دایک و بابی بە روخسایەوە دەبیندرا. مستەفا باس لەو ساتە دەکات، کە پەرویز لە لە پێشمەرگەکان دواکەوتبوو و لە شار و دیمەنەکانی ژیانی ئەو شارەی دەڕوانی، هیچ قسەیەکی لە گەڵ نەکردم و تەنیا داوای لە دایکی کرد، کە گەردەنی ئازاد بکات. کەماڵ هیوابڕاوە و وەک رۆژانی رابردوو ئۆگری قسەکردن و دەمەتەقە نییە. حوسێن و مستەفا باشترن و لە گەڵ یەکتردا خەمەکانیان دەگۆڕنەوە. ئەوان لە بنکەی دەرمانی موجاهیدەکان نیزیک بوونەوە و چاوەڕوانی بیستنی هەواڵێکی خۆشن. مستەفا لە برینپێچەکە پرسیاری حاڵ و تەندروستی پەرویز دەکات. پرسیارەکەی مستەفا وڵام نادرێتەوە، بۆیە کەماڵ لە دەرگای بنکەکە دەدات و داوای زانیاری تازە لە سەر پەرویز دەکات. دوکتۆر و برین پێچەکان هێشتا کارەکانیان تەواو نەکردوە و ئەوان بە کەلوپەلە سەرەتاییەکانی پزیشکی سەرقاڵی دەرکردنی پڕیچکی تفەنگی سەتوشەشن. سەروچاو و دەستەکانیان دەرخەری موژدە نین و یەکێک لە برین پێچەکان بە کەماڵ و هاوڕێکانی دەڵێت، کە هەتا کاتژمێر ١٠ی شەو هەموو نەتەیجەیەک ئاشکرا دەبێت. برینەکان قوڵ وکارین و رەنگە بەداخەوە سەرکەوتوو نەبین. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و کەماڵی مام کەریمی بە ناچاری دەگەڕێنەوە بۆ لای خاڵە مینە و ئاڵتونی هاوسەری.

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەمڕۆ هەواڵی عەمەلایەتەکەی سێرەیانەی خوێندۆتەوە و بەشێک لە گوندنشین و گوێگرانی ئەو رادیۆیە لە رووداوەکە ئاگادار کراونەوە. میرزا دەرزیلە لەو ماوەیەدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە، کە دڵنەوایی ئەو باب و دایکە بداتەوە، کە لە تاوی کوڕەکەیان ئەو رێگا شاخاوی و کوێستانیەیان بڕیوە. ئاڵتون کە کەماڵ و کوڕەکانی دیکە لە دەرمانگاکە دەگەڕێنەوە، لە سەر بارودۆخی پەرویز پرسیاریان لێدەکات. ئەوان بە کورتی دەڵێن، پورێ سەردنێکی ئەو شوێنەمان کرد و دوکتۆر و برین پێچەکان کاری خۆیان دەکەن. هەموومان چاوەڕوانین و هیوادارین ئێوە سڵامەت بن. ئاڵتون خۆی لە خواردن و خواردنەوە دەبوێرێ و کاری گریان و لەخۆدانە. ناوبراو داوادەکات، کە بیبەنە ئەو بنکەیە و حەزدەکات، لە تەنیشت کوڕە زامدارەکەی دانیشێ. ماوەیەک ئاڵتون لە هۆدەکەدا ئارام دەکەنەوە، بەڵام ئەو دەستبەردار نییە و پێڵاوەکان هەڵدەگرێ و لە ماڵ دەچێتەدەر. خاڵە مینە و ئەوانی دیکەش بە دوای یەکتردا دەڕۆن و بە پەلە خۆیان دەگەیننە ئەو بنکە بچوڵانەیە، کە بڕیارە چارەنووسی پەرویز بەلادابخات و یەکلابکاتەوە. دوکتۆر و برین پێچەکان لە هۆدەی کارەکەیان راوەستاون و چاوەڕوانن، کە پەرویز لە دوای خاوێنکردنەوە و دروینەوەی برینەکانی چاوبکاتەوە. بە

گـوێرەی پشـکنینەکانی دوکتـۆر پەرویز هێشـتا هەناسەدەدات، بەڵام چارەنووسەکەی لە دەسـتی مرۆڤـدا نەماوە. ئەو رێگـا بە دایـک و بـاب و هەموو هاوڕێکـانی دەدات بـۆ ماوەیەک لە دەوری پەرویز کۆببنەوە. بەشـێک لەوان لەو کاتەدا دەسـتەکانیان بـۆ ئاسـمان بەرزدەکەنەوە و خاڵە مینە سەرقاڵی خوێنـدنی ئایەتولکورسییە. زارەکـان دەپاڕێنەوە و چاوەکـان پڕن لە فرمێسکی رەوان و لایەلایەی ئـاڵتون کەشـێکی خەماوی دەخـــوڵقێنێ. لەو ســـات و کاتەدا پەرویز چاوەکـــانی دەکاتەوە و بـــۆ ماوەیەک لە دەوروبەر دەڕوانـــێ. ئەو دواســاتەکانی بە دەنگـــی گریـــانی دایـــک و بـــابی تێپەڕدەکات و زۆر هەوڵـــدەدات، کە قسەیەک بۆ ئامادەبووەکان بکات، بەڵام زمانی لە گۆکەوتوە. بە دەستەکانی ئاماژە بۆ دەوروبەر دەکـات و دایک و بـابی لەو ساتەدا دەچنەسەر سەری و مـاچی دەکەن. پەرویز لەو کاتەدا ماڵئـاوایی لە دایک و بـــاب و هاوڕێکـــانی دەکـــات و جەســـتەی ســـارد دەبێتەوە. خەمێکی گەورە لە سەر شـــانی هەموو لایەک قورســـایی دەکـــات و کەس لاقـــی چوونەدەری نییە. ئـــاڵتون بە تونـــدی مێـــزی لێـــداوە و هاواردەکـــات، کە چاوەکانی هەڵێنێتەوە و خوشک و براکەی چاوەڕوانن. بـاوکی، بە چـاوێکی پڕ لە گریـان و جەستەیەکی مانـدوو دەڵـــێ، رۆڵە خـوا ئاگـاداره و خەبەرداره، کە تـۆ و مـردن لەو تەمەنەدا زۆر لێکـدوورن. لە گەڵ چارەنووس هیچ ناکرێ و ئێمەش هەموو ئەهلی مردنین. هاوڕێکانی لە دەوروبەری کۆبوونەوە و ئەوانیش بـۆ ئەو کۆچە بەداخن، بەڵام هەموویان دەزانـن کە کـاروانی شەهیدان لەوە درێژتـرە و بە ئاسـانی ئەو دۆخە ناگۆڕێ.

پەرویز بە تابوتەکەی مزگەوتی سوور سەردەشت دەگوازنەوە بـۆ مزگەوتی گونـدی بێـژوێ و هەتا بەیانی دایک و بـاب و هاوسەنگەرەکانی لە دەوری دێن و دەچن. چەند فەقێ و قورئانخوێنێک خۆبەخشانە لە سەر تەرمەکە قورئـــان دەخـــوێنن و یەکێک لە مەلاکان بەیانی زوو لە مزگەوت لە سەر مەقامی بەرزی شەهید دەدوێ. خاڵە مینە و ئـاڵتون لە ترسـی رێژیـم نـاوێرن تەرمەکە بەرنەوە گۆڕسـتانی شـار و بـۆ ماوەیەکی کاتی لە گۆڕستانی بێژوێ بە خاکی دەسپێڕن و سەرەخۆشی لە مزگەوتی گوندەکە بـۆدادەنێن. چەنـد رۆژێـک دواتـر نـاوی پەرویز وەک شەهید دەخویندرێتەوە، کە لە شەڕی چەنـد رۆژ لەوە پێشـی ناوچەی سەردەشـت دەپێکـرێ و سەرئەنجام شەهید دەبـــێ. میـــرزا دەرزیلە ئەو رۆژانە وەک نموونەی مرۆڤی دڵگەورە و بێدەنگ لە دەوری خاڵە مینە و ئاڵتون و کوڕەکانی دیکەیە. کەماڵ، مستەفا و حوسێن داوا لە میرزا دەرزیلە دەکەن، کە لە دەستەی ئەوان ببێتە پێشمەرگە. شیخ دەرزیلە لە کەماڵ دەپرسێ، کاکە ئێوە وەرنە دیوی ئالانی، بە گۆڕی دایک و بابم ساڵێکی دیکە لێرەش هەڵدەقەندرێین. ئەمن لە

بەر خاتری ئێوە بۆ بنکەی دەرماناوێ دێمەوە ، بەڵام کوڕینە باوەڕکەن ئەو ئالانە بۆ حیزبەکان وەک مێرگ و باخی سیاسەتی لێهاتوە. رەنگە لەو مەڵبەندە حیزب و سازمانی سەیر و سەمەرە سازبکرێن و درووشمی شۆڕشی گۆڕانی جیهان لەو سەر چۆم و بن سێبەرانە سەرهەڵبدەن. میرزا دەرزیلە و پێشمەرگەکان لە گەڵ باوک و دایکی پەرویز بە رێگای زەردکەیدا دەگەڕێنەوە. ئاڵتون و خاڵە مینە بە سواری ئەسپ و ئەوانی دیکەش بە پێ رێگایەکی درێژیان بڕی. شەو لە گوندی قازانی دەمێننەوە و بەیانی لە گەڵ دوو وەڵاخدارەکە هەتا گوندی مارەغانی چوون و پاشان بە سواری ئوتۆمبیلی لەندەوێر خۆیان گەیاندەوە ماڵ. کەماڵ و هاوڕێکانی پەرویز هەتا نیزیک گوندی مارەغانی لە گەڵ دایک و بابی پەرویزی چوون و ماڵئاواییان لێکردن. میرزا دەرزیلە لە گەڵ مستەفا، حوسێن و کەماڵ زۆر دەگونجاو و پێکەوە سازگاربوون. لە رێگای گەڕانەوە بۆ بنکەی دەرماناوێ لە چەند گوندێک بۆ ماوەیەکی کورت دەمێننەوە. سندووقەکەی میرزا دەرزیلە بۆ منداڵ و ژنان پرسیار و گومانی زۆری ساز دەکرد. لە گەڕانەوە بۆ گوندی دەرماناوێ کوڕەکان لە گەڵ میرزا دەرزیلە ساغبوونەوە، کە ناوێکی گونجاوتر بۆ خۆی بدۆزێتەوە و با لە ماڵ و مەقەڕی پێشمەرگە زۆر سەری نەخەنە سەر و ئازاری نەدەن. میرزا دەرزیلە ماوەیەک بیردەکاتەوە و چەند ناوێک لە بیروزەینی خۆیدا بژاردەکات، بەڵام هیچ ناڵێت. حوسێن لە میرزا دەرزیلە دەپرسێ، بیستوومە تۆ عەڕەبی دەزانیت، بۆچی ناوی کێو بە عەڕەبی بۆ خۆت هەڵنابژێری؟ میرزا دەرزیلە دەڵێت، کاکە ساڵێکی دیکە ئێمە دەچینە ئالانی و ناوە تازەکەم پێویستە لەوێش کەڵکی هەبێ. لە ئالانی ئاغا و حیزب زۆرن و لێرەش کوێخا، نازانم کامەیان لە گەڵ سیاسەتەکانی حیزب و گەل دەگونجێ؟ ئەگەر ئاغا و جەبەل لێکدەم بە براوی ئێوە چ نانێکی لێدەردەچێ؟ جەبەلئاغا!

وەستا مستەفا بزەیەکی دێت و دەڵێ کاکە هەر ناوێک بۆخۆت هەڵدەبژێرت، پیرۆزە و ئێمە بە هەموو ناوێک رازین. زستان سەری لە کەل دەرهێناوە، بەڵام مانگی بەفرانبار بەرگی سپی لە بەر خەکی ئەو ناوچەیەی نەکردوە. لە نێوان بنکە و مەقەڕی پەل و دەستەکان پێوەندییەکی توندوتۆڵ نییە، بەڵام ئاشنا و خزمەکان لە دەرفەتدا سەردانی یەکتر دەکەن. ئەو زستانە کەماڵ وازی لە مامۆستایەتی هێناوە و بڕیاری داوە لە مەقەڕدا ئەرکی خوێندەوارکردنی پێشمەرگەکان بەئەستۆ بگرێ و هەروەها بۆ خوێندەوارەکان زنجیرە کۆبوونەوەیەک رێکخات. ئەو لە جەبەلئاغا کەڵک وردەگرێ و پرسیارەکانی ناوبراو لە کۆبوونەوەکاندا تاوتوێ دەکرێن. کەماڵ دەزانێ، کە جەبەلئاغا مرۆڤێکی خاوەن ویژدانە و

ڕەخنەکانی بۆ چاکسازییە و ئەو لە وتە و پرسیارەکانیدا ئاوێنەی لایەنە لاوازەکانی بزوتنەوەی کورد لە کوردستاندایە. جەبەلئاغا لەو کارە دڵخۆشە و ئەوجار تێدەکۆشێ زیاتر ئاگاداری رووداوەکان بێت و چاوی لە سەر سیاسەتی حیزب و ڕێکخراوەکان تیژتر دەکات. ناوبراو بۆ ئەو مەبەستە گوێ لە رادیۆ عەرەبی زمانەکان دەگرێ و هەواڵە گرینگەکانی لە کۆبوونەوەکاندا بە کورتی باس دەکات. ئەو لە کۆبوونەوەکاندا هەوڵدەدات، کە بەشداران زۆرترین سوود وەرگرن، بۆیە بۆ فێرکردن لە چیرۆک کەڵکوەردەگرێ. جەبەلئاغا گرینگی چیرۆک بۆ کەماڵ شیدەکاتەوە و دووپاتی دەکاتەوە، کە هەموو کتێبە ئایینیەکان بۆ فێرکردنی باوەڕخوازن و تەنانەت بێ باوەڕان بە زمانی چیرۆک دەدوێن. گرینگە کە مێژووی بزوتنەوەی کورد و تەنانەت ڕەخنەگرتن لە ئەمڕۆی کوردایەتی بە شکڵ و شێوەی چیرۆک دابڕێژین. زۆربەی خەڵکی کوردستان لەو ئاستەدا نین، کە شەڕی وشە و تێۆرییەکان بکەن و هونەر ئەوەیە، کە بە زمانێکی ساد و ساکار لە سەر بابەتەکان قسە بکرێ. کەماڵ ئۆگری زۆری بۆ بیروڕای جەبەلئاغا هەبو، چوونکە ناوبراو لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەکردەوە لە گەڵ کەندوکۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەبات ئاشنا دەبێت. لە یەکێک لە شەوەکانی ڕێبەندداندا کۆبوونەوەیەک لە سەر گرینگی فێربوونی زمانی دایک لە بەستێنی خوێندنەوە و نووسیندا دەکرێ و جەبەلئاغا لەو پێوەندییەدا زۆر ئەزموون دەگێڕێتەوە. ئەو زستانە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکان لەو بنکەیەدا لە گەڵ زۆر بابەتی سادە و ساکار ئاشنا دەبن و بەشێک خوێان فێری زمانی دایک کردوە. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ڕەشەمەدا کۆبوونەوەیەک لە سەر کەموکوڕی حیزبەکان لە کوردستاندا دەگیرێ، کە بە شێوازی کۆمێدی لە لایەن جەبەلئاغا بەڕێوە دەبرا. ناوبرا بۆ کاریگەربوونی پەیامەکەی هەڵسەنگاندن بۆ زۆر حیزب و سیاسەتەکانی دەکات، کە بە داخەوە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندیدا شکاون. ئەو ئاماژە بە مزگەوتەکان و دینی ئیسلام دەکات، کە بۆ کۆماری ئاخوندی بوو بە مایەی خێر و بۆ حیزب و هێزە کوردییەکان دەردەسەر. لەو کۆبوونەوەدا جەبەلئاغا هاوڕێکانی دڵنیادەکاتەوە، کە تۆکمە نین و رژێم لەو خاڵە لاوازنەی ئێمە کەڵکوەردەگرێ. ئێمە خەڵکێکی ساویلکەین و بڕوانن، لە گوند و شارەکان چەندە خەڵک بە ئاشکرا و نهێنی لە گەڵ ڕێژیمن و شەڕی براکانیان دەکەن. ڕەنگە بەشێک لەوان نەدار و هەژار بن و ژمارەیەک نەزان، بەڵام ئەگەر کورد وریا و خاوەن ناسنامەی خۆی بێت، چۆن دەکرێ لە ژێر ناوی هەژاریی و نەزانیندا دژ بە خاک و گەلەکەی بێ و هاوکاری دوژمن بکات! ئێمە و تەنانەت سەرکردەی حیزبەکان هەرکەسە و بۆ مەرامێک لە ڕێژیم قاچاخ دەبین، بەڵام زۆربەمان سەرمایەگوزاری لەسەر گیانی شۆڕشگێڕی ناکەین و پاش ماوەیەک لە کوردایەتی و حیزبایەتی وەڕەز

دەبین. حزبەکان بە فۆڕمی عەشیرە و هۆز کار دەکەن و سەرکردەکانیان باوەڕیان بە درووشمەکانی خۆیان نییە. ئێمە بۆ ڕێژیم و ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری ڕێژیم لە سەر خاکی کوردان شەڕی ژینگە، خاک و کولتورەکەمان دەکەن. ئەوان لە پێناوی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیەکی جوانکاریکراودا لە کوردستانن و خەڵکی ئێمە لە هەموو قۆناخەکاندا زەرەمەندی یەکەمە. پێشمەرگە و هێزی بەرگری ئێمە و بە تایبەت سەرکردایەتی حیزبەکان لە مەڕ داهاتوو بەرچاوڕوون نین و لە زۆر بواردا بە سەر رووداوەکاندا دەکەون. زۆربەی جحیڵ و گەنجەکانی ئێمە کە بۆ پێشمەرگایەتی دێن، خەونێکی گەورەیان هەیە، بەڵام دوای ماوەیەک ژمارەیەک لەوان دەگەڕێنەوە شار و گوندەکانیان و خەبات و شۆڕش بە رابردوو دەسپێرن. حیزب هەیە، درووشمی عەجایب و غەرایب بۆ ئێمەی کورد دەدات، کە ئەگەر وردی کەیەوە بە ڕێژەی نیوکیلۆ قەندی میاندواو خێری بۆ خەڵکی چاخۆرەوەی کوردستان نییە!

خاڵە مینە و ئاڵتون کە گەیشتنەوە ماڵ لە ژێر باری خەمی لە دەستدانی کوڕەکەیان ئەژنوویان شکاوە. ئەوان لە لایەن سپای پاسدارانەوە ڕێگایان پێنەدرا سەرەخۆشیەک بۆ پەرویز دابنێن. خەڵک تاقولۆق دەچوون و سەردانیان دەکرد، بەڵام ئازاری زامی کۆچەکە گەورەیە. زارا و لەیلا زۆربەی ڕۆژەکان سەردانی ئاڵتونیان دەکرد و پێکەوە چینێک دەگریان و دەڕۆیشتنەوە. مام دەروێش بابی وەستا مستەفا لە گەڵ هاوسەرەکەی چەند جارێک سەردانی خاڵە مینەی کردوە و بۆ پێدانی سوکنایی بە دڵی شکاویان شەوانە لە ماڵەکەیان ماونەوە و بۆ ماڵی خۆشیان داوەتیان کردوون. ئازیز دایکی حوسێن لە سەردان و دیداری ئاڵتون و منداڵەکانی دریغی نەکردوە. خەڵکی دیکەش بە گوێرەی توانا و غیرەت چاویان لە خاڵە مینە و خێزانەکەیەتی و پشتیان گرتوون. خاڵ عەباس و پورە ناز زۆربەی ڕۆژانی هەینی سەردانی ماڵی خاڵە مینە دەکەن. پورە ناز زۆر جاران خەریکە هەموو چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، بەڵام خاڵ عەباس بە نووکی گۆچانەکەی وەبیری دێنێتەوە، کە ئەو باسە سەر دەخوات و پێویستە بۆ هەمیشە بەردێکی لەسەر دانێین.

واحید پاش گەڕانەوە لە کانییەڕەش، چەند جارێک لە گەڵ شۆفیرە دۆستەکەی یەکتریان دیوە، بەڵام بە هەموو مانایەک خۆی لە پرسیاری شۆفیرەکە دزیوەتەوە. شۆفیرەکە هەتا واحید دەبینێ، یەکسەر دەچێتەسەر باسی ئەو ئێوارە و داوای لێدەکات، کە برایانە ئەو نهێنیەی بۆ ئاشکرا بکات. مەلا برایم زۆر ڕۆژان سەردانی خاڵە مینە دەکات و وەک مرۆڤێکی خاوەن گیانی کوردایەتی ڕۆڵی باش لە

دڵدانەوەی خاڵە مینەوە هاوسەرەکەیدا دەبێنێ. مەلا برایم زۆر لە خالیدی مەولود بەزازی بەداخە و چیرۆکی نامەکەی پەرویز بۆ دایک و باوکی باس دەکات، کە لە دووکان لە گەڵ پاسدارێک بە زۆر داوایان لێدەکرد، کە بیخوێنێتەوە. ناوبراو ئەو نامە بە شاکارێک پێناسە دەکات و بەو تاریفکردنە دڵی ئاڵتون و مێردەکەی شاد دەکات. ناوبراو، لە کاتی گێڕانەوەی نامەکەدا هەموو جارێک دووپاتی دەکاتەوە، کە بە کوێرایی کوڕی مەولود بەراز و پاسدارە کورتانداڕەکە وشە تیژ و کارامەکانی پەرویزم بە دەنگێکی شێرانە دەخوینەوە. مەولود بەزاز و کوڕەکەی لە گەڵ زۆر چەکداری خاک و گەلفرۆش ئازاری خەڵک دەدەن و تەنگیان بە جیران و ماڵە کوردپەروەرەکان هەڵچنیوە. خاڵە مینە زۆر جاران لە ماڵ و دەرێ باس لەو پەندە دەکات، کە سەگی هار عەمری چل رۆژە. ئەوان و زۆر کەس دیکە بۆ کوژارانی خالید و مەولود و چەکدارەکانی دیکە رۆژژمێری دەکەن.

شارەکان زیاتر لە جاران لە لایەن مۆڵگە و ناوەندە نیزامییەکانی رێژیم کۆنترۆڵ کراون. رێژیم و ئاخوندەکان روخسار و نێوەرۆکی خۆیان بە تەواوەتی ئاشکرایە، بۆیە حیزبە چەپ و راستەکان وەک رابردوو پڕوپاگەندە بۆ نیزام و دامەزرێنەرەکەی ناکەن. ئەوانەی، کە لە زۆنی خەبات دژی ئیمپریالیزمدا بەرچاوڕوون نەبوون و لە سەرەتادا کەوتبوونە داوی درووشمی ئاخوندەکان و چاوڕوانی نیزامێکی چەپ سالاریان دەکرد. ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان وەک چەپەکان هێشتا تامی نانی تەقیەی ئاخوندەکانیان لە قەپانی زمان و زار نەدابو، بۆیە سەرەتا بوونە پاڵپشتی رێژیم و سەرئەنجام لە کۆتایی شانۆیەکەدا کەوتنە بەر عەزابی فێڵبازەکان. ئەوان نە تەنیا لەو رێگایەدا ریشیان دەستنەکەوت، بەڵکو سمێڵی سوور و رەشیان لەسەر دانان. سیاسەتی چاوەڕوانی و خۆخەڵەتاندن بە وتەی جەبەلئاغا وەک ئاور کەوتۆتە نێو پووش و پەڵاشی نیشتمان و بە ئاسانی ناکوژێتەوە. جەبەلئاغا ئەو رۆژانە چەندە بە هاتنی بەهار دڵخۆشە، دوو هێندە بە دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی رێژیم دڵگیراو و شەکەت. ناوبراو لە کۆنەوە باوەڕی بە وتوێژ نییە و لە هەموو شوێنێک بە بازی و گەمە پێناسەی دەکات. کاتێک لە بنکەی پێشمەرگەکان چاوەڕوانی کۆبوونەوەی نوێنەرانی دێموکرات و رێژیم یان هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد و رێژیم دەکرا، جەبەلئاغا وەک مەلا فەلسەفە، شێخ زەرگەتە، میرزا دەرزیلە و هتد شۆڕشی لەبەرچاوان رەش دەبوو. ئەوساڵ ئاشکراتر لە ساڵان رەخنە دەگرێ و لەوە ناترسێ، کە وەک رابردوو لە ماوەی مانگێکدا دەرپەڕێندرێ یان سوکایەتی پێبکرێ. ناوبراو لە گەڵ حوسێن، مستەفا و کەماڵ و زۆربەی پێشمەرگەکان سازاوە و بە خۆشترین ساڵ لە دوای شۆڕشی گەلانی

ئێران ناوی دەبات. لە گەڵ گوندنشینەکان ئارامە و بە کەیفی دڵی وەرزێڕ، کرێکار، سەپان و پاڵە قسە دەکات. خەڵکی گوندەکان سادە و ساکارن و مرۆڤی راستگۆیان خۆش دەوێ. ئەوان رێزێکی زۆر لە مامۆستای قوتابخانەکان، مەلاکان و کەسانی خزمەتگوزار دەگرن و بە دڵێکی کراوە و پاک دەمەتەقەیان لە گەڵ دەکەن. خەونی جەبەلئاغا ژیانێکی شاد بۆ ئەو خەڵکە هەژارەیە، کە سفرە ساکارەکانیان بۆ چەکداری چەپ، راست، کوردی کوێستان و گەرمێن، چەکداری فارس و ئازەری، ئیسلام و غەیری ئیسلام راخراوە و نان و خواردنەکانیان لە گەڵ بەشدەکەن.

شەڕی پاشەکشە و خەباتی کرچ وکاڵ

کوێستانەکانی نیشتمان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کراونە مەیدان و سەنگەر. بەهار پڕە لە بۆنی بەفری تواوە و گوڵ و گیا رەنگاوڕەنگەکان. جوانی سەرەتای بەهار لە هێندێک لەو ناوچانە بە وشە دەرنابڕدرێ. رەنگ و رازاوەیی دیمەنی دار، خڕ، چۆم، دەشت، مەزرا، تەپۆڵکە، باسک، کێو و بناری چیاکان لە گەڵ پەڕەسێلکە ماندوو نەناس و دەنگی باڵندە و خشۆک و گیانلەبەرە ئاوییەکان سوار لە سەر باڵی بای شەماڵ خاکی ئیمپراتۆڕی بەهار بەسەردەکەنەوە. گوندنشین و ژمارەیەک لە خەڵکی شارەکان بۆ دیتنی دیمەنە جوان و شاکارەکانی سرووشتی بەهار بەرەو کوێستانەکان دەڕۆن و بە کۆمەڵ مەندێ، کەنگر، بیزا، دۆرێ، کوڕادە، سیرمۆکە، رێواس و کارگە بەهاری کۆدەکەنەوە. کوڕان و کچانی نێو باوەشی بەهار لەو بەرزاییانە چاو لە دۆڵ و گوند و تارماییەکانی دواڕۆژ و ژیان دەکەن. ئەوان لەو هەوا ئازادە و لەو لوتکە سەرکەشانە خەون بە پێکەنین و زەردەخەی ئاسمانەوە دەبینن، کە زنجیرە کێوە هەورێکی رەش و نێوچاوان تاریکی لە باوەش گرتوە و بە ئاوازی هەورە تریشقە و بروسکە ئاوپڕێنی خاک دەکات. شەماڵی بەهاری لە پۆستاڵی داگیرکەکان ناترسێ و دڵنیایە، کە تاوێرە بەردەکان و لوتکەی کێوە سیحراوییەکان فێری سەردانەواندن و تەسلیبوون نەبوون. بەهار بۆنی باڕوتی چەکی داگیرکەران بە فرمێسکی چاوی گوڵاڵەکان دەشواتەوە تۆزی گوڵاوی کولتوری داگیرکاریی بە خوڕەی چۆمە هەستاوە بەهارییەکان دەشواتەوە، کە بەسەر زەویدا دەخشێن و لە ئامێزی خاکدا وێنەی تەوژمی جوڵان دەکێشنەوە.

ئەو نیشتمانە لە کۆنەوە کراوەتە ناوچەی شەڕ زۆر هێز و لشکر بۆ داگیرکردن و وێرانکردنی ئەو ژینگەیە تێکۆشاون. خاکێکی لەتکراو و خەڵکێکی پەرتەوازە و لێکدابڕاو، کە زۆر ئاگاداری رابردوو و مێژووی خۆیان نین. زمانی نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکان بە کەڵکوەرگرتن لە ئاسن و بەندیخانە بۆ شکاندنی ئیرادەی کوردان لە هەموو پارچەکان بەکارهاتوە. هەر پارچەیەی کوردستان بە گوێرەی توانا و دەرفەت لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکان رەواکانیدا جوڵەیەکی هەیە، کە لاوازە و بە هۆکاری جیاواز توانای جوڵاندنی خەڵکی نییە. خەڵکی کوردستان هەستی کوردایەتیان هەیە، بەڵام ئەو هەستە کاری لەسەر نەکراوە و نەبۆتە رایەڵکەی لێکگرێدانی کوردەکان. لە ژێر کارتێکەری ئەو بارودۆخەدا، بەشێک لە کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەبنە چەکداری حکومەتەکان و وەفایان بۆ ماف و

داخوازە ڕەواکانی گەلەکیان نییە.

خالیدی مەولود بەزازی یەکێک لەو کەسانە، کە لە پێناوی نەخشە و پلانی سپا و پاسدارەکاندا لە ئازار و ئەشکەنجەی هاوشارییەکانی تەنەخی ناکات. ئەو لە گەڵ باوکی وێنەیەکی دزێوی کولتوری نەتەوەی ژێردەستەکانن، کە هەتا بینەقاقا نوقمی خەیانەت و خۆخۆرین. شیرینی مام کەریم کە هاوسەری خالیدە، لە گێژاوێکی گەورە و دانەمرکاوەدا دەژیت. ئەو چاوەڕێی منداڵە و دەپارێتەوە، کە خوا کۆرپەیەکی سەلامەت و ساڵحی پێبدات. ناوبراو چاوەڕوانە ئەو کۆرپەیە دەرگای ژیانێکی تازەی بەسەردا بکاتەوە و لە تەنیایی و هەروەها خەمی ماڵی مەولود بەزازی رزگاری کات. کێشە و رقی نیوان بوک و خەسوو ئەوەندە زۆرە، کە لە ماوەی چاوەڕوانی کۆرپەدا هیچ جۆرە رێنوێنی، یارمەتی و هەروەها قاپە خواردنێک بۆ شیرین ڕەوانە نەکراوە. شیرین لە ترسی منداڵبوون و ئازارەکانی شەو و ڕۆژ نیگەرانە، بەڵام تەنیا لە گەڵ کۆرپەی ناو منداڵدانەکەی ئەو ترس و ئازارە باس دەکات. شیرین داوا لە خالید دەکات، کە مامانی بۆ ئاگادار بکاتەوە و رەنگە لەو رۆژانەدا منداڵەکە لە دایک ببێت. خالید لەو ماوەیەدا زۆر بیری لە رەگەزی کۆرپەکە کردۆتەوە و بەڵێنی بە شیرین داوە، کە ئەگەر کوڕیان ببێ، بازنەی زێڕی بۆ دەکڕێت. ناوبراو لە رەگەزی کچ بێزارە و زۆر جاران بە شیرین دەڵێت، ژنێکی باش و رێکوپێکم لە دەوروبەری خۆم نەدیت. ئەوەتا دایکم هەتا ئێوارە وەک سەربازی شەڕکەر لەو حەوشە و ماڵەدا گۆڕەگۆڕیەتی. ئەوەتا لە دایک بووم، لە شەڕی نێوان بابم و دایکم رزگارم نەبوە. بابم زۆر گوێی بە دایکم نەداوە و هەموو شتێکی قبوڵ کردوە، بۆیە دایکم شوولی لێهەڵکێشاوە و بە راست و چەپدا پەلامار دەدات. ئەوە ئەتۆ لەو رۆژەی هاتوویە ئەو ماڵە لە گەڵ دایکم بەردەوام لە سەر سێبەری ئەستێرە و مانگ شەڕتانە. رۆژانە لەو حەوشەیەدا بوونە سەیرکەری خەڵک و دەستتان لە سەروپرچی یەکتر ناوە. ئەوەتا دایکت، لەو رۆژەوە کە زانیویەتی ئەمن و تۆ یەکترمان خۆشدەوێ، قەت قسەیەکی خێری لەسەر ئێمە نەکردوە. لە هەمووی گرینگتر شیرین ئەمن سرووشتی پیاو دەناسم و ئەوەتا دایکت چەندە بە پاک و خاوێنی تۆی گەورە کردوە، بەڵام ئەمن بە دوو سەربادان و قژداهێنان تۆم لە خشتەبرد. بە کوردی، حەزم لە کچ نییە و دەزانم ئەگەر لە داهاتوودا زاوام هەبن، لە خۆم باشتر نابن و خەسوەکانیان لە دایکم چاکتر نابن. شیرین لە خالید دەپرسێ، باوەڕدەکەی هەموو پیاو و خەسوەکانی دنیا ئاوا بن؟ ئەمن کە مێردم بە تۆ کرد، چاوەڕوان بووم، کە جێگای دایک و ماڵەوەم بۆ پڕکەنەوە. ئەتۆ ئاگاداریت، کە ئەوان بەو مێردکردنەی من بە تۆ رازی نەبوون و رقیان لە چەکی رێژیم و کاری

سیخوڕایەتی بو. تۆ، دایکت، بابت و تەنانەت منداڵەکانی دیکەتان لەو ماوەیەدا بە چ شێوەیەک لە گەڵ مندا هەڵسوکەوتتان کردوە؟ خۆزگە چەند کەلاسێک سەوادم دەبو، هەتا ئەو زوخاوەم بە وردی لە سەر لاپەڕەکان دەنووسیوە. خالید بە گاڵتە دەڵێ، شیرین هەر بە چەند کەلاس سەوادی نابیتە هیچ. ئەوەتا ئەمن بەشی خۆم چوومە قوتابخانە و کەچە فارسییەک دەزانم، بەڵام خوا شاهیدە نامەیەکم بۆ نانووسرێ. شیرین رۆژگارێکی تاڵمان بەسەربرد. لە ماڵەوە هەر شەق و لێدان و لە قوتابخانەش بە دار، شەق، کابڵ، قەڵەم و راستەی تیغدار و سۆندە سەرکز و کۆڵەواریان کردین. ئەو مەعەلیم و ئاموزگارانە زاڵم بوون و لە داخی ئەوان و شەقی بابم بوومە بەسیجی و پاسدار. باوەڕ بکە، شەو لە ماڵەوە وەک کەری خۆڕایی لە سەر و پشتمان دەدرا و رۆژانەش وەک تۆپی دڕاوی منداڵان شەق شەقێنمان پێدەکرا. بۆ مزگەوتێک دەچووی پیرە پیاوێک یان مجێورێک دەریدەپەڕاندی! بۆ پارکی شار دەچووی، چەند منداڵێک دەوریان دەگرتی و بە کۆپە و کرمانج و دێهاتی پارکیان لێدەکردیە جەهەندەم. بۆ خۆپەنادان و حەسانەوە ئەگەر دەچوویە ماڵی خزمان، تەنیا شەوی یەکەم دنیا بێدەنگ بوو. رۆژانی دیکە شەڕی سێهەمی جیهانی ساز دەکرا و بە لاقی خۆت رزگارت دەبو. باب بە کەیفی خۆی شەقی دەوەشاندن و دایک و منداڵ یەکیان دەگرت و پێکەوە بابی ماڵیان لە قوڕنەیەکدا کۆدەکردەوە. مەلای ئەو گەڕەکە چەند ساڵ لەوەپێش داوای لە بابم کرد، کە رۆژانە بۆچی دەرسی قورئان ناخوێنم. ماوەیەک چوومە لای مامۆستا بە شولک و دار پشتەدەستی ئەستوور کردبووم و لە ماڵی خوای و بە دەستنوێژەوە جنێوی سەیر و سەمەرەی دەدان. هاوینێکی بابم بۆ دۆفرۆشتن رەوانەی لای کابرایەکی کردم، کە بە رواڵەت بێدەنگ و سازگار بو. لە رۆژی سێهەمەوە کابرای دۆفرۆش جنێوی دنیای دەدان و هەزار جار بە منی دەگوت، خالید، ژنێ من! ئەو پەرداخەی بشۆوە و ئەو جۆگەیە خاوێن کەوە. ئەوکات هیچ رێگایەکم شک نەدەبرد، بۆیە ناچاربووم هەموو سوکایەتیەک قبوڵ بکەم. هاوینێکی لە گەڵ وەستای دیواردانانێ کارم دەکرد، بە سەدوچاردە سوڕەتی قورئانێ وەک کۆیلە بوم و چەند جارێک وەستا خشت و کەمچەی رێهاڵاندووم. لە هیچ شوێنێک ئەمن و ئەمان نەبو، بۆیە دنیای خالیدی مەولود بەزازی دنیایەکی پڕ لە ژان و ئاڵۆزییە. ئەگەر ئەو ئینقلابە نەکرابا، رەنگە لە داخی شەق و جنێوی ماڵ و قوتابخانە وەک شێتەکانی سەرجادە چەنگم لە شاخی دابانایە و سەرئەنجام بۆ شێتخانەیان رەوانەکردبام.

شیرین ژانی منداڵبوون ئۆقرەی لێهەڵگرتوە و وێڕای گوێگرتن لە چیرۆکەکانی خالیدی، لە هۆدەکەدا پیاسەدەکات. خالید ناچارە مامانێک پەیدا بکات و پاش ماوەیەک لە گەڵ حاجی ژنە خاتوون

دەگەڕێتەوە ماڵ. ماماناکە دەستێک لە زگی شیرین دەدات و لە سەر چۆنیەتی پێش ژانەکان پرسیاری لێدەکات. حاجی ژن چاوێک لە ماڵی شیرین دەکات و هەستدەکات، کە ئامادەکاری نەکراوە و هیچ جۆرە پێداویستی ئامادە نەکراون. خالید بە پەلە بۆ نێوبازاڕ دەنێرێ و کەلوپەلی پێویستی پێدەکڕێ. داوا دەکات، کە هەنگوین، ڕۆن و هێلکەی خۆماڵی بکڕێ. حاجی ژن لە چەند سەعاتی یەکەمدا تێدەگات، کە خالید پیاوێکی ماڵدار و بەمشوور نییە. مامان لە شیرین دەپرسێ، کە دایک، خوشک یان خەسوو و جیران بۆ کاتی منداڵبوون ئامادە دەبن. شیرین دەڵێ، حاجی ژن ڕەنگە خۆم و خۆت بین و با کەسی دیکە نەیەت. حاجی ژن بۆ شیرین چۆنیەتی منداڵبوون ڕووندەکاتەوە و ئاگاداری دەکات، کە پێویستە ژنێک یان دوو ژن وەک یارمەتیدەر ئامادە بن و ئەو کارە تەنیا بە مامان هەڵناسووڕێ. خالید داوا لە دایکی دەکات، کە ئاگاداری شیرین بێت و لە سەر ڕۆژ و مانگی خۆیەتی. دایکی خالید سوێندی خواردوە، کە بە چاک و خەراپ کاری بە شیرین نەبێ، بۆیە بە کوڕەکەی دەڵێت، کە باشترە دایکی شیرین لەو ڕۆژەدا ئامادە بێ. خالید دەزانێت، کە پورە زارا و لەیلا ئامادە نین دەرگای لێبکەنەوە، بۆیە بە مامانەکە دەڵێ، حاجی ژن ئەگەر ژنێکی گونجاو دەناسی با بێت و دیاریەکی بۆ دەکرین. حاجی ژن لە گەڕەکی خۆیان دوو ژنی بەساڵداچوو دەناسێ، کە خاوەن ئەزموونن و دەتوانن لەوکارەدا یارمەتی بکەن. ناوبراو بە پەلە لە دوای ئەسمەر و ئامین دەچێت و پێکەوە دەچنە لای شیرین. ئەوان شەو چاوەڕوانی لە دایکبوونی کۆرپە دەکەن، بەڵام هیچ ڕوونادات. ئەوان ئەو ڕۆژە بە کەیفی دڵ لە گێڕانەوەی باسە کۆنەکان ڕادەچن و هەر کامە سەربردەیەک دەگێڕێتەوە. سەرئەنجام لە دوای بانگی ئێوارە کۆرپە لە دایک دەبێ و شیرین لە ئازار ڕزگاری دەبێت. شیرین بە دڵ چاوەڕێی کچی کردوە و کۆرپەکەش کچە، بەڵام ئەو هەواڵە بۆ خالید و ماڵی خەزووری زۆر دڵخۆشکەر نییە. دایکی خالید لە کاتی منداڵبووندا تەنیا بۆ ئاگاداربوون لە ڕەگەزی کۆرپەکە منداڵە چووکەکەی دەنێرێتە ژوور. حاجی ژن، ئامین و ئەسمەر گوێ لە خۆزگەی خالید ناگرن و دڵخۆشی شیرین دەدەنەوە، کە کچ بۆ دایک و باب لە کوڕ زۆر باشترە. شیرین کۆرپەکەی ماچ دەکات و دەستخۆشی لەو ژنانە دەکات، کە لەو ماوەیەدا زەحمەتیان لە گەڵ کێشاوە. خالید بە سەر وچاوێکی تێکچڕژاو دیاریەک دەداتە ئامین و ئەسمەر و داوا لە حاجی ژن دەکات، کە دوو ڕۆژێک ئاگادری شیرین بکات. ئەسمەر لەو ژنانەیە، کە قسەی کەس ناناگرێ و خەبەرەکە بۆ پورە زارا دەبات و پڕ بە دڵ باسی خەراپی ماڵی خالیدی مەولود بەزازی دەکات. چەند جارێک دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەو کچەی بە خۆڕای ڕۆیشتوە و خۆزگە هەر مێردی نەدەکرد. پورە زارا زۆر ناچێتە نێو باسەکە و لە کای کۆن بەباکردن ماندوویە. ئەسمەر بۆ دڵخۆشکردنی

پور زارا زۆر جنێوی تایبەت بە مەولود و کوڕەکەی دەدات و خەسوی شیرین بە مەیموون ناودەبات.

بەهار گەیشتۆتە چڵەپۆپە و هێزەکانی ڕێژیم سەرقاڵی دامەزراندنی بنکە و بارەگای گەورە لەو ناوچەیەن. بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی دێموکراتی لە ناوچەکانی دیکە بۆ پاراستنی بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ ئالان هێنراون. موجاهیدینی خەڵک لە چەند شوێنێکی ئەو گوند و کوێستانانە بنکەیان هەیە. هێزە چەپەکانی وەک کۆمەڵە و سەهەند و ئسیلامی-نەتەوەییەکانی وەک خەبات و شێخ عێزەددینی حوسێنی لەو ئالانە بارگەوبنەیان خستوە. زۆربەی لایەنە سیاسییەکان دەزانن، کە ڕێژیم خۆی بۆ هێرشێکی بەربڵاو ئامادەکردوە، بەڵام ئەوان خۆیان زیاتر بۆ شەڕی پاشەکشە ساز و ئامادە کردوە. ئەو هێزە پەڕاکەندە و پەرتەوازەیە لە سەر ڕێگا و بانەکان بە چەکی سووک تەیارن، بەڵام ئەو هێزانە لە گەڵ یەکتر لە پێوەندی گەرم و گوڕدا نین. لەو گوندانەی بنکەی هێزی پێشمەرگەی پارتە سیاسیەکان هەیە جۆرە ئامادەییەک دەبینرێ، بەڵام کورتماوە و لاوازە. لەو بەهارەدا پاسدار و بەسیجییەکان بە هاوکاریی و پێشڕەوی چەکدارە کوردەکان و پێشمەرگەی موسڵمان ژمارەیەکی زۆر گوند و لوتکەی بەرزیان لە چنگی هێزی بەرگریی و پێشمەرگە دەرهێنا. ئەوان لە ڕێگای بەرزاییەکانەوە کۆنترۆڵی زۆر ناوچەیان گرتە دەست و بە چەکی قورس و نیوەقورس پاڵەپەستۆیان خستەسەر هێزە کوردییەکان. بەرپرسانی ڕێژیم لە ناردنی گوردانە زۆر و زوەندەکان دریغیان نەدەکرد و بە دروشمی یا ساروڵڵا یان ئەڵڵا جادە و شاخەکانیان دەتەنی. ڕێژیم بڕیاری گرتنەوەی ئەو ناوچانەی بە تێچووی زۆر جێبەجێدەکرد و هێزە کوردییەکان وردە وردە ناوچەی کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست دەدا. لە هاوینی ئەو ساڵەدا چەکدارەکانی ڕێژیم ناوچەی هۆملیان گرتەوە و لە شاخە بەرزەکانی ناوچە جێگربوون. ئەوان تاکتیکی خۆیان دەزانی و لە ماوەی چەند ساڵ شەڕدا لە هێزە کوردییەکان گەیشتوون، کە شەڕ لە گوند و شارەکان ناکەن و لە ژێر پاڵەپەستۆ و فشاردا پاشەکشە دەکەن.

حیزبەکان بەو هەموو ئەندامی دەفتەر سیاسیی و کۆمیتەی سەرکردایەتییە بیریان لە گۆڕینی تاکتیک شەڕ نەدەکردەوە. جەبەلئاغا لەو شەڕانەدا بۆ یەکەمجار لە تەنیشت کەماڵ، وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ بەشداری کرد. ناوبراو لە ترسی گیرانی بنکەکەیان سندووقەکەی بۆ ماڵی ئاشنایەک گواستبۆوە. لە کاتی پەرتەوازەبوون و لێکدابڕانی پێشمەرگەکان لەو دۆڵ و شاخە سەرکەشانەدا جەبەلئاغا لە سەنگەردا وەبیر هاوڕێکانی دێنایەوە، کە ئەو حیزبانە بۆ شۆڕش نابن. ئەوانە تەنیا بۆ شەڕە دندۆکە و

پارێزگـاری کـردن لـه بـەرژەوەندییەکانی خۆیـان گونجـاون. نـاوبراو لـه گەڵ هاوڕێکـانی لـه سەنگەردا چەقیبوون، بەڵام تێکشـکاندنی دوژمـن بـه تەنیا کـاری ئەوان نەبو. لـه زۆربـەی شـوێنەکان پاسـدار، بەسـیجی و جاشەکان بـه دەنگـی ئەڵڵاهو ئەکبەر و یـا حوسـێن هەتا سەر سەری بنکەی پێشـمەرگە لـه گونـدەکان چوبـوون. دەسـتە و پەلەکان ئاگایـان لـه یەکتر نەبو. دێمـوکراٚت و کۆمەڵە ئاگـاداری یەکتر نەبوون. هێزەکـانی پارێزگـاری لـه ناوچە بەرزەکان بـه ئاسـانی شـوینەکانیان چۆڵکردبـوون. خەڵکی گوندەکان و بەشێک لـه پێشمەرگەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە بـەو شێوە ئاسانە هێزەکـانی دوژمـن بێنە سەر سەریان و پاشەکشەیان پێبکەن. زۆربـەیان گەمەیان بـه جەبەلئاغا دەکـرد، کە سـاڵی رابـردوو بـه گاڵتە دەیگوت، کە پاسدارەکان سـاڵی داهـاتوو لێرە بـەردە مۆرە دادەنێن و نـوێژی شەهادەت دەکەن. رەخنەکانی جەبەلئاغا پـڕ بـوون لـه راسـتی، بەڵام ئەو شۆڕشە بـه نرخێکـی هەرزان فیـدای سیاسەتی چـاوەڕوانی و خـۆش رابـواردن کـرا. لەو رۆژانەدا پێشـمەرگەیەکی ناوچەی سـنە لـه هێزەکـانی خۆیـان هەڵبراوە و کەتۆتە گەڵ کەماڵ و هاوڕێکـانی. نـاوبراو خـۆی لـه بیروبـاوەڕی سیاسـییەکان دوور دەگـرێ و بـاوەڕی بـەو شـێوازە لـه کـاری سیاسـی نییە. ئەو کە خـۆی بـه موزەفەر دێمـوکراٚت دەناسـینێ، رەخنـه لـه حیزبـه چەپەکان دەگرێ، کە بەشێکیان وێنەی چەگوارا و مائۆ و هتد لـه دار و بـەرد دەدەن، کەچی لـه نێو گوندەکان سەرقاڵی ئاغایەتی و میرزایەتین. کاکی سیاسی، تۆ کە ئەوەندە ئیمانت بـه شێوازی موبارزەی چەگوارا هەیە، بۆچی ئامادە نیت لـه شەڕەکاندا بەشدار بیت. کە تۆپ لـه شـاخێکی تەقیوە و خـۆ ئـاخری دنیـــا نییە. ئەو سەرکردانـه لـه سەرەتاوە ئیمانیـــان بـه موقاومەت و خـــۆڕاگری نەبوە و تەنیا بـــۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و نـاودرەکردن تێکەڵ بـەو شەپۆلـه بـوون. حوسـێنی ئـازیزێ موزەفەر دەبزێوێتەوە و پرسـیاری لێـدەکات، کە جەبەلئاغا لـه سـنە ئەو قسـانەی تـۆی کـردوە. ئەو پیـاوە لـه بنکە و مەقەڕەکان دەرکراوە، چوونکە رەخنەی لـه چەپ، راست، ئایین و سیکۆلار گرتوە. موزەفەر دێمـوکراٚت چاوێک لـه سەر و چـاوی جەبەلئاغا دەکـات و لێیدەپرسـێ، ئەو نـاوە سەیر و سەمەرەت لەکوێ هێنـاوە؟ جەبەلئاغا بـه زمـانی عەڕەبی دەپرسـێ، ئەتۆ کـوڕی باشـی، بەڵام دێمـوکراٚت نیـت! موزەفەر لـه عەڕەبیەکە ناگـات و داوادەکات، بـه زمـانی کوردی یـان فارسـی قسەی لەگەڵ بکـات. موەزەفەر بـه گاڵتە دەڵـێ، بەخوا رەنگە لەو شـاخانـه وەک جەبەلئاغا زمـانی دایکمـان لەبیر بچێتەوە. جەبەلئاغا داوا لـه موزەفەر دێمـوکراٚت دەکـات، کە لـه ناوچەی ئـالانی یـان ئەوبەری چۆمەکە نـاوی دووهەمی خـۆی نەگۆڕێ و نەبێتە موزەفەر کۆمەڵە، چریک یـان موجاهید. موزەفەر بـه غرورێکـی زۆرەوە دەست لـه سەر سینگی دادەنێت و دەڵـێ، ئەمن موزەفەر دێموکراٚتم و قابیلـی گۆڕان نییە. کەماڵ و هاوڕێکـانی لـه دوای پاشەکشەی پێشـمەرگەکان

بۆ دواوە و لێکهەڵبڕانیان لە بن تاشەبەردێکی بەرامبەر بە سوورەچۆم خۆی پەناداوە. ئەو هاوڕێکانی ڕێنوێنی دەکات، کە نەجوڵێن و با ئەگەر پاسدار و جاشی هەڵبڕاومان لە داوکەوت سەر و فیشەکیان پێوەنیین. وەستا مستەفا لە سەر کەلەکە ڕاکشاوە و بە جەمەدانەکەی ئارەقەی مل و ناوچەوانی دەسڕێتەوە و لە کوڕەکان دەپرسێ، ئێوە بەنیازی چن؟ ئەوڕ بۆ هەموو لایەک تاڵ و پڕ لە حەسرەتە و بەداخەوە گەمەکە دەدۆڕێنین. ئێمەی کورد هەتا لە سەرمان نەدەن، بە تەواوەتی هەست بەخۆمان ناکەین. لێرەوە چاوتان لە ڕادارە؟ ڕەبەت و زمزیرانتان لێدیارە؟ ناوچەکانی بانە و پیرانشار یان ورمێ، سەڵماس، سنە، سەقز، مەریوان و ناوچەکانی کرماشان، بۆکان و هتد وەک دیاری تەسلیم بە ئاخوندەکان کرانەوە. ئێمە لە دوای ناوچەی ئالان و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئازاد قورسایی خۆمان لەدەست دەدەین. ڕۆژانێک ئێمە لە بنکەی حیزب بە چەکەوە دەچووینەوە ماڵ و لە شەقامەکانی شاردا دەگەڕاین، ئەمڕۆ لێرە و لەو بەردەڵانە ڕەقە ناوێرین خۆمان بجوڵێنین، بۆ ئەوەی بە دۆشکە یان چەکی دیکە ئاوربارانمان نەکەن.

حوسێن بۆ مستەفای دەستێنێتەوە و شایەتی دەدات، کە حیزب و بەرپرس و پێشمەرگەکان دەرفەتە زێڕینەکانیان فەوتاندن. لە زۆربەی گوندەکان خەڵک وەک کچێک کە حەزی لە مێردە خۆیان مات دەکرد و زۆر کەس لە بنەوە لە گەڵ ڕێژیم هاوکار بوون. ڕێژیم زانیاری کۆدەکردەوە و ئێمەش بە ساکاری بە سەر ڕووداوەکاندا تێدەپەڕین. ڕۆژانی ڕابردوو چەند دۆشکەیەکی کۆمەڵە و لایەنەکانی دیکە لەو ناوچانە پووش و پەڵاشی خەڵکیان ئاور تێبەردەدا، بەڵام لە کاتی هێرشی سپادا تەقەیەک لەو دۆشکانە نەهات و کەس نازانێ عەرزی قوتی دان یان ئاسمان هەڵیلووشین! ئەرێ کەماڵ و مستەفا قسەکانی مام کەریم و مامۆستا نازمتان لەبیرە. مام کەریم وەک کادرێکی بە ئەزموون ڕێنوێنی دەکردین و ئامۆژگاری دەکردین. یادت بەخێر مام کەریم، خۆزگە ڕۆژێک لە دەوری یەک کۆبووینەوە و بە زمانی خۆمان شایەتی بۆ ڕاستی قەسەکانت بدەین. جەبەلئاغا یادی خاڵە مینە دەکات، کە ڕۆژانێک چەندە شایی بە پەرویز و ئێوە بو. ئەو کات شێخ زەرگەتە بووم، کە چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕانەوە هەموو گریان. خاڵە مینە و دایکی کەماڵ و لەیلا و ئاڵتون بە تیکڕا ئەلفاتیحایەکیان بۆ ڕەوانی دایک و بابم خوێند. ئەو شەوە هەتا بەیانی بیرم لەو خەڵکە باشە دەکردەوە، کە بە چ تاوانێک دەربەدەر و هەڵوەدان. موزەفەر کە گوێی لە ناوی شێخ زەرگەتە دەبێ زەردەیەکی دێتە. جەبەلئاغا لە موزەفەر تورە دەبێت و پرسیاری لێدەکات، کە بە ناوی خەڵک بۆ دەکەنی؟ موزەفەر بە جەبەلئاغا دەڵێت، کاکە من ناوێکی سەیرم بیستوە، کە لە ڕەبەت بە مەلا فەلسفە بە مەقەڕەکاندا گەڕاوە و ڕەخنەی کوشەندەی لە حیزبەکان

گرتـوە. جەبەلئاغا لە موزەفەر رادەمێنـێ و بە کوڕەکـان دەڵـێ، کاکە ئەمن تـوتنی خـۆم دەناسـم. ئەو موزەفەرە کۆمەڵە بـوە و هاتۆتە گەڵ دێمـوکڕات. موزەفەر چاوێـک لە جەبەلئاغا دەکـات و بە دەنگێکـی کۆمێدی دەڵـێ، هاوڕێیان ئەو برادەرەمـان پیشـبینی ئایەنـدە دەکـات و چـاوی لە گوزەشـتەیە. جەبەلئاغا سوێند بە خالەقی ئاویەر دەخـوات، کە موزەفەر لە رەبەت یـان پێشـمەرگەی کۆمەڵە بـوە یـان خەبات، چوونکە ئەو تەنیا لەو دوو بنکەیە ماوەتەوە. موزەفەر ناچـارە چیرۆکەکە یەکلاکاتەوە و بە راسـت یـان درۆ خۆی لەو تەڵەیە رزگار کـات. نـاوبراو دەگێڕێتەوە، کە ئەو ڕۆژەی مەلا فەلسەفە لە مەقەڕی کۆمەڵە لە کـاتی چاخواردنەوە و هەسـتایە سەر پـێ و قسەی کـرد، تـازە گەیشـتبوومە مەقەڕ. ئەمن وەک کـاوەی بـرای کەماڵ شەیدا و شـیفەتی بەرابەری و حقـوقی کرێکـاران و موبـارزەی تەبەقاتی بـووم. کە گەیشـتمە مەقەڕ و ماوەی چەند مانگێک لە نێو پێشـمەرگەکاندا مامەوە، سیاسەتی کۆمەڵەم لەبەرچاو کەوت و لە گەڵ چەنـد جەوانی دیکە هاتینە لای دێمـوکڕات. ئەو کـات لە گەڵ کـاوە و زۆر جەوانی دیکە یـادی مەلا فەلسەفەمان دەکـرد، کە چەنـد حەکیمانە و ورد رەخنەی لە حیزبەکان دەگـرت و لە سەر چاخواردنەوە بە هەڕەشە دەریانپەڕاند.

بەشێک لە فەرمانـدە پەل و دەسـتەکان شەکەت و مانـدوو لە خڕودۆڵەکان کۆدەبنەوە و یەکتر دەگرنەوە. کەماڵ و هاوڕێکـانی بە گونجـاوی نـازانن، کە هەتا تاریـک نەبوە لەو بەردەڵانە بـڕۆن و لە شـوێنێکی لەبار لە گەڵ پێشـمەرگەکانی دیکە یەکتر بگرنەوە. بـۆ ئەو مەبەسـتە دەچنە بـاژاڕی و ئەو شـوێنە بە ناوچەیەکی ئەمین دەزانـن. لە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکـدا پێشـمەرگە دابـڕاو و پەلەکان لە بـاژاڕ یەک دەگرنەوە. لەو رەشە شەوەدا ئەوان مانـــدوو و شەکەت لە کۆخەکان دەگەڕین و کـــتری و قەنـــد و چـــا دەدۆزنەوە. ئەوانی ئـۆگری چـان، گـوێ لە بەرپرسەکانیان نـاگرن و بە پێکەنینەوە دەڵێـن، لەوە زیـاتر روونـــادات و ئەگەر هـــاتن ئەمەش لەو مەرز و حـــدودە خۆمـــان خلۆردەکەینەوە. ئـــاگرێکی خـــۆش لە نەدیوێکـــــدا دەکەنەوە و لە دەوری ئاورەکە چەرخی گێڕانەوەی چیـــــرۆک و رەخنەکان وەگەڕ دەکەون. ئەوان بە درێژای رۆژی رابردوو لە گەڵ هێزێکی زۆر دەرگیـر ببـوون و ژمارەیەک لەوان خۆزگە دەخـوازن، کە بە کامێرایەک چەنـــد دیمەنێکی ئەو شەڕەی تۆمـــار دەکـــرا. پێشـــمەرگەیەک بـــاس لە گیرکردنـــی چەکەکەی لە ١٠ میتری جاش و پاسدارەکان دەکات و بڕیاری داوە خێرێکی باش بۆ خۆی بکـات. موزەفەر لە بەردەم ئاوەرەکەدا رەخنە لەو خێرکردنە دەگـرێ و بە کـارێکی کۆنەپەرەسـتانەی دەزانـێ. کـابرای خێرلەخۆگر بەگژ موزەفەردا دێتەوە و دەڵـێ، سەگباب بەتۆ چی؟ ئەمن کەری خۆم نییە، بە گوێیانی نـاڵ

دەکەم! موزەفەر لەو پەنـــدە ناگـــات و درێـــژدادڕی دەکـــات و سەرئەنجام لە سەر شەڕی موزەفەر و پێشمەرگەکەی دیکە ئـاوە کوڵیوەکە دەڕژێ. چاخۆرەوەکـان لەو رەفتـارە تـووڕەن و لـە داخـان هەردووکان چەک دەکەن و لـە بەر ئاورەکە دەریـــان دەکەن. جەبەلئاغا لەو کاتەدا شەڕکەرەکان ئاشـت دەکاتەوە و لـە گەڵ ئەوان دەچن کتریە ئاوەکە پڕ دەکەن و لـە سەر ئاوری دادەنێن.

یەکێک لـە پیـــاوە بـە تەمەن و بـە ئەزموونەکان لـە بەردەم ئاورەکەدا هەڵتروشـکاوە و ئـــاخ دوای ئـــاخ هەڵدەکێشێ. ئەو لەو شەوەدا باس لـە شۆڕشی ئەمەر پاشا دەکـات، کە بـە چەپەرو فـرت و فێڵ عەجەم و ئەرتەشـــیان تۆقانـــدبو، بەڵام ئێمە لەو سەردەمەدا لـە بەرامبەر ئەڵڵاهوئەکبەری منداڵە بەســـیجی و پاسدارە ریشنەکان داماوین. براەرینە، دەوڵەت و حیزب فەرقیان گەلێک زۆرە. دەوڵەت تەیارە، تانک، تـۆپ، هەلیکۆپتەر، سـپا، ئەرتەش و نیـزام و قـانونی هەیە، بەڵام ئێمەی حیـزب تەنیا کـوڕی فەقیر و چەکێکی سـووک و تەواو. بەخوای دەرەقەتی دەوڵەتێ نایەن و بـە قـوەتی شـانان و پیـاوەتی نییە. ئەمە چەنـد سـاڵە لێرۆکانە خەنـدەکێکی بەرگریمان بـۆ لێنـادرێ. ئێمە و حیزبەکان بـە هێـزی بەرگریی و مەرگری خۆمـان لـە گونـدەکان خزانـدوە و خەریکی دڵـدارین. شەڕ بـە مـووکێش و ئاوێنە و عەترگۆڕینەوە نـاکرێ و شەڕ لـە سەر جـادەی پشـت مـاڵان نـاکرێ. دوژمـن شـاخەکان و بەرزاییەکانمان لێـدەگرێ و لـە کۆتاییـدا دەوراودەورت دەگـرێ و تۆقەت دەکـات. ئێمە ژمارەیەک سەرکردەی ئـازا و زانامـان هەن، بەڵام زۆربەی ئەوانی دیکە کەڵکیان نییە و خەڵک هەیە تەنیا بۆ رۆیشتن بـۆ دیـوی عێراقـێ چەکی هەڵگرتوە. بەسەری کـاکی ئەو عەجەمە حیلەبازن و ئێمەش فەقیر و هەر لـە شەڕی خۆبەخۆ ئـازایین. لـە کۆتاییـدا نـاوبرا دەڵـــێ، ئینقلابـــی کارگەرانی جیهـان داوا دەکەی! زیـدی دیمـوکڕات سیاسەت دەکەیت و ئەگەر پاسدارِ هاتن وەک کەرویشکێ خۆدەشاریەوە. دە هەڵگرنەوە. بەخوا فیعل و جوانن. کـابرای موجاهیـدیان هێناوەتە کوردستانی و ئەوانیش لێرۆکانە لـە سەر ئەو بەردەڵانە ئامبـازت دەبـن و دەڵێـن ئێرە بەشـێک لـە ئێرانی تەڕەماشە.

بەرپرسانی سپا و پاسدارەکان لـە رێگـای خەڵک وکەسـانی سـاویلکە زانیـاری لـە سەر هێـزە چەکدارەکان ناوچە کۆدەکەنەوە. تۆڕی زانیاری کۆکردنەوەی رێژیم لـە ماوەیەکی کەمدا تەشەنەی کردە و زۆر کەسـی لـە سەر سـنوور لـە تـۆڕە ئاڵۆزەکانـدا گیـرۆدە کـردوە. لـە کۆبوونەوەیەک کە لـە مەزگەوتی سـووری شـاری سەردەشت کراوە، بەپرسی سپا رادەگەینێ، کە ئەوان و سەربازانی ئیمامی زەمـان و هەروەها ئەرتەشـی

بیست میلۆینی ئیمام ڕێگانادەین، کە حیزبە کافر و بەکرێگیراوانی سەر بە ئەمریکا، سەددام و ئیسرائیل ئاسایش و ئەمنیەت تیکبدەن. ئەگەر دۆستان و خزمانی ئێوە لە نێو گروهەکە هەڵوەشاوەکانی زیددی ئینقلابدا هەڵخەڵەتاو و فریوخواردوییەکیان هەیە، تکاتان لێدەکەم بیانگێڕنەوە. باوەشی ئیسلام بۆ تۆبە و نەدامەت ئاوەڵایە و خوا تەمەنی ڕێبەرمان درێژکات. بە هیممەتی ئیمام و ئەرتەشی ئازا و دلێری ئیسلام سەددام بە زللەیەک لە سەر کورسی دەسەڵات هەڵدەقەنین و کەربەلا ئازاد دەکەین. خەڵکی پێشمەرگە موسڵمان خۆشەویست، خۆتان ئامادە بکەن و نەوەکانتان پەروەردە بکەن، کە سەرئەنجام ئیرادەی خوا و ئیسلام سەردەگرێ. ئامانجی ئێمە تەنیا سەددام نییە و بە هاوکاری ئێوەی ئینقلابی و سەربەرز هەتا قودسی ئازیز ڕاناوەستین. قودس بە ئێمە ڕزگار دەبێ، نەک چەند دەوڵەتێکی تاغوتی عەرەبی، کە خزمەتکاری ئەمریکا و ئیسرائیلن. ئێمە ئیقلابی ئیسلامی هەنارده دەکەین و وەزیفەی ئایینی یەکە بەیەکی ئوممەتی هەمیشە لە مەیداندا ئەوەیە، کە ئاڵای ئەمری بە مەعروف و نەهی لە مونکیر بەرز و شەکاوە ڕابگرن. ئێمە پێویستمان بە کسانێکی وەک مەولود بەزاز و خالیدە، کە بە تەواوەتی لە خزمەتی خەتی ڕەهبەر و ئیسلامی تۆخی محەممەدیدا خەبات دەکەن. ئێوە شایانی ئەوەن، کە هاوکارمان بن و دەستی فیتنە و بەکرێگیراوان لە سەر خاکی ئێرانی ئازیز کورت بکەینەوە. دنیا چاوی لە ئێمەیە و سەرجەم موستەزعەفانی جیهانی چاوەڕێی ئیمام و فەرموودەکانی دەکەن. لە لوبنان، فەلەستین، سوریە و عێراق و زۆر شوێنی دیکە موسڵمانەکان بۆ ئینقلابەکەمان بەپەرۆش و حەسەرەتی ئەوە دەخۆن، کە ئەوانیش وەک ئێمە لە نیعمەتی ئیلاهی سوودمەند بین. لێرەدا بە تەکبیرێک بۆ گیانی شەهیدانی ئەو دواییانەی ناوچە کۆتایی بە وتەکانم دێنم. تەکبیر.

مەلوود بەزاز لە ریزی پێشەوەی نوێژکەران فیکەی سمێڵانیەتی و شادە، کە فەرماندەیەکی سپا مەولود و کوڕەکەی وەک نمونەی سەربازانی فیداکار ناساندوە. ئەو لە ناو نوێژکەراندا هەست بە گەورەیی دەکات و لە دوای قسەکانی پاسداڕەکە خۆڕاناگرێ و روو لە نوێژکەران دەکات و دەڵێ:" خەڵکی مەحتەڕەم و سەربازانی ئیسلام، ما هەموو لە ڕێگای ئیمام وئینقلاب و جەمبوری ئیسلامی ئامادەی شەهادتین. قەبوڵی نەمی کونم، کە خانوادەی من بە جاش بشوبهێنن. ئەمن و خالید پێشمەرگەی موسڵمانین و زیدی حیزبۆکە کافرەکان ئامادەی جەنگین. سپاسی برادەری بزورگ و فەرماندەی سپا می کونەم و خەیلی مومنون". مەلا برایم لە ریزی پێشەوە و لە کۆتایی ریزەکە وێڕای نوێژکەرەکان چوار مەشقی دانیشتوە و سەرقاڵی عیبادەتی خۆیەتی. ناوبراو لە پاڕانەوەکەیدا داوا دەکات، کە موسڵمانانی

راستەقینە و میللەتی کورد لە شەڕی خۆفرۆش و زاڵمان دوور راگرێ. ناوبراو بە هیچ جۆر کەیفی بە مەولود بەزاز و کوڕەکەی نایەت و لە هەموو شوێنێک وەک بەدنا و ناکەس بەچە ناویان دێنێ. خاڵە مینە ئەو رۆژە لە داخی مەولود و پاسدارەکان نوێژی جومعە تەرک دەکات و دەڕواتەوە ماڵێ. نوێژکەران بە ئاشکرا دەبینن، کە ریزی پێشەوی نوێژکەران خەڵکی سەر بە دەوڵەتی زۆر تێدان. ژمارەیەک لەوان ئاشنا نین و خەڵک و ئیمام جومعە نازانن، کە ئەو چەکدارانە بۆچی لەو مزگەوتە کۆکراونەوە. دوای تەواوبوونی مەولود بەزاز، بەرپرسی راگەیاندنی سپا لە ریزی پێشەوە راست دەبێتەوە بە خەڵکەکە دەڵێ" داوای لێبوردنتان لێدەکەین، کە خوتبەی مامۆستام وەدرەنگ خستوە، بەڵام ئەمڕۆ خۆشحاڵین کە ژمارەیەک لەو چەکدارانەتان نیشان بدەین، کە هەتا دوێنێ لە ریزی حیزبە هەڵوەشاوەکاندا دژی ئێمە و ئینقلاب شەڕیان دەکرد. ئەوان تۆبەیان کردوە و ئەمڕۆ برای ئازیزی ئێمەن و یەکێک لەوان بە ناوی رەحیم دۆشکە خوازیارە چەند وتەیەک پێشکەش بکات". رەحیم دۆشکە بە کوردی قسەکانی دەستپێدەکات و سەرەتا سڵاو دەنێرێ بۆ شەهیدانی ئینقلاب و جمهوری ئیسلامی. ناوبراو لە سەر حیزبەکان زۆر قسە دەکات و داوا لە خەڵک دەکات، کە فریوی شوعاری خودموختاری و سۆسیالیزم نەخۆن. ئەو حیزبانە و سەرکردەکانیان لە بن سێبەری دار هەنار و هەنجیرەکان خواردنی چەور دەخۆن و مەشرووبی خاریجی هەڵدەقورێنن، بۆیە تەنها کوڕی فەقیر و خانەوادە موستەزعەفەکان دەکوژرێن. رەحیم بۆ ئەوەی باسەکەی خۆشتر بکات، وەک کەبابی سلێمانی ترش و خوێی چاکی دەکات و درێژە بەقسەکانی دەدات. ئەمن و زۆر کورد لە ساڵانی رابردوودا فریوی شوعار و وتەی بریقەدارمان خواردوە. ئێمە لە نیزیکەوە زۆر سەرکردەی حزیبە کوردییەکانمان دیوە و دەزانین، کە خەمی کوردیان نییە. بڕۆنە ئالانی سەردەشت، بزانن گوندنشینە موستەزعەفەکان چەندە لە دەستی کۆمۆنیستی خوا نەناس، دێموکراتی زیدی ئینقلاب و گروپە و دەستەی جیاواز هاواریانە. زۆبەیان چاوەڕوانی برادەرانی سپا و ئەرتەشی ئینقلابی دەکەن، بەڵام ناوێرن بە دەنگ ئەو داخوازییە دەربڕن. داوا لە مامۆستایانی ئایینی، عەشایری موسڵمان، ئاغا و کوێخا و موعللیمەکان دەکەم ئامۆژگاری جەوانان بکەن و با فریو نەخۆن. ئەو جەوانانە لە دەستمان دەچن و لە گەڵ ئەو حیزبانە فێری کاری چاک نابن و کاریان دڵداری و مەشرووب خواردنەوەیە. ئێمە گەڕاوینەوە و هەتا دوا دڵۆپی خوێن لە ڕێگای ئیمام دانابڕێین و بەو چەکانە بەرگری لە ئیسلام و ئینقلاب دەکەین.

مامۆستای پێشنوێژ لەو وتانە توڕەیە، بەڵام دەسەڵاتی نییە و چاوەڕوانی نوێژی هەینی بخوێنێ و خۆی لە چنگ ئەو چەقەچەقە رزگار بکات. پاش رەحیم دۆشکە، مامۆستا لە شوێنی خۆی رادەوەستێ و بە

هێنانەوەی حەدیسێک نوێژەکە دادەبەستێ. ناوبراو لە ژێر ناوی ڕێزگرتن لە پەککەوتە و نەخۆشی نوێژکەر خوتبەکە بە چەند باسێکی کورت لە سەر ژیانی پێغەمبەر پێشکەش دەکات. چەند مامۆستایەکی قوتابخانە لە ریزی نوێژکەراندان و بۆ قسەی پاسداڕ و پێشمەرگە تەسلیمبوەکان سەر دەلەقێنن. ئەوان زۆر لە کوردایەتی تێناگەن و رواڵەتی مەسەلەکان دەبینن. چەند جارێک لە گوێی یەکتردا دەسرتێنن، کە ئیمام پیاوێکی خواناس و ئینقلابییە، بەڵام ئەو حیزبانە وازمان لێناهێنن. یەکێک لە مامۆستاکان، کە ریشێکی درێژی هەڵگرتوە زۆر لە حیزبایەتی توڕەیە و بە هاوئاوازەکانی دەڵێ، کاکە ئەمن خودموختاریم ناوێ و لە دێموکڕاسی بێزارم، بۆچی بە ناوی من و ئەو و خەڵکە شەڕ بە دەوڵەتێکی عەزیم و گەورە دەفرۆشی؟ ئەگەر ئیمام نەدەهاتەوە و زەمانی شای گۆڕبەگۆڕ دەبو، ئەمڕۆ لە شاردا دوکانی مەشرووب فرۆشان شەقامەکانی دادەپۆشیی و ژن و کچەکان بە لاق و سەر رووتی لە بازاڕەکاندا دەسووڕانەوە. ئەوە بۆ خۆی شۆڕشێکی گەورەیە، کە خەڵک فێری حیجاب دەکرێ و منداڵەکانمان فێری قورئان خوێندن دەکرێن. ئەو ژومارەیە لە مامۆستای قوتابخانە دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی بە پەلە خۆیان دەگەیننە پاسداڕ و پێشمەرگە تەسلیمبوەکان و تۆقەیەکی گەرمیان لە گەڵ دەکەن. ئەوان خۆیان بە مامۆستای وانەی دین و قورئان دەناسێنن و دووپاتی دەکەنەوە، کە ئیسلام تەنها ڕێگای نەجاتی جیهانە.

مەلا باقی وەک مامۆستایەکی خاوەن هەڵوێست و ئازا ئەو ڕۆژە لە حەوشەی مزگەوتەکە پیاسەدەکات. لە ڕێگای ئامێری دەنگبەرزکەرەوەی مزگەوت، گوێی لە قسەی پاسدار و کوردە تۆبەکەرەکانە. دڵخۆشە کە مامۆستای پێشنوێژ پشتگیری لە ڕێژیم نەکرد و بە کورتی نوێژەکەی تێپەڕکرد. ناوبرا لەو تۆبەکارە سیاسیی و هەروەها خاک فرۆشانە توڕەیە. لە بەر دەرگای گەورەی مزگەوت سەربەخۆ قسە دەکات و کۆپلەیەک لە شێعری شۆڕگێڕی دەخوێنێتەوە. جنێو بەو خۆفرۆشانە دەدات و راستوێژانە رق و کینەی خۆی بەرامبەر بە کەسانی وەک مەولود بەزاز و تۆبەکاران دەردەبڕێ. جاروبار لە نوێژکەرەکان دەپرسێ، ئەرێ ئەو تەرەسانە لە مزگەوت عیبادەتیان دەکرد یان سیاسەت. لە گەڵ دوو ناسیاوێک رادەوەستێ و ئەکیدەکاتەوە، کە کورد خائیینی زۆرە، بۆیە ناگاتە مەقسەد. ئەوڕۆ ژمارەیەک لەو خائینانە لە ماڵی خۆا خۆیان سووک و ریسوا کرد. لە کۆتایی دەرچوونی نوێژکەران مەلا باقی بە دەنگێکی بەرز هاواردەکات، سەرشۆڕی بۆ خائینان و تۆبەکارە سیاسییەکان.

پێشمەرگەکان بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە ڕێژیم زنجیرە عەمەلیاتێک لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوەدەبن. لە ژمارەیەک لە شارەکان چەند کەسیکی سەر بە ڕێژیم دەکوژن. بەمەبەستی ترساندنی چەکدارە کوردەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێشمەرگەکان لە ناوچەی سەردەشت بڕیاردەدەن، کە دەستێک لە ڕێژیم و چەکدارەکانی بوەشێنن. وەستا مستەفا، کەماڵ و حوسێن بە دڵخوازی خۆیان ئامادەی ئەو جەولەیەن و لە گەڵ دوو پەل لە پێشمەرگەکان دەچنە سەردەشت. پەلێک لە پێشمەرگەکان ڕێگای گەڕانەوە دەپارێزن و پەلەکەی دیکە بڕیارە سەردانی چەند ماڵە جاشێک بکەن. ئەوان دابەش دەبن و لە چەند ماڵێک بەسەر دەکەنەوە، بەڵام تەنیا مەولود بەزاز دەگرن. ژن و منداڵەکەی زۆر هاوار دەکەن، کە مەولود ئازاد کەن، بەڵام پێشمەرگەکان لە حەوشەی ماڵ دوو فیشک لە سەری مەولود دەدەن و بە هاوسەرەکەی دەڵێن، چارەنووسی خالید لە باوکی باشتر نابێ. پێشمەرگەکان چەند موشەکی ئاڕپیجی لە بنکەی سپای پاسداران دەسرەوێنن و پاش ئەو عەمەلیاتە بە سڵامەتی لە شار دەردەچن. ئەوان بۆ شەوی داهاتوو بڕیار دەدەن لە مۆڵگەی قوچی بدەن و ئەگەر نەگونجاو ئێوارە لە سەر ڕێگای مارەغانی بۆ قوچی زیلە سەربازییەکان بسووتێنن.

شیرین و منداڵە ساواکەی لە کاتی هاتنی پێشمەرگەکان بۆ ماڵی خەزووی، دەرگاکەی نەکردەوە. ئەو لەمێژە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد، بۆیە هەتا چەکدارەکان حەوشەکە چۆڵ ناکەن، ناچێتەدەر. دایکی خالید و منداڵەکانی لە حەوشە لە سەر تەرمی مەولود بەزاز دەگرین. جیرانەکان ناوێرن زۆر لەو ڕووداوە پرسیار بکەن و بەشێکی زۆر چرا و گڵۆپەکانیان دەکووژێننەوە. منداڵەکانی مەولود بەزاز لە دەرگای چەند ماڵێک دەدەن و بە گریانەوە داوای هاوکاریان لێدەکەن، بەڵام لە بەر تەقەی چەکەکان جیرانەکان ناوێرن دەرگاکانیان بکەنەوە. کە دەنگی چەکەکان کپ و بێدەنگ دەبێت، چەند جیرانێک دەچنە ماڵی مەولود بەزاز و دەبینن، کە مەولود لە حەوشەی ماڵدا کوژراوە. ڕێگاکان ئەمین نین و جیرانەکان نازانن چۆن تەرمی مەولود بگوازنەوە بۆ مردوشۆر. ژنی مەولود داوا لە تۆفیق دەکات، کە لە تەنیشت دیوار ئیتلاعات داوای یارمەتی لە نیگابانەکان بکات و هاوار بکات، کە باوکی شەهید کراوە. تۆفیقی کوڕی بە هەزار ترس و لەرزەوە لە باڵەخانەی سپا نیزیک دەبێتەوە و بە گریانەوە هاوار دەکات، کە زیدیی ئینقلاب باوکیان کوشتوە. پاسدارەکان لە سەنگەرەکە دەرناچن و لە دوورەوە داوای لێدەکەن با جیرانەکان بیگوازنەوە بۆ ئێرە. تۆفیق دەگەڕێتەوە و جیرانەکانیان، مەولود بەزاز لە نێو پەتویەک داوێن و لە گەڵ منداڵ و هاوسەرەکەی دەیبەنە بنکەی سپا. بەرپرسی سپا ئاگادار دەکرێ و بە

بیستنی کوژرانی مەولود بەزاز نیگەران دەبێ. ئەو دەگاتە سەر تەرمەکەی و چۆنیەتی رووداوەکە لە منداڵ و هاوسەرەکەی دەپرسێ. جیرانەکان بێدەنگن و تەنیا ئەرکی جیرانەتیان لە سەر شانیان لابردوە. فەرماندەی سپا، بە تۆفیق و دایکی دەڵێت، نیگەران مەبن و کاک مەولود پلەی بەرزی شەهادەتی وەرگرت. ئەو ئێستا لە بەردەم مەقامی بەرزی ئیمام و رێبەرە پاکاکەدا راوەستاوە و زۆر شادە. کەم کەس لە دنیادا بەختەوەرە، کە بە پلەی شەهادەت بگات. جیرانەکان پێشنیار دەکەن، کە منداڵ و خێزانەکەی بچنەوە ماڵ و بەیانی لە گۆڕستان تەسلیم بە خاکی دەکەین. تەرمەکە هەتا بەیانی لە ژوورێکی باڵەخانەی سپادا هەڵدەگیرێ و دواتر بۆ مردووشۆرەکەی مزگەوتی سەرچاوە رەوانە دەکرێ. لە رێگای بەشداربوونی پاسدار، بەسیجی و چەکدارە کوردەکان و هەروەها جیران و خزم تەرمی مەولود بەزاز بە شەقامەکاندا دەگێڕن و هەتا دەگەنە سەر قەبران درووشمی مەرگ و نەمان بۆ دێموکراتی دەڵێنەوە.

خالید لە ئەرکی سیخوڕی گەڕاوەتەوە و یەکسەر بە ئوتۆمبیلی سپا بۆ سەر قەبران دەبرێ. خالید لە سەر قەبران قسە بۆ بەشداران دەکات و بە کورتی چیرۆکی کوژرانی باوکی بە رووداوێکی مەزڵومانە ناودەبات. ناوبراو لە بەر گریان و ترس لە دواڕۆژی خۆی زۆر قسەی بۆ ناکرێن، بەڵام لە کۆتاییدا هەڕەشە لەو کەسانە دەکات، کە هاوکاری ئەو چەکدارانەن و شەوانە بۆ سەر ماڵی خەڵکیان دەبەن. بەشداران لەو وتانە تێڕبوون و کەس گوێ بۆ ئەو قسانە ناگرێ، بۆیە زۆربەی بەشداران لە کاتی قسەکردنی پاسدار، خالید و شوعاردراندا بۆخۆیان ئەلفاتیحایان بۆ رەوانی مردوەکانی خۆیان دەخوێند. هاوسەری مەولود بەزاز لەو رۆژەوە وەک خانەوادەی شەهید دەناسران و داهاتی مانگانەیان بۆ بڕینەوە. مەلا برایم، خاڵە مینە و خاڵ عەباس و زۆر بنەماڵەی پێشمەرگە لە کوژرانی مەولود شادن و لە کۆڕی خۆمانەدا دەڵێن، ، نەخشە بێ لە خالید و سیخوڕەکانی دیکە.

پورە زارا و هاوسەری ئەو پیاوانەی لە گەڵ مام کەریم گیراون، لە رێگای خاچی سووری نێونەتەوەیی و هەروەها مانگی سووری ئێران نووسراوەیەکیان گەیشتۆتە دەست. پورە زارا و مریەمی هاوسەری خدری پیرۆتی پێکەوە دەچنە هیلالی ئەحمەر و لەوێ نامەکە وەردەگرنەوە. چەند رۆژێک دواتر هاوسەر و کەسوکاری برایمی مەلای، رەحمان و عەبدوڵڵا دێنە شار ولە گەڵ میرزایەکی خوێندەوار دەچنە بنکەی مانگی سوور. لەو نووسراوانەی کە بەدەست بنەماڵەکان گەیشتوە بە کورتی سڵاو و ئەحواڵپرسی ماڵ و خزمان کراوە. دیلەکان تەنیا ئەوەندەیان گوتوە، کە وەک دیلی شەڕ لە گەڵ هەزاران سەربازی دیکە

بەندکراون. پورە زارا و مریەم لە گەڵ خزمێکی مێرمنداڵیان دەچنە مانگی سوور و وڵامی نامەکە لەوێ دەنووسنەوە. مێرمنداڵەکە کە تازە پۆلی پێنجی سەرەتایی تەواوکردوە دڵەڕاوکەی زۆرە، چوونکە خوێندنەوە و نووسینی نامە بۆ گەورە ساڵان کارێکی قورسە. ئەو مێرمنداڵە لە دەستوخەتی ناسراو بە شکەستە و هونەری تۆقیوە و لە خوا دەپاڕێتەوە، کە بە خەتی وەک هاوپۆلەکانی نامەکان نووسرابن. کە نامەکەی مام کەریم و پیرۆت وەردەگرنەوە بە زەحمەت دەخوێندرێنەوە و داوا لە کارمەندێکی مانگی سوور دەکەن، کە چاوێک لە نامەکە بکات. پورە زاراو و مریەم بە نۆبە دوعا و سڵاوی خۆیان ریز دەکەن و کوڕەکەی خزمیان رادەسپێرن، کە بنووسە لێروە هەتا بەغدایە سڵاوتان لێدەکەم. کوڕەکان ساغن و دوعای خێرت بۆ دەکەن. کچەکان زۆر باشن و لاچاوانت ماچ دەکەن. خزم هەموو ئیدە ساغن و ئەمنیش بۆ خۆم پشتم لە بن باری خەمەکان چەماوەتەوە. مەریەم وەک پورە زارا سڵاو بۆ خدری پیرۆتی دەنێرێ و بە ناوی منداڵەکانەوە لاچاونی ماچ دەکات. ژنەکان شادن، کە سەرئەنجام خەبەرێک هات و مێردەکانیان سەلامەتن. پورە زارا و مریەم لە بنکەی مانگی سوور کە دێنەدەر باس لە بەڕێوەبەردنی مەولودی دەکەن. پورە زارا و مەریەم چەند ساڵە بەڵێن و عەهدیان داوە، کە ئەگەر خەبرێکی خۆش بگاتە دەستیان ئەوان مەولوودێک دەکەن. لەیلا لە پورە زارا شادترە و بە سەر و قژێکی تۆزاویی و پانتۆڵێکی پیاوانە سەرقاڵی گەسکدانی حەوشە و بەردەرگای ماڵیانە. پورە زارا کە دەگاتەوە ماڵ لە خۆشی ئەو خەبەرە و نامەکەی مام کەریم لەیلا لە باوەش دەگرێ و دەڵێ، رۆڵە بۆیە لە کۆنەوە دەڵێن، ئەوەی لە خوای خافڵە هەر کافرە. لەو مانگەدا دەبێ مەولوودیەکی باش بۆ بابەت بکەین. بۆ مەولودییەکە بانگی مەلا ساڵەی شڵماشێ و مەلا مینەی دەکەین و با یەکێکیان مەولودییەکەی وەخوێنێ و ئەوەی دیکەش سەڵەواتان لێبدات. پورە زارا و لەیلا مەزەندەی تێچووی مەولودییەکە دەکەن و خۆیان بۆ ئەو کارە خێرە ئامادە دەکەن. شەو پورە زارا و لەیلا دەچنە ماڵی خاڵە مینە و وردەکاری نامەکەی مام کەریم باس دەکەن و ئاشکرای دەکەن، کە مەولودییەک دەکەن و با خێرەکەی بۆ کەریم و پەرویزی کوڕیان بێ. یەکێکیان لە بەندیخانەدا ماوەتەوە و ئەوەی دیکەیان بە جوانەمەرگی وڵاتی چۆڵ کرد. ئاڵتون زۆر خۆشحاڵە و پێشوەخت داوا دەکات، کە خوا ئەو مەولوودییە قبوڵ بکات و ئینشاڵڵا مردووی هەموو لایەک لە سەرتاقەی بەهەشتی جێدەگرن. خاڵە مینە داوا لە پورە زارا دەکات، کە کەلوپەلەکان بۆ خۆیان نەکڕن، چوونکە دوکانداره‌کان ویژدانیان نەماوە و ئەگەر نەتناسن کەلوپەلە خەراپەکەت دەدەنێ. ئەگەر ئامادەبووی، لە گەڵ کاکی خۆت وەرە و پێکەوە دەچین و پێداویستیەکان دەکڕین و هێنانی مەلاش زۆر گەران نییە. شەربەت، چوکلیات و نۆقڵ پارەیەکی زۆریان ناوێ و بۆ منداڵەکان

مەولودییەکە خۆشتر دەبێ. پورە زارا لە لەیلای دەپرسێ، کە چ کاتێکی بۆ مەولودییەکە بە گونجاو دەزانێت. بە وتەی لەیلا کاری خێرێ هەتا زووتر بێ، باشترە. ئەوان بڕیاردەدەن لە دوو حەوتووی داهاتوودا و پێش کردنەوەی قوتابخانەکان مەولوودییەکە بخوێنن و پێداویستیەکانی بۆ ئامادە بکەن. سەرئەنجام ئامادەکارییەکان تەواو دەبن و خەڵکێکی زۆر بۆ مەولودییەکە بانگ دەکەن. لە رێگای خاڵە مینە، خاڵ عەباس و مەلا برایم داوەت دەکرێن و ئێوارەیەکی لەبیرنەکراو پێکەوە دەبەنە سەر. مریەمی خدری پیرۆتیش وەک پورە زارا مەولوودی دەکات، بەڵام ئەو بەشێکی زۆری کەلوپەلەکان دەبەشێتەوە تەنیا چەند میوانێک لە گەڵ مەلا باقی بۆ خوێندنەوەی مەولودنامە بانگ دەکەن. لە رێگای چەند ناسیاوێکی گوندەکاندا پورە زارا خەبەر بە کەماڵی دەدات، کە مام کەریمی بابی لە زیندانێ عێراقی وەک یەخسیری شەڕ راگیراوە و نامەیان تازە گۆڕیونەوە. پورە زارا و لەیلی زۆر پەرۆشی کاوەیانە و ئاگادار نین، کە لە کام گوند و شاخ باسی شۆڕشی سوور دەکات. کاوە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە و مانگێک دەبێ لە رێگای سەقز و بانەوە بەرەو ئالانی سەردەشت گوازراوەتەوە و لە بنکەی گومرکی کۆمەڵە رۆژانە خەریکی پارەوەرگرتن لە خەڵکە. کاوە لە کاتی وەرگرتنی گومرگدا جار و بار توندی دەنوێنێ، بەڵام خەڵک ئاگاداری دەکەنەوە کە ئەگەر هەڕەشە بکات، پارەی خۆیان دەدەنە دێموکڕات و لەو ناوچەی دەریاندەکەن. کاوە لە ژێر جەبر و ناچاریدا شلی دەکات و بە گوێرەی ویستی خەڵک هەڵسوکەت دەکات. ئەو بە گاڵتە بە هاوڕێکی دەڵێ، ئەگەر ئەمڕۆکانە جەنابی ئینگڵس، مارکس، لێنین و مائۆ لە ئالانی سەردەشت ژیابان، دەبێ کتێبی کاپیتاڵ و سەرمایە و شۆڕسی ئۆکتۆبەر و جوتیارانیان رێبەرایەتی کردبایە؟ هاوڕیەکەی بە پێکەنینەوە دەڵێ، ئەگەر رەفیق لێنین لە پەنا ئەو کێوانە دەبو، بە باوەڕم رەنگە دوو ئینقلابی ئۆکتۆبری دەکردن. کاکە ئێمە هەتا ئێوارە لە بنکە و لە دەرەوە خەریکی فشقیات و پێکەنینین. شۆڕشی کرێکاری و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستەکان پێویستی بە مانگرتنی چینی کرێکارە. لەو وڵاتەدا کێ گوێ لە ئێمە دەگرێ و کام کرێکار و وەرزێڕ هاوبیری سیاسەتەکانی ئێمەیە؟ کاوە بێدەنگەی لێدەکات و چاوەڕوانی تێپەڕینی کاروانچیەکان دەکات، بۆ ئەوەی یارمەتیەک بۆ کۆمەڵە کۆکاتەوە. ناوبرا پێوەندی لە گەڵ کەماڵ نییە و پێوەندییە خێزانیەکانی بە سەرکەوتنی کرێکاران گرێداوە. لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر دارێژەرانی سیاسەتی کۆمەڵە لە سیاسەتەکانی دێموکڕات تورەن و لەو جێگایانەی کە دەسەڵاتی چەکداریی و لایەنگریان زیاترە، لە گەڵ دێموکڕاتەکان سیاسەتێکی توند دەگرنەبەر. بە پێچەوانەوە لەو ناوچانەی، کە پێگەیان لاوازە و زۆر نەرم و هێمن دەجوڵێنەوە و تەنانەت لە گەڵ گوندنشینەکان خەریکی دەروێنە

و میوەچنین دەبن. دێموکراتی و پێشمەرگەکانی تەحەممولی شوعار و درووشەکانی کۆمەڵە ناکەن و ئەو زمانەی کۆمەڵە بە زمـــــانی هەڕەشە و شەڕ تێدەگەن. لە هێنـــــــدێک ناوچە وردە تێکهەڵچوون و بە گژیەکترداچوون رویـــــداوە و سەرکردەکانیان بە شـــــێوازی کـــــۆن لە گەڵ یەکتر سیاسەت دەکەن. دێموکراتەکان باوەڕیـان بە درووشـمەکانی کۆمەڵە نییە و ئەوان لە کوردسـتاندا چینیکـی رێکخـراو بە نـاوی کرێکـاران نـابینن. بێجگە لەوە دێمـوکراتی خۆیـان بە رێبەری داخـوازی عەدالەت دەزانـن و خەتی کۆمەڵە بە خەتێکی تونـد و ئاگرخۆشـکەر دەزانـن. لەو رۆژگـارەدا لە زۆربەی ناوچە وگونـدەکان خەڵکی جیاواز سەنگەر دەگوازنەوە و لە ئاکامدا بازنەی لایەنگر و ژینگەی سیاسی هێـزە سیاسییەکان دەگـۆڕێ. بە وتەی مـام ئەحمەد تەوریوەری کوردستان پڕە لە چەکداری ناڕوشەنفکر و ئەحزابی کوردستان بـازی مـار و پلەدەکەن و لە نەتیجەدا گشـت میللەت دەیـدۆڕێنێ. ئەو سەری لەو هەموو حیـزب و سەرکردەیە دەرنـاچێ و کە چـاو لە چەکـدارەکان دەکـات بە حەسـرەتەوە دەڵـێ، رەفیقـان ئـاخری خێربـێ. رەفیقـان ژماریەک چەکدار لە پێنـاوی قـازانجی خۆیانـدا بوونە پێشمەرگە و بـۆ گەیشـتن بە ویسـتەکانیان حیـزب دەگۆڕن. ئەو تەفرەقە موشکڵی ئەسڵی کوردانە و هەر کەسەو بە موزیکێک دەژەنێ و هەڵدەپەڕێ.

رێژیـــم لە سەر جێبەجێکردنی گەڵاڵە و تەرحەکانی ســـوورە و ئاگـــادارە، کە درێژکردنەوەی شەڕ لە قـازانجی حکومەتە، چوونکە هێـزە کوردییەکان لە گونـدەکان شەڕ ناکەن و پـاش ماوەیەک خـۆڕاگری پاشەکشە دەکەن. بەرپرسانی رێژیم بۆ ئەو کارە چەکدارە تۆبەکارەکان و پێشمەرگەی موسڵمان لە گەڵ پاسدار و بەسیجی ئامادە دەکات و لە پاییزدا هێرش بـۆ ناوچەی ئـالان دەکەن. لەو شەڕانەدا هێزەکـانی رێژیـم کـوژراو و برینـداری زۆر دەدەن، بەڵام ناگەڕێنەوە و چیـای نـۆڕی سەرئەنجام دەگـرن. زۆر هێـز و پێشمەرگە لەو شەڕەدا بەشداری دەکەن و ژمارەیەک شەهید دەدەن، بەڵام سیاسەتی چـاوەڕوانی حیـزب و پێشـمەرگەکانی لە داو خسـت. لەو شەڕەدا خالیـدی مەولود بەزازی وێـڕای چەنـد چەکـدارێکی رێژیـم دەکـوژرێن و بـۆ رۆژی دواتـر تەرمەکانیان دەبنەوە شـار و لە گۆڕسـتان بە خاکیـان دەسـپێرن. خەڵک لەو پاییزەدا بە کوژرانی ژمارەیەک لە چەکدارە کوردەکـانی سەر بە رێژیـم شـادن، بەڵام خەمی پاشەکشەی پێشـمەرگە و حیزبەکان و گیـان لەدەسـتدانی رۆڵەکانیان قـورس و گرانـترە. شـیرین و خەسـووی لە ماوەیەکی کەمـدا مێردەکانیـان دەکـوژرێن و ناویـان دەچێتە لیسـتی بنەماڵەی شەهیدانی پێشـمەرگە موسڵمانەکان. شیرین لە سەرەخۆشـی خالیدی هاوسەریی و بەشـێک لە کوژراوەکـانی دیکە لە گەڵ کچە شیرەخۆرەکەی لە گەڵ ژنەکان دانیشتوە و لە گەڵ ژنانی دیکە ئەلفاتیحا دادەدات. دایکی خالیـد سەری

خۆی پێچاوە و جنێو بە پێشمەرگە دەدات و توک و دوعا لەو کەسانە دەکات، کە چەکیان بۆ حیزبەکان هەڵگرتوە. شیرین توک و دوعاکانی خەسووی دژ بە خۆی دەزانێت و لە گەڵ خەسووی دادەگژێنە سەروپەرچی یەکتر. ژنێک لە خوشکانی زەینەبە و هاوسەری یەکێک لە کادرەکانی سپا لە نێو ژنەکاندا بە شەڕی شیرین و دایکی خالید نیگەرانە. ناوبراو بە فارسی دەپرسێ، کە لە سەر چی شەڕ دەکەن و مەسەلە چییە؟ دایکی خالیدی بە کوردی جنێوان دەدات و دەڵێ، ئەو ژنەتیوە بە کوژرانی مێردەکەی خۆشحاڵە و لە سەر ئەوە شەڕم لە گەڵ دەکات، کە جنێو بە چەکداری ئەو حیزبۆکانە دەدەم. ژنێک کە فارسی دەزانێ زۆر بە کەمی تووشی وەرگێڕانی زمان بوە، بە فارسی بەشێک لەو کێشەیە بۆ ژنە فارسەکە شیدەکاتەوە. خوشکە زەینەبە لە مەسەلەکە ورد دەبێتەوە و دەپرسێ، کێشەی بنەماڵەیی و نێوان خەسوو و بوکە یان پێوەندی بە شتی دیکەوە هەیە؟ دایکی خالیدی لە تاوی ئازاری کوڕەکەی بە ژنەکان دەڵێ،بە قوربانتان بم بەو خاهەر زینەبە بڵێن، کە لە ماوەیەکی کەمدا ئەمن مەولود و خالیدم وەک تڕی بن گۆمێ رۆیشتن. بەشێک لە ژنەکان زۆر خەریک دەبن، بەڵام لە وەرگێڕانی ئەو رستەیەدا سەرکەوتوو نەبوون. خەسووی شیرین تێدەگات، کە ئەوان بە فارسی نازانن ئەو قسانە تەرجومە بکەنەوە، بۆیە بە زمانی دەست و زار بە ژنە فارسەکە رادەگەیەنێ، کە مەولود و خالید بە هیچ و خۆڕایی رۆیشتن. خاهەر زەینەبە، بۆ کۆنترۆڵکردنی مەجلیس و درێژەنەکێشانی شەڕی بووک و خەسوو ئاماژە بە ئایەتێک لە قورئان دەکات، کە شەهیدانی رێگای خوا نامرن. ئەو کوشتن و کوژران لە رێگای ئیمام و رەهەبەریدا بە واجب دەزانێ و شەهیدبوون بە پلەیەکی شایستە. ناوبرا داوا لە شیرین و خەسووی دەکات، کە سەبری ئینقلابیان هەبێ و باوەڕیان بە ئیمامی مەهدی بەهێز بکەن و سەرئەنجام رەزمەندەی ئیسلام سەردەکەون. شیرین لە داخی ئەو ژاوەژاوە و گریانی منداڵەکەی لە ژووری سەرەخۆشی ژنان دەچێتەدەر و بڕیار دەدات، کە تۆڵە لە خسووکەی بکاتەوە. شیرین لە دوای سەرەخۆشی رۆژانە بە تیرۆک و دار لە خەسووی وەژوور دەکەوێت و خەسووش بە دەوری و قاپی مەلامین شیرینی لە بەر دەرگا دەڕەتنێ. جیرانەکان لە شەڕی خەسوو و بوک جارڕ و ماندوون، بۆیە چەند جارێک دوایان لێکردوون، کە ئەگەر پێکەوە مەدار ناکەن با جیابینەوە. شیرین و خەسووی بیر لەوە دەکەنەوە، کە مەولود و خالید کوژراون و ئەگەر بگەڕێنەوە خانووی خۆیان کەس کاری پێنین. پاش ماوەیەک لە حەوشەی خانوە کۆنەکەدا سپا خانوویەک بۆ شیرین ساز دەکات و دایکی خالیدیش لە بەشی کۆنی خانوەکەدا لە گەڵ منداڵەکان سەر بەیەکەوە دەنێن.

کوژرانی خالید ئەو چەکدارەی کە بەردەوام خەڵکی ئازار دەدا لە شاردا دەنگی دایەوە. زۆر پیرە پیاو و کەسانی وەک مەلا برایم و خاڵە مینە بە کوژرانی بە تایبەت خالید دڵخۆشن. لە ماوەی ئەو ساڵانەی رابردوودا خالید لە ئازاردانی ژنان، منداڵان، ماڵی پێشمەرگە، کچان و هتد. دەستی نەدەپاراست و رۆژانە زۆر کەس بۆ کوژرانی لە خوا دەپاڕانەوە. پورە زارا بە تەواوەتی خۆی لە کچەکەی دابڕیوە و ئامادە نییە پێوەندی لە گەڵ دابمەزرێنێتەوە. شیرین لە ڕێگای جۆراوجۆر و تەنانەت سەردانی لەیلا لە سەر تەندووری نانکردن هەوڵدەدات، کە نێوانی خۆیی و دایکی چاککاتەوە. لەیلا زۆر خەمی خوشکەکەیەتی، بەڵام ئاگاداره کە شیرین ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردوە و لەو سەردەمەدا سەرشێتانە مێردی کرد. ئاڵتونی خاڵە مینەی لە ڕێگای بازاڕ و نەخۆشخانە و شیرکەتی نەوت چاوی بە شیرین دەکەوێ. پاسداڕەکان بۆ ڕێزگرتن لەو کوردانەی، کە هاوکاریان دەکەن و لە شەڕی پێشمەرگەدا دەکوژرێن، ماڵ و منداڵەکانیان لە بیرناکەن. پارەیەکی مانگانەیان بۆ دەبڕنەوە، زەویان بۆ خانوو سازکردن بە سەردا دابەشدەکەن و هەروەها لە کارپێدانی منداڵە گەورەکانیاندا هاوکاریان دەکەن. بێجگە لەوە قوتابخانە، کۆڵان و شەقامێکی شاریان بە ناوە دەکەن.

هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم زۆربەی بەرزاییەکانی ناوچەیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. ئەوان بە هێمنی لە گوندەکان گەرادەخەن و ژمارەیەکی زۆرتی چەکدار لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. بەشێک لە هێزی بەرگری میللی دەگەڕێنەوە ماڵ و درێژەدانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە هاوڕێکانیان دەسپێرن. ژمارەیەک لە خەڵکی بە ناو دژە شۆڕش لە گەڵ شەپۆلەکە کەوتوون و پێشمەرگایەتی و کارکردن بۆ کوردایەتی لە کاروکەسابەتی خۆیاندا دەبینن. ئەوان لە ناوچەی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی ئێران و عێراق پەنایان گرتوە و درێژە بە ژیان دەدەن. خەڵک لە گوندەکان پاش دەرچوونی حیزبە سیاسییەکان و پێشمەرگە لە گەڵ دۆخەکەدا خۆیان دەگونجێن و لە گەڵ برادەرانی پاسداڕ و بەسیجی کێشەیەکیان نییە. زۆربەی کوردەکان کوردایەتی وەک دڵداری شاراوە دەکەن و خاوەنی کردەوە نین. بەشێکی زۆر لە گەڵ پێشمەرگەکان لە سەر سنوورەکان بنکە و بارەگایان کردۆتەوە و بە کردەوە لە گەڵ رۆژگارە تازەکەدا خۆیان دەگونجێنن. لە رۆژانی دوای شکست و پاشەکشەدا چەند هێزێک گورزی کاریگەر لە هێزەکانی ڕێژیم دەدەن و بە زمانی سیاسەت بە ڕێژیم رادەگەیەنن، کە ئەو خەباتە درێژەی هەیە. یەکێک لە کوردە شارەزا و سیاسەتمەدارەکان کە سەرکردایەتی دێموکراٚت دەکات لە وتەیەکدا ئاشکرای دەکات، کە بۆ ئەو ڕێژیمە لانی کەم ٢٥ ساڵێک دەبێ تەرخان بکەین. خەڵکی بەتەجرەبە و بە ئەزموون

پەیامە راستەقینەکانی وەردەگرت، بەڵام زۆر کەس لە ژێر کاریگەری فاکتەرە جیاوازەکاندا شیروتیری لە ئاسمان دەسوین و تەنیا بە رزگارکردنی کوردستان رازی نەبوون.

کەماڵ و هاوڕێکانی ماوەیەک لە باوزێ بوون و دواتر بۆ پارێزگاری لە بنکەی تازەی دەفتەری سیاسی لە خاکی باشووری کوردستان جێگیر دەبن. ئەو کات دێموکراٚت بەرەو گرتنی کۆنگرە دەچوو و باسی تایبەت بە کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراٚتیک بازاڕی کۆبوونەوەکانی ئاوەدان کردبۆوە. وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و جەبەلئاغا لە گەڵ سندووقەکەی لە گەڵ خۆیان دەبەن. جەبەلئاغا کاتێک لە گوندی هەرزنێ تێپەڕ دەبێت، جنێوێکی چاک بە سیاسەت دەدات و لە پێشمەرگەکان دەپرسی، ئەو شۆڕشە بەرەو کوێمان دەبات؟ حوسێن بە گاڵتە دەڵێ، ئێمە لە ئاوەکە دەپەڕینەوە و دەچینە گەرمێنێ ، جەبەلئاغا ناوێکی سوار و خۆش هەڵبژێرە. کاکە ئەو شۆڕشە بە لاقی کیسەڵ دەڕوات و تازەی دەستی خاترجەمی وەبن سەرت بدە و بیر لە گەڕانەوە مەکەوە. ئەوانەی دەگەڕێنەوە وەک رەحیم دۆشکە و حەمە ئالانی و سەدان چەکداری دیکە تۆبەنامەیان ئیمزا کردوە. ئەمن ئەگەر تۆ بناسم بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیت و ناتوانیت تۆبەی سیاسی بکەی و پەرژینێکی بە گوڵ و ریحانان بێ، چەکی جاشەتی لە شان بکەی. کاکە وەرە دەڕۆین و پێکەوە ملی لێدەنێین و سەرئەنجام لە مەڵبەندێک دەگریسێینەوە. ئەگەر چاو لە ئاوی کەڵوێ دەکەم کە بە خوڕ بەو دۆڵ و ناوچانەدا رادەبری، کزەم لە دڵی دێت. یادت بەخێر مام کەریم، کە بە ئێمەی دەگوت "ئێوە سەر رووتن و نازانن دنیا چ باسە. رۆژێک دێت ئارەزو دەکەن لە گەڵ ماڵی خۆتان لە سەر سفرە دانیشن و شەوێک بە راحەتی بخەون. کوڕە دانیشن، بیللاهی کورد کورتی دێنێ و سەرئەنجام دەکەون. پیاوی چاک بن و وەدوا دەنگی دەهۆڵی مەکەون. بە کەلامی خوای پەژیوان دەبنەوە و دواتر کار لە کار دەترازێ.

وەستا مستەفا لە داخی ئەو شکان و هەڵاتهەڵاتە بە جەبەلئاغا دەڵێت، قسەی کاک حوسێن حەقە و تازە بە قولاپی سیاسەت و حیزبایەتیەوە بووین. ئەمن بە گونجاوی دەزانم، ناوی ئاغای فەراری لەخۆت بنێی، کە تەمسیلی راکردنی حیزب و پێشمەرگەکان دەکات. ئەو ناوە ئاوینەی راستەقینەی خۆمانە، کە ساڵێک چاوەڕێمان کرد هەتا پاسدار و منداڵە ورتکەی بەسیجی بە ئەڵڵاهوئەکبەر و یا حوسێن لە سەر خاکی خۆمان هەڵمانقەنن. ئەگەر ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ کارتی پێناسی بۆ ئێمە و بە تایبەت سەرکردەی حیزبەکان دەرکردبایە، زۆربەمان بە شۆرەتی فەراری و هەڵاتو دەناسرایین. ئەمن لە بیرمە،

کە شارەکانمان بە ختوخۆڕایی چۆڵ کرد. کاکە شۆڕش یان دەکرێ یان ناکرێ! ئەتۆ خوا و خورمات دەوێ و ئەوەش سەرناگرێ. ئەتۆ ئەگەر شەڕی هەموو کرێکارانی ئێران و جیهانت بۆمن هێناوەتە کوردستان بۆچی لە پاشەکشەدا هێندە ئازاو و پێشڕەوی. ئێمە خۆمان بە چ چەک و ئامرازێک دێموکراسیمان بۆ ئێران و خودموختاریمان بۆ کوردستان دەوێ؟ بنکەکانی رێژیم یەکساڵ و دووساڵ لە بەرچاوی خۆمان بوون و بە بیانوی موزاکرە و خودگەردانی تووشی سەرگەردانیان کردین. پەککو جەبەلئاغا بۆ ئەو خاکە جوانە، کە بە ئاسانی لە دەستمان چۆدەر. کەماڵ بۆ شکاندنی بێدەنگی باس لە چیرۆکی ناسر و ماڵماڵ دەکات و کوڕەکان دڵخۆش دەکات، کە رەنگە بە سەری هەیبەت سوڵتانیدا بەرەو بەغدا بڕۆین. جەبەلئاغا بە وتە و قسەی هاوڕێکانی شادە و شوکری خوا دەکات، کە خاوەنی ئەو رەفیقە باشانەیە. ناوبراو لە سەر چۆمی هەرزنێ بە هاوڕێکانی دەڵێت، لە سەر پێشنیاری وەستا مستەفای برام، لە ئێستاوە بە ناوی ئاغای فەراری بانگم کەن. ئاغای فەراری ساڵان یەک مانگ لە بنکەکان نەدەمایەوە، چوونکە قسەکانی کڕیاریان نەبو. ئەو رەخنەگر و وردبین بو، بەڵام بە زمانی کۆمێدی و پێکەنین لە سەر دیاردە و بابەتەکان دەدوا. ناوبراو بە زۆربەی پێشمەرگەکان رادەگەیەنێ، کە ئەگەر کەماڵ، مستەفا و حوسێنی نەناسیبا، بێگومان لە یەک مانگ زیاتر لەو بنکە و مەقەڕانە نەدەمامەوە. ئێوە بۆ من بران و هەتا دەمرم وەک سێبەر لە گەڵتان دەمێنمەوە. ئەگەر پێشمەرگایەتیم پێنەکرا و لە بەر کزی چاو و هەنگاوەکان خۆم لە جەولە نەدا، لە مەقەڕی گوڵ و درەختان بۆ ئاودەدەم. ئەوان نیوە شەوێ دەگەنە بنکەی دەفتەری سیاسی و ئاغای فەراری ئەندامانی دەفتەر سیاسیی و سەرکردایەتی دیموکڕات دەبینێ، کە رۆژانە قۆڵ لە قۆڵی یەکتر دەکەن و لە سەر رووداوەکان دەدوێن. رۆژانی یەکەم بە تەواوەتی خۆی کڕ و بێدەنگ دەکات و کەس سەرنجی ناخاتەسەر. ماوەیەک کە لەو مەڵبەندە دەمێننەوە و پرسی کۆنگرەی شەش دێتەگۆڕێ و موزەفەر دێموکڕات دەبینێ، کە زۆر خۆی لە مەسەلەکان هەڵدەقورتێنێ و لاگیری لە سۆسیالیزم دەکات. موزەفەر لادان لە رێبازی سۆسیالیزم بە خەتای گەورە دەزانێ و رۆژانە مێشکی ئاغای فەراری بردوە. ئاغای فەراری وەبیر موزەفەر دێنێتەوە، کە وەک باژاڕی تەمبێ دەکرێ و ئاگاداری زمانی خۆی بێت. بەو زستانە و بارانە و تەنانەت لە دەربەدەریدا لە بن چادر و نایلۆنیدا باسی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک گەرمە. ئاغای فەراری لە گەڵ کەس لە سەر ئەو باسە دمەتەقە ناکات و رادەگەیەنێ، کە مادام دوکتۆرێکی کورد سۆسیالیزم و دێموکڕاسی تێکەڵکردوە ئەمن قبوڵی دەکەم. ناوبراو بە گاڵتە بە هاوڕێکانی دەڵێ، هەر بابەتێک دێموکڕاسی تێدانەبێ بە کەڵک نایەت. کوڕینە خۆتان بەو باسە سەرقاڵ مەکەن و پێشمەرگایەتی شتێکی دیکەیە و شەڕە چەقەی

چەپاوەنە لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە گەڵ کەسێک کە دەزانێ چ دەکات و چ دەڵێ، کارێکی هەڵەیە و خۆفریودانە. ئاغای فەراری کە چاو دەگێڕێ زۆر کەسی وەک موزەفەر دەبینێ، کە تەنیا یەک وتاریان لە سەر سۆسیالیزم نەخوێندۆتەوە، بەڵام رۆژانە خۆیان بە دژبەرانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک پێناسەدەکەن. مستەفا و حوسێن لە گەڵ ئاغای فەراری لە سەر پرسەکە خۆبەخۆ قسەدەکەن و ئەوان لە گەڵ درێژدادڕی نین. کەماڵ لە گەڵ کورتەباسە و وەک نوێنەری کۆنگرە هەڵبژێردراوە، بەڵام زۆر لە دۆخەکە ڕازی نییە. رۆژێک بە هاوڕێکانی دەڵێ، کە کورد هەتا نەمریت قەدرت نازانێ. ئەو خەڵکەی رۆژانە لێرە و لەوێ دژی دوکتۆر دەخوێنن، بە هەموویان بە قەدەر دوکتۆر شارەزا نین و هەیە تەنیا لە زاری کادری کۆمەڵە ناوی سۆسیالیزمی بیستوە. کاوەی ئێمەش سفرەی ماڵی بە سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری دەبەستەوە. خەڵکی وەک کاوەی زۆرن و لە هەموو شار و گوندێک سەدان و هەزاران کاوەمان هەن، کە تەنیا خەون بە هەنگوین و رۆنەوە دەبینن. ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و پێشڕەوان و سەرە گەورەکان لە گەڵ یەکتر تەبا نین و شەڕەکە بە کوڕی فەقیر دەکەن. ئاغای فەراری لە سەر لێکدانەوەکانی کەماڵ قسەی هەیە و دەڵێ، کاکە نیوەی مەسەلەکەت ئاشکرا کردوە، بەڵام نیوەی دیکە خۆمانین. ئەگەر ئێمە تاکی خاوەن باوەڕ و سەربەخۆمان هەبایە، چۆن بەو رۆژە دەگەیشتین. ئەگەر پێشمەرگەکان زۆربەیان وەک تۆ و کوڕە باشەکانی دیکە هەڵسوکەوت و پێشمەرگایەتیان کردبایە، رێژیم چۆن لە سەر خاکی کوردستان دەریدەپەڕاندین. لە بیرتە کە حەمە ئالانی چەندە و چۆن لە گەڵ رێژیم ژێربەژێر سازابو و سیخوڕی لە سەر ئێمە دەکرد. براکەم، کورد و حیزبایەتی زۆر تەبا نین و ئێمە بۆ حیزبایەتی زۆرمان ماوە. هەر حیزبەی هاتوە چەکداری لە دەوری خۆی کردۆتەوە و لە سەر رێگایەک گومرگ وەردەگرێ. ئەگەر یەک هێزی چەکدار لە کوردستاندا سازبکرابایە بە خاکی کوردستان ئێستا ئێمە لە چوارچرای سابڵاغ سروودی ئەی رەقیبمان دەگوتەوە. ئەی هاوار لە دەستی کوردان! شێخ، مەلا، ئاغا و خوێندەواری کارنەکردە لە حیزبەکاندا کۆبوونەوە و سەری ئەو میللەتەیان لە قوڕنا. ئەو سازمان و حیزبانە لە وڵاتانی جیهاندا خاوەنی چەک و چەکدار نین و ئەوەی ئێمە دەیکەین کارێکی ناڕەوایە و رەنگە پەنجا ساڵی دیکە کورد رەخنە لەو کارەی حیزبەکان بگرن. سیاسەت هونەرە و حیزبایەتی ئامرازی سیاسەت لە وڵاتانی دێموکراتی. بە باوەڕی ئێوە لەو وەرزی زستانەدا ئەو خەڵکە لە سەر چ بناخەیەک کۆنگرە دەشێوێنن؟ سەرە زلەکانی حیزب دەکرا بەرنامە بۆ بەهاری داهاتوو داڕێژن و واز لەو داوەت و داوەتکارییە بێنن. ئێوەش ئاگادارن، کە لە ناوچە پاشەکشەمان پێکرا، زۆر فەرماندە و چەکداری حیزبەکان لە گوندەکان میوان بوون و ئامادەنەبوون لە شەڕدا بەشدار بن. هەر پەل و

دەستەیەک تەنیا خۆی بە مەسئولی گوند و ناوچەی خۆی دەزانێ، بەڵام بەسیج و پاسداڕی ئیسفەهانی، تەورێزی، تارانی، گیلانی، بەندەر عەباسی، قۆمی، یەزدی و هتد وەک سەربازی دەوڵەتێک دژی ئێمە دەجنگان. ئەوان ئازا نەبوون، بەڵام خاوەنی بەرنامە و ئامانج بوون. ئامانجی ئەوان دەرپەڕاندنی ئێمە بو، کە کردیان، بەڵام ئامانجی ئێمە چییە؟ هەزاران چەکدار لە ماڵ و بەر دەرگای مزگەوت لە تەنیشت کچانی ئاو لە سەر شان و ژنانی گوند و شاردا پۆڵایان دەخوارد، بەڵام کە تین و زۆر هات بە زەبری چەک و پارە بۆت نەدەدۆزرانەوە. ئێمە لە گەڵ خۆماندا پێویستە راستگۆ بین و ژینگەی خۆمان و تواناکانمان بناسین. سیاسەت بە موزەفەر دێموکڕات و ئەو پێشمەرگانە ناکرێ، کە ناوی شێڕ و بەوریان لە خۆیان ناوە و جەمەدانەی سەریان نیومیتر پانە، بەڵام لە شەڕەکان خۆدەدزنەوە. کوان پۆڵاکان؟ کوا هەڵۆکان؟ لە کوێن دارەوەن وشاخەوانەکان؟ هێرش، شۆڕش، شاڵاو، جەنگاوەر، هەڵمەت، لوتکە و چیاکان لە کام سەنگەردا خۆڕاگریان کرد؟ حوسێن بەو باسانە دڵی دەکرێتەوە، بەڵام داوادەکات، کە با دوو قسەی خۆش بکەین. با لە سیاسەت گەڕێین و خەراپی نەکەین. کورد و سیاسەت لە کۆنەوە دوژمنی یەکن و ئێمە تەنیا بۆ شەڕی خۆبەخۆ ئازاین. حوسێن باسەکە دەگۆڕێ و لە کوڕەکان دەپرسی، کە ئەوجار دەبێ ژن بێنین، چوونکە ئەو شۆڕشە بەو چەقەچەق و دانیشتن لە دەوری یەکتر تەواو نابێ. ئەگەر ساڵێکی دیکە شەمەنەفەری شۆڕش بەرەو سلێمانی بردین سەر و ژن دێنین و بۆ خۆمان سەر و جنسەیەی عێڕاقی وەردەگرین. برادەرینە، هەتا پیری نەهاتوە با فکرێک لە خۆمان بکەینەوە. وەستا مستەفا لە ئاغای فەراری دەپرسێ، کە نەزەری تۆ لە سەر ژن هێنان چییە؟ ئاغای فەراری بۆ پێکەنین دەستەکانی بۆ چەپ و راست بادەدات و بە گاڵتە دەڵێ، ئەگەر لە بەغا گریساینەوە ئەمن کۆنەچاڵم هەیە. موزەفەر بە پێکەنینەوە دەپرسێ، ئاغای فەراری رەنگە لە بەغدا ناوت کۆنەچاڵ بووبێت؟ ئاغای فەراری بە روخساری موزەفەر توڕەیە و کە ئەو پرسیار دەکات، خۆی بە گوێگرتن لە رادیۆیەک یان قسەکردن لە گەڵ هاوڕێیەک سەرقاڵ دەکات.

لەو ماوەیەدا کەم و زۆر ئەوانەی کە ناوی ئاغای فەراریان بیسبتوو، هەڵوێستەیەکیان لە سەر ناوەکە دەکرد و زۆربەیان بە تێڕوانینێکی بەرتەسسک ناوەکەیان دەخوێندەوە. ژمارەیەک لە خەڵکی شەڕ نەدیتو کە ناوی ئاغای فەراریان دەبیست بە قامک ئاماژەیان بۆ دەکرد و فیتویان بۆ لێدەدا. هێندێ لە پێشمەرگەکان کە ناسیاویان لە گەڵ نەبو، بە شێت و دێوانە پێناسەی دەکەن. کۆمەڵە خەڵکێکی خۆش مەشرەب حەزیان لە ناوی ئاغای فەراری بو، بۆیە ئێواران بۆ پێکەنین و گوێگرتن لە قسەی خۆش

بانگیـان دەکـرد. ئاغـای فەراری خـاکی و کـراوە بـو، بۆیە بە دڵپـاکی سەردانی زۆربەی پێشـمەرگە و بەرپرسەکان دەکرد. ئەو لە گەڵ کوردەکانی باشوور بەشێک لە پێشمەرگە و کاسبکارەکانیان تێکەڵاو بو. بە مەبەستی تایبەت و لە بەر زانینی زمانی عەرەبی خەڵکی کوردستانی گەرمێن حیسابی جیایان بۆ دەکـرد و بە خەڵکی ناوچەی خۆیـان دەزانـی. زۆرجـار ئەوان لە لای ئاغـای فەراری دەردی دڵـی خۆیـان دەکـرد و تەنانەت رەخنەیان لە حیزبەکان دەگـرت. یەکێک لەو کوردانە ئەنـدامی کۆمەڵەی رەنجـدەران کوردستان بـو، کە رەخنەی لە سۆسـیالیزمی دێمـوکراتیکی قاسملو دەگـرت. نـاوبراو لە گەڵ کۆمەڵەکان تێکەڵ بـــو، بۆیە لە ژێـــر کاریگەری کۆمەڵە و حیزبـــی کۆمۆنیســـتی ئێرانـــدا قاســـملویان بە پیـــاوی ئیمپریـالیزمی ئەمریکا دەناسـاند! ئاغـای فەراری کەمتر خـۆی لە قەرەی دمەتەقە سیاسـییەکان دەدا، چوونکە ئەو ئاگـــاداری کولتـــوری کـــوردان و هەروەها حیزبایەتیە. لە ئەساســـدا بـــاوەڕی بە ژاوەژاوی سیاسی نەبو، چوونکە ناوبراو دەیزانی، کە راستیەکان درەنگ یـان زوو ئاشکرا دەبـن و ئەو دەهۆڵکوتانە هیـــچ لە رووداوەکـــان نـــاگۆڕێ. رۆژێـــک فەراری و هاوڕێکـــانی پێکەوە میـــوانی پێشـــمەرگەکانی سەر بە کۆمەڵەی رەنجـدران دەبـن. قسەکردن بە زاری زۆرەوە تـام و چێـژی تایبەتی هەیە، بۆیە ئاغـای فەراری ئەمڕۆ بە نیـــازە لایەنگرانی بەرەی چەپ و ئەو پێشـــمەرگانەی کە گەمە بە ئەم و ئەو دەکەن بهەژێنێ. ناوبرا لە گەڵ هاوڕێ کۆنەکانی وەڕێدەکەن و دەگەنە مەقەڕی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. ئەوڕۆ کۆمەڵە میـوانێکی تـازە هـاتوون و بە نیـازن بەرەو ناوچەکانی سـلێمانی جەولە بکەن. کەماڵ لە نێـو میوانەکاندا روخسارێکی ئاشنا دەبینێ، بەڵام نازانێ لە چ شوێنێک یەکتریان دیوە. کەماڵ لە حوسێن و مستەفا دەپرسـێ، ئەرێ کوڕینە ئێوە ئەو روخسـارە ناناسـن. ئەوانیش وەک کەماڵ نـازانن، کە لە کـوێ یەکتریان دیتوە، بەڵام ئاشـنایە. ئاغـای فەراری کەشـوهەواکەی بە کەیفێیە و بە حوسێنی دەڵـێ، ئەمڕۆ رۆژی هیممەتە. نـاوبرا لە پڕ داوا لە پێشـمەرگەکان دەکـات، کە ئێمەی بۆرجـوا (بـورژوا) میـوانی نـان و کەبابین و بە فاسۆلیا رازی نابین. کە وشەی بـورژوا هاتەگۆڕێ، چەنـد ئەنـدامێکی کۆمەڵەی رەنجـدەران لە تەنیشـت میوانەکان دانیشـتن و یەکێک لەوان گـوتی، ئاسـۆ وره دانیشە. ئەمڕۆ برادەرانـی دیمـوکراتی میـــوانن و ماوەیەکە پشـــتیان لە سۆســـیالیزم و بلـــۆکی رۆژهەڵات کـــردوە و عەودالـی سۆســـیالیزمی دێمـوکراتیکن. کەماڵ و مستەفا و حوسـێن کە نـاوی ئاسـۆ دەبیسـتن، چاوێـک لە یەکتر دەکەن و دێتەوە بیریان، کە شەوێک لە گەڵ مامۆستا نـازم لە سەردەشـت میوانیـان بـوە. وەستا مستەفا بـۆ تاقیکرنەوەی شک و گومانیان بە ناوی ئاسۆی موزەممیت بەخێرهاتنی ئاسۆ دەکات. ئاسۆ سپاسیان دەکـات و دەپرسـێ، کاکە تۆ چۆن ئەمن دەناسیت و خـۆ عیلمـی غەیبت نییە؟ مستەفا چیرۆکەکەی بە تەواوی بـۆ دەگێڕێتەوە

و ئاسۆ زۆر شاد دەبێ. سامان شارباژێڕی دەڵێ، لە کۆنەوە وتوویانە، کە کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات. ئاسۆ وەک ساڵان نەماوە و بۆتە کادری کۆمەڵە و لە ریزی یەکێتی نیشتمانیدا چەکی هەڵگرتوە. لە خوێندنەوەی رووداوەکانی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بە لای کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستدا دەیشکێنێتەوە. سامان پرسیار لە دیموکراتەکان دەکات، کە حیزبی کۆمۆنیست چەند فارسێکی عەبقەریان لە گەڵە و ئێوە دەرقەتیان نایەن. ئەوان زۆر موهیمن و لە بن سێبەری کۆڵەکە دارێک لە ئەلفەوە هەتا کۆتایی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و خەباتی کرێکاریت بۆ دەنەخشێنن. بە خوا باوکم ئەو فارسانە عەزیمن و رەنگە لەو شاخانە شۆڕشێک بەرپابکەن هەموو شەرقول ئەوسەت رزگار بکەن. سامان درێژە دەدات و رەخنە لە دیموکرات دەگرێ، کە قبوڵی کۆمەڵە ناکەن و تەگەرە لە سەر خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو حیزبە دەخوڵقێنن. ئاسۆ لە دوای سامان رەخنە لە دێموکرات دەگرێ و بە حیزبێکی عەشایری و تەقلیدی ناوی دەبات، کە بە دەستی حیزبی کرێکاران کۆتایی پێدێ. کەماڵ لە فەراری دەپرسێ، کاکە بۆ نان و کەبابت هێناوین یان شەڕی دۆستان؟ چەپەکان کە زۆر کتێب و نووسینی پێوەندیدار بە سۆسیالیزم و مارکسیان دەخوێندەوە لە کاتی قسەکردندا دەرفەتیان بە لایەنی بەرامبەر نەدەدا قسەی خۆی بکات. ئەو رۆژە سامان، ئاسۆ و دواتر نەجمەدین خانەقەینی بە تەواوەتی مەجلیسەکەیان شیواندوە. کەماڵ کاسەی سەبری پڕدەبێ و دەنگ بەرز دەکاتەوە، کە کاکە مردنیش بە نۆبەیە. ئێمە بۆ دیدارێکی دۆستانە هاتبووین و چاوەڕوان نەبووین، کە شەڕی سەرمایەداری و کۆمۆنیزم لێرە ببڕێنینەوە. ئێوە قسەی خۆتان کرد و ئێمەش وتەی خۆمان هەیە. ئێوە بە هەڵە لە خەباتی حیزبەکان گەیشتوون و بە تێگەیشتنی ئێوە ئەوانەی زۆر دەڵێن و شەو و رۆژ وەک شێعر ناوی کرێکار و وەرزێریان لەسەر زارە لە ئێمە شۆڕشگێڕترن. ئێوە لە سەرەخۆبن، ئەو شەڕە بە کوردان دەکرێ و زۆرمان خۆ لەو شەڕفرۆشیە بواردوە. بە چ یاسا و قانوونێک ئێمە نوێنەری بورژوای کوردستانین و ئەوان کرێکارانی کوردستان؟ ئێمە خوازیاری پاراستنی دارستان و قەدەغەکان بووین، بەڵام کۆمەڵەکان بە چەکەوە خەڵکیان بە بیورەوە دەبردە دارستان و بە دژایەتی دێموکرات داوایان لێدەکردن، کە بە بیوور و مشار بکەوەنە گیانی دارەکان! ئێمە ژن بە ژنەمان قەدەغە دەکرد، کاکی رەوشەنفکری کۆمەڵە بە نووسراوەیەک بنەماڵەکانی لە بەڕێوەبردنی ژن بە ژنە ئازاد دەکرد. ئێمە شەڕی پاسدار و بەسیجیەکانمان دەکرد و ئەوانیش خەڵکە چەکدارەکانیان دژی ئێمە تیژ دەکەن و بە دوژمنی سەرسەختی کرێکاران پێناسەمان دەکەن. ئەگەر دێموکرات هاوار بکات، کە زستان سارده ئەوان دژی ئەو لێدوانە زستان بە وەرزێکی گەرمی کرێکاران دەناسێنن. لە پێوەندی لە گەڵ سۆسیالیزم و

سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا زۆر کەس خەراپ تێگەیشتوە. ئەگەر ئێوە دەزانن، کە دوکتۆری ئێمە هەڵەی کردوە بۆچی سەرکردەی ئێوە و ئەو عەبقەرییە فارسانە بە نووسین وڵامی نادەنەوە؟ ئاغای فەراری چەند رۆژە خۆزگە بۆ کاتێکی ئاوا هەڵدەخوازێ و داوا دەکات، کە قسەی خۆی بکات. ناوبراو لەهۆدە چووکە قوڕینەکەدا چوار مەشقی دادەنیشێ و بەمجۆرە دەدوێ: کوردەکان لە بەر بەدبەختی و رۆژرەشی لەو شاخ و دۆڵانە لە سەر سەرمایەی مارکس کێشەیان هەیە! ئێمە هەتا خۆمان و ژینگەکەمان نەناسین بەو وشە و کەلیماتە یەک هەنگاو ناچینەپێش. رۆژانی رابردووش کە هاتوومە ئێرە زۆر گوێم لە وتەی سواو و سوەراو دەبێ و هێندێک جار سوکایەتی بەو کەسە دەکرێ، کە سۆسیالیزمی دێموکراتی هێناوەتە گۆڕێ. کاکە ئەو کەسە کوردێکە و سەرکردەکەی تۆ لە تەنیشت ناوبراو وەک قوتابی دادەنیشێ و توانای قسەکردن لە سەر ئەو چەمکانەی نییە، ئەتۆ بە چ عیلمێک سووکایەتی بەو باوەڕی مرۆڤەکانی دیکە دەکەی؟ گەلانی دیکە بەختەوەرن کە وەک ئێوە دەڵێن زەلامێکی عەبقەڕیان هەبێ و شانازی پێوەدەکەن. ئێوە لە بەدبەختی خۆتان چەند کۆمۆنیستێکی فارس بە عەبقەری دەناسێنن، بەڵام کوردەکەی خۆمان بە بورژوا و مومەسیلی ئیمپریالیزم! چاوێک لە خۆتان و رابردووتان بکەن و ئاوڕێک لە مێژووی کورد بدەنەوە. کامە لە ئێوە شارەزایی لە سەر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هەیە؟ ئەمن لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە گەڵ کۆمەڵە و رێکخراوەکانی دیکەش بووم و دەزانم باسی چی دەکەم. ئێمەی کورد زۆرمان ماوە و شۆڕشەکەمان زیاتر دەنگەدەنگە. کاکی کۆمەڵەی رەنجدەران، ئاسۆ، سامان و نەجمەدین کوا سەربازە ئازاکانی کاسترۆ، سۆفییەت و چین لەو شاخانە؟ لە کام شار و گوندی ئەو وڵاتانە یەک خولەک بۆ کوردی قوڕبەسەر هەڵبەستێک هۆنراوەتەوە؟ ئێمە بە دوای کوڵاوی بابردوو کەوتووین و رۆژگارێک بە تێکڕا لەو کولتورە دزێوە پەشیمان دەبینەوە. ئێوە لە من بوونە کۆمۆنیست و سۆسیالیستی کورد، بەڵام ئەو فارس و عەڕەب وتورکانە بە تێکڕا سۆسیالیست و کۆمۆنیستن. ئەوان دەزانن بۆ کوێ دەچین و ئێمەش سەرلێشواو و لاواز بەدۆڵێدا. کاکە رەنگە قسەکانم رەق بن، بەڵام بۆ کۆتایی ئەوەندەش دەڵێم، کە سەرکردەی زۆربەی ئێوە لە داهاتوودا لە باوەشی بۆرژوازیدا دەبینمەوە. ئەگەر مردم و ئەو رۆژەم نەدی، کە کاک جەلالی تۆ و کاکەکانی دیکە بە هیچ هێزێک لە بورژوازی نابنەوە و ئەوکات سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەبنە چیرۆکی بەرئاگردان. سامان دەڵێ، مەبەستت لە کاک جەلال کێیە؟ کاکە هەموو دونیا بە مام جەلالی دەناسن و کاتی خۆی چۆتە وڵاتی روسیا و چین، قبوڵ ناکەم ئەو مامە بکەیتە کاک. وەستا مستەفا بە سامان دەڵێت، بە خوا چاک لە نێو سۆسیالیزم و مارکسیزمدا قاڵ بویتەوە. ئەتۆ وەک کاوەی برای کاک کەماڵ لە نێو باسوخواسی کرێکاریدا خۆت

سەرقاڵ کردوە، بەڵام بە وشەی کاک تورە دەبی و چاوەڕوانیت، کە شۆڕشی داس و کوچک ڕێژیمی بەعس و خومەینی بڕوخێنن. ئێمە تەنیا حەزمان لە سەپانی سیاسی نەتەوە سەردەستەکانە و لە کۆنەوە بە ناوی دین و ئەمڕۆ بە ناوی سۆشیالیزم و ئینقلابی کۆمۆنیستی ئاردی لە ئاوێ دەکەین. ئێمە دوژمنەکانمان لە بیر چۆتەوە و لەو بەردەڵانەدا یەکتر تۆمەتبار دەکەین. سوێند بێت، کە بەو شێوازە نە گەل رزگاری دەبێ و نە چینی کرێکار دەچێتە سەر کورسی دەسەڵات. ئاکۆ کۆیی بۆ گۆڕینی باسەکە لە کۆڕەکەدا چۆنیەتی جەمەدانە بەستن و جیاوازییەکانی پانتۆڵی کوردی کوردستانی بن دەستی ئێران و عێراق باس دەکات. ناوبراو پاشان لە سەر مانای ناوی ئاغای فەراری پرسیار دەکات. فەراری یەکسەر ناچێتەسەر ناوەکەی خۆی و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشبەتاڵ. لە ئاکۆ دەپرسێ، کە ئایا لە چۆنیەتی رووداوانی ئاشبەتاڵ شارەزایت. ناوبرا درێژە بە وتەکانی دەدات و ئاماژە بەوەدەکات، کە کورد بە دوو جۆر لە شەڕ رادەکات. جۆری یەکەم وەک ئاشبەتاڵە و بە خێرایی چەک دادەنێن و سەرکردەکان رادەکەن و شۆڕش بە دۆڵێدا. جۆری دووهەم، ئەوەی خۆمانە، کە ساڵ بە ساڵ پاشەکشەمان کرد و هەموو بەهاران بەشێک لە خاکی کوردستانمان بۆ پاسداڕ و بەسیجیەکان بەجێهێشت. بێجگە لەوە، لە ئاشبەتاڵدا کوردی کوردستانی ئێران لە گەڵ بەعسیەکان نەبوونە هاوکار، بەڵام لە پاشەکشەی خۆماندا پارتی بارزانی لە گەڵ پاسداڕانی دلێر! شەڕی کورد و خەڵکی کوردستانیان کرد. ئاکۆ باس لە هێزی پشتیوان دەکات، کە لۆ شەڕ و دیفاع لە دیموکراتی شەڕیان کردوە. ئاغای فەراری دەڵێت، بەڵێ کاکی خۆم ئەوەش راستە، بەڵام زۆر درێژەی ناکێشێ و رەنگە زەمانە بسوڕێ. سیاسەت گۆمێکی قوڵە و بۆ مەلەکردن خۆش نییە. ئەمن لە مێژووی کورد ئەوەندە دەزانم، کە زۆر زوو هەڵدەچین و زیاتر شەڕمان بۆ تورک، فارس و عەڕەب کردوە. کورد حەزی لە سەپانەتییە و زۆر ئۆگری خاوەندارەتی لە خاکەکەی نییە. ئەوەتا وەبیرم دێت، ئێمە دژی دارستان، باڵندە، مێرولە، ماسی و زیندەوەرانە بووین. چ گیانلەبەرێک باوەڕ بە مرۆڤی کورد دەکات؟ هەموو ئاژەڵەکان لەو خاکەدا هەست بە نەبوونی ئاسایش دەکەن. بە منداڵی فێری باڵندە کوشتن و دواتر ئاژەڵکوشتن دەبین و لە کۆتاییدا دەبینە چەکداری دەوڵەتان و سەرقاڵی کوشتنی کوردەکان دەبین. هاوڕێ رەفیق، لە بەر ئەو پاشەکشە و هەڵاتنی سۆسیالیزم و خودموختاری خوازەکان ناوم لە خۆ ناوە، ئاغای فەراری. بە کوردی جەنابی هەڵاتوو و راکردو. میوانەکان نانێکی سادە پێکەوە دەخۆن و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن.

وەرزی زستان لە کوردستانی گەرمین بەرەو کۆتایی دەڕوا و کوێستانەکان خاڵخاڵ بوون. دەستەی

پارێزگـاری لە بنکەی دەفتەر دەگەڕێنەوە بـۆ بـاوزێ و لەوێ چەنـد هۆدەیەک ئـاوەدان دەکەنەوە. لە رێگـای گەڕانەوەدا ئاغـای فەراری بـۆ گەرمکردنی کـۆڕی دۆسـتان، پێشـنیار دەکـات، کە ئەو ماوەیە پێناسێکی پێشمەرگانەی بۆ داوا بکەن و با ناوێکی سادە لە خۆی بنە و لەو هەموو چەقەچەقە رزگـاری بـێ. نـاوبرا بـاوەڕی وایە، کە تـازە کـار لە کـار تـرازاوە و مەبەسـتی نییە حیـزب حیزبێنە بکـات و هەتا دەمری لە گەڵ ئەو کوڕانە دەمێنێتەوە. وەستا مستەفا چەنـد ناوێک دەژمێـرێ، بەڵام ئاغـای فەراری بە کەیفی نـابن. حوسـێن نـاوی زرێبـار پێشـنیار دەکـات، بەڵام ئاغـای فەراری داوای پاشـناوێکی لێدەکات. کەماڵ پاشناوی کۆڵنەدەر یان کوێستانی بۆ زرێبار دادەنـێ و قەراردەدەن، کە بەو ناوە کارتی پێناسی بـۆ دەرکەن. موزەفەر دێموکڕات شەکەت و ماندوویە و ئەو رێگایە زۆر بە زەحمەتی دەبـڕێ و زۆر ئـۆگری توڕە کردنـی هاوڕێکانیەتی. بـۆ ئەو کـارە میـرزا دەرزیلە بە گونجـاو دەزانـێ. لە کاتێکدا ئاغـای فەراری نـاوی تـازەی هەڵبژاردوە و بە زرێبـار کوێسـتانی بانـگ دەکـرێ، موزەفەر دێمـوکڕات لە رێبـواران کاروانچیەکان دەپرسێ، کە خەبەری میرزا دەرزیلەیان هەس یان نا؟ زرێبـار ماوەیەک خـۆی کـڕ دەکـات، بەڵام موزەفەر بە ئاسانی دەستبەرداری نابـێ. زرێبار کوێستانی کە سندووقەکەی لە نێوبـاری وڵاخێکدا هاویشـتوە بە گۆچانەکەی لە پشـتی موزەفەر دیمـوکڕات رادەکێشـێ و موزەفەر دەکەوێت. موزەفەر دەزانێت کە تاوانبارە، بۆیە زۆر بەرگری لە خۆی ناکات و تەنیا بە میرزا دێوانە بانگی دەکات.

گونـدەکانی ناوچە چـۆڵکراون و بەشـێکی زۆر لە پێشـمەرگەکان چـاوەڕوانن کە بەهار بارانەکانی تەواو کـات و بگەڕێنەوە نێـو خەڵک. لەو ماوەیەدا چەنـد گەنـج و جحێڵێـک بە مەبەسـتی پێشـمەرگایەتی هاتوونە مەکۆی پێشـمەرگەکان لە بـاوزێ. ئەوان سەرەتا لە کاروبـاری خزمەتگوزاری بنکەدا وەک چاتێکردن، دارهێنان و خواردنسازکردن کاریان پێدەکرێ. ئەو سەردەمە زۆر بە کەمی تـازە هاتوەکـان بـۆ فێرگەی سیاسی-نیزامـی رەوانە دەکـران. پێشـمەرگایەتی هێشـتا بە تەواوەتی دژوار و سەخت نەبو. رێژیـم و بەرپرسـانی سـپای پاسـداران شـارەزاییەکی زۆریـان لە سەر ناوچە و خەباتی پێشـمەرگانە کۆنەکردبۆوە. پێشمەرگەکان بە ئاسانی دەکرا سەردانی گوند و تەنانەت شارەکان بکەن و بـۆ ماوەیەکی کورت لە شوێنی مەبەستدا بمێننەوە. پاسدار و بەسیجییەکان زیاتر لە بیری قـایمکردنی پێگەی خۆیانـدا بـوون و نەدەپڕژانە سەر چـاوەدێری وردی جوڵەی پێشـمەرگەکان. خەڵکی گونـدەکان ماوەیەکە لە پێشمەرگە دابڕاون و بە ئازادی دەچنە شار و دەگەڕێنەوە. ژمارەیەک لە خەڵک ئومێدیان بە گەڕانەوەی پێشمەرگە و رووخانی رێژیم هەیە، بەڵام زیاتر لە خەیاڵ دەچێ. رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی گوندەکان بۆ

شار کۆچ دەکەن و ڕێژیم لە شەڕ لە گەڵ عێراقدا توانیویەتی خۆی لە شکان بپارێزێ. لەو ڕۆژگارەدا باسێکی زۆر لە سەر دیالۆگ و وتوێژ لە سەر پرسی کورد لە ئێراندا نییە و تەنیا وەک دەنگۆیەک لێرە و لەوێ باسی ڕێککەوتن دەکرێ. پیرەپیاوەکانی ئاوایی و گوندەکان دەستیان لە زۆر خەیاڵ و ئامانج شتوە و لە حەسرەتی کەوتنی کوردەکان پەککو پەککویانە. بەشێک لە کوردەکان لە گوند و شارەکان چاوەڕوانی دەرفەتی تۆڵەکردنەوە و ساغکردنەوەی کۆنەقینەکانن. مشەخۆر و بەرژەوندیخوازەکان لە هەموو وەرزەکان دەخۆن و چەند روخسارین. لە شار و گوندەکان ڕاپۆرت لە یەکتردان و تۆمەتبارکردنی یەکتر بۆتە کلتورێکی باو. کوردەکان بە هاوکاری سەرکوتکەرەکان ڕقی کۆنیان بە یەکتر دەڕێژن. چەکداری کوردی سەر بە ڕێژیم لە چەکەکانیان بۆ لێدان و ئازاردانی خەڵک سوود وەردەگرن و هەموو سنوورەکانیان پێشێلکردوە. قوتابیەکان لە گوندەوە بۆ درێژدان بە خوێندن بەرەو شار کۆچ دەکەن و بەشێکی کەم لە خوێندەوارەکان خۆیان لە قەرەی پێشمەرگایەتی دەدەن. هێشتا سازماندان و ڕێکخراوکردنی هێزە کوردییەکان نەبۆتە کاری ڕۆژانە و پاشاگەردانی درێژەی هەیە. زۆربەی خەڵک بە شێوازی کورتماوە لە ڕووداوەکان دەڕوانن و بە وردی تەتەڵەی داهاتوو ناکەن، بۆیە جوڵەکان بەرەو لاوازی دەڕۆن.

دایک و باوکی پێشمەرگەی حیزبەکان لە کوڕ و کچەکانیان دابڕاون و بە تەواوەتی عادەتیان بەو دۆخە نەگرتوە. ئەوان لە ڕێگای دەنگی ڕادیۆکان ئاگاداری ڕووداوەکانن. دەنگی کوردستانی ئێران و دەنگی شۆڕشی ئێران وشەکانیان لە یەکتر توند دەکەن، چوونکە دژایەتی نێوان ئەو دوو هێزە لە ناوچەکان لە هەڵکشاندایە. وردە شەڕەکانی ئەو دوو حیزبە لە تەشەنەدان و کۆمەڵەییەکان خۆیان بۆ لە گۆڕانی نوێنەرانی بورژوازی ئامادە دەکەن و تاکتیکی جۆراوجۆر بەکاردێنن. دێموکڕات کە خاوەنی هێزێکی زۆرە و مێژوویەکی هەیە، ئامادە نییە زیاتر لەوە لە کۆمەڵە قبوڵ بکات. ڕێژەی کوژراوانی شەڕی دوو هێزەکە پەرەدەستێنێ و سەرئەنجام دێموکڕات شەڕی سەرتاسەری بەرامبەر بە کۆمەڵە ڕادەگەیەنێ. لەو ڕۆژانەدا دژایەتیکردنی ئەو شەڕە کارێکی ئاسان نییە، چوونکە شمشێری شەڕی ناو خۆ لە مێژە تیژ دەکرێتەوە و چەکەکان بۆ یەکتر ڕاونان و کوشتن خاوێن و چەور کراون. حیزبەکان هێز لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگوازنەوە و سۆسیالیزم و خودموختاری لە میحرابی شەڕێکی ناڕەوادا دەدۆڕێنن. زرێبار کوێستانی لە دۆخەکە نیگەرانە و بەردەوام ڕۆژانە گوێ لە ڕادیۆ دەگری. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان دەخوێنێتەوە، بەڵام زیاتر حەزی لە گوێگرتنی ڕادیۆکانە. ناوبراو ڕادیۆکان بە زانکۆی گشتی ناودەبات

و ماوەیەکە ئەو رادیۆیەی لە گەڵ خۆی دەگێڕێ. لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی رادیۆکانی وەک دەنگی کوردستان، بی بی سی، ئیسرائیل، بەغدا و هتد. پاڵ بە دیواری مەقەڕەکە دەدات و سەرتاپا دەبێتە گوێ. زرێبار رۆژانە سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی دەوروبەری مەکۆی پێشمەرگەکانە و شەوانەش لە پارێزگاری بنکەدا بەشدارە. لە گەڵ کەماڵ، حوسێن و مستەفا یادی خاڵە مینە دەکەن و بۆ کۆچی پەرویز نیگەرانن. چەند کورتە جەولە کراون و لە گەڵ خەڵک پێوەندی گیراوە و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان ئەو جەولانە بە خۆشتر لە ساڵان دەزانن. ئەوان چوونە گوند و مانەوە لە لای گوندنشینەکان و دیداری خەڵکی شار لە سەیرانگە و بۆنەکاندا بە لوتکەی شادیی ناودەبەن. زرێبار لە گەڵ کەماڵ و پەلێک لە پێشمەرگەکان جەولەیەک دەکەن. ئەو لە کاتی گەڕان و چوونە گوندەکاندا یادی ئەو ڕۆژانە دەکات، کە یەکەم جار هاتە گوندی قەلاڕەشە. رۆژانێک کە پڕبوون لە بیرەوەری و هەروەها ناسینی روخسارە تازەکان کۆن نابن. ئەو لە گەڵ زۆر پیرە پیاو و ریش سپی ئاواییەکان کۆدەبێتەوە و گوێ لە سەرنج و بیروڕاکانیان دەگرێ. زۆربەی خەڵک ئۆگری بۆ کوردایەتی هەیە، بەڵام دەرفەتەکان تێپەڕیون و تەنیا دڵەکان وەک مەکۆی کوردایەتی ماونەوە. لەو جەولەیەدا وەستا مستەفا و حوسێن پێکەوە لە گوندەکان سەر لە ماڵەکان دەدەن و بە پەرۆشەوە گوێ لە گەنجان، ژنان، پیاوان و منداڵەکان دەگرن. لە زۆربەی ماڵەکان باس لە چەکدارە کوردەکانی لاگری حکومەت دەکرێ، کە لە گەڵ پاسداران بەدوای پێشمەرگەدا دەگەڕێن. ئەوان باس لە سووتاندن و شاردنەوەی وێنەی پێشمەرگە، کتێب و رۆژنامە دەکەن و هەست بە شکان و کەوتن دەکەن. وەستا مستەفا بۆ زانیاری پەیداکردن لە سەر خەڵک پرسیار زۆر دەکات. ناوبراو بۆ هاوڕێکانی شیدەکاتەوە، کە پرسیار کلیلی زانیارییە و مرۆڤ بە پرسیارکردن لە زانست و عیلمی کەسانی دیکە کەڵک وەردەگرێ. ئەو بۆ گوێگرتن لە قوتابیەکان و بە تایبەت ئەوانەی لە شارن زۆر تامەزرۆیە و هەواڵی چۆنیەتی ژیانی خەڵک و مامۆستاکانیان لێدەپرسێ. لە یەکێک لە گوندەکان لە گەڵ قوتابیەک سەبارەت بە هەڵوێستی مامۆستاکان لە سەر بزوتنەوەی کورد و حیزبەکان پرسیاردەکات. قوتابیەکە زۆر چیرۆکی خۆش و ناخۆش لە سەر مامۆستا کوردەکان دەگێڕێتەوە. بە گوێرەی وتەکانی ئەو قوتابیە ژمارەیەک لە مامۆستاکان لە بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان تورەن، بەڵام هیچ بژاردەیەکان نەماوە. ناوبراو چیرۆکی مامۆستایەک دەگێڕێتەوە، کە لە کاتی گوتنەوەی وانەی جۆغرافیادا دەپەڕێتە سەر سیاسەت و هێرش دەکاتەسەر حیزبەکان و خەڵکی کورد. ئەو مامۆستایە لە کاتی تورەبوون لە قوتابیەکان بە شێویەکی کۆمێدی دەڵێ: "بەڵێ چەند ساڵ پێش کە ئینقلاب سەرکەوت، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. هێندێک کەس لە شار چەک و

تەقەمەنی دنیایان لە شان و پیلی خۆیان سوارکردبو. کاتێک کەشوهەوای سیاسەت گۆڕا، قەرەنی گوتنەی، بایان دایەوە و لە گەڵ دەسەڵات موویان لەبەینەوە نەدەچو. لەبیرمە لەو شارە حیزبەکان خەڵکیان پەرتەوازە کرد و یەکێک دەیگوت، ئەمن کۆمەڵەم، ئەوەی دیکە هاواری دەکرد، کە هەتا مردن دێموکراتە. ژمارەیەک خۆیان بە خەبات و چریک دەناساند. ئاوێکی خەراپیان رشت و ئێمەیان تووشی کارەسات کرد. رۆژانە لە بەر بێکاری لە شار و گوندەکان یەخەی یەکتریان دەگرت و پیاو ماقوڵ و ناسراوەکان لێکیان دەکردنەوە. ئێوە کاتی فێربوونتانە و کەڵک لە رۆژگاری جەوانی وەرگرن. قوتابی لە بەر تەمبەڵیان پەنای بۆ حیزبەکان دەبرد و چەکی لەشان دەکرد و لە سەر رێگایەک کۆنەقینی بە مامۆستاکەی دەڕشت. ئاوا وڵات ئاوەدان ناکرێتەوە. بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات کار و سەرمایەی ماددی و مەعنەویمان دەوێ. بە شەڕە چەقو و قۆنداخ پێدادان و چوونە سەر ماڵی خەڵک وڵات رزگار ناکرێ".
وەستا مستەفا بەو گێڕانەوانە دەگەشایەوە و داوای دەکرد باسی مامۆستایەکی دیکەی بۆ بکەن. قوتابیەکە باسی مامۆستایەکی وانەی عەڕەبی و دینی دەکرد، کە زۆر چاک و لەسەرەخۆیە، بەڵام فارسیەکەی تەواو نییە و قوتابیەکان تورەی دەکەن. ئەو مامۆستایە رۆژێک بابەتی ئازاردانی خەڵکی شیدەکردەوە، کە لە گەڵ قورئان و حەدیس ناگونجێ. لەو باسانەدا راشکاوانە دەیگوت، کە کابرا لە بەر فەقیری و سەرلێشێواویان چەکی لە شانی دەکات و بۆ خۆنیشاندان شەوانە دەچتە سەر ماڵان و لە خەڵکی دەدا. خۆم نازانم، ئازایەتی ئەو کارە چییە؟ تۆ بە چەک ژن و منداڵای خەڵکی بتۆقێنی و دار و نەداری کاسبکارەکە لە تەنگەی گیرفانت قایم بکەی و خۆشت بە پێشمەرگەی موسڵمان پێناسەبکەی! ئەو کەسانە پێشمەرگەی نەک موسڵمان نین، بەڵکو پێشمەرگەی جندۆکانیش نین.

گوندنشینەکان ئەو هاوینە بە جیاواز لە ساڵانی رابردوو پێشوازی لە پێشمەرگە دەکەن. کەماڵ لە گەڵ گوندنشینەکان لە سەر بارودۆخەکە قسە دەکات و خوازیارە بزانێت، کە ئەو گوندنشینانە بۆچی بەرامبەر بە یەکتر بەگومانن. بەشێک لە ماڵەکان داوا دەکەن، کە با فلانە بنەماڵە ئاگاداری هاتنی ئێوە نەبێ، چوونکە راپۆرتمان لێدەدەن. کەماڵ لە گەڵ پێشمەرگەکان ئەو بیروڕایانەی خەڵک باس دەکات. زرێبار کوێستانی لە کەماڵ دەپرسێ، کاکە ئێستا کوێی لە کوێیە؟ چەند ساڵە هاوار دەکەم، کە ماڵئاوایی لە خەباتی بەرئاوێنە و میوانداری بکەین و خۆمان یەکلا بکەینەوە. شۆڕش بە قسەی زل و سینگ دەرپەڕاندن ناکرێ. خەڵکی ئێمە فەقیرن و لە بەر ئەوەی ئاگاداری مێژوو، زمان، رابردوو و هەروەها نییەتی نگریسی دوژمنەکانیان نین بە ئاسانی دەستەمۆ دەکرێن. ئەو شۆڕشەی ئێمە دەیکەین

ناوی گەرمێن و کوێستان کردنە و لە کۆتاییدا توانای وەگەڕخستنی بزوتنەوەی خەڵکی نابێ. هەموو حیزبەکان شوعار دەدەن و خۆیان بە پێشڕەوی نەتەوەیەکی پاشڕەو دەناسێنن، بەڵام زۆربەیان نازانن چ حیزب و سیاسییەک پێشڕەوە.

لە کاتی دیدار و سەردانی گوندەکان ژمارەیەک لە گەنجەکان لە گەڵ پێشمەرگەکان دەکەون. لە ماوەی سێ حەوتوودا ١٢ گوندەی ناوچە بەسەرکراونەوە و ٧ کەس تێکەڵ بە پێشمەرگەکان ببوون. ئەوان رۆژانە وێڕای پێشمەرگەکان لە مەزرا، دارستان و شاخەکان دەمێننەوە و شەوانەش لە گەڵ شەوڕەویی و هەروەها چۆنیەتی پارێزگاریکردن لە خۆ ئاشنا دەبن. تازەهاتوەکان پرسیاریان زۆر دەکرد، بەڵام بە تەواوەتی وڵام نەدەدرانەوە. ئەوانیش جیاواز بوون و بە شێوازێکی جیاواز لە گەڵ دۆخەکەدا هەڵسووکەوتیان دەکرد. کەسە تازەکان چاوی زۆربەی پێشمەرگەکانیان لەسەر بوو، بۆیە دەکەوتنە بەر مەزەندەکردن. ئەگەر لە گوندێک فەقێیەک یان کوڕێکی کەم تەمەن لە گەڵ شەپۆلەکە دەکەوت، بۆ بەیانی کەسوکاری بەنیازی گەڕاندنەوە و دامەزراندنەوەی کوڕەکانیان قۆڵی هیممەتیان هەڵدەماڵی. بەشێک لە کوڕەکان بەرگەی دژوارییەکانیان نەدەگرت و کفوکوڵەکەیان زوو دەنیشتەوە و پاش چەند رۆژ چاوەڕوانی هاتنی دایک و باوکیان دەکرد. ئەگەر بە گوێرەی لێکدانەوەی بەرپرسی پێشمەرگەکان بەکەڵکی کاری پێشمەرگانە نەهاتبا، داوایان لێدەکرا، کە بۆ خۆی سەردانی بنکەکان بکات و ماوەیەک سەبر بگرێ. لەو ٧ تازە هاتوانە دوو دانە لە گوندێکی سەر سنوور پەشیمان دەبنەوە و دەگەڕێنەوە ماڵ. لەو ٥ کەسەی دیکە چوار تازە پێشمەرگە لە ماوەی ٣ مانگدا دەگەڕێنەوە و تەنیا یەک کەس کورد گوتەنی دەبێتە ماڵ. کەماڵ وەک جێگری یەکێک لە دەستەکان لە گەڵ دایک و بابی ئەو تازە پێشمەرگانە دۆستانە دەجوڵێتەوە. ناوبراو ئاگاداری ژیانی خەڵک و هەروەها دژوارییەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و داهاتوویانە. لەو ماوەیەدا کەماڵ لە گەڵ دایک و بابی ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکان دیداری هەیە. ئەو ئەزموونی زۆری کەڵەکە کردوە و گوێ لە سەرنجی هەموو لایەک دەگرێ. لەو ناوچە و بنکەکانە خاراوە و وەک سەرناسێکی لێهاتوە. ناوبراو پێش رووداوەکان ناکەوێ و باوەڕی بە تۆمەتبارکردنی پێشوەخت نییە. کاتێک دایک و بابەکان بۆ بردنەوەی منداڵەکانیان سەردانی دەکەن، کەماڵ سەرەتا گوێگرە و دواتر پرسیار دەکات. بۆ ناوبراو زۆر گرینگە، کە هۆکاری سەرەکی ئەو تازە لاوانە چییە، چوونکە ئەو لە ماوەی سالانی رابردوودا بە کردەوە شارەزاییەکی زۆری لە سەر تازەهاتوەکان پەیدا کردوە. ئەو دەزانێ، کە ئەو لاوانەی تەنیا لە بەر تووڕەبوون لە ماڵ، ژنهێنان و

هەڵاتن لە قوتابخانە دەبنە پێشمەرگە، ئەگەری گەڕانەوەیان زۆرە. ڕێنوێنی تازە هاتوەکان دەکات، کە ئەوان کوڕی گەلێکی چەوساوەن و ئەگەر گەرانەوە مرۆڤێکی بەکەڵک و خوێندەوار بن و پشت لە گەلەکەیان نەکەن. زۆر پێشمەرگە لە تازەهاتوەکان تورەن و بە خۆڕانەگر باسیان دەکەن، بەڵام کەماڵ ئەو تێڕوانینە بە هەڵە دەزانێ. بە وتەی ناوبراو، حیزب و پێشمەرگە و کادرەکانی لە ڕێگای هەڵسوکەوت و پەروەردەی دروستەوە دەتوانن لەو کوڕ و کچە تورانە هێزێکی خاوەن باوەڕ سازبکەن. کەماڵ باوەڕی بە تێڕوانینی زرێبارە، کە ئەگەر تەنیا خۆمان بین و زیاد نەکەین وەک ئاوێکی ڕاوەستا بۆن دەکەیەن. هێشتا پێشمەرگایەتی بە تەواوەتی دژوار نەبوە و ڕێگاکان دانەخراون، بۆیە بەشێک لە پێشمەرگەکان دوور نارواننن و تەنیا چاویان لە سەر ئەمڕۆ کراوەن. زرێبار ڕۆژێکی لە کاتی نانخواردندا لە کەماڵ دەپرسێ، باشە چۆنە چەند ساڵە ئەو پێشمەرگە شەهید دەبن و شەڕدەکرێ، بەڵام یەک بنەماڵە بە دڵخواز کوڕەکەی بۆ پێشمەرگایەتی نەناردوە؟ یەکێک لە پێشمەرگە تازە هاتوەکان بە بیستنی ئەو پرسیارە وەقسە دەکەوێ و کوردانە نۆبەبڕی دەکات و دەڵێ" دایک و بابم شەو و ڕۆژ هانیان دەدام وەکو کوڕی جیرانەکەمان سیگار و شیرینی بفرۆشم و ڕۆژانی هەینی لە مزگەوتی گەورە بۆ دوو تمەنی ئاگاداری پێڵاوی خەڵک بکەم. بە فکری باب و دایکم و خەڵکی دیکەش، حیزبەکان کوڕی خەڵکی بەکوشت دەدەن و هەروەها کوڕی خەڵکی فێری مەشرووب خواردنەوە دەکەن. ئەوان چۆن ئامادەن ئەمن بۆ پێشمەرگایەتی بنێرن! خۆزگە ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام دایک و بابی کەسمان ئەو کارە ناکات". کەماڵ سپاسی سمایلە چوکەڵ دەکات، کە ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە لە سەر پرسیارەکە قسەی کرد. ناوبراو دواتر، ڕوو لە زرێبار دەکات و پرسیارەکە ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە. زرێبار دەڵێ، کاکە ئەمن ژن ومنداڵم نییە و تەتەڵەی ئەو پرسیارە بۆ ئێمەی ڕەبەن و سەڵت ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێ. ئێمە تەنیا دەتوانین بۆ بیرلێکردنەوە ئەو پرسیارە بوروژێنین، چوونکە گەلی ئێمە بە تەواوەتی هۆکاری سەرنەکەوتنی وردنەکردۆتەوە. ئەو ڕۆژە لە دەرەوە گوێم لە دایک و بابێک بوو، کە بە کوڕەکەیان دەگوت، ڕۆڵە ئەوجارە وەرەوە و دەرسەکانت تەواو بکە، بە ئیسمی خودای دڵت چ بخوازێت بۆت دەکەم. لەو کاتەدا کەماڵ پرسیارەکە دەباتەوە سەر پرسیاری مام کەریم، کە لە مامۆستا نازم و میوانەکانی کرد. ناوبراو بە هاوڕێکانی دەڵێت، پرسیارە گەورەکەی بام ئەمەیە، کە بۆچی تەنیا کوڕی فەقیر و هەژار ئامادەی ئەو خەباتەن؟ ئێمە ئەمڕۆ لێرە بیر لە زۆر شت دەکەینەوە، کە هەتا لە نێو خەڵکدا بوویین بە خەیاڵماندا نەدەهاتن. ڕەنگە کات و زەمان باوکی هەموو پرسیارەکان بێت و بە تێپەڕینی ساڵەکان لە کردەوە و هەڵوێستەکان باشتر تێدەگەین. ئەگەر ئەو پرسیارەی کاک زرێبار و بابم لە گەڵ

یەکتردا گرێبدەین، دەتوانین وەک هەویری ئاردە چڕەکەی مەقەڕی بە کەیفی خۆمان بیشێلین و نان، کولێرە، کولیچە و خولکانی لێ سازکەین. کەماڵ پرسیار لە سمایلە چوکەڵ دەکات، ئایا حەز دەگات بۆ فێرگەی حیزبی بنێرن یان لێرە فێری بەکارهێنانی چەک و خوێندن و نووسینی کوردی دەبێ. سمایل دەپرسێ، فێرگە لە کوێیە و ئایا دەکرێ بەشداری نەکات؟ ناوبراو دەڵێ، کاکە لێرە چاپەزی دەکەم و هەر کارێک هەبێ دەیکەم و بۆ فێرگەم مەنێرن. ئەگەر ئەهلی فێربوون و خوێندن بوومایە، ئەمڕۆ لە قوتابخانە دەبووم و ئەوەندەم لێدانی مامۆستایان خواردوە، کە قەت نامهەوێ لە سەر مێز و کورسی قوتابخانە دانیشم. کاکە ئەو قوتابخانە وەک زیندان و بەندیخانەیە و پشتت دەشکێنێ. وەستا مستەفا لە سمایل دەپرسێ، لە داهاتوودا تۆ لە ریزی پێشمەرگەکاندا چ کارێک دەکەی؟ سمایل زۆر بیری لە داهاتوو نەکردۆتەوە و سوێند دەخوات، کە لە چاپەزیەوە هەتا شۆفیری ئامادەیە بیکات. حوسێنی ئازیزێ بە سمایلی دەڵێت، کە کاکە هەتا خۆت بە شەهیدکردن نەدەی پلەی کوردایەتیەکەت ناچێتەسەر. تۆ دەبێ لە سەر جادەکان ماوەیەک شەڕبکەی و لە مۆڵگەکانی ریژیم بدەی و کاری تۆ تەنیا چاپەزی نییە. سمایل دەڵێ، کاک حوسێن بە گۆڕی شەهیدان هەر بۆ شەهیدبوون هاتووم، بەڵام ناوێرم باسی بکەم.

لەو رۆژانەدا پەیامێک بە پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە دەگات، کە چەکدارەکانی کۆمەڵەی لە دەوروبەری ئەو گوندانە بینراون و پاڵەپەستۆیان بخەنەسەر بۆ ئەوەی نەوێرن خۆیان لەو ناوچەیە بدەن. ئەوان لە دەوروبەری هەورامان، سنە و شوێنەکانی دیکە زەبرمان لێدەدەن و دواتر رادەگەیەنن، کە ئەوە سیاسەتی ئێمە نییە و رووداوێکی نەخوازراوە. کۆمەڵە بۆ تێکدانی ریزی کورد لەو کوردستانەدا سازکراون و خەمی وەرزێڕ، کرێکار و پرسی کوردیان نییە. تیمێکی گورج و گۆڵ لە پێشمەرگەکان خۆیان دەپێچنەوە و بە گوێری ئەمر و فەرمانی سەرەوە خۆیان دەگەیننە ئەو گوندانەی، کە گۆیا چەکدارەکانی کۆمەڵەی لێبینراون. ئەوان شەو دەچنە گوندی زێوەی، بەڵام هیچ زانیارییەک لە سەر بوونی چەکداری غەوارە و لاوەکی پەیدا ناکەن. کەماڵ پێشنیار دەکات، کە خۆیان لە شەڕی کورد بە کورد لادەن و لە ماوەی چەند رۆژی داهاتوو لە سەر جادەی نەڵاس بۆ سەردەشت گورزێک لە هێزەکانی رێژم بوەشێنن. ئەوان رۆژێک جادەکە لە ژێر چاوەدێری دەگرن و مەزەندەی جوڵەی هێزە چەکدارەکانی رێژیم دەکەن. شەو بۆ حەسانەوە روو لە گوندی شینوێ دەکەن، بەڵام لە گەڵ ژمارەیەک لە چەکداری نەناسراودا تێکهەڵدەنگون و تەقە لە یەکتر دەکەن. مۆڵگەکانی رێژیم لە دوای ئەو تێکهەڵچوونە بە چەکی جۆراوجۆ

تەقە لە ئاسمان و زەوی دەکەون و ئاسمانی سەر شینوێ دەدەنە بەر رەهێڵەی چەکەکانیان. لەو تێکهەڵچوونەدا پێشمەرگەکان بە سڵامەتی دەردەچن. دواتر لە چەند ماڵێکی گوند لە سەر ئەو چەکدارانە پرسیار دەکەن، کە پێشتر لە گوندەکە بوون. بەشێک لە ماڵەکان رادەگەیەنن، کە چەکدار هێندە زۆرە و ئەوان پرسیار لە کەس ناکەن و بە کورتی بە هەموو لایەک دەڵێن بەخێربێن. یەکێک لە ماڵەکان ناوی دوو کەس لە چەکدارەکان دێنێ، کە لە شینوێ بوون و کەماڵ بە بیستنی ئەو خەبەرە زۆر نیگەران دەبێ. بە وتەی خانەخوێیەکە کاوەی کوڕی مام کەریم و سەعید بۆکانی لەوێ بوون. دوای کۆکردنەوەی زانیاری مەزەندەی ژمارەی راستەقینەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکەن، کە ٢٢ کەسێک دەبن. پێشمەرگەکان بە نیگەرانیەکانی کەماڵ دەزانن و حوسێن پێشنیار دەکات، کە نامەیەکی کورت بۆ کاوە بنووسێ، کە لەو ناوچەیە دوور کەونەوە. کەماڵ پێشمەرگەکان بە سەر ماڵەکاندا دابەش دەکات و پاش پرسیارکردنێکی زۆر لە خەڵک ماڵێکی دۆستی کۆمەڵە دەدۆزێتەوە و سەردانیان دەکات. کەماڵ خۆیان پێدەناسێنێ و داوایان لێدەکات، کە ئەگەر ئاگاداری شوێنی ئەو پێشمەرگانەن کورتە نامەیەکیان بۆ بەرن و با لە شەڕی خۆبەخۆ خۆببوێرن. پیاوی ماڵەکە سەرەتا حاشا لە پێوەندی لە گەڵ کۆمەڵە دەکات، بەڵام دواتر هاوسەرەکەی دەکەوێتەخۆ و مێردەکەی هاندەدا بۆ بەرگرتن لە کوشتنی کوڕی خەڵک بڕۆ ئاگاداریان بکەوە. مەگەر شوێنی مانەوەیان بەتۆ نەگوت؟ خاوەن ماڵ بە مەرجی نهێنی مانەوەی ئەو کارە، نووسراوەیەکی کورتی کەماڵ بۆ کاوە دەبەن. کەماڵ لە نووسینێکی کورتدا بەمجۆرە کاوەی برای لە مەترسییەکان ئاگادار دەکاتەوە "کاوە سڵاو، هیوادارم باش بیت. لەو ماوەیەدا رووداوی نەخوازراو و شەڕی خۆبەخۆ دەردەسەرێکی زۆری بۆ خەڵکی ئێمە خولقاندوە. ئەو ماوەیە کۆمەڵە لە ناوچەکانی دیکە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویان لە ئێمەداوە. ئێمە بۆ تۆڵەکردنەوە دەستکراوەین، بەڵام لە پێناوی ویژدان و دایکە پیر و بابە گیراوەکەمدا ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم و ئاگادارت دەکەمەوە، کە هەتا ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی نێوان حیزب و کۆمەڵە ئاگاداری جەولە و جوڵەی خۆتان بن. بە کوژرانی تۆ و من سۆسیالیزم و خودموختاری لە کوردستاندا جێگیر نابێ. هیوادارم بەرپرسەکانتان ئاقڵانە بڕیاربدەن و لە پێناوی کرێکارانی سەر لاپەڕەی کتێبەکان، کوڕی خەڵک بەکوشت نەدەن. ئەو نامەیە لە رێگای دۆستێکی خۆتان دەگاتە دەستت و پاش خوێندنەوە بیستووتێنن". پیاوەکە نامەکە وەردەگرێ و بە ترس و لەرز لە گوندەکە دەردەکەوێ و هەتا دەگاتە موچە و مەزراکەی سەت جار ئایەتولکورسی دەخوێنێ و فوو بە هەر چواردەوری خۆیدا دەکات. ناوبراو لە رێگادا بیر لە خۆی دەکاتەوە، کە ئەندامی کۆمەڵەیە و باوەڕی بە دین و خودا نییە، بەڵام لەو شەوەدا بە رێژەی یەک

مـانگی موسـڵمانێک ئایەتولکورسـی و سـورەتی فاتیحە دەخـوێنێ! نـاوبراو پێشـمەرگەکان نادۆزێتەوە و هەتا نـوێژی بەیانی لە بـن کەپرەکەیـدا دەمێنێتەوە و چـاوەڕوانی هـاتنی پێشـمەرگەکانی کۆمەڵەیە. سەرئەنجام خۆر هەڵدێ و پاش گەڕان لە مەزرا و دەوروبەردا پێشمەرگەکان دەبینێتەوە، کە چەند سەت میترێک لە شوینی مەبەست خۆیـان پەناداوە. ئەوان شەو ئاگـاداری هـاتنی ئەو کەسە بـوون، بەڵام بە شـێوازی ڕێگارۆیشـتن و هەروەها جوڵەکانی مەزەنـدەیان کـردوە، کە پیـاو خەراپ نییە، بۆیە خۆیـان تێنەگەیانـدوە. ڕاسـپاردە سـڵاو دەکـات و نامەکە بە کـاوە دەدات و چـاوەڕوانی وڵام دەبـێ. کـاوە یەکەمجارە لە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا نامەیەکی لە براکەی بەدەسـت دەگـات، بۆیە چەنـد جارێـک دەیخوێنێتەوە و دواتـر دەیداتە بەرپرسەکەیان. بەرپرسەکەیان کە زۆر شـارەزای خوێندنەوەی زمـانی کوردی نییە لە کـاوە دەپرسـێ، ئایـا بە فارسـی نامەکەی نووسـیبا باشـتر نەبو؟ ئەمن لەو شەقلەوبەقلە تێناگەم و کاکە بە دەنـگ بیخوێنەوە. کاتێـک کـاوە نامەکەی بە دەنـگ دەخوێنێتەوە، چەنـد پێشـمەرگەیەک بە قسەی تونـد پەلاماری کەماڵ و حیزبە بورژواکەی دەدەن. عەمو بـارام، کە لە خەڵکی ناوچەکانی هەورامانە کـاوە ڕادەسـپێرێ، کە بە کـوردی جـوان بـۆ کەماڵ بنووسە" کوردسـتان بە نیـروی پۆڵایەنی کۆمەڵە رزگاری دەبـێ. کەماڵ و هاوڕێکـانی باشـترە ئەمڕۆ خۆیـان تەسـلیمی لشـکری کرێکـاران بکەن. ئێمە بە پشـتیوانی سەرجەم کرێکـارانی ئێـران و کوردسـتان شەڕی ڕەوای دێمـوکڕاتی پـارێزەری سـوننەتە دواکەوتوەکان دەکەین و هیـچ بـاک و ترسـمان لە مـردن نییە. حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران و کۆمەڵە حیسابێک بۆ بورژواکان ناکەن و ئینقلابی کرێکـاران هەموو لایەک ڕادەمـاڵێ". کـابرای ڕاسپاردە بە عەمو بارام دەڵێ، کاکە تۆ ڕێگای باش پێشانی خەڵک بدە. کەماڵ و کاوە بران و کەماڵ بە مەبەستی چاکە ئەو نامەیەی نووسـیوە و ئەگەر ئەوەنـدە ئـازای بـۆچی شەو بە بیسـت خولەک لە شـینوێ هەڵاتی. ئێمە لایەنگری کۆمەڵەین، بەڵام شەڕی کورد بە کورد ڕەوا نییە. عەمو بارام لە ڕاسپاردەکە تـوڕە دەبـێ و بە نیمچە بـورژەوا و هەروەها شـوێنکەوتووی سۆسـیالیزمی دێمـوکڕاتی دەناسـێنێ. کـاوە لە کـاتی نووسـینی نامەکەدا و بژارکردنـی وشەکانی عەمو بـارام بیـر لە پـورە زارا، لەیلا، مـام کەریم، شـیرین و کەماڵ دەکاتەوە. پێنووسەکەی ل سەر ڕوومەتی لاپەڕەکە جوڵە ناکـات و عەمو بـارام پێشـنیار دەکـات، کە ئامادەیە بە فارسی نامەیەکی ئینقلابی و ئـاگرین بـۆ کەماڵ بنووسـێ؟ کـاوە چاوێک لە عەمو بـارام دەکـات و داوای لێـدەکات ئاگـاداری قسەکانی خـۆی بێـت و لە شەڕەکاندا ئەو ئازایەتییە بە هاوڕێکـانی نیشان بدات. بەرپرسەکە زۆر بە باسوخواسەکە شاد نییە و دەرفەتی بە عەمو بـارام داوە، کە بە کەیفی خۆی قسە بکات و دۆخەکە ئاڵۆز بکات. کاوە لە بنی نامەکە دەنووسـێ، کە ئێمە شەڕی ڕەوای خۆمـان لە

سەر بەردێکی ئەو نیشتمانە دەکەین و کەسانی وەک عەمو بارام لەو مەیدانەدا پاڵەوانی سەنگەرن. راسپاردەکە زۆر حەز دەکات لە چنگی ئەو شەڕە چەقەیە رزگاری بێ و دڵنیا نییە، کە کەماڵ و هاوڕێکانی دەدۆزێتەوە یان نا، بۆیە بە کاوە دەڵێت، ئەگەر کەماڵی براتم نەدیتەوە ئەو نامەیە دەستووتێنم. راسپاردەکە پێشنیوەڕۆیە دەگاتەوە ماڵ و چیرۆکەکە بۆ خێزانی دەگێڕێتەوە. لەو سەروبەندەدا لە خوار ماڵەکانی شینوێ بۆ لای نەڵاسە دەنگی تەقینەوەی مووشەکی ئاڕپی چی پەردەی گوێیان دەزرینگێنێ. تێکهەڵچوونکەکە کوت و پڕە و لە ماوەی بیست خولەکێکدا قرمژنی چەکەکان کپ دەبن. مۆڵگەکانی ڕێژیم و هێزەکانی دواتر بە ئەڵڵاهوئەکبەر و تەقە بەرەو شوێنی رووداوەکە دەچن، کە دوو ئوتۆمبیلی سەربازی بە سەرنشینەکانیانەوە لە ئاوری رقی تۆڵەدا سووتێنراون. کەماڵ و پێشمەرگەکان دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکییە بە پەلە لە شوێنی رووداوەکە دوور دەبنەوە و خۆیان بە دۆڵ و چیاکان دەسپێرن. ئەوان دوای سێ شەوی دیکە دەگەڕێنەوە بنکەکەیان و بەسەر رووداوێکی دڵتەزێندا دەکەون. پرسیاری زرێبار کوێستانی دەکەن؟ یەکێک دەڵێ، رەنگە لە گەڵ سمایلە چووکەڵ خۆیان تەسلیم کردبێتەوە. کەماڵ و مستەفا و حوسێن باوەڕ ناکەن و دەپرسن، کوا سندوقەکەی زرێبار لە کوێیە؟ قفڵەکەی دەشکێنن و دەبینن هەموو کەلوپەلەکانی لەوێدان. دوو رۆژێک تێدەپەڕێ و زۆر نیگەران دەبن، بۆیە لە ڕێگای ئەندامێکی هاوکاریان لە ئیتلاعاتی سەردەشت ئاگادار دەکرێن، کە سمایل خۆی تەسلیم کردۆتەوە و ئەرکێکی بۆ ڕێژیم بەڕێوەبردوە. شوینی زرێبار چۆڵە و مەجلیسی پرسیارکردن سارد و سڕە. کەماڵ لە گەڵ کوڕەکان ساغدەبنەوە، کە ئەو دەوروبەرە بە تەواوەتی بگەڕێن و رەنگە مامە زرێبار لەو دۆڵ و خڕانەدا کوژرابێ یان چەکی لە دەست دەرچووبێ. چەند سەعاتێک بە وردی دەگەڕێن، بەڵام هیچ نادۆزنەوە. مستەفا لە دوورەوە چاوی لە چەند باڵندەیەکە، کە لە بن تاشەبەردێک خەریکی دندوک لێدانن. بە تەنیا دەچێ چاوێک لە بن بەردەکە دەکات دەگەڕێتەوە. کەماڵ دەڵێ، مستەفا بۆ گەڕایەوە و مەسەلە چیە؟ کەماڵ، وابزانم زرێبار لە بن ئەو بەردانەدا ساردبۆتەوە و ئێستا بۆتە خۆراکی باڵندان. حوسێن رادەکاتە سەر تەرمەکەی زرێبار و دەبینێ بە فیشەک کوژراوە و یەکسەر دەڵێ، کاری ئەو سمایلەیە. ئێمە لێرە نەبووین و دەرفەتی هێناوە و زرێباری بە ئاسانی هەڵفریواندوە و کوشتوویەتی. سمایل بە گەڕانەوە بۆ شار ویژدانی ئاسودە نابێ و درێژە بە خەیانەت دەدات. ناوبراو کوشتنی زرێبار وەک پاڵەوانەتی دەگێڕێتەوە و پاسدارەکان بۆ فریودانی بە دەستی لە پشتی دەدەن و چیرۆکی حوسێنی فەهمیدەی بۆ دەگێڕنەوە، کە چەند ئازایانە لە پێناوی پاراستنی خاکی ئێران و ئیسلامدا قوتابخانەی جێهێشت و بە پلەی بەرزی شەهادەت گەیشت. سمایل

بە پێکەنینەوە دەڵێ، کوڕە حوسینی فەهمیدە بە قەدەر من ئازا نییە. پاسدارێک سەرکۆنەی سمایل دەکات، بەڵام سمایل لە قسەی خۆی نایەتەخوار. سمایل بە پاسدارەکان دەڵێ، ئاغایانی موحتەرەم حوسێن لە گەڵ عەرەب و ئەرتەشی عێراق جەنگاوە، بەڵام ئەمن لە گەڵ کوردی هاوزمان و هاودین. ئەو کارەی ئێمە زۆر گرینگە و شایانی خەڵاتی گەورەیە. یەکێک لە پاسدارەکان قوڵایی تێڕوانینەکانی سمایل دەخوینێتەوە و بە هاوڕێکانی دەڵێ، ئەوەیان نوختەیەکی گرینگە و دەکرێ زۆرتر سەرمایەگوزاری لەسەر بکەین. دوو پاسدار چەند رۆژێک بە دەفتەر و قەڵەمەوە لە گەڵ سمایل کۆدەبنەوە هەموو پرسیارێکی لێدەکەن. چۆنیەتی خواردن، نیگابانی، هاتوچۆ، خۆئامادەکردن بۆ جەولە، پارەی مانگانە، چەک و تەقەمەنی و هەڵسوکەوتی بەرپرس و پێشمەرگەکان.

کاتێک لە رادیۆ هەواڵی تیرۆری زرێبار کوێستانی دەخوێندرێتەوە، لە سەر داوای هاوڕیکانی بۆ ئاگاداربوونی زیاتری دۆستان و ئاشنایان ژمارەیەک لەو ناوانە دەخوێندرێنەوە، کە ئەو پیاوە کوردە لە پێناوی سەرخستنی رێچکەی رەخنەگرتن لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەکاری هێناون. ناوبراو لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە گەڵ گوندنشینەکان، خەڵک ئاسایی و هەروەها پێشمەرگەکان ئارام و کوردانە جوڵاوەتەوە. ئەو خاوەنی ناوێکی زۆر بوە، کە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی زرێبارە. ئەو زۆر بە کەمی بوخچەی ژیانی دەکردەوە. حەمزە، ئەمیر، رەزا و غەریب و زۆر ناوی دیکە لە قۆناخی ژیانی ئاساییدا بەکاری هێناون و لە ماوەی تێکەڵبوون لە گەڵ هێزە کوردییەکان ناوی مەلا فەلسەفە، شێخ زەرگەتە، میرزا دەرزیلە و جەبەلئاغا و زرێبار کوێستانی بەکار دەهێنا. زرێبار بۆ ناوبراو مەکۆی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی بە ئەژمار دەهات، چوونکە لەو مەڵبەندە چاوی بە ژیان هەڵێنابوو. لە بنکە و لە گەڵ هاوڕێکانی خاوێن و وەفادار و لە ناوچەدا پڕ لە توانای خۆرێکخستن لە گەڵ بارودۆخە و خەڵکە جیاوازەکان بو. کاتێک هەواڵی تیرۆرکرانی ناوبراو بە دەستی کوردێکی بەکرێگیراو بڵاوکرایەوە، خاڵە مینە، مەلا برایم و زۆر کەسی دیکە ئەژنۆی خەمیان بۆ لە باوەش گرت و لە دوورەوە بۆ شادبوونی گیانی دەپاڕانەوە.

بەرپرسانی بنکەی باوزێ تەرمی زرێبار بۆ بە خاک سپاردن رەوانەی یەکێک لە گوندەکانی سەر سنوور دەکەن و دوور لە چاوی پاسدار و چەکدارە کوردەکان تەسلیم بە خاک دەکرێ. ئەو کۆچە کوتوپڕە بە تایبەت بۆ کەماڵ، مستەفا و حوسێن ناخۆش و دڵتەزێنە. ئەوان بۆ پاییز و زستان بەرنامەی

جۆراوجۆریـان داڕشـتبوو. زرێبـار خـاوەنـی بیروبـاوەڕی نەگۆڕ و خـاوەن ڕەگ و ریشە و کارامە بـو. بـۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو قوربانییە چەند وردە چالاکی لە شار و گونـدەکان بەڕێوەدەچن. سمایل لە ترسی تۆڵەی هاوڕێکانی زرێبار زۆر ئاگاداری خۆیەتی. ناوبراو لە گەڵ ژمارەیەک لە چەکدارەکانی ڕێژیم داوا دەکـات، کە بـۆ زەبرلێـدان لە حیزبە هەڵوەشـاوەکان لە گونـدەکان بە نـاوی ئەوان بگەڕێن و ئـازار و ئەزیەتی گوندنشـین و هەروەها ئەو خەڵکانە بـدەن، کە بە لایەنگری کوردایەتی ناسـراون. پاسـدارەکان لە سەر بناخەی ئەو پێشنیاریانەی کوردە چەکدارەکان تێدەگەن، کە دەرفەتە و خەڵکی ئـاوا خۆخـۆر و دژ بەیەکتر لە مێـژوودا زۆر کەم بەرچاو دەکەون. یەکێک لە پاسـدارەکان بـۆ تێگەیشـتن لە مەبەسـتی سـمایل و چەکـدارەکانی دیکە کۆبوونەوەیەکیان لە گەڵ پێکـدێنێ. سەرەتا لە سەر هەسـتی کوردایەتی پرسیاریان لێدەکات، بەڵام وڵامی چاوەڕواننەکراو دەبیستێ. سمایل، ڕەحمان، تـالب، حەمە ئـالانی و زۆر چەکـداری دیکە کوردایەتی بە درۆ و کاڵایەکی هـاوردەی ئەمریکا و ئیسـرائیل دەزانـن و بە پاسـدارەکە ڕادەگەیەنن، کە ئەوان باوەڕیـان بە شەیتان بێـت بـاوەڕ بە کوردایەتی ناکەن. سـمایل بە فارسـیەکی پێکەنیناوی بە پاسدارەکە دەڵێ: جەنابی بەڕادەری پاسدار، مـا ایرانـی موسڵمان هەستیم و بە ئیمـامی زەمـان قەسـتەم مـی خـورم، کە یەک حەرف بە کـورد بـودن ئیمـان نەدارم. مەن ڕاسـت مـی گەم و ئەز خواروخێـچ ڕەفتەن بیـزارم. خـودای مەن و تـۆ شـاهید اسـت، کـێ مەن غەیری ئیسـلامەتی و ڕاهـی ئیمـام ئیعتقاد بە پدەری خود نەمی کونەم (جەناب و بـرای پاسدار، ئێمە ئێرانیـن و سوێند بە ئیمـامی زەمـان، هیـچ بـاوەڕم بە کوردایەتی نییە.ئەمن ڕاستگۆم و لە ناڕاستی بێـزارم.خوای مـن و تـۆ شـاهیدە، کە مـن تەنیا بە ئیسـلام و ڕێگـای ئیمـام بـاوەڕم هەیە). بـازاڕی فروفیشـاڵ گەرمە و هەر کامە لەو چەکدارانە هەوڵدەدەن خۆیان وەفـادار بنـوێنن. پاسدارەکان لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە تێگەیشـتوون، کە پێشـمەرگە و حیزبەکان لە بەر ڕەوایـی مـافی کـوردان لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیـان لێـدەگیرێ، بەڵام لە ترسـی ئەشکەنجە، بەندیخانە و لە سێدراەدران خۆیان پەنا داوە.

شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکڕات گەرمتر دەبێت و ڕادیۆکـان وەک بـارانی بەهار بە لێزمە وشە و وتەی توند بە سەر یەکتردا دەبارێنن. چەند فارسێک لە ئالان لە گەڵ کۆمەڵە تێکەڵبوون و لە ڕێگای نووسینی هێڵە گشـتیەکانیان شەڕی حەز و ویسـتەکانیان بە کـوڕ و کچـی فەقیر دەکەن. کـوردە چەپەکان وەک هەنگوێنیان لە کلـوری داردا دۆزیبێتەوە و هەموو وزە و توانـای خۆیـان لە خزمەت چەنـد کۆمۆنیسـتێک ناوە و شیر و تیر لە پێشمەرگەی کورد دەسوون، کە لە ریزی حیزبێکی دیکەدا چەکی هەڵگرتوە. خەڵک

لە دۆخەکە تووڕەن، بەڵام توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو خەم و ئازارەیان نییە. شەڕی ئێران و عێراق توندتر دەبێ و ڕێژیم خەریکە شەڕەکە پەلکێشی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگای هێزە کوردییەکانی باشوور زەبر لە ڕێژیمی عێراق بدات و هێزە کوردییە ڕۆژهەڵاتیەکانیش لە سنوور هەڵقەنێ.

کەماڵ و هاوڕێکانی لە پاییزدا لە بنکەکانیاندا ئارام دەگرن. ناوبراو، هەوڵی خوێندەوارکردنی پێشمەرگەکان دەدات. جیا لەوە حەوتووی جارێک لە سەر پرسە هەنووکەییەکان کۆبوونەوە دەکەن. زۆربەی پێشمەرگەکان رادیۆیەکی بچووکیان کڕیوە و لە کاتی جۆراوجۆردا گوێ لە کاناڵی جیاواز دەگرن. ئەوان یادی زریبار و رادیۆکەی دەکەن، کە چەندە بە تامەزرۆییەوە لە سەر کۆشی خۆیی دادەنا و ئانتێنەکەی بۆ سافکردنی دەنگی رادیۆ سەر و خوار پێدەکرد. زرێبار چەند کورتە نووسینێکی لە سندووقەکەدا بە یادگار بۆ هاوڕێکانی بەجێهێشتوە، کە لە کۆبوونەوەکاندا دەخوێندرێنەوە و قسەیان لە سەر دەکرێ. لە بەشێک لەو خاڵانەدا ناوبراو ڕێنوێنی هاوڕێکان وحیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکات، کە ریشی خۆیان نەخەنە بەر دەستی تاڵەبانی و بارزانی. ناوبراو لە رووداوە کۆنەکانی گەرمێن نیگەرانە و بە ئاشکرا نووسیویەتی، کە لەو ناوچەیە باوە، کە ئاش ئەگەر فێری میزتن بوو چاک نابێ، بۆیە ئەو حیزبانەش چاکبوونیان نییە و رەنگە لە داهاتوودا بۆ دەسەڵاتدارەکانی تورکییە، ئێران و تەنانەت عێراق زۆر کاری خراپتر بکەن. بە تێگەیشتنی زرێبار ئەو سیاسەتکارانە لە مۆڕاڵی سیاسی دوورن و بە گوێرەی قازانجی کورتماوە و بنەماڵەیی خۆیان بڕیاردەدەن. زرێبار بە خەتێکی دانسقە هاوڕێکانی بۆ خوێندەوە و پرسیارکردن لە سەر رووداوەکان هاندەدات و داوایان لێدەکات، کە ئیمان و باوەڕیان لە سەر ئەساسی تێگەیشتن بێ.

شەوانی پاییز بەردرێژن و چیرۆکەکانی ژیانیش تێروتەسەل. خەونی نان و ئازادی هەموو شەوێک لە بازنەی خەوتنی چەکدارە دژبەرەکانی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا دووپات دەبێتەوە. زۆرێک لە پێشمەگە کۆنەکان و ئەوانەی کە لە سەردەمی شادا ئاوارە و هەڵوەدا بوون، دژوارییەکانی ڕێگا و سەختییەکانی دەربەدەری بە چاکی تێدەگەن. تازەهاتوەکان زۆر گوێ بۆ قسەی ئەوان راناگرن و لە بیروهزری خۆیاندا ئەوان شارەزای ڕێگان. مام عەلی، یەکێک لەو کۆنە پێشمەرگانەیە و لە گەڵ تازە هاتوەکان ئارامە و بە هێواشی سەرنجی خۆی لە سەر ئەوان دەردەبڕێ. ناوبراو لەو پێوەندییەدا دەڵێ:" ئەوانەی دێن هەموو بە کەڵکی پێشمەرگایەتی نایەن و هەمووشیان بۆ پێشمەرگایەتی نایەن، بەڵکو زۆر کەس بە هەڵکەوت ئەو ریگایە دەگرێتەبەر. بەشێک ئازایانە شان دەدەنە بەر باری پێشمەرگایەتی و دەمێننەوە

و ژمارەیەکیش دوای حەوتوویەک یان چەند مانگێک هەڵتەک هەڵتەک دەڕۆنەوە. خوێندەوار زۆر بوون، بەڵام ئەو خوێندەوارییەش هەموو شتێک نییە. ئەتۆ، ئەگەر لێرە کاروبارەکان رانەپەڕێنی، بە خوای کتێب و دەفەتەر بۆت ناکەن. خوێندنەوە بە فکری من مانای کردەوە و عەمەلە. ئەو شۆڕشە پێویستی بە کار و ماندوو بوونە و هەر بە میرزایەتی و پشتێندبەستن کار چاک نابن. ئێمە لە مێژە لە گەڵ ئەو حیزبە کاردەکەین و هەتا کۆتایی دەڕۆین، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێ. کوردایەتی تاڵە و تەنیا سەرەتاکانی شیرین و خۆشە. خەڵکی ئێمە باشە، بەڵام خۆیان لە پرسەکەیان دزیوەتەوە. ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە بیریان لە کوردایەتی و حیزبایەتی کردبایەوە، ئێمە لە شوێنێکی دیکە دەبووین و زرە خودموختارییەکمان دەپچڕی. ئەمن ئەو پێشمەرگانەم خۆشدەوێن، کە راستگۆیانە دێن و دەڕۆنەوە، بەڵام لە گەڵ مرۆڤی خائین نیم. سمایلە چوکەڵ دەکرا خەیانەت نەکات و وەک زۆر کەسی دیکە خۆی تەسلیم کردبایەوە و ژیانی ئاسایی خۆی تێپەڕکردبا. بەخوای حەیفە و عەیبە، بەڵام چۆم بێ چەقەڵ نابێ". مام عەلی باوەڕی تەواوی بەو پەندە کوردییە هەیە، کە دەڵێ "دار هۆرەی لە خۆی نەبێ، ناقەڵشێ". بە باوەڕی مام عەلی زۆربەی خەڵک بۆ کاتی دابەشکردنی قازانج و سەرکەوتنەکان ئامادەن و ئەو کات کەسانی وەک ئێمە ڕێگای مەجلیسانمان نییە. لە کاتی رووخانی شادا کە گەڕاینەوە و خەڵک بۆنی چەک، پارە، پۆست و شۆڕاکانیان بیست، ڕێگای کۆبوونەوەکان جەمەی دەهات و خەڵک بە زۆر خۆیان بۆ پێشەوە دەکوتا. زۆر کەس خۆیان بۆ شارەداری، بەربژێری ئەندامی پارلەمان، فەرماندار و بەرپرسی ئیدارە و حیزب دەکوتا. لە کاتی فیداکاری و رۆژانی دژواردا ژمارەیەکی زۆر کەم ئامادەی کارکردن و خۆلێدانن. ئەو قاعیدە و ئوسولی رەنگە ژیان بن، کە ژمارەیەک ماندوو دەبن و سەر و ماڵیان پێشکەش دەکەن، بەڵام لە بەرهەمی کار و خەبات ناخۆن. دایکم زۆر جاران ئامۆژگاری دەکردم، کە رۆڵە خۆ ئەو خەبات و شۆڕشە لە سەر ئێمە تاپۆ نەکراوە و با خەڵکی دیکەش وەک تۆ بەشداربن. بابم دەیگوت، عەلی ئەو گیایە زۆر تاڵە، بۆیە خەڵکی کورد زۆر بە کەمی تێکەڵی دەبن و لە سەر شانی ژمارەیەکی کەم قورسایی دەکات.

ئاوێنەی شکاوی ناسنامەی تاک وکۆ و شەڕی خۆتڕێن

زستانەکان روخساریان گۆڕاوە و لە پێدەشتەکانی گەرمێن زستان تاقەتی بە شەپۆلەکانی گەرما ناشکێ. کلوە بەفرە سپییەکان زۆر جاران لە باوەشی زستاندا خۆیان لوور دەکەنەوە و خوازیارن بەرگێکی سپی بۆ پێدەشت و دۆڵە و گردۆڵکەکانی گەرمێن بدرون. ئەوان هەناویان پڕە لە ئاوی ئاسمانی و سوار لە سەر باڵی هەورەکان بە رازاندنەوەی سرووشتی زستان وەک لشکرێکی لە ژمارەنەهاتو خۆیان رێکدەخەن و بەرەو بەرزاییەکان دەکشێن و لە سەر کوڵمەی روخساری کێوەکان سەما دەکەن. کوردستانی گەرمێن و کوێستان پڕ بە باڵای خۆیان و هەتا بن هەنگڵان لە قوڕی گیراوەی شکاوی ناسنامە چەقیون. لە باشوور گژەبای سیاسەت رەژییەکەی دیالۆگی نێوان حکومەتی بەعس و حیزبی کوردی دەگەشێنێتەوە. دوو حیزبە دیارەکەی باشوور لە سەر دوو هێڵی جیاوازدا سیاسەت دەکەن، بەڵام بناخەی سیاسەتکردنیان لە سەر دژایەتیکردنی یەکتر داڕشتوە. سەرکردە یەکەمەکانیان وەک دوو رووی یەک دراون و تەواوکەری یەکترن. ئەوان لە قوتابخانەی یەکتر شکاندن و لە بازرگانی کردن بە خوێن و مافی خەڵک شارەزان. ئەوان، لە سەر پەتی بەرژەوەندییەکانیان گەمەی چاک دەکەن، بەڵام لە گەڵ خەڵک و گەل تەنیا وەک ئامراز و کەرەستەی خۆفەڕزکردن کەڵک وەردەگرن. پارتی بارزانی مەیدانی خەباتی گواستۆتەوە و لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا سەنگەر بە سەنگەر لە گەڵ پاسداڕ، ئەرتەشی وبەسیجیەکان شەڕی پێشمەرگەی پارتە رۆژهەڵاتییەکان و بە تایبەت حیزبی دێموکراڕات دەکەن. سەرباری ئەو دەردانە حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لەو دۆخە دژاورەدا شەڕی یەکتر شکاندن دەکەن و هەر جارەی لە مەڵبەندێکی کوردستان نوێنەرانی بەرەی سۆسیالیزم و بورژەوازی بە یەکتر دەگەن و بە چەک حیسابی خۆیان یەکلادەکەنەوە. شەڕ وەک مۆتەکەیەکی سامناک لە سەر سینگی خەڵک قورسایی دەکات. بەرپرسانی هێزە سیاسییەکان لەوە تێگەیشتوون کە کار لە کار ترازاوە و کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی لە سەر خاک و زێدی خۆی هەڵیقەندوون و هەر ساڵەی خۆزگە بە پارە. گەڵاڵە سێ گۆشەیی و چەند گۆشەییەکان هەناسەیان لە خەڵک بڕیوە، بەڵام بەهار و کۆتایی زستان موژدەی هاتنی گەرما وبەسەرچوونی وەرزی ویشوومە و سەرما و هەروەها دیکتاتۆرییەت دەدات. خەڵک و پێشمەرگە، هەموو بەهاران چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی گەورەن و هیوادارن کە ئەو ساڵە بە کۆتایی نیزامی خوێنڕێژی ئاخوندەکان تەواو بێ. بەهارەکان بە دوای یەکتردا ریز دەبن، بەڵام کۆشکی زاڵمان لە رمان و رووخان دەپارێزرێ. بزوتنەوە سەرتاسەرییەکان لە وزە دەکەون و سەمای لەتبوونەکان لە پێدەشتەکانی

سیاسەت دەبینەرێ. ئەنجوومەنی نیشـــتمانی خـــۆڕاگری کە لە ژێـــر دەسەڵاتی موجاهیـــدی خەڵقی ئێراندایە، حیزبی دێموکراتی ناچار بە پاشەکشە دەکەن. ئەزموونەکان دەیسەلمێنن، کە چەپ و راستی نەتەوەی دەسەڵاتدار و حاکم دوژمنکارانە لە گەڵ پرسی مافی چارەی خۆنووسینی کوردان دەجوڵێنەوە. ئەوان لە گەڵ ئاخوندە مەندیل رەشەکانی تاران لە سەر پرسی کورد و مافی گەلان جیاوزیان نییە و ئازایەتی تێگەیشتن لە راستییەکانیان نییە.

خەڵک لە دۆخەکە دڵسـاردە و شەری ئێـران و عێـراق سـووتەمەنی گەورەی دەوێـت. خزمەتی بە نـاو سەربازی وەک بانگەوازی مەرگی لێهاتوە و زۆر کەس لە چوون بـۆ سەربازی خۆدەبـوێرێ. لە کوردستاندا رێژیم سیاسەتی کورد کوشتن پەرەپێدەدا و سەربازە کوردەکان لە تیپ و گروپی جیاواز بـۆ شەڕ لە گەڵ پێشمەرگە کوردەکان رێکدەخرێن. بەرپرسانی رێژیم لە شەڕی کوردستان ئەزموونیان وەرگرتوە، بەڵام بە تەواوەتی لە هاوکێشەکە نەگەیشـتوون. سـمایلە چووکەلەکان لە کوردسـتاندا زۆر دەبـن و بەشـێک لە خەڵک لە گوند و شارەکان زیاتر لە جاران هاوکاری رێژیم دەکەن. ئیمامی زەمان نەگەیشتۆتە مەنزل و پەیڕەوان و دەروێشانی ئایینی لە نێڵدانی ئاوری شەڕ بەشدارن. منداڵان و لاوەکان لە قوتابخانەکان بەیانیان بە زۆر سـروودی "ئێمە بە ئەڵڵاهوئەکبەر خۆمـان تەیار و پۆشـتەوپەرداخ کـردوە و بـۆ سەر دوژمن هێرش دەکەین" دەستپێدەکەن. لە قوتابخانەکان کەسانی وەک روحانی، لیچینانی، حەبیبی و هتد .لە کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر قوتابیەکان و سازکردنی بەسیجی خوێندکاری سەرقاڵن. ئەوان بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاکانیان وەک هەویری ئاردی خۆماڵی لە دەستەکانیاندا هەڵدەسووڕێنن و وەک سەرۆکی قوتابخانەکان هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوان لە پێناوی ئیمام، ئێران و ئیسلام لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە خۆنابوێرن. لیچینانی بە ئاشکرا لە قوتابخانەی ١٤ی ئازەری شار باس لە جینایەتی پێشمەرگە لە شەڕی سەر جادەی بانە و سەردەشت دەکات. ناوبراو بە قوتابیی و مامۆستاکان رادەگەیەنێ،کە بـۆ ناسینی دژی شـۆڕش و حیزبە هەڵوەشـاوەکان بچـن بـبینن، کە سـتونی ماشـێنە سووتاوەکان و جەستەی سەربازانی عاشقی کەربەلا و یا حوسێن چەندە لە سەر جادە کەوتوون. ئەوانە هـاواری مەزڵومییەتی حوسـێنن و بە فەرمانی ئیمـام بـۆ ئـازادکردنی کوردسـتان لە چنگـی پیسـی بەکرێگیراوانی ئەمریکا، ئیسـرائیل و بریتانیـا رژاونە مەیدانەکان. مامۆسـتاکان و قوتابییەکان وەک بەردی رەق راوەستاون و کەس توانای وڵامدانەوەی لیچینانی نییە. ناوبراو بە نێوچاوانێکی گرژ کۆتـایی بە قسەکانی دێنـێ و قوتابییەکان بەرەو پۆلەکانی خوێنـدن دەڕۆن. زۆربەی قوتابییەکان لە گەڵ ژیـانی

رۆژانەدا زۆرەبانی دەگرن و بە دەگمەن قوتابییەک پەیدا دەبێت، کە ئازایانە و سەرفرازانە دژایەتی خۆی بۆ نیزام و ئاخوندەکان دەربڕێ. مەیدانی بەربەرەکانی دوژمن و داگیرکەر گواستراوەتەوە بۆ شەڕی چەکداری و خەلک فێری دەربڕینی ناڕەزایەتی و داواکردنی مافەکانیان نەکراون. ڕێژیم حیزبەکان بە نوێنەری ئیرادەی خەڵک نازانێ و بە کەیفی دڵی پیرە گورگەکەی جەماران لە سەر زێد و خاکی کوردانداتەراتێن دەکەن. لە ریزی قوتابییەکاندا چەند بەسیجییەک دەبیندرێن کە جاروبار بۆ سەلماندنی غروری شکاوی خۆیان دمانچەکەی بابیان لە بن پشتێدێ دەنێن و لە حەوشەی قوتابخانەدا دەسووڕێنەوە.

کەماڵی مام کەریمی، وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ لە گەڵ بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانیان لە ریزی پێشمەرگەکان دەرنەچوون. زۆربەیان باوەڕیان بە ڕەوایەتی خەباتی کوردانە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە سەر شێواز و مێتۆدی و چۆنیەتی خەباتی کردن و شەڕی نێوان حیزبەکان گلەییان هەیە. پەل، دەستە، هێز ، کۆمیتە ناوچە و شارستانەکان لە سەر بناخەی خەباتی چەند ساڵە کاروباری چەکداریی و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی هەڵدەسووڕێنن. حوسێن لە ڕێکخستنی بەهاردا لە گەڵ کەماڵ نەماوە و لە بەشی تەشکیلاتی شاردا ڕێکخراوە. ئەوان لە گەڵ چەند کادریکی تەشیلات لە گەڵ ئەندامە ناوخۆکان لە پێوەندیدان. جۆری پێوەندییەکە لە ڕێگای ڕاسپاردە و هەروەها نووسراوەیە و بەشێک لە ئەندامەکان چالاکن و خەبەر و هەواڵی گرینگ بۆ کادرەکان ڕەوانە دەکەن. لە کاتی چوونەوەی کادرەکاندا ئەندامەکان لە شاردا دەیانپارێزن و هاوکاریان دەکەن. کەماڵ و مستەفا وەک جاران پێکەوە لە دەستەدا هاوکارن و لە گەڕان و جەولەکاندا ئەزموون کۆدەکەنەوە. مام دەروێش لە بەهاردا بۆ دیتنی وەستا مستەفا چۆتە دۆڵی سەفرە و زەرون. ئەو داوای لە وەستا مستەفا کردوە، کە شۆڕش وەک جاران گەرم نییە و ساردبۆتەوە، بۆیە باشترە کە خۆی ساغکاتەوە و ژیانی هاوبەش پێکەوەبنێ. وەستا مستەفا و کەماڵ لە گەڵ حوسێن بڕیاریان داوە ماوەیەکی دیکەش سەبربکەن و ژنهێنان بخەنە دواوە.

هاوینە و شەڕی نێوان دیموکڕات و کۆمەڵە گەرم و گوڕە و دوو لایەن بۆ تێکشکاندنی یەکتر و فەڕزکردنی ویست وداخوازەکانیان بە سەر یەکتردا هێز کۆدەنەوە. شەڕەکە لە ناوچەیەکدا قەتیس نەماوە و دێموکڕات لە گەڵ کۆمەڵەدا بەنیازە خۆی یەکلابکاتەوە. کەماڵ و کاوە کوڕەکانی مام کەریم کە بە هەزار بەدبەختی گەورە کراون، ئەمڕۆ لە ژێر ئاڵای دوو حیزبی جیاوازدا شەڕی یەکتر دەکەن.

ئەوان وەک قوربانیەکی بارودۆخەکەن و لە هەموو لایەکەوە کەوتوونەتە بەر غەزەبی زەمانە. مـــــــام کەریم لە پشـدەر بە هـۆی جاشەکانەوە وەک سەربازی ئێرانـی بە بەعسـیەکان فرۆشـرا و پـورە زارا و کچەکانی لە ماڵدا مانەوە. شیرینی مام کەریم مێردی بە خالیدی مەولود بەزازی کرد و لە ماوەیەکی کەمدا وەک بێوەژنێکی پێشمەرگەی موسڵمان مایەوە. کاوە لە جیاتی خوێندن و کارکردن رێگای گەیشـتن بە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیسـتی هەڵبژارد و بە هیـوای شۆڕشـی چینـی کرێکـاری خـۆی خسـتە باوەشـی چارەنووسێکی نادیار. کەماڵ لەو رۆژگارەدا باشتر و وردتر لە جاران بیر لە ژیان دەکاتەوە و شەنوکەوی رووداوەکـان دەکـات. ئەو وەک سەردەمی سـاڵەکانی یەکەمی پێشـمەرگایەتی بیـر لە خودموختـاری و دێموکراسـی ناکاتەوە و تێگەیشـتوە، کە ئەو درووشـمانە کـاری زۆر و خەباتێکی گەورەتریان دەوێـت. ناوبراو وەک ساڵانی رابـردوو تەنیا بە کفوکوڵێکی جحێڵانە رووداوەکـان ناخوێنێتەوە، بەڵکو بە لـۆژیکی ئەزموون و تێفکرین لە ئاکامی رووداوەکان وێنە چووک و گەورەکان مانا دەکاتەوە. زۆر کادری شارەزا و خـاوەن ئەزموون بەو جوڵانەویە نـاڵێن شـۆڕش. بە بـاوەڕی ئەوان ئەو جوڵانەوەیە لە تەواویەتی خۆیـدا کـاڵ و کرچە و ژمارەیەکی کەم لە پێنـاوی زۆراتیەکی بێدەنگـدا شـانیان داوەتە بەر بـاری قورسـی کوردایەتی. کەماڵ لە ناوچە لە گەڵ خەڵک هێمانەتر دەجوڵێتەوە و کاتێک دەبینێ پێشمەرگەیەک یـان سەر پەلێک ئـازاری گوندنشـینان دەدات، بێـدەنگ نـابێت و لە کۆبوونەوەکانـدا رەخنەیان لێـدەگرێت و داوای سـزادانیان دەکـات. زۆر کـادر رەخنە لە تونـدوتیژی بەرامبەر بە خەڵک دەگـرن و رۆژانـی دوای شۆڕشیان وەبیردێننەوە، کە هەر کوێخا و میرزایەک ناو و ناتۆرەی لە خەڵکی بێ تـاوان دەدا. یەکێک لە کادەرکـان لە کۆبوونەوەیەکدا ئامـاژە دەکـات، کە ژیـان کـردەوە و دژکردەوەیە و شکسـتی ئێمە بەشـێکی دەگەڕێتەوە بۆ رووخاندنی پردی متمانە لە گەڵ خەڵک. ئەو باس لە کـادرێکی کـۆنی دێموکرات دەکـات، کە لە مزگەوتێکـدا بـۆ ترسـاندنی خەڵک باسـی لە تەرکەدار کـردوە، کە لە پەنـدی فارسەکاندا بە ناوبانگە. بە گوێرەی وتەی فارسەکان کە هەڵگری پاشخانی تێگەیشتنی ئەوان لە مرۆڤ و پەروەردەیە" هەتا تەرکەدار و داری تەڕ نەبێ، گا و گوێدرێژ گوێڕایەل نابن".

کەماڵ لەو ماوەیەدا کە لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشتە لە دوای دایکی و مـاڵی خاڵە مینەی دەنێرێ و لە یەکێک لە گوندەکان دیداریان لە گەڵ نوێ دەکاتەوە. زارا و لەیلا، لە گەڵ خاڵە مینە و ئاڵتون بە دیتنـی کەماڵ و وەسـتا مسـتەفا زۆر شـاد دەبـن. زارا چیرۆکە خەماویەکانی ژیـانی دەگێڕێتەوە و قـژە سپییەکانی بە کەماڵی کوڕی نیشـان دەدات، کە لە ئاکـامی ژیـانێکی سەخت و ئـاڵۆزدا رەنگیـان گـۆڕاوە.

لەیلا باس لە کاری نانکردن و دانیشتنی درێژماوە لە سەر تەندووری ماڵان دەکات، کە پڕە لە ئازار و ژیانێکی سەربەست. چرەدوکەڵی دارە بڕاوەکان لە نێو تەندوورە قوڕینەکاندا زیاتر لە خەم و ئازار فرمێسک لە چاوی لەیلا و نانەکەرەکانی دیکە دەڕژێنێتەخوار. ئەو بۆ کەماڵ و ماڵی خاڵە مینە دژوارییەکانی نانکردن دەگێڕێتەوە و لەو کاتەدا زۆر وشەی تایبەت بە تەندوور وەک کۆڵەوەژ، پنە، ئەستێورک، هەنگوت، کولانەی تەندوور، سەر تەندوور، تیرۆک، شلکێنە، هەویرە ترش، هەڵاتنی هەویر و هتد لە زاری دێنەدەر. پورە زارا داوا لە کەماڵ دەکات، کە کاوە لەو داس و چەکوچە دابڕن و شەڕی براکان بە ناوی حیزبایەتی حەرامە. کەماڵ داوا لە دایکی دەکات، کە ئەگەر دەگونجێ سەردانێکی بکات و داوای لێبکات واز لەو حیزبە بێنێ. خاڵە مینە نیگەرانە و بەداخبوونی خۆی لە شەڕی کوردکوژە دەردەبڕێ. ناوبراو بە کەماڵ دەڵێت، ئێمە لە هەموو لایەکەوە کەوتووینە بەردەم پاڵەپەستۆ و کەس خەتی خەڵک ناخوێنێتەوە. بە ناوی خەڵکی کورد، حیزبە کوردییەکان شەڕی یەکتر دەکەن. پاسدار و بەسیجی بە ناوی ئیسلام و شەرع قەڵاچۆمان دەکەن. پێشمەرگەی موسڵمان وەک سەگی هار بەربوونە خەڵکی بێتاوان و دامەزرانیان نییە. هێزە عێراقییەکان بە تۆپ و فڕۆکە بەشێک لە شار و گوندەکانمان دەکوتن و ئاسمان و زەویان داگیرکردوە. کوڕمان لە ڕێگای رزگاری کوردستاندا شەهید بوە، بەڵام داهاتووی ئەو خەباتە پڕە لە مەترسی و نارێکی. تەڕاویلکەکان بە قسە و ئارەزوو سرووشتەکەیان ناگۆڕێ و داخوازی نەتەوەیەک تەنیا بە تێکۆشان و خەباتی چەند سەت یان چەند هەزار کەسێک سەرناکەوێ. خاڵە مینە و ئاڵتون هێشتا گۆڕی کوڕەکەیان لە بێژوێیە و ساڵێ جارێک سەردانی دەکەن، بەڵام بە نیازن بە روخسەتی رێژیم تەرمەکەی بۆ گۆڕستانی شار بگوازنەوە.

کەماڵ و وەستا مستەفا پاش دیداری خزمان لە ناوچەدا دەگەڕێن و لە گەڵ دەستەیەک لە هێزەکان تێکەڵ دەبن. لەو ماوەیەدا شەڕی کۆمەڵە و دێموکڕات زیاتر پەرەی سەندوە، بۆیە پێشمەرگەیەکی زۆر لە ناوچەکانی سەردەشت، مەهاباد، بانە، رەبەت، پیرانشار و بۆکان بەرەو سنە و مەریوان رەوانە دەکرێن. کۆمەڵە هێزەکانی بۆ بەشی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کشاندۆتەوە و دێموکڕات بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵە پێشمەرگە رەوانەی ناوچەکانی مەریوان، سنە و سەقز دەکات. کەماڵ، وەستا مستەفا، حوسێنی ئازیزێ و دەستەیەکی زۆر لە هێزەکانی ناوچەی سەردەشت بەرەو ئەو ناوچانە دەڕۆن. ئەوان لە ڕێگادا و لە ڕێگای رادیۆ و هەروەها بەشی پێوەندی نێوخۆیی ئاگاداری جوڵەی کۆمەڵە دەبن. پێشمەرگە شەکەت و ماندوویە و لە بەشێک لە ناوچەکان لە ناوەندی خۆیان

هەڵدەقەندرێن. ژمارەیەکی زۆر لە دێموکراتی و کۆمەڵە دەکوژرێن و کوری هەژارەکان و کوردەکان وەک سەردەمی کۆن دژ بە یەکتر سەنگەریان لە یەکتر گرتوە. گوندەکانی سەر ڕێگای پێشمەرگە بە شەو و ڕۆژ لە خەمی شەڕی نێوخۆیی و هەروەها پەرتەوازەیی هێزە کوردییەکان شەکەت و ماندوون. پیر و دنیادیتەکان لە گوندەکاندا پڕن لە خەم و بەدەم دانیشتن لە بن سێبەری دار و بەرسوانەی ماڵ و مزگەوتەکان و هەروەها مەزرا و باغەکانیان تەتەڵەی ڕۆژڕەشیەکان دەکەن. بەشێک لە پێشمەرگەکان لەو شەڕانە توڕەن و ژمارەیەک چەک دادەنێن. نەتەوەی باڵادەست لە ریزی پاسدار و بەسیجییەکاندا یان دەستە و تاقمی بە ناو هێزە سەرتاسەرییەکان بەو دۆخەی کوردستان سەرمەستن. ئەوان شەڕەکە خۆش دەکەن و کوردەکان کەوتوونەتە گیانی یەکتر، بەڵام چەند فارسێکی فێڵەزان و سمێڵ ئیستالینی و هتد سەرچۆپیکێشی شەڕێکن، کە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکی کوردستان. گوندەکان وەک جاران پێشوازی لە هێزی چەکداری حیزبەکان ناکەن و لەو دۆخە دژوارە توڕەن، بەڵام دەستەوەستانن. ساڵەکان لە سەر یەکتر کەڵەکە دەبن و ئازارەکان پاڵەپەستۆی زیاتر و قورستر دەخەنە سەر شان و پیلی کوردەکان.

هێزەکانی سەردەشت پاش چەند ڕۆژ و شەو ڕێگابڕین دەگەنە ناوچەکانی مەریوان و سنە. فەرماندەری ئەو پێشمەرگانە تێدەگات، کە شەڕەکە داسەپاوە، بەڵام ڕەوا نییە. بەرپرسی پێشمەرگەکان و چەند کادرێک لەو ڕێگابڕین و سەنگەر لە یەکترگرتنە ماندوون و لە دڵەوە خۆزگە دەخوازن، کە کوردەکان تەنیا لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم شەڕیان کردبایە. ئەوانەی کە خوازیاری ڕاگرتنی ئەو شەڕەن زۆر کەمن و ناتوانن دەنگی خۆیان بە گوێی بڕیاربەدەستەکان بگەیەنن. کەماڵ و مستەفا لە کۆنەوە دژی ئەو شەڕەن و بە قازانجی کوردی نازانن. چەکەکان و گۆمی لیخنی ڕقەکان قسەی کۆتایی دەکەن و کوردە چەکدارەکان سەرکەوتن بە سەر یەکتردا بە دایکی سەرکەوتنەکان دەنرخێنن. لە بەشێک لە ناوچەکان هێزەکانی ڕێژیم لە ئاکامی ئەو شەڕەدا حەساونەوە. کەماڵ و مستەفا لە نیزیک ناوەندی ئاژوان لە گەڵ بەرپرسی یەکەمی خۆیان لە سەر شەڕە ناڕەواکە دەدوێن. بە وتەی بەرپرسەکە ئەوان گوێڕایەڵی ئەمری حیزبن و ئەگەر لە شەڕەکە بیزاریش بن، ناچارن بەشداربن. کەماڵ لە گەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی دێموکراتی لە ناوچەکانی دیکە ئاشنا دەبێت. چیرۆکی تاڵ لەو هێزانە دەبیستن، کە لە ماوەی چەند مانگێکدا بە هۆکاری جیاواز ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێزەکانیان لە دەستداوە. ژمارەیەک لە داخی شەڕی نێوخۆ و هەروەها دژواربوونی قۆناخەکەدا چەکەکانیان تەسلیم دەکەنەوە و دەگەڕێنەوە

ماڵ. بەشێک لە پێشمەرگەکان لە شەڕی خۆبەخۆدا دەکوژرێن و بریندار دەبن. باوەڕ و ئیمانی رێژەیەک لە پێشمەرگەکان بە حیزبەکانیان لاوازە و لەو دۆخە پڕ لە دڵەڕاوکەیەدا چەکدانان بە رێگاچارە دەزانن. هێزەکەی ناوچەی سەردەشت وێڕای هێزەکانی دیکە لە چەند شەڕێک دژ بە کۆمەڵە بەشدار دەبن.

جەمیل ژاوەرۆیی لە گەڵ کەماڵ چیرۆکی شەڕەکان دەگێڕێتەوە و دڵڕقی کوردەکان بەرامبەر بە یەکتر باسدەکات. ئەو لە ناوەندی ئاژوان دەکەوێتە بەر پەلاماری چاوەڕواننەکراوی کۆمەڵە و لە شەڕێکی سەخت و دژواردا چاوی بە رووداوی دڵتەزێنی کوشتنی دیل دەکەوێ. ئەو شەڕە بە باوەڕی جەمیل ژاوەرۆیی بۆ سەپاندنی خۆ و شکاندنی لایەنی بەرامبەر کراوە و بۆ کورد بە ئەندازەی یەک دەنکە گەنم سوود و قازانجی نییە. جەمیل و کەماڵ پێکەوە گوێ لە رادیۆی حیزب و کۆمەڵە دەگرن و لەو رێگایەوە ئاگاداری کولتوری راگەیاندنی ئەو دوو هێزە دەبن. رادیۆکان پڕ بە قورگی بێژەرەکانیان باس لە سەرکەوتنی خۆیان و تێکشاندنی بەرامبەر دەکەن. کۆمەڵەییەکان لە لایەن راگەیاندنی حیزب بە پۆلپۆتییەکان دەناسێندرێن و کۆمەڵەش حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی لاسار و سەرەڕۆی بورژەوازی ناودەبات. تەپوتۆزی شەڕگەکان و تەقەی شەڕی نێوخۆ درێژەی هەیە و برینەکان قوڵتر دەبنەوە. کوردستان بە ناوی سەنگەری ئازادی بۆتە مەکۆی تاقیکردنەوەی ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان و کوڕ و کچی خەڵک بە ناوی بیروباوەڕی جیاواز دژ بە یەکتر تیژدەکەن. ئاگری دوژمنایەتی نێوان هێزە کوردییەکان ئەوەندە گڕفەی سەندوە، کە بە ئاسانی دانامرکێتەوە. رادیۆکان، رۆژنامەکان، لاوان، ژنان، شاعیر و گۆرانی بێژەکان و زۆر ئەکتەر و فاکتەری دیکە لەو مەیدانەدا تەراتێن دەکەن.

جەمیل ئیمانی بە کۆمەڵە نەماوە و بە باوەڕی ناوبراو کۆمەڵە وەک هێزێکی کوردستانی نەماوە و ئاکار و کردەوەکانی توندوتیژی زۆر دەخوڵقێنن. کەماڵ لە سەر پێگەی کۆمەڵە لە ناوچەکەیان و هەروەها ناوەندی کوردستان دەدوێ. کەماڵ بە راشکاوی بیروڕاکانی دەردەبڕێ و لە گەڵ جەمیل لە سەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو شەڕە هاوبیروڕا نییە. کەماڵ ئەوە دەسەلمێنێ، کە کۆمەڵەییەکان لە خەوندا دەژین و ئاگایان لە دۆخی راستەقینەی کۆمەڵگە نییە، بەڵام حیزبی دێموکرات ناکرێ بە گوێرەی ئاوازی کۆمەڵە بڕیاربدات. ناوبراو حیزبی دێموکرات و سەرکردەکانی بە خاوەن ئەزموون و ناسراو پێناسەدەکات، کە ناکرێ بە وتەیەکی توندی کادرێک یان سەرکردەیەکی کۆمەڵە تورە بن و دژکردەوە پێشانبدەن. جەمیل کە خەڵکی ناوچەیە و ئازارێکی زۆرتری لە دەست کۆمەڵەییەکان چێشتوە

بە ئاسانی تەسلیمی لێکدانەوەکانی کەماڵ نابێت. بە گوێرەی وتەکانی جەمیل، کۆمەڵە بۆ خەبات و شۆڕش سەریهەڵنەداوە و ئامانجی لێدان لە دێموکراتە، چوونکە هێزێکی سیاسی و خاوەن ستراتیژی بەو شێوازە توند و خەیاڵییە هەڵسوکەوت ناکات. لە چرقەی گەرمای هاویندا کەماڵ و جەمیل لە چەند گوندێکی ناوچەی مەریوان و سنە لە گەڵ کۆمەڵەییەکان دەرگیردەبن و هەر جارەی چەند کەسێک بریندار و دەکوژرێن. لە شەڕێکی دەستەویەخەدا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دێموکرات لە گەڵ سێرەگرتن لە نێوچاوانی یەکتر بە زمانێکی زبر لە گەڵ یەکتر دەدوێن و جنێوی تازەبابەت بە کولتوری جنێونامەی کوردی زیاد دەکەن. مام وەلی لەو رۆژانەدا لە گەڵ جەمیل و کەماڵ ئاشنا دەبێت. ئەو بە قسەخۆشەکەی هێزی بێستون بە ناوبانگە و لە دەربڕین و لێکدانەوەکاندا تەڕ و ویشک پێکەوە دەسووتێنێ. ناوبراو رۆژێک لە کەماڵ و جەمیل دەپرسێت، کە ئەوان و کۆمەڵە لە سەر چ بناخەیەک شەڕ دەکەن؟ جەمیل وتار و راگەیندراوەکانی حیزب کە لە رادیۆ و رۆژنامە بڵاودەکرێنەوە دەخوێنێتەوە و لە شەڕەقسەی حیزبایەتیدا سوودی لێوەردەگرێ. مام وەلی هەموو جارێک بە جەمیل دەڵێت، کاکە ئەو قسەی رادیۆ و حیزبە و ئەتۆ قسەی خۆت بکە. تۆ دەبێ وەک مام وەلی ئازا بیت و راستەوخۆ بڵێت ئەو شەڕە کوڕی فەقیر دەیکات و ئاغاکان ئیدارەکەی دەکەن. ئەوانەی مام وەلی دەناسن زۆر بە ساکاری وتەکانی وەردەگرن و لە ئیمانی ناوبراو بە کوردایەتی دڵنیان. مام وەلی دژی شەڕی کۆمەڵە و دێموکراتە و چەند جارێک دووپاتی کردۆتەوە، کە ناوبراو بە تەواوەتی دژی شەڕی کورد لە گەڵ کوردە. ئەو باس لەوە دەکات، کە شەڕی پێشمەرگەی گەل و پێشمەرگەی موسڵمان رەوا نییە و شەڕی چەکداری حیزبەکان لە گەڵ یەکتر گوناهی نەبەخشراوە. بە گوێرەی لێکدانەوەکانی مام وەلی ئەگەر کورد شەڕی کورد نەکات، پاسداری قۆم و بەسیجی ئیسفەهان و ئەرتەشی تەورێز چۆن دەتوانن لە کوێستانەکانی داڵاهۆ شەڕی حیزبەکان و پێشمەرگەکانیان بکەن.

کەماڵ و پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت بۆ ماوەی پەنجا رۆژ لەو ناوچانە دەمێننەوە. ئەوان وەک هێزەکانی دیکە، شەکەت و ماندوون و زۆربەیان خوازیاری گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیانن. ژمارەیەک لەوان لەو شەڕەدا بریندار و کوژراون، کە چەند کەسێک لە رێگادا هەڵبڕاون و خۆیان تەسلیم کردۆتەوە. کەماڵ وێڕای بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکان لە گەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە و بەتایبەت گوندنشینەکان تێکەڵاوی زۆری پەیدا دەکەن. ناوبرا هەستدەکات، کە خەڵکی ئەو گوندانە خوازیارن لەو دۆخە ئاڵۆزە رزگاریان بێ. ئەرکی خەڵکی گوندەکان دژوارە و ناچارن لە گەڵ هەڕەشە و گوڕەشەی چەکدارە

جیاوازەکـان بسـازێن. ئەوان خەونـی گەورەیان بەخێوکردنـی منداڵەکان و پەروەردەکردنیانـە. لـە زۆربـەی گونـدەکان، مێرمنـداڵ و لاوەکـان بـۆ درێـژەدان بـە خوێنـدن دەچنـە شـار و بـە ژیـانێکی سـاکار درێـژە بـە خوێنـدن دەدەن. ئەوان لـە منـداڵانی شـار چـاوکراوەترن و لـە گەڵ شـێوازی نووسـین و خوێنـدنی کـوردی ئاشـنان و ئەزموونێکیان لـە گەڵ حیـزب و هێـزە چەکدارەکانیانـدا کۆکردۆتەوە. ئەوان لـە شـار و لـە ژێـر بـاری گرانـی ترسـی رێژیـم کـپ و بێـدەنگن، بەڵام پـاش تەواوکردنـی سـاڵی خوێنـدن بـە دڵێکـی شـاد و ئازادەوە دەگەڕێنەوە خانوە قوڕینەکانیان.

حەوت لاوی گوندێکی ناوچە سنە لـە شـار دەگەڕێنەوە و لـە گوندەکەیان لـە گەڵ کـادرێکی کۆمەڵە یەکتر دەبینـن. کادرەکەی کۆمەڵە لـە سەر خەباتی کرێکـاران، شۆڕشـی چینـی کرێکـار و هەروەها شکسـتی بـورژوازی کـوردی پرسیاریان لێدەکات. نـاوبراو بـە جۆرێک پرسیارەکان دەکـات، کە لاوە خوێنـدکارەکان سەرسووڕماو دەبن و نازانن چۆن وڵامی بدەنەوە. یەکێک لـە لاوەکان دەڵێت، کاکە باسی کام لشکر و هێـز دەکەیت؟ ئێمە نـۆ مانگە لەو شـارە دەخـوێنین هیـچ لشـکرێکی کرێکاریمـان نەدیوە! لەو شـارە خەڵک لـە داخی سەرکوتی کۆمـاری ئیسلامی ئێران و هەروەها کردەوەی حیزبە سیاسییەکان ئاگایـان لـە بـورژوا و کرێکـار نەماوە. کرێکارەکـان بـە تەنیا و لـە پێنـاوی ژیـانی رۆژانەی خۆیـان و منداڵەکانیانـدا لـە مەیدانەکانی کـار دەوەسـتن و ئامـادەی هەموو کـارێکن. ئێمە شەوانی زسـتان هەتا بەیانی لـە سەرمان هەڵدەلەرزین و کرێکـاران لـە ئێمە خەراپتر. کـاکی پێشـمەرگە، شۆڕشـی کۆمۆنیسـتی و سۆسیالیسـتی و تەنانەت وەرگرتنـی خودموختـاری بەو شـێوەیە لـە خەون دەچـێ. بەرپرسـانی رێژیـم لـە رێگـای مزگەوت، کۆمیتەی ئیمـام و جەهادی سـازەندەگی و هتـد خۆیـان سەرنجی بەشـێک لـە خەڵکیان راکێشـاوە. لـە شـارەکان و گونـدەکانی ژێردەسەڵاتی رێژیـم کوردەکـان دەسـتیان بـە کـوڵاوی خۆیـان گرتـوە و لـە هەموو گژەبایەک دەترسن. کاکی کۆمەڵە، ئێوە فکر دەکەن ئێمە لـە مەیدانی سووری مۆسکۆ دەژین و کرێکـاران هەموو رۆژانـی یەکی مـانگی مـای وەک لشـکری محەممەدی مەهـدی داس و چەکوچ رادەوەشـێنن؟ پێشـمەرگەی کۆمەڵە لەو دمەتەقەیەدا تـوڕە دەبـێ و هەڕەشە لـە لاوەکە دەکـات، کە هەرگیز لەو پرسیارانە نەکات و عادەتی بەسیجییەکان نەگرێ. نـاوبراو داوای لێدەکات، کە بـۆ مـاوەی چەنـد رۆژێک پێویستە بێتە بنکەی کۆمەڵە و ئەستۆپاکی خۆی سـاغکاتەوە. لاوەکـانی دیکە بـە بیستنی ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی پێشمەرگەی کۆمەڵە تـۆڕەدەبن و بەرگری لـە هاوڕێکەیان دەکەن و ئامـاژەدەکەن، کە کـادر و پێشمەرگەی حیزبەکان بـە رەفتاری نەشیاو خەڵکیان بێزار کردوە. چەنـد گەورەسـاڵێکی ئـاوایی دەکەونـە بەین و پێشمەرگە و لاوەکان لـە یەکتریان جیادەکەنەوە و کۆتایی بەو بەزمەدێنن.

پوره زارا بۆ دۆزینەوەی کاوە و گێڕانەوەی ناوبراو بۆ ماڵ پاش جیابوونەوە لە کەماڵ و وەستا مستەفا چەند جارێک سەردانی بنکەی کۆمەڵە لە سەر سنووری کردوە. بەرپرسانی کۆمەڵە پورە زارایان ئاگادار کردۆتەوە، کە مانگی یەکەمی پاییز کاوە لە جەولەی ناوچەی سنە دەگەڕێتەوە. پورە زارا لەو هاتوچۆیە شەکەت و ماندوویيە و نازانێ چەندە و چۆن لەو خەمانە بڕەخسێ و رزگاری بێ. ناوچەکان زۆربەیان لە ژێر کۆنترۆڵی رێژیمدان و دایکان و باوکان بۆ سەردانی کوڕ و کچەکانیان دەبێ بەرەو بنکە جێگیرەکان بڕۆن. ئەو بنکە و مەکۆیانە زۆربەیان لە خاکی باشووری کوردستاندا جێگرین. زارا و لەیلا کۆتاییەکانی هاوین بەرەو سەفرە و گەڵاڵە بەڕێکەوتن و مەبەستیان زیاتر دیتنی کاوەیە. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تەنیا بە شێوازی زارەکی ئاگاداری بارودۆخی کوڕەکەیان بوون و دەرفەتی دیدار نەڕەخساوە. رێگای چوون بۆ سەفەرە و گەڵاڵە و هەروەها پەڕینەوە لە سنوور بۆ بەساڵداچوەکان و بە تایبەت بۆ زاراکان بە کارێکی دژوار دەناسرا. ناوبراو وەک ژنانی گوند لە گەڵ پشتی ئەسپ و هێستر ئاشنا نەیە. بەشێک لە ژنان و کچانی شار لە ژیاندا زۆر بە دەگمەن سواری ئەسپ و هێستر دەبن. ژیانی گوند مرۆڤەکان سەربەخۆتر فێر دەکات و کچ و کوڕ، پیا و ژن لە دژوارییەکانی ژیاندا دەخارێنێ. زارا و لەیلا هەتا دەچوونە سەر کورتان و پشتی وەڵاخەکان چەند ئایەتەلکورسیەکیان دەخوێند و پەنایان بۆ سەرجەم شێخ و پیاوچاکەکان دەبرد. لە رێگادا هەر کە ئەسپ و هێسترەکان سەرسمیان دەبرد یان هەڵدەنگوتن، زارا و لەیلا ئیزرایلیان بە چاو دەدیت و ترپەی لێدانی دڵیان بەرەو لوتکە هەڵدەکشا. ئەوان وەک کاروانچیەکان لە چۆم دەپەڕینەوە و رێگای هەوراز و دۆڵەکانیان دەبڕی.

بنەماڵەیەی کەریم و زارایە مۆدیل و وێنەیەک لەو بنەماڵانەیە، کە پڕ لە ئاڵوگۆڕ و کەوتوونەتە ژێر باری قورسایی رووداوە خوازرا و نەخوازراوەکان. ئەوان خاوەنی دوو کوڕ بوون، کە لە دوو حیزبی دژ بە یەکدا گریسابوونەوە. مام کەریم وەک دیلی شەڕ لە بەندیخانەی بەعسیەکاندا مۆمی ساڵەکانی تەمەنی لە کەمی دەدا. شیرینی هاوسەری خالیدی مەولود بەزازی بە بنەماڵەی شەهیدی کۆماری ئیسلامی دەناسرێ. ئەوان لە چەند لاوە بە دەرد و بەڵای زەمانە تۆقدراون و بە ئاسانی چارەنووسیان ناگۆڕێ. ژیانیان لە سەر گڕی قەڵاشکەرییەکان و هەروەها لە بن جوڵەی تیرۆکە باریکەکانی دەستی لەیلادا دەسووڕێ. تۆزی ئاردی سەر پنەی نانکردن و دووکەڵی کەڵەکەبووی دارە بێنازە سووتاوەکان وێڕای زوڵمی سرووشت روخساری لەیلا و پورە زارایان زۆر گۆڕیوە. وەرزی خۆشییەکان تێپەڕیون و تەنیا سووکە

ئومێـــدی ئـــازادبوونی مـــام کەریم باوەشـــێنی دڵە بە کۆڵەکەی زارا و لەیلا دەکـــات. ئەوان لە بەر چارەنووسی دوو کوڕەکانیان ئارام و قەراریان لێهەڵگیراوە و کە باس لە تێکهەڵچوونی نێوان کۆمەڵە و دێموکراتیان هێزەکانی ڕێژیم دەکرێ، لە یەزدانی دەپاڕێنەوە، کە جەرگسووتاو و چاوبەفرمێسک نەبن. ئەوان لە سۆســـیالیزمە خۆشەکە و خودموختارییە ترشەکە و ئیســـــلامە پـــــڕ لە هەنگوین و عەدالەتەکە تەنیا خەم و ئازاریان پێبڕاوە.

سرووشتی پاییزی روخساری دەشت و کێوەکانی گۆڕیوە و دارە تۆزگرتوەکانی کوێستان و گەرمێن لە چـــــاوەڕوانی سەرمادا گەڵاکانیان دەتەکێنن و بە قەد و باڵایەکی رووتەوە بە گـــــــژ وەرزی سەرما و رەشەبادا دەچنەوە. رووبـــار و کانیاوەکـــان لە گەڵ جۆگە و خڕەکـــان چـــاوەڕوانی تەقینی کـــانی چـــاوی ئاسمان دەکەن و لە ژێر گەرمای تاقەتبڕی هاویندا خۆیان راگوشیوە. ئەوان حەسرەتی رۆژانـی گڕفە و شەپۆلە سەرکێشەکان دەخۆن و بۆ پاراوکردنی پێدەشتەکانی خاکی داگیرکراو هەناسەساردن. جەولەی پێشـمەرگەکان لە پـاییزدا لە کـزی دەدات و زۆربەی پێشـمەرگەکان بەرەو بنکە جێگیرەکـان دەڕۆنەوە. هێشتا دەرفەتی هەناسەدان و جولەی ئازادی شەوانە ماوە و پێشمەرگەی حیزبەکان دەتـوانن لە بـارانی پـاییز و بـۆرانی زستاندا سەردانی بەشـێک لە گونـدەکان بکەن. کـاوە و کەماڵەکان لە دوو سەنگەری جیـاوازدا لە پێنـاوی دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاری و هەروەها وڵاتێکی دێموکراتی و کوردستانێکی خودموختـــــاردا ماونەوە . ئەوان و زۆر خەڵکی دیکە لە ئاکـــــامی کێشەی حیزبایەتی و بیروبـــــاوەڕە سیاســـییەکان نێوانیـــان لە گەڵ یەکتر تێکچـــوە. زەوی سیاسەت بە تەواوەتی رەقـــن و دژوارە، بۆیە لایەنگرانی رەنگە جیـــاوازە سیاســـییەکان لە کوردســـتاندا بە ئاســـانی یەکتر تۆمەتبار دەکەن و بـــۆ شکاندنی یەکتر چەکیان لە دژی یەکتر بەکار دێنـن. وەکـو عـورف و ڕێزگرتنێک لە کوردستانی گەرمێن هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات شەڕە تەقەکەیان لە رۆژهەڵات دەکەن و لە باشوور تەنیا هەڕەشە و مـۆڕە لە یەکتر دەکەن.

زارا و لەیلا لە دەوروبەری سەفرە و لە گوندی باساوێ بارگە و بنە دەخەن. ئەوان شەو لە ماڵی یەکێک لە ناسیاوەکانی مـام کەریم دەمێننەوە. ئەو بنەماڵەیە سـاڵانێکی زۆرە کە بە هیـوای گەڕانەوە لە گەڵ بنکە و بارەگـای پێشـمەرگەکان، کوێسـتان و گەرمێن دەکەن. شەو چیرۆکە کۆنەکانی شـار و گونـدەکان، ئاوارەیی و هتد هاتنەگۆڕێ و بە شێوازی جیاواز هەللاجی رووداوەکان دەکرا. ماڵی مـام ئەحمەد لە گەڵ کەماڵی مـام کەریم تێکەڵاویان هەیە، بەڵام زۆر لە گەڵ کـاوە ئاشـنا نیـن. ئەوان ئاگـاداری گرتنـی مـام

کەریمن و لە دوورەوە وڵاتیش تێکۆشاون لە بارودۆخی ناسیاو و خزمەکانیان ئاگاداربن. مام ئەحمەد لە کاتی قسەکردندا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت" براژنە زارا، هەتا لە خاکی خۆت دوور نەکەویەوە قەدری وڵات و ژیان نازانی. ئێمە کە هەڵاتین زۆر بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ساڵ بە ساڵ لە مەوتەن و وڵاتی خۆمان دوور دەکەوینەوە. سەرەتای شۆڕش و ئینقلاب دڵخۆش و شاد بووین، کە خودموختاری وەردەگرین و بە ئازادی لە وڵاتی خۆماندا دەسووڕێنەوە، بەڵام هەموو خەیاڵەکانمان باتڵ دەرچوون. ئاخوندی فێڵباز هاتن و بە ریشی پان و مەندیلی رەش خەڵکیان فریودا. ئێمە فەقیر بووین و خەڵک زۆر سەری لە سیاسەت دەرنەدەکرد. ئەوانەی نامەیان دەردەکرد و بە میرزا و مامۆستا دەناسران زیاتر لە ئێمەی نەخوێندەوار هاواری ئیمام و رەهبەریان دەکرد. ئەو کەچە سیاسیی و رەهبەرانە ماڵی خەڵکیان وێران کرد و بەو رۆژگارەیان گەیاندین. براژنە زارا، ئێمەش نازانین چۆن لە گەڵ ئەو زەمانەدا بگونجێین. چەند ساڵێکی دیکە رەنگە لێرەش دەربەدەربین و چاومان بە وڵاتی خۆمان نەکەوێتەوە. لە گەڵ منداڵەکان چەند جارێک لە یەکتر هەڵبەزیونەوە، چوونکە ئەمن بە گونجاوی دەزانم بگەڕێینەوە سەر خاک و مەوتەنی خۆمان. دایکی منداڵان رۆژێ چەند جارێک گوێ لە رادیۆ دەگریت و باوەڕی بە رووخانی ریژیمە. ئەو لە کوردایەتیدا زۆر تونندە و سوێندی خواردوە هەتا خودموختاری وەرنەگیرێ و مافی کوردان نەستێندرێ، بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە زێد و نیشتمان. براژنە زارا بە سەری ئەو منداڵانەت ئەمن لە دایکی منداڵانم زیاتر حەزم لە نان و ئاوی خودموختارییە، بەڵام وەڵڵاهی وەبیللاهی و تەڵڵاهی بە چاوی خۆم ئەو رۆژە نابینم. کوڕ و کچەکانم دڵنیا کردوە، کە ئێمە لە نێوخۆشدا دەکرێ کوردانە بژین و سەڵەوات لە دیداری رژیم لێنەدەین. ئەگەر بگەڕێنەوە تەنیا بۆ خاک و خەڵک دەگەڕێنەوە و گونجاو نییە ئێمە بڕۆین بەرەو خوار بەغدایە و لە ئۆردوگایەکدا ژیان تێپەڕکەین.

زارا و لەیلا لە گەڵ منداڵەکانی مام ئەحمەد لە ئازار و خەمەکانی مام ئەحمەد دەگەن، بۆیە زۆر جوابەجەنگی ناوبراو ناکەن. هاوسەری مام ئەحمەد وەک بێژەری رادیۆکان لە سەر رێژیم قسەی توند دەکات و جنێو بە داروبەردی ئەو نیزامە دەدات. پورە خەج پاش تەواوبوونی قسەکانی مام ئەحمەد بەمجۆرە دەکەوێتە قسەکردن: "براژنە زارا، ئەو ئەحمەدەی ئێمە لە خشەی گەڵای داران زراوی چوە و لێرەش لە پاسدار و بەسیجیەکان دەترسێ. ئەگەر پیاو دەبووم، بە ئەسحابەی تەنیشت ماڵان سوێند دەخۆم هەتا مردن چەکم دانەدەنا. ئەو ئاخوندە ورگنانە شەرم لە خوێن دەکەن و ئەگەر وەک گورگی

هــار پەلامار بــدرێن، نەک خودموختــاری بەڵکو حکومەتی کشــاوەرز و کرێکــارانیش قەبوڵ دەکەن. بەو نانەی پێکەوە خواردوومانە سوێند دەخۆم، ئەگەر لە دوژمن باشتر و چاکتر رانەسێین لێرەش جێگامان نابێتەوە". مام ئەحمەد لە دەربڕین و وتەکانی خێزانەکەی تورەیە و دەپرسێ، کورد چۆن بەو شێوازە سەردەکەوێ؟ ئێمە وەک ئاردی نێو دڕوان بڵاوبوویین و بە ئاسانی کۆنابینەوە. ئەوەتا کوڕەکانی ماڵی مام کەریم بە هەزار زەحمەت گەورە کراون، بەڵام لە دوو حیزبدان و بە ئەمری سەرە گەورەکانی حیزب و کۆمەڵە دەبێ شەڕی یەکتر بکەن. زارا لە تەنیشت پورە خەج و لەیلا وێژینگی دێنێ و بۆ رێزگرتن لە قسەکەرەکان بەردەوام وشەی "بەڵێ" دووپات دەکاتەوە. زارا و لەیلا بەنیازن سەرەتا کاوە ببینن، بەڵام مام ئەحمەد رێنوینیان دەکات، کە بەیانی سەردانی بنکەی حیزب بکەن و داوابکەن کە بۆ دیداری کەماڵی کوڕیان هاتوون و ئەوان ئەو پەیامە بە دەزگای بێسیم رەوانەی بنکەی هێز دەکەن. هەتا کەماڵ دەگاتە ئێرە، ئێوە دەتوانن لە مەقەڕی کۆمەڵە کاوە ببینن و ئێرە ماڵی خۆتانە. ئێمە بە هاتنتان خۆشحاڵین و هەتا دەڕۆنەوە لێرەن. زارا و لەیلا بەیانی بە گوێری رێنوێنیەکانی مام ئەحمەد دەکەن و سەرەتا دەچنە بنکەی دیموکرات و داوا دەکەن، کە خەبەر بدەن بە هێزی سەردەشت، کە دایکی کەماڵ و خوشکەکەی لە باساوێ چاوەڕوانن. ئەوان دواتر بەرەو بنکەی کۆمەڵە دەچن و خۆیان دەناسێنن و مەبەستی خۆیان لەو سەردانە دەردەبڕن. چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە کە خەڵکی ناوچەی سەردەشتن بەخێرهاتنی دایکی کاوە و خوشکەکەیان دەکەن و رادەگەیەنن، کە بەیانی کاوە و هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە. لەیلا و پورە زارا بەو خەبەرە زۆر دڵخۆشن و دەستخۆشی لەو پێشمەرگانە دەکەن، کە ئەو خەبەرە خۆشەیان بۆ هێناون.

یەکێک لە پێشمەرگەکان زمانی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ و رۆژانە بۆ پێکەنین و خۆدەرخستن قسەی لە سەر دار و بەرد دەکات. ناوبراو کە بە ساڵە کۆمەڵە ناسراوە، بەشێکی زۆری نوکتەکانی لە گەڵ بورژەوازی و چینی کرێکار تێکەڵ دەکات و لە کۆتاییدا لە کاڵەک و گوندۆرەدا کورتی دەکاتەوە. ساڵە لە پورە زارا دەپرسێ، کە کەماڵ بورژوا چ دەکات و بۆ تەسلیمی چینی کرێکار نابێ؟ لەیلا و دایکی لەو بارودۆخەدا لە ساڵە تورە دەبن و دەڵێن، ساڵە ئەتۆ شەرم ناکەی؟ ئێمە رێگایەکی دوور و درێژمان بڕیوە و ئەتۆش خەریکی بەو پرسیارە لینگاوقوچانەت خوێ بە برینەکانماندا دەکەی. کەماڵی کوڕم پێشمەرگەیە و بۆچی تەسلیمی ئێوە بێ؟ ئاخر چەند کەسیکی وەک تۆ بە ناوی پێشمەرگە لە گوند و شارەکان دەسووڕێنەوە و تۆوی ئاژاوە لە نێو خەڵکدا دەچێنن، بۆیە پەرێزی حیزبە کوردییەکان ئاوا خاوێنە. چەند پێشمەرگەیەکی دیکە پورە زارا و لەیلایان ئەهوەن دەکەنەوە و دەڵێن، کە ساڵە کوڕی باشە و

هەر بە گاڵتە ئەو پرسیارانە دەکات و هیچ لە دڵ مەگرن.

لەیلا و دایکی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ دەچنەوە ماڵی مام ئەحمەد و بڕیارە ڕۆژی داهاتوو بگەڕێنەوە و کاوە ببینن. ئەوان لە ماڵی مام ئەحمەد وەک شەوی رابردوو شەنوکەوی رووداوەکانیان دەکەن. لەیلا چیرۆکی ساڵە کۆمەڵەی گێڕایەوە، کە بە کەماڵی برای گوتوە "کەمال بورژوا". پورە خەج داوا دەکات، کە باسی ساڵە کۆمەڵە نەکەن، چوونکە ناوبراو شایانی ئەوە نییە. بە وتەی پورە خەج ساڵە هەموو پێشمەرگایەتییەکی لە قسەی فشە و لاساکردنەوەی خەڵکدا کورت کردۆتەوە. ناوبرا دەڵێ، براژنە زارا بە قسەی ئەو دمڕووتانە خۆت ناڕەحەت مەکە. ئەوانە لە وڵاتی خۆشیاندا کارنەکەر و زماندرێژ بوون و قەت دارێکیان لە سەر بەردێک دانەناوە. کچەکانی پورە خەج لە گەڵ لەیلا زۆر نیزیکن و ئەو ماوەیە پێکەوە کارەکانی ماڵ رادەپەڕێنن. لەیلا لە ماڵی مام ئەحمەد هەست بە غەریبی ناکات و خۆی بە میوان نازانێ و وەک کچەکانی پورە خەج ئەرکەکان رادەپەڕێنێ. شەوانی پاییزی بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان و بە تایبەت بناری کێو و پێدەشتەکان پڕە لە جوانی. شەوانی مانگەشەو بۆ زۆر کەس پڕە لە هیوا و بەشێک لە خەڵک لە شەوانی مانگەشەودا بە روانین لە مانگ و ئەستێرە درەوشاوەکانی سەر روومەتی ئاسمان بوخچەی خەمەکانیان دەکەنەوە. کچەکانی پورە خەج شەوانە لە گەڵ لەیلا لە سەر بانیژەی ماڵەکانیان وێڕای راپەڕاندنی کارەکانیان لە بەردەم شەبەق و تریفەی مانگەشەودا دڵەکانیان ئارام دەکەنەوە. یەکێک لە کچەکانی پورە خەج هاوتەمەنی لەیلایە و هەردووکیان لە بەر بارودۆخی رۆژگار لە پڕۆسەی مێردکردن دواکەتوون. کچەکەی پورە خەج داواکاری زۆری هەبوون، بەڵام ناوبراو لە دۆخێکی نادڵنیادا ژیاوە و ئامادەی نەبوە ژیانی هاوبەش پێکبێنێ. لەیلا ژمارەیەک کەس چوونە داخوازی، بەڵام ناوبراو بڕیاری داوە هەتا ئەوکاتەی بابی لە زیندان ئازاد نەبێ، ژیانی هاوبەش پێکناهێنێ. کچەکەی پورە خەج بە لەیلا دەڵێت، رەنگە ئێمەش لەو ماوەیەدا بگەڕێینەوە شار و لە گەڵ چارەنووس هیچ ناکرێ. بە ناشکوری نەبێ، کوردایەتی هەر بە ناو خۆشە و زەحمەتی زۆرە. تریفەی مانگە شەوی ئاسمانی شاخ ختۆکەی خەونەکان دەدات و لەیلا و زاراش بۆ دیتنی بەیانیەکی شاد خۆیان بە ئامێزی شەو دەسپێرن.

بەیانی لەیلا و دایکی دەچنەوە لای مەقەڕی کۆمەڵە و چاوەڕوانی دیداری کوڕەکەیان دەکەن. چەند کاتژمێرێک تێدەپەڕێ و کاوە و هاوڕێکانی دەگەنەوە مەقەڕ. کاوە چاوەڕوانی ئەو دیدارەی نەدەکرد،

بۆیە یەکجار دڵخۆشە. ئەوان لە ژوورێکی بنکەکەدا لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە. کاوە ئامادە نییە لە گەڵ دایکی بچێتە ماڵی مام ئەحمەد و داوادەکات، کە پێکەوە چەند رۆژێک لەو مەقەڕە بمێننەوە. کاوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام هێشتا لە بازنەی پڕیشکە ئاگرەکەی مائۆدا چەقیوە. ناوبراو، دێموکڕات و سەرکردەکانی بە کرێگرتەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا تۆمەتبار دەکات. دژواریەکانی شەڕی نێوخۆ باڵی بەسەر روخساری هەموو لایەکدا کێشاوە. کاوە تەنیا لایەنی خەراپ و نەرێنی دێموکڕات دەبینێ و بە شوعار و درووشمی ئاگرین و رمەکی مێشکی ئاودراوە. لەیلا و زارا داوا لە کاوە دەکەن، کە واز لەو بیروباوەڕە بێنێ. پورە زارا بە کوڕەکەی دەڵێت" رۆڵە خەڵک نان و ئازادی دەوێت و وەڵڵاهی ئەمن لەو حکومەتە کارگەرییەی ئێوە تێناگەم. کوڕی من، خزمەتی دایک و خوشکی خۆت بکەی باشترە لەوە شوعار و شیعارانە. کوڕەکەم، زگ بە قسان پڕ نابێ و حکومەت بە فشە ناڕوخێ. پیاوی چاک بە، لەو رێگایە لادە". پورە زارا لە کاوە دەپرسێ، کە کوڕە لە هەموو ماڵان برینجی ئەمریکایی دەخورێ و ئەوە تۆ باسی چ دەکەی؟ کاوە و لەیلا بەو قسەیە زۆر پێدەکەنن. کاوە دایکی دڵنیا دەکاتەوە، کە ئامادە نییە خۆی تەسلیمی رێژیم بکاتەوە و بە هیچ شێوەیەک تێکەڵ بە حیزبی دێموکڕات نابێ، کە نوێنەری سەرمایەداری لە کوردستانی ئێرانە. لەیلا داوا لە دایکی دەکات، کە کاوە ئازاد بکات و با بە دڵی خۆی بڕیاربدات.

ئەوان چەند شەوێک لەو مەقەڕە دەمێننەوە و رۆژ و شەو باسی جیاواز دێننەگۆڕێ و بە تایبەت کاتی گرتنی رادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران بۆ پورە زارا و لەیلا سەرنجڕاکێشە. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا هاواری بژی سۆسیالیزم و بمرێ سەرمایەدار و بورژوا لە زاری چەند کەسێک دەبیسترێ. زارا و لەیلا چەند وێنەیەک بۆ بیرەوەری لە گەڵ کاوە دەگرن و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن. ئەوان دەچنەوە ماڵی مام ئەحمەد و چاوەڕوانی هاتنی کەماڵ دەکەن. پورە خەج ئەحواڵی کاوە دەپرسێت و پرسیاردەکات، کە بۆچی کوڕەکەیان لە گەڵ خۆیان نەدەهێنا. لەیلا بە پورە خەج دەڵێ، کە ئەو بیروباوەڕە پەردەیەکی بەسەر خزمایەتی و دۆستایەتیدا هێناوە و ئەوان تەنیا بە قسەی خۆیان دڵخۆشن و گوێ لە کەس ناگرن. کوڕێکی مام ئەحمەد دەچێتە مەقەڕی دێموکڕات و خەبەری کەماڵی مام کەریمی دەپرسێ. بە گوێرەی پەیامە وەرگیراوەکان ناوبراو ئەمڕۆ ئێوارە یان سبەی رەنگە بگاتە باساوێ. پورە زارا و لەیلا بە دیداری کوڕەکەیان شادن، بەڵام لە دوارۆژی ناوبراو نیگەرانن. ئێوارە کەماڵ، وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ بە یەکەوە دەگەنە باساوێ و دەچنە ماڵی مام ئەحمەد. هەموو لایەک بە دیداری یەکتر شاد

دەبن و شەوێکی خۆش بە یەکەوە بەسەردەبەن. هەر کەسەو بیرەوەرییەکی خۆش لە رۆژانی ئاوارەیی و هەروەها پێشمەرگایەتی دەگێڕنەوە. مام ئەحمەد لە سەر بارودۆخی ناوچە و هەروەها چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خەڵکی گوندەکان لە گەڵ پێشمەرگە و پاسدارەکان پرسیار دەکات.

کەماڵ، مستەفا و حوسێن وێڕای چەند هەزار کەس لە پێشمەرگەکان چەند ساڵێکە ئەرکی قورسی پێشمەرگایەتیان لە سەر شانە. ئەوان ناوچەی جیاوازی کوردستان گەڕاون و بە گوێرەی درووشم و سیاسەتەکان بۆ کورد و خاکەکەی تێدەکۆشن. لە پەل، دەستە و هێزدا وەک پێشمەرگەی کوردایەتی و هەروەها خۆنەویست ناسراون و وەک خەڵکی دیکە شەڕی وەرگرتنی سەرپەل، سەر دەستە و هەروەها بڕینی پلەکانی حیزبایەتی ناکەن. ئەوان لە کۆنفڕانس و کۆبوونەوەکاندا دژایەتی خۆیان لە گەڵ ناوچەگەرایی دووپات دەکەنەوە و بەو کولتورە تووڕەن. کەماڵ و هاوڕێکانی وەک ساڵانی سەرەتای شۆڕش ساکار و سادە ناڕواننە رووداوەکان و لە پرسە نێوخۆییەکان و بە تایبەت هەڵبژاردنی نوێنەر و دەستنیشانکردنی بەرپرسە نیزامی و سیاسییەکان رەخنەی کاریگەر دەگرن. ئەوان بە ئاشکرا دەبینن، کە زۆر کوردی نیشتمانپەروەر کە دەبنە پێشمەرگە ئاگاداریان لەسەر ناوچەگرایی سیاسی نییە، بەڵام پاش نیزیکبوونەوە لە کولتوری حیزبایەتی و بەتایبەت بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسەکان، تێکەڵ بە کولتوری لە یەکتردان و شکاندنی رەقیبەکان دەبن. کەماڵ لەو کولتورە بێزارە و چەند جارێک درکاندویەتی، کە ئەگەر دەرفەتێک هەبێ هەرگیز ئامادە نییە درێژە بەو کولتورە بدات. شەو لە ماڵی مام ئەحمەد زۆر بە چڕی ئەو خاڵە لاوازنە خرانەڕوو، کە بزوتنەوەی کوردایەتی و حیزبایەتی کوردان گەندەڵ دەکەن و لە سەر رێگا راستەقینەکە لایدەدەن. وەستا مستەفا لە سەر ناوچەگەرایی زۆر بە وردی قسە دەکات، کە وەک خورە و نەخۆشی کەوتۆتە نێو قەوارەی رێکخستن و تەشکیلاتی سیاسی. ناوبراو زۆر نموونە لەو ناوچەگەراییە دێنێتەوە کە لە یەکەم خانەکانی حیزبایەتی هەتا باڵاترین ئۆرگان، کە کۆنگرەیە بە زەقی دەبیندرێن. بە باوەڕی ناوبراو لە ریزی رێکخستن و تەشکیلاتدا ناوچەگەرایی و خزمایەتی عەشایری و ناوچەیی بە تەواوەتی بەرگێکی سیاسی لەبەر کراوە و لە کاتی پێویستدا بارگاوی دەکرێ و چەند کەسیک سوودی لێدەبینن. شایستەسالاری پەراوێزخراوە و لە کۆی حیزب و هێزە سیاسییەکاندا کۆمەڵە خەڵکێک سوار و ئەوانی دیکە پیادەن. بە تێگەیشتنی وەستا مستەفا ئەو بارە خوارە دەبێ راست بکرێتەوە، چوونکە لە درێژخایەندا زەبر لە پەیکەری جوڵانەوە دەدات و بە قازانجی رێژیم تەواو دەبێ. حوسێنی ئازیزێ وەک هاوڕیکانی لە بزوتنەوەی کوردایەتی

ساردە و بە ئاشکرا دەڵێت، لەو کولتورە بێزارم و نازانم، ئێمە دێموکراسی و خودموختاری چۆن دەستەبەر دەکەین! کوڕێکی مام ئەحمەد لە سەر بارودۆخەکە دەدوێ و بە باوەڕی ناوبراو شۆڕش کە درێژبۆوە هاوشێوەی ترخێنەی کوردان عەلەمان هەڵدێنێ. ئەو لە قسەکانیدا باس لە لاوازبوونی دەرفەتی یەکسان لە نێو حیزبەکان بۆ ئەندام و پشمەرگەکان دەکات، کە بە رێژەیەکی زۆر خەڵک و پێشمەرگەکان دڵسارد دەکەنەوە. پورە خەج لە هەمووان دڵخۆشترە و رێنوێنی مستەفا، حوسێن و کەماڵ دەکات، کە کوردایەتی و خەبات لە پێناوی خودموختاریدا زۆر پیرۆزە، بۆیە ناکرێ گوێ بەو کەموکوڕیانە بدەن و کوردستان پێویستی بە چاو و دەستی هەمووانە. کەماڵ لەو کاتەدا وتەیەکی بابی وەبیردێتەوە، کە بەردەوام تەتەڵەی دەکرد و بەدوای دۆزینەوەی ئەو پرسیارەدا دەگەڕا، کە بۆچی زۆرتر هەژار و نەدارەکان رێگای پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرن؟ بۆچی شۆڕشی کوردان لە کۆتاییدا لە کورتی دەدات و وەک گەمەی مار و پێنیژەیە؟ مام ئەحمەد چەند بیرەورەییەک لە سەر مام کەریم دەگێڕێتەوە، کە لە سەردەمی لاوەتی پێکەوە چەند جارێک هاوڕێی رێگا و سەفەر بوون. بە تێگەیشتنی مام ئەحمەد تێڕوانینی مام کەریم لە سەر دوارۆژ و رووداوەکان زۆر وردبوون. ناوبراو دەگێڕێتەوە، کە مام کەریم جارێک لە سەردەمی شۆڕش داوا لە مام ئەحمەد دەکات، کە لاقی لە سەر خاکی نەبڕێ.

پورە زارا باس لەو نامانە دەکات، کە لە رێگای مانگی سووری ئێرانی دەگاتە دەستیان و مام کەریم بە کورتی ئەحواڵپرسی هەموو لایەک دەکات. مام ئەحمەد دەڵێ، هەتا شەڕی ئێران و عێراق تەواو نەبێ، باوەڕناکەم ئەو دیل و یەخسیرانە ئازاد بکرێن. لە سەردەمی کۆن و قەدیمیشدا دوای تەواوبوونی شەڕەکان دیلەکان بە یەکتر گۆڕاونەوە و خۆزگە ئەوڕۆژە دەهات، کە مام کەریم و یەخسیرەکانی دیکە بە ژن و منداڵەکانی خۆیان شادببنەوە. پورە زارا، لەیلا، کەماڵ، مستەفا و حوسێنی ئازیزێ چەند شەوێک لە باساوێ تێپەڕدەکەن. کاوە و کەماڵ لەو رۆژگارەدا لە بەر دژایەتی یەکتر و گەرمبوونی ئاوری شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکراتی یەکتریان نەبینی و چیرۆکی براکان و حیزبە کوردییەکان بە دوارۆژێکی نادیار ئەسپێردرا.

کەماڵ و هاوڕێکانی هەتا سەرچۆمی هەرزنێ هاوڕیەتی زارا و لەیلای خوشکی دەکەن و ماڵئاواییان لێدەکەن. پورە زارا و لەیلا شەو لە گوندی دولکانی سەردەشت دەمێننەوە و بۆ رۆژی دواتر دەگەڕێنەوە سەردەشت. چەند رۆژێک بە ئارامی تێپەڕدەکەن و ماڵی خاڵە مینە، مام دەروێش و چەند دۆست و خزمێکی دیکە سەردانیان دەکەن. رۆژێک چەند پاسدار و بەسیجییەک لە دەرگای ماڵی پورە زارا دەدەن

و لە ڕێگای کوردێکی چەکدار چەند پرسیارێک لە لەیلا و دایکی دەکەن. یەکێک لە پاسدارەکان بە فارسی بە پورە زارا دەڵێت، کوڕەکانت بۆ نەهێناونەوە و لەو سەفەرەدا چەندەیان یارمەتی کردی؟ ئایا دەوڵەتی ئیسلامی باشترە یان نیزامی دژی خوا و پێغەمبەر؟ ئایا شەوانە بۆنی مەشرووب و ئەڵکۆڵت لە مەقەڕ و بنکەکانی دێموکراڕت و کۆمەڵە نەدەکرد؟ ئێمە دەزانین لە چ ماڵێک میوان بویت و چەند ڕۆژ لە باساوێ ماونەوە. بە قازانجی خۆتانە راستییەکان بە ئێمە بڵێن و ڕێگای خۆتان لە دژە شۆڕش جیاکەنەوە. پورە زارا بە بیستنی ئەو پرسیارانە دەتاسێ و بە کورتی بە کوردە چەکدارەکانی ڕێژیم دەڵێ، کاکی من ئێمە لەو خانوەدا زەڕمان بۆ مێشوولەیەک نییە و خوا ئاگاداره لە هەموو خەراپەیەک بێبەرین. ئێوە نازانم بۆ لە دەرگای فەقیرێکی وەک ئێمە دەدەن و مەبەستتان لەو ئازاردانەی کچ و دایکێک چییە؟ فارسێک لە ڕێگای کوردێکی چەکدارەوە هەڕەشە لە پورە زارا و لەیلا دەکات، کە ئەوان کوڕەکانیان لە بەرەی کوفردان و دژی ئیسلام، ئینقلاب و ئیمام بە فەرمانی ئەمریکا، ئیسڕائیل و ئینگلستان شەڕدەکەن. تۆ و کچەکەت چەندە لە باساوێ بە خەراپی باسی ئێمەتان دەکرد، پێویستە لێرە خەراپتر لە سەر دژە شۆڕش و ئەو خوانەناسانە بدوێن. پورە زارا و لەیلا لەو وتانەی پاسدارەکە نیگەران و بەگومانن، کە دەزگای ئیتلاعات ئاگاداری تەواوی سەفەر و سەردانەکەیانە. ئەوان ئاگادارن، کە ئەگەر جارێک بەڵێ بۆ پاسدارەکان بکەن وەزع و حاڵیان تێکدەچێ، بۆیە خۆیان لەپرسیاری پاسدار و چەکدارەکانیان دەدزنەوە. پورە زارا بە توڕەییەوە دەڵێ، ئەگەر ئازان بچن کەریمی مێردم بۆ ئازادکەن. ئەوە عەیب ناکەن هاتوونە ئێرە و لە گەڵ دایک و ژنێکی بێدەرەتان دەدوێن و هەڕەشەیان لێدەکەن. ئەوە کەی ئیسلامەتییە و بە چ قانوونێک ئازار و ئەزییەتی ئێمە دەدەن. پاسدار و چەکدارەکان هیچیان لە پورە زارا و لەیلا دەستناکەوێ و بە ناچاری بەردەرگای ماڵی مام کەریم چۆڵدەکەن. شەو لەیلا و پورە زارا ترس و سامێکی زۆر دایاندەگرێ و بە ترس و لەرزەوە لە حەوشەی ماڵەکەیان هاتوچۆدەکەن. ئەوان لەوە نیگەرانن، کە ئەو پاسدارانە چۆن ئاگاداری چوونی ئەوان بۆ باساوێ و دیداری کوڕەکانیان بوون. لەیلا بە دایکی دەڵێت، ئەو زەمانەی کەس لە کەس ئەمین نییە و هەموو وڵات سیخوڕ و جاسووسە. ئەگەر کوردەکە خۆخۆر نەبێ و لە سەر یەکتر سیخوڕی نەکات، پاسدارێکی فارس و ئازەری چۆن ئاگاداره، کە ئێمە لە باساوێ چۆن و چەندە باسی ڕێژیمی ئاخوندیمان کردوە! پورە زارا لە گەڵ وتەکانی کچەکەی هاوڕایە و دەڵێ، ڕۆڵە زەمانی شای دەیانگوت، کە دیوار مشکی هەیە و مشک گوێی هەیە. ئەو کات ترسێکی ئەوەندە زۆریان لە نێو خەڵکدا بڵاوکردبۆوە، کە لە ماڵی خۆت نەتدەوێرا قسەی دڵی خۆت بکەی. لەیلا و پورە زارا ئاگادارن، کە ڕێژیم پارە و ئیمکاناتی

زۆرە و بە ئاسانی خەڵک بە ناوی پێشمەرگایەتی دەتوانن رەوانەی حیزبەکان بکەن.

پرێشک و گرفەی ئاوری شەڕی ئێران و عێراق، زیاتر ئاور لە سرووشتی کوردستان بەربدات. رێژیمی تاران لە رێکخستنی هێزە کوردیی و عەرەبە شیعەکاندا سەرکەوتوە و بە ناوی جیاواز لە شەڕ دژ بە هێزە عێراقییەکاندا بەکاریان دێنێ. هێزە باشورییەکان خاوەنی سیاسەتێکی رەوا و سەربەخۆ نین و بۆ پەیداکردنی یارمەتی و هەروەها زەبرلێدان لە هێزە عێراقییەکان لە گەڵ رێژیمی ئێران سازاون. سپای پاسداران لەو گۆڕەپانەدا ئەکتیڤە و بە کردەوە پلانی راگواستنی شەڕ بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان دادەڕێژن. ئەوان لە بیری عەمەلیاتی گەورە و تێکشکێنەردان و ئامادەنین لە گەڵ رێژیمی سەددام حوسێن بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوانیان کۆببنەوە. رەفسەنجانی وەک داڕێژەری بەشێک لە سیاسەتەکانی رێژیم لە گەڵ پلانی درێژەدان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراقە. ئەوان وەک بازرگانی شەڕ لە دوورەوە لێکدانەوەی بارودۆخەکە دەکەن و خەمی دەیان هەزار سەرباز و چەکدارەیان نییە، کە دەبنە سووتەمەنی ئاگری شەڕ. شەڕی شارەکان بۆ هێزە عێراقییەکان ئاسانترە و ئەوان لە رێگای فرۆکەشەڕکەرەکان بە ئاسانی ئاسمانی ئێران دەپێون. هێزە ئاسمانییەکانی ئێران زەلیل و داماون و کەمتر دەسەڵاتی خستنەخواری فرۆکە عێراقیەکانیان هەیە. چەکە دژە ئاسمانییەکان فرۆکەکان ناپێکن و سیستمی بەرگری ئاسمانی ئێران تێکشکاوە. ئێران بۆ قوتاربوون لە شکست و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی درووشمە گەورە و قەبەکان پشتگوێ دەخات و لە لە گەڵ ئیسرائیل دەکەوێتە مامەڵەی چەککڕین. بەرپرسانی رێژیم و سپای پاسداران وەک گەورە بازرگانی چەک و تەقەمەنی لە بازاڕە رەشەکاندا دەگەڕێن و خوازیاری کڕینی کەلوپەلی لۆژیستیکی شەڕن. شەڕ خەریکە درووشم و شوعارە قەبەکانی رێژیم بێڕەنگ دەکات و بەرپرسانی رێژیم لە ئاست قورسایی شەڕەکاندا داماون. خەڵکی کورد لە دوو دیوی سنووری رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە خاک و خەڵکەوە زیانی گەورەیان بەردەکەوێ. گۆڕانی سیاسەتی شەڕ لە لایەن ئێران و تێوەگلاندنی باشوور لە شەڕی دەوڵەتان جوڵەی هێزە رۆژهەڵاتییەکانی بەرتەسک دەکاتەوە. بێجگە لەوە، رێژمی بەعسی عێراق لە دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کوێڕانەی خەڵکی کورد لە باشوور مکوڕتر دەکات. ئەوان بە بیانووی هاوکاری فارسەکان، کە بە دوژمنی پلە یەکی عێراق دەناسرێن، گورزی گەورە لە کورد و خاکی کوردستان دەوەشێنن.

کەماڵ لە گەڵ هاوسەنگەرەکانی بەرەو بنکەی هێز دەگەڕێنەوە. ئەوان لە پاییزدا لە بنکەکان خۆیان بە کاروباری خۆپەروەردەکردن سەرقاڵ دەکەن. ڕێکخستن و سازماندانی هێزی پێشمەرگە لە جاران زیاترە، بەڵام هێشتا وڵامدەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات نییە. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت سەرتاسەرییەکان لە ژینگەیەکی پەرتەوازەدا درێژە بە ژیانی سیاسی دەدەن. موجاهیدەکانی ڕەجەوی لە دەرەوەی ئێران باوەڕیان بە مافی کورد و هەروەها پرسی چارەسەرکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران نییە. ئەوان خۆیان بە نوێنەری سەرجەم بزوتنەوە سیاسییەکان دەزانن و خوازیارن کە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە دەوری باڵای مریەم و مەسعود تەواف بکەن و ئازادانە ڕوانگەکانی خۆیان دەرنەبڕن و خاوەن بڕیارنەبن. هێزە چەپەکان لەو دۆخەدا بە تەواوەتی لە یەکتر تەوەلابوون و وەک لقی دارەکان کەرت بوون. هێزە کوردییەکان بە چووک و گەورە، ڕاست و چەپ، دینی و هتد. زۆر لە گەڵ یەکتر ناتەبان و هیچ لایەنێک حیساب بۆ لایەنی بەرامبەر ناکات. حیزبەکان ڕێز لە یاساکانی کاری هاوبەش ناگرن و بە چاویلکەی بچووککردنەوەی ئەوانی دیکە و خۆگەورەکردنەوە خۆیان ، بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنن. حیزبەکان بۆ خەڵک پەیامێکی هاوبەشیان نییە و لە کردەوەدا یەکتر بە لەمپەری سەر ڕێگای خۆیان دەزانن، بۆیە ئامادە نین ڕێز لە دەنگی زۆرایەتی خەڵکی ناوچەیەک بۆ هێزیکی سیاسی بگرن.

کەماڵ، مستەفا و حوسێن لە ڕێکخستنی بەهاریدا بەرپرسایەتی تەشکیلاتی و نیزامی بە ئەستۆدەگرن. ڕێژەی پێشمەرگەکان لە ساڵان کەمترە و لاوی کەمتر تێکەڵ بە ڕیزی حیزبەکان دەبن، چوونکە بارودۆخەکە دژوارترە و پیشمەرگەش وەک ساڵان لە نێو گوندەکاندا چالاک نییە. کچان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بۆ ڕێزەکانی دێموکڕات دێن، بەڵام کۆمەڵە لەو پێوەندییەدا چالاکترە. بەشێک لەو کچانەی تێکەڵ بەو هێزانە دەبن و بە مەبەستی پێشمەرگایەتی لە ماڵ دەچنەدەر، بە هۆکاری جیاواز لە بنکە جێگیرەکان ژیانی هاوبەش لە گەڵ پێشمەرگەکان پێکدێنن. هێشتا تەوژمی خەبات و شۆڕش زەبر لە پەیکەری ڕێژیم دەدات و سەرەڕای هەموو لاوازییەکانی، هێزێکی پۆشتەی ڕێژیمی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. ڕێژیم هێزێکی زۆری لە کوردستاندا مۆڵداوە و بەنیازن لە ڕێگای هەڵەبجە و سەید سادق و هتد. بەرەو کەربەلا بڕۆن و نیزامی بەعس بڕوخێنن. ڕێژەی چەکدارە کوردەکان لە کوردستاندا دەچێتەسەر و ڕێژیم لە چەکدارە کوردەکان (بە سەرباز و جاشەوە) گروپی زەربەتی پێکهێناوە، کە کار و پیشەیان زەبرلێدان لە پێشمەرگەیە. پێشمەرگە موسڵمانەکان جێگەی خۆیان قایم کردوە و ژمارەیەکی

زۆر لە دەزگا سیخوڕییەکاندا کاردەکەن. کاتێک پێشمەرگەکان لە گوندێک دەبیندرێن بۆ بەیانی راپۆرت لە سەر ئەو جوڵەیە دەدرێتە بەرپرسانی رێژیم. پێشمەرگە موسڵمان و هەروەها سیخوڕەکانی رێژیم لە رێگای دۆست و ناسیاوەکانی خۆیان لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی ئەو هێزە زانیاری کۆدەکەنەوە. مەزەندەی خەڵکی گوندەکان لە ژمارەی پێشمەرگەکان جیاوازە و خەڵکی ئاسایی ژمارەیان زۆر بەرزدەکاتەوە و ئەوەش بە جۆرێک لە شەڕی رەوانی دژ بە رێژیم دەناسرێ. تۆپخانەکانی رێژیم لە ناوچە سنوورییەکان دەهۆڵی شەڕدەکوتن و پڕ بە قوڕگی دوکەڵاویی و رەشیان بارانەی ئاور بە سەر دۆڵ و دەشت و چیاکانی کوردستاندا دەبارێنن. پێشمەرگەی زۆربەی هێزەکان لە جاران رێکخراوترن و هەروەها باشتر خۆیان کۆکردۆتەوە، بەڵام هێشتا لە قۆناخی سەرەتادایە.

خەلکی کوردستان زیاتر لە رێگای رادیۆکان ئاگاداری چالاکی حیزبەکانن. خەمی ئەوان گەورەیە و شەڕی عێراق و ئێران زەبری گەورەی لە خەڵک و سرووشتی ژیان و خاکداوە. بەشێک لە شارەکان لە بەردەم گڕی ئاوری تۆپخانە و هەروەها بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقدا تەنگەتاون. رێژەی بێکاری قوڕگی هەژارەکان دەگوشێ و خەڵکێکی زۆر لە پێناوی پەیداکردنی نان و ئاوێکدا بە رێگاکانی مەرگدا دەڕۆن و لە کەمینی پاسدار و بەعسیەکان دەدەن. ئەو ناوچانەی کە مەکۆ و بنکەی جێگیری هێزە سیاسییەکانی لێیە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەبنە دەروازە و خەڵکێکی زۆر لەو رێگاوە بژیوی ژیانی خۆیان دابیندەکەن. بازاڕەکانی سەفرە و گەڵاڵە تۆزی داخرانیان لەسەر نیشتوە و کاسبکاران بەرەو ناوچەیەکی دیکەی ئازاد دەڕوانن. رێژیمی بەعس سیاسەتی وێرانکردنی کوردستانی رەچاوکردوە و هاوشێوەی کۆماری ئاخوندەکان دەست لە ژینگە و سرووشتی کوردستان ناپارێزێ. ئەوان بۆ سەرخستنی سیاسەتەکانیان گوندەکان چۆڵدەکەن، کانیاوەکان کوێردەکەنەوە و سیاسەتی چەکدارکردنی تێکڕایی رەچاودەکەن.

رێژیمی بەعس و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆتایی هێنان بە رەوتی دانیشتنەکانیان خۆیان بۆ شەڕێکی تونـد لە یەکتر ئامادە دەکرد. یەکێتی لەو بەینەدا لە گەڵ ئێران لاپەڕەیەکی تازە هەڵدەدەنەوە و بە دڵفراوانی لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان و بە تایبەت پاسدارەکان سەر بە قەرارگای رەمەزان لە نێوخۆی باشووری کوردستاندا عەمەلیاتی هاوبەشیان دژ بە هێزە عێراقییەکان بەڕێوەدەبەن. زۆربەی هێزە باشورییەکان بە هێواشی دەکرێنە کلکەی سیاسەتی ئێران دژ بە رێژیمی

عێراق و بەعسییەکان سیاسەتی هەڵەی پارتە باشورییەکانیان کردە بیانووی دوژمنایەتیەکی ترسناک، کە هەڵەبجە و ئەنفالی لێکەوتەوە. هێزە رۆژهەڵاتییەکان لە سەر سنوورەکان و لە دیوی باشووری کوردستاندا ئاگادارن، کە پاسدارەکان چۆن و چەندە لە گەڵ چەکداری پارتە باشوورییەکان دەگەڕێن. حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لەو پێوەندییەدا جیاوازون و دێموکراتە لە ژێر کارتێکەری قاسملوودا خاوەن دیپلۆماسییەکی کارا و هێڵێ ئاشکرا و نەگۆڕن. ئەوان بۆ لێدان لە هێزە ئێرانییەکان سیاسەتی سەربەخۆیان رەچاوکردوە و تێدەکۆشن دژ بە بەرژەوەندیی کوردی باشوور نەجوڵێنەوە. پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات وەک پارتە باشوورییەکان سیاسەت ناکەن و هەر جارەی لە بەرەیەکدا خۆیان نابیننەوە. ئەوان وەک پارتە باشورییەکان شەڕی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان نەکردوە و ئامادەنەبوون دژایەتی بزوتنەوەی کورد لە باشوور بکەن.

بەهاری خەبات لە رۆژهەڵات و زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا بەهارێکی خوێناوییە. ئەو بەهارەش هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات بە مەبەستی دیداری خەڵک، رێکخستنی ئەندام و هەروەها زەبرلێدان لە هێزەکانی رێژیم لە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامادەن. هێزە کوردییەکان بەرچاوتەنگن و ئامادەنین لە زۆنی خۆیاندا روخساری هێزی دیکە ببین. کاوەی مام کەریم لە گەڵ گوردانێکی کۆمەڵە بەرەو ناوچەکانی سنە بەڕێدەکەون و کەماڵ وەک فەرماندەیەکی نیزامی دێموکراتە بەرەو ناوچەکانی سەردەشت دەڕوات. ئەوان ساڵانێکی زۆرە لە بەرجیاوازی بیروباوەڕ، شەڕی حیزبەکان و لاوازی تاکی کورد پێوەندییەکانیان پچڕاوە. کاوە لە دوای گەڕانەوەی لەیلای خوشکی و هەروەها دایکی هەست بە ئازارێکی نادیار دەکات. ناوبراو بیر لەوە دەکاتەوە، کە دایک و خوشکی لە ماڵی مام ئەحمەد لە باساوێ چەند رۆژێک لە گە کەماڵی برای پێکەوەبوون، بەڵام ناوبراو لە پێناوی باوەڕی ویشکی حیزبایەتیدا سەردانی نەکردن. کاوە ئەمجارە تێگەیشت، کە لە سەر ئەو رێباز و ستایلە ناتوانێ وەک رابردوو ئەندامێکی ئاسایی ماڵ بێت. ناوبراو لە دەوروبەری خۆی زۆر پێشمەرگە دەبینێ، کە ئازادانە لە گەڵ تەنانەت خزم و ناسیاوانی دێموکراتە دیدار و پێوەندیان هەیە، بۆیە زۆرجار رەفتار و کرداری خۆی بە لۆژیکی نازانێ. کاوە لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی تازە ئاشنا دەبێ، کە کراوەتر دەڕوانە کوردستان و جیهان و تێگەشتنیان لە سەر سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری وەک رابردوو ئاگرین و توند نییە. ئەوان لە سەر ئەو پرسانە رێنوێنی کاوە دەکەن، کە لە سیاسەت و حیزبایەتیدا دەبێ نەرم و کیسەڵی بڕۆی، چوونکە خێرا و توند رۆیشتن ماندووبوون و شەکەتی

دەخوڵقێنێ. ئەمیر کرماشانی بۆ دڵخۆشکردن جاروبار لە گەڵ کاوە گاڵتە دەکات و داوای لێدەکات، کە ماوەیەک لە کورەخشتە کار بکات و ئازاری کرێکاران و ئارەقەڕشتنی ئەوان بە ئێسک و پێستی خۆی هەستبکات. ئەمیر بە زۆربەی پێشمەرگەکان دەڵێت، کە ئێمەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێویستە پیش چەکهەڵگرتن و تەنانەت لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا کرێکاریی و وەرزێڕی بکەین. بە وتەی ئەمیر، کرێکارانی کوردستان و وەرزێڕەکان پێویستیان بە شوعار و درووشم نییە، بەڵکو چاوەڕوانی پێشڕەوێکی نموونە و هاوشێوەن، کە بە کردەوە لە جیهانی کرێکار و وەرزێڕەکان تێدەگات. ئەمیر رەخنە لە مێدیای کۆمەڵە دەگرێ، کە هەتا کرێکاری کورە خشتەی ورمێ و کرماشان هەیە، چ پێویست دەکات باس لە میستر لۆپێزی ئەمریکای جنووبی بکەین! کاوە بە قسەکانی ئەمیر کەیفی ساز دەبێ و چیرۆکی مەلا فەلسەفەی بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە شارۆچکەی رەبەت زۆر رەخنەگر و قسەخۆش بو، بەڵام ئەو کات لە سەر چاخواردنەوەی ئێوارە لە مەقەڕەی کۆمەڵە دەرکرا. کاوە باس دەکات، کە ناوبراو لە سەردەشت ناوی خۆی گۆڕیوە و خۆی بە شێخ زەرگەتە ناساندوە و لە ماڵی ئێمە و هەروەها چەند ماڵێک میوان بوە. ئەمیر بە کاوە دەڵێ، ئەو کەسانە وەک گەوهەری شۆڕشن و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ بۆ ئەو کەسانە کراوە بێ.

لە جەولەی ئەو بەهارەدا کاوە و ئەمیر وەک هاوڕێیەکی نیزیک بەشدارن و شەوانی گوندەکان و رۆژانی نێو مەزرا و بن شاخ و بەردەکان بە وتەی خۆش دەبەنەسەر. زۆربەی رۆژەکان، نیوەڕۆ یان ئێواران پێشمەرگەکان بانگی ئەمیر دەکەن و داوای لێدەکەن بۆ بزەی لێو قسەیەکی خۆش بکات. ئەمیر لە گوندەکان شەوانە زۆر بە وردی گوێ لە گوندنشینەکان رادەگرێ و بۆ بەیانی دەیکاتە کەرەستەی پێکەنین. ئەمیر بە وتەکانی بەنیازە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وریاکاتەوە. ناوبراو باس لەوە دەکات، کە شەوێک لە ناوچەی خورخورەی سەقز میوانی ماڵێک دەبن و خۆیان بە پێشمەرگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە دەناسێنن، بەڵام پیرە پیاوێک دەپرسێ، کاکە کۆمەڵە کۆمەڵەیە باشە بە من ناڵێن ئەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە چ کارەیە؟ ئەمیر و کاوە ئەو شەوە تێدەکۆشن بە کوردی باسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بۆ مامە پیرە بکەن، بەڵام ئەو نایسەلمێنێ و دەڵێ، ئەگەر ئێرانتان دەوێ جیاوازی کۆمۆنیزم و ئیسلام چییە؟ خۆ خەڵکی موسڵمان دەزانن ئیسلام چییە، بەڵام بە ئیمانم کشاورەز و کارگەری کورد لەو ریسەی ئێوە ناگەن. کاکە ئەو خەڵکەی ئێمە دەردی گرانە و بە سلێمانی پێغەمبەر لەو کەلیماتە قورس و گرانانە ناگات. بۆ خاتری خوا، ئەگەر چوونەوە بە

بەرپرسەکانتان بڵێن، با بە زمانی خەڵک لە رادیۆکەیان قسەبکەن. لەو گوندە و گوندەکانی دیکە کێ لە دەرسەکانی مارکس تێدەگات و ئێمە بە عومری خۆمان رۆژێک نەچووینە مەدرەسە و خوێندن، ئاخر چۆن لەو بابەت و کتێبانە تێدەگەین؟

ئەمیر و کاوە لە گوندێکی ناوچەی سنە لە گەڵ مەلایەکی ئاوایی دەبێتە دمەتەقەیان. مەلا زۆرزان دەبێت و بە ئەمیر و کاوە دەڵێ، کاکە ئیسلام و کۆمۆنیزم یەک جیهانیان دەوێ، بەڵام ئێوە لێی حاڵی نین. ئەمیر داوا لە مەلا دەکات، ئەگەر بەڵگە و دەلیل بۆ وتەکانی نەهێنێتەوە، شەو بە زۆری لە گەڵ خۆیانی دەبەن. مەلا بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان لە ماڵ دەربکات و خواردنیان نەداتێ، داوا لە مەلاژن دەکات، کە جلوبەرگی بۆ ئامادەکات و لە گەڵ ئەو پێشمەرگانە دەڕوات و دەبێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. کاوە و ئەمیر چاوێک لە یەکتر دەکەن و داوا لە مامۆستا دەکەن، کە با نانێک بخۆن و خواردنێک بۆ بەیانی بپێچنەوە. مەلا دەرفەتیان پێنادات و دەڵێ، مرۆڤی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست وەک کرێکاران دەژیت و ئامادەیە برسیایەتی تەحمول بکات. کاتێک مەلای ئاوەدانی، کاوە و ئەمیر لە ماڵ دەچنەدەر بەشێک لە خەڵکی گوند لە مەلا دەپرسن، کە مەسەلە چییە؟ مەلا بە زمانێکی سادە دەڵێ، کاکە ئەو پێشمەرگانە ئیحترامی مامۆستای گوند ناگرن و بە زۆر لە ماڵی خۆتدا هەڕەشەت لێدەکەن. مەلا بەو شەوە بە دەنگێکی بەرز قسەکانی دووپات دەکاتەوە و خەڵکی ئاوایی لە ژوورەکانیان دێنەدەر و بەشێک لە بەرپرسی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ژوورەکان دەچنەدەر و دەبینن، کاوە و ئەمیر لە گەڵ مەلای گوند لە گەڵ خەڵک کۆبوونەوە و مامۆستا زۆر بە دەنگی بەرز رادەگەیەنێ، کە خوا ئەمری کردوە کە بێ ئیزنی خاوەن ماڵ نەچینەژوور، بەڵام دوو پێشمەرگەی کورد لە ماڵی خۆتدا هەڕەشەت لێدەکەن. بەرپرسەکان مەلا دەبەنە ژووری ماڵێک و کاوە و ئەمیریش بۆ نانخواردن رەوانەی ماڵێکی دیکە دەکەن. بۆ بەیانی ئەمیر و کاوە ئەو چیرۆکەیان وەک شانۆ بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕنەوە. ئەمیر دەڵێ، مامۆستا حەزی نەدەکرد جەوان و جحێڵ میوانی بن، بۆیە ئەو کێشەی نایەوە و ئێمەی بە زگی بەتاڵ لە ماڵ دەرکرد. بەرپرسی پێشمەرگەکان لە رێگای یەکێک لە ناسیاوەکانی زانیویەتی، کە مامۆستا حەز لە میوان ناکات، چونکە مەلاژن لە ماڵ لیچکە لەسەر ناکات و قسە لەسەر رووداوەکان دەکات.

ئەمیر کاریگەری لە سەر کاوە زۆرە، بۆیە کاوە زیاتر لە ساڵان لە ناوچە لە گەڵ هاوڕێکانی گاڵتە دەکات و کراوەترە. جارێک لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە کاتی مانەوە لە دەوروبەری ئاواییەک لە گەڵ

خاوەن باخەکەدا یەکتر دەبینن و کاوە داوا دەکات، کە ئەمیر بەچەی کرماشانە و فرە حەزی لە شیرینی و بیبسی کۆلایە. خاوەن باخەکە بەڵێنیان پێدەدات، کە بۆ بەیانی دەتوانێ بچێتە شار و شیرینی و کەبابیان بۆ بکرێ. دوای دوو مانگ جەولە و گەڕان لە سەر ڕێگای شارەکان و سەردانی بەشێک لە گوندەکان کاوە و هاوڕێکانی بەنیازن بەرەو ناوچەی بانە و ڕەبەت بچن و لە گەڵ تیمێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا یەکبگرنەوە. ئەوان لە کاتی سەردانی ئاواییەکان کەمتر پرسیار لە هێزەکان ڕێژیم دەکەن و تەنیا خوازیارن ئاگاداری پێشمەرگەکانی دێموکڕات بن. بە وتەی ئەمیر، ئەو خەباتە بە هەموو پێوانەیەک لە سەر ڕێگا ڕاستەقینەکە لایداوە و ڕەوا نییە پێشمەرگەی دوو حیزب وەک دوژمن لە یەکتر بڕوانن. کاوە لە کاتی دسەرانی گوندەکان بۆ یەکەمجار بە دڵ گوێ لە پەیامی خەڵک دەگرێ، کە لە گەڵ شەڕی نێوخۆنین. ئەمیر و کاوە ڕۆژانە زۆر بیر لەوە دەکەنەوە، کە ڕەوا نییە براکان لە پێناوی چەند بیروباوەڕی دژبەیەکدا بە چەک شەڕی یەکتر بکەن. کاوە لە لای ئەمیر لە هەڵوێستە توندەکانی پەشیمانە و باسی ساڵی ڕابردوو دەکات، کە ئامادە نەبو تەنانەت براکەی ببینێ. ئەمیر دڵخۆشی دەداتەوە و بەڵێندەدات، کە گەڕانەوە ناوبراو خۆی دیدارێک بۆ کەماڵ و کاوە ڕێکدەخات و ئەگەر لە کۆمەڵەش دەربکرێ ئەو کارە دەکات. بە باوەڕی ئەمیر، گوناهە بۆ دوو فارسی چەپ و ڕاست ئێمە بە ناوی کۆمەڵە و دێموکڕات بەگژیەکتردا بچینەوە. ئەوانە لە شیراز و تارانەوە هاتوون و کەسوکاریان لێرە نییە و لە سەر خاکی کوردان شوعار و دروشمی گەورە دەدەن. ئەگەر ڕاستدەکەن و لە گەڵ پەیام و شوعارەکانیاندا ڕستگۆن با بچنەوە ناوچەی خۆیان و خەبات بکەن. ئەمیر باوەڕی وایە، کە کوشتنی چەکدارە کوردەکانی ڕێژیمیش کارێکی هەڵەیە و سەرئەنجام ڕێژیم و نیزام قازانج دەکەن. کاوە لەو ڕۆژانەدا خەریکە بە تەواوەتی دەگۆڕێ و بە وتەی ئەمیر ئەو ڕۆژانە کاوە خەریکی ئینقلابی گەورەیە و لە گەڵ خۆیدا ئاشت دەبێتەوە.

کاوە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی، لاپەڕەیەک لێدەکاتەوە و بە زمانی فارسی چەند خەتێک دەنووسێ. ناوبراو، داوا لە ئەمیر دەکات، کە گاڵتە نەکات و ئەگەر ڕۆژێک مرد ئەو نووسینە وەک تەنیا یادگاری کاوە بداتەوە دایک و خوشکەکەی. ئەمیر ئەو داواکارییە بە ڕژدی وەردەگرێ، بەڵام داوا لە کاوە دەکات، کە ئەوان تازە سەرەتای ژیانیانە و ناکرێ بیر لەو ڕۆژانە بکەنەوە. کاوە داواکاریەکەی لە ئەمیر دووپات دەکاتەوە و زۆر نووسینەکەی وردناکاتەوە. ئەمیر دڵخۆشی کاوە دەداتەوە، کە زیاتر لە دوو مانگە لە گوند و شارەکان دەگەڕین و چەند گورزمان لە ڕێژیم وەشاندوە و هیوادارم بە سڵامەتی

بگەڕێینەوە بنکەکانمان. کاوە لە لاپەڕەی دەفتەرەکەیدا نوسیویەتی:" دایکی ئازیز و خوشکە لەیلا، ئەمڕۆژانە لە ناوچەی بانەم و ئەو چەند دێڕەتان بۆ دەنووسم. ئەمڕۆ وەک جاران بیرناکەمەوە و خۆزگە دەخوازم ساڵی رابردوو داواکاریەکی ئێوەم نەشکاندبا و لە گەڵ کەماڵ یەکترمان دیتبا. ئەو هاوینە لە ناوچەکانی سەقز، سنە و بانە بەردەوام بیر لە ئێوە دەکەمەوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەرگیز وەک ئەم ساڵ بیرم لە ئێوە نەکردۆتەوە. رۆژانە لە کاتی مانەوە لە بن سێبەری دار و تاشەبەردەکان و شەوانە لە کاتی سەردانی گوندەکاندا بە تەواوەتی وێنەی بابم، دایکم، خوشکەکانم و براکەم لە بەرچاوە. لە راستیدا نازانم چ ئاڵوگۆڕێک لە ناخمدا رووەدا و تەنیا ئەوەندە دەزانم، کە بە چاوێکی دیکە لە مەسەلەکان دەڕوانم. بابم لە بەندیخانەی عێراقە و کەماڵ و من دەربەدەر. ئێوە و شیرینی خوشکم باری قورسی ئەو ژیانەتان کەوتۆتە سەرشان. ئەگەرچی شیرین لە هەڵبژاردنی هاوسەردا لاساری کرد و هەڵەیەکی کوشەندەی کرد، بەڵام ئەویش وەک ئەندامی ماڵەوە لە گەڵ خەمی ئێمەدا دەژیت. لە بیرمە، لە گوندی شینوێ کەماڵ نامەیەکی بۆ ئێمە نارد و داوای لێکردین، کە خۆمان لە تێکهەڵچوون لە گەڵ پێشمەرگەکانی دێموکراتی بپارێزین. ئەمن زیاتر لە سنووری رێگەپێدراو لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا کولیوم و بۆ چەند ساڵ دەبێت، کە ماركس و ئینگێڵس، مائۆ، کاسترۆ و زۆر کەسی دیکە بۆ من و زۆری دیکە بوونە پێغەمبەر و سەرکردە فارس و کوردەکانی خۆشمان وەک ئیمام و رێبەر. ژیان خەونێکی رەنگاوڕەنگە، کە هەتا رۆژانی دژوار و تەمەنی پیری بە تەواوەتی لە ناخ و ماناکەی ناگەین. ئەمڕۆ لە سەر چیابەرزەکانی کوردستان دوور دەڕوانم و چاوەکانم سیما و روخساری تۆ و لەیلا و هەموو ئەندامانی ماڵەوە دووبارە دەکەنەوە. ئەگەر یەکترمان دیتەوە قەرەبووی ساڵانی رابردوو دەکەمەوە و ئەگەر نەگەڕامەوە ئەو نامەیە لە ئەمیر کرماشانی وەرگرن. ناوبراو هاوڕێیەکی باش و دۆستێکی جێگای باوەڕە. ئەگەر یەکترمان نەدیتەوە سڵاوی کەماڵی برام بگەیەنن و گەردەنم ئازادکەن. ئەگەر بابم لە بەندیخانە رزگارکرا ئاگاتان لێبێ و ئەویش قوربانیەکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. ئاخر ئەو بەدەستی جاشەکانی پشدەر، وەک سەربازی ئێرانی بە هێزە عێراقییەکان فرۆشرا و زوڵمێکی گەورەی لە ئێمە کرا".

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی بانە دەردەچن و خۆیان دەگەیننە ناوچەی رەبەت. چەند شەوێک لەو ناوچەیەدا دەگەڕێن و خەڵک لە بوونی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی ئاگاداریان دەکەنەوە. بەشێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بەردەم خەڵکدا هەڕەشە دەکەن و بە گوندنشینەکان دەڵێن، کە کرێکار

کەی لە بورژوا ترساوە؟ کرێکاران خاوەنە راستەقینەکانی ئەو نیشتمانەن و ئێمەش پارێزەری ئەوانین. دێموکراتی چ کارەیە و کەی دەتوانی بەرامبەر بە پێشمەرگەی پۆلاییینی کۆمەڵە خوارگرێ! حاجی سەلیم لە گوندی نستان زۆر دەپارێتەوە، کە خۆیان پەنادەن و لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیموکراتی تووشی شەڕنەبن. سەرئەنجام بەرەبەیانییەک لە نیزک ماڵەکانی ماوەڵۆیە دەکەونە کەمینی هێزێکی دێموکراتی و داوای تەسلیمبوونیان لێدەکرێ. کۆمەڵەکان ئامادەی تەسلیمبوون نین و بە دەنگی بەرز هاواردەکەن، کە بورژەواکان دەخەنە زبڵدانی مێژوو و ئەوە قانوونی سرووشتە. لە شەڕێکی دوو کاتژمێریدا چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە دەکوژرێن و بریندار دەبن و لە هێزەکانی دیموکراتیش چەند بریندار و کوژراوێک هەیە. یەکێک لە کوژراوەکانی کۆمەڵە کاوەی مام کەریمە، کە لەو رۆژانەدا رەخنەی لە ئاکار و کردەوەی خۆی دەگرت، کە لە پێناوی پێغەمبەرەکانی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمدا کۆمەڵگە و بنەماڵەی پشتگوێ خستبوە. ئەمیر لەو شەڕەدا سووکە برینیکی هەڵگرتوە، بەڵام بۆ پێکرانی هاوڕێکەی زۆر بە پەرۆشە. کۆمەڵەکان پاشەکشە دەکەن و بریندارەکان لە گەڵ خۆیان رادەگوازن و تەرمەکان لە مەیدانی شەڕدا بەجێدێڵن. لایەنی بەرامبەر کە کوژارێک و چەند برینداری هەیە داوا لە خەڵکی ئاوایی دەکەن، کە لە گۆڕستانی گوندەکە چەند گۆڕێک هەڵقەنن و ئەو تەرمانە بە خاک بسپێرن. لە رۆژدا پێشمەرگەکان نەدەکرا لە ئاواییەکدا بمێننەوە و ئەگەری دەرگیربوون لە گەڵ هێزەکانی رێژیم زۆرە، بۆیە هەر دووک لایەن دوو کاتژمێرێک لە مەیدانی شەڕ دوور کەوتنەوە و لە رێگای دۆست و ئەندامانی خۆیان چاوەدێری رووداوەکان دەکەن. خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر نیگەرانی ئەو تێکهەڵچونەن و چاوەڕوانی خەبەری رووداوەکانن. بە شێوەیەکی پچڕپچڕ هەواڵی ئەو تێکهەڵچوونە بڵاو دەبێتەوە. پێشمەرگەکانی دێموکراتی چەند پێشمەرگە کوژراوەکەی کۆمەڵە شناسای دەکەن و هەواڵەکەی بۆ رادیۆ دەنێرن. گوندنشینەکان لەو هەڵسوکەوتە نیگەرانن، بەڵام پێشمەرگەکانی دێموکراتی بەرگری لە خۆیان دەکەن و رادەگەیەنن، کە کۆمەڵە لە ناوچەکانی دیکە بە ئاشکرا و بە بەرنامە پەلاماری ئێمەدەدات. ئێمە بەرەبەیانی داوای تەسلیمبوونمان لێکردوون و ئەوان دەسترێژیان لە ئێمە کردوە. یەکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی ناوچەی رەبەتی دیموکراتی لە گەڵ کەماڵی برای کاوە دۆستە و کاتێک کارتی پێناسی کاوە دەبینێ، کە لە نێو کوژراوەکاندایە زۆر نیگەران دەبێ. چەند جارێک دەڵێت، خۆزگە ئەو بەیانیە خۆمان ئاشکرا نەکردبا. کەماڵ پێشمەرگەی خۆمانە و ئەمڕۆ براکەی بەدەستی ئێمە کوژراوە. خوایە ئەوە چ چیرۆکێکی ترسناکە کە کورد بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە؟ کۆمەڵە لە بەشێک لە گوندەکانی ناوچەی رەبەت لایەنگر و ئەندامی هەن و بەو رووداوە تورە بوون.

ئەوان لە سەر رووداوەکانی ناوچەی ئاژوان تورە نەبوون و کوشتنی پێشمەرگەی دێموکراتیان لەو ناوچانە بە ئازایەتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە حیساب دەکرد. خەڵکی گوندی ماوەڵۆی لە کاتی بە خاکسپاردنی تەرمەکان خەمبارن و مام رەحمان لە داخی ئەو رووداوانە دەڵێ، خوا هەتا سەران نەبینێ، بەفرێی تێناکە. ناوبراو لە داخی کوژرانی کوڕی خەڵک جنێو بە سیاسەتکارەکان دەدات و لە خەڵک دەپرسێ، ئاخر کورد و دەوڵەت، حیزبی کوردی و سیاسەت، چەکداری کورد و عەدالەت!

چەند رۆژێک تێپەڕی و رووداوەکە لە دەنگی رادیۆی هێزە سیاسییەکان خوێندرایەوە و هەر لایەنە بە قازانجی خۆی چیرۆکی ئەو شەڕەی دادەڕشتەوە. لە زۆربەی شەڕەکان مێدیای نەبەستراوە و شایەتی سەربەخۆ بە حیزب و رێکخراوەکان ئامادەنەبوون، بۆیە دوو لایەنی شەڕ لە سەر بناخەی رەوایەتی خۆیان و رەشکردنی لایەنی بەرامبەر هەوڵی تێکهەڵچوونەکانیان دەگێڕایەوە. مام رەحمان دوای رێوڕەسمی ساردوسڕی بە خاکسپاردنی تەرمەکان رایگەیاند "لە سەردەمی دوای شۆڕش ئەو حیزبانە خاوەنی هەموو کوردستان بوون، بەڵام لە بەر شەڕەچەقە و نەبوونی بەرنامە و سیاسەتێکی تۆکمە ساڵ بە ساڵ لە خەڵک و کوردستان دوورخرانەوە. ئەگەر ئەوان لە سەرەتاوە لە گەڵ خۆیان، خەڵک و خوایان راستگۆ بوونایە، بێگومان چارەنووسی ئێمەش باشتر دەبو. ئەو کات هەر حیزبەی ژمارەیەک چەکداری لە سەر خەڵک دەکرد و رێزی خەڵکیان نەگرت و زۆر کەس لە بەر بێکاری بوونە پێشمەرگە، سیاسی، کادر و چەکداری حیزبەکان. ئازادیی نەتەوە و گەلێک بەو بەزم و گەمانە مسۆگەر نابێ و مافی کوردان لە سەر دەستی ئەو حیزبانە دەستەبەر نابێ".

خاڵە مینە بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکان و پڕ کردنەوەی کاتەکانی بەردەوام گوێ لە رادیۆکان دەگرێ. ناوبراو، هەواڵی کوژرانی کوڕی مام کەریمی لە گوندی ماوەڵۆیە دەبیستێ. ئەو بە ئاڵتونی هاوسەری دەڵێت، ئەوە بژارنە زاراش وەک ئێمە جەرگی سووتا! خوایە چ رۆژگارێکە، کە بەشێک لە ماڵەکان، دایک و باوکان بە خەمی کۆچی ناوەختی منداڵەکانیان ژیانیان تاڵ و تف دەبێ؟ ئاڵتون کە گوێی لە خاڵە مینە دەبێ، یەکسەر زمانی لە گۆدەچێ. ئاڵتون ئەو رۆژەی وبیردێتەوە، کە کوڕەکەی پاش بەربەرەکانی لە گەڵ مەرگ لە گوندی بێژوێ گیانی لەدەستدا. ئەوانەی کە منداڵەکانیان لە تەمەنی گەنجی و لە هەڕەتی لاوەتیدا لە دەستدەدەن، باشتر لە خەمی دایک و باوکانی جەرگسوتاو دەگەن. ئاڵتون و خاڵە مینە ئێوارەی ئەو رۆژە سەردانی ماڵی مام کەریم دەکەن و بۆ دڵنیابوون لە هەواڵەکە

گوێهەڵدەخەن. زارا و لەیلا ئەو رۆژانە رادیۆکەیان لە کارکەوتوە و گوێبیستی هەواڵەکان نەبوون، بەڵام لەیلا باس لەوە دەکات، کە چەند شەوە خەوێکی زۆر ناخۆش و پچڕپچڕی هەیە. خاڵە مینە سەرەتا باس لەوە دەکات، کە لە رادیۆ هەواڵی شەڕی نێوان پێشمەرگەکانی دیموکراڕات و کۆمەڵە لە ناوچەی رەبەت خوێندراوەتەوە. زارای مام کەریم لەو قسەیە گومان دەکات و داوا لە خاڵە مینە دەکات، کە راستییەکەی باس بکات. خاڵە مینە لە نێوان دوو بەرداشدا ماوەتەوە و نازانێ چۆن خەبەرەکە رابگەیەنێ.

لەو ساتانەدا ئاڵتون دەگری و لە تەنیشت لەیلا و زارا دادەنیشێ و بە لاواندنەوە چیرۆکی کۆچی دوایی کوڕەکەیان دەگێڕێتەوە. لەیلا و زارا سەرەتا کپ و بێدەنگن، بەڵام کانگای چاوەکانیان دەتەقێ و هاوارەکانیان لە گەروودا دەخنکێ. ئەوان لە گەڵ ماڵی خاڵە مینە لەو ساڵانەدا بە یەکەوە زۆر گریاون و ئاڵتون و زارا دڵی بریندارییان بە لایەلایە دەلاوێننەوە. خاڵە مینە لەو کاتەدا فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتەخوار و بە دەنگێکی نزم و خەماویەوە دەقی هەواڵەکە بۆ زارا و لەیلا دەگێڕێتەوە. زارا و لەیلا بە دەست و کەلوپەلی بەردەستیان لە خۆیان دەدەن و بە دەنگی بەرز دەگرین و هاوار دەکەن. ئەوان شکایەتی دڵیان لە خوا دەکەن و رەخنە لە چارەنووسی خۆیان دەگرن، کە پڕە لە ژان و زوڵم. ئەوان بۆ ساغکردنەوەی هەواڵەکە بڕیاردەدەن سەردانی گوندی ماوەڵۆیە بکەن و لە خەڵکی ئاوایی لە سەر ناو و تەرمی کوژراوەکان پرسیار بکەن. خاڵە مینە و ئاڵتون بە زۆر زارا و لەیلا لە گەڵ خۆیان دەبەنەوە ماڵ و شەو بە یەکەوە هەتا بەیانی بۆ ژیانی تاڵ خۆیان دەگرین.

ئەو ماوەیە شار پڕە لە خەمی رەنگاوڕەنگ و تازە خەڵک گەڕاوەتەوە سەر ماڵەکانیان. ئەوان لە حەوتی پووشپەڕدا بە چەکی قەدەغەکراو بۆمباران کران و بە هەزاران کەس بریندار و زیاتر لە ١٥٠ کەس گیانیان لەدەست داوە. خەڵکی شار لە دوای ئەو کارەساتە لە دەوروبەری شار و لە گوند و ئاواییەکان گریساونەوە و چاوەڕوانی گەڕانەوە دەکەن. ماڵی خاڵە مینە و مام کەریم لە دەوروبەری باغی دەبن و زۆر لە شار دوورناکەونەوە. ئەوان ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێک لەو شوێنە لە بن کەپرەکاندا دەژین و پێداویستیەکانی خۆیان لە دووکانەکانی سەر رێگای باغی دابین دەکەن. ئەو ماوەیە زۆر خەڵک دڵبرینداره و کارەساتەکە زۆر گەورەیە، بەڵام ناوچەکە لە دەرەوەی بازنەی مێدیایی رۆژئاوا و تەنانەت ئێران و عێراقدایە. هێزە ئێرانییەکان بە هاوکاری هێزە کوردییەکانی باشوور ئاگری شەڕی دوو دەوڵەتیان گواستۆتەوە کوردستان و لێدان لە سەردەشت بە چەکی قەدەغەکراو و کۆمەڵکوژ

بە یەکێک لە هەڵە سیاسییەکانی پارتە کوردییەکانی باشوور ئەژماردەکرێ.

زارا و لەیلا بەیانی بە سواری ئۆتۆمبیلی موسافیرهەڵگر دەچنە رەبەت و دواتر بە تراکتۆر بەرەو گوندی ماوەڵۆیە دەڕۆن. رێگا خاکیەکەی نێوان گوندەکان بە کەڵکی ئۆتۆمبیلی موسافیرهەڵگر نەدەهات و خەڵکی ئاواییەکان زۆر بە کەمی هاتوچۆی شاریان دەکرد. ئەگەر لە گوندێک خاوەن تراکتۆرێک دەچوو بۆ رەبەت، حاجەتی زۆربەی خەڵکەکەی بەجێدەهێنا. پێداویستییەکانی ئەو کاتی خەڵکی گوندەکان زۆر نەبوون و زیاتر بۆ کڕینی نەوت، قەند، چا و رۆن سەردانی شاریان دەکرد. گوندەکان خاوەنی بەرهەمی خۆماڵی زۆرن و هەر گوندەی زیاد لە پێداویستی دانیشتوانەکەی گەنم، جۆ، گۆشت، سەوزە و تەڕە، میوە، هێلکە و مریشک، رۆن، ماست و پەنیری بەرهەمدێنا .لەیلا و زارا لە هەوراز و نشێوی گوندەکان لە سەر لاجامەکانی تراکتۆرەکان هەڵدەبەزینەوە. ئەوان یەکەمجارە کە سواری تراکتۆر دەبن و رێگا دژوارەکان بە تراکتۆرەکان دەبڕن. شۆفیری تراکتۆرەکە لە ماوەی رێگادا سەرنجی داوە، کە دوو موسافیرەکە زۆر بە توندی خۆیان گرتوە و بە دەنگی نیوەبەرزەوە ناوی خودا و پێغەمبەر دێنن.

ئەوان دوێنێ ئێوارە ئەوەندە گریاون و پرچ و سەری خۆیان ڕنیوەتەوە، کە هەموو رێبواریک بە ئاسانی تێدەگات، کە دایک و کچ هەڵگری خەمێکی گەورەن. شۆفیری تراکتۆرەکە چەند جارێک لە سەر و روخساری دایک و کچە دەڕوانێت و دەزانێ، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە نین. لە شوێنک پرسیار لە پورە زارا دەکات، کە بەخێر بۆ ماڵی خزمان دەچن یان کاری دیکەتان هەیە؟ پورە زارا بە دەنگێکی نووساوە باس لە تێکهەڵچوونی ئەو رۆژانەی رابردوو دەکات، کە گۆیا کەسیکی ناسیاویان کوژراوە و ئەوان تەنیا بۆ دڵنیابوونەوە لەو خەبەرە دەچن. شۆفیرەکە بە وردی رووداوەکە دەگێڕێتەوە و ناوی کوژراوەکانی دوو لایەنی شەڕەکە دەڵێت. ناوبراو لەو کاتەدا کە باس لە کاوەی مام کەریمی دەکات، کە خەڵکی سەردەشتە و برایەکی پێشمەرگەی دیموکراتە، پورە زارا و لەیلا دەکەونە گریان. شۆفیرەکە لە گریانی کچ و دایکەکە زۆر دڵگران دەبێ و پرسیاریان لێدەکات، کە رەنگە ئەو کەسی نیزیکی یەکێک لەو کوژراوانە بن، چوونکە باوەڕ ناکەم ئێوە تەنیا بۆ ناسیاوێک بەو شێوازە بە پەرۆش بن. شۆفیرەکە بە پورە زارا دەڵێت، پورێ وەک کوڕی خۆت حیسابم بۆ بکە و بزانم ئەتۆ دایکی کام یەک لەو کوژراوانەی؟ زارا ناوی کاوە دێنێ و شۆفیرەکە تراکتۆرەکە رادەگرێ. لەیلا و پورە زارا زۆر نیگەرانن و نازانن، کە شۆفیرەکە بۆچی تراکتۆرەکەی راگرت. شۆفیرەکە بە دەسڕەیەک فرمێسکی چاوەکانی دەسڕێ و بە زارای

مام کەریمی دەڵێت، تۆ بۆ من لە جێگەی دایکمی. ئەمن کاوە لە مێژە دەناسم و ئەو کات کە کۆمەڵە لە رەبەت بوون، چەند جارێک سەردانم کردن. کاوە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بەردەوام سەردانی ئێمەیان کردوە و شەوی پێش رووداوەکە میوانی ئێمە بوون. ئەو شەوە کاوە لە ماڵی ئێمە لە گەڵ ئەمیر کرماشانییەک زۆر قسەی خۆشیان کرد. لەو رۆژەوە کە تەرمەکانیان بەخاکسپاردون، هەموو رۆژێک بە تەنیا سەردانی گۆڕستان دەکەم و فاتیحایەک بۆ گیانی کاوە دەخوێنم. شۆفیرەکە پاش گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان تراکتۆرەکەی بەرەو گوندی ماوەڵۆیە لێخوڕی. پورە زارا لە شۆفیرەکە دەپرسێ، رۆڵە گیان ئەتۆ بە گۆڕەکەی دەزانی؟ ئایا تەرمەکان بە دروستی کفن و دفن کراون؟ شۆفیری تەراکتۆرەکە، پورە زارا و لەیلا دڵنیادەکاتەوە، کە بەدەستی خۆی لە کاتی ناشتنی تەرمەکان خامی سەر روخساری کاوەی لاداوە و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردوە. لەیلا پرسیاری کەلوپەلی کاوە دەکات و خۆزگە دەخوازێت، کە جلوبەرگە خۆڵەمێشیەکە و پشتێندە رەشەکەی هەڵگیرابێ و رۆژانە بۆ سوکنایی دڵ بۆنی پێوەبکەن.

ئەوان ئێوارە درەنگانێک دەگەنە گوند و شۆفیرەکە پورە زارا و لەیلا دەباتە ماڵی خۆیان و بەخێرهاتنیان دەکات. عوسمان لە ماڵەوە دایک و خوشکی کاوە دەناسێنێ و داوا لە ئەندامانی ماڵەوە دەکات، کە بێدەنگی بپارێزن و با کەس نەزانێ، کە ئەو میوانانە بە چ مەبەستێک هاتوون. دایکی عوسمان زۆر هەوڵیدا کە میوانەکان خواردنێک بخۆن و دڵیان ئارام بێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبو. لەو ساتەوەختەدا ژمارەیەک لە خزمان بۆ دیداری میوانەکان و ئاگاداربوون لە رووداوەکان لە ماڵی عوسمان وەژوور دەکەون. عوسمان بەخێرهاتنیان دەکات و هەر میوانە و سەرینێکی سازکراو لە تووکی مریشکی خۆماڵی لە پشت دادەنێن. ناوبراو دەزانێ، کە تازە میوانەکان دەناسرێن و شاردنەوەی میوان لە گوندەکان کارێکی ئەستەمە. میوانەکان بەخێرهاتنی پورە زارا و لەیلا دەکەن و پرسیاریان لێدەکەن، کە لە کام گوند و شارەوە بەخێرهاتوون. پورە زارا بە دەنگێکی شکاو و روخسارێکی شەکەت و ماندووە وڵام دەداتەوە، کە لە سەردەشتەوە دێن. یەکێک لە میوانەکان پێش رووداوەکان دەکەوێ و بە عوسمان دەڵێت، کە ئەو پور و خوشکەم رەنگە لە پێوەندی لە گەڵ شەڕی کۆمەڵە و دیموکراتی ریگای ئەو گوندەیان گرتبێتەبەر. عوسمان خۆی نائاگا نیشان دەدات و دەڵێ، کاکە هەتا ئێستا پرسیارم نەکردوە و تەنیا وەک میوان بەخێرهاتنم کردوون. لە کوردەواری میوان خۆشەویستی خوایە و بەو ئێوارە دەرفەتم نەبوە، کە پرسیار لەو دایک و خوشکە بکەم. سەید سەلام رادەگەیەنێ، کە میوانەکان هەر کەسن رێزیان لەسەر چاوانە. ناوبراو لە سەر رووداوی بۆمبارانی شیمایی سەردەشت و ئاکامەکانی چەند وردە

پرسیار لە زارا و لەیلا دەکات. سەید سەلام لە کۆتایی هەر وتەیەکدا عادەتی گرتوە و نیوە رستەی "خودایە پەنا بەتۆ و لە شەڕی زاڵمان بمانپارێزە" دووپات دەکاتەوە. پورە زارا کوڵی دڵێ بە کارەساتەکەی سەردەشت دەڕێژێ و بۆ قوربانیەکانی ئەو کارەساتە فرمێسک دەڕێژێ. ژن و کچەکانی ماڵی عوسمان وێڕای زارا و لەیلا دەکەونە گریان. خەم و ئازار باڵ بە سەر ماڵی عوسمان و روخساری میوانەکاندا دەکێشێ. میوانەکان تاقەتی ئەو گریان و لایەلایەیان نییە و بە بیانوی کاری هەرەوەزی سبەینی خواحافیزی لە پورە زارا، لەیلا و ماڵی عوسمان دەکەن. لەیلا لە عوسمان دەپاڕێتەوە، کە پرسیار بکات و بزانێ سەعات، جلوبەرگی پێشمەرگانە، نووسراوێک یان هەر کەلوپەلێکی دیکە کاوە ئاسەواری ماوە یان نا؟ عوسمان شەو بۆ زانیاری پەیداکردن سەردانی چەند کەسێک دەکات، کە تەرمەکانیان شۆردوە. ناوبراو داوایان لێدەکات، کە ئەگەر جلوبەرگ و کەلوپەلی کوژراوەکان هەڵگیراوە بۆ بنەماڵەکانیان نرخی خۆی هەیە. سەید عەوڵا ئاشکرای دەکات، کە کەلوپەلی هەر تەرمەێک بە جیا لە پشتێندەکانەوە پێچراون و بەیانی دەکرێ بۆ ناسینەوەیان چاویان لێبکەن. عوسمان سپاسی سەید عەوڵا دەکات و دڵنیای دەکات، کە بەیانی لە گەڵ دایک و خوشکی یەکێک لە قوربانیەکان سەردانی دەکەن و دواتر دەچنە سەر گۆڕەکەیان. عوسمان کە گەڕایەوە ماڵ ئەو خەبەرەی سەید عەوڵای بە لەیلا راگەیاند و گوتی بە ئومێدی خوا بەیانی پێکەوە دەچین.

شەوی چاوەڕوانی وەک پێدەشتی بیابانەکان خۆیان لێدەکێشنەوە و چاوە خەفەتبارەکان ئۆقرە ناگرن. چاوەکانی زارا و لەیلا بە جیا لەو شەوە تاریکەدا راوی بیرەوەرییەکان دەکەن و سەرجەم وێنەکانی دەخەنە سەر پەردەی چاو. ئەوان بە تەنیا لە دیوی میوانان راکشاون و لە حەژەمەتی ژانی ژیان لە سەر دۆشەکە لۆکەکان کەلەکاوکەلەک دەکەن و سەرینە گەورە نەرمە دەست سازەکان دیواودیو دەکەن. پورە زارا کە چاوەکانی لە دیتنی رووداوە کۆنەکان ماندوو دەبن، زمانی دێتەگۆ و لە گەڵ خوا رازونیاز دەکات. ناوبراو لە خوا دەپرسێ، کە لە سەر چ بناخەیەک و بە چ گوناهێک هەموو ژیانی پڕە لە دەرد و ئازار. ماوەیەکی دوور و درێژ بە دەیان پرسیار دەوروژێنێ و لە کۆتاییدا لە سەر جێگاکە راستدەبێتەوە و دەڵێت، کوڕە جوانەمەرگەکەم کاوە ئەتۆ چەند شەوە لەو گۆڕستانە بێدەنگەدا ژێرخاک کراویت. رۆڵە، زۆر پاڕامەوە و چەند جار سەردانم کردیت و داوامکرد، کە بگەڕێتەوە ماڵ و لە گەڵ دایکە پیر و خوشکەکەدا بژیت. خوا ئەوە بگرێ، کە ئەو ئازاوە و شەڕەی خستۆتە نێو ماڵی کورد و بە چ دینێک لە بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە کوڕ و کچی کورد بە دەستی یەکتر دەکوژرێن؟ کەڵەبابەکانی گوند کەوتوونە

خوێندن و یەک بە یەک وڵامی یەکتر دەدەنەوە. ژنان و پیاوانی ئاوایی بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لە خەو هەڵدەستن. لەیلا و زارا ئەو شەو وەک پارێزەرانی روونـاکی، جەرگی شەویان شەق کردوە و خەو نەچۆتە چاوەکانیان. ئەوان دڵبریندارن و هیچ دەرمانێک سوکنایی دڵە داخکراو و داخدارەکانیان نادات. خوشکی عوسمانی بەیانی زوو خەریکی مەشکەژاندنە و جوڵەی گوندنشین و مەڕوماڵات وێڕای جریوەی باڵندەکان ژینگەیەکی تایبەتی خوڵقاندوە. دایکی عوسمان بۆ نانی بەیانی شیرێژ و ڕۆنی لە سەر سفرەکە داناوە. عوسمان لە ئازاری دایک و خوشکەکە تێدەگات و دەبینێ کە هیچ کامیان توانا و مەیلی نانخواردنیان نییە. ناوبرا دەزانێ، کە ئەوان خوازیاری دەستکەوتنی کەلوپەلی کاوەن و بۆیە بەرەو ماڵی سەید عەوڵا دەڕۆن. سەید عەوڵا بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و داوادەکات، کە چاوەڕوان بکەن. ناوبراو بەرەو کادێنە کۆنەکە دەڕوات و لە بن گزرە و کادا کەلوپەلە شاردراوەکان دەردێنێ، کە بەشێکی زۆریان بۆن و ڕەنگی خوێنیان گرتوە. سەید عەوڵا سەرەتا یەک بە یەک کەلوپەلەکان لە بن کا و گزرەکە دەردێنێ و پاش ماوەیەک خۆخافڵاندن دەگەڕێتەوە لای عوسمان و میوانەکان و داوادەکات، کە بەدوای کەون. پورە زارا و لەیلا لە تەنیشت کەلوپەلەکان دەکەون و ماوەیەکی زۆر توانای دەستلێدان لە کەلوپەلەکانیان نییە. لەیلا دواتر لە کەلوپەلەکان نیزیک دەبێتەوە و دەست لە پشتێندێکی ڕەش دەدات، کە جلوبەرگی لە نێو ئاخنراون. چاوێک لە جلوبەرگەکان دەکات، کە خۆڵەمێشین و دواتر کیسەباخەڵەکەی چاو لێدەکات، کە وێنەیەکی مام کەریم و دایکی تێدایە. لەیلا بە دایکی دەڵێت، کە کەلوپەلی کاوە ئەوانەن و با بچنەسەر گۆڕەکەی. سەید عەوڵا و عوسمان لە پشت کۆڵەکە دارەکەی کادێنەکە کەوتوونە ژێر شوێنەواری گریانی دایک و خوشک و چاوەکانیان سوورهەڵگەڕاوە.

عوسمان داوا لە پورە زارا و لەیلا دەکات، کە بەرەو گۆرستانەکە بڕۆن و فاتیحایەک بخوێنن. ئەوان پاش ڕێگابڕینێکی کەم دەگەنە گۆڕستان و عوسمان قەبری کاوە پێشانی دایک و خوشکی دەدات. پورە زارا و لەیلا چەند توانایان هەیە دەگرین و لە سینگی خۆیان دەدەن. عوسمان دەستی پورە زارا دەگریت و داوادەکات، کە بچنەوە ماڵ و مردوەکان بە گریان زیندوو نابنەوە. ئەوان دەچنەوە ماڵی عوسمان و لە سەر داوای لەیلا ئەو شەویش لە ماوەڵۆیە دەمێننەوە. لەیلا ڕۆژی داهاتوو بەیانی زوو لە گەڵ دایکی دەچنە سەر گۆڕی کاوە و ماوەیەکی زۆر لە خوا دەپاڕێنەوە و چەند نوێژێک دەکەن. عوسمان، پورە زارا و لەیلا هەتا ڕەبەت دەباتەوە و ڕێنوێنیان دەکات، کە کەلوپەلەکان زۆر بە پارێزەوە هەڵگرن و ڕەنگە لە سەر پردی بریسوێ یان سێ ڕێیانەی سەردەشت پشکنینی موسافیرەکان توندوتۆڵ

بێت. لەیلا و دایکی بە پارێزەوە سەفەری گەڕانەوە تێپەڕدەکەن و دەگەنەوە ماڵ. ماوەیەک لە ماڵ دەمێننەوە، کە خاڵە مینە و هاوسەرەکەی لە دەرگا دەدەن. رۆژی داهاتوو خزم و ناسیاوەکان بۆ سەرەخۆشی سەردانی ماڵی مام کەریم دەکەن و ماوەی چەند رۆژێک پرسەکە بە شێوەیەکی نیوەشاراوە درێژەی هەیە. شیرینی خوشکی کاوە، کە دوای مێردکردن نەگەڕاوەتەوە ماڵی بابی، لەو رۆژانەدا بە زۆر هاتۆتەوە. لەیلا و زارا پێشوازی لێناکەن، بەڵام لە سەر پێشنیاری خاڵە مینە و ئاڵتون رێگایان پێداوە کە لە سەرەخۆشی براکەیدا ئامادە بێ.

کەماڵ لە ماوەی رۆژانی تێکهەڵچوونەکەدا لە ناوچەی کۆڵەسە دەبێ. ناوبراو کە رۆژانە بە وردی گوێ لە رادیۆی حیزب و کۆمەڵە دەگرێ، ئاگاداری کوژرانی کاوەی برایەتی. پێشمەرگە و ناسیاوەکان سەرەخۆشی لێدەکەن و بەداخبوونی خۆیان بۆ ئەو رووداوە دەردەبڕن. لە سەر پێشنیاری بەرپرسانی هێز کەماڵ دەگەڕێتەوە بنکەی جێگیر. ئەو ساڵە بنکە و ناوەندەکانی حیزب لە دەوروبەری ماوەت بەرەو قەندیل راگواستراون. دوکەڵی شەڕی ئێران و عێراق خەریکە دەچێتە چاوی خەڵکی کوردستان. شەڕەکان گەرمتر دەبن و چەکە قەدەغەکراوەکان بەکاردەبرێن.

ئەو ساڵە بۆ کەماڵ پڕە لە ناخۆشی و وەستا مستەفا کەتۆتە سەر مین و لاقێکی لەدەستداوە. کاوەی برای لە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات گیانی لەدەستداوە و بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە. دێموکرات بەرەو کۆنگرە دەچێت و کۆمیتە شارستان و هێزەکان بوونە مەیدانی تەراتێنی ناوچەگەرایی و بە ناوی جیاواز ریزبەندییەکی ناڕەوا شکڵی گرتوە. کەماڵ لەو سیاسەتە بێزارە و لە پیاسەی سەر بان و بەردەم مەقەڕەکان توڕەیە. هەر کادر و پێشمەرگەیە، کە پیلی کادر و پێشمەرگەیەکی دیکە دەگرێ و بە قەولی خۆیان یەکتر روون دەکەنەوە. قاسملو کە بە میعماری نوێکردنەوەی حیزب دەناسرێ مەبەستیەتی چەند کەس لە کۆنەکارەکان لە ریزی رێبەرایەتی دەرپەڕێنێ. کۆنەکارەکان بۆ هێشتنەوەی خۆیان و لاق چەقاندن بە توندی خەریکی سازماندانی دۆست و لایەنگرن و خۆیان بۆ یەکلاکردنەوەی گەمەکە ئامادە دەکەن. مستەفا وەک کەم ئەندامێک تەنیا بیر لە خوێنی ئەو شەهیدانە دەکاتەوە، کە لە پێناوی ئامانجە رەواکانی گەلدا خۆیان فیداکردوە، بەڵام شەڕی دەسەڵات و باندبازی خەریکی حیزبێک لەت دەکات. حوسێنی ئازیزێ لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کەمتر لە هێڵە راستەقینەکان لایداوە و لە زۆر بابەتەدا لە گەڵ کۆنە هاوڕێکانی هاوفکرە. ئەو رۆژانە زۆربەیان بۆ

خەمی لەدەستدانی کاوە خەمبارن و لە دەوری کەماڵ کۆبوونەوە. حوسێن لەو ماوەیەدا شارەزایی زۆری لە سەر چۆنیەتی خەباتی نێوخۆیی رێکخستنەکان پەیدا کردوە و دەزانێ، کە سەرە گەورەکان بە چ شێوازێک پێش کۆنفڕانس وکۆنگرەکان ئاوری کورەی ناوچەگەرایی خۆشدەکەن. ئەوان باوەڕیان لەق نەبوە،بەڵام لە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بەشێک لە بەرپرسەکان رەخنەیان هەیە. حوسێن رەشبینە و بە کەماڵ دەڵێ، کە ئەو وەزعە چاک نابێ. بە گوێرەی لێکدانەوەی ناوبراو زۆر کەس بۆ ناو لە گەڵ کەوتوە و ئەهلی فیداکاریی و کارکردن نییە و تەنیا ئۆگری ناوی گەورەیە و مام خدر گوتەنی، عاشقی بەستنی دمانچەی جوان و جلوبەرگی ئاغایانەن.

مام خدر لە کۆنەکانە و کەمتر لە مشتومڕە حیزبییەکاندا قسە دەکات. ناوبراو تەنیا لە سەر کادر و ئەندامانی سەرکردایەتی روانگەی خۆی دەردەبڕێ. ئەو چەند جارێک دووپاتی کردۆتەوە، کە ژمارەیەک کەڵاش لەبەر هەتا حیزب شەق نەکەن دڵیان ئاو ناخواتەوە. کەماڵ لەو رۆژانەدا لە زۆر بابەتی حیزبی بێزارەو و بە قوڵی لە ئازاری گەلەکەی دەگات. ناوبراو کاتێک بیر لە کوژرانی براکەی بە دەستی پێشمەرگەکانی حیزبەکەی دەکاتەوە، هەڵوێستەیەک دەکات و دەپرسێ، لە پێناوی کام ئامانج و بۆ کام دەستکەوت؟ مستەفا لە دۆخێکی تازەدایە و وەک کەم ئەندامێک بیر لە دوارۆژی خۆی دەکاتەوە. ئەو ناتوانێ وەک ساڵان بۆ ناوچە بگەڕێتەوە و ئەرکەکانی راپەڕێنێ. حوسێن و کەماڵ دڵخۆشی مستەفا دەدەنەوە، کە لە شەڕی ئەستاندنی مافەکانی نەتەوەیەکدا لاقی لەدەستداوە، بۆیە نابێ نیگەران بێت. حوسێن بە گاڵتە بە مستەفا دەڵێ، خوا دەزانێ ئێمە لە کام دۆڵ و شیودا تەرمەکانمان سارد دەبنەوە و ماڵئاوایی لە ژیان دەکەین. کەماڵ بۆ دیداری دایک و خوشکەکەی بە پەلەیە و ناسیاوێک رادەسپێرێ، کە لە ماوەی دوو حەوتووی داهاتوودا پورە زارا و لەیلای خوشکی بۆ بێنێتە دۆڵی سونێ. تۆزی ئازار و خەمەکان روخساری زارا و لەیلایان گۆڕیوە. ئەوان وەک ژن و کچانی گەڕەک ناژین و ژیانیان پڕە لە کەند و کۆسپ، بەڵام بە ئارەقەی شان و پیلی خۆیان دەژین.

لەو رۆژانەدا ماڵی مام ئەحمەد، کە لە باساوێ گریسابوونەوە گەڕاوەنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری سەردەشت دەژین. ماڵی مام ئەحمەد، پورە خەج و منداڵەکانی لە ژێر پاڵەپەستۆی ناچاریدا گەڕاونەوە. ئەوان بڕیاریان داوە، کە لە سەر رێبازی کوردایەتی راوەستاو بن و باوەڕەکانیان بە هیچ هێزێک لەق نەبن. ئەوان بە مەبەستی سەرەخۆشیکردن سەردانی زارای مام کەریم دەکەن و هاودەری لە گەڵ دەکەن. لە کاتێکدا ئەوان سەرقاڵی فاتیحەخوێندن و سەرەخۆشین، کەسێکی نەناسیاو لە دەرگا

دەدا و داوای پورە زارا دەکات. پورە زارا لە روخسارە نەناسراوەکان ترساو و بێزارە، بۆیە بە پارێزەوە لە دەرگای حەوشەکەیان نیزیک دەبێتەوە. نەناسیاوەکە خۆی بە دۆستی کەماڵ دەناسێنێ و داوادەکات، کە لە گەڵ لەیلا خۆیان ئامادە بکەن و لە ماوەی سێ ڕۆژی داهاتوودا بۆ سونێ دەچین. پورە زارا بانگی لەیلا دەکات و بۆ دڵنیابوونەوە لە پەیامەکە لە پیاوەکە دەپرسن، کە کەماڵی لە کوێ دیوە و چەند ڕۆژ لەوە پێش. راسپاردەکە بە وردی داواکارییەکەی کەماڵیان بۆ دەگێڕێتەوە، کە داوای کردوە لە ماوەی دوو حەوتوودا دایک و خوشکی بۆ بگەیەنێتە سونێ. راسپاردەکە ناوەستێ و داوادەکات، کە سێ ڕۆژی دیکە ئێوارە چاوەڕوانیان دەکات و بە ماشین هەتا گوندەکانی سەر سنوور دەڕۆین و دواتر بە سواری ئەسپ یان هێستر بەرەو سونێ دەچین. ماڵی مام ئەحمەد و پورە خەج ئێوارە لە ماڵی مام کەریم دەمێننەوە و هەتا درەنگانی شەو گوێ بۆ خەم و ئازاری ئەو دایک و کچە دەگرن. هاوسەری مام کەریم لە گەڵ پورە خەج راشکاوە و قسەی ئەو پیاوە نەناسراوەی بۆ دەگێڕێتەوە. پورە خەج لەو ژنانەیە کە لە دژایەتی ڕێژیم ماندوو نابێت و زۆر دژی هاتنەوەی مام ئەحمەد و منداڵەکانیەتی. لەیلا ڕۆژی دواتر خاڵە مینە و ئاڵتون لە سەفەرەکەیان ئاگادار دەکاتەوە و داوادەکات، کە چاویان لە ماڵەکەیان بێ. دوای تێپەڕینی سێ ڕۆژان پیاوە نەناسراوەکە دێتە بەر دەرگای ماڵی مام کەریم و پورە زارا و لەیلا هەڵدەگرێ و پێکەوە بە ئۆتۆمبیلی تویوتا بەرەو گوندەکانی سەر سنوور دەڕۆن. ئێوارە بە سواری دوو ئەسپەوە پورە زارا و لەیلا لە سنوور دەردەچن و پاش سێ کاتژمێرێک دەگەنە سونێ و بە دیداری کەماڵ شاد دەبن. کەماڵ روخساری داگیراوە و لە پێوەندی لە گەڵ چارەنووسی ماڵەوە خۆی بە سووچبار دەزانێ. ناوبراو بە قسەی بابی نەکرد و ڕێگای کوردایەتی هەڵبژارد و چارەنووسی خوشک و براکەی گۆڕاو. ناوبراو چەند جارێک لە گەڵ دایک و لەیلای خوشکی خۆی لەو بارودۆخە بە تاوانبار ناساندوە و لەو چارەنووسە دڵگرانە. پورە زارا، لەیلا و کەماڵ ئەو شەوە لە بنکەی حیزب دەمێننەوە. وەستا مستەفا و حوسێنی ئازیزێ بەخێرهاتنی دایک و خوشکی کەماڵی هاوسەنگەریان دەکەن و دڵگرانی خۆیان بۆ کوژرانی کاوە دەردەبڕن.

کۆڕی ئەوجارەیان وەک رابردوو نییە و پرە لە بێدەنگی و ماتەم. لەیلا نامەیەکی لە کیسەباخەڵی کاوە دۆزیوەتەوە و بە کەسی نیشان نەداوە و وەک دیارییەک بۆ کەماڵی هێناوە. پورە زارا جەمەدانەکەی کاوەی بە سەر شانی دادەدات و لە کاتی گریان و شینگێڕاندا فرمێسکەکانی بەو جەمەدانەیە دەسڕێتەوە. کاتێک کەماڵ و دایک و خوشکەکەی بە تەنیا مانەوە و لە ژوورێکدا بۆ خەوتن

راکشان، لەیلا نامەکەی کاوە دەداتە کەماڵ. نامەکە چەند مانگێکە بە زمانی فارسی نووسراوە و لە گیرفان و کیسەباخەڵی کاوەدا زۆر نووشتاوەتەوە و ئارەقەی ڕێگارۆیشتنی هاوین، بەشێکی جەوهەری خامەکەی کاڵکردۆتەوە. کەماڵ نامەکە دەکاتەوە و نووسراوە فارسییەکە بەمجۆرە بۆ لەیلا و دایکی وەردەگێڕێتەوە:" بۆ بنەماڵەی خۆشەویست، بۆ باوکی دیلکراو و دایکی چاو بە فرمێسک، بۆ خوشکەکانم لەیلا و شیرین، بۆ برای گەورەم کاک کەماڵ، ئەو نامەیەم تەنیا بۆ ئێوە نووسیوە و لە گەڵ ئەو نووسینە نامەیەکم بۆ ماڵەوە داوەتە ئەمیر کرماشانی و هیوادارم بگاتە دەستی ئێوە. ڕەنگە نووسینەکەم لە گەڵ قسەی سالانی ڕابردووم زۆر جیاوازبن. لە بەهارەوە ئاڵوگۆڕێکی زۆر بە سەر جۆری تێڕوانین و بیرکردنەوەی کوڕەکەتاندا هاتوە. زۆر بەداخەم، کە ساڵی ڕابردوو لە باساوێ لە ژێر کارتێکەری ئایدۆلۆژیایەکی وشک و هەروەها تێگەیشتنی کرچ و کاڵ، خۆم لە دیداری کەماڵی برام دزیەوە. ئەو چەند مانگانەی ڕابردوو لە سەر چیاکان، لە گوندەکان، لە بن سێبەری باخ و تاشەبەردەکان حەسرەتی دیدار و دیتنی ئێوەم هەنگاو بە هەنگاو لە دڵ و مێشکدا زیندوو ڕاگرتوە. بە درێژایی ڕۆژانی دوور و درێژی هاوین بیر لە خەمی دووری بابم دەخۆم و لە دەللاقەی چارەنووسی بابم هەڵسەنگاندن بۆ ژیانی کوردان دەکەم. ئەگەر ژیان دەرفەتی زیاتری پێدام، بە دڵێکی گەورە لە گەڵتان دادەنیشم و ئەوجارە لە جیاتی وتەکانی مامە مارکس و کاکە ئینگێڵس بۆتان باسی ڕووداوە خۆشەکانی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی دەکەم. لە کاتی نووسینی ئەو نامەیە وتەکانی مەلا فەلسەفەم لە گوێدا دەزرینگێنەوە، کە چەند شارەزایانە پرسیاری لە سەر کۆی کایەی حیزبایەتی لە کوردستاندا و هەروەها لایەنە نەرێنیەکانی خەباتی کوردان دەکرد. ئەگەر یەکترمان نەدیتەوە، سڵاوی بابم دەگەینم و ئاگاتان لە شیرین بێ. کەلوپەلێکی زۆرم نییە و زۆربەیان لە دوو سندوقی بەتاڵی فیشەکی گەورەدا دەپارێزم. چەند هەزار تمەنێکم پاشەکەوت کردوە و لە دوو سندووقەکەدایە. خەبات و پێشمەرگایەتی بە ئەرکی ئەرێنی دەزانم، بەڵام بە چاوی خۆم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر ئەزموونی نەرێنم لە سەر سیاسەتی هەڵەی حیزبەکان و لە ریزی پێشەوە کۆمەڵە هەیە. کوردەکان و حیزبەکانیان لە خەباتدا کەموکۆڕی زۆریان هەیە و لە داهاتووشدا بەشێک لەو لاوازیانە درێژەیان دەبێ. خەڵک ژیانی دەوێ و ژمارەیەک لە خەڵک ئامادەن وەک ئێمە ڕاستەوخۆ لە گەڵ ڕێژیم شەڕی مافەکانیان بکەن. ئەو شەڕە تەنیا بە من و کەماڵ ناکرێ و وەک بابم دەیگوت، ئەگەر شەڕی گەلێکە بۆچی لە شارێک تەنیا چەند دە بنەماڵەیەک کوڕ و کچەکانیان دەبنە پێشمەرگە".

کەماڵ لە گەڵ دایک و خوشکی بەرەو قەڵادزێ و رانیە سەفەر دەکەن و چەند رۆژێک پێکەوە بن. ئەوان بە ئۆتۆمبیلی کۆمیتە شارستانی سەردەشت دەچنە قەڵادزێ و ماوەی چەند رۆژێک لە بنکەی نوێنەرایەتی دەمێننەوە. لە رێگای ناسیاویکەوە پێوەندی بە مەقەڕی کۆمەڵە لە رانیەوە دەگرن. ئەوان بە بەرپرسانی بنکەی کۆمەڵە رادەگەیەنن، کە دایک و خوشکی کاوە لێرەن و ئەگەر کاوە کەلوپەلێکی تایبەتی هەیە دەتوانن رادەستی دایکی بکەنەوە. بێجگە لەوە لە نامەیەکی کورتدا کەماڵ داوا لە ئەمیر کرماشانی دەکات، کە ئەگەر ئەمانەتێکی کاوەی لە لایە با لەو رۆژنەدا رادەستی دایکی کاوەی بکاتەوە. بەرپرسانی کۆمەڵە لە رانیە پێوەندی بە ئەمیرەوە دەکەن و پەیامەکەی پێدەگەیەنن و یەکێک لەوان دوو رۆژ دواتر کەلوپەلی کاوە و چەند هەزار تمەنەکەی بۆ قەڵادزێ دێنن. ناسیاوەکە دواتر لە دوای دایکی کەماڵ و خوشکەکەی دەچێ و لە ماڵی خۆیان لە گەڵ بەرپرسانی کۆمەڵە یەکتردەبینن. بەرپرسی کۆمەڵە دڵگرانی خۆی لە کوژرانی کاوە دەردەبڕێ، بەڵام ناوبراو ئاماژە دەکات، کە رێگای سۆسیالیزم خوێنی دەوێ و کاوە یەکێک لەو خەباتکارانەیە، کە بە خوێنی خۆی دوارۆژی سۆسیالیزمی لە کوردستاندا مسۆگەر کردوە. ناوبراو کە خۆی بە مامۆستا هێرش دەناسێنێ زۆر لە سەر شۆڕشی کرێکاری لە جیهان دەدوێ، بەڵام پورە زارا هەر تەقەی لەسەری دێت. هێرش بێجگە لە کەلوپەلی کاوە، رێژەیەک پارە وەک یارمەتی بنەماڵەی گیانبەختکردوەکانی کۆمەڵە دەداتە دایکی کاوە و هەروەها ئەمانەتی کاوە، کە لە لای ئەمیر کرماشانییە و بە رێکوپێکی لولدراوە دەداتە دەستیان. ناوبراو داوا لە پورە زارا و لەیلا دەکات، کە ئەگەر بەنیازی مانەوەی زیاترن، ئەوان دەتوانن بۆ سبەینێ "عەدەم تەعەڕوزیان" بۆ وەرگرن و سەردانی بنکەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی سلێمانی بکەن. پورە زارا دەستخۆشی لە هێرش دەکات و بە ناوبراو دەڵێ، پاییز خەریکە دەست لە گەڵ زستان تێکەڵ دەکات و بۆ ئێمە باشترە بگەڕێینەوە ماڵ. میوان لە ماڵان ناحەسێتەوە و ئێمەش بە ناشکوری نەبێت، هەتا بن هەنگڵان لە قوڕێ چەقیوین. مامۆستا هێرش ماڵئاوایی دەکات و پورە زارا و لەیلاش دەچنەوە مەقەڕی حیزب و لە گەڵ کەماڵ بەرەو بازاڕی شار دەڕۆن. کەماڵ بەرەو کەبابخانەیەک دەچێ و لە گەڵ لەیلا و دایکی لەوێ دادەنیشن و نامە لولدراوەکەی کاوە دەکەنەوە و دوای خوێندنەوەی نامەکە، کەماڵ چاوەی دەبڕێتە زنجیرە شاخەکانی پشتی قەڵادزێ و چەند جارێک دەڵێت، دەرفەتەکان تەواو بوون و ناگەڕێنەوە. کاوە لەو نووسراوانەدا زۆر بە راشکاوی دەستی پەشیمانی دەگەزێ و تێگەیشتوە، کە شەڕی کورد لە گەڵ کورد و خۆفیداکردن بۆ لوتبەرزی چەند تاکە کەس گەمەیەکی ناڕەوایە. ئەوان ماوەیەکی دوور و درێژە بە ئازادی لە دەوری یەک کۆنەبوونەوە و لە شەقامەکانی شاردا نەگەڕاون. لەیلا لە کاتی

گەڕان لە قەڵادزێ بە کەماڵ دەڵێ، کاکە با لەو شارە بچینەدەر و بگەڕێینەوە بۆ سونێ. هەر هەنگاوێک کە لێرە هەڵدەگرم، روخساری بابم دێتەوەبیر، کە چەند مەزڵومانە لە لایەن چەکدارە کوردەکانی سەر بە رێژیمی بەعش فرۆشران. دڵمان لە هیچ کوێیەک ئۆقرە ناگرێ و لە ماڵی خۆماندا بەردەوام خەمی کۆچی براکان و گیرانی بابم دەکەین. کە رۆژانە دەڕوانمە بەری رەبەتێ، هەتا چاوم بڕدەکەن لە کۆچی نابەوەختی کاوە دەڕوانم. کاکە تۆ ئێستا کوڕی تاقانەی ئێمەی و هەموومان چاومان لە تۆیە، بۆیە فکرێک لە خۆت بکەوە. کەماڵ لە لەیلای خوشکی دەڕوانێ و داوای سەبر و خۆڕاگری لێدەکات. کەماڵ بە دەم رێگای چوونەوە مەقەڕ بە لەیلا دەڵێ، خوشکی من ئەو ژیانە لە قومارێک زیاتر نییە و ژمارەیەک خەڵک گەمەکە دەبەنەوە و ژمارەیەکی دیکەش دەیدۆڕێنن. ئێمە رۆژێک لە رۆژان کە تەمەن سەرکەوت بە مردنی خۆمان دەمرین و ئەوە یاسای سرووشتە، بەڵام مردن لە پێناوی مافە رەواکانی نەتەوە و تەنانەت یەک تاکە مرۆڤدا بە مردنێکی پڕشنگدار پێناسەدەکرێ. ئێمە لە پێناوی ئێوە و نەوەی داهاتوودا دەمرین. دەزانم خەڵکێکی زۆر کەم لە گەورەیی ئەو مردنە تێدەگەن و خەڵک بە هەموو تواناوە عاشقی ژیان و مانەوەن. خوشکی من ئەمن خۆم لە بەرامبەر تۆ و دایکم، شیرین و کاوەدا بەقەرزدار دەزانم. ئەگەر ئەمن لە گەڵ ئێوە ژیابام، بێگومان چارەنووسی ماڵ و هەموو لایەک جیاواز دەبو، بەڵام لە گەڵ چارەنووس هیچ ناکرێ و رابردوومان بۆ ناگۆڕێ. ئێمە وەک بنەماڵە لە نێو خەڵکدا خاوەنی پێگەیەکی بەرزین و خزم و ناسیاوان دەزانن، کە لە پێناوی بەختەوەری ئەواندا چەندە فیداکاریمان کردوە. خۆزگە کوردستان پڕ دەبوو لەو بنەماڵانەی، کە بە سەخاوەتەوە منداڵەکانیان لە پێناوی خاک و نەتەوەکەیاندا فیداکاری دەکەن. لەیلا بە داخەوە کورد زۆری ماوە و تەنانەت بەشێک لە سیاسەتکارەکانی لە بازرگان و مامەڵەچیەک زیاتر نین. ئەوان لە بیری زگ و گیرفان و کەڵکەڵەی وەرگرتنی بەرپرسیارەتی گەورەدان و لە خەبات و تێکۆشاندا ژمارەیەک نین. ئێمە لێرەش بەردەوام لە گەڵ ئەو مرۆڤانە دەستوپەنجە نەرم دەکەین و بە وتەی مام خدر ئەوان بە هەڵە بوونە پێشمەرگە و بە هیچ پێوانەیەک بۆ پێشمەرگایەتی نابن. کێشەکان زۆرن و ژینگەی کوردان ئامادەی هەموو جوڵەیەکە و کوردە خۆفرۆشەکانیش بە رێژەی خۆیان دۆست و لایەنگریان هەیە. ئەو دۆخە بە ئێمە ناگۆڕێ و رەنگە بۆ نیو سەدەی دیکەش چاک نەبێ. لە مەقەڕ کەلوپەلی کاوە سەروبن دەکەن و زارا و لەیلا بۆن بە جلوبەرگ، پشتێند و گۆرێویە زەنگاڵەکانەوە دەکەن کە پوخت شۆراون. لە نێو کەلوپەلەکاندا دوو قوماشی ژنانە دەبیندرێ، کە لە سەریان نووسراوە بۆ دایک و خوشکم. دیتنی ئەو کەلوپەلانە و هەروەها رامان لە رابردوو، برینەکان زیاتر دەکولێنێتەوە و کەماڵ داوا لە دایک و خوشکی دەکات، کە خۆیان

ئارام بگرن و لەبەرچاوی خەڵک خۆیان لە گریان و رشتنی فرمێسک بپارێزن. رۆژی دوایی بە ئوتۆمبیل بەرەو سونێ دەگەڕێنەوە و دوای دوو شەو مانەوە لە سونێ لە گەڵ ئاشنایەک بەرەو گوندەکانی سەرسنوور و سەردەشت دەڕۆنەوە.

حیزبایەتی چەپاوەنە و درێژەی یەکتر شکاندن

بنکەکانی حیـــزب و شـــوێنی دەفتەری سیاســـیی دێمـــوکراتە لە بەر یەکتر رووەنکردنەوە و پیاسەی ناوچەگەرایانە و سیاسی وەک سەربانە قورەکان شکڵی گۆڕاوە. کوڕان و کچانی خەڵک لە ناوچە و لە مەیدانی بەرەنگاریدا ئارەقە و خوێنیان دەڕشت و ژمارەیەک لە سیاسەتکارە قۆرتاوییەکان بیریان لە مانەوەی خۆیان دەکردەوە. کەماڵ و هاوڕێکانی لەو مەیدانەدا ئەکتیو نەبوون و زۆر گوێیان بە ئاوازە نامۆکان نەدەدا. لە کۆنفڕانسەکانی ئەوجارەی کۆنگرەدا خۆیان کاندید ناکەن و بەجۆرێک دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە خەباتی لابەلای نێوتەشکیلاتی دەردەبڕی. زۆربەی ئەو کەسانەی لایەنگری هێڵی سێهەم بوون دەنگ و رەنگێکی زەق و بەرچاویان نەبو. لە کێشەکاندا زیاتر ئەو تاک و دەستە مرۆڤانە زەقدەبوونەوە، کە بەرامبەرکێی یەکتریان دەکرد و شیر و تیریان لە یەکتر دەسوی. حوسێنی ئازیزێ لەو ماوەیەدا رادەگەیەنێ، کە حیـــزب نەخۆشە و پێویســـتی بە عەمەلیات هەیە. مســـتەفا دارشەقەکە ی بەرزدە لە گەڵ قسەکردن بەرز دەکاتەوە و بە دەنگێکی راشکاو دەڵێ، بە سەری خۆمان کێشە حیزب و تەشـکیلات نییە و ئێمە خۆمـــان کێشەمان هەیە. کـــورد حیزبایەتی وەک شەڕە گەڕەک چاولێـــدەکات و بەرپرسەکان لە ئێمە تاوانبارترن. ئەو کوردە لە سەرەتاوە کێشەی پێکەوە حەوانەوەی هەیە و ئامادەیە مل بۆ دوژمن شل بکات، بەڵام لە گەڵ یەکتر ناگونجێ. ساڵانی رابردوو کۆمەڵێک بە ناوی کۆنگرە چواریەکان و دواتر دژبەرانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و ئەوجارە خوا دەزانی لە ژێر چ ناوێکدا ماڵ لە یەکتر دەکەن! کاکە ئەگەر حیزب و رێبەرایەتی ئاڵۆز و پەرتەوازە کارەکانی راپەڕاند، وەک مێشکی مرۆڤێکی نەخۆش وایە و توانای بڕیاردانی نامێنێ. ئەتۆ لەو شاخ و داخە بە چ عەقڵێک شەڕی قاسملوو دەکەی و بە چ عیلمێـــک نـــاوبراو لەو مەیدانەدا دەردەکەی؟ حوســـێن دەگەڕێتەوە نێـــو باسەکە و رادەگەیەنێ، کە مەبەستی ئەو راست قسەکانی مستەفایە. لەو حیزبەدا ژمارەیەک ئەندام و کادر هەن، کە حیزبایەتیان بۆ خۆیان دەوێ و ئەوان بە کوردی سیاسەت دەکەن و شەڕەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکەن. ئەوان لە مەیدانی راستەقینەی خەباتدا ئامادە نین و گرینگی بە زەبرلێدان لە هێزی دوژمن نادەن و ئەهلی سینگ دەرپەڕاندنن. ئێمە چەند ساڵە لەو شاخ و کێوانە دەژین و بە هەزاران کەس لەو پێناوەدا گیانی خۆی فیداکردوە، کەچی تازە دەستەیەک بە ناوی جیاواز وەک کەو لێرە و لەوێ دەخوێنن و پلانـــی شەقکردنی حیزبیـــان هەیە. کەماڵ لەو باســـانەدا زۆر چـــالاک نییە و بە گـــوێگرتن قەناعەت دەکـات. لە کۆتـــایی باسەکەدا کەماڵ کوڕەکـان ئاگـادار دەکاتەوە، کە وریـابن و رەنگە دوای کـۆنگرە

ئێمەش سەنگەر لە یەکتر بگرین! ئەو کوردە لە کۆنەوە بەو شێوازە سیاسەتی کردوە و هەتا کۆتایی ئامادەی شەڕی یەکترن، بەڵام بۆ شەڕی داگیرکەران خاو و لەسەرەخۆن. ئەمن هەتا کاوە نەکوژرا، زۆر بیرم لە شەڕی خۆبەخۆ نەدەکردەوە و ئەو ماوەیە دەپرسم، کە لە پێناوی چ ئامانجێکدا ئێمە شەڕی یەکتر دەکەین؟ چ ئامانجێک ئەوەندە پیرۆزە کە دەبێ ئەمن و کاوە دژی یەکتر سەنگەر بگرین؟ کوڕینە خۆتان لەو دمەتەقە بێسوودە دوور بگرن و سەرئەنجامەکەی باش و ئەرێنی نابینم.

گژەبای ساردی کوێستانەکان لەو پاییزەدا وەک تەزوویەکی سارد بە دۆڵەکاندا تیژ تێدەپەڕی. ئەو بنارانە پڕن لە توڕەیی دایکی نیشتمان و تەنیا شوانە بە ئەزموون و پارێزەرانی راستەقینەی نیشتمان لە ئاهی شەوانی ئەنگوستەچاو تێدەگەن. رێژیم وەک رابردوو لە پێناوی زەبرلێدان لە هێزە کوردییەکان کارایە. رێژم لەو مەیدانەدا خاوەنی پارە و کەرەستەی جۆراوجۆر و هەروەها مرۆڤی کوردە. هاوینی رابڕدوو رێژیم لە زۆربەی ناوچەکان وەرزێکی دژوار و پڕ لە ژانی تێپەڕ کرد. بەرپرسانی رێژم بە مەبەستی تۆڵە کردنەوەی لە بەرپرسانی نیزامی پێشمەرگە لەو ناوچەیە گەلاڵەیەکی تیرۆریستی دادەڕێژێن. بەرپرسانی دەزگای سیخوڕی رێژیم لە سەردەشت لە رێگای چەند کوردێکی سیخوڕ و هاوکاریان ئاگادارن، کە حەسەن شیوەسەڵی داوای کتێبی سپی ددانی جەک لەندەنی کردوە. ناوبراو ئەو کتێبەی بۆ کەسێکی دیکە داواکردوە و هیچ کاتێک بیر لەوە ناکاتەوە، کە کتێبی ددان سپی، چاو و دەستەکانی ناوبراو بە ئاسانی لێوەرگرنەوە . بەرپرسانی رێژیم ناردنی ئەو کتێبە بە دەرفەت دەزانن و بە کەرەستەی تەقینەوە کتێبەکە ئامادە دەکەن و رەوانەی سونێی دەکەن. قوربانییەکان وەک هەمیشە کوردن و لایەنی براوە رێژیمی تاران. سەرئەنجام کتێبەکە دەگاتە دەستی شێوەسەڵی و ژیانی تاریک دەکات و چاو و دەستەکانی بە ئاوری پیلانێکی دوژمنکارانە دەهەژێنن. لە ئاکامی تەقینەوەی کتێبە بۆمبرێژ کراوەکەدا شیوەسەڵی چاو و دەستەکان لە سەرماوەزی پێشمەرگەدا لەدەست دەدات.

سیاسەتی زەبرلێدان لە کورد بە دەستی کورد، کە سیاسەتێکی درێژخایەنی رێژیمی تارانە، زەبری زۆری لە پەیکەری خەباتی کورد لەو پارچەیەی کوردستان داوە. تەوژمی خەباتی نێوخۆ بۆ شکاندنی یەکتر ئەوەندە تونده، کە ئەو رووداوە کاریگەری زۆری لە سەر پێشڕەوانی لە یەکتر تەوەللابوون نییە. سەرئەنجام کۆنگرەی هەشت دەگیرێ و دوو مانگێک دوای کۆنگرە لە سەر لیستەی فیکس بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات جیادەبنەوە و ناوی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە خۆیان دەنێن.

بەمجۆرە رۆژگارێکی تازە و ورزێکی ناخۆشتر لە جاران دەبێتە میوانی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. رادیۆ و رۆژنامەکانی ئەو دوو لایەنە و کادر و پێشمەرگەکانیان ئازایانە بەگژ یەکتردا دێنەوە و وتار و نووسینەکانیان بۆ دژایەتی یەکتر تەرخان دەکەن. بەشێک لە هێز و کۆمیتە شارستانەکان لە شوێنی خۆیان تەکان ناخۆن، بەڵام ژمارەیەک لەو هێزانە سەنگەریان گواستۆتەوە و لە دەشتی بیتوێن خەریکی خۆرێکخستنەوەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو بەشە لە کادر و پێشمەرگەکان بە لادەر دەناسێنێ و رێبەراتی شۆڕشگێڕیش لایەنی بەرامبەر بە جەماعەتی فەراکسیۆن ناودەبەن. جیابوەکان بۆ خۆشترکردنی بەستێنی کارکردن شەڕ لە گەڵ کۆمەڵە رادەگرن و پێوەندییەکانیان لە گەڵ موجاهیدینی گەلی ئێران توندوتۆڵ دەکەن.

بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکان لەو رووداوانە تورەن و ئامادەی بەکارهێنانی چەک دژی یەکترن. بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکان دۆست، خزم، برا و هاوڕێی نیزیکیان لە لایەنی بەرامبەر بەجێماوە. کەماڵ یەکێک لەو کەسانەیە، کە دۆست و هاوڕێکانی بە سەر دوو لایەنەکەدا دابەشبوون و دۆخەکە بە ناخۆش و بێزارکەر دەبینێ. ناوبراو لە گەڵ حوسێن و مستەفا ساغدەبنەوە، کە سیاسەتی عەقڵانی بگرنەبەر و خۆیان لە تێکهەڵچوون لە گەڵ لایەنی بەرامبەر بپارێزن. حوسێنی ئازیزێ باوەڕی وایە، کە هەتا کادر و پێشمەرگەی حیزبن، ناچارن سیاسەتەکانی حیزب رەچاوبکەن و ئەگەر دژی سیاسەتەکانی حیزب بجوڵێنەوە رەنگە لێپرسینەوەیان لە گەڵ بکرێ و لە کۆتاییدا دەربکرێن. کەماڵ بە گونجاوی دەزانێ، کە بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە کاروچالاکی بدەن و ئەگەر ناچاربوون دەتوانن وەک لایەنگر لەو سنوورانە خەریکی کار وکاسبی بن. لە روانگەی ئەو و زۆر کەسی دیکە، جیابوونەوە لە یەکتر رەوایە، بەڵام بۆچی ناوێکی تازە بۆ حیزبێکی تازە هەڵنابژێرن؟ بە قەناعەتی مستەفا ئەو شەڕ و ئاژاوە تەنیا پرسی ناو نییە و ئەوە کینەی کۆن و شەڕی دەسەڵاتە و لەو کۆنگرەیەکدا تەقیوەتەوە. ناوبراو خۆزگە دەخوازێ، کە جیابووەکان ناوێکی دیکەیان لە خۆیان نابا و ئەو شەڕەچەقەیان لە کۆڵ ئێمە و خەڵکی دیکە کردبایەوە. حوسێن ئەو شەڕە بە شەڕی ئیرادە و دەسەڵاتی چەند کەسێک دەزانێ، کە تەشەنەی کردوە و گواستراوەتەوە خوارێ.

بە تێدەپەڕینی کات، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێ و لایەنی جیابۆوە رێگانادرێ وەک پێویست لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دێموکراتی بە ئازادی هاتوچۆبکەن. تام و تۆنی دەنگی رادیۆکان و نووسراوەکانیان

بەستێنی شەڕە تەقە ئامادە دەکەن. جەولەی پێشمەرگەکان بۆ ناوچە دەستپێدەکەنەوە و بەشێک لە هێز و کۆمیتە شارەستانەکان سەرلەنەوێ ڕێکدەخرێنەوە. وەستا مستەفا لە بنکەی هێز دەمێنێتەوە و بۆ هاوین بەنیازە لە بنکەی گومرک ئەرکی حیزبی ڕاپەڕێنێ. حوسێن و کەماڵ لە گەڵ تیمی ڕێکخستنی شارن و ئەوان لە گەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە و وێرای پەلێک لە پێشمەرگەکان بەرەو ناوچە دەگەڕێنەوە. بەهار هێشتا هەورەکانی دەگرمێنن و ئاوپڕژێنێ وڵات دەکەن، بۆیە مانەوە لە ناوچە و لە کوێستانەکان ئەستەمە. بنکە سەربازییەکانی ڕێژیم لە زۆربەی لوتکە بەرز و گوندە نیمچە گەورەکان بەرچاودەکەون. سنوورەکان بە تەواوەتی تەنراون و بە مینی جۆراوجۆر چێندراون. کاروانچییەکان وەک ساڵان بە مەبەستی پەیداکردنی نان سنوورەکان دەبڕن و زۆر کەس لەو ڕێگایەدا بەسەر مینەکاندا دەکەوێ و گیان لەدەست دەدات. بەشێک لە پێشمەرگەکان شارەزای کوێرە ڕێگاکانن و بە ئەزموونی خۆیان سنوورە داسەپاوەکان دەبڕن و وەک تیمی پێشڕەو چاوساغی هێزەکان بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. کەماڵ و هاوڕێکانی چەند ڕۆژێک لە گەڵ پێشمەرگەکان لە گوندەکانی ناوچەی بوڵفەت دەگەڕێن و لە گەڵ خەڵکی ئاواییەکان و هەروەها دۆستان و لایەنگرانی حیزب پێوەندی دەگرن. بەشێک لە پێشمەرگەکان ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری لاوان و بڵاوکراوەی حیزب لە گوندەکان دەدەنە لاوە کوردپەروەرەکان. لە زۆربەی گوندەکان خەڵک لە سەر جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی هەشت پرسیاردەکەن و خوازیارن لەو مەسەلەیە تێبگەن. کادر و پێشمەرگەکان بە شێوازی جیاواز قسەیان لە سەر دەکەن. خەڵکی گوندەکان لە سەر یەک بە گەڕانەوەی پێشمەرگە شادن، بەڵام ئەو وردە خۆشییە دەرمانی دەردەکان ناکات. زۆرێک لە لاوەکان و خەڵکی دیکە بە سرەواندنی گورزی سەربازی لە بنکە سەربازییەکانی ڕێژیم دڵخۆشن. ڕێژەیەک لەوان وەک ئەندام و دۆست، هاوکاری پێشمەرگە دەکەن، بەڵام خەباتەکە لە پەراوێزدا دەکرێ و زۆربەی خەڵک بە دڵ کوردایەتی دەکات. ئێران بە بیانووی شەڕی ئێران و عێراق هێزێکی زۆری لەو ناوچەیەدا مۆڵداوە. عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەنگدانەوەیەکی زۆری نییە. لە مێدیای فەرمی وڵات باسێک لەو کردەوە سەربازیانە ناکرێ و ڕێژیم خۆی لە بەرامبەر ئەو بزوتنەوەیەدا کپ و کڕ کردوە. سیاسەتی بێدەنگی ڕێژیم و نەبوونی هیچ جۆرە مێدیایەکی دەرەکی ڕێژەی کاریگەری خەباتی چەکداری کەمتر کردوە. پێشمەرگەکان کەمتر تێکۆشاون لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زەبر لە بنکە و بونیاتی ئابوری و نیزامی بدەن، بۆیە ڕێژیم لەو پەراوێزەدا ترسێکی زۆری لە خەباتی چەکدارانەی وەرزی هاوینەی پێشمەرگە نییە.

کەماڵ، حوسێن و بێبەش کاژەیی لە گوندی زێوێی ناوچەی بوڵفەت لە پێشمەرگەکان هەڵدەبڕێن و بۆ دیداری ئەندام نێوخۆییەکانی شار ڕێچکەی خۆیان دەگۆڕن. ئەوان لە ڕێگای یەکێک لە ئەندامەکانی شار بە ماشێن دەگوازرێنەوە نێو شار و خۆیان تاقەت دەکەن. حوسێنی ئازیزێ لە مێژە دایکی نەدیوە و تەنیا لە ڕێگای پورە زاراوە سڵاو و چاکوچۆنی ئاڵوگۆڕ کردوە. کەماڵ بە نیازە لەو دەرفەتەدا سەردانێکی ماڵی خاڵە مینە بکات. ئەوان، لە گەڕەگی نێوزەڕۆیە لە ماڵێک دەمێننەوە و بەرنامەی کاریان دیتنی ئەندامە نهێنیەکان و هەروەها ئەندامگیری زیاترە. بە مەبەستی ئاشکرانەبوون کەمتر خۆیان دەردەخەن و لە دانانی بەرنامە بۆ دیتنی ئەندامەکان خۆدەپارێزن. لەو ماڵانەی کە ماونەوە کەمتر ئەندامەکان دەبینن و شوێنی دیدار دەگۆڕن. بڵاوکراوەی تازەی حیزب دەدنە ئەندامەکان و سیاسەتی تازەی حیزب بە ئەندامەکانیان دەڵێن و لە سەر باوردۆخی شار و هاوکارانی ڕێژیم زانیاریان لێوەردەگرن. زۆربەی ئەندامەکان لە جیابوونەوەکەی حیزب نیگەرانن، بۆیە بە وردی گوێ لە رادیۆ دەگرن و زیاتر لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ئاگاداری هەواڵ و رووداوەکانی بڵاوکراوە لە رادیۆن. هێزەکانی ڕێژیم زیاتر لە ساڵان لە شاردا ئامادەن و ئێواران دەستەیەکی تایبەتی چەکدار بە ناوی عەمەلیاتی شار دەگەڕێن. لە دەرەوەی شار گروهی بە ناو زەربەت بەدوای پێشمەرگەدا دەگەڕێن و لە سەر بناخەی زانیاری سیخوڕ و بەرپرسانی ریژیم لە ناوچەکاندا ئامادە دەبن. کەماڵ، حوسێن و بێبەش کاژەیی دوای ١٠ ڕۆژ مانەوە و دیدار لە گەڵ ئەندامەکانی شار سەردانی ماڵی خاڵە مینە، مام دەروێش، ئازیزی دایکی حوسێن و هەروەها مام کەریم دەکەن. ئەوان بۆ چوونەدەر لە شار پێویستیان بە ئەندامە نهێنیەکانی شار نییە و لە ڕۆژانی کۆتایی ئەو سەردانەدا تەنیا لە گەڵ یەک ئەندام لە پێوەندیدان. ئەوان بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی خۆیان داوایان لە ئەندامەکان کردوە، کە بە هیچ شێوەیەک لەو ڕۆژانەدا باس لە دیداری پێشمەرگە نەکەن و بە سەر هەست و کفوکوڵی گەنجانەیاندا زاڵبن.

ڕۆژگاری کوردان لەو دیوی سنوورە دەستکردەکان تاڵە و ڕێژیم لە گواستنەوەی ئاژاوە بۆ باشووری کوردستاندا سەرکەوت. پێشمەرگەی هێزە باشوورییەکان لە گەڵ پاسدار و بەسیجییەکان بەشێک لە خاکی باشووری کوردستانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. هەڵەبجە یەکێک لەو شارانەیە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی بەعس دەرهێنراوە. پێشمەرگەی پارتە باشوورییەکان لە گەڵ پاسدارەکان لەو شارەدا جموجۆڵیانە و بەعسییەکان بۆ تۆڵەکردنەوە بە چەکی کۆمەڵکوژ لە شاری هەڵەبجە دەدەن. خەڵکێکی

بێتاوان لە ژن، منداڵ و مرۆڤی بەساڵداچوو لە ئاکامی ئەو پەلامارەدا شەهید دەبن و بە هەزاران کەس دەربەدەر و پەڕیوەی سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەبن. شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی نەهاتوە و عەمەلیاتە گەورەکەی رەفسەنجانی کە چەند ساڵە بەڵێنی بە خەڵکداوە سەر و کەللەی دیارنییە. لە ژێر سێبەری ئەو بارودۆخە نالەبارەدا تیمی رێکخستنی شار، کەماڵ، حوسێن و بێبەش کاژەیی لە شار دەردەکەون. ئەوان لە ئێوارەیەکی پڕ لە جوانی و سەوازیی بەرەو سەوزەڵانییەکی خوار شار شۆڕدەبنەوە. ئەو سرووشتە بۆ پێشمەرگەکان دەست و دڵ ئاوەڵایە و لە شاردنەوەی پارێزەرانی مافی کوردانداا هەڵسووڕ و کارایە. ئەو ناوچەیە بۆ بەشێک لە پێشمەرگەکان وەبیرهێنەرەوەی سەردەمێکە، کە پەرویزی کوڕی خاڵە مینەیان بە بریندارى هێنایە شار و دواتر بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە گواستیانەوە. بێبەش کاژەیی بیرەوەری زۆری لەو ناوچەیە نییە، بەڵام ئەوانی دیکە وێنە جوان و شاکارە سروشتییەکانی بەهاران و پاییزانی ئەو ناوچەیان لە سینگدا پاراستوە. ئەوان بە مانەوە لە ژێر سێبەری دارە گەڵاگرتوەکان و تەنیشت سەرچاوەی ئاوە بە خوڕەکان دڵخۆشن و لەو ئێوارەیەدا گوێ لە ئاوازی ئۆپێرای نەرمەبا دەگرن. ئێرە سەیرانگا و مەڵبەندی بیرکردنەوە و کتێب خوێندنەوەی ژمارەیەک لە ئۆگرای ئازادی، ماف و زانستە و زۆر کەس بیرەوەری لە ئاو، سێبەر، سەوزەڵانی ئەو ناوچەیە هەیە. ئێرە بە لە رێگای دۆڵە قوڵ وو راکشاوەکەیەوە بە چۆمی کەڵوێ تێکەڵ دەبێتەوە و سۆزی شار بە وزەی و شەپۆلی ئاوی رووبار دەگەیەنن. کەماڵ، حوسێن و بێبەش کاژەیی تا درەنگانی ئێوارە لەو ناوچەیە بەسەردەبن و لە باوشی شەودا خۆیان دەگەیننە گوندی شیواشان.

گەڕانی تیمی رێکخستن و تەشکیلاتی لە ناوچەدا ئاسانە، بەڵام ریسکی ئاشکرابوونی زۆرە و بە ئاسانی لە ماڵەکاندا زەبری لێدەدرێ. تیمی تەشکیلاتی شار دوای دوو رۆژان لە گەڵ تیمی رێکخستنی بوڵفەت یەکتر دەگرنەوە و ماوەیەک پێکەوە لە گوندەکاندا لە گەڵ ئەندام و دۆستانی حیزب پێوەندی دەگرن. بابەتی سەرەکی ئەو بەهارە جیابوونەوەی رێبەرایەتی شۆڕشگێر لە حیزبی دیموکراتە. خەڵکی گوندەکان و ژمارەیەک لە خەڵکی شار کە لە گوندەکان بۆ کاری تایبەت دەمێننەوە لە سەر ئەو کێشەیە زۆر پرسیار دەکەن. لە گوندی بنوخەڵەف کادرەکان لە گەڵ ژمارەیەکی لاوی شار و گوندەکانی دیکە دیدارێک پێکدێنن و لە سەر بارودۆخی کوردان قسەیان بۆ دەکەن. یەکێک لە لاوەکان لە پێشمەرگە و کادرەکان دەپرسێت، کە ئێوە چۆن ئەو خەباتە درێژەپێدەدەن و تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق چ کاریگەریەکی لەسەر بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ؟ یەکێکی دیکە لە چەندایەتی و

چۆنایەتی باوەڕی حیزبە کوردییەکان بە دێموکراسی پرسیار دەکات. بە باوەڕی ناوبرا لە قوناخی شەڕدا پرۆسەی دێموکراسی بە ئاسانی گەشە ناکات و کولتوری خەڵک و دەوڵەتەکان لەو ناوچەیەدا لە سەر کولتوری حیزبایەتی کاریگەری هەیە. پیرە پیاویکی بنوخەڵەفی لە نێو لاوەکاندا هەڵتروشکاوە و رەخنەی لە کوردایەتی هەیە. بە تێڕوانینی مام سەلیم، شۆڕش تەنیا بە گوندەکان ناکرێ و ئەو حیزبایەتییە زیاتر لە گوندەکاندا دەکرێ، بۆیە لاوازین. مام سەلیم کە بە تورەکە توتن و پەڕەکەی ناسراوە جاروبار دەیکاتە چڕەدوکەڵ. ناوبراو بە گۆڕ و هێزی سەردەمی لاوەتی گوێی بۆ قسە و باسەکان شلکردوە. کادرەکان لە شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزبدا شارەزان، بەڵام لە پرسە گشتییەکان و لێکدانەوەکاندا لە گەڵ خەڵکی ئاسایی زۆر جیاوازنین. مام سەلیم لە پێشمەرگەکان دەپرسێ، کە شارەکانی کوردستان چەندە پێشمەرگەیان هەیە؟ کادرەکان ئەو بابەتە بە نهێنی پێناسەدەکەن و رادەگەیەنن، کە چەکدارەکانی ئێمە خەڵکی گوند و شارن، بەڵام هەر شار و گوندەی بە رێژەیەک لەو شۆڕشەدا بەشدارە. مام سەلیم بە کادەرکان دەڵێت، کاکە ئەمن کارم بە نهێنی ژمارەی پێشمەرگەکان نییە، بەڵام بە چاوی خۆمان دەبینین، کە شارەکان بە گوێرەی حەشیمەت و قورسایی خۆیان لەو شۆڕشەدا بەشدارنین. برادەرینە، ئێمە لەو گوندە لە گەڵ گوندی جیرانمان کێشەمان هەیە و بیری ئێمە لەو گوندەدا قەتیس ماوە. ئەمن بەگومانم لە خۆمان و شۆڕشەکەمان. ئەگەر ئەو خەباتە راستە و شۆڕش پێویستە، بۆچی خەڵکی زۆر بەشدار نابن؟ ئەگەر خۆمان کرچ و کاڵین و ئامادەی وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارەتییە نین، رەنگە باشتر بێ واز لەو خەباتە بێنین و کاربکەین بۆ پێگەیشتوویی کورد لە شار و گوند. کەماڵ کەیفی بە وتەکانی مام سەلیم و ئەو کەسانە دێت، کە راستوێژ و ئاشکرابێژن و زۆر لە کادر و سەرکردایەتی حیزبەکان باشتر و راستگۆیانەتر لە سەر دۆخەکە دەدوێن. ناوبراو دەستخۆشی لە مام سەلیم دەکات و ئەو شێوازە لە پرسیار و ئاشکرابێژی بە کۆڵەکەیەکی گرینگی دیالۆگی نێوان خەڵک و پێشمەرگە دەزانێ. کەماڵ بە بەشداربوەکان رادەگەینێ، کە ئەزموون و بیرکردنەوە زۆر گرینگە و ئەوەی مام سەلیم باسی دەکات، رەنگە مامۆستایەک لە شار یان خوێندکارێک لە زانکۆ هەر بیری لێنەکردبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر خوێندەواری لە گەڵ بیرکردنەوە و تێگەیشتن ئاوێتە نەبێت، بێگومان خاوەنەکەی زۆر ژیر و وریا ناکات. مام سەلیم بەو وتانەی کەماڵ کەیفی سازە و چەند مژێکی توند لە سیگارەکەی دەدات و چڕە دوکەڵێکی خەست بە دەوروبەردا بڵاودەکاتەوە.

کەماڵی مام کەریمی و هاوڕێکانی دەگەڕێنەوە دۆڵی سونێ و لەو ناوچەیەدا کاروباری تایبەت بە تەشکیلات هەڵدەسووڕێنن. ئەوان بۆ گەیاندنی پەیام و داواکارییەکانیان بە ئەندامە نێوخۆییەکان لە

پەیامە رادیۆییەکان کەڵکوەردەگرن. بێجگە لەوە، سەردەشت شاریکی سەر سنوورە و زۆر ئەندام و دۆستی حیزب بە ناوی کاسبکار و دیدار دەتوانن سەردانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بکەن. کەماڵ شەکەت و ماندوویيە و لەو پەرتەوازەبوونەی کورد بێزارە. ئەو هاوینە بیروهۆشی لە سەر کاری رێکخستن و حیزبی زۆر قایم و چەقیو نییە. ناوبراو بیر لە دایک، خوشک، باب و هەروەها کوژرانی براکەی دەکاتەوە، کە هەرکام لەوانە بە رێژەیەکی بەرچاو کاریگەریان لە سەر داناوە. بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکان بە هۆکاری جیاواز دوای وازهێنان لە پێشمەرگایەتی دەگەڕێنەوە نێوخۆ. بەشێک لەو کەسانە تێدەکۆشن خۆیان لە هاوکاری رێژیم بپارێزن و درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن. ئەو کەسانە لە لایەن رێژیم وەک تەواب دەناسرێن و بە شێوازی جیاواز هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرێ. ژمارەیەک لەو کەسانە بە هۆکاری جیاواز پاش گەڕانەوە لە گەڵ بەپرسانی رێژیم هاوکاری دەکەن و خزمەت بە سیاسەتەکانی رێژم دەکەن. لە ناوچە ئازادە سەر سنوورییەکان کە مەوداییەکی زۆریان نییە، بەشێک لە دانیشتوەکان ناگەڕێنەوە ئێران و لەو ناوچانەدا سەرقاڵی کەسابەت دەبن. کەماڵ لە گەڵ حوسێن و مستەفا، کە ساڵانێکی زۆرە پێکەوەن باسی وازهێنان لە حیزبایەتی دەکات. ناوبراو بە راشکاوی دەڵێ، کە حیزبایەتی لەو دۆخەدا و بەکارهێنانی چەک لە گەڵ هاوسەنگەرە کۆنەکانی بە رەوا نازانێ و خەمەکان گەورەتر دەکەن. بە تێگەیشتنی کەماڵ خەباتەکە رەوایە، بەڵام ئەو کاروانە پێویستی بە رێبوارێکی زۆرە. خەڵکی ئیمە وەک پێویست لەو خەباتەدا بەشدارنین. ئەوان وەک هەست ئێمەیان خۆشدەوێ، بەڵام بەو هەستە ئەو کاروانە ناگاتە مەقسەد. ئێمە لە ئێراندا لە ژێر سێبەری دوژمنێکی درندە و سیستمێکی داپڵۆسێنەردا دەژین. ئەرتەش و سپا، بەسیجی و بە وتەی رێژیم پێشمەرگەی موسڵمان و پیاوەکانی ئیتلاعات و هتد بەو چەند هەزار چەکدارە مشتومماڵ نادرێن و رێژیم تەسلیمی ئیرادەی داخوازەکانی کورد نابێ. مستەفا کە لاقە دەستکردەکەی لە تەنیشت خۆی داناوە، لە حوسێن دەپرسی، کە ئەتۆ چ دەکەی؟ تۆش وەک کەماڵ وازدێنی یان دەمێنیەوە؟ حوسێن شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و دەڵێ، کاکە ئێمە کۆڵەکەی ئەو حیزبەین و دانابڕێین. کەماڵ بارودۆخی جیاوازە و ئەگەر ئێمە لە دۆخی ئەودا بووینایە، بێگومان زۆر لە مێژە بەدوای کار و کاسبی دەکەوتین. مام کەریم ئەوە چەند ساڵە گیراوە. کاوە بەداخەوە تووشی ئەو چارەنووسە هاتوە و لەیلا لەو تەمەنەدا بە ئارەقەی شان و پیلی ژیانی خۆیان هەڵدەسووڕێنێ. بە تێگەیشتنی من کەماڵ لەو ناوچەیەدا دەتوانێ کەسابەتی خۆی بکات و لە جاران زیاتر دڵی بە کوردایەتی خۆشبێ. مستەفا دڵسارد و نیگەرانە و وەبیرهاوڕێکانی دێنێتەوە، کە ئەوان بە یەکەوە جوانن و ساڵانێکی زۆرە کە ناخۆشییەکانی ژیان و

رۆژگـار پێکەوە دابەشـدەکەن و پاڵپشـت و بـرای یەکترن. کەماڵ لە کۆتـایی ئەو وتانەدا بە راشـکاوی رادەگەیەنێت، کە ئامادە نییە بگەڕێتەوە و وەک تەواب بناسرێ و بەردەوام ئاگایان لە یەکتر دەبێ.

کوردەکـــان فاکتەری یەکلاکەرەوە نیـــن و دەسەڵات و تاقەتیان بە دەوڵەت و نەتەوە سەردەســـتەکان ناشـــکێ. ئەوان لە هەموو پارچەکانی کوردســـتاندا بە زمـــان، مێـــژوو، کولتـــور و دەسەڵاتی دەوڵەتە سەردەستەکان پەروەردەدەکرێن. خەڵکی کـورد بە رێژەیەکی کەم لە زمـان، مێـژوو، ناسـنامەی خۆیـان شارەزان و تەوژمی خۆناسین لە ئاستی تـاک و کۆدا لاوازە. لە سەر بەستێنی تێکشکانە بەردەوامەکان، خەڵکی کورد پـاش ماوەیەک لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتکەردا سەرکز دەکـا. بەشێکی زۆر لە کـوردە چالاکەکان کاتێـک لە مـاڵ دەردەچـن و بە کـردەوە لە گەڵ دژواریيەکانی خەبات ئاشـنا دەبـن، زۆر بە ئاسانی لەو هاوکێشەیە دەگەن کە رزگارکردنی نەتەوە و خاکێک یـان دەسـتەبەرکردنی مـافی نەتەوە و کەمایەتییەک خەباتێکی بەرفراوان و کولتورێکی تۆکمەی دەوێ. کولتورێک، کە لە بەر ترس یان هۆکاری دیکە خەباتکاران و خاکفرۆشـان لە یەکتر جیـا نەکاتەوە، چـۆن دەتـوانێ بەسـتێنی دەسـتەبەرکردنی مافەکان لەبار و ئامادەبکات؟

وەستا مستەفا لەو ماوەیەدا کە لاقێکـی لەدەستداوە لە سەر جێگـا و لە بەردەرگای مەقەڕدا خولیـای تێگەیشـتن لەو هاوکێشەیە. نـاوبراو رۆژانە و ئێوارانە بە خوێندنەوەی رۆژنامە و گـوێگرتن لە رادیـۆ کوردیی و فارسـی زمانەکان تێپەڕدەکات. لە کـات و سـاتی جیـاوازدا لە هاوڕێکـانی دەپرسـێ، کە رەنگە بریندار بوون مرۆڤ تووشی خەمۆکی بکات و پرسیاری نەرێنی لە سەر رووداوەکان بخـولقێنێ. مستەفا لە گەڵ چاپەزەکەی مەقەڕ زۆر دادەنیشـێ و بەدەم چاخواردنەوە یـادی رۆژانێـک دەکـات، کە بە ئاسـانی سنوورەکانی دەبڕیی و رێگا و کوێرەرێگاکانی تێپەڕدەکردن. چاپەزەکە بۆ دڵخۆشکردنی وەستا مستەفا بوخچەی خەمەکانی خـــۆی دەکاتەوە، کە پـــڕە لە ژانـــی سەردەمی منـــداڵی، لاوەتـــی و هەروەها پێشمەرگایەتی. بە وتەی چاپەزەکە چارەنووسی مرۆڤ نـاگۆڕێ و بە قوەتی شـانان نییە. سەعید، کە لە ژێردەسـتی زڕدایکـدا هەڵیـداوە، هەتا چایەک تێـدەکات ئاخێـک هەڵدەکێشـێ. نـاوبراو لە گەڵ مسـتەفا پێکەوە بە چاخواردنەوە لاپەڕەکانی رابردوو هەڵدەدەنەوە. سەعید چەند بڕگەیەک لە ژیانی بۆ مستەفا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە:" کاکە، ئێمە هەر نـــان و شەقمان دەدرایە. بە گـــۆڕی دایکـــم ســـوێنددەخۆم، کە هەموو منداڵانی گوندەکەمان بە قەدەر من و براکـانم جەزرەبە و ئـازار نەدەدران. کە بـابم بـۆ کـارکردن

لە ماڵ دەردەکەوت، ئەمن و براکەم و خوشکەکەم بە دەستی زڕدایکەکەمان جەهەندەمێکمان بۆ سازدەکرا، کە ناخی دەسووتاندین. ئەمن و براکەم و تەنانەت خوشکەکەم چەند جار بە مەقاشی داخکراوین. ئاوی کوڵیو لە زستاناندا بە پشت و لاقماندا دەکرا و دواتر زڕدایک دەیگوت، خوا عەمریان نەداتێ هەموو جەستەی یەکتریان بە ئاوی کوڵیو سووتاندوە. کاک مستەفا، لە ترسی زڕدایک درۆ و راستیمان تێکەڵ دەکرد و ئازایەتی گێڕانەوەی رووداوەکانمان نەبو. کە زڕدایک ئێمە بە سووتاندنی یەکتر تاوانبار دەکرد، ئێمەش باوەڕمان دەکرد، چوونکە ئەو دەیان جار ئەو رستانەی دووپا دەکردەوە و ئێمەش لە ترسان زار و زمانمان دەبەسترا. بابم لە زڕدایکمان زاڵمتر دەجوڵایەوە و بە تەڕکەدار و کلکەبیور پەلاماری دەدایـن. هەتا گەورەبووین پێڵاو و جلوبەرگی گونجاویان بۆ دابین نەدەکردین. خوشکەکەمان وەک قەراوەشی زڕدایکەکەمان کارەکانی رادەپەڕاندن و کچەکە چوکەڵکەی هەتا ئێوارە لە پشتێ دەبەست. هەر کە منداڵەکە دەگریا، زڕدایک پرچی خوشکەکەمی دەگرت و لە هۆدەکەدا چەند گەڕ رایدەکێشا. ئێمە منداڵبووین و چۆنیەتی خۆپاراستنمان نەدەزانی و ئەگەر خۆبەخۆ وەشەڕدەهاتین، پەنامان بۆ زڕدایک دەبرد و ئەویش هەتا دەستی کاری دەکرد ئازاری دەداین. برا چوکەکەم لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ خوشکەکەم دەبرد و ئەمنیش بۆ جیرانەکان. باب و دایکم لە گوندەکەماندا وەک سەمبولی زۆرداری بەرامبەر بە منداڵەکان دەناسران. بابم فێری کردبووین، کە لە بەرامبەر وەرگرتنی شیرینی و وردە پارەیەکدا سیخوڕی لە یەکتر بکەین. لە گوندەکەماندا زەمانی شا سپادانیش ماوەیەک لە قوتابخانە منداڵەکانیان فێری خوێندن و نووسینی فارسی دەکرد. بابم و دایکم ئێمەیان نەدەنارد و بە وتەی ئەوان، ئەو دەرسە وانەی شەیتانە و بۆ خوێندن نابێ. هاوینان لە بەر دروێنە، نۆکڕنینەوە و دارکۆکردنەوە جەستەمان بە چەقڵە زەردە و لووسەکان ئازاردەدرا. پاییزان و زستانان ماڵەکەمان لە بەندیخانە دەچوو. لە کاتی نوێژکردندا لە خوا دەپاڕاینەوە، کە خزمێک یان ناسیاوێک لە دەرگای ماڵەکەمان بدات و بۆ ساتێک لە ستەمی دایک و باب رزگارمان بێت. ئێوارەیەک لە تەنیشت میوانەکە بە مقاشەکە ئەوەندەیان لێدایین، کە میوانەکە لە داخان بێ خواحافیزی لە ماڵ دەرکەوت. خوشکەکەم لە بەر کاری دژوار و نەخۆشکەوتن لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بە نەخۆشی گورچیلەی مرد. ئەو ماوەی سێ مانگان لە ئازاری گورچیلەکانی شەوانە خەوی لێنەدەکەوت. زڕدایکم شەوانە بە بابمی دەگوت، کە ئەو کچە مەکربازە و مێردی دەوێ. بابم لە سەر قسەی زڕدایک گوێی بە خوشکم نەدا و سەرئەنجام لە شەوێکی ساردی زستاندا لە تەنیشت خۆم و براکەم کۆچی دوایی کرد. لە ترسی لێدان و ئەشکەنجە لە لای خەڵک دەمانگوت، خوشکم ساغ و سەلیم شەوێ خەوتوە و بەیانی بە ئەجەلی خوا مردوە. کاکە

مستەفا رەنگە ئەو چیرۆکە دەرخەری بەشێک لە ژیانی راستەقینەی من بێ، کە لە تەمەنی کەمەوە بە دەستی نیزیکترین کەسەکانەوە چەوساومەوە و وەک ئەسیر و دیلێک ئەشکەنجەدراوم".

وەستا مستەفا بە بیستنی ئەو چیرۆکە پڕ لە ئازارە وازی لە چاخواردن هێنا و لە گەڵ سەعید هاوخەمە و راشکاوانە دەڵێ، لەو دونیایەدا لە بێدەسەڵاتی ناخۆشتر نییە. زوڵمی دایک و باب لە هەموو زوڵم و ستەمی ئەو جیهانە تاڵترە. ئەمن باب و دایکی باشم هەن و زۆر بە کەمی جەزرەبەیان داوین. بابم دەیگێڕایەوە، کە سەردەمی خۆی لە گەڵ بابی پێکەوە زۆر بە کەمی نانیان خواردوە و هەر پاشەوپاش لەو هۆدەیە چۆتەدەر، کە بابی لەوێدا نانیخواردوە یان لە گەڵ میوانێک دانیشتوە. بابم لەو سەردەمەدا زۆر ئازار و بەدبەختی چیشتبوو، بۆیە کە ئێمە لە ماڵدا سەر و پێچکە بووین بە راشکاوی دەیگوت، کە لە داخی توندوتیژی باب و دایکی لە گەڵ منداڵەکان قەت لە منداڵەکانی تورە نابێ. خۆزگە ئەو چیرۆکەی تۆم نەدەبیست و ئێستا بە مردنی خوشکەکەت زۆر تێکچووم. ئەو باب و دایکە دەبێ خاوەنی چ دڵ و مێشکێک بن، کە بەمجۆرە لە گەڵ منداڵەکانیاندا ستەمکارانە هەڵسوکەوت دەکەن. کاک سەعید، ئێمە خۆ هەر لە لایەک ئازارنەدراوین و کێشەکانمان وەک چینی دیواری لە سەر یەک کەڵەکەبوون و چارەسەرکردنیان چەند نەوەیەکی دەوێ. ئەو شۆڕش و حیزبایەتییە ئەوەندە خێرداره، کە منداڵ و لاوەکان ئەگەر دایک و باب دەرفەتی جوڵەیان پێنەدەن مەکۆ و ناوەندێک هەیە بۆ پەنابردن و حەسانەوە. ئەو ماوەیە زۆر گەنج و لاو دەبنە پێشمەرگە، کە بەشێک لەوان لە داخی زەبر و زەنگی باب یان دایک و هەروەها براگەورە رێگای پێشمەرگایەتیان گرتۆتەبەر.

هاوینە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گورزی سووک و نیوەسووکی سەربازی لە هێزەکانی رێژیم دەسرەوێندرێ. ئەو هێزانەی لە قوڵایی کوردستاندا جەولە دەکەن هەتا پاییز لە ناوچەکانی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام هێزی شارە سەر سنووریەکان جەولەکانیان زۆر دوور و درێژ نییە. کەماڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی بەرپرسان دەکات و هەتا پاییز ئەو ئەرکەی لە سەر شانە. ئەو مەیلی بۆ کوردایەتی لە کزی نەداوە، بەڵام لە چۆنیەتی سیاسەتی هێزە سیاسییەکان بێزارە. بە باوەڕی ناوبراو، شەڕی هێزەکان لە گەڵ یەکتر، نەحەوانەوەی هێزە سیاسیەکان لە گەڵ خۆیان و ئەوانی دیکە و دەرپەڕاندنی جیابیران ژینگەی سیاسی لە کوردستاندا ناشیرین کردوە. رێژەیەکی زۆر لە خەڵک وەک ساڵان تێکەڵ بە ریزی هێزە سیاسیەکان نابن و ژمارەی هێزەکان لە ساڵانی رابردوو کەمترە. لایەنی باشی ئەو هێزانە ئەوەیە،

کە بە شێوەیەکی باشتر رێکخراون و پێشمەرگە وکادەر بە ئەزموونەکان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیاندا سەرکەوتووترن. ئەوان لە هێزێکی زۆر و بۆر بوونە هێزێکی کارامە و خاوەن قەوارە و لە بواری پێگەیاندنی کادری سیاسی، نیزامی و رێکخستن و تەنانەت بەڕێوەبەریی و دەرمانی دەرفەت زۆرە. کەماڵ لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە دەورەیەکی بەڕێوەبەریی و کادری سیاسیدا بەشداری کردوە و ئەزموونێکی زۆری کۆکردۆتەوە.

ناوچەی سوونێ، ناوزەنگ هەتا دەگاتە دۆڵی پشتشکاوێ و قاسمەڕەش و هەروەها قەندیل و زنجیرە شاخ و کوێستانانە هێلانەی چەکداری هێزە سیاسییە کوردییەکان بوون. لە بازاڕی سوونێ خەڵکی زۆر بە یەکتر دەگەن و کاسبکار، سیاسی و تەنانەت سیخوڕەکانی رێژیم بە ئاسانی لەو ناوچەیەدا لە جوڵەدان. کەماڵ لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە گەڵ ژمارەیەک لە کادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوزەنگ ئاشنا بوە و لە وەرزی پشوودان و حەسانەوە یەکتر بەسەر دەکەنەوە. مەجید و دڵسۆز کۆیی دوو پێشمەرگەی باشوور و ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانن، کە وەک کەماڵ ساڵانێکە لە پێناوی مافی چارەیخۆنووسینی گەلەکەیاندا فیداکاری دەکەن. ئەوان لە گەڵ کەماڵ لە دیدار و سەردانەکانیاندا بە دڵکراوەیی قسە لە سەر دۆخی دژواری کورد و قۆناخی هەستیاری بزوتنەوەی کورد لە باشوور و رۆژهەڵات دەکەن. کەماڵ و مەجید لە گەڵ کەماڵ لە زۆر پرسدا هاوڕان و باوەڕیان بە سەرکەوتنی کورد لاوازە. بە باوەڕی ئەو کەسانە، کوردەکان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان ئامادە نین و حیزبە سیاسییەکان توانای گونجاویان بۆ سەرخستنی خەباتی کوردان نییە. دڵسۆز لە یەکێک لە خواردنەگە ساکارەکانی بازاڕی سوونێدا لە گەڵ مەجید و کەماڵ تاوتوێی شکستی کوردان دەکەن. ناوبرا لە کورد نائومێدە و گومانی لە گۆڕانی کوردانە و دەڵێ" کاکە کەماڵ و هاوڕێ مەجید، لایەڕەکانی مێژووی کوردان پڕە لە شەڕی یەکترکردن. ئەو شەڕە لە کۆنەوە لە نێوان عەشیرەت و هۆزە کوردییەکاندا سەریهەڵداوە و دواتر لە سەردەمی رزگاری گەلاندا گواستراوەتەوە بۆ نێو کایەی سیاسەت. حیزب و پارتەکانی ئێمە بە کوردی بە سووتەمەنی هۆزەکان و بە کولتوری کۆنی کوردەواری کاردەکەن. لە هەموو پارچەکانی کوردستاند،ا خەڵکی کورد لە دەستی نایەکگرتوویی داد و هاواریەتی. ئێمە بە سەر چەندان بەرە و لایەندا دابەشکراوین و بوویین. هیچ نەتەوەیەک بە رێژەی کورد چەکداری دەوڵەتە سەردەستەکانی نییە و ئەمن لێرە لە خەباتی کورد بە گومانم. کورد گوتەنی، ئێمە وەک کورد لە گەڵ ئامانج و دوارۆژی خۆمان راستگۆنین و ئێمە کراوینە سووتەمەنی پارتە کوردییەکان و دەسەڵاتی گوتنی

"نـــا"مـــان نييه. ئەو شۆڕشە هەر بە نـــاو شۆڕشە و هەر پـــارت و حیزبەی لە ئاوازێـــک دەخـــوێنێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیموکڕات هێزێکی گەورەبوون و خاوەنی مێژووییەک، بەڵام لە هەر کۆنگرەیەکدا ژمارەیەک ئەندام و کادر و پێشمەرگە ماڵی خۆیان دەکەن. ئێمە لێرە ئاڵای شۆڕشمان بۆ سازدەکرێ و لە نـاو پـارتی سیاسـیدا تاقمێـک بـۆرە پـارت قـوت دەکەنەوە و خۆیـان بە رزگاریـدەری هەموو کوردسـتان پێناسەدەکەن. ئەوەتا قیـــادە موەقەتە لە چەنـــد ســـاڵی رابـــردوودا لە گەڵ پاســـداڕانی ئێـــران شەڕی دیموکڕات و هێزە کوردییەکانیان کرد. نەمامی کوردایەتی ئێمە لە سەرەتاوە راست و تۆکمە نەنێژراوە و بە گژەبا جیاوازەکان لە ڕەگ و ریشە هەڵقەندراوە. کورد خۆی دوژمنی خۆیەتی و خاوەنی چوار دەوڵەت و نەتەوەی دوژمنە، بۆیە رزگاربوونمـــان زەحمەتە. مەگەر دەوڵەتێکی گەورە یـــان شەڕێکی بەهێز لەو بارودۆخە رزگارمان کات"! مەجید و کەماڵ هاوفکری دڵسۆزن و ئەوانیش ڕەخنەی زۆریان لە تاکی کـورد، کولتـوری سیاسـی و حیزبایەتی و هەروەها تـاکتیکی حیزبەکان بـۆ کوردایەتی هەیە. مەجیـد تـاک بە چەقی ئاڵوگۆڕەکـان دەزانـێ و بـاوەڕی وایە، کە ئەگەر تـاک و لە ئاسـتێکی بەرینـدا جەماوەر ئامـادە نەبێ، زۆربەی جوڵە سیاسـیی و گەورەکان لە سەر ڕێگـا راسـتەقینەکەیان لادەدەن. نـاوبراو نەبوونی زمانی خوێندن و نووسینی کوردی بە سەرەتای کارە گەورەکە دەزانێ. ئەو گازندەی زۆری لە کـورد هەیە و ڕەخنەکانی خـۆی لە سەر کۆمەڵگەی کـورد چڕتـر دەکاتەوە دەڵـێ:" ئێمەی کـورد لە زمـانی یەکتر تێناگەین. لە یەک پارچەی کوردسـتاندا لە زاراوەی یەکتر تێناگەین. کولتـوری تێگەیشـتن لە رووداو و دیاردەکـان جیـاوازن و بە ئاسـانی راستییەکان قبـوڵ ناکەین. لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا، کورد مێژووی خۆی نـاخوێنێ و ئاگـاداری رابـردوو نییە و زیـاتر بە مێژوو، وێژە، کولتـور و ناسـنامەی عەڕەب، تـورک و فـارس جۆشـدەدرێ. لە ریـزی حیزبەکانـدا تەقلیـدی تەریقەتی قـادریی و نەقشـبەندی دەکـرێ و پێوەندی نیوان پێشمەرگە و بەرپرس و سەرکردەکان وەک پیوەنـدی نیـوان دەروێـش، خەلیفە و شێخە. لە ڕۆژنامە و رادیۆکاندا پاڵەوانی ئازایەتی و مافی مرۆڤیـن، بەڵام لە کـردەوەدا ڕێگـا بەهاوڕێکانی خۆمـان نادەین ڕەخنە لە سیاسەتی گشتی حیزب و سەرکردەکانمان بگـرن. برادەرینە، ئەمن لەوە زیـاتر نـاتوانم پێشـمەرگایەتی بکەم و ئیمـانم بە حیزبـــی کـوردی نەماوە. هەتا ئەو ناوچەیە هەبێ، لێـرە خەریکی کەسـابەت دەبـم و ئەگەر ئێـرەش نەما ماوەیەک لە ئێـران دەبـم و دواتـر ڕێگـای خاریـج دەگرمەبەر. مەبەستم نییە بگەڕێمەوە و لە ژێر سێبەری موستەشار و جاشێکدا بحەسێمەوە، بۆیە بە ڕێگای پاکستان یـــان تورکیەدا دەچمە ئەورووپا و کەچە زمانێـــک فێردەبـــم. ئێمە هەتا سەر نـــاتوانین بە ئەمری ئەو سەرکردە و ئەو بنکردە شەڕی یەکتر و خۆمـان بکەین". کەماڵ لەو دیـالۆگ و راشکاوییەدا بیـر لە ژیـانی

دەکاتەوە، کە رەنگە وەک مەجید رێگای هەندەران بگرێتەبەر و لە گەڵ کولتور و شارستانەیتی گەلانی دیکە ئاشنا بێ. ناوبراو بە تەواوەتی بۆتە گوێ و لە گەڵ مەجید و دڵسۆز زۆر هاوڕایە. ئێوارە لە بازاڕی سـونێ لە یەکتر جیادەبنەوە هەر کامەیان بەرەو بنکەکانی خۆیـان دەگەڕێنەوە. کەماڵ کە بیـر لە هەندەران دەکاتەوە زۆر تێکدەچێ. هەندەران بۆ کەماڵ وەک غوربەتێکی نەبڕاوە و بەردەوام دەچێ، کە هەموو رۆژ و مانگ و ساڵێک نوێ دەبێتەوە. ناوبراو ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لە رۆژئاوا دەژین و کاری حیزبی دەکەن لە نیزیکەوە دیتوە و زۆربەیان لە ئاستی وتەدا باس لە ناخۆشییەکانی رۆژئاوا و غوربەت دەکەن. ئەو فکرە بۆ کەماڵ تازەیە و لەوە زیاتر بیری لێناکاتەوە، چوونکە سەرهێشەی زۆرتر دەخوڵقێنێ.

بیری چوونەدەرەوە و دەرچوونی لە کوردستان لە نێو کوردانی رۆژهەڵاتدا زۆر بەهێز نییە، بەڵام لە باشوور جیاوازە. ئەوان لە دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ و شۆڕکردنەوەی لوولەی چەکەکانیان کەم و زۆر بەرەو ئەمریکا و ئورووپا کۆچیان کرد. رۆژهەڵات لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی بە رێژەیەکی کەم و لە ئاستی خویندکاران و ژمارەیەک سیاسەتکاردا بابەتی کۆچکردنی ئەزموونکردوە. کەماڵ بۆ رزگاربوون لە ژێر قورسایی دڵەڕاوکە و راڕایی لە گەڵ بەرپرسی کۆمیتە شارستان و هێز کۆدەبێتەوە و رادەگەیەنێ، کە هەتا ئێرە بە پاکی هێناویەتی و لە داهاتووشدا پشت لە ئامانجەکانی گەلەکەی ناکات. بەرپرسەکان هەوڵدەدەن قەناعەتی پێبکەن، کە واز لەو کارە بێنە و بەرپرسایەتی تازەی بۆ پێشنیاردەکەن، بەڵام سوودی نابێ. ئەوان داوادەکەن، کە هەتا کۆتایی زستان واز لە حیزبایەتی نەهێنێ، بەڵام کەماڵ مانەوە لەو بارودۆخەدا لە نێو بنکە و مەقەڕەکاندا بە گونجاو نازانێ. سەرئەنجام ناوبراو چەکی پێشمەرگایەتی دادەنێ و لە تەنیشت بەشێک لە ماڵە کۆنەپێشمەرگەکان هۆدەیەک سازدەکات. ناوبراو، بە مەبەستی خۆژیاندن لە بازاڕی سونێ لە گەڵ کۆنە ئاشنایەک ورده مامەڵە دەکات. ژیانێکی ساکارتر لە حیزبایەتی دەستپێدەکات و رۆژەکان لە گەڵ یەکتر جیاوازن. لە بازاڕ و گۆڕەپانی ورده بازرگانیدا خەڵکی جیاواز دەبینێ. ناوبرا کاڵا عێراقییەکانی وەک جگەرە، چا و کەلوپەلی خواردن بۆ بازاڕانی سونێ رادەگوازێ. ئەو ساڵانە لەو بازاڕەدا کەسابەت برەوی باشی هەیە و هەر جوڵەیەکی ساکار خێرێکی بەرچاوی لێدەکەوێتەوە. ناوبراو شەوانی زستان لە گەڵ شەریکەکەی لە نێو دووکانە داپۆشراو بە نایلۆندا دەمێنێتەوە. لەو دووکانەدا مەترسییەکان لە جاران زیاترن، بەڵام دەرفەتی دیداری خەڵکێکی زۆر رەخساوە. لە شارەکانی مەهاباد، سنە، سەقز،

سەردەشت، بانە و هەروەها باشووری کوردستاندا کاسبکار و سیاسەتکار لەو بازاڕەدا یەکتر دەگرنەوە. شەوانی دووکانداری لە گەڵ پێشمەرگایەتی زۆر جیاواز نییە. ئەوانەی وازیان لە پێشمەرگایەتی دێنن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە خۆیان ئەمین نین و ترسی کردەوەی رەشەکوژی رێژیمیان هەیە. دەزگا سیخوڕییەکانی رێژیم بەردەوام هاوکارە کوردەکانیان بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە رەوانە دەکرد. سەرەڕای ئەوە، ئەوان لە بازگەی تایبەت بە قاسمەڕەش بە شێوەیەکی رێکوپێک کۆنترۆڵی ئەو خەڵکانەیان دەکرد، کە لەو خاڵە سنوورییانە بەرەو نۆکان، زەڵێ و سونێ تێدەپەڕین. یەکێک لە ناسراوترین روخسارەکانیان پاسدارێکە، کە بە سوورە ناسراوە. ئەو بە چاوە تیژ و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی ئەو گەنج و لاوانە دەگرت، کە بە مەبەستی حیزبایەتی و بوونە پێشمەرگە بەو بازگەکاندا تێدپەڕن. کۆتایی بەهار و هاوینان دەرفەتی هاتوچۆ بۆ لاوە و گەنجەکان زیاترە، چوونکە بە بیانووی فرۆشتنی کاڵا و هەروەها پەیداکردنی نان و ئاوێک خۆیان لە بازگەکان دەربازدەکرد.

رۆژانی بەهاری ساڵی تازەی هەتاوییە و سێ کەس بە دوو کارتۆن مەلامین دیاریەوە رێگای قاسمەڕەش دەبڕن و ئێوارە دەگەن مزڵی کەماڵی مام کەریمی. کەماڵ مزڵەکەی لە سەر رێگای دۆڵی زەندان هەڵکەوتوە. ئەو جاروبار چەک بە کرێ دەداتە بەو رێبوار و کەسانەی، کە بۆ کەسابەت و هێنانی کەلوپەل بەرەو قەڵادزێ دەڕۆن. دۆڵی زەندان دۆڵێکی سامناکە، کە زۆر ئەسپ و هێستر لەو دۆڵە تەنگەبەرەدا بە دەسترێژی سەربازانی بەعس پێکراون. کەماڵ ئەو چەکانە بۆ چەند رۆژێک بە سی دیناری عێراقی دەداتە کۆڵبەرەکان، کە بۆ جگەرە یان چا و کەلوپەلی دیکە رێگا قاچاخ دەگرتەبەر و لە رۆیشتن و هاتنەوەدا لە مزڵەکەیدا دەحەوێنەوە. رێگاکە مەترسیدار و پڕ لە ریسکە، بۆیە زۆر بە کەمی خەڵک خۆی لەو رێگایە دەدا. لە مانگە شەوێکی سەرەتای بەهاردا سێ کۆڵبەرەکە، کە دوو پیاوی خێزاندار و کوڕێکی شازدە ساڵانەیە بە باوەشی ترسناکی دۆڵی زەنداندا شۆڕ دەبنەوە و بە کوتانی رێگایەکی دوور و درێژ بۆ ٩ی بەیانی دەگەنە قەڵادزێ. ئەوان لە ماوەی سێ رۆژێکدا کەلوپەلی بردنەوەیان لە بازاڕ دەکڕن و لە گەڵ یەکێک لە ئەندامانی نهێنی یەکێتی نیشتمانی بەرەو سونێ وەڕێدەکەون. ئەوان سەرەتا بە تراکتۆر، کە لە باشوور بە عەنتەر ناسراوە، بەرەو زەویەکانی تەنیشت گردی حوسنی دەچن و دواتر یەک بە یەک کۆڵەکانیان هەڵدەگرن و لە شار دووردەکەون. کوڕە شازدە ساڵەکە بە بیانووی ئەوەی منداڵە وەک کەسی پێشڕەو رەوانە دەکەن. گەورە ساڵەکان بە وتەی باو، خوازیارن رێگاکە بە کەسی پێشڕەو تاقی بکەنەوە و خۆیان لە قەرەی مەترسییەکان نەدەن. کۆڵبەرەکان

بە ناڕێکی ڕێگاکە دەبڕن و لە بەر زۆربوونی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە یەکتر دابڕاون. ئێوارە دوو کەس لەو کۆڵبەرانە لە چەند دەمیتری عەسکەرەکانن و خۆیان بە تەواوەتی حەشار دەدەن. لەو ناوچانە حوکمی جوڵان مەرگ و مردنە و هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە. بوونی عەسکەرەکان ترس دەخاتە دڵی کۆڵبەرەکان و ئەوان لە یەکتر دادەبڕێن. دوو کەسەکەی دواوە دەگەڕێنەوە و مەزەندە دەکەن، کە کۆڵبەرە پێشڕەوەکە و ئەوەی دیکە گیراون. دوو کەسی یەکەم تەنیا کۆڵەکانیان پێیە و چاوەڕوانی هاتنی هاوڕێکانیان دەکەن، کە چەک و پێخۆری ڕێگایان هەڵگرتوە. ئەوان دەگەڕێنەوە قەڵادزێ و دوو کەسی تیمی یەکەم لە ژێر ڕەحمەتی باران و ڕەشەشەوی مانگی یەکەمی بەهاردا بە دۆڵی زەنداندا کاتژمێر ٨ی بەیانی دەگەنەوە مزڵی کەماڵی مام کەریمی. کەماڵ، کۆڵە قورسەکە و باڵتۆ زەردە ئاوهەڵگرەکەی کوڕە ڕەشتاڵەکە دەبینێ، کە لە بەر ڕێژنەی بارانەی شەوی رابردوو وەک پەتوییەکی لە ئاو هەڵکێشراو ئاوی لێدەچۆڕێ. ناوبرا چاوێک لە کوڕەکە دەکات و دەپرسێ، ئەو کۆڵە گرانە و باڵتۆ قورسەت چۆن هەڵگرتوە؟ ئێوە بە دۆڵی مەرگ و بە ڕێگایەکی پر مەترسیدا هاتوون و زۆر پێشمەرگەی باشووری ناوێرن خۆیان لەو دۆڵ و ڕێگایە بدەن. ئەوان لە کاتژمێری هەشتی بەیانی ڕۆژی رابردوو هەتا ئەمڕۆ کاتژمێر ٩ی بەیانی هیچ پێخۆر و خواردنێکیان نەخواردوە، بۆیە هەڵگرتنی ئەو کۆڵە قورسە بەو دۆخە کارێکی دژوارە. کەماڵ بۆ بازاڕی سونێ دەچێ و کوڕە ڕەشتاڵ و پیاوە کورتە باڵاکە لە مزڵی ناوبراو پشوویەک دەدەن. ئەوان چاوەڕوان دەبن، کە ئەو شەو تیمی دواوە بگاتە سونێ، بەڵام هەتا بەیانی گوێیان لە پێی هیچ ڕێبوارێک نابێ. کۆڵبەرەکان کۆڵەکانیان باردەکەن بە زەڵێ و قاسمەڕەشدا دەگەڕێنەوە سەردەشت. تیمەکەی دیکە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و ئەوانیش بە دۆڵی زەنداندا دەگەڕێنەوە و چیرۆکەکە کۆتایی دێ. کەماڵ لە ڕێگای ئەو کەسانەوە بڕە پارەیەک بۆ دایک و خوشکەکەی ڕەوانە دەکاتەوە و وردە پێوەندی لە گەڵ بنەماڵەکەی رادەگرێ.

ئەو بەهارە خەبەری ڕاگواستنی قەڵادزێ زار بە زار دەگەڕێ و باڵندەکانیش بە ترسەوە بە سەر بنکە سەربازییەکانی ڕیژیمدا دەفڕین. عەمەلیاتی ئەنفال، کە بریتی بوو لە وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان و ڕاگواستن و زیندەبەچاڵکردنی زیاتر لە سەت هەزار ژن و منداڵ درێژەی هەیە. ڕێژیمی عێراق بە مەبەستی عەڕەباندنی کوردستان و هەروەها دابڕاندنی کوردەکان لە سنوور و خاکی خۆیان و بۆ تۆڵەکردنەوەی لە پارتە سیاسییەکان ئەو سیاسەتەی ڕەچاوکردوە. عەڕەبەکان لە پارتە کوردییەکانی باشوور تورەن، چوونکە ئەوان لە گەڵ سپای ئێرانی پێکەوە پەلاماری شار و شارۆچکە کوردییەکان دەدەن و بوونە کەواسووری پێش لشکری ئێرانی. شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی هاتوە و

جامی ژەهرەکە لە لایەن سەردەستەی ئاخوندە دزەکانی تاران "خومەینی" خوراوەتەوە. بزوتنەوەی کوردان و حیزبایەتی لەو دۆخەدا نیگەرانە و ئەگەر دوو وڵات سنوورەکانیان بەسەردا دابخەن، چارەنووسێکی دژواریان دەبێ. کەماڵ و زۆر کاسبکاری دیکە نیگەرانی بارودۆخەکەن و لەوە دڵنیان، کە چیرۆکەکە بەوەندە کۆتایی نایەت. مەجید و دڵسۆز پێشمەرگە نەماون و ئوتۆمبێلێکی لەندەوێریان کڕیوە و لە رێگای سەردەشت- قاسمەڕەش موسافیر و نەفەرات دەگوازنەوە. ئەوان بە چەند مانگ جارێک سەردانی سونێ دەکەن و لە گەڵ کەماڵ و ئاشنا کۆنەکان کۆدەبنەوە. مەجید و دڵسۆز بەنیازن بەرەو سوئێد سەفەرکەن، بەڵام هەتا ساڵی داهاتووش سەبر دەکەن. لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆری باشووری کوردستان بە سڤیل و پێشمەرگە بە رێگای سونێدا دەگەڕێنەوە و لە رادیۆی کوردیی بەغدا بە دەنگی مەزهەری خالقی گۆڕانی "ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم"یان بۆ سەدپات دەکەنەوە. بەشێکی زۆر لەو خەڵکە لە سونێ لە بازاڕەکاندا لادەدا و دوا هەناسەکانی ئازاد هەڵدەمژێ. کەماڵ بۆ هەڵسەنگاندنی ئیرادە و تێگەیشتنیان لە بازاڕدا دەگەڕێ و وردە پرسیاریان لێدەکات. ناوبراو، کۆنە ئاشنایەکی بە ناوی عەلی دەدوێنێ، کە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەنیازە بە ماڵ و منداڵەوە بگەڕێتەوە. عەلی روخسار و زمانی وەک جاران کراوە نین و تەنیا ئەوەندە دەڵێ، کە کاکە بەداخەوە رێگاکانی دیکە داخراون. کەماڵ پرسیار دەکات، بۆ کوێ دەگەڕێیەوە و ئەدی ئێمە چ بکەین؟ عەلی بە پێکەنینەوە وڵام دەداتەوە، کە شۆڕش ساڵێک و دوو ساڵان خۆشە. ئێمە لە شۆڕش دەربازبووین و ساغبووینەوە، کە مامە سەددام بە کڵاشینکۆفی ژەنگاوی ئێمە ناڕوخێ. بە ناشکوری نەبێ، ئەو ئێرانە هیچ و پوچەش بۆ ژیانی ئازاد نابێ و ئەگەر دەچەوسێینەوە با بگەڕێینەوە سەر خاکی خۆمان. کاک کەماڵ، وەکی ئەمن تێگەیشتووم ئێوەش بە لایەکدا دەکەون و ئەو سنوورە ئاوا کراوە و ئازاد نابن. ئەگەر بە قسەی برای خۆت دەکەی، ئەتۆش لە گەڵ ئاخوندەکان ئاشتبەوە یان بۆ خاریجەی بڕۆ. ئەمن ئەگەر ژن و منداڵم نەدەبوون، هەرگیز نەدەگەڕامەوە. ئێمە جەماعەتێکی زگورتیمان هەبوون، کە بە قاچاخ بەرەو سوید و بڕیتانیا رۆیشتن و شوکر بۆ خوا تۆش ژنت نەهێناوە و کاکە خۆت لەو قاسمەڕەش، نۆکان، زەڵێ، سونێ و قەندیل رزگار بکە. شەڕی حکومەت بەو چەکانەی ئێمە ناکرێ. ئەگەر دەوڵەتێکی گەورە لە عێراق نەدا، کوا بە چەکی من و تۆ دەڕووخێ؟ کاکە ئەگەر رێگای هاتنەخوارت هەبوو، لە شەقامی سەرەکی رانیە لە هەر دووکانداریک پرسیار بکەی بنەماڵەی ئێمە دەناسێ. حەزدەکەم میوانی برای خۆت بی و با لە غاباتی رانیە سەرێکی گەرم کەین و دنیا بە خەمان پێکنایە. کەماڵ ماڵئاوایی لێدەکات و بەڵێنی پێدەدات، کە ئەگەر دەرفەتی دەستکەوت لە

داهاتوودا سەردانی دەکات.

بەشێک زۆر لەو باشوورییانەی بە بازگەکەی سونێدا دەگەڕێنەوە لە بازاڕی سونێ نان و کەبابێک دەخۆن و دوا ساتەکانی ئازادیی لەو دۆڵە سیحراوییەدا بەسەردەبەن. سادە و ساکاری بازاڕەکە و چۆنیەتی سازکردنی کەباب و خواردەمەنیەکانی دیکە سەرنجی رێبواران رادەکێشێ. ئاوێکی سازگار بە سۆندە لە نێوان ریزە دوکانەکاندا دابەشکراوە و رێبوار و میوانەکان لە گەرمای هاویندا بەو ئاوە سازگارە دڵیان دەگەشێتەوە و ئارەقەی رێگایان دەسڕنەوە. ئەو هاوینە چەند چالاکیەکی بەرچاو لە ناوچەکانی سنە، مەریوان، بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت، رەبەت و بانە کراون، بەڵام پرسی کوردەکان و خەباتەکەیان زیاتر لە جاران بەرپرسانی ئێران و ئاخوندەکانی بەخۆوە سەرقاڵ کردوە. ئەوان وەک رابردوو بە بیانووی شەڕی ئێران و عێراق ناتوانن راستییەکانی شەڕی کوردستان بشارنەوە و دایک و بابە ئازەریی وفارسی زمانەکان بە پاکسازی رێگای کەربەلا و قودس هەڵخەڵیتێنن. چیرۆکە کۆنەکان کاڵ دەبنەوە و خەڵک وەک سەردەمی شەڕی هەشت ساڵە باوەڕ بە وتە و دەربڕینە پێچەوانەکانی بەرپرسان ناکەن. خەڵکی ئێران و عێراق ئاهێکیان هاتۆتەبەر و لە ژێر ترسی شەڕی ماڵوێرانکەر رزگاریان بوە، بەڵام دوارۆژی دوو وڵات تاریک و لێڵە. ئاخوندەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر ئیرادەی خەڵکی ناڕازی لە هاوینی رابردوودا بە هەزاران زیندانیان لە سێدارەدا و چیرۆکی مەرگیان بە گوێی بەندیخانەکاندا گوتەوە. ئەوان بۆ ترساندنی خەڵکی ئێران و ناڕازییەکان بە دەستێکی ئاسنین لە سەری ئەو خەڵکە دەدەن، کە پرسیار لە سەر جەوهەری نیزام و سیاسەتەکانی دەکەن. لە عێراق بەعسییەکان زیاتر لە رابردوو بەربوونە گیانی خەڵک و سنوورەکانی ژیان بەردەوام بەرتەسکتر دەبنەوە. موختارەکانی گەڕەک وەک سەگی هاری شوانەکان لە کۆڵانەکان دەگەڕێن و دەزگا سیخوڕییەکانی وەک موخابرات و ئیستخبارات ئیرادەی خەڵکیان زنجیرکردوە. کۆڵان و شەقامەکان پڕن لە بێدەنگی و ناڕەزایەتی خەڵک و ناڕازییەکان لە بەردەم گەرمای تەمووزی سەرکەوت و ستەمدا بالاناکات.

سیخوڕەکانی رێژیمی بەعس و ئاخوندی لە گوند و شارەکان رایەڵکەی پانوپۆڕی لەداوخستنی جیابیرانیان ساز و ئامادەکردوە و لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێنەوە. ژمارەی ساڵەکان بە ئاسانی دەگۆڕین و بۆ ژن و پیاوە گەڕاوەکان تێپەڕینی کات زۆر خێرایە. کەماڵ کە بیر لە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی دەکاتەوە، مانگەکان زۆر بە زەحمەت تێدەپەڕین، بەڵام ئێستا چەرخی زەمانە گۆڕاوە و بە خێراییەکی زۆرتر ساڵەکان تێدەپەڕن. گژەبای پاییز، تەمەن و شەڕ لە سەر چیاکان شۆڕدەبنەوە و بۆ

گەیشتن بە مەڵبەندەکانی دیکە بە دۆڵەکاندا خۆیان لوور دەدەن و پووش و پەڵاشی سەر ڕێگایانە بەرەو بەرزاییەکانی ئاسمان تووڕهەڵدەدەن.

مزڵەکەی کەماڵ وەک جاران نەماوە و بنکە و بارەگاکانی دێموکراڕات ڕەنگی جارانیان نییە. بنکەیەکی کۆمەڵە لە خوار بازگەکەی سەرەوەی سونێ دانراوە و جاروبار سەردانی بازاڕی سونێ دەکەن، بەڵام پێوەندییان لە گەڵ پێشمەرگەکانی دێموکراڕات ئاسایی نییە. ئەوان لە گەڵ دێموکراتی ناسراو بە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، دۆستایەتیان هەیە. کۆمەڵە، خەباتی پێشمەرگانە و چەکداری بە کردەوە کۆتایی پێهێناوە. ئەوان گەیشتوونە لوتکەی تەقینەوە و ڕووداوەکانی جیهانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی ڕەنگە لە ڕابردوو لاوازتریان بکات. کەماڵ لەو ماوەیەدا ڕۆژێک لە بەردەرگای مزڵەکەی دوو چەکداری کۆمەڵە دەبینێ، کە یەکێکیان خۆی بە ئەمیر کرماشانی دەناسێنێ. ئەو بەخێرهاتنیان دەکات و لە بەردەم مزڵەکەی دادەنیشن. کەماڵ چەند قوتوە ماسییەک لە تاوەیەکی فافۆن دەکات و هێندێک ڕووب و پیاوازیان تێدەکات و لە گەڵ نانێکی ئاوکراو لەبەردەم میوانەکانی دادەنێ. ئەمیر کرماشانی سەرەتا دەپرسێ، کە ئایا نامەکەی کاوەیان بەدەست گەیشتوە؟ کەماڵ دەستخۆشی لێدەکات و دەڵێ، بەڵێ لە شاری قەڵادزێ لە لایەن بەرپرسێکی کۆمەڵە بەدەستمان گەیشت. ئەوان لە کاتی نانخواردندا گلەییەکی زۆر لە سەرکردایەتی حیزبەکان دەکەن، کە کوڕی خەڵکیان بە ناوی جیاواز بەشەڕدا. کەماڵ لە گەڵ ئەمیر دمەتەقەیەکی زۆر دەکات و ڕادگەیەنێ، کە ئەگەرچی پێشمەرگە نەماوە، بەڵام ڕاستییەکان و بەستێنی هەڵگریساندنی ئەو شەڕە بە ئاسانی ناشاردرێنەوە. ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین و هەموو لایەک بە قازانجی خۆیان بەکارمان دێنن. ئایا ئەتۆ لێرە لە سونێ بەرگری لە کاکی لۆپزی ئەمریکای لاتین و ڕەزای ئازەری لە شیرکەتی نەوتی بەندەرعەباس و کرێکارانی ڕێگای ئاسنی تاران دەکەیت، هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە، کە ئەو کرێکارانە بۆچی پشتیوانی لە کرێکارانی کوردستان و مافی خەڵکی هەژارانی ئەو خاکە ناکەن؟ ئایا هەتا ئەمڕۆ کرێکارێک، سەرمایەدارێک، سۆسیالیست و بورژوایەکی فارس و تورک لە سەر مافی کوردان بەرژەوەندییەکانی خۆیان فیداکردووە؟ ئێمە بۆچی لە سەر خاکی خۆمان دەبێ شەڕی بەرژەوەندیی چەند کەسێک بکەین، کە بە کوردستان و خەڵکەکەی نامۆن؟ شەڕی وشەکان و داتاشینی ئێۆری مارکسیستی، لێنینیستی و ستالینیستی و تەنانەت مائۆیستی چ کێشەیەکی ئێمە چارەسەر دەکەن؟ ئایا سێگۆشەکەی موهتەدی بەهەشتێکی بۆ کرێکارانی کوردستان و چینی زەحمەتکێشان سازکرد؟ ئەمن نەچوومە ڕۆژئاوا و ئوروپا،بەڵام بەشێک لە دۆستان و هاوڕێیان

دەگێڕنەوە، کە خەڵک لە ئورووپای ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا رادەکەن. ئەگەر بیروباوەڕی ئێوە یان ئەوان ڕاستە، بۆچی لە کردەوەدا خەڵک و هاوڵاتیان بەختەوەر ناژین و لە وڵاتە بە ناو سۆسیالیستییەکان بەرەو وڵاتە سۆسیالدێموکراسییەکان هەڵدێن؟ ئەمیر کرماشانی ئەو پرسیارانە بە قورس پێناسەدەکات و دەپرسێ با لەو پرسیارە گرینگ و قورسانە خۆمان رزگاربکەین و بپرسین، بۆچی حیزبی دێموکراتی ئێمەی بە دوژمن دەناساند؟ لە سەر چ بناخەیەک ئەوان حیزبی سەرەکی و مەغرووی کوردستان بوون و بە ناوی خەڵکی کوردەوە لێدوانیان دەدا؟ ئەگەر ئێمە ئەزموونی سیاسەت و حیزبایەتیمان نەبو، بۆچی دیموکراتی ڕێگا دروستەکەی پێشانی سەرکردەکانی ئێمە نەدەدا و لە سازبوونی شەڕ خۆی نەدەپاراست؟ کەماڵ بە پێکەنینەوە دەڵێت، کاک ئەمیر تۆ ئەو کات لە گەڵ ڕووداوەکان نەبووی و دواتر ئەو پڕوپاگەندەیەت خوێندۆتەوە یان بیستوتە. ئەمن لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو لێکترازانەم و زۆر هەوڵدرا، کە کۆمەڵە لەو ڕۆژگارە دژوارەدا هاوکاربێ، بەڵام کۆمەڵە ئامادەی گوێگرتن نەبوو. ئەوان خۆیان بە پێشڕەو و داکۆکیکاری مافی زەحمەتکێشان دەناساند و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا ئێمەیان بە بورژوا و دژ بە چینی کرێکار دەناساند. بەشێک لەوان شەڕی ئێمەیان لە شەڕی پاسدارەکان بە گرینگتر دەزانی و لەو شوینانەی باڵادەستبوون بە کەیفی خۆیان دەجوڵانەوە. ئەمن لە تۆ دەپرسم، ئایا کە حیزب ژن بە ژنەی قەدەغەکردبو، بۆچی کۆمەڵە ئەو کارەی حیزبی هەڵدەوەشاندەوە و بەڵگەنامەی بۆ ژن بە ژنە دەدانێ؟ لە کێشەی نێوان ئاغا و وەرزێڕەکاندا دژ بە سیاسەتی حیزب دەجوڵایەوە و زیاتر حەزی لە دژایەتی حیزب دەکرد، نەک نێوەرۆکی بڕیارەکان. ئەمیر و هاوڕێکەی لەو کۆبوونەوەدا ئاماژەدەکەن، کە رابردوو تازە چاک ناکرێتەوە و باشتر وایە ئەمڕۆ و دوارۆژ لەو سیاسەتە شەڕئەنگێزانە دوور ڕاگیرین. کاکە ئەتۆ لەو وڵاتە دەبێ خەڵک لە گەڵ مافی هاوڵاتیبوون و هەروەها ئازادییەکان ئاشنابکەی و بە شوعار و دروشم هیچ کارێک جێبەجێ نابێ. وتەکانی کەماڵ و ئەمیر کرماشانی درێژەیان هەیە، کە حوسێن و مستەفا لە دوورەوە هاواریان دەکرد، کەماڵ مزڵەکەت ماوە؟ بۆچی دەنگت نییە؟ نەکا، ئەتۆش تێکەڵ بە برادەرانی چینی کرێکار و کۆمەڵە ببی؟ کەماڵ کۆتایی بە دمەتەقێ لە گەڵ ئەمیر هێنا و بە دەنگی بەرز هاواری کرد، ئێرە دەنگی شۆڕشی ئێرانە و دەنگی شۆڕشی ئێران لە دۆڵێکی سونێ دەبیستن. حوسێن و مستەفا گەیشتنە بەردەرگای مزڵەکە و کاتێک چاویان بە ئەمیر و هاوڕێکەی کەوت، گوتیان ئەوە کاکی کۆمەڵە لێرەن؟ چەند ڕۆژ پێش ئەو برادەرەم لە بازاڕ دیت، کە سڵاوی لە خەڵک دەکرد و خەڵک بایکۆتی سڵاوەکانیان کردبوون. پێشمەرگەکەی دیکەی کۆمەڵە، کە خاڵکی ناوچەی موکریانە بۆ پێکەنین گوتی میوان، میوانی دەدزا و خانەخوێ هەردووکیان. ئەمیر هەتا

خانەخوێش دەنگی نەداوین با خۆمان قوتارکەین. کەماڵ چیرۆکی ناسینی ئەمیر و کاوەی بۆ حوسێن و مستەفا گێڕایەوە. کە رووداوی کوژرانی کاوە هاتەگۆڕێ هەموویان بێدەنگبوون و کۆتاییان بەو دمەتەقەیە هێنا. پێشمەرگەکانی دیموکراتی لەو ماوەیەدا بۆ تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملو خەمبارن. حوسێن و مستەفا ماوەیەکی زۆرە کە بە شێوازی کۆن و خۆماڵی بۆ لەدەستدانی قاسملوو و هاوڕێکانی تازیەبارن. ئەوان جلوبەرگی رەشیان پۆشیوە و ریشان هێشتۆتەوە. رووداوی تیرۆری قاسملوو لە لایەن کاربەدەستان و پاسدارەکانی رێژیم لە شاری ڤییەنی ئوتریش رێکخرا. ئەو بەناو وتوێژە سەرەتا بە ناوبژیوانی تاڵەبانی بەستێنەکانی ئامادە کران و ئێرانییەکان و قاسملووی دیداریان کرد. دواتر ئێرانییەکان لە چلەی مردنی خومەینیدا کاری خۆیان کرد و بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان داخکرد. سیاسەتکارە کوردەکان جارێکی دیکە کەوتنە داوی فارسەکان و لە جەرگەی رۆژئاوادا لە سەر مێزی بەناو دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تیرۆرکران.

قاسملوو لە چلەی مەرگی گورگە پیری جەماران بە دەستی غەدر و خەیانەت تیرۆر دەکرێ. دوو مرۆڤی جیاواز، کە یەکەمیان دیکتاتۆر و دووهەمیان پێشمەرگەیەکی رێگای مافی نەتەوەکەی و دیپلۆماتێکی شارەزاکەی کورد. کەماڵ، مستەفا و حوسێن پاش رۆیشتنی کۆمەڵەکان تەتەڵەی رووداوی تیرۆری قاسملوو دەکەن. ئەوان لەو هاوکێشەیە ناگەن، کە کە قاسملوو بۆچی پاش ئەزموونێکی دوور و درێژ لە گەڵ فارسەکان و هەروەها ئاگاداربوون لە سیاسەتی رەشەکوژی ئەوان لە ماوەی رابردوودا بە ئاسانی لە ڤییەن تیرۆر دەکرێ. مستەفا گومانی لە کوردەکانە و باوەڕمەندە، کە تاڵەبانی بەرپرسیارەتی نەتەوەیی لە سەر شانەوە پێویستە ئەستۆپاکی خۆی لەو رووداوە بسەلمێنێ. ناوبراو لە سەرەتادا ئێرانییەکان و قاسملووی بە یەکتر گەیانداوە و ناکرێ ناوبراو بە ئاسانی و بە چەند قسەیەک خۆی لە رووداوەکە بدزێتەوە. بە باوەڕی حوسێن رووداوەکە زۆر مژاوییە و پیاو نازانێ چۆن قسەی لەسەر بکات. کوڕینە، ئەو فازڵ رەسووڵە کێیە؟ نازانم ئەرک و بەرپرسایەتی ناوبراو لەو کۆبوونەوەدا چییە؟ لەو پێوەندییەدا زۆر پرسیاری گەورە بەرۆکی حیزب و سەرکردایەتی دەگرن، کە کۆمیتەی حیزب لە ڤییەن بۆچی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارنەبوون و ئاگادارنەکراون؟ بە تێگەیشتنی کەماڵ ئەو کارە زۆر شارەزایانە کراوە و زۆر وەستایانە تیرۆرەکە ئەنجام دراوە. کوڕینە، کەس سەری لەو هاوکێشەیە دەرناچێ! لە سەر چ بناخەیەک قاسملوو لە گەڵ چەند پاسدار دیپلۆماتێک دادەنیشێ، کە کاریان تەنیا

سەرکوت و کوشـــتنی مرۆڤـــی کـــورد و نەتەوەکانی دیکەیە؟ حوســـێن، مســـتەفا و کەماڵ لە سەر ئەو قەناعەتەن، کە قاسملوو بە ئاسانی رۆیشت و بارودۆخی کوردی رۆژهەڵات لە دوای تیرۆری ناوبراو خەراپتر دەبێ. کەماڵ خەبەری بەشی کوردی موجاهیدی خەڵق و هەروەها رێبەرایەتی شۆڕشگێر لە سەر ئەو رووداوانە دەگێڕێتەوە، کە چەنـــــدە بە شـــــێوازێکی نەگونجاو تانە لە قاســـــملوو دەدەن و رادەگەیەنن، کە بۆ وەرگرتنی ئەمانەتنامە چۆتە ڤییەن. مستەفا بە دەربڕین و راگەیاندنی موجاهید و رێبەرایەتی شۆڕشگێر تورەیە و دەپرسێت: هەتا قاسملوو هەبوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ لە مێژووی ئەمڕۆی کورددا کوا قاسملوویەکی دیکە؟ ئەوانە لە کوێ و قاسملوو لە کوێ؟

بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسییەکان دەترسن، کە ئێران و عێراق بسازێن و گۆڕەپانەکە لە کوردان تەنگەبەربێ و ژینگەیەکی دژوار بۆ کوردی رۆژهەڵات و باشوور سازبێ. حوسێن لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە سەددام بێ شەڕ ناژیت و ساڵێکی دیکە بەزمێکی تازە دەنێتەوە و بۆ کورد رەنگە بەخێر بشکێتەوە. مامە سەددام هەتا ماوە ناتوانێ لە گەڵ ئاخوندەکان بە تەواوەتی ئاشتبێتەوە و خوێنێکی زۆر لە نێوان دوو دەڵەت و بە تایبەت بەعسی عێراق و ئاخوندەکانـدا هەیە. ئەگەر ئەوان بە ئاسانی بەسەر ئەو خوێنەدا بازیانـــــــــــدا و لاپەڕەیەکی دیکەیان هەڵدایەوە، ئێمەش خەباتەکەمان وەک قوتابخانەی گەورەساڵان دادەخەین. کاکە ئەمن بە تیرۆری قاسملوو زۆر تێکچووم و پێوەندی ئێران و عێراق لە دەست ئێمەدا نییە و هەر گرینگی پێنادەم. کادر و پێشمەرگە کۆنەکان ئەو رۆژانە لە دووپاتبوونەوەی رووداوە کۆنەکان ترساون و مام خدر رۆژانە لە دێبەرەکەی تەنیشت مەقەڕی بەردەوام دەڵێ، خوایە بەخێری گێڕی و رەنج بە خەسارمان نەکەی. ئەوەش زولمی رۆژگارە، کە قاسملوو دەڕوات و بێکەڵکەکانیش لێرەو لەوێ دڵخۆشن. ئەوان نازانن، کە کۆماری تیرۆر زەبرێکی گەورەی لە کورد داوە و تەنیا قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن. بەخوای، ئەو کوردە چاک نابێ و لەو رۆژەی، کە خوای تەبارەک و تەعالا خەڵقی کردوە، تەنیا خەریکی خۆخۆری و شەڕی نێوخۆیە. ئەگەر کورد ساڵح و سەلیم دەبوون، ئێمەش تەیارە و تەختی جمهوری و پایتەخت و دەوڵەتمان دەبوون.

کەسابەت لە کزی داوە و دۆڵە پڕ لە کاسبکار،سیاسەتکار و چەکدارەکە کوردەکان چاوەڕوانی رۆژانی سارد و سڕە. عێراق و ئێران لە سەر پاراستنی سنوورەکان وردە هاوکاری یەکتر دەکەن، بەڵام تەواو و جێگیر نییە. خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی باشتر لە رێژیمەکانیان ناکەن، بەڵام بەڵای شەڕیان لە کۆڵبۆتەوە. لە تاران کەسانی وەک رەفسەنجانی کە سەردەستەی تیرۆریستەکانە باس لە ئاوەدانی و

قۆناخی دوای شەڕەکات. عەلی خامنەیی بۆتە جێگرەوەی خومەینی و سپا بۆتە دەزگایەکی گەورەی بازرگانی و سیاسی، کە پارێزگاری لە سیستم و رێبەری دەکات. دەزگای سیخوڕی ئیتلاعات لە رابردوو زۆرتر هەڕەشە لە جیابیران دەکات و لە کولەکەی تەڕیشدا بانگی مافخوازی کوردان لە نێوخۆدا لێنادرێ. خەڵکی کوردستان لە گەڕانەوە و سەرکەوتنی کوردەکان بە سەر هێزەکانی رێژیمدا دڵساردن. ئەوان بە زمانی ئاسایی رادەگەیەنن، کە ئاخوندەکان بە ئاسانی لە سەر کورسیەکە ناڕۆن و گۆڕینی نیزام خوێنێکی زۆری دەوێ.

دەنگی رادیۆی هێزە کوردییەکان و وتارە سیاسییەکانیان تین و تەوژمی جارانیان نەماوە. رێژیم لە دەرەوەی وڵات کەسایەتییەکی وەک قاسملووی تیرۆرکردوە و زەبری گەورەی لە دێموکرات وەشاندوە. موجاهیدەکان لە دوای هەڵلای فروغی جاویدان کە لە نێو کوردانـدا بە دروغی جاویدان ناوبانگی دەرکرد، لە ژێر سێبەری بەعسدا ماونەوە و هیچ بژاردەیەکیان نەماوە. ئەوان بە درووشمی ئەمڕۆ مێهران سبەینێ تاران چەکدارێکی زۆریان کردە قوربانی خەون و خەیاڵ. چەپەکان هێزێکی پەرتەوازەن و کەوتوونە نێو بازنەی تازەی لێکدانەوەکانی گۆرباچۆف و جیهان خەریکە روخساردەگۆڕێ. دیواری بێرلین دەڕووخێ و بەرەی سۆسیالیستەکان لە بەر تین و گۆڕی بەرەی رۆژئاواییەکانی هەڵگری بیری لیبڕالیزم و ئازادی بازاڕ خۆڕاناگرن. شەڕی ساردی نێوان دوو بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە سەرکردایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت گەرمی جارانی نەماوە. یەکێتی سۆڤییەت لە بەردەم داخوازی سەربەخۆیی ژمارەیەک لە کۆمارەکاندا پشتی چەماوەتەوە و ئەمریکا خۆی بە سوارچاکی جیهان دەبینێ.

ئێران و عێراق رێکەوتننامەی ئاشتیان مۆردەکەن و کاروباری گۆڕینەوەی زیاتر لە سەت هەزار دیلی شەڕ دەست پێدەکات. مام کەریم، خدری پیرۆتی، برایمی مەلا، رەحمان و عەبدوڵلا لە گەڵ ئازادکراوەکاندان و لە مانگی دووهەمی هاویندا بە دیداری کەسوکاری خۆیان شاد دەبنەوە. ئەوان وەک ئازادە گەڕاونەوە و بەشێکیان لە زیندان فێری خویندن و نووسین بوون، مام کەریم دەگەێتەوە و بە دیداری زارای هاوسەریی و هەروەها لەیلا و شیرین شاد دەبێتەوە. چەند رۆژێک خزم و ناسیاوەکان و هەروەها جیرانەکان سەردانی ماڵی مام کەریم دەکەن و شادیی خۆیان لە گەڕانەوەی ناوبراو و کاروانچیەکانی دیکە دەدەبڕن. مام کەریم کوڕەکانی لە کۆڕی ماڵەوەدا نابینێ و چەند جارێک پرسیاری سەلامەتی کوڕەکان دەکات. زارا لە سەرەتادا تەنیا ئەوەندە ئاشکرا دەکات، کە کوڕەکان باشن، بەڵام

ئەو رستەیە قەناعەت بە مام کەریم ناکات. ناوبراو داوا لە لەیلا دەکات، کە هیچ خەبەرێکی لێ نەشارنەوە و بە راشکاوی هەموو شتێک باس بکەن. لەیلا هەڵوێستەیەک دەکات و دەڵێ، بابە کەماڵ ماوەیەکە چەکی داناوە و لە سونێ کاسبی دەکات، بەڵام کاوە بەداخەوە لە بەری رەبەتێ لە شەڕ لە گەڵ پێشمەرگەی دێموکراتی کوژراوە. مام کەریم چاوەکانی پڕ لە ئاو دەبن و چەند جارێک پڕ بە زاری جنێو بە بازرگانەکانی سیاسەت دەدات. مام کەریم ماوەی دە ساڵی تەمەنی لە بەندیخانەکانی رێژیم بەعسدا تیپەڕکرد و لە پێناوی پارەدا بە دەستی کوردە خاکفرۆشەکانی سەر بە بەعس فرۆشرا. ناوبراو رقی لە هەموو هێز و لایەنێک دەبێتەوە و باوەڕی بە هیچ حیزب و رێکخراوێک نەماوە. کە چیرۆکی کاوەی بۆ دەگێڕنەوە لە سەر راخەری ماڵ دەکەوێت. خاڵە مینە و ئاڵتون لەو رۆژانەدا ماڵی مام کەریم چۆڵ ناکەن. کاتێک مام کەریم بۆ کاوە هاوار دەکات، خاڵە مینە، مام کەریم ئارام دەکاتەوە و پێیدەڵێت، کە ئەوانیش کوڕەکەیان لە سەر کوردایەتی گیانی ئەسپاردوە. ئاڵتون داوا لە مام کەریم دەکات، کە بە بەشی خوا شوکر بێت و لەو ماوەیەدا زۆر بنەماڵە داخدار و خەمبار ماونەوە. سەردانی قەبرستانی شار بکە و بزانە چەندە کێڵی تازە و قەبری ژن، منداڵ و پیاوان دەبینی. ئێمە ئەو ساڵانە وەک لە بەندیخانە ژیابین و ئەمن و خاڵە مینە لە دوای شەهیدبوونی پەرویز رۆژگارێکی ناخۆشمان تێپەڕ کردوە. هەتا ئەمڕۆ نەگونجاوە تەرمەکەی لە گوندی بژێوێ بگوازینەوە. بەداخەوە کاوەی ئێوەش وەک پەرویزی کوڕمان ماڵئاوایی لێکردین. ئەوەی کاوە تاڵترە، چوونکە کوژرانی کورد بە دەستی کورد ئازاری زۆرترە. مام کەریم بە بیستنی ئەو چیرۆکانە جەستە و دەروونی دەکوڵێ و جنێو بە ئاسمان و زەوی دەدات. ناوبراو لە شیرین و منداڵەکەی دەپرسێ، کە بابیان بۆ دیار نییە. خاڵە مینە ئەو چیرۆکەش دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکات، کە ژیانی براژنە زارا، لەیلا و شیرین خۆشتر کات و بیر لەو رووداوە تاڵاکان نەکەنەوە.

لەدوای رووداوە گەورە و سەرنجڕاکێشەکانی وەک رووخانی دیواری بێرلین و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، سەددام بڕیاری داگیرکردنی کوەیت دەدات. جێبەجێکرانی ئەو کردەوەیە نوختە وەرچەرخانی گرینگ لە مێژووی ناوچەدا بە ئەژماردێ. هێزەکانی عێراقی کوەیتیان داگیرکرد و بەمجۆرە پاداشی چاکەی کوەیتیان دایەوە، کە لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا یارمەتییەکی زۆری عێراقیان کرد. ناوچەکە بەرەو گۆڕانکاری دەڕۆا و ئەمریکا نیزیک بە سی دەوڵەتی دژ بە عێراق لە دەوری یەک کۆکردەوە و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی نیزامیان لە سەددام کرد. بەڕێوەبەرانی عێراق و

بە تایبەت سەددام لـــۆژیکی سیاسەت و دەوڵەتمەداریان بە تەواوەتی لەبیرکرد و وڵامـــی بانگەواز و داخوازییەکانی وڵاتە گەورە و کەسایەتییە جیهانییەکانیان نەدایەوە.

دوای داگیرکردنـــی کـوەیت، هێـزە کوردییەکان لە باشـوور و رۆژهەڵات لە دڵەڕاوکەیەکی زۆردن. هێـزە باشـووریيەکان و بە تایبەت یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بە سەرپەرەسـتی نەوشـیروان مسـتەفا هێـزە پەرتەوازەکەی خۆیان رێکدەخەنەوە و شانەی چەکدارە نێوخۆییەکان بـۆ راپەڕین ئامـادە دەکەن. کەماڵ لە سـونێ هەڵقەنـدراوە و لە گونـدی سـڵێی بنـاری قەنـدیل دەگریسـێتەوە. نـاوبراو لە رێگـای رادیـۆ جیاوازەکانەوە ئاگاداری ئـازادبوونی دیلەکانی شەڕی ئێـران و عێڕاقە، بەڵام خەبەری وردی لەسەر مـام کەریم نییە. هێـزە سیاسـییەکان، دەوڵەتکانی ناوچە و زۆر تـاکی هەڵوەدا چـاوەڕوانی دەرهاویشـتەکانی کۆتـــایی شەڕ دەکەن. کاتێـــک یەکەم گـــورزی سەربازی لە هێـــزە عێڕاقییەکان لە کـــوەیت وەشـــیندرا، خونچەی بـــاوەڕی خەڵک بە بە ســـازبوونی ژینگەیەکی تـــازەی سیاســـی پشـــکوت . کۆنە پێشـــمەرگە، سیاسەتکار و پێشمەرگەکان لە بنکە و مەکۆکانیان لە سەر رووداوەکـان ئـاڵوگۆڕی بیـروڕا دەکەن. کەماڵ لە گوندی سڵێ، وتەی حوسێنی ئـازیزیی هاتەوە بیر، کە لە سونێ دەیگـوت، سەددام سەر بە ئاژواەیە و نـــاتوانێ بێشەڕ و ئـــاژاوە ژیـــان تێپەڕکات. گـــورزە سەربازییەکانی سەر عێـــراق کەمەرشـــکێنن و لە ماوەیەکی چـاوەڕوان نەکراوەدا هێـزە عێڕاقییەکان شـکان و هێـزە رۆژئاواییەکان مەرجەکانی خۆیـان بەسەر سەددام حوسـێندا سەپاند. لە کـاتی شکانی هێـزە عێڕاقییەکان شـیعەکان لە باشـووری عێـراق و کوردەکان لە باشووری کوردستان بارودۆخەکەیان قۆستەوە و راپەڕین لە رانیە دەسـتیپێکرد. راپەڕین لە ماوەیەکی خێـردا شـــار و ئۆردوگاکـــانی باشـــووری تێپەڕانـــد و لە نەورۆزدا گەیشـــتە کەرکوک. هێـــزە کوردییەکان و جەماوەر رەشـــۆکی لە بەعس راپەڕین. ئەوان لە هێرشـــکردنە سەر ئەرتەشـــی شـــکاو و تێکشکاوی بەعسدا ئـازابوون، بەڵام لە قۆنـاخی خۆڕاگریـدا زۆربەی کوردسـتانیان چـۆڵکرد و کـۆڕەوێکی گەورەیان بە ناوی دەرپەڕین بەرێخست. ئەو کۆڕەوە لە کۆتاییدا بە قازانجی کوردەکانی باشوور کۆتایی هات و ناوچەی دژەفڕین لە لایەن هێزە گەورەکانەوە داسەپێندرا.

کەماڵ لەو قۆناخەدا لە گەڵ بەشێک لە کۆنەپێشمەرگەکانی رۆژهەڵات لە رانیە، چوارقورنە، خەلیفان، کۆیە و حاجی ئاوا کـار وکاسبی دەکەن. ئەوان لە ژینگەیەکی داخراو رزگاریـان بـوە، بەڵام زۆر بیریـان لە دوارۆژی ئەو ناوچەیە نەدەکردەوە. هێزە سیاسییەکان بە هـاتنی هێزی هاوپەیمانەکان و بە تایبەت

ناوچەی دژەفڕین شادن و قوڵایی قۆرت و پێچی سیاسەتی وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکانیان نەدەخویندەوە. کرانەوەی سنووری رۆژهەڵات و باشوور، دەرفەتی دیداری کوردە رۆژهەڵاتیی و باشوورییەکانی زیاتر کرد. کەماڵ لە شاری رانیە زۆر کاسبکاری سەردەشت دەبینێ و دڵنیادەبێتەوە، کە مام کەریمی بابی گەڕاوەتەوە. سەرەتاکانی راپەڕین بۆ رۆژهەڵاتییەکان روخساریکی جوان و ئەرێنی هەیە. ناوبراو، لە رێگای یەکێک لە دۆستەکانی داوا لە مام کەریم و دایکی دەکات، کە سەردانی باشوور بکەن و ماوەیەک پێکەوە بەسەربەرن. کەماڵ داوا لە دۆستەکەی دەکات، کە ئەرکی گەیاندنی مام کەریم و دایکی بۆ راپەڕێنێ و هەتا رانیە یا گوندی سڵێ لە گەڵیان بێ. سنوورەکان لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا بەمجۆرە کراوە نەبوون. گوند و شارە رووخاوەکان دوای کۆڕەو ئاوەدان دەکرێنەوە و خەڵک بە شێوازێکی سەرەتایی چواردیوارێکی لە سەر زەوییە کۆنەکان پێکەوە دەنێتەوە. ئەو رۆژانە بۆ خەڵک و بەشێکی زۆر لە کوێخاکانی سیاسەت بە خەون دەچێ، چوونکە هەتا پێش راپەڕین بەشێک لەوان باوەڕیان بە راپەڕین و بەرنامەی ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ سازدانی راپەرین نەدەکرد. دوای راپەڕین ئەوان بە پشتێندی گرێگرێ و جەمەدانەی رەنگاوڕەنگەوە گەڕانەوە و کەوتنە کوتانی دەهۆڵی شۆڕش و خەبات.

خەڵکی گوند و شار بە راپەڕین شادن، بەڵام ئەوان لە بازرگانە سیاسییەکان بەگومانن. دانیشتوانی ناوچەی پشدەر و بیتوێن، باڵەکایەتی و هەولێر لە بیریانە، کە لە سەردەمی تەقوتۆقی بە ناوی ئەیلول بەرپرسە حیزبییەکان و سەرگەورەکانی حیزب چۆن لە گەڵ هاونیشتمان و هاوزمانەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد. بارودۆخ لە باشوور سەقامگیر نییە، بەڵام هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ چەسپاندنی خۆیان چەکدار کۆدەکەنەوە و بە ناوی پێشمەرگە پێناسەیان دەکەن. زۆربەی هێزەکان بۆ پڕکردنی گیرفانی گەورەیان گومرک دادەنێن یان کەلوپەلی جیاواز بۆ دیوی ئێران ئاودیو دەکەن. حیزب هەتا گەورەتر و خاوەن ناوبانگی زیاتر بێ، رێژەی فەرهوودکردن و دەست بەسەر ملک و ماڵی حکومەت داگرتن بەرفراوانترە. حیزبە گەورەکان خەریکی فرۆشتنی کەلوپەلی بەنداوە گەورەکانی وەک بێخمەن و حیزبە چووکەکان فافۆن، زەردە و کەلوپەلی سەربازی و ئۆتۆمبێل ئاودیو دەکەن. ئەوانەی راپەڕینان سەرخست لە ماوەیەکی کورتدا تێدەگەن، کە کورد و حکومەتداری زۆر لە یەکتر دوورن و حیزبە سیاسییەکان لە هۆزە کۆنەکان زۆرتر باوەڕیان بە تاڵان و لۆژیکی هێز هەیە. زۆربەی هێزەکان خۆیان بە یاسا دەزانن و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیاندا هیچ یاسایەکیان قبوڵ نییە. گومرگەکان بە سەرچاوەی داهات دەژمێردرێن و تەوژمی گەندەڵی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر یاسا باوەکاندا زاڵە و خاوەن

دەسەڵاتەکان خاڵە گومرگیەکان کۆنـــــــــــــــــترۆڵ دەکەن. لە زۆربەی ماڵەکان دمەتەقەی سیاسەت و حیزبایەتی گەرمە و وردە وردە تاک، بنەماڵە، هۆز، عەشیرەت و هتد بەسەر حیزبەکاندا دابەشدەبن. کەماڵ و زۆر کەس لە کۆنە پێشـــمەرگەکان رۆژانە دەبینـــن، کە حیـــزب و سەرکردەکانیان چەنـــدە لە بەرامبەر هاوڵاتیاندا خەمساردن و کولتوری زاڵ گیانی تۆڵەسەندنەوەی لە یەکتر بەهێزکردوە.

مام کەریم، زارا، لەیلا و شیرین لە گەڵ منداڵە کچکەی لە گەڵ دۆستەکەی کەماڵ بە رێگای کێلێدا لە سنوور دەپەڕنەوە. مام کەریم لە نیزیک قەڵادزێ شارێک دەبینـێ کە لە سەر زەوی کەوتوە و لە شۆفیری لەندکرۆزێرەکە پرسیاردەکات، کە کاکە ئێرە قەڵادزێیە؟ ناوبرا رێگا نادات، کە شۆفیرەکە وڵامەکەی بداتەوە و درێـــژە بە قسەکانی دەدات. کاکە، ئەو کوردســـتانە سەردەمی سەددامە زێـــرە پـــڕ بـــو، لە خۆفرۆش و کوردفرۆش. کاکە، ئەتۆ کوردی کاروانچی لە سەر کاسبی حەڵاڵ بگریت و بە عەسکەری عێراقی بفرۆشی، چۆن خوا غەزەبت لێناگرێ! بە خالقی ئاسمان و زەمین سوێند دەخۆم، کە زۆربوونی جاش و خۆفرۆش و هەروەها کرچ و کاڵی حیزبە سیاسییەکان سەددامیان هارکرد. شۆفیرەکە ئاگاداری ژیانی مام کەریم نییە و لە پشت سوکان و فەرمانی ئوتۆمبیلەکە چیرۆکی بەر ئاگردان دەگێڕێتەوە. ناوبراو دمانچەیەکی لە بەر پشتێندەکەی ناوە و قسەی گەورە و قەبە دەکات. بە باوەڕی شۆفیرەکە، کورد نەتەوەیەکی قارەمان و خۆڕاگرن و بە هێزی خۆیان سەددامیان لە کوردستان وەدەرنا. ئەو چەند چیرۆکێکی سازکراوی زەین و خەیاڵی خۆی دەگێڕێتەوە، کە کەس بڕوای پێناکات. مام کەریم هاوبیری شۆفیر نییە و بە راشکاوەی رادەگەیەنێ، کە ئەگەر سەددام کوەیتی نەدەگرت و بۆش و دەوڵەتان لە سەددامیان نەدەدا، بە عومراتت چاوت بە پشدەر نەدەکەوتەوە. کاکە کوردی قارەمانی چی؟ ئەمن لەسەر ئەو کوردە قارەمانەی تۆ، دە ساڵی رەبەق لە بەندیخانەی سەددامدا مامەوە. ئێوە ماوەیەک لەوەپێش بە تێکڕا لە بەر چەند کۆپەتەر و دەبابە بە جۆریک هەڵاتن، کە لە مێژووی کورددا وێنەی نییە. پورە زارا، لەیلا، شیرین و کچەکەی لە گەڵ دۆستی کەماڵی بە ناوی ئەبوبەکر لەو دمەتەقەیە ماندوون. ئەبوبەکر داوا لە شۆفیرەکە دەکات، کە گۆرانیەکی حەمەی ماملێ، حەسەن زیرەک یان حەیرانێکی خلەدرزی لە سیاسەت خۆشترە. ئەو کوردە بە ئاسانی چاری ناکرێ و بەخوا رەنگە کورد لە نەوەی هابیل و قابیل بن و بە یەکتر کوشتن خۆیان بەسەرکەوتوو بزانن. شۆفیرەکە گۆرانیەکی حەمەی ماملێ دەخاتەسەر و مووسافیرەکان بێدەنگ دەبن. مام کەریم جاروبار دەپرسێ، کاک بەکرە، چەند سەعاتی دیکە دەگەینە گوندی سڵێ. شۆفیرەکە بۆ پەیدا کردنی نانی زیاتر پێشنیاردەکات، ئەگەر

پارەیەکی زیاتری بدەنێ، راستەخۆ هەتا گوندی سڵێ دەڕوات. شۆفیرەکە کوردە رۆژهەڵاتییەکان بە پارەخۆشەویست ناودەبات، کە لە سەر پارەی نەفەرات زۆر قسەدەکەن. پورە زارا بە وتەی شۆفیرەکە تووڕە دەبێت و دەڵێ، کاکە ئەرێ تۆ عەیب ناکەی؟ ئەگەر ئێمە پارەخۆشەویستین، ئەدی تۆ چی؟ ئەگەر تۆ پارەپەرەست نیت، دەفەرموو کەمتر لە خەڵکی پارە وەربگرە. خودا دەزانێ لە سەر ئەو رێگایانە لەبەر ئەو سوورەتاوەی بمرم، لە گەڵ تۆ ناچمە قەندیلی.

مام کەریم و پورە زارا لە رانیە دادەبزن و بە ئوتومبیلێکی دیکە بەرەو بناری قەندیل و گوندی سڵێ دەڕۆن. شیرین و لەیلا لە دۆڵ و بەرزاییەکانی قەندیلیان دەڕوانی و بیریان لە ژیانی خۆیان دەکردەوە. ئەوان یەکەمجارە پێکەوە لە شار دەردەکەون. لەیلا و دایکی لە رابردوودا زۆر ناوچە گەڕاون و ئەزموونێکی زیاتریان لەسەر خەڵک و ناوچەکان هەیە. ئەوان بە درێژایی رێگا هەتا دەگەنە گوندی سڵێ لە سەر سەفەرەکەیان دەدوێن. مام کەریم سوێند دەخوات، ئەگەر کەماڵی کوڕی لەو خاکەدا نەبوایە، هەرگیز ئاوی ئەو خاکەی نەدەخواردەوە. ناوبراو بە درێژایی رێگا چاوی بڕیوەتە ئەو ساڵانەی کە لە بەندیخانەی بەعسدا ژیاوە و ئەو رۆژە لەبیر ناکات، کە جلوبەرگی سەربازی ئێرانیان بە زۆر لەبەر کرد و بەمجۆرە لە ژیانی ئاسایی و منداڵەکانیان دابڕی. پاشنیوەڕۆی ناوەڕاستی مانگی پووشپەڕ لە لەندکرۆزێرە کۆن و تۆزاویەکە دابەزن و بە یەکەوە بەرەو ماڵەکانی سڵێ هەنگاو هەڵدەگرن. ئەوان لە سەرەتای گوندەکە پرسیاری کەماڵی مام کەریمی دەکەن و یەکێک لە دانیشتوانی گوند هەتا بەردەرگایان دەبات. کەماڵ بە دیتنی مام کەریم و ئەندامانی ماڵەوە زۆر دەگەشێتەوە. ناوبراو زیاتر لە دە ساڵە لە بابی دابڕاوە و بنەماڵەکەیان لەو ماوەیەدا چەند رووداوی ناخۆشی بەسەرهاتووە. کەماڵ بەخێرهاتنی دایک و خوشکەکانی دەکات و دەستخۆشی لە ئەبوبەکری هاوڕێی دەکات، کە ئەو ئەرکەی راپەڕاندوە. مزڵەکەی کەماڵ دیو و دالانێکە و بە فۆرمی کۆنی گوندەکان سازکراوە، بەڵام لەو گوندە وەک باڵەخانەیەکی رازاوە دەنوێنێ. بناری قەندیل و ئاوهەوای سازگاری ئەو ناوچەیە زۆربەی کەموکوڕییەکانی ژیان پڕدەکاتەوە و مرۆڤ لەو ژینگەیەدا هەست بە ژیانێکی بەختەوەر دەکات. ئەو ئێوارەیە بەشێکی زۆر لە ئاشنا و دۆستەکانی کەماڵ بۆ دیداری باوک و دایکی هاتن. ژمارەیەک لە جیرانەکان داوادەکەن، کە بۆ خواردنی نانی ئێوارە میوانیان بن، بەڵام لەیلا و شیرین لە ماوەیەکی کەمدا خواردنێکی ساکاریان سازکرد. مام کەریم ئەو ئێوارەیە هەتا کاتی خەوتن چیرۆک و بەسەرهاتی خۆی بۆ کەماڵ و میوانەکان دەگێڕێتەوە. کەماڵ لە بەرچاوی بابی روخساری زۆر گۆڕاوە و قەت بیری

نەکردەوە رۆژگار بەو خێراییە تۆزی تەمەن بەسەر و سیمای منداڵەکانیدا بپڕژێنێ. ئەبوبەکر بەیانی مام کەریم و کەماڵ جێدێڵێ و بەئوتۆمبیلی نەفەرات بەرەو رانیە و دواتر سەردەشت دەگەڕێتەوە. رۆژی یەکەم بەشێکی زۆر لە دۆستان و کۆنە هاوڕێکانی کەماڵ سەردانیان دەکەن.مستەفا و حوسێنی ئازیزی دوو رۆژان میوانی کەماڵ دەبن و کاتێکی خۆش بە یەکەوە تێپەڕدەکەن. وەستا مستەفا مانگێکی دیکە بەرەو یەکێک لە وڵاتانی رۆژئاوایی سەفەر دەکات، بۆیە دڵەڕاوکەی خۆگونجاندن لە گەڵ کولتوری رۆژئاوای هەیە. مستەفا داوا لە مام کەریم دەکات، ئەگەر گەڕایەوە سەردانی باب و دایکی بکات و لەو سەفەرە ئاگاداریان بکاتەوە. مام کەریم کە چاوی بە لاقی وەستا مستەفا دەکەوێ و بیر لە کاوەی کوڕیی و کوڕی خاڵەمینە و هەزاران شەهیدی دەیکە دەکاتەوە، هیچ وشەیەکی گونجاو بۆ ئەو خەم و ژانە نادۆزێتەوە. حوسێنی ئازیزێ بۆ دڵخۆشکردنی مام کەریم و پورە زارا بیرەوەری خۆش و ناخۆش لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەگێڕێتەوە. رۆژ و شەوانی بناری قەندیل بۆ میوانەکان سەرنجڕاکێشە و شنەبایی ئێواران و بەیانی وەرزی هاوین خەمڕوێنە. مام کەریم لە بەندیخانە کەمێک نووسین و خوێندنەوەی فارسی فێربوە و لە قسەکردندا عەیبی نییە. ئەویش هەگبەیەکی پڕە لە چیرۆک و نەقڵی تاڵ و سوێری بەندیخانە، کە شیعە و سوننەکان، کورد و ئازەرییەکان و هەروەها چەپ و ئیسلامییەکان چۆن لە گەڵ یەکتر هەڵسوکەوتیان کردوە. زۆربەی میوانەکان کە سەردانی کەماڵ دەکەن بە وتەکانی مام کەریم و پورە زارا دڵخۆشن و بەشێک لەوان رۆژانە دیدار نوێ دەکەنەوە. حوسێنی ئازیز و وەستا مستەفا بە مام کەریم دەڵێن، مامە هەتا هاوینە ژنێک بۆ کەماڵی بێنن و با کەمێک هەڵپەڕین. مام کەریم لە وەڵامدا دەڵێ، کاکە ئەگەر کەچەڵ چارەسەر و دەرمانی هەبایە، یەکەمجار دەرمانی سەری خۆی دەکرد!

کەماڵ لەو ماوەیەدا میوانەکانی بۆ گوند و شارەکانی دەوروبەر دەبات. زارا و مام کەریم و کچەکانی زۆر حەزیان لە گەڕان نییە و خوازیارن، لە گوندی سڵێ کاتەکان پێکەوە تێپەڕکەن. چەند ژنێک لە گوندی سڵێ، کە پورە زارایان دیتوە، زۆر ستایشی دوکتۆرە فەڕانسەوییەکانیان دەکەن، کە لە نەخۆشخانەی حیزب کاردەکەن. پورە زارا داوا لە کەماڵ دەکات، کە با سەردانی ئەو دوکتۆرە خاریجیانە بکەن و عیلاجێکی بۆ ژانەسەر و سینگی بنووسن. کەماڵ بۆ رۆژی داهاتوو بە ئوتۆمبیلەکەی میوانەکان بۆ نەخۆشخانەی دێموکڕات دەبات. پورە زارا چەند کاتژمێرێک چاوەڕێ دەکات و دەچێتە لای دوکتۆرە فەڕانسەویەکە، کە ژنێکی قژ زەرد و چاو شینە. لە رێگای پەرەستارە کوردەکان چیرۆکی ژانەسەر و سینگ هێشەی زارا بۆ دوکتۆرەکە وەردەگێڕدرێ. دوکتۆر دوای پشکنینێکی سەرەتایی چەند

دەرمانێکی بۆ دەنووسێ و رێنوێنی دەکات، کە سەردانی دوکتۆری تایبەت بکات و پشکنینی تەواو بۆ سینگی بکات.

کەماڵ و مام کەریم بۆ ئێوارە لە لایەن یەکێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت میوان دەکرێن و شەوێکی شاد پێکەوە تێپەڕدەکەن. مام کەریم لە زۆربەی دانیشتەنکاندا داوادەکات، کە ئاگاداری خۆیان بن و بە پارێزەوە هاتوچۆبکەن. ناوبراو رادەگەیەنێ، کە سیاسی و ساحیر نییە، بەڵام سپای پاسداران و ئیتلاعات بێکار دانانیشن و لە رێگای خەڵکی باشوور و رۆژهەڵات حیزب لە سەر سنوور هەڵدەقەنن. ئەو باوەڕی بە کوردایەتی کوردان زۆر لاوازە و بە گوێرەی تێگەیشتنی مام کەریم، کوردەکان ساویلکەن و فریو دەخۆن و دەوڵەتەکان خاوەن پارە و ئیمکاناتن. ئێوە بە قەول سیاسین و ئێمەش نەخوێندەوار، بەڵام بە زات و سیفەتی خوای وریا نەبن، وەک زەمانی مەلا مستەفا داتاندەپاچن. شایانی باسە، کە مانگی رابردوو چەند گوندنشینێکی ئەو بنارانە گەڕاونەوە و یەکێک لە ریش سپیەکانیان داوادەکات، کە کوردی ئێرانی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. مام حەسەن کە لە ئیسلامییەکان نیزیکە بە کوردە رۆژهەڵاتییەکان دەڵێ، بابی من ئێوە حوکمەتەکەتان چ عەیبی هەیە؟ بڕۆنەوە بابم و لە سەر موڵک و ماڵی ئێمە بڕۆن. ئێوە بۆ چ خەبات دەکەن؟ حوکمەت نە گوندی تێکداون، نە شاری راگواستوە؟ لە هەموو راستان مزگەفت و مەکتەب هەنە و کارەبا هەیە. بە رەسولەڵڵا سوێند دەخۆم، بڕۆنەوە قازانج دەکەن و کار بە دانیشتنێ چارەی ناکرێ. ئێوە کوا شۆڕش دەکەن؟ شۆڕش بە ئاور و ئاسن دەکرێ و بڕۆنەوە بابم بۆ وڵاتی خۆتان. مام حەسەن بە خزمەکانی گوتوە، کە دیموکراتی خوێن گەرم نین و شەڕانی نین و بە کەیفی خۆمان سەرکۆنەیان بکەن و هەڕەشەیان لێبکەن. مام حەسەن لە باب و باپیرانی دەگێڕێتەوە، کە کوردی کوێستان شەڕانی نین و زیاتر بۆ سەلامەتی سەر و ماڵ تێدەکۆشن.

راپەڕینی باشووری کوردستان دەرگای سنوورەکانی خستۆتە سەرپشت و ئێران و تورکیە بە ستایلی مۆدێرن شەڕی بەرژەوەندییەکانی یەکتر دەکەن و ئیرادەی کوردان بە سیاسەتی نەرم و توند تێکدەشکێنن. کوردەکان لە ژێر ناوی حیزبایەتی و بیروباوەڕی جیاوازدا بەسەر دەوڵەتە سەردەستەکاندا دابەشکراون و بوون. پارتە سیاسییەکان بۆ مانەوەی خۆیان بە توندی دەستیان لە گوریسی دەوڵەت و دەزگا سوخوڕییەکان گرێداوە و لە کاتی بەرژەونەدییەکاندا حیساب بۆ کورد و پرسی نەتەوەیی ناکەن. پارتەکان بە چەند سەر دەڕۆن و وەرزێک لە بەغدا و سەردەمێک لە تاران و رۆژگارێک لە ئانکارا و دەمشق سەروەدەر دەنێن. سەرکردەی پارتە سیاسییەکان بە تایبەت پارتی

دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ناوی دیپلۆماسی و پێوەندییە دەرەکییەکان هەموو رەنگەکانیان کاڵکردۆتەوە و سنووریکیان بۆ مۆراڵی سیاسی نەهێشتۆتەوە. ئەوان لە سەردەمی شاخ زۆر بە ئاسانی کەوتنە دەستی بەرپرس و کاربەدەستی دەوڵەتە سەردەستەکان و لە شار ناتوانن خۆیان لە دەستی چەوری دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق رزگاربکەن. پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵات بە پاساوی بوونی زۆنی دژەفڕین و تام و چێژی کوردایەتی زۆر دوور ناڕوانن. یەکەم هاوینی دوای راپەڕین بۆ پێشمەرگەکانی دێموکرات ئاسانە، چوونکە لە زۆربەی سنوورەکان دەتوانن بچنەوە رۆژهەڵات و جەولەی سیاسی یان نیزامی بەڕێوەبەرن. هێز و لایەنە باشوورییەکان لە قۆناخی یەکەمی دوای راپەڕین هێڵ و خەتە گشتیی و لاوەکیەکانیان لە یەکتر جیانەکردۆتەوە. بۆ ئەوان، رزگاربوون لە رۆژانی ئەنفال، هەڵەبجە و راگواستنی زۆرە ملی دایکی جێژن و شادییەکانە. گیرانی کوەیت و دواتر لێدان لە هێزە عێراقییەکان نیعمەتێکی گەورە بۆ کورد و بزوتنەوەکەی پێناسەدەکرێ. ئەگەر ئەو بارودۆخە دژوارە نەگۆڕابا، بزوتنەوەی کورد لە باشوور ئاداری بە سەر پاداری نەدەمایەوە و بە کردەوە کۆتایی دەهات.

مەلا ئەحمەد کە پێشمەرگەیەکی دێموکراتە لە زۆر کۆبوونەوەدا رادەگەینێ، کە راپەڕین، دەرپەڕین و گەڕانەوە دیاری و گەوهەری خاڵە بووشی ئەمریکایە. ئەگەر زلهێزەکان نەدەبوون و سەددام کوەیەتی داگیر نەدەکرد، قەت ئەو رۆژگارەمان نەدەدی. مەلا ئەحمەد وەک مام کەریم لە سەر دوارۆژی پێوەندی نێوان هێزە رۆژهەڵاتیی و باشوورییەکان نیگەرانە. بە وتەی مەلا ئەحمەد پێداویستییەکان و نیاز لە داهاتوودا دەبنە کۆڵەکەی سیاسەتکردن لە باشوور و دەسەڵاتدارەکان ناتوانن خۆیان لە هاوکێشەی ناوچە رزگار بکەن.

مام کەریم و هاوسەرەکەی لە گەڵ لەیلا و شیرین و کچەکەی دوا رۆژەکانی دیدار لە گەڵ کەماڵ تێپەڕدەکەن. پورە زارا داوا لە کەماڵ دەکات، کە بە لایەکدا ساغبێتەوە و خۆی یەکلا کاتەوە. مام کەریم سواری ئەسپی دووپاتکردنەوەی وتەکانیەتی و بەردەوام کەماڵ هاندەدات، کە ئەو خاکە جێبێڵی. ناوبراو دەڵێ، کاکە قسە هەزارە و دووی بەکارە، یان وەرەوە و یان بڕۆ بۆ خاریج. پورە زارا کە باسی ئوروپا دەکرێ، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ، کەریم ئەگەر کەماڵ بچێتە ئوروپا چاومان پێناکەوێتەوە. کوڕە دەڵێن لەو وڵاتانە کافرستانییە و خەڵک لە گەڵ سەگ و پشیلان دەژین. ئەوە چەند

ساڵە لەو سەر سنوورە ماوەتەوە و دڵخۆشین، کە دوور نەکەوتۆتەوە. کەماڵ دڵنیایان دەکاتەوە، کە هەتا ساڵێکی دیکە ساغدەبێتەوە و لەو ژیانە رزگاری دەبێ. ناوبراو داوا لە بابی دەکات، کە تەرمی کاوە لە ماوەڵۆیە بگوازنەوە بۆ سەردەشت و با لە دایک و خوشکەکانم نیزیک بێ . کاوە، زۆر غەریبانە و لە سەردەمێکدا کە لە کڕۆکی سیاسەت و حیزبایەتی دەگەیشت، دەستی چارەنووس لە ئێمەی دابڕی. ئەو سەردەمە پڕە لە تاڵیی و سوێری و رووداوە ناخۆش و چاوەڕواننەکراوەکان زۆر بە ئاسانی بەسەرمان دەکەنەوە. ژینگە و بارودۆخ زۆر گرینگە و مرۆڤ بە پاکی لە دایک دبێ، بەڵام رەوتی رووداوەکان و فکر و بیرە جیاوازەکان مرۆڤ دڵڕەق و لە یەکتر نامۆدەکەن. ئێمە لە سەردەمێکی ئاڵۆزدا دەژین و خوێن، دۆستایەتی، سیاسەتی و دین مانای راستەقینەی خۆیان لەدەست داوە. بە ناوی جیاواز و لە ژێر سێبەری ئامانجی پیرۆز و ناپیرۆزدا سەدان هەزار کەس بەرەو چاڵە مەرگەکانی شەڕی دەوڵەتان راپێچکران.

کەماڵ داوا لە باب و دایکی دەکات، کە دامەزارندنی لەیلا و شیرین لە ریزی پێشەوەی بەرنامە و کارەکانە. لەیلا لەو ساڵانەی رابردوودا ئەرکی گەورەی بەڕێوەبردوە و ئێمە پێویستە لە سازکردنی ژیانێکی تازەدا هاوکاری بکەین. کەماڵ بڕە پارەیەک دەداتە ئەندامانی بنەماڵەکەی و بەرەبەیانیەکی مانگی گەلاوێژ ماڵئاوایی لە جیران و ناسیاوەکان دەکەن و بە ئوتۆمبیلەکەی بەرەو سنووری کێلێان دەبات. رێگای ژاراوە، سەنگەرسەر و قەڵادزێ پڕ بە باوەشی تەمووز گەرما دەبەخشێ و مشت و ماڵی خەونی رەق و ساردی رێبوارانی کوێستان دەدات. مەمام کەریم و پورە زارا لە گەڵ کچەکان بە ئاسانی لە بازگەی پاسدارەکان رزگار دەبن و دەگەنەوە ماڵ. کەماڵ بە دڵێکی پڕ لە خەم و مێشکێکی شپرزە بەرەو بناری قەندیل دەگەڕێتەوە. ئەو لە سەر رێگا چەند نەفەرێکی هەڵدەگریت، کە تێکەڵەیەک لە رۆژهەڵاتی و باشووورین. دوو کەس بنەماڵەی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتین و لە ناوچەی بۆکانەوە هاتوون.

کەماڵ لە گەڵ دوو کۆنە پێشمەرگە بیر لە گواستنەوە بۆ رانیە دەکەنەوە. ئەوان لە پاییزدا خانوویەکی کۆنە لە گەڕەکی نیزیک باخچەی شاری رانیە بەکرێ دەگرن. ئەوان کەسابەتی جیاواز دەکەن و لە گەڵ کاسبکارە رۆژهەڵاتییەکان بۆ کرینی کەلوپەل سەردانی دەهۆک، زاخۆ، هەولێر و سلێمانی دەکەن. کاسبکارەکانی کوردستانی کوێستان قوماش، مەشرووب، جگەرە، فافۆن، زەردە، ئوتۆمبیل و کەلوپەلی بیناسازی دەبەنەوە. لە رۆژانی بێکاریدا شەقامەکانی شار بۆ سەڵت و زگورتیەکان خۆشترە. کەماڵ، کە بە شەقامەکانی رانیەدا تێدەپەڕێ ساڵانی دوای شۆڕشی ئێرانی بیردەکەوێتەوە، کە بازاڕی چەک و

تەقەمەنی لە جەرگەی شـــارەکاندا جمەی دەهـــات. لە رانیە ئەو بازاڕانە گەرم و گـــوڕن و هەروەها بەشێک لە داشقەچییەکان نارنجۆک، کەرەستەی تەقینەوە، فیشەک و پێداویستیەکانی تایبەت بە چەک دەفرۆشـــن. قەناعەت سەرمایەیەکی گشـــتیی خەڵکی ناوچەکەیە، بۆیە دژوارییەکان بە ئاســـانی کاریگەریان لە سەر خەڵک نییە. منـــداڵان لە نێـــو شـــار و بە تایبەت لە گەڕاج و باخچەی شـــاردا گوڵەبەڕۆژە، ئـاوی سـارد، چەمیلەی چەماوە و تـرۆزی، هەناری دەنـک و جگەرە دەفرۆشـن و بەشـێک بۆیـاخی پێڵاوەکـان دەکەن. کەماڵ بە دیتنـی ئەو دیمەنە وێکچووانە یەکسەر دەگرێتەوە ئەو سەردەمە، کە لە شارەکەیان منداڵان، لاوەکـان و گەورە سـاڵان بە جـۆرێکی هاوشـێوە بژیـوی ژیـانی خۆیـان و پـارەی گیرفانیان پەیدا دەکرد. بە چاوی زۆر کەس بارودۆخی باشوور رەنگە تەنگوچەڵەمەی بۆ سازبکرێ، بەڵام بژاردەیەکی دیکە بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان بێجگە راوەستان بەرامبەر بە کێشەکان نییە. حکومەتی ناوەندی عێراق بەشێک لە دەزگـا ئیدارییەکانی لە هەرێم کشـاندۆتەوە و پارتە کوردییەکان ناچـارن بـۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە هێزی کۆن و تازەکـار کەڵکوەرگرن. سـاڵێک دوای راپەڕین هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و سەرۆکایەتی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچن، کە سەرۆکایەتییەکە بە هـۆی ئەوەی کەس دەنگی پێویستی دەستەبەر ناکات، بێدەنگەی لێدەکرێ. شەڕی سەرۆکایەتی کوردستان لە نێوان بارزانی و تاڵەبانی و ژمارەیەک لە سیاسەتکارە بازرگانەکان بـــــۆ ماوەیەک دامرکایەوە. حکومەتی هەرێم لە هەولێر راگەیانـدرا و پارلەمان بە سیستمی نیوە بە نیوە کە بە فیفـتی بە فیفـتی ناسـراوە کارەکـانی دەسـتپێکرد. ئەو سیسـتمە وەک چارەسەرێکی کورتمـاوە بـۆ کێشەی نێـوان پـارتی بنەماڵەی بـارزانی و تاڵەبانی رەچاوکرا.

لە شار و شارۆچەکانی باشووردا دەستی دەزگا سیخوڕییەکانی رێژیمـی تـاران و ئانکـارا بەهێزتر بـوون. بێکاریی و هەروەها خەراپتربوونی دۆخی ئابوری دەرفەتی زۆری بە رێژیمەکانی ئێـران، تورکیە، عێـراق و تەنانەت سـوریە بەخشـیوە، کە لە رێگـای زرە حیـزب و سیاسەتکارە بێموڕاڵەکانەوە لە سەر رەوتـی رووداوەکـانی ناوچە کاریگەربن. هێزەکـانی بە نـاو یەکێتی و پـارتی بە دەکارهێنـانی چەک، گریلاکـانی پەکەکەیان لە ناوچەی سەر سنووری بـاکوری کوردسـتان بەرەو سـنووری رۆژهەڵات و بە تایبەت ناوچەی زەڵـێ گواسـتۆتەوە. تیـرۆری ئێـران لە رێگـای ژمارەیەک لە ئەنـدامانی پارتە باشـوورییەکان و کەسـانی نەبەســتراوە بە حیـــزب راوی کـــوردە رۆژهەڵاتییەکان دەکەن. سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێکـــانی لە ریستۆڕانێک بە ناوی میکۆنوس تیـرۆر دەکرێن. بەشـێکی بەرچاو لە خەڵکی باشـووری کوردسـتان و هێـزە

سیاسییەکان لەو بۆنەیەدا چالاکانە بەشداری دەکەن. لە زۆربەی شارەکان خۆپێشاندانی بەرین بەڕێوەچوون و لە مزگەوتی گەورەی شارەکان سەرەخۆشی بەڕێوەدەچن. کەماڵ هێشتا بڕیاری مانەوە یان دەرچوونی نەداوە و لە دۆخێکی ناسەقامگیردا دەژی. لە لایەن بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر داوای لێدەکرێ، کە وەک پێشمەرگە وکادرێک درێژە بە تێکۆشان بدات. ناوبراو لە حیزبایەتی و کولتوری کاری سیاسی کوردان ماندوویە و باشترین ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لەو ژینگەیە ڕۆیشتن بەرەو ئورووپا دەزانێ. ئەو لە گەڵ چەند هاوڕیەکی بڕیاردەدەن، کە مانگی شەشی ساڵی داهاتوو بەرەو تورکیە بڕۆن و لە ڕێگای یوئێن داوای مافی پەنابەریی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەن.

حوسێنی ئازیزێ بۆ دیداری کەماڵ هاتۆتە رانیە و نامەیەکی وەستا مستەفای بۆ هێناوە، کە لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی حیزب لە سوئێد بۆ قەندیل هێنراوەتەوە. وەستا مستەفا ساڵێک زیاترە، کە گەیشتۆتە وڵاتی سوئێد و لە شاری ڤێسترۆس گریساوەتەوە. ناوبراو لە دەستی سەرما، بەفر و باران هاواریەتی و خۆزگە بە گەرمای دەشتی پشدەر و بیتوێن دەخوازێ. حوسێنی ئازیزێ لەو هاتوهاوارەی مستەفا تێناگات و بە کەماڵ دەڵێ، ئەو کوردەی ئێمە بە هیچ رازی نییە. لێرە خۆزگە بە ژیانی ئورووپا دەخوازیی و دەچیتە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی خۆزگە بۆ ژیانی کوردستان دەخوازی. کەماڵ وەبیر حوسێنی دەخاتەوە، کە ئازاری غوربەت سەرتا ناخۆشە. ئێمە زۆر پتەو و توند و تۆڵ نین و کە کۆسپێکمان هاتە سەر ڕێگا یەکسەر دەیکەینە هاتوهاوار و خۆمان لە چارەسەرکردنی کۆسپەکان دەدزینەوە. ئێمەی کورد لە هەموو ژیانماندا بە هێمنی تامی ژیانمان نەکردوە و هەر کە لە دایک دەبین راپێچی سەر لانکەمان دەکەن و بە دەسترازە توندمان دەکەن و بەندیخانەیەکمان بۆ سازدەکەن. لە ماڵ, قوتابخانە و تەنانەت لە ئیدارە و نەخۆشخانەکان بەرپرس و فەرمانبەران بە گیانێکی توندوتیژانە لە گەڵ خەڵکدا دەجوڵێنەوە. بە وتەی محەممەد سپاسی زۆربەی نەتەوەی کورد شێتە و زۆربەی شێتەکانیش لە ریزی حیزبە کوردییەکاندا کۆدەبنەوە. ئێمە پەروەردەی کولتوریکی پڕ لە توندوتیژین و بە ئازادی باڵامان نەکردوە. لە قسەکردن و دەربڕیندا زۆر لاوازین و دەرفەتی رادەربڕین و ئاڵوگۆڕای بیروڕا لە نێو ئێمەدا زۆر لاوازە. زۆر پێشمەرگە و خوێندەوار دوای ماوەیەکی کورت لە ترسی تانەلێدان سەنگەریان چۆڵکردوە و زۆربەمان گەمە بە خوێندەواری دەکەین. زۆربەمان باوەڕمان وایە، کە نەوەی خوێندەوار بە کەڵکی پێشمەرگایەتی نایەن. تێگەیشتنی ئێمە و بەرپرسان کاریگەری لە سەر

کـۆی کایەی سیاسەت لە کوردسـتاندا هەیە. خومەینی، حوسـینی فەهمیـدەی بە هەزار رەوزە و دوعـا فریودا و لە منداڵێکی چووک خۆکوژێکی سازکردەوە. ئێمە کوڕ و کچی خەڵک بە لاقی خۆیان دێنە بنکە و مەقەڕەکانمان نـازانین کەڵکیان لێـوەرگرین. کەماڵ لە گەڵ حوسـێنی ئـازیزێ هـاوبیرە نـاوبراو وتە و دەڕبڕینەکانی حوسێن بە راست و حاشـاهەڵنەگر ناودەبـات. کەماڵ کێشەی لە گەڵ کـادر و پێشـمەرگە سادەکان نییە و ئەو کادری رێبەری بە ماکەی کەند و کسۆپەکان دەزانێ. بە تێگەیشـتنی کەماڵ، کـادری رێبەڕی لە رابـردوودا زیـاتر لە سەر زانـایی و هونەری دوکتـۆر قاسـملوو و هەروەها دوکتـۆر سەعید حیسابی کردوە، بۆیە ئێستا بە ترسەوە لە سەر رووداوەکان لێدوان دەدەن و بە لاوازی بڕیاردەدەن. کورد خەڵکی گیانبـــاز و خـــۆڕاگری زۆرە، بەڵام کێشەی کۆکردنەوەی ئەو گیانبـــاز و خۆڕاگرانەیە، کە لە نوختەیەکـدا بە یەک دەگەن و هێزیکـی گەورە بەرهەم دێنـن. ئێمە بە پەرتەوازەیی لە دایـک دەبیـن، گەورە دەبیـن و سەرئەنجام دەمریـن و هیـچ بیـر و باوەڕێک بە یەکەوە نامانبەستێتەوە. کاکە ئێمە لە زاخـۆ و دەهـۆک لە زمـانی یەکتر تێناگەین و لە ورمـێ و سەڵماس لە زاراوەی مەهاباد و بۆکـان ناگەن. قۆناخی دابەشبوون لە نێوان چوار وڵاتدا لە ماوەی حەفتا یان هەشتا ساڵی رابردوودا زەبری لە کولتـور، زمان، کەسایەتی و ناسنامەی کوردان وەشاندەوە. کورد پێویستی بە پەروەردە و خۆناسینە، کە بە دوو یـان سـێ نەوە رەنگە ئاڵووگۆڕێک سـازبکات. حیزبـی کـوردی تەنیا لە سـازکردنی شـوعار و درووشـمدا سەرکەوتوون و ئەوانیش بە ناشـکوری نەبێ، توانـــای پەروەردەکردنی تـــاکی کوردیـــان نییە. لاوێکـــی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەر هەر هۆکارێک بێت، پەنا بـۆ یەکێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دێنـێ، بەڵام لێـرە ئامادەکـاری بـۆ پەروەردەکردن نەکراوە. ئەو لاوە پـاش ماوەیەک ئەوەنـدە گـوێی لە خەراپەی ئەو هـــاوڕێ و فلانە کـــادر دەبـــێ، کە لە کلتـــوری حیزبایەتیش بێزاردەبـــێ. ئەگەر هۆنەری پەروەردەی پێشـمەرگە و کادرەکـان دڵنیاکەر و شـوێندانەر بووایە، بێگومـان هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان چەنـد بەرامبەری ئەمڕۆ بەهێز و شوێندانەر دەبو. حوسێن با لە گەڵ تۆدا راستگۆ و راشکاو قسەبکەم. بە یـاری دۆمینە و تەختەنەرد ئەو خەباتە سەرناکەوێ و بیـری ورد و هـزری کاریگەری دەوێ. چەنـد ئەنـدامی دەفتەری سیاسـی حیزبەکان دەناسـی، کە لە پێنـاوی گەل و حیزبەکەیـدا رۆژانە چەنـد سەعات زیـاتر کارکات. زرۆبەیان ژیـانی ئاسـایی خۆیـان تێکنەداوە و بە شـێوەی دایک و بـابم شەوانە لە دەوری یەکتر دەژیـن و رۆژانە وردەکارێـک یـان دیـدارێک ئەنجام دەدەن. لاوەکـان کە لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان دێنە ئێرە، سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئەوەی لە رۆژنامە و رادیۆکاندا نووسراوە و گوتراوە لێرە بە چاوی کـۆنکرێت دەیبنـــن. ئەوان لێـــرە لە گەڵ دونیایەکی دیکە ئاشـــنا دەبـــن، کە زۆر لە گەڵ خەونەکانیان

جیـاوازە. ئەرکی پەروەردە ئەوەیە، کە ئەو جیاوازیانە بکاتە خـاڵی وەرچەرخان و کفوکـوڵی سەرەتایی بکاتە شعور و تێگەیشتنی زیندوو لە پرسی کورد و سیاسەتەکانی حیزبدا. باشە لە تۆ دەپرسم، ئەوانەی لە دۆڵە رەقە ناویان لەخۆناوە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، چ هەنگاوێکی جیاوازیان ناوە و لە کام سەنگەردا لە حیزبەکەی دیکە بەهێزتر و شۆڕشـگێڕترن؟ ئەتۆ بـۆ خـۆت دەزانـی حیزبەکان بە حیکمەتی زەمانە دەبنە دوو و دواتـر خەباتی یەکگرتنەوە گەرم دەبـێ. ئەگەر بڕیـارە لە حیـزب جیابیتەوە و توانـای سیاسەتت هەیە، بـۆ نـاوێکی دیکە بـۆ خـۆت و ئۆرگانەکانت هەڵانبژێری و ئەو شەڕە بـۆ بە کـوڕ و کچـی خەڵک دەکەن؟

کەماڵ لە گەڵ حوسـێنی بەنیازە سەردانێکی پێشـمەرگەیەکی کـۆنی یەکێتی بکـات، کە نـاوی عەلییە و چەند ساڵ لەوە پێش لە سونـێ و ناوزەنگ لە گەڵ یەکتر ئاشنا بوون. ئەوان بۆ ئەو مەبەسـتە، سەردانی کۆمیتەی یەکێتی لە رانیە دەکەن و لە پرسگەکە داوای بینینـی عەلی دەکەن. نـاوی دووهەم و سێهەمی عەلی لەبیر نەماوە و تەنیا ئەوەنـدە دەڵـێ، کە جەمەدانەکەی ئـاوا دەبەسـت و باڵایەکی مـام ناوەنـدی هەیە. پێشـمەرگەی پرسـگە بە گاڵتە دەڵـێ، کاکە ئێـوە بە هەڵە هاتوونە ئێـرە و بـۆ دۆزینەوەی خەڵک دەبـێ بۆ شۆرتە یان ئیدارەی نفووس بچـن و هەروەها لە مزگەوتی گەورەی شـار بە بـڕە پارەیەک بۆتـان هاوار دەکەن. حوسێن دەپرسـێ، ئایا عەلی ناو لەو بنکەیەدا هەن یان نا؟ ئەگەر نیـن، ئێمە خواحـافیز و ئەگەر هەیە بـا نـاوی خـوای لـێ بێنیـن. ماوەیەک لە بەردەرگای مەڵبەنـد چـاوەڕێ دەکەن، بەڵام خەبەرێک هـاتنی عەلی نییە و سەرئەنجام بەرەو جەرگەی شـار دەڕۆن لە خێـری دیـداری عەلی دەگوزەرێن. لە قاوەخانەکانی تەنیشت ئاوی قولە دادەنیشن و سەیری ئەو روخسار و دەموچاوانە دەکەن کە لەو دەورەبەرەدا پیاسەدەکەن. ژمارەیەک لە خەڵک بە دمانچە و کەڵاشینکۆف شەقامەکان دەپێون و بەشـێک لە کۆنە پێشـمەرگەکان لە رەقـی چەک و کەرەسـتەی تەقینەوە لە سـووچێکی بـازاڕ و لە قاوەخانەیەکدا خۆیان پەناداوە.

لە تەنیشـت کەماڵ و حوسـێن دوو کەس دانیشـتوون و لە نێـوان خۆیانـدا بـاس لەو کوردانەی رۆژهەڵات دەکەن، کە زۆر تامەزرۆی شەراب و مەشرووبن و کە لە سنوور تێدەپەڕن یەکسەر خۆیـان بە نادییەکانـدا دەکەن. یەکێک لەو دوو کەسە بەرگری لە رۆژهەڵاتییەکان دەکـات، کە هەموویان عاشـق و ئـۆگری مەشـرووب نیـن و ئەوەتا ئەو دوو بـرادەرە وەک ئێمە بەو ئیسـتکانە قەدباریکانە چـایی دیشـلەمە

دەخۆنەوە. حوسێن داوادەکات، کە کەمێک بەرزتر قسە بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە قسەوباسەکانیان تێبگەن. کاتێک دوو هاوڵاتیەکەی رانیە دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانن، هۆکاری ئۆگری بەشێک لە رۆژهەڵاتییەکان بۆ مەشرووب لە کەماڵ و حوسێن دەپرسن. کەماڵ دەپرسێ، کە ئەگەر مرۆڤ پیاوی چاک بێ و مەشرووب بخواتەوە، چ کێشەیەک بۆ تۆ و من سازدەکات؟ حوسێن بۆ خۆخشکردنی دمەتەقە دەپرسێ، ئەتۆ چۆن ئەو خەڵکە دەناسی، کە دەچن بۆ نادی؟ ئایا بۆخۆت سەردانی نادی دەکەی یان خەڵکی دیکە بۆیان گێڕاویەوە؟ یەکێک لە پیاوەکان کە خۆی بە مەلا رەسووڵ دەناسێنێ دەڵێ، برادەرینە ئێمە پیاوی نادی و خواردنەوە نین. ئێمە بۆرە خزمایەتییەکمان لە گەڵ کوردانی رۆژهەڵات هەیە و چاوەڕوانین، کە بە مۆرڵ و ئەخلاقی بەرز لەو پارچەیەی کوردستاندا دەرکەون.خوای گەورە لە مرۆڤ خۆشنابێ و هەموو ئەو خواردن و خواردنەوانە قەدەغەن، کە بەجۆرێک مرۆڤ سەرخۆش دەکەن. چەند ماڵە خزمم هەن، کە کوردە ئیرانییەکان دێن، شەوی یەکەم داوا دەکەن بۆ نادییەک یان شوێنێکی خواردنەوەی مەشرووب داوەتیان کەن. ژمارەیەک لەوان بە نادییەکانی رانیە رازی نین و بە سیارەی نەفەرات بۆ سلێمان دەڕۆن و لە پەنا کەسابەت و مامەڵەدا سەری خۆیان گەرم دەکەن. مەلا رەسوڵ درێژە بەقسەکانی دەدات و ئاماژە دەکات، کە پێشمەرگەی زۆربەی حیزبەکان کە لەو شارە دادەبەزن وەک ئاوی زمزم بەدوای بیرە و ویسکیدا عەوداڵن و بە کەلامی رەبولعالەمین ئەو کوردە بە شۆڕشی مەشرووب و جگەرە رزگاری نابێ. کەماڵ شەکەت و ماندوو دیارە و داوا لە مەلا رەسووڵ دەکات، کە بە نامەیەکی جوان ئەو قسە و گازندانە بنووسێ و بیباتە مەقەڕی نوێنەرایەتی حیزب و بۆ بەرنامەی ئێمە و گوێگرەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی رەوانە بکە. ئەوان ئەگەر نامەکەت بخوێننەوە، باوەڕ بکە زۆربەی خەڵکی رۆژهەڵات گوێیان لەو رێنوێنیانە دەبێ و خوا بە خێرت بۆ دەنووسێ. ئێمە وەک ئێوە لێرە بە دیار چاییەکی تاڵ دانیشتووین و ئەوە کێشەی ئێمە نییە، کە کێ مەشرووبی دەخواتەوە؟ مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێ و خواش دەسەڵاتی هەڵبژاردنی پێداوە و لە کۆتاییدا کەس ناچێتە قەبری کەس. گەلی ئێمە کێشەی گەورەی هەن و ئەو وردە کێشانە زۆر بنچینەیی نین و لە داهاتوودا رەنگە ئازادە کەسییەکان ئەوەندە زۆر ببن، کە ئەمن و تۆ هەر باسی مەشرووبخواردن نەکەین. لە رۆژئاوا پیاوەکان داوادەکەن لە مێرکردندا ئازاد بن! مەشرووب خواردنەوە چ پرسێکە؟ مەلا رەسووڵ چەند جارێک داوای لێبوردن لە خوا دەکات، کە گوێی لەو مەسەلە حەرام و مەکرووهانە دەبێ. ناوبراو لەسەر ئەو کارە باسێک لە قەومی لوت دەکات، کە خوای گەورە لە کۆتاییدا تارومماری کردن. مەلا رەسوڵ لە حوسێن پرسیار دەکات، کە حیزبەکیان لە مەقەڕ و بنکەکان مزگەوتی ئاوەدانکردوونەوە؟

حوسێن لە وڵامدا دەڵێ، مەلا گیان ئێمە بۆ سازکردنی مزگەوت چنگمان لە شاخی نەداوە. سەلامەت بی، ئێمە کێشەی سیاسی نەتەوەی کوردمان هەیە و هەزار و چەند سەت ساڵە کورد موسڵمانە و مزگەوت و ناوەندی ئایینی زۆری هەیە. ئەمن نازانم ئەتۆ کوردیکی موسڵمانی یان موسڵمانێکی کورد؟ مەلا رەسووڵ داوای چای زیادی دەکات و بە هاوڕێکەی دەڵێ، کاکە ئەو دمەتەقە و موناقشانە بە فەرمانی ئیلاهی وەک خێر و سەواب بۆمان تۆماردەکرێ. ناوبراو بە دەنگێکی رەسا هاوار دەکات، کە موسڵمانێکی تەواوە و کوردیشە. کابرای خاوەن قاوەخانە لە ژوورەوە چاوەدێری مەلا رەسوڵ دەکات و بە بەرزبوونەوەی دەنگی ناوبراو ئەوانیش لە ژوورەوە رادەچڵەکین. کەماڵ داوا لە مەلا رەسووڵ دەکات، کە کۆتایی بەو موناقشەیە بێنێ، چوونکە ئەو ناتوانێ هەتا یەک ساڵ زەڕەیەک لە باوەڕی ئەوان بگۆڕێ و لە موناقشەدا لایەنی براوە و دۆڕاو نییە. کەماڵ و حوسێن چاخانەکە چۆڵدەکەن و بەرەو مزڵەکەیان دەچنەوە.

کەماڵ لە گەڵ دوو کۆنە پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی زورار شارۆیرانی و خەلیل بۆکانی هاومزڵە. ئەوانیش جیهانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام وەک کەماڵ گیرۆدەی ژیانی ماڵ نین. ئەوان ساڵێ جارێک ئەندامێکی ماڵەوەیان دەبینن و کاتەکانی خۆیان بە شادی تێپەڕدەکەن. شەوانە لە گەڵ خەیام و مەی یەکانگیر دەبن و بیر لە جیهانی دوامردن ناکەنەوە. ئەوان کاتەکان بە گوێگرتن لە حەسەن زیرەک و حەمەی ماملێ دەبەنە سەر و جاروبار لە سەر گرینگی بۆکان و مەهاباد بەگژیەکتردا دێن. زورار مەهاباد بە پێتەختی کۆماری کوردستان و شاری قازی پێناسەدەکات و خەلیل بۆکان بە بوکی موکریان و شاری فکرە گەورەکان دەناسێنێ. خەلیل لە سازکردنی خواردنە کوردییەکاندا شارەزاییەکی چاکی هەیە و لە مزڵەکەدا ئەو ئەرکە رادەپەڕێنێ. ئەو لە گەڵ زورار لە سەر بنکڕی برینجەکە کێشەی بەردەوام و درێژکراوەیان هەیە.

ئەوان بڕیارە هاوینی داهاتوو بە رێگای قاچاخدا بچنە تورکیە و لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای مافی پەنابەریتی بکەن. خەلیل و زورار کتێبێکی فارسی-ئینگلیسی دەخوێننەوە و رۆژانە خەریکی خوێندنەوەی مێژووی حیزب و رێکەوتی کۆنگرەکانن. بۆ پێکەنین لە مزڵەکەیاندا راهێنان لە سەر پرسیار و وڵامی تایبەت بە پەناخوازی دەکەن. کاتێک حوسێن میوانیانە ئەو شانۆیانە دەگەنە لوتکە و هەتا نیوە شەو بە پێکەنین و دووپاتکردنەوەی نەقڵە خۆشەکان تێپەڕدەکەن. چەند وشەیەک

ئینگلیسی فێربوون و لە گەڵ یەکتر دووپاتی دەکەنەوە. زورار بۆ فێربوونی زمان زۆر وریا نییە و وشەکانی زوو لە بیردەچنەوە، بۆیە خەلیل هەموو جارێک هاوار دەکات، کە سابڵاغی کەی دەرەقەتی بۆکانیان دەێت. حوسێن لەو دیدار و سەردانانەدا ئاوهەوایەک دەگۆڕێ و لە کێشە و گرفتی مەقەڕ و پارێزگاری شەوانە رزگاری دەبێ. ناوبراو ساڵێک دەبێت، کە بە پێشمەرگەکان دەڵێ، لە لیستی پارێزگاریکردن ناوی دەرباوێن و ئەو ئەرکە بۆ ئەو تام و چێژی نەماوە. هەر کاتێک دەگاتە رانیە و سەر بە مزڵی کەماڵ، خەلیل و زورار دادەکات، ئەو رستەیە بەکاردێنێ" خۆزگە پێشمەرگایەتی نیگابانی و پارێزگاریکردنی نەدەبو، خۆزگە موسڵمانەتی نوێژکردن، رۆژووگرتن و مەشرووب قەدەغەکردنی نەدەبو، خۆزگە ژیان پیریی و مردن نەدەبو". خەلیل لە دوای حوسێن هاوار دەکات، خۆزگە دەوڵەتی جمهوری کوردستان لە بۆکان دادەمەزرا و سابڵاغییەکان لەو رووداوە مێژوویيە بێبەش دەبوون، خۆزگە حەمەی ماملێ وەک حەسەن زیرەک بۆکانی دەبو، خۆزگە ماسیەکانی سەدی مەهاباد یەکدەنگ ناوی بۆکانیان دێنا. زورار لە دوای خەلیل بە گۆرانی سابڵاغی بە پایتەختی کوردستانی گەورە ناودەبرد و بۆکانی بە مەڵبەندی بوک و زاوا سابڵاغیەکان و لە کۆتاییدا دەیگوت، خۆزگە بۆکان وەک جاران جێگەی ژوان و پێکگەیشتنی بوک و زاوا سابڵاغییەکان دەمایەوە. کەماڵ کە لە رێژەی زۆری گەڵتەی خەلیل و زورار توڕەیە، داوادەکات، کە وەک حیزبەکان ئەوجار شارەکانیش بە گژیەکتردا نەکەن. ئێمە هاتین کوردستان رزگاربکەین، بەڵام بە ناوی پێشمەرگە شەڕی یەکترمان کرد و هیچمان ئازاد نەکرد. لە حیزبایەتی فێری ناوچەگەرایی بووین و ئەوەتا خەلیل و زورار شەو و ڕۆژ شەڕی سابڵاغ و بۆکان دەکەن و ئاگایان لەوە نییە، کە ئێمە لە بناری کوێوەڕەش جێگاکامان نابێتەوە. زورار بە پێکەنیەوە دەڵێ، باوەڕتان هەبێ لە بارەگای خوای ناوچەگەرایی هەیە و خواش ئەو پێغەمبەرانەی زیاتر خۆش دەوێ، کە بۆرە خزمایەتیەکی لە گەڵن. ئێمە کە چووینە ئوروپا تێدەگەین، کە نەتەوەیەکی چەندە پێشکەوتوو و پێگەیشتوویین. لە تورکیە فێردەکرێین، کە چەندە شارەزای عیلمی سیاسەت و دەوڵەتین. خەلیل بەو چیرۆکانە لە سەر پشت دەکەوێ و بە کەماڵ دەڵێت، کاکە ئەوەش نەوەکانی پێشەوا و سەرکۆمار، کە تەنیا گاڵتە و جەفەنگ دەزانن و بە ریشی هەموو پیاو چاکێک پێدەکەنن. بە خوێنی شەهیدان ئێمە بچینە هەر وڵاتێک، تێکی دەدەین و کولتور و ژینگەشیان وێران دەکەین. زورار ئەتۆ باسی چ دەکەی؟ ئێمە لە گەڵ گیانلەبەر و دار و سەوزەڵانی شەڕمانە و خوادەزانێ هیچ هونەر و فەننێک لە خۆماندا شک نابەم.

خەلیل، کەماڵ و زوراو چاوێکیان لەسەر سنووری باکوری کوردستانە و مەبەستیانە چەند مانگێکی دیکە قۆناخێکی تازە لە ژیانی ئاورەیی دەستپێبکەن. کار و کەسابەت لە وەرزی باران، قوڕ و چڵپاودا بە رێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە. کەماڵ بە نیازە ئوتۆمبیلەکەی هەتا پێش سەفەری تورکیە راگرێ، بەڵام خەلیل و زورار جاروبار نیگەرانی دەکەن، کە هەتا زووتر بیفرۆشی باشترە و رەنگە نرخی ئوتۆمبیل زۆر دابەزێ. زستانەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەفری کەمە، بەڵام بارەشی هەیە و کە بە باوە دەبارێ، خەڵک ژیانیان تێکدەچێ. ئەو وەرزە بە دیداری دۆستان، خوێندنەوەی کتێب و هەروەها دمەتەقە لە سەر پرسی کورد تیپەڕ دەبێ. چەند جیرانێکی گونجاو و کوردپەروەر لە دەوروبەری مزڵەکەی کەمال، خەلیل و زورار هەن، کە لە جێژن و بۆنەکاندا میوانیان دەکەن و هەروەها پیاوەکان سەردانیان دەکەن. یەکێک لەو جیرانانە پێشمەرگەی کۆنە، کە ساڵانێکی زۆر لە ئێران ژیاوە و شارەزای زمانی فارسییە. ئەو لە سەردەمی وتووێژی نێوان یەکێتی نیشتمانی و رێژیمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ و ٨٤ی زایینی گەڕاوەتەوە. ناوبراو کە بە حەمە جاف بە ناوبانگە وەک کۆنە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات ئەزموونێکی زۆری لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەیە. ئەو پەشیمانە، کە دەرفەتی چوونە وڵاتی ئەڵمانی نەقۆستۆتەوە و گەڕوەنەوە بۆ کوردستان. حەمە جاف لە فرت و فێڵی بەشێک لە سەرکردە کوردەکان دڵشکاوە و بەردەوام رەخنەیان لێدەگری. ناوبراو وەک کەماڵ و هاومزڵەکانی رەخنە و گازەندەی لە تاکی کورد، حیزبی کوردی و هەروەها کولتوری پەروەردە هەیە، کە مرۆڤێکی تۆکمە و خاوەن ئیرادە پەروەردە ناکەن. حەمە جاف رێنوێنی کەماڵ، زورار و خەلیل دەکات، کە خۆیان لەو بارودۆخە رزگارکەن، چوونکە ئێرە کێشەیەکی مێژوویی هەیە و شەڕی نێوان بنەماڵە و هۆزەکان، سۆران و بادینان کۆتاییان نایەت. سەرکردەی پارتی سیاسی هەیە، کە لە ماوەی مانەوە لە ئێراندا بەردەوام دژایەتی بەرژەوەندی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کردوە و ئەمڕۆ هاتۆتە سەر سفرەی ئامادە. ئەمن باوەڕم بە سەرکەوتنی کوردان بە رێبەرایەتی ئەو حیزبانە نییە و لە کۆنەوە بەزمی حیزب و سیاسیەکان تەنیا بۆ گیرفانی حیزب و کەسەکان بوە، بۆیە هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا رووینەداوە. حەمە جاف رۆژنامەی کوردستان و ژمارەیەک بڵاوکراوەی دیکەی فارسی لە کەماڵ وەردەگرێ و عەودالی پرسی کوردە. لە سەر فارسەکان چیرۆکی زۆر دەگێڕێتەوە و بە باوەڕی ناوبراو فارسە شیعەکانی ئێران زۆر ترسناکن و بە پەمۆ ملی مرۆڤ دەبڕنەوە.

لە رۆژڕەشی کوردان، حیزبەکان وەک عەشیرەت و هۆزەکان چاویان بە یەکتر هەڵنایە و ئەندامەکانیان

حەز بە چارەی یەکتر ناکەن. کەماڵ زۆر کۆنە ناسیاو و هاوڕێی کۆن لە شەقامەکانی رانیە دەبینێ، کە لە بەر ئەوەی سەر بە دوو حیزبی جیاوازن بە ساردی بە تەنیشت یەکتردا تێپەڕدەبن. حەمە جاف خۆزگە بەو ساڵانە دەخوازێ، کە خەڵک زۆر نەکەوتبۆ ژێر سێبەر پارت و حیزبەکان و تەنیا پێشمەرگەکان بەرگریان لە حیزب و سەرکردەکانیان دەکرد. ئەو رۆژانە دۆخەکە پێچەوانەیە و خەڵکی ئاسایی زۆر لە پێشمەرگەکانی سەردەمی شاخ توندترە. باڵەخانە و ناوەندە حکومییەکان لە لایەن پارتە گەورە و چووکەکان داگیرکراون و حیزب وەک دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکات. لە زۆربەی شارەکان ئەو شانۆیە بەڕێوەدەچێ و درووشمەکانی کوردایەتی، مافی چارەیخۆنووسین، ئۆتۆنۆمی، دەسەڵاتێکی دێموکراتی و ئازادی بە تەواوەتی کاڵبوونەوە. کوردە سەربەخۆکان و ئەوانەی گرێدراو حیزب و پارتە سیاسییەکان نین، وەک هاوڵاتی پلە دوو و سێ چاویان لێدەکرێ. بە ناوی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی و هەروەها پێشمەرگایەتی مافی زۆر تاک، بنەماڵە و تەنانەت شارەوانیەکان پێشێلدەکرێن. پارێزگا، شارەوانی، دادگا، پۆلیسی هاتوچۆ، مزگەوت و ئیدارەکانی دیکە لە شار و گوندەکان کراونە رۆنی دەستی پارتە سیاسییەکان و دار و بەرد بە وزەی حیزب و سەرکردەکانیان وەگەڕدەخرێن. کۆمەڵێک رێکخراوی رەنگاوڕەنگ بە ناوی جیاواز و مەبەستی تایبەت لە باشووری کوردستاندا بنکە و ناوەندی نوێنەرایەتیان کردۆتەوە. یەکێک لەو ناوەندانە پێوەندی بە هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی مینە، کە لە کارەکانیاندا زۆر لە سەرەخۆن. کوڕی حەمە جاف لە گەڵ ئەو رێکخراوە کاردەکات و مانگانە پەنجا دۆلارێک وەردەگرێ، کە بۆ هەڵسووڕاندنی ژیانی بنەماڵەیەک گونجاوە. کوڕی حەمە جاف باس لەوە دەکات، کە بەرپرسی ئەو دەزگا و رێکخراوەیە لە کۆکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی میندا لەسەرەخۆن و رەنگە چەند ساڵی دیکە ئەوان لە کوردستاندا درێژە بەکارەکانیان بدەن. حەمە جاف سوێند دەخوات، کە دەستی یوئێن و ئەو رێکخراوانە بگاتە هەر جێگایەک تازەی چاک نابێتەوە، چوونکە ئەوان تەنیا بۆ راپەڕاندنی کاروباری خۆیان تێدەکۆشن.

کەماڵ، زورار و خەلیل لە ڕێگای چەند ئاشنایەکەوە ماڵەوەیان ئاگادار کردۆتەوە، کە لە بەهاردا یەکتر ببینن. ئەوان پێکەوە چەند جارێک سەردانی دەهۆک و زاخۆیان کردوە و لە گەڵ قاچاخچیەکان تەتەڵەی چۆنیەتی و چەندایەتی سنووربەزاندنیان کردوە. ڕێگای پەڕینەوە مەترسیدارە و چەکدارە تورکەکان بە چەک و لێدان لە گەڵ سنووربەزێنەکان هەڵسوکەوت دەکەن. دەرچوون لە سنووری سڵۆپی زۆر ئاسان نییە و قاچاخچییەکان زەمانەتی هیچ ناکەن. ئەوان تەنیا لە بەرامبەر بڕە پارەیەکدا ڕێگای ڕۆیشتن بە نەفەرەکان پێشاندەدەن و لە کاتی دەستڕێژی ژاندارەمە تورکەکاندا شارەزایانە رادەکەن و مشتەرییەکانیان بە شانس و لاقی خۆیان دەسپێرن. ژمارەیەک لە پەناخوازان خاوەن منداڵن و تێپەڕاندنی سنوورەکان بە منداڵەوە کارێکی ئەستەم و مەترسیدارە. هەورە بەهارییەکان بە گوێرەی تەوژمی باکان مەڵبەندەکان بەسەر دەکەنەوە و هەورە تریشقە بەهارییەکان بە گرمەی دەنگەکانیان کۆشکی خەیاڵی کۆنەپێشمەرگەکان دەڕووخێنن. بارانی بەهاری بە لێزمە دەباری و گۆرانی تاهیر تۆفیق هاوڕێی کەماڵ، زۆرار و خەلیلن. ئەوان لە سەر ماملێ و حەسەن زیرەک کێشەیانە و کەماڵ بە گۆرانیبێژە باشووریی و باکوورییەکان کێشەکانی چارەسەرکردوون. ناوبراو لە ناوچەی بادینان گۆرانی بادینی، لە هەولێر حەیران، لە کۆیە تاهیر تۆفیق و لەو دیوی هەیبەت سوڵتان بەرهەم حەسەن، مەزهەری خالەقی و بۆ کۆتاییش سەید عەلی دەخستەسەر. ئەوان بە مەبەستی ماڵئاوایی سەردانێکی گوندەکانی بناری قەندیل دەکەن و لە گەڵ کۆنە هاوڕێکانیان مانگی یەکەمی بەهار بەسەردەبەن. ئەو ماوەیە لە نێو ریزی کادر و پێشمەرگەکاندا باسوخواسی ڕۆیشتن بۆ خاریج لە سەر لێو و زارانە. بەشێک لە پێشمەرگە منداڵدارەکان، لە بیری دابینکردنی دوارۆژێکی باشتر بۆ منداڵەکانیانن، بۆیە چەند کەسێک لەوان بەرەو تورکیە ڕۆیشتوون. ئەوانەی کە بۆ خاریج دەڕۆن بە بەزیو و تەزیو پێناسەدەکرێن. کەماڵ، خەلیل و زورار زۆر گوێ نادەنە ئەو خوێندنەوەیە و ئەوان لەو خەباتەدا بەشداربوون و کەمتر لە خەڵکی دیکەیان نەکردوە. لە زۆربەی ماڵە ئاشنا و دۆستەکان پرسیاریان لێدەکرێ، کە بۆچی بە رەبەنی و سەڵتی دەڕۆن. زورار بە گاڵتەکردن خۆی لە وڵامی ئەو پرسیارە دەدزێتەوە و خەلیل بە دۆستەکانی دەڵێ، کە زورار لە سابلاغ ژنی بۆ پۆست دەکرێت و ئەمن و کەماڵیش بۆ ژنهێنان دەگەڕینەوە بۆ باشووری کوردستان. کەماڵ بە ساکاری جوابی پرسیارەکە دەداتەوە و هەموو جارێ دووپاتی دەکاتەوە، کە خوا گەورەیە و کاری بە پەلە سەرکەوتنی کەمە. ئێمە دوارۆژمان نارووونە و هەتا

نەگەینە وڵاتێک بە گشتی ناتوانین هیچ بڕیارێک بدەین. ئەگەر بەخت یاربێ، بێگومان رۆژێک دەبینە خاوەنی ژن و منداڵ. لە بەشێک لە بنکەکان پێشمەرگە سەڵتەکان خەون بە گەڕانەوە بۆ ناوچە دەبینن و خوازیارن کە چەند مانگێکی دیکە لە نێو خەڵکی خۆیاندا بژین. مستەفا لاجانی کە لەسەر سەربزێوی و گەڕانەوەی سەربەخۆ بۆ ناوچە سزادراوە و رەوانەی هێزی گیارەنگ کراوە لە ژوورەکەیدا خەریکی خاوێنکردنەوە و چەورکردنی چەکەکەیەتی. ناوبراو لە گەڵ حوسێنی ئازیزێ نێوانی خۆشە و شەوانە بە گۆڕانی وحەیران کاتەکان دەبەنەسەر. کاتێک کەماڵ و هاومزڵەکانی میوانی حوسێن دەبن، هەتا بەرەبەیان سەرقاڵی پێکەنین و گێڕانەوەی نەقڵی کۆنن. مستەفا کوڕیکی کۆمەڵایەتی و قسەخۆشە و داوا لە کەماڵ دەکات، کە گەیشتە خاریجی سەر و گەڵایەک بۆ حوسێن و مستەفا رەوانە بکاتەوە، با بە ئاوی شووشان سەری خۆمان گەرم کەین. خەلیل بە مستەفا دەڵێ، کە حازری بە قەرز مەگۆڕەوە و با ئەو شەو ئاوی شووشان بخۆینەوە. کاکە خاریجە زۆر قوڵە و وەک گۆمێکی قوڵە، بۆیە رەنگە ناو و ناوبانگی ئێمە ببڕێتەوە. ئەورۆژانەی پێکەوەین با تام و چێژی لێوەرگرین و ناچارنین لە رابردوو و داهاتوودا بژین. ئێمە مرۆڤی کورد هەموو رۆژێ خۆمان بۆ سبەینێ ئامادە دەکەین، بەڵام کە سبەینێ لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکانی ئێمە سەر لە کەل وەدەردەنێ، ئەوکات ئەژنۆی خەم لە باوەش دەگرین. ئەو ساڵانەی رابردوو لە زۆربەی خەڵکم بیستوە، کە حەسرەت بۆ رابردوو دەخوازن، بەڵام ئەمڕۆ هەڵەکانی دوێنێ دووپات دەکەنەوە. کاکە مستەفا گۆرانییەک بچڕە و با ئاویکی شوشان لە ئوتۆمبیلەکەی کەماڵ دەرکەین و سەری خەمە کۆنەکانمان ببڕین. مستەفا خەونی گەورەی گەڕانەوە بۆ ناوچە و دیداری دۆستەکەیەتی. ناوبراو دوو ساڵە بەرنامەی هێنانی دۆستەکەی هەیە، بەڵام کارەکەی ماوەتەوە. دۆستەکەی مستەفا دەخوازێ بە کولتوری کۆن خوازبێنی بکرێ و دواتر بە روخسەتی بنەماڵەکەیان مێرد بە مستەفا بکات. مستەفا چەندی لێکیدەداتەوە ئەو کارە بەو فۆرم و شێوازە سەرناگرێ، بۆیە دوو ساڵە هەتا پاییزێ چاوەڕوانی رازیکردنی یارەکەیەتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوە. بەو سزادانە توڕەیە و چەند جارێک داوای لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشارکردوە، کە بۆ بەهارێ داوای بکەنەوە. حوسێن چەند جارێک داوای لە مستەفا کردوە، کە ژنهێنان کێشەی هەیە و لە پێشمەرگایەتیدا پیاو ناتوانێ وەک پێویست چاوەدێری ماڵ و منداڵ بکات. زورار لەو ژینگەیەدا شادە و جاروبار مستەفا تووڕە دەکات. بە باوەڕی زورار یەکێک لە خالە لاوازەکانی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ژنهێنانە، کە کاریگەری لەسەر تێکۆشانی حیزبە. ناوبرا ناوی ژمارەیەک پێشمەرگە دێنێ، کە تەنیا دوای دوو ساڵ پێشمەرگایەتی، ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە. بە تێگەیشتنی ئەو حیزبایەتی لە شاخ و پێشمەرگایەتی

پێویستیان بە هێزی سەڵت و رەبەنە و ژن و منداڵ بۆ حیزب بارێکی گرانە. مستەفا کە زورار لە سەر ژنهێنان و زەرەرەکانی ژیانی هاوبەشی پێشمەرگەکان دەدوێ، لە کۆنترۆڵ دەردەچێ. مستەفا لە سەر ئەو قەناعەتەیە، کە ژن و ژیان پێکەوەن و خەبات و حیزبایەتی بە تەنیا زۆر ناخایەنێ. مستەفا بڕیاریداوە، کە ئەگەر ئەو هاوینە یارەکەی نەگاتێ، لە قەندیل دادەبەزێ و یەکسەر دەچێتە دۆڵەڕەقێ. مستەفا ئاگاداره، کە ئەگەر لە دۆڵەڕەقەی جێگیربێ بە ئاسانی دەتوانێ سەردانی ناوچەی پیرانشار بکات و دەرفەتی زیاتری بۆ گەیشتن بە یار دەستدەکەوێ.

روخساری سرووشت لە پشتێندەی کێوەبەرزەکان و هەروەها خڕ و دۆڵە داتاشراوەکان لە تایبەتمەندییە جوانەکانی سرووشتن. کەماڵ لە کاتی دوورکەوتنەوە لە قەندیل و داگەڕان لە قۆرت و پێچەکانی کورتەک وەبیر زورار و خەلیل دێنێتەوە، کە خۆشترین وڵاتی رۆژئاوا ناتوانن ئەو سرووشتە بۆ ئێمە قەرەبوبکەنەوە. ئێمە کە دوورکەوتینەوە بە تەواوەتی قەدری خاک و خەڵکی خۆمان دەزانین. خەوی شەوانی هاوینی سەر مزڵەکەی سڵێ بە هیچ ناگۆڕمەوە، بەڵام ژیان بە وتەیەکی ناسرو گەڕانە و گەڕان ژیان. ئێمە بە دوای نیعمەتی ئازادیی و هەروەها مافەکانی نەتەوەیەکدا ئاوارە بووین و رێگاکەمان درێژەی هەیە. لە کردەوەدا رەنگە ئاکامێکی کۆنکرێت لە خەباتەکەمان دیارنەبێ، بەڵام لە داهاتوودا باشتر ئەو سەردەمە لە قەپان دەدرێت. ئێمە نەوەیەکی هەڵوەداین و ناتوانین وەک باب و باپیرانمان بۆ درێژخایەن لە گوند و شارێکدا بژیین. ئەگەر ئەوان لە رێگای دوارۆژی گەلەکەیاندا تێکۆشابان، بێگومان خەباتی ئەمڕۆی کوردان لەو تەنگەبەرە دژوارەدا قەتیس نەدەما. کاکە دەوڵەت خوێن و هونەری دەوێ و کورد بۆ سەرکەوتن پێویستی بە خۆراکی مەعنەوییە. خۆراکێک کە ئەندامانی نەتەوەیەک فێری کاری هاوبەش و هەرەوەزی سیاسی بکات. کوردەکان لەو بارەوە زۆر لاوازن و چاو لە نەتەوەکانی دیکە ناکەن، کە چۆن دین و کتێبە ئایینیەکانیان لە پێناوی زمان و ناسنامەی خۆیاندا بەکارهێناوە. خەلیل و زورار لە گەڵ کەماڵ هاوڕان، بەڵام رێنوێنی کەماڵ دەکەن، کە ئەگەر سیاسەت لە عەرز نەدەی زۆر خەتەرە. کاکە بە ئێمە چاک نابێ و ئەو پرسە کاری هەزار کەس و دەهەزار نەفەر نییە، بەڵکو زۆرایەتی کوردی دەوێ.

ئەوان گەیشتنەوە رانیە و کاتێک ئوتۆمبیلەکەیان لە بەر دەرگای ماڵ راگرت، منداڵەکانی ماڵی حەمە جاف رادەکەنە ماڵەوە. کەماڵ، زورار و خەلیل لە ئوتۆمبیلەکە دانەبەزیبون، کە باب و دایکی خەلیلی

بە جلوبەرگی ناوچەی خۆیان لە دەرگای ماڵی حەمە جاف هاتنەدەر. حەمە جاف بەخێرهاتنی کەماڵ و هاوڕێکانی دەکات و داوایان لێدەکات، کە نانی نێوەڕۆیە پێکەوە بخۆن و دواتر بچنەوە ماڵی خۆیان. خەلیل بە دیداری دایک و بابی شاددەبێ و پێکەوە دەچنە ماڵی حەمە جاف. زورار بۆ گەرمکردنی مەجلیس بە خاڵ کامیل، باوکی خەلیل دەڵێ، خاڵە ئەوە چۆنە لە پێش دایک و بابی کەماڵ و مندا گەیشتوونە ئێرە؟ ئەوە لە ئازایەتییە، خۆشەویستییە یان لە ترسی خاڵۆژنم بەو بەهارە زووە گەیشتوویە ئێرە؟ خاڵ کامیل بە پێکەنینەوە داوا لە زورار دەکات، کە گەیشتە خاریجی واز لەو قسە خۆش و نوکتانە بێنێ، ئەگەرنا بۆ سابڵاغێ رەوانەی دەکەنەوە. خاڵ کامیل و هاوسەرەکەی قومری، دوو رۆژە گەیشتوونە رانیە. ئەوان رێژەیەک پارەیان بۆ خەلیل هێناوە. خاڵ کامیل لە گوندێکی بۆکان کاری وەرزێڕی دەکات و مرۆڤێکی بە قەناعەتە. ناوبراو رێنوێنی منداڵەکانی دەکات، کە تەنیا خاک چاوی تەماع دەبەستێ و مرۆڤی ژیر بە قەناعەتەوە دەژی. ئەو ماوەیەک دەروێش بوە و لە سەر دەستی خەلیفە رەحمانی بانە تۆبەی کردوە. ئۆگری زۆری بە دەفەلێدان و زەرگ لەخۆدانە و بۆ ئەو کارانە هیچ سنوورێک ناناسێ. قومری هاوسەری بە پێکینینەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەوەتا کامیل بۆتە دەروێش تەنیا جارێک خوێنی لە پشتە ملە بەربوە و بە چەند خەلیفە و لشکرێک دەرویش چاکیان کردۆتەوە. دوای نانی نیوەڕۆ خاڵ کامیل و قومری هاوسەری لە گەڵ کوڕەکان دەچنەوە ماڵی خۆیان. خاڵە کامیل، رۆیشتنی کوڕەکەی بە چارەسەر دەزانێت و ناوبراو ئومێدی بە رووخانی رێژیم نییە. بە وتەی ناوبراو، حاڵ و گوزەرانی خەڵک باش نییە، بەڵام ئاخونەدەکان بە ئاسانی لە سەر کورسی دەسەڵات هەڵناقەندرێن. خاڵ کامیل و هاوسەرەکەی داوا لە کەماڵ و زورار دەکەن، کە ئاگاداری خەلیل بکەن و هەتا دەکرێت پشتی یەکتر بەرنەدەن. خەلیل بە گاڵتە داوا لە خاڵ کامیل دەکات، کە رێنوێنی خەلیل بکات، بۆ ئەوی ئاگای لە ئەمن و کەماڵ بێت. زورار بە خاڵ کامیل دەڵێ، کاکە کوڕەکەت کتێبی ئینگلیسی کڕیوە و لەو ژوورەدا لە گەڵ ئێمە بە زمانی خاریجە قسەدەکات. خاڵ کامیل بە قسەی زورار پێدەکەنێ و داوا لە خەلیل دەکات، بە ئینگلیسی لە گەڵ زورار فاتیحایەک بخوێنن. چەند رۆژ دواتر خاڵ کامیل و قومری بە ئوتۆمبیلی کەماڵی دەچنەوە سونێ و شەو لە ماڵی مام کەریمی لە سەردەشت میوان دەبن. ماوەی چەند حەوتوویەک دەخایەنێت و چەند کەس لە خزمانی زورار دەگەنە هەریمی کوردستان. ئەوانیش وەک باوک و دایکی خەلیل بۆ ماڵئاوایی هاتوون و رێژەیەک پارەیان بۆ کوڕەکەیان هێناوە. بابی زورار کە بە سلێمان ساوەر بە ناوبانگە هەڵگری خەون و خەمی زۆرە. ناوبراو لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری سابڵاغ کاردەکات و کاروباری پێڕاگەیشتنی قوتابخانەی دواناوەندی

بەڕێوەدەبات. هێشتا قوتابخانەکان تەواو نەبوون، بەلام ناوبراو بە بیانووی سەرەخۆشی و هەروەها دیداری خزمانی ناوچەی پیرانشار روخسەتی وەرگرتوە و هەتا دەشتی بیتوێن نەگریساوەتەوە. خەلیل بۆ تورەکردنی زورار هەموو رۆژێک دەپرسێ، کاکە ئەورۆ برینج لە ئاوێ کەین یان ساوەر. زورار بە بیستنی ناوی ساوەر بزەی لەسەر لێوان نامێنێ و بە کورتی دەڵێ، کاکە ساوەر هەر وەک ناو خۆشە و بۆ خواردن نابێ. حەمە جاف لە سەر مەسەلەی برینج و ساوەر نەقڵی برادەرێکیان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەرنامەی هێنانی ژنی دووهەمی هەبوە و دۆست و خزم داوایان لێکردوە، کە ژنی دووهەم نەهێنێ. برادەرەکە لە وڵامدانەوەی خەڵک ماندوو دەبێ و سەرئەنجام بە لۆژیکی خۆماڵی مەبەستەکەی بۆ ئەوانە رووندەکاتەوە، کە پرسیاری ژنهێنانی لێدەکەن. بە لۆژیکی ناوبرا ساوەر تامی نەماوە و حەزی لە برینجە، بۆیە بڕیاریداوە ژنی دووهەم لە حەوشەی ماڵ دابەزێنێ.

سلێمان ساوەر بە ناسناوەکەی تورە نابێ و هەموو جارێک دووپاتی دەکاتەوە، کە ساوەر لە پیرۆزترین بەرهەمی خوای گەورە سازدەکرێ و خواردنێکی موبارەکە. ناوبراو لە سەر بارودۆخی سابڵاغ و خەمی لاوەکان بە نەرێنی دەدوێ. بە تێڕوانینی سلێمان ساوەر لاوەکان پشتیان لە پێشمەرگایەتی و خەبات کردوە و زۆربەیان وەک کچانی شار ئارایشت دەکەن. پانتۆڵی تەنگ دەپۆشن و بە ناوی پانکی ناوبانگیان دەرکردوە. هەر لاوەی کە باڵاکەی لە زەوی جیابۆوە سەرقاڵی سەرچەورکردن و ئەبرۆکردنن. لە قوتابخانەکان ژمارەیەکی کەم بۆنی کوردایەتیان لێدێ و بەشێکی زۆر لە گەڵ بەسیجی خوێندکاری تێکەڵن. خەڵک وەک ساڵان نەماوە و بە تەواوەتی بۆ ئاخوند و بەرپرسەکانی رێژیم لەو شارە سەر دەلەقێنن. ئەگەر بەرپرسێک لە تاران بێ، خەڵکی زۆر کۆدەکەنەوە و بە ناوی میللەتی قارەمانی مەهاباد پێشوازی لێدەکەن. حەمە جاف داوا لە سلێمان ساوەر دەکات، کە ئەو پرسانە دێن و دەڕۆن و سەرقاڵی ژیانی خۆی بێت. ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات، کە لە دوای راپەڕین ئەو کەسانە لە ریزی پێشەوەن، کە لە سەنگەری دژی پێشمەرگەدا بوون و خاوەن هۆز و عەشیرەتن. زۆر پێشمەرگەی ماندوو و فیداکار لە سەر شەقامەکان کەنگر، مەندێ و رێواس دەفرۆشن. ئەوە یاسای سرووشتە، کە جەماعەتێک کاردەکەن و بەشێکی دیکە لە بەرهەمی کارەکە دەخۆن. ئەگەر خوانەخواستە رۆژێک کوردی رۆژهەڵات وەک ئێمە راپەڕن و پاسدار و عەسکەر دەرپەڕێنن، ئەو پانتۆڵ تەنگ و قژ چەورانە ئیدارەی شار و گوندەکان دەکەن و ئەتۆ و کوڕەکەت پێویستە بپارێنەوە، کە نان و ئاوێکتان دەستکەوێ. زورار ئەو رۆژانە بێدەنگە و وەک رابردوو زمانی ناسووڕێ و زەمانە بە قازانجی خەلیلی وەرسووڕاوە. کاتێک

سلێمان ساوەر لە سەر حەسەن زیرەک و حەمەی ماملێ دەڵێ، کاکە هەتا حەسەن زیرەک وەک بولبولی کوردستان دەیخوێند، حەمەی ماملێ هەر دیار نەبو. خەلیل بەو قسانەی سلێمانی بابی زورار دڵخۆشە و چەند جارێک لە زوراری دووپاتدەکاتەوە، کە رێز لە بۆچوونەکانی بابی بگرێ و لە بەرخاتری ناوچەگەرایی دژی بۆکانیەکان رانەوەستێ. سلێمان ساوەر و هاوسەرەکەی دەگەڕێنەوە و تەنیا ماڵی مام کەریم ماون، کە سەردانی کەماڵ بکەن. ئەو ساڵە ئێران سیاسەتێکی تازەی گرتۆتەبەر و بە بۆمب و تۆپ لە سنوورەکان دەدات. سیاسەتی رێژیم ئەوەیە، کە دێموکراتە لە قەندیل و ناوچە سنوورییەکان هەڵقەنێ و لە خەباتی چەکداری دایانببڕێ. بەشێک لە خەڵکی باشوور و خاوەن ملک و ماڵەکان وێڕای هێزە سیاسییەکان، ماڵئاواییان لە کوردایەتی کردوە و خەمی گەورەیان نان و ئاوە. ئەوان کە هەتا دوێنێ لە سەر سنوورەکان و لە شارە سنوورییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە کەرەج و ورمێ بە کزی بارگەیان خستبوو، ئەمڕۆ بە دەنگێکی گەورە هاوار دەکەن، کە ئێوەش بڕۆن کاکە کوردستانی خۆتان رزگار بکەن و ئێرە چۆڵکەن. دێموکراتە لە رادیۆکەیان راگەیندراوێکی بڵاوکردۆتەوە، کە پیلانێکی مەترسیدار هەیە و هێزەکانی رێژیم رەنگە پەلاماری ناوچە سنوورییەکان بدەن. بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی رێژیم دوای ماوەیەک تۆپباران، دێموکراتە بەرزاییەکانی قەندیل و ناوچەکانی دیکە چۆڵ دەکات و لە قوڵایی باشووری کوردستان بنکە و مەکۆکانی دەکاتەوە. ئەوان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا جێگیردەبن. رێژەی تیرۆرەکانی رێژیم دژ بە کوردە رۆژهەڵاتییەکان لە باشوور پەرەدەستێنێ و متمانەی نێوان باشوور و رۆژهەڵات خەوشداردەبێ.

مام کەریم و پور زار لە گەڵ کچەکانیان بە رێگای گەناوێدا خۆیان دەگەیننە رانیە. ئەو ماوەیە ناوچەکانی سونێ و شیوەڕەز بە خەستی تۆپاران دەکرێن، بۆیە ئەوان رێگایەکی دوورتریان بۆ تێپەڕاندنی سنوور گرتۆتەبەر. مام کەریم لە گەراجی قەڵادزێ چاوەڕێی ئوتۆمبیلی نەفەرات دەکات، کە حەمە عەلی لە مام کەریم دەپرسی، خاڵە خەڵکی کوێن، چەند نەفەرن و بۆ کوێ دەڕۆن؟ مام کەریم دەڵێ، کاکە سەردەشت و بۆ لای کوڕەکەم کەماڵ دەچم. حەمە عەلی بەخێرهاتنیان دەکات و بە مام کەریم دەڵێ، ئەگەر ئەتۆ بابی کەماڵی بیت، چاوەڕوان بکە. ماوەیەک پێشتر کەماڵ بە ئوتۆمبیلەکەی لێرە دەسووڕایەوە و سڵاوێکی لێکردم. مام کەریم پورە زارا لە بن سێبەری پشتەوەی گەراجەکە لە سەر چەند لەتکە بلۆکان دادەنیشن و چاوەڕوانی هاتنەوەی کەماڵ دەکەن. ماوەی نیو کاتژمێر تێدەپەڕێ،

بەڵام هیچ خەبەرێک لە کەماڵ نابیستن. حەمە عەلی خەڵک سواری کوستەرەکان دەکات و جاروبار سەردانێکی مام کەریم دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە، کە ئەگەر کەماڵ نەهاتەوە نیگەران مەبن و دەچینەوە ماڵی برای خۆت. حەمە عەلی خەڵکی ناوچەی سەردەشتە و ساڵانێکی زۆرە ئاواری ناوچەی پشدەرە و لە شاری قەڵادزێ گریساونەوە. کەماڵ چاوەڕوانی هاتنی دایک و بابی دەکات و بۆ پێشوازی هاتۆتە قەڵادزێ. ئەو رۆژە لە گەراجی گەناو و سونێ و لە ناو بازاڕ کەسێکی ناسیاو و دڵنیا نابینێ. کە سواری ئوتۆمبیلەکەی دەبێت، بیر لە حەمە عەلی دەکاتەوە، کە کەسێکی باشە و ئەگەر دایک و بابم هاتن با لە گەڵیان بێت بۆ رانیە یان ئاگادارم کاتەوە. ناوبراو بەرەو گەراجی رانیە و سلێمانی دەچێت و کە دەگاتێ گەراج، حەمە عەلی سەرقاڵی وەرگرتنی پارەی نەفەراتی کۆستەرێکە. کەماڵ کە لە بن سیبەری گەراجەکە وردەبێتەوە مام کەریم و دایکی لە گەڵ خوشکەکانی دەبینێ، کە شەکەت و ماندوو لە سەر لەتە بلوکەکان دانیشتوون. بەخێرهاتنیان دەکات و سواری ئوتۆمبیلەکەیان دەکات و سپاسی حەمە عەلی دەکات، کە دایک و بابی ئاگادار کردۆتەوە، کە کەماڵ لە قەڵادزێیە. کەماڵ دەگەڕێتەوە ناو شار و لە تەنیشت کەبابخانەیەک ئوتۆمبیلەکەی رادەگرێ و پێکەوە دەچنەژوور. نان و کەبابێک دەخۆن و چەند نان و کەبابێک بۆ حەمە عەلی دەکرێ و دەچنەوە گەراج و کەباب و نانەکەی دەدەنێ و بەرەو رانیە دەڕۆن. مام کەریم لە گەڵ پورە زارا لە تۆز و با بابەتی قسەکردن و دمەتەقێ سازدەکەن و وەک ساڵان هێمن و لەسەرەخۆ نەماون. مام کەریم لە بەندیخانە ئەشکەنجە کراوە و باری دەروونی جێگیر نییە. پورە زارا پاش لە دەستدانی کاوە و هەروەها چوونە سەری تەمەن سەبر و تەحەمولی کەمترە و لە سەر پرسێکی سادە دەتوانن ماوەیەکی زۆر شەڕەچەقەی بکەن. پورە زارا داوا لە کەماڵی دەکات، کە ئەگەر لە رانیە دوکتۆری باش هەبن لە سەر ئەو عادەت و خوڵقە سەردانی دەکەم. کەماڵ لە رێگای دەربەند و لە نیزیک غاباتی رانیە دوو جارێک ئوتۆمبیلەکە رادەگرێ و ماوەیەک لە سرووشت دەڕوانن. میوانەکان ماندوون و خوازیارن بگەنە شوێنێک بۆ حەوانەوە، بۆیە کەماڵ بەرەو ماڵ ئوتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی. زورار و خەلیل بەشێک لە کەلوپەلکانیان فرۆشتوە و هەر کامەیان سندووقێک کەلوپەلی پێشمەرگایەتیان وەک یادگاری هەڵگرتوە و بەنیازن دوای دەرچوون لە باشوور هەتا کاتی گەڕانەوە لە شوێنک تاقەتیکەن.

میوانەکان دەگەنێ مزڵەکە و زورار و خەلیل بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەن. ئەوان وەک رابردوو گاڵتە و جەفەنگ ناکەن و سەفەر بە سەر خەیاڵ و رۆژگاریاندا زاڵە. ئەوان لە بازاری کۆنەی زۆر شارەزانین و کەلوپەلەکانیان بە ئەحمەد مەلا شێخی سپاردوە، کە داشقەیەکی پڕ لە کەرەستەی شەڕ، راو و هتد

لە سەر شەقامی راستەی رانیە راگرتوە. ئەحمەد بۆ بەشێک لە کاسبکارانی رانیە ئاشنایە. ژمارەیەک لە جیرانە دوکان و داشقەچیەکان نان و ماستەکەی ئەحمەد بە جوانترین وێنەی رۆژ دەزانن، کە بە قاپوچکە ماستە شلە و چا شیرینکراوەکە لە یەک کاتدا دەخوات. ئەحمەد بەڵێنی بە زورار و خەلیل داوە، کە ئەگەر کەلوپەلەکان ساڵێکی دیکەش فرۆشران هیچ خەمیان نەبێ و پارەکەیان بۆ تورکییە یان سوئێد و کانادای دەنێرێ! زورار بە بیستنی ئەو وتانەی ئەحمەد تورە دەبێ و بە خەلیل دەڵێ، خاریج هیچ نییە. ئەوە سەرەتایە، کە ئێمە بە دەست ئەحمەد گیرمان خواردوە و خوا دەزانی کە تورکییە و رۆژئاوا ئەو خەون و خەیاڵانەمان چۆن دەکەنە تەڕاویلکە و سەراب. خەلیل بۆ چاککردنەوەی زورار پشنیاردەکات، کە ئەگەر ژیانی هاوبەشیان پێکەوەنا و خوا منداڵی کچی پێدان، یەکێک ناوی "سەراب" و ئەوەی دیکە ناوی " تەڕاویلکە" بێت. زوراو بە پێشنیاری خەلیل پێدەکەنێ و دەپرسێ، ئەگەر منداڵەکان کوڕ بوون ناویان چ دەبێ؟ حەمە و حەسەن بۆ یادی دوو هونەرمەندی مەهابادیی و بۆکانی! خەلیل بە زورار دەڵێ، بابی تۆ سلێمان ساوەرە وەرزێرە، بابی من دەروێشە، بزانین مام کەریم چ ناسناوێکی هەیە. زورار داوای لێدەکات، کۆتایی بەو بەزم و قەشمەریانە بێنێ و لە سەر ئەو گاڵتە و نوکتانە وەک دەعبای زیرەک بە سەری دندوکێ پێوەدەبن.

حەمە جاف و هاوسەرەکەی شەو بۆ بەخێرهاتنی مام کەریم و بنەماڵەکەی سەردانییان دەکەن. پورە زارا چەند پاکەت شیرینی عادڵی بۆ میوانەکان هێناوە، کە تام و چێژی تایبەتی هەیە. شیرینیەکان لە جۆری جیاوازی وەک لەتیفە، نان گوێزی، نان کشمیشی، روڵێت، کێک و هتد پێکهاتوون. حەمە جاف رەخنە لە وەستای شیرینەمەنی خۆیان دەگرێ، کە تەنیا شەکلەمە و لوقمە قازی سازدەکەن. حەمە جاف بۆ میوانەکان باس لە کولتوری کۆنی ئێرانییەکان دەکات، کە بابە گەورەی کورد مێدیەکان بناخەیان داڕشتوە. مام کەریم ئەو شەوە چیرۆکی گیران و فرۆشرانی لە لایەن چەند جاشێکی پشدەرەوە دەگێڕێتەوە. ژیانی بەندیخانە و لێدان و پێدادانی میرغەزەبەکانی بەندیخانەکان باسدەکات، کە لە دوای شکستی هێزە عێراقییەکان لە بەرەکانی شەڕ دژ بە ئەسیرەکان بەڕێوەیان دەبرد. ناوبراو چەند جارێک لەو هێرشانەدا کەوتۆتە بەر لێدانی بەعسییەکان و بە سۆندە، کابڵ و دار لە گەڵ سەدان و هەزاران بەندی دیکە ئەشکەنجەکراون. حەمە جاف چەند جارێک جنێو بەو کەس و چەکدارانە دەدات، کە مام کەریم و کاروانچیەکانی دیکەیان لە بەر خاتری گیرفان و زگ فرۆشت و چەند مال و بنەمالەیان داخدارکرد. حەمە جاف داوای لێبوردن لە مام کەریم دەکات و راشکاوانە

دەڵێت، کە خەڵکی ئێمە ئەخلاق و موڕاڵیان لاوازە و ئەگەر تەنگانە بێت، برا رەنگە زەبر لە برا بدات. ناوبراو ئەو کولتورە دەگێڕێتەوە سەر کولتوری دەسەڵاتداری بەعس لە عێراق، کە مرۆڤی لە ناسنامە و بوون بەتاڵ کردوە. حەمە جاف ئاماژەدەکات، کە کەمال، زورار و خەلیلی لەو کولتورە ئاگادارکردۆتەوە، چوونکە ئەمڕۆ خەڵک کار و کەسابەتی نییە و ویژدان مردوە. ئەوان هەتا دەڕۆن پێویستە ئاگاداری خۆیان بن و لە گەڵ هەموو زەلامێک تێکەڵ نەبن و بە پارێزەوە بژین. هیوادارم ئەوان رزگاریان بێت و خوا ئەوانەش دەگرێت، کە چەند کوردێک لە پێناو چەند سەت دینارێکدا بە بەعسیەکان فرۆشتوە.

زورار بۆ گۆڕینی بابەتی قسەکردن، داستانی محەممەدی مەهدی لە حەمە جاف دەپرسێ و داوادەکات، کە ئەگەر ئەو کابرایە بە راستی محەممەدی مەهدی شێعر و چیرۆکەکان بێت، ئەو شارە وەک کەربەلا و قومی لێدێت و لە زۆربەی وڵاتانی شیعە خەڵک بۆ زیارەت و حەج سەردانی ئێرە دەکەن. حەمە جاف تاموجێژی تایبەت لە قسەکانی زورار دەکات و تێدەگات، کە ناوبراو بۆ شادیی میوان و دۆستان بەسەر بابەتەکاندا بازبازێن دەکات. حەمە جاف زۆر ناچێتە ناو چیرۆکی محەممەدی مەهدی و دەڵێ، کاکە ئێوە بچنە خاریجەی و وەرنەوە، ئەگەر ئەو برادەرە هەتا ئەوکات ژێرخاک نەکرابو، پێکەوە دەچین و دەبینە شوێنکەوتووی ناوبراو. کاکە زورار، بە برایەتیمان هەر دیاردەیەک لەو کوردستانەدا سەرهەڵدەدا تەنیا بۆ پارە، ناو و دەسەڵاتە. براکەم، محەممەدی مەهدی لە ئێمە فەقیرتر و هەژارترە و ئەوە شیعەکان سەدان ساڵە بە هەموو عیلمێک بە دوای محەممەدی مەهدیدا دەگەڕێن و کەنیسەکانی رۆژئاواشیان هەموو پشکنیەوە. ئەو داستانە لە بنەڕەتدا لە چیرۆکی عیسای کوڕی مریەمێ وەرگیراوە و خەڵکیان شێت و شەیدا کردوە. کاکە ئەمن ئەو محەممەد مەهدیەم دیوە و پیاوێکی فەقیر و خواناسە و رەنگە سەری لە خوێندنەوە و بیرکردنەوەدا ئاڵۆز ببێت. مرۆڤ بەرگەی ئەو هەموو کتێب و نووسینانە ناگرێت. ساڵان کتێب خوێندنەوە زۆر باو نەبو و مرۆڤەکان بە کەمی کاتی خۆیان بە کتێب خویندنەوە بەسەردەبرد. کورد لە مێژە گوتویەتی، کە هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مەعنا. ئەگەر کتێب خویندنەوە باشیش بێت، ناکرێ شەو و ڕۆژ ئەتۆ سەر بە سەر کتێباندا بگریت و ئاگات لە هیچ نەمێنێ.

مام کەریم و ئەندامانی بنەماڵەکەی چەند رۆژێک لە رانیە بەسەردەبەن و لە گەل مالی حەمە جاف سەردانی نێو بازاڕ دەکەن. پورە زارا چەند قوماشێک بۆ کچەکان و ئاڵتونی خاڵە مینە دەکڕیت. کەماڵ لە ماوەی ساڵانی رابردوودا کار و کاسبی کردوە و پێویستی بە پارە نییە و بڕە پارە و دراوێک دەداتە

ئەندامانی خێزانەکەی. چەند هەزار دینارێکی بۆ هێنانەوەی تەرمی کاوە و سازکردنی کێلێکی رازاوە داناوە و داوا لە بابی دەکات، کە ئەمڕۆ و سبەینێی لێنەکات و هەتا پاییز کارەکە تەواو بکات. کەماڵ پاش بەڕێکردنەوەی مام کەریم و دایکی ئوتۆمبیلەکەی بۆ فرۆشتن دەباتە پێشانگا. فرۆشتنی کاڵاکان لە ماوەیەکی کەمدا کارێکی دژوارە، بەڵام لە گەل ناچاری هیچ ناکرێ. گەرمای هاوین خەریکە باوەش بە پێدەشت و تەختاییەکانی باشوردا دەکات و بە گەرماکەی دەشت و مەزرا کێڵراوەکان هاوشێوەی زێڕ دەنەخشێنێ. کەماڵ، زورار و خەلیل رۆژانە سەردانی بازاری کۆنە و پێشانگای ئوتۆمبیلەکان دەکەن. کەماڵ بەشێکی کەلوپەلەکەی داوەتە ماڵی حەمە جاف و بەشێکی دیکەش بۆ ئەحمەد مەلا شێخی. سەرئەنجام ئۆتۆمبیلەکەی دەفرۆشێ و دواڕۆژەکان لە رانیە تێپەڕدەکەن. ئێوارەی رۆژێکی هاوین سەردانی ئەحمەد مەلا شێخی دەکەن و ماوەیەک گوێ لە قسەکانی رادەدێرن. خەلیل و زورار لە بەر نەوسنیان هەر جارەی خۆیان بە بابۆڵە و ساردەمەنیە فرۆشیەکدا دەکەن. سەرئەنجام حوشتری سەفەر لە بەردەرگای کۆنە پێشمەرگەکاندا لە سەر چوارلاق دەکەوێ. ئەوان ماڵئاوایی لە دۆستان و ماڵی حەمە جاف دەکەن. کەماڵ نامەیەکی نووسراو بۆ حوسێنی ئازیزێ دەنووسێ و وەک ئەمانەت دەیداتە دەستی حەمە جاف. کوڕەکانی دیکەش سندووقەکانیان هەتا کاتی گەڕانەوە لە ماڵی حەمە جاف دادەنێن و بە سواری کڕۆلایەک بەرەو زاخۆ وەڕێدەکەون. حەمە جاف هەتا دەهۆک هاوڕیەتیان دەکات و شەو لە گەڵ شۆفیر کرۆلاکە هەتا کەماڵ و کوڕەکان لە سنوور دەرنەچن ناگەڕێنەوە.

سنووربەزاندن لەو سەردەمەدا کارێکی دژوار و ئەستەم بو. ژمارەیەک لە پەناخوازان ئەو رێگایەیان بە رێگای مەرگ ناودێرکردوە. دژوارییەکانی رێگا بە سنووربەزاندن تەواو نابن و دوای خۆ تەسلیمکردنی یوئێن کێشەکان ئالۆزتردەبن. کەماڵ، خەلیل و زورار لە گەڵ هەشت نەفەری دیکە لە لایەن قاچاخچیەکانەوە رێنوێنی دەکرێن. هیچ قاچاخچییەک زەمانەتی دەرچوون ناکات و ئەوان تەنیا بە ئەزموون لەو رێگایە شارەزابوون و خەڵکی ئەو ناوچەیەن. ئەو کارە پارەیەکی زۆر دەخوڵقێنێ و خەڵکی ئەو ناوچەیە بەو مامەڵەیە ژیانێکی باش و شاهانەیان بۆ خۆیان سازکردوە. بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی رێگای قاچاخ چەند جارێک پێوەندییان بە ژاندارمە تورکەکان کردوە و گوێ دۆڵار و دیناریان بۆ دەرخستوون، بەڵام لە گەیاندنی مەبەستەکەیان سەرکەوتوو نەبوون. بۆ گەیاندنی پەیامەکە قاچاخچییەکان لە هەولێر تورکمانێکی شارەزا لە تورکی ئیستانبولیان بە پارە بۆ لای بەرپرسی قەڕەقۆلەکان ناردوە، کە دوو شەو لە حەوتوودا بە شەراکەتی خەڵک بپەڕێننەوە.

ژاندارمەکان مەیلی پارەیان هەیە، بەڵام لە سزای سەربازی دەترسن و ئامادە نابن بە فەرمی لە سەر ئەو مامەڵەیە بسازێن. ئەو شەوە بەخت یاوەری کاروانی پەناخوازن دەبێت. ئەوان لە سنوور دەدەچن و بە پارەیەکی زۆر خۆیان دەگەیننە سڵوپی.

کەمال لە بەر توندوتیژی بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لە گەڵ خەلیل و زورار ساغبوونەوە، کە بۆ شارێکی دیکە بڕۆن، کە زیاتر لە گەڵ پەناخوازەکاندا سەروکاریان هەیە و توندوتیژی زۆر و رەق لە گەڵ پەناخواز و پەنابەران بەکارناهێنن. بە گوێرەی ئەو چیرۆکانەی لە بەرپرسانی پۆلیسی سڵۆپی بیستراوە، ئەوان زۆر بێڕەحمانە لە گەڵ ئەو پەناخوازنە هەڵسوکەوت دەکەن، کە بۆ دەربازبوون دەچنە تورکییە. ئەوان لە سلۆپی تەلەفوون بۆ چەند پەناخوازێکی ناسیاو دەکەن، کە سالێک زیاترە لە تورکییە دەژین و خۆیان بە یوئێن ناساندوە. لەو پرسیار و وڵامانەدا بە کۆنکرێتی بارودۆخەکە باس ناکرێت و هەر کەسە بە گوێرەی لێکدانەوە و ئەزموونی خۆی رێنوێنیان دەکات. خەلیل، کەماڵ و زورار بەرەو ئیستانبوڵ دەڕۆن، کە ناسیاوێکی کەماڵ لەو شارە گریساوەتەوە و قبوڵی ئوستراڵیای هەیە. زورار چەند وشەیەکی تورکی ئازەری دەزانی و خەلیل چەند رستە ئینگلیسی و کەماڵیش کوردی سۆرانی و فارسی. ئەوان پانتۆڵ و چاکەتیان لەبەر کردوە و کڕاوەتێکی خوار و خێچیان بەستوە. بە وتەی خەلیل لە مامۆستای خانەنشین دەچن و روخساریان لە گەڵ ئەو جلوبەرگە نامۆیە. ئەوان کە لە خەڵکی تورکییە و باکوری کوردستان دەڕوانن زۆر کەمتر کڕاوەتیان بەستوە و زورار داوادەکات، کە ئەو پەڕۆیانە لە ملی خۆیان داماڵن. بە هەزار زەحمەت سواری ئوتۆمبیلی ئیستانبوڵ دەبن و بۆ رزگاربوون لە ترسی گیران و دڵەڕاوکەی رێگا پارەیەکی باش دەدەنە شۆفیری باسەکە. زورار لە نێو باسەکەدا گەمە بە ئینگلیسیەکەی خەلیلی دەکات، کە دووکەڵ دەکات و هیچ وزەیەکی نییە. ئەوان لە گەڵ ناسیاوەکەیان رێککەوتوون، کە ئەگەر گەیشتنە ئیستانبوڵ بە تەلەفوون ئاگاداری بکەنەوە و لە خواردنگە یان چاخانەیەکدا کاتەکان تێپەڕکەن. ئەوان ساغبوونەوە، کە لە ئەگری گرتندا خۆیان بە پەناخواز بناسێنن، کە بە دەستی بازرگان و قاچاخچییەکان هێنراونە تورکییە و پارەی چوون بۆ وڵاتی سوئێدیان داوە. بۆ پێشکەشکردنی کەیسی پەنابەری بڕیارە لە گەڵ ناسیاوەکەیان لە ئیستانبوڵ راوێژبکەن و لە ئەزموونەکانی کەڵکوەرگرن.

رێگایەکی دوور و درێژدەبڕن و لە چەند شارێک دادەبەزن. دیتنی روخساری شارەکان، دیمەن و

جوانیەکانی سەر ڕێگا بە خەونی شەوانی بناری قەندیل دەچوون. خەلیل لە باسەکەدا وەک سەر دۆشەکی خوری خەوتوە و پرخەی ڕۆژەڕێیەک دەڕوات. زورار خەوی زڕاوە و لە گەڵ کەماڵ بۆ تێپەڕاندنی کات یادێکی حەمە جاف، حوسێن و مستەفا دەکەن. کەماڵ خۆی کڕ و مات کردوە و داوا لە زورار دەکات، هەتا دەگەنە ئەو برادەرەی ئیستانبول ئارام بگرن. ئێمە تازە لە تەپوتۆزی دەشتی بیتوێن و پشدەر رزگارمان بوە و ئەگەر قاتی پاشایەتی بپۆشین، دادمان نادات. ئێمە دەبێت لێرە بمێنینەوە و لە ئاو، خۆراک و جلوبەرگیان بکڕین، ئەوجار بۆنی ئێرە دەگرین. زورار لە سەر زۆربەی رووداو و بەباتەکان پرسیار دەکات و ئەگەر هیچی گیرنەکەوێ، ڕەخنە لە فەقیری و بێهونەری خۆی دەگرێ. ئەوان تازە لە ژیانی غەریبی تێدەگەن و ئەوەی باشوور و پێشمەرگایەتی بە غەریبایەتی پێناسەناکەن. خەلیل شەو ڕۆژی لێگۆڕاون و لە بەر خەوی قورس ئاگاداری سووڕی تەگەر و سوکانی باسەکە نییە. کاتەکان نارۆن و ڕێگای سەفەر کۆتایی نایەت. مرۆڤی چاوەڕوان هەتا مەبەستەکەی دەپێکێ و بە ئامانجەکەی دەگات، لە ژینگەی چاوەڕوانیدا شەکەت و ماندوو دەبێ.

کەماڵ و هاوڕێکانی سەرئەنجام دەگەنە شاری ئیستانبوڵ. شارێکی گەورە و پڕ لە ڕەنگاوڕەنگی، کە بیرهێنەرەوەی مێژووییەکی کۆن و پڕ لە کەوتن و هەستانە. کەماڵ، زورار و خەلیل لە گەراجی باسەکان دادەبەزن و دوا هەڵسووڕانێکی چەند خولەکی بەرەو شەقامێکی تەنیشت گەراج هەنگاوهەڵدەگرن. ئەوان لە خواردنگەیەک لادەدەن و ئەرکی داواکردنی خواردن و هەروەها تەلەفوونکردن بۆ ناسیاوەکەیان بە خەلیل دەسپێرن. خەلیل شانی دەکەوێتە بەر قورسایی نەزانینی زمان، بۆیە بە کلینێکس و دەستسڕەوە ئارەقەی نێوچاوانی دەسڕێتەوە. لە سەر کورسییەکانی خواردنگە دادەنیشن و چاوەڕوان دەبن. یەکێک لە گەنجەکانی خواردنگە دێتە لایان و بە تورکی سڵاویان لێدەکات. زورار بە خەلیل دەڵێ، کوڕە ئینگلیسی بۆ ئەمڕۆ باشە و دوو وشە و رستەیەک لێکدە. خەلیل بە ئینگلیسی تەنیا ناوی کەباب و برینج و پەتاتەی دەزانێ، بۆیە بە قامک و ئینگلیسی داوای سێ برینج، کەباب و پەتاتە دەکات. کرێکاری خواردنگە سەری لەو داواکارییە دەرناچێ و کاتالۆگی خواردن و خواردنەوەکان دەکاتەوە و بە قامکی خواردنەکانی نیشاندەدات. کەماڵ، زورار و خەلیل کاتالۆگی خواردنەکان سەراوبن دەگرن و لە داخی کڵۆڵی خۆیان بە پێکەنین دەکەون. کرێکارەکە چاوەڕوانیان دەکات و سەرئەنجام بە دەست خواردنەکان بە کرێکارەکە نیشان دەدەن و چاوەڕوان دەبن. خەلیل دەچێ بە کرێکارەکە دەڵێت، "ئای وانت تۆ فۆن مای فرێند". کرێکارەکە بە قامەکەکانی دەستی ئاماژەدەکات، کە

بە پارەیە. خەلیل سەری دەلەقێنێ و ئۆکەی دەکات. ژمارەی ناسیاوی کەماڵ هەڵدەگرێ و تەلەفوون دەکات، بەڵام وڵامێک نییە. دوو کەرەت هەوڵدەدات پێوەندی بگرێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێ. خەلیل نازانێ بە تورکی یان بە ئینگلیسی بڵێت، تەلەفوونکە وڵام ناداتەوە و دوای نانخواردن تەلەفوون دەکەمەوە. چۆنیەتی نانخواردنی ئەو میوانانە سەرنجی کرێکارەکە رادەکێشێ، بۆیە بە کرمانجی پرسیاریان لێدەکات، کە کوردن یان نا؟ زورار بە بیستنی ئەو پرسیارە گیانێکی بەبەردادەکرێ و چەند جارێک دەڵێ، بەڵێ کوردین، بەڵام کوردایەتی قورِی کردوە بە سەرمان. کەماڵ سەرێک دەچێتەدەر و ناوی شەقامەکە دەنوسێ و ناوی خواردنگەکە لە سەر شوشەی پەنجەرەکە دەخوێنێتەوە و دواتر ژمارەی تەلەفوونەکە لێدەدات و ئەوجارە نەفەرێک وڵام دەداتەوە. کەماڵ داوای ناسیاوەکەی دەکات و دوو جارێک داوا دەکات، کە لە گەڵ سابیر قسە بکەم. تەلەفوونەکە داناخرێتەوە، بەڵام ماوەیەک دەخایەنێت و دواتر سابیر بە کوردی خۆی دەناسێنێ. کەماڵ سڵاوی لێدەکات و ناوی خواردنەگە و شەقامەکەی دەڵێت و رادەگەیەنێ، کە چاوەڕوانی سابیر دەکەن. سابیر لە بەر گیرفان و هەروەها گیران داوادەکات ئەو تەلەفوونە بدەن بە خاوەن دووکانەکە و ئادرەسی ماڵەکەی دەداتێ و داوای لێدەکات تاکسیەک بۆ ئەو کوڕانە بگرێ و ئادرەسەکەیان بە نووسین بداتێ. خەلیل و زورار لە کاری سابیر نیگەرانن و رەخنە لەو ناسیاوەی کەماڵ دەگرن. کەماڵ داوایان لێدەکات ئارام بن و کۆتایی دونیا نییە و ئەگەر خۆی شاردەوە و نەهات دەچین لە بەر دەرگای یوئێن خۆمان بە زەویدا دەدەین. کرێکاری خواردنگەکە تاکسیان بۆ دەگرێ و بڕە پارەیەک بۆ خۆی دەستێنێ و ماڵئاواییان لێدەکات. تاکسی ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک بە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕێ و شۆفیر لە موسافیرەکان تێناگات و ئەوانیش لە شۆفیر ناگەن. شۆفیرەکە لە رێگای ئاوێنەی ئوتۆمبیلەکە، لە خەلیل و زورار دەڕوانی و سەرێکیان لێڕادەوەشێنێ. کەماڵ بە هاوڕێکانی دەڵێت، کە پیاویکی هەولێری سوێندی خواردوە، کە لە دنیادا لە شۆفیری تاکسی خەراپتر گیرناکەوێ، بۆیە وریای خۆیان بن و زۆر سەر نەلەقێنن. کاکە ئەوانە شارەزان و چاوت لە چاوی کەن، دەزانن خەڵکی کام وڵاتی. ئەو خەڵکە ئەزموون و تاقیکارییەکی هەیە و لە دەوڵەتێکی گەورەدا نیشتەجێن. ئێمە لە شاخ و کێوان و چەند شار و گوندێکی چوکەڵە هیچ شوێنێکمان نەدیوە. شۆفیرەکە دەزانێ غەریبن و پاش گەیاندنیان داوای پارەیەکی زۆریان لێدەکات. خەلیل بە ئینگلیسی هەر سەتی دەزانی، بۆیە کەماڵ پێنووسەکەی دەداتە شۆفیرەکە و بە زمانی ئاماژە داوای لێکرد، کە پارەکە بنووسە. شۆفیر پارەکەی دەنووسی و کەماڵ بە زیادەوە پارەکەی دەداتێ و ئاوڕی وەسەر ناداتەوە.

کوڕەکان لە تاکسی دادبەزیون و چاوەڕوانی سابیرن. ماوەی نیوە کاتژمێر لەو کۆڵانە وەک کۆڵانەکانی کوردستان خەریکی پیاسەکردنن، بەڵام سەروچاوی سابیر پەیدا نابێ. خەلیل پێشنیاردەکات کە لە تەلەفوونێکی گشتییەوە تەلەفوون بکەن و ئاگاداری بکەن، نەکا سابیر بەڵایەکیان بەسەر بێنێ. لە کوپەیەکی تەلەفوون پێوەندی بە ژمارە تەلەفوونی سابیر دەکەن، کە سەرەتا تورکێک وڵام دەداتەوە و دواتر سابیر. ئەوان سابیر ئاگادار دەکەنەوە، کە ماوەیەکی زۆرە لەو کۆڵانە دەخولێنەوە و چەند جارێک لەو دەرگایان داوە. سابیر داوادەکات، کە لە تەنیشت کوپەی تەلەفوونکە چاوەڕوان بن و دە خولەکێکی دیکە یەکتر دەبینن. کەس توانای گاڵتە و نوکتەگێڕانەوەی نەماوە و زورار بە سوکی جنێو بەخۆی دەدات و رەخنە لە خۆی دەگرێ، کە بۆتە گاڵتەجاڕی سابیر و نوکتەی تورکان. ناوبراو خۆزگەدەخوازێ، کە لە کوردستان زیاتر هیچ وڵاتێکی دیکەی نەدەدیت. بە وتەی ناوبراو، پێشمەرگە کۆنەکان تەمەنی لاوەتیان لە شاخ و سەنگەردا تێپەڕکردوە و لەو شارە گەورانە بە ئاسانی خۆیان پێناگونجێندرێ. زورار بەڵێن بە خەلیل دەدات، کە ئەگەر سابیر هات و چووینەوە مزڵەکەی دەیکەمە فیلم. ماوەیەک تێپەڕی و کەماڵ، خەلیل و زورار لە دەوروبەری کوپەی تەلەفوونەکە راوەستاوەن و چاو و سەریان وەک پانکەیەک دەسووڕێنن. ئەوان سابیر هەر بە ناو دەناسن و هەر کامەیان وێنەیەکی سەیر و سەرمەرەی لە سابیر لەخەیاڵی خۆیاندا سازکردوە. چەند جارێک بە دەرکەوتنی گەنجێک دڵیان خۆش دەکەن و وادەزانن سابیرە، بەڵام خێرا تێدەگەن، کە هەموو سمێڵ سوورێک هەمزەئاغا نییە.

خەلیل بۆ زاڵبوون بە سەر ماندوویەتی و توڕەبوونی کەماڵ و زورار بە گۆرانی لە بن لێوەکانی دەیگوت، سابیر ماڵت ئاوا بێت، دەرکەوێ لە کۆڵانێ، ماڵی ئەوەی خەراپ بێ، تۆی بە کەماڵ ناساندبێ. سەرئەنجام گەنجێکی چاویلکە هەتاوی لە چاو و پانتۆڵ کورتە لەبەر بە پێڵاوێکی ئەفەندیانەی تورکی گەیشتە لای کوڕەکان و بە سەری لێوان بەخێرهاتنی کردن. سابیر کە لە گەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی ئاشنا نییە و راستەوخۆ لە شارەوە هاتۆتە تورکییە و لە لایەن یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان وەک مرۆڤێکی هەڵسووڕی سیاسی تەئیدکراوە. ناوبراو لە شار و گوندەکەی خۆی بە رێژەی باڵندەیەک بۆ کوردایەتی و تەنانەت بیروباوەڕی چەپ و راست کاری نەکردوە. ئەو مرۆڤێکی پڕ لە کفوکوڵی ژاراوییە و ئۆگری بۆ مرۆڤەکانی دیکە لە ژێر هێڵی نەبوونە. سابیر لاقی بەرەو ماڵەکەی ناڕۆن و لە گەڵ کەماڵ چەند قسەیەک دەکەن و دواتر خەلیل داوادەکات، کە شەکەت و ماندوویە و با لە مزڵەکەی کاک سابیر

پشوویيەک بدەن. سابیر بە میوانەکان دڵخۆش نییە، بەڵام ناچارە دوو رۆژێک سەبر بگرێ. ناوبراو داوا لە میوانەکان دەکات، کە با پێکەوە بچن خواردنێکی ئامادە بکرن و دواتر دەچنەوە ماڵ. لە کاتی کەلوپەلکڕیندا کەماڵ و کوڕەکان رێنوێنی دەکات، کە ئێوە بۆ ئورووپا دەچن و لە بازاڕی پارەی تەنیا کەلوپەلی خۆتان بدەن و وەک کوردستان لە کاتی پارەداندا مەیکەنە کێشە و فەرتەنە. کەماڵ لە پەیامەکەی گەیشت و لە کاتی کڕینی خواردنەکاندا پارەکەی حیساب کرد. سابیر ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی، لەو جەمە خواردنە رزگارم بو و هەتا بەیانی خوای موسڵمانان گەورەیە. کۆنە پێشمەرگەکان بە تەواوەتی بێزارن و لەو هەڵسوکەوتەی سابیر دڵگرانن. سابیر وەک فەرماندەیەکی مەیدانی پێش میوانەکان دەکەوێ و هەتا نێوەڕاستی ژوورەکەی راناوەستێ. زورار لە سەر قەنەفە و مۆبڵە کۆنەکە دانیشت و خێرا لە سابیری پرسی، کە کاکە عەیب نەبێ، ئەنگۆ لە ئوستڕالیا لە دایکبوون و بۆ کوردستان دەچنەوە؟ سابیر لە زوراری پرسی، کاکە سەرەتا ناوت چییە و ئەو پرسیارەت بە چ مەبەست دەکەی؟ خەلیل داوا لە زورار دەکات، کە پرسیارەکان بۆ شەو هەڵگرێ و دۆخەکە ئارام راگرێ. کەماڵ چۆنیەتی بارودۆخی پەناخوازەکان لە سابیر دەپرسێت و داوای لێدەکات، کە رێگایەکی مەعقول و مامناوەندیان نیشاندات. سەرەتا دەپرسێ، کە ئایا باشترە لێرە خۆمان بە یوئێن بناسێنین یان لە شارێکی دیکە؟ خۆمان بە ئەندامی حیزبی بناسێنین یان پێشمەرگە؟ ئەگەر تەئیدیە حیزب لە سەر کەیسەکەمان نەبێ، چ دوارۆژێک چاوەڕوانی کەیسی ئێمە دەکات؟ سابیر کە ئەزموونی هاتن و گەیشتنی تورکیا هەیە، خۆی لە ئامۆژگاریکردنی پەناخواز و پەنابەرەکان دزدزێتەوە. ئەو بەڵای زۆری بەسەرهاتوون، بۆیە حەزدەکات ئەو خەڵکە تووشی هەزار کەند و کۆسپ بێت. سابیر بە کۆنکرێت رێنوینی ناکات و زیاتر مەبەستی شکاندنی خەڵکی دیکە و خۆقەبەکردنە و وتەکانی لە سەر دڵ نانیشن. لە پێوەندی لە گەڵ کەیسەکاندا باس لە هیچ ناکات و بۆ خۆناساندن داوادەکات، لە شاریکی سنووری خۆیان بناسێنن یان لە قەیسەری. زورار دەزانێت، کە سابیر هیچی لێهەڵناوەرێ و خێری نابێ، بۆیە داوا لە خەلیل دەکات، کە کاک سابیر ئینگلیسیەکەی تەواوە، بۆچی چەند رستەیەکی ریکوپێک فێرنابی، با بە کەڵکی سەفەر و نانخواردن بێت. سابیر بە وتەکانی زورار شاد نییە و بە زورار دەڵێ، کاکە ئەتۆ گوڵستانی سەعدیت خویندۆتەوە، کە چۆن مرۆڤ بۆ هەڵسوکەوتی باش و کەم قسەکردن هاندەدا؟ زورار بە راشکاوی وڵامی دەداتەوە، کە بەڵێ خوێندوومەتەوە و باسی تۆشی تێدایە. کەماڵ داوا لە زورار دەکات، کە کابرا بە ئێمە قەرزدار نییە و کەیفی خۆیەتی. ئێمە دوو شەوێک لێرە دەمێنین و دەبێ لە فکری خۆماندابین و کارەکانمان بە نوکتە و گاڵتەکردن چاک نابن. سابیر کە گوێی لە دوو

شەو مانەوە کرد، دڵخۆش و شاد دەرکەوت. ناوبراو لەوە دەترسا، کە ماوەیەکی درێژ لە مزڵەکەی بمێننەوە. ئەو هەستا ئاوێکی بۆ چاسازکردن ئامادەکرد و چاییەکی خۆشی بۆ سازکردن. نانەکەیان دەخۆن و سەرەخەوێک دەشکێنن. خەلیل لە سەر قەنەفەکە ملی خواربۆتەوە و پرخەی رۆژەڕێیەک دەڕوات. کەماڵ خەمی خۆناساندن بە یوئێنی هەیە و بیر لەوە دەکاتەوە، کە بۆ ئامادەکردنی کەیسی پەناخوازی لە گەڵ چ کەسانێک دەبێ قسەبکات. ئێوارە درەنگانێگ بیر لە کورێکی ئاشنا دەکاتەوە، کە دوای کۆنگرەی هەشت لە حیزب جیابۆتەوە و دوو ساڵێک دەبێت، لە تورکیە دەژیت. لە رێگای سابیر و چەند ناسیاوێک سەرئەنجام ژمارە تەلەفوونەکەی پەیدا دەکات. شەو پێوەندی پێوەدەکات و لە سەر چۆنیەتی پڕۆسەی پەناخوازی لە تورکیە پرسیاری لێدەکات. شەپۆل چۆنیەتی رەوتی کەیسەکەی دەگێڕێتەوە و ئاماژەدەکات، کە وەک سەردەمی پشمەرگایەتی لێرەش شانس و بەختە و هەیە باڵ دەگرێت و هەیە بە تەڵەوە دەبێ. شەپۆل داوادەکات، کە ئەگەر وەک کۆنەپێشمەگە خۆدەناسێنن باشترە کە مێژوویەکی وردی حیزب و هەروەها ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان بنووسن و لە گەڵ رێکەوتەکاندا ورد و ساکاربن. ناوبراو لە شاری وان خۆی ناساندوە و ئەو شارە بۆ کەماڵ و هاوڕێکانی بە گونجاو دەزانێت. بە باوەڕی شەپۆل، ئەو شارە کوردستانە و لە دە کەسی کرمانج کەسێکی یارمەتیدەر هەڵدەکەوێ و ژیان لەوێ هەرزانترە. ئەگەر لە ئێران سەردانتان بکەن، شاری وان زۆر نیزیک و خۆشە و تەنانەت خەڵکانێک دەناسم، کە نان و وشکە خۆراکیان لە ئێرانەوە بۆ دەهات. ئێوە گەڕانەوەتان لە ئیستانبول بۆ وان کەمێک کێشەیە و ئەگەر لێرە بگیرێن رەنگە بەندبکرێن یان سنووورداشتان بکەنەوە. ئەمن لە نەوشەهیر دەژیم و دوای وەرگرتنی قبوڵی بۆ ئێرە راگوێزراوم. سەردانی ئەمنییەت دەکەین و لەو غوربەتە تووشی هەزار روخساری جیاواز دەبی. هەوڵبدەن ئارام بن و وتەکانتان لە کورتی ببڕنەوە و دمەتەقە و شەڕەقسە قازانجی نییە و کوردەکان بە ئاسانی جەزرەبە و ئازار دەدرێن. لە بارەی پێشمەرگایەتی بەرپرسایەتی نیزامی باس مەکەن و زیاتر لە بەشی پەروەردە و کاری تەشکیلاتیدا خۆتان بناسێنن و بزانن چەندە و چۆن قسەکانتان کۆدەکەنەوە. لێرە کارکردن هەیە، بەڵام بە نرخێکی کەم، بەڵام کە لە یوئێن وەرگیران بڕە پارەیەکتان دەدەنێ و پارەی سەردانی نەخۆشخانە و دەرمانتان دەدەنەوە. خۆتان لە موناقشەی کوردایەتی و کوردستانی گەورە بپارێزن و ئێمە لێرە کادر و پێشمەرگە نەماوین و خەبات بۆ کوردستانی گەورە بۆ سوئێد، ئوسترالیا، هولەند، نۆڕوێژ و دانمارک هەڵدەگرین. خۆتان لە خەڵکی ئێرانی نەناسیاو بپارێزن و لە تێکەڵاوبوونی خێرا لە گەڵ فارس، ئازەریی و تەنانەت ئەو کوردانە خۆتان بپارێزن، کە لە ئێرانەوە هاتوون ئەم وڵاتە. ژمارەیەکی زۆر لەوان سەردانی

باڵوێزخانەی ئێران لە ئانکارا دەکەن و ئەوان بۆ ژیانێکی باشتر لە وڵاتی خۆیان دەردەچن. کەماڵ دەستخۆشی لێدەکات و داوادەکات، ئەگەر هەتا دوو رۆژی دیکە لە سەر شوێنی خۆناساندن بە یوئێن خەبەری تازەی پەیدا کرد، پێوەندی بە ژمارە تەلەفوونی سابیرەوە بکات. زورار لە داخی رۆژانی یەکەمی غوربەت لە تورکییە پەنا بۆ جگەرە دەباتەوە و لە جگەرەکانی سابیر یەک یەک ئاورتێبەردەدات. خەلیل و کەماڵ داوا لە زورار دەکەن، کە دوو ساڵە وازی لە جگەرە هێناوە و خۆڕاگربێت و پەنا بۆ دوکەڵێ نەباتەوە. زورار لە گەڵ خەلیل دەچێتەدەر و چەند پاکەت جەگەرە دەکڕێ و دەگەڕێتەوە. ئەوان بۆ رزگاربوون لە شۆکی رۆژانی ناخۆشی پەناخوازی لە کۆڵانەکانی دەوروبەری ماڵی سابیر ماوەیەک پیاسەدەکەن و یادی رانیە و پێشمەرگایەتی دەکەن. سابیر دوو پەتوویەک لە خاوەن خانوەکەی وردەگرێ و بە فۆڕمی کۆن راست و چەپ لە تەنیشت یەکتر رادەکشێن.

پەناخوازانی تازە و پێشمەرگەکانی دوێنێ، شەکەت و ماندوون و هەتا بەیانی درەنگ دەخەون. سابیر لە بەر میوانەکان لە بن پەتوەکە کز و مات راکشاوە. ناوبراو نانی بەیانی نییە و چاوەڕوانە میوانەکان وەخەبەربێن و پێکەوە لە دوکانی نیزیک ماڵ نان و پێخۆرێک بکڕن. کەماڵ چاوەڕوانی زۆری لە خەڵک نییە و لە سابیر تێگەیشتوە و مەبەستی نییە بۆ پارەیەکی کەم کەسایەتی خۆی بڕوشێنێ. ناوبراو لە خەو هەڵدەستێ و دەست و چاوێک دەشوات و چاوەڕوانی هاوقەتارەکانی دەبێ. خەلیل بۆ خەو نەماوە و زورار لە داخان بە خەلیل خەوخۆش بانگی دەکات. کاتێک پەناخوازە تازەکان لە بن پەتوەکان هاتنەدەر، سابیر لە خەو رادەپەڕێ و لە بەر ئاوێنەی دیوارەکە بە قامکی دەستەکانی قژەکانی دادێنێ و وەک ئێرانیەکان دەڵێت، "ئاغایان با بڕۆین بۆ خواردنی سوبحانە". پێکەوە دەڕۆن و نان و پێخۆر دەکڕن و کەماڵ پارەکەی دەدات و سابیر لەو جەمەش رزگار دەکات. زورار لە رێگا و لە سەر سەفرە رەخنە لە سابیر دەگرێ و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، ئاخ پەناخوازی چت بەسەر ئێمە هێنا. سابیر چاویلەکە رەشەکە لە چاو دادەنێ و بە هێواشی دەڵێ، ئاغا زورار زۆرت ماوە و خوای موسڵمانان دەزانێ، کە چەند هەزار قاپ و دەوری لەو خواردنگانەدا دەشۆی. زورار داوا لە سابیر دەکات، بە جنێو و وشەی نەشیاو بانگی بکات، خۆشترە لەو ئاغا زوراره. کەماڵ گەڕاوەترە و رێزی هەموو لایەک دەگرێ و بە ئاسانی نابێتە نیسک و لەپەی هەموو چیرۆک و باسێک. بۆ خواردنی ئێوارە برینج و مریشک دەکڕن و خەلیل قۆڵی لێهەڵدەکات و خواردنێکی بەتام ئامادە دەکات. بە درێژایی رۆژ کەماڵ، زورار و خەلیل بیریان لەوە دەکردەوە، کە بۆ سبەینێ بەرەو شاری وان بڕۆن یان لە ئیستانبوڵ خۆیان بە یوئێن

بناسێنن. ئەوان لە گیران و دەستبەسەربوون دەترسن و هاتوچۆی نێوان شارەکان بۆ کەسانی تازە هاتوو پڕە لە ریسکی گەورە. ئەو رۆژە کەماڵ تەلەفوونێک بۆ شەپۆل دەکاتەوە و راوێژی لە گەڵ دەکات، کە بەیانی بەرەو شاری وان بڕۆن یان لە قەیسەری خۆیان قایم کەن. شەپۆل ئەوەندە وەبیر کەماڵ دێنێتەوە، کە کارەکەیان لە قەیسری رەنگە بە پێدانی رشوەیەک سەربگرێ. شەپۆل بۆ پەیداکردنی کەسێکی ناسیاو لە قەیسەری پێوەندی بە زۆر کەس دەکات، بەڵام ناویکی ئاشنایان گیرناکەوێ. شەپۆل پێشنیار دەکات، کە سەر لە ئێوارەی سبەی سواری باس ببن و پاش ١٢ کاتژمێرێک دەگەنە قەیسەری. دەتوانن سەردانی بەردەرگای یوئێن بکەن و لە دوورەوە چاوەڕوان بن پەناخوازێک یان پەنابەرێک ببینن و داوابکەن، چەند شەوێک پێویستان بە شوێنی خەو و حەوانەیە. کەماڵ کورتەی قسەوباسەکەی لە گەڵ شەپۆل بە خەلیل و زورار دەگێڕێتەوە و دەپرسێت، کە ئەوان چۆن ئەو وەزعە هەڵدەسەنگێنن. ئێمە پێکەوەیین و هەموومان خوازیارین، کە هەتا دەگونجێ بارودۆخێکی ئارام و باش بخوڵقێنین. خەلیل و زورار رەزایەت و ئامادەیی خۆیان بۆ رۆیشتن رادەگەیەنن و دەزانن، کە بژاردەکان زۆر کەمن و هیچ بژاردەیەک مەرج نییە لە بژاردەیەکی دیکە باشتر بێ. ئەو شەوە لە گەڵ سابیر دەبەنەسەر و بەیانی داوا لە سابیر دەکەن، کە سێ تیکێتی سەفەر بۆ قەیسەریان بۆ بکڕێت و پارەی هاتوچۆی رێگای دەدەنەوە. سابیر پێشنیار دەکات، کە ئێوارە کە رۆیشتن پێکەوە دەچن و لە گەراج بڵێتی سەفەریان بۆ دەکڕێ. سابیر تایبەتمەندی سەیر و جیاوازی هەن و زورار لەو دوو شەوەدا زۆر جار خۆزگە دەخوازێت، کە ئەو سابیرە تەنیا سێ مانگ لە ناوچە پێشمەرگایەتی کردبا. چوونی ناوبراو بۆ حەمام و فڵچەدان لە ددانەکانی سەرنجڕاکێشە. ئەو بۆ خاوێنکردنەوەی قورگی چەند خولەکێک تەرخاندەکات و دەنگ و هەرایەکی زۆر دەنێتەوە. خەلیل بە زورار دەڵێ، ئەتۆش ئەگەر قبوڵی وڵاتێکی رۆژئاواییت وەرگرت، وەک جەنابی سابیر لە سەر زەوی پیاسەدەکەیی و بە روخسار و قژەکانەت دڵخۆش دەبی.

ئێوارە کەلوپەلە کەسییەکانیان تێکەوەپێچا و لە گەڵ سابیر بە سواری تاکسیەک بەرەو گەراجی گەورەی شار رۆیشتن. چەند وشەیەکی تورکی ئیستانبوڵی فێربوون، بەڵام بەشی کڕینی نانی بەیانیش ناکات. سابیر لە رۆژانی رابردوو شادترە و بە زورار دەلێت، کورد لە کۆنەوە باوە، کە میوان هەر لە پشتەوەڕا جوانن. زورار بە رەقی لە گەڵ سابیر دەدوێت بە مرۆڤێکی رەزیل بانگی دەکات. شەڕ و موناقشەی سابیر و زورار پەرەدەستێنێ، بەڵام راوەستانی تاکسییەکە کۆتایی بە باسەکان هێنا. شۆفیر لەو ژاوەژاوە تێناگات و کە دەگەنە گەراج داوای پارەکە دەکات. سابیر لە گەڵ میوانەکان تیکێت و

بڵیـتی سەفەر بـۆ قەیسەری دەکرێـت و لـە چاوتروکانێکـدا خـۆی ونـدەکات. لـەو کاتـەدا پەناخوازەکان چاوێک لـە یەکتر دەکەن و بـە زمـانی ئامـاژە سەرسوڕمانی خۆیـان لـە سـابیر و کردەوەکـانی دەردەبـڕن. خەلیل و زورار زمانیـــان راناوەســـتێ و لـە گێڕانـەوە و بـەسەرهاتەکاندا وشەی کوردســـتان، کـــورد و پێشـــمەرگە بەکاردێنن. کەماڵ، ئەوان لـە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەســـتەواژانـە ئاگادارەکاتەوە. بـە وتەی نـاوبراو لـەو وڵاتـە سەرپەنایەک پێویستە و مـرۆڤ نـاتوانێ بـۆ ماوەیەکی درێـژ بـەمجۆرە درێـژە بـە ژیان بدات. بـە ناشکوری نـەبێ، کورد سابیری ئەوەندە زۆرن، کە مرۆڤ شەرم لـە کوردبوونی خۆی دەکات. کاتژمێر ٧ی ئێوارە سواری باسەکە دەبـن و خەلیل و زورار بـۆ رێگـا چەنـد کیلـۆ میوە، بامیە و زولوبیـا و گوڵەبەڕۆژەیان کڕیوە. بـە وتەی خەلیل خەباتی پەناخوازی و پەنابەری تەنیا بـە نان و ئەکمەکی وشکی بەڕێوەناچێ. ئێـوارە پەردەی بێـدەنگی بـەسەر ژینگەدا دەکێشـێ و موسـافیرەکان لـە سەر کورسـییەکانی خۆیـان دادەنیشـن و ژمارەیەک لەوان خۆیـان بـۆ خەوتن ئامـادە دەکەن. خەلیل لـەو پێوەندییەدا کێشەی نییە و بـە ئاسـانی چاوەکـانی لـە خەورادەچن. کەماڵ و زورار بـە رێژەیەکی زیـاتر بەخەبەرن و لـە گەڵ جوڵەی بـــاس و ســـووڕانی ســـوکانەکەی چـــاو و سەریان دەســـووڕێنن. زورار دەفەتەرە بچکوڵانەکەی دەرهێنـاوە و بـە خەتێکی جـوان دەنووسـێ، لـە بـەندەیخانەی سـابیرەوە بـەرەو بـەهەشـتی قەیسەری. ئەو شەو وتە و باسەکان وشکیان کردوە و خەلیل و کەماڵ بـە ئاسـانی بابەتی قسەکردنیان بـۆ نادۆزرێتەوە و بـە وتەی کەماڵ، مرۆڤ بـە بێـدەنگی جوانـە و زمـان بـەڵایە. کەماڵ لیستی تێچوەکـانی رێگـای نووسـیوە و بڕیاریانداوە، کە گەیشتنـە قەیسەری و خۆیـان بـە یـوئێن ناسـاند، لیستی تێچووی رێگـا، خـواردن و هتـد. سـفر بکەنەوە و پارەکـان بـۆ کەماڵ بگێڕنەوە. کەماڵ دەڵێـت، کوڕینـە سەفەر مـرۆڤ دەخـارێنـێ و وانـەی زۆر لـە سەر خەڵک و تەنانـەت دۆسـتان و هاوڕێکـانی خـۆت فێردەبـی. سەفەرە سەختەکان وانـەی زۆرتـر دەدەنـە مرۆڤ و لـە کاتی دژواردا نیزیکەکانت زیاتر دەناسیت. لـە نەبوونیدا مرۆڤەکان تاقیدەکردێنەوە و دۆسـتان لـە کاتـە دژوارەکانـدا باشـتر لـە قەپان دەدرێـن. بەرەبەیانی باسەکە دەگاتـە شـاری قەیسەری. کەماڵ و هاوڕێکانی هەتا کردنەوەی دەرگای یوئێن و ئەمنییەت دوو کاتژمێرێکیان ماوە و بـە هێواشی لـە گەراجەکە دوور دەکەونەوە و لـە چاخانەیەکی کۆنی شاردا خۆیان پەنادا. بـە زمانی ئامـاژە و خەلیل بـە ئینگلیسیەکی شەقوشڕ داوای چاو نـانی بەیانیان دەکەن. خـاوەنی قاوەخانەکە تورکێکی پیرە و لـە گەڵ شـــاگردێکی مێرمنـــداڵ چاخانەکە هەڵدەســـووڕێنن. ئەوان بـە روخســـار و هەڵســـوکەوت دەزانـــن، کە مشتەرییەکان تورک نین و سەر و چاویان لـەو خەڵکە دەچێ، کە بـە نیازی چوون بۆ رۆژئـاوا ماوەیەک لـە قەیسەری بارگەوبنەیان دەخەن. شار جوڵەی تێدەکەوێ و غەرییەکان لـە پەنا خەڵکی شاردا دەتـوانن بـە

شەقام و ڕێگاکاندا بڕۆن و زۆر زەق دەرنەکەون. لە دووری شار بەرزایی و کوێستان دەبیندرێن و زورار بە دیتنی ئەو دیمەنانە دڵخۆشە و بە خەلیل دەڵێ، کاکە خەلیلی خەوخۆش ئەگەر لەو شارە جێگامان نەبۆوە، چنگ لەو شاخانە دەدەین و ئەگەر لەوێ سەگ و گورگ بمانخۆن، لەو بەندیخانەی سابیر رووترش و تاڵ خۆشترە. خەلیل ئەو ژنە ماڵوێران و دونیاخەراپە، کە مێرد بەو سابیرە دەکات و بە دوو ساڵان نەخۆشی شیرپەنجە دەگری. کاکە، ئەوەتا لەو دونیایەدا دەژیم، جانەوەری وەک سابیرم نەدیتوە. لە بواری کۆمەڵایەتی، هەڵسوکەوت، تێگەیشتن، پیاوەتی و چاکە مرۆڤێکی داتەپیو و رەزیل. کاتێک بەرامبەر ئاوێنەی ژوورەکەی رادەوەستا و قژەکانی بۆ سەرەوە هەڵدەدانەوە پڕاوپڕ لە دۆنکۆشیت دەچوو. ئەو مرۆڤێکی بە فیز و پڕ لە هەواو و خاڵی لە تایبەتمەندی مرۆڤانە بو، بۆیە لە داخان پەنام بۆ جگەرە بردەوە. ئەگەر حەوتوویەک لە گەڵ سابیر ژیابام، بێگومان زەبری گەورەم پێدەکەوتن و هەرگیز چاوەڕوانم نەکرد، کوردێک لەو غەریبایەتییە بەمجۆرە پێشوازی لە میوانەکانی بکات.

خۆر لە بەرزاییەکانی ئاسمان سەردەکەوێ و ژاوەژاوی بازاڕ شەقامەکانی شار دادەپۆشێت. پەناخوازە تازەکان شەقامی سەرەکی شار دەپێون و بە دیتنی بامیە و زولوبیا زۆرەکەی سەر شەقامی سەرەکی شار شادن. هەموویان چاویان کردۆتەوە و دەڕوانن، کە لە گۆشەیەک وێنەیەک یان نووسراوەیەکی یوئێن هەڵاوەسرابێ. کاتژمێرێک سەر و خوار دەڕۆن و دێنەوە و سەرئەنجام مەکۆی رێکخراوی تایبەت بە کۆچبەران دەدۆزنەوە. لە بەر دەرگای ئەو رێکخراوە خەڵکێکی زۆر نابیندرێ، بەڵام چەکدارێکی تورک بە نێوچاوان گرژی لە دەوری دەرگای یوئێن پیاسەدەکات. زورار لە دوورەوە ئاماژە دەکات، کە ئینگلیسی خەلیل بۆ رۆژێکی وەک ئەمڕۆ پێویستە، بەڵام چ بکەم. کەماڵ گوێ بە گاڵتەکانی زورار نادات و لە گۆشەیەکی دوورەوە چاو لە مەکۆی یوئێن دەکەن و چاوەڕوانن خدری زیندەیەکیان لەو گۆڕەپانە گیرکەوێ. ماوەی نیو کاتژمێر لەو دەوروبەرە خۆدەخافڵێنن و ناوێرن بە تەواوەتی لە دەرگای سەرەکی مەکۆی یوئێن نیزیک ببنەوە. لە بەرامبەر خۆیاندا چەند کەسێک دەبینن، کە بە فارسی قسەدەکەن و بە ژن و منداڵەوە بەرەو یوئێن دەڕۆن. کەماڵ دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و سڵاویان لێدەکات و داوای یارمەتیان لێدەکات. یەکێک لەو کەسانەی کە بە فارسی قسەدەکات، پرسیار لە کەماڵ دەکات، کە کوردی کام شارە. کەماڵ خۆی بە سەردەشتی دەناسێنێ و کوردەکە تۆقەی لە گەڵ دەکات و داوایان لێدەکات، کە لەو سەرە کۆڵانە چاوەڕوان بن و پاش نیوکاتژمێری دیکە یارمەتیان دەکات. زورار لە خۆشیان بە دەم جگەرەکێشان گۆرانیەکانی حەمەی ماملێ دەڵێتەوە. ناوبراو حەزی لە بامیە و

زولوبیایە و داوا لە خەلیل دەکات، کە پێکەوە بچن نیوکیلۆیەک بکڕن و بە یادی جاران بیخۆن. خەلیل ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و خەلیل بە نەوسن و زۆربڵێ ناودەبات.

سەعاتێک تێپەڕێ، بەڵام ئەو کوردەی بەڵێنی گەڕانەوەی پێداون لە هیچ قوژبنێک دیارنییە. کەماڵ، خەلیل و زورار سەریان لێگران دەبێت و نازانن تووشی چ چارەنووسێک دەبن. ژاوەژاوێک سەرنجی پەناخوازەکان رادەکێشێ و ئەوان بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکە چاوەکانیان لە کۆڵان و شەقامی دەوروبەری دەبڕن. خەلیل چاوی لە سەر دەرگای یوئێن راگرتوە و چەکدارە تورکەکە دەبینێ، کە بە قۆنداخ و ئامرازی دیکەی لێدان لە پیاوە پەنابەرەکان دەدات. ئەو بە زمانی تورکی بە سەر پەنابەرەکاندا هاواردەکات و بۆ دەرپەڕاندنیان لە بەر دەرگای یوئێن پەلاماری دوو پیاو دەدات. خەلیل بە زوراری دەڵێ، شەق دەزانێ قۆناخ لە کوێیە. ئەتۆ هەڵگری هیچ پێناسەیەک نیت و بە قاچاخی لێرە دەژیت، بە گۆڕی شەهیدان بکەویە بەردەستی تورکان تۆیخێکت لێدەکەنەوە. وەرە با خۆمان حەشاردەین و هەتا کارتی پێناسێک وەردەگرین با نەکەوینە تەڵەی تورکانەوە. پەناخوازەکانی بەر دەرگای یوئێن بە راکردن خۆیان لە قۆنداخ و لێدانی چەکدارە تورکەکە رزگاردەکەن. کەماڵ روخساری ئەو کوردە دەناسێتەوە، کە چاوەڕوانی دەکەن و بڕیارە یارمەتیان بدات. کەماڵ دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و بە پەلە دەگاتە ئەو پیاوە کوردە و داوادەکات، کە بەرەو کوێ بڕۆن. کوردەکە داوا لە کەماڵ و هاوڕێکانی دەکات، کە راکەن و لە نێوەڕاستی شار زیاتر قسەدەکەن. زورار، خەلیل و کەماڵ بە دوای ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەون و لە تەنیشت دارەکانی مەیدانی شار لە تەنیشت چاخانەیەک راوەستان. کوردەکە چاوێکی لە روخساری پەناخوازە تازەکان کرد و راشکاوانە گوتی، ئەوەش چیرۆکی پەنابەری! نەعلەت لەو کەسەی ئەو وشەیەی داتاشیوە. لەو دونیا پان و بەرینەدا شوێنێک بۆ خۆپاراستن نەبێ و لە سەر خاکی خۆت، لە باشوور، لە رۆژئاوا، لە باکوری کوردستان وەک تاوانکاری بتناسن و ئازار و ئەشکەنجەت بدەن. ناوبراو لە کەماڵ و هاوڕێکانی نیزیک بۆوە و گوتی:" کاکە بەخێربێن. ئەمڕۆ زۆر رۆژێکی باشە، چونکە ئێوەش ئەگەر لەو شار و وڵاتە بژین، لە داهاتوودا چاوەڕوانی ئەو راهێنان و راکردنە دەبن. ئەمن ناوم محەممەدە سوتاوە و لێرە بە ناوی رەزا سالاری ناسراوم. خەڵکی ناوچەی پاوەم و ساڵێک و دوو مانگە لێرە دەژیم. ئەمن ماوەیەک چەکداری دێموکڕات بووم، بەڵام لە گەرمەی شەڕی کۆمەڵە و دێموکڕات چەکم دانا و سەرقاڵی ژیانی ئاسایی بووم. ماوەیەک وەک تەواب چوومەوە پاوە، بەڵام سوودی نەبو، چوونکە دەزگای سیخوڕی رێژیم دەیخستینە ژێر پاڵەپەستۆ و داوای هاوکاری

لێـدەکردین. ڕۆژگـاری مـن و کۆمەڵێک لە تەوابەکان لێواولێـوە لە تـاڵ و دژواری بـو، بۆیە لە ئێـران دەرکەوتمەوە. ماوەیەک لە سەر سنوورەکان لە نیزیک بنکەی پێشمەرگەکان کاسبیم دەکرد، بەڵام کە هێزەکانی ڕێژیم و هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە لە سەر خاکی باشووری کوردستان پەلاماری هێزە بەعسیەکانیان دەدا، ئێمە چارەنووسمان گۆڕا و بە هەزار زەحمەت و لە ڕێگای حیزبی دێموکراتی چوومە ئۆردوگای ڕۆمادیە. دوای ڕاپەڕین بە نیازی پێشمەرگایەتی گەڕامەوە باشووری و چەند مانگێک لە قەندیل و بنکەی پێوەندییەکان لە سلێمان بووم. سەرئەنجام لە گەڵ چەند دۆست و برادەرێک بڕیارمانـدا، کە دەرچـوون لەو بارودۆخە تەنیا ڕێگـا چارەیە و هاتینە ئێـرە. بە منـداڵی خانوەکەمان ئـاوری گرتـوە و ئەوکات مـن لە بێشکەدا بـووم، بۆیە بەشـێک لە جەستەم سووتاوە و بە نـاوی حەمە سووتاو، محەمەدە سووتاو ناسراوم. کە هاتمە تورکییە لە بەر دەرگـای یـوئێن و لە زۆربەی شوێنەکان خۆم بە ڕەزا سالاری ناساندوە و محەممەدم لە خۆم سڕیوەتەوە. ئەگەر گەیشتمە ئورووپا یەکسەر نـاوی خۆم دەگۆڕم و ناوێکی کوردی وەک نەبەز، هەڵۆ، پۆلا یان ئـازا هەڵدەبژێرم. بەشێک لە دۆست و خزمـان لە وڵاتانی سکاندیناوین و لە ناردنی فاکس و تەلەفوونکردندا دەڵێ، ناوی یەکەم وەک ئاوخواردنەوە بـۆ گـۆڕین ئاسـانە و کوتە کاغەزێک بڕدەکەیتەوە و تەواو. کاکە ئێـوە چیتـان دەوێ و کەی هـاتوون و چ بکەین؟".

کەماڵ، زورار و خەلیل خۆشـحاڵن، کە لە کەسـێک ئاشـنا دەبـن، کە پێشـمەرگایەتی کـردەوە و تـامی غوربەتی چێشتوە، بۆیە سەرەتا سپاسی دەکەن. ئەوان دواتر چیرۆکی خۆیـان بـۆ ڕەزا دەگێڕنەوە، کە بە سـڵۆپیدا هـاتوون و لە ئیسـتانبوڵ گریسـاونەوە و هاتوونە قەیسەری. ئێمە لێـرە خۆمـان بە یـوئێن دەناسێنین و وەک ئێوە درێژە بە ژیـان دەدەیـن، بەڵام زانیاریمـان لە سەر چۆنیەتی کەیس و هەروەها خۆناساندن نییە. ئێمە هیچ کارتێکی پێناس و نووسراوێکمان نییە و ئەگەر گیراین باشترە بـۆ باشووری کوردستان دێپۆرتمـان بکەنەوە. ئەگەر کاروبـاری ناونووسـین لە یـوئێن سەربگرێ، لە ماوەیەکی کەمـدا هۆدەیەک دەگرین. ڕەزا داوایان لێدەکات، کە بـا بە پیاسە بچنەوە مـاڵ و دواتـر زیـاتر لەسەر ئەو کـارە قسەدەکەین. ڕەزا بە دیتنی ڕوخساری زورار پێدەکەنێ، کە لە ڕێگـادا جنێو بە ئاسمان و زەوی دەدات و لە خـۆی دەپرسـێ، کاکە ئەو ژیانە کەی شـایانی تۆیە؟ ڕەزا لە زورار دەپرسـێت، کاکە ئەتۆ تـازە بەخێر سنوورت بەزاندوە و نازانم بۆچی تەنگەتاوی؟ زورار بەو قسەیە تورە دەبێت و دەڵێ، حەمە سووتاو ئەتۆ کـارت بە سەگبابێکی وەک مـن چییە؟ ئەمن لە داخـی خـۆم و ئەو ڕۆژگـارە نـازنم چ بکەم. چەنـد ڕۆژێکە

هاتووینە ئەو خاکە دووبـــارە جگەرەم هەڵگرتۆتەوە. رەزا دمەتەقەی لە گەڵ زورار ناکـــات و بەردەوام دەڵـێ، کە ئێوە میـوانن و جێگەت لە سەر چاوانە. رەزا بـۆ پێکەینی رێگـا و کردنەوەی دەرگـای نوکتە و قسەی خۆش بە کەماڵ و خەلیل دەڵێ، رەنگە کاک زورار خەڵکی وڵاتی کۆماری کوردستان بـێ. مەبەستم شـاری جمهوری کوردستانە! خەلیل دەرفەتەکە بە گونجـاو دەزانـێ و دەڵـێ، کاکە زورار خزمـی حەمەی ماملێی هونەرمەندە، بەڵام دەنگی بۆ گرانی گوتن نـابێ. کەماڵ پێکەنینی بە حـاڵ و ژیـانی خـۆی دێت، کە لە پێنـاوی ژیـانێکی ئـازاد و مسۆگەردا چەنـدە دەبـێ بە کـۆڵان و شەقامەکاندا بسوڕێنەوە و لە گەڵ خەڵکی جیاواز ئاشنا بـن. پەناخوازە تازەکـان لە گەڵ رەزا گەیشتنەوە مـاڵی رەزا، کە قـاتی خـوارەوەی مـاڵێکی تورکە. ئەو قاتە دوو هـۆدە و حەمام و ئاودەسـتێکی هەیە، کە یەکێک لە هۆدەکـان بە مـاڵێکی فارسە، کە خاوەنی یەک منداڵن. رەزا لە گەڵ کورد و فارسێک لە هۆدەکەیدا دەژیـن، بۆیە شـوێنەکەیان بەرتەسکە.

رەزا لە گەڵ سەعدی ســنەیی و ئەمیر روحـــانی هاومزڵە. کاتێـــک کەماڵ و هاوڕێکـــانی لە گەڵ رەزا چوونەوە مـاڵ، بنەماڵەی فارسەکە و ئەمیر روحـانی گوتیـان، ئاغـا رەزا میـوانت هێناونەوە و دیـارە کە دەوڵەمەنـدی. زورار گـوتی، کەماڵ بە شەڕەف تووشـی شەڕ دەبیـن. ئێمە لە کوردسـتان لە سەر خـاکی خۆمـان لە داخـی ئەو سەگبابانە ئـاوارە بـووین و ئەوەتا کـاک رەزا نەگەیشـتۆتەوە مـاڵی خـۆی، تانە و تەشەری لێدەدەن. ئەمیر روحانی لە دوورەوە بە فارسی هاوار دەکات، کە جنێوە کوردییەکان تێدەگات و گوێی لە وشەی سەگباب بوە، ئایا ئەو جنێوە بـۆ ئەوانە یـان نـا؟ سەعدی لە ژوورەوە خەریکی فێربـوونی تورکییە و زۆر ناپڕژێتە سەر بارودۆخەی نێـو مـاڵ و شەڕی ئەمیر و رەزا. نـاوبراو وەک وەرگێـری زمـانی کـوردیی و تـورکی لە کۆبوونەوەی یـوئێن و پەنابەرانـدا بەشـدار دەبـێ. سەعدی، بەخێرهاتنی کەماڵ، زورار و خەلیل دەکـات و سەر لە سەر کتێبەکە هەڵـدەگرێ و لە تەنیشـت میوانەکان دادەنیشـێ. رەزا بە پەلە چایەک ســـازدەکات و لە گەڵ میوانەکان و سەعدی دادەنیشـــن و سەعدی و میوانەکان بە یەکتر دەناسـێنێ. نـــاوبراو دەروازەی قسەکردن بـــۆ سەعدی و میوانەکان دەکاتەوە و بە مەبەسـتی خـواردن ئامادەکردن لە کۆڕی قسەکردن دووردەکەوێتەوە. سەعدی گوێ لە میوانەکان دەگرێ و وردە دڵخۆشییەکی بە میوانەکان دەدات و بەڵێنی هاوکاریـان پێـدەدات. نـــاوبراو پێشـنیار دەکـات، دوو رۆژێـک بیـر لە کەیسەکان بکەنەوە و خۆیـــان بە تەواوەتی لە سەر وتەی داخـــوازی پەنابەری ســـاغببنەوە. خەلیل دۆخەکەی بە دڵە و داوا لە زورار دەکات، بە سڵامەتی سەری دۆستان گۆرانییەکی حەمەی ماملێ بچڕێ.

زورار لە ڕۆژانــی رابــردوو ئــارامترە و وەک ڕۆژانــی ئیســتانبوڵ تــوڕە نییە. ڕەزا خــواردنێکی ســاکار سازدەکات و لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و بە گێڕانەوەی چیرۆکــی خــۆش و نــاخۆش کاتەکە تێپەڕدەکەن. کەماڵ داوا لە ڕەزا دەکات، کە هەتا بازاڕی نیزیک لە گەڵی بچێت و بـا کەلوپەلی پێویست بـۆ ئەو دوو ڕۆژە بکڕن، کە پێکەوە دەمێننەوە. ڕەزا و سەعدی پێداگری دەکەن، کە ئەو دوو ڕۆژە میوانی ئەوانن و لە نێــو کوردانــدا میوانــداری قەدر و ڕێزێکــی هەیە. ئەوان هەتا درەنگــانی شەو لە گەڵ سەعدی و ڕەزا خەریکی نووسینەوەی کەیسی خۆیان بوون. کەیسەکان ئاسان و ڕەوان بوون، چوونکە زۆرتری ڕووداوەکان ڕاســتەقینە بــوون و تەنیا مەسەلەی تەئیدییەی حیزبە سیاســییەکان و هەروەها چۆنیەتی گێڕانەوەی بــاس و وڵامدانەوەی پرســیارەکان گرینــگ و شــوێندانەرە. ئەوان لە بارودۆخە سیاســییەکانی ئێــران، کوردســتان و هەروەها سیاسەت و مێـژووی حیزبەکەیان شـارەزان و خـاوەنی ئەزموونن. زورار لە کـاتی نووســینەوەی کەیسەکاندا پێدەکەنی و ئەو ڕۆژانە بە سەرەتای ژیــانێکی تــازە ناودەبــات. سەعدی پێشنیاردەکات، کە سبەینێ ئەوان خۆیان بیخوێننەوە و ئێوارە پێکەوە چاوی پێدادەخشێننەوە و بـۆ دوو ڕۆژی دیکە لە مەکۆی پەنابەرانی یــوئێن خۆتــان بناســێنن. ئەمیر ڕوحــانی بە سەروچاوی کوردەکــان دڵخۆش نییە، بەڵام ناوبراو بە پاڕانەوە لە مزڵی ڕەزا و سەعدی جێگای بۆتەوە. ئەو لە قسەکردندا کورد و فارسەکانی بە خزمی یەکتر دەناساندن، بەڵام لە دیـالۆگی سیاسـی و هەروەها پرسە سیاسیی و مافە نەتەوەییەکان ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی زیـاتر دەردەکەوت. لە مـاوەی دوو ڕۆژدا لە گەڵ زورار، خەلیل و کەماڵ دمەتەقەی زۆری دەکــات و بە تێڕوانینــی خــۆی کوردەکــانی هەڵدەسەنگاند. زورار لە کــاتی دمەتەقەدا بە زاراوەی سابڵاغی دوو جنێوی بە ئەمیر دەدات و ئەمیر بە گومانەوە لە سەعدی دەپرسێ، کە زورار جنێـو دەدات؟ سەعدی بە ئەمیری ڕادەگەیەنێ، ئەگەر تـۆ خـۆت بە خزمـی کـوردان دەزانیـت، پێویستە زمانی کوردی فێرببی. مەگەر تۆ خوازیاری ئێرانێکـی پایەدار و نـاودار نیت؟ ئەتۆ ٦ مانگـان بە فارســی قسە مەکە و وەرە لەو ژوورە زمــانی کــوردی فێربە. خەلیل بــۆ تــوڕەکردنی ئەمیر دەیگــوت، لە بەرنامەی حیزبەکاندا نووسراوە، کە سەرۆکی کۆماری وڵات دەبێ فارسی، کوردی و ئـازەری بزانـێ و ئەو کەسانەش تەنیا لە کوردستانی گیردەکەون. ئەمیر لەو دیالۆگەدا کوردەکان بە جوداخواز ناودەبـات، کە بە پشتیوانی هێزە دەرەکیەکان سنووری ئێرانی ئـازیز هەڵدەوەشـێنن. کەماڵ لە ئاکـامی وتەکانی ئەمیر سەرگران و تـوڕە بە سەر ئەمیردا گۆڕانـدی و گـوتی" ئێمە چـوار پێنـج کـورد و یەک فـارس لەو هۆدەیەدا پێکەوەین و ئێمە میــوانین و دەڕۆییــن. ئەتۆ وەک فارســێک لە قەیسەری و بە تەنیا ئێمە بە جوداخــواز بانـگ دەکەی! بە خـوێنی شەهیدان جـارێکی دیکە ئەو تڕەتـڕەی بکەی، لەو ژوورەدا هەموو ئەندامەکانی

جەستەت دەشکێنم. ئێوە سەدان ساڵە زوڵم لە کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەکەن و لە هەموو مەجلیسان خۆتان بە ئاغا و کوێخای وڵات و خەڵک دەزانن. ئێرانی ئازیزت، ئەوەتا هەیە هەر لە بنەوە بوە. ئەسکەندەری یۆنانی، عەرەب، رووس، مەغۆل، ئەفغانیەکان، عوسمانیەکان و عێراق بە سەر ئەو ئێرانە ئازیزەی تۆدا زاڵبوون و زلهێزەکان پاشا و سەرکردە گەلحۆکانی وڵاتیان وەک کرێگرتە بەکارهێناوە. ئێوە مرۆڤێکی نەفام و هیچن و ئامادەنین لە دەرەوەی سنوورە بۆگەنەکەتان چاوبکەنەوە و لە دونیا و مرۆڤ تێبگەن. ئەی مرۆڤی درۆزن، ئەگەر ئێران بۆ تۆ هێندە ئازیزە و ئێمەش دوژمن، بۆچی لێرە وەک سواڵکەر دەخولێیەوە و بە دوای نان و ئاوێکدا سەما دەکەی؟ ئەگەر زلهێز و وڵاتە رۆژئاواییەکان شەیتانی و پیلانگێڕن، بۆ چەند ملوێن ئێرانی لەو وڵاتانە دەژین؟ ئەگەر دەسەڵاتدار دەبووم، بە ئیمانی هەموو باوەڕدارە راستگۆکان ئەو نەخشە پیشلەیەی تۆم دەکردە شەش کوت و هەر گەلەی پشکی خۆی وەردەگرت".

کەماڵ و هاوڕێکانی بۆ رۆژی دواتر خۆیان بۆ چوون بۆ یوئێن ئامادە دەکەن. لە سەر پێشنیاری سەعدی ئەوان پارەیەک ئامادە دەکەن، کە بۆ بێدەنگکردنی چەکدارەکانی بەردەرگای یوئێن بەکاری بێنن. سەعدی وەک وەرگێڕ لە یوئێن کاردەکات و ئەو رۆژە بۆ ئەوەی کاری کەماڵ و هاوڕیکانی گرێی تێنەکەوێ، بەیانی بەرەو یوئێن دەڕوات و ماوەیەک لەوێ خۆی دەخافڵێنێ. کەماڵ، زوار و خەلیل ماوەیەک پاش سەعدی لە یوئێن نیزیک دەبنەوە و پارەیەک لە دەستی نیگابانەکە دەکەن و لە بەر دەرگای یوئێن چاوەڕوانی چوونەژوور و خۆناساندن دەکەن. نیوکاتژمێرێک لەوێ چاوەڕوان دەکەن و پاشان یەک بە یەک بانگیان دەکەن و فۆرمی تایبەت بە خۆناساندن پڕدەکەنەوە و سەر وێنەی بچووک دەدەن بەرپرسانی بەشی وەرگرتنی پەناخوازان و پێناسێکی ساکاریان دەدەنێ، کە ئاماژە بە پەناخوازی ئەو کەسانە دەکات. ئەوان بۆ وەرگرتنی روخسەتی نیشتەجێبوون پێویستە سەردانی ئەمنیەت بکەن و خۆیان بناسێنن. سەعدی ئەو کارەیان بۆ جۆرێک بۆ رێکدەخات و بە دانی بڕە پارەیەک بە بەرپرسی ئەو بەشە رۆژی دوایی کارەکانیان کۆتایی دێت. ئەگەر سەعدی و رزا هاوکار و یارمەتیدەر نەدەبوون، ئەوان وەک زۆربەی پەناخوازانی دیکە لە رۆژانی یەکەم بە لێدان و پێدادان پێشوازیان لێدەکرا و بەخێرهاتن دەکران. ئەوان لەو دۆخە دژوارەدا دەرفەتێکی ئەرێنیان دەستکەوت و وەک پەناخوازە پەرتەوازەکانی دیکە سەرەتاییەکی دژوار و پڕ لە چرمەسەریان نەبو. زورار لە هاوڕێکانی زیاتر دڵخۆشە و کە رەزا و سەعدی لە گەڵ سابیر بەراورد دەکات، جیاوازیەکی زۆر لە

هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا دەبینێ. ئێوارە لە ماڵەوە زورار و خەلیل خواردنێکی خۆش سازدەکەن و بەشێک لە چیرۆکەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی و هەروەها ژیان لە باشووری کوردستان دەگێڕنەوە. زورار لە کاتی نانخواردندا دەستخۆشی لە رەزا و سەعدی دەکات، کە یاسا و رێسای میوانداریەتیان جێهێناوە و بە دڵکراوەیی یارمەتیان داون. ناوبراو دڵڕقی سابیر و نامۆبوونی ناوبراو لە گەڵ کولتوری میواندار باسدەکات، کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا زوراریان تووشی جگەرەکێشان کردەوە. رەزا لە گەڵ زورار قسەی خۆش زۆر دەکات و یەکەم دیداریان دەگێڕێتەوە، کە بە حەمە سووتاو بانگی کردوە.

کەماڵ، زورار و خەلیل بەیانی لە گەڵ سەعدی بەرەو ئەمنیەت رۆیشتن و بە هاوکاری سەعدی بە پێدانی بڕە پارەیەک کارەکەیان تەواوکرد. ئەوان دوای ئەو کارە بەدوای خانوودا دەگەڕێن و لە سووچێکی شار هۆدەیەکی کۆن دەگرن و بڕیارە سێ رۆژی دیکە بگوازنەوە. رۆژانە لە بازاڕدا دەگەڕین و کەلوپەلی بەکارهێنراو دەستی دووهەم بۆ مزڵەکەیان دەکڕن. ئەوان چاکەی رەزا و سەعدی لەبیرناکەن و چەند جارێک بۆ مزڵەکەی خۆیان بانگیان دەکەن و لە ماوەی مانەوەیاندا لە قەیسەری پێوەندییەکی گەرم و گونجاویان دەبێت.

رۆژانی کۆچبەریی دەبنە مانگ و مانگەکان دەبنە ساڵ. لە کۆچبەریدا مرۆڤەکان دەخارێن و هەر کەسە بە جۆرێک لە گەڵ رووداوەکان خۆی دەگونجێنێ. کوردەکان لە ژیانی کۆچبەریدا خەم و ژانی رۆژانە و ژیانیان زیاترە و ئەوان خاوەنی بارودۆخێکی رانەوەستاون. دڵەڕاوکە و نیگەرانی لە گەڵ رەوتی چاوەڕوانیەکان، بەشێکی سەرەکی ژیانی پەناخواز و کۆچبەران پێکدێنن. کەماڵ، زورار و خەلیل قەیسەری ژیانێکی تازە دەستپێدەکەن و قۆڵ لە کاری رۆژانە هەڵدەماڵن. ئەوان سەرەتا لە خواردنگەیەک کاردەکەن، بەڵام خاوەن خواردنگەکە پارەی تەواویان ناداتێ. پەناخوازان مافی کارکردنی ئازادیان نییە و بە هۆی نەزانینی زمان و هەروەها ناچاری، هێزی کار بە هەرزانی پێشکەش بە خاوەنکارەکان دەکەن. زورار و خەلیل ژێر سێبەری بێکاریی و نەداریدا پێوەندی بە چەند کۆنە دۆستێک دەگرن، کە لە ئورووپا و ئەمریکا دەژین وداوای یارمەتی یان قەرزیان لێدەکەن. لە چەند دۆستێک تەنیا یەکدانە پاش چەند مانگێک سەت دۆلارێکی ئەمریکیان بۆ رەوانە دەکات. کەماڵ وەک سەردەمی لاوەتی مل لە کاری قورس و تاقەت پڕووکێن دەنێ، بۆیە ناوبراو باشتر لە زورار و خەلیل کاری گیردەکەوێ. ئەو زۆر لە سەر مەسەلەکان نادوێ و کارەکان بە رێکوپێکی رادەپەڕێنێ. بە باوەڕی

کەماڵ هاتنەوە لە گەڵ ڕۆژگـــار لە غوربەتـــدا هونەرە و بە هەموو کەس ڕاناپەڕێنـــدرێ. ئەو پـــارەی پاشەکەوتی هەیە و زورار و خەلیل لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبەن. ساڵێک زیاتر تێپەڕیوە و ئەوان قبوڵی یوئێنیان وەرگرتوە و بڕە پارەیەکیان بۆ ژیان بۆ بڕاوەتەوە. لە کاروباری کڕینی دەوا و دەرمان یارمەتی دەدرێـــن و زمـــانی تـــورکی بە ڕێژەیەک فێربـــوون. خەلیل لە کـــاتی نـــانخواردن و هەروەها چوونەبازاڕدا نوکتەی سەیر لە سەر زورار بـاس دەکـات و بە نـاوی سـاوەر تـوڕەی دەکـات. زورار زمـانی تورکی زۆر فێرنەبوە و بە وتەی خۆی زمانی ئینگلیسی دەخوێنێ، چوونکە لە نـاو پاپۆڕ، فڕۆکە و بـاس و هەروەها لە دارســـتان و شەقامدا کەڵکی هەیە. ئەوان وەک ڕابـــردوو بە یەکەوە نیـــن و هەر کەسەو سەرقاڵی ژیانی خۆیەتی. زوار چەند جارێک سەفەری ئانکارای کردوە و سەردانی دوو ناسیاوی کردوە، کە ماوەی هەشت مانگێک دەبێ لەو شارەدا دەژین.

پەڕاوی داخوازی پەنابەریی خەلیل لە ڕێگـای یوئێنەوە ڕەوانەی وڵاتـی دانمـارک کـراوە و پەڕاوی کەماڵ و زورار بۆ سوئێد ڕەوانەکراون. سەعدی و ڕەزا ماوەیەک دەبێ بەرەو ئوسترالیا سەفەریان کـردوە. ئەوان سەبارەت بە ڕۆژانـی سەرەتای ژیانیـان لە ئۆسترالیا نووسینێکی دوور و درێژیـان بە فـاکس بـۆ کەماڵ ڕەوانە کـــردوە. سەعدی و ڕەزا بە تێروتەسەلی چۆنیەتی سەفەرکردنەکەیان نووســـیوە و ئامـاژەیەکی زۆریان بە بیرەوەرییەکانی قەیسەری کردوە. خەلیل ڕۆژانـی ئـاواریی بە دژواری تێپەڕدەکات و تێکەڵ بە هەودای عەشق دەبێت و لە گەڵ کچە تورکێکی جیرانیان ئاشنا دەبێت. هێڵی سۆز و خۆشەویستی بـۆ فێربوونی زمان پڕبارە، بەڵام دوو کێشەی سەرەکی لە بەردەم خەلیل و کچە تورکەکدا هەن. خەلیل وەک پەنابەر لەو شارە دەژیت و ماوەیەکی دیکە بەرەو دانمارک یان وڵاتێکـی دیکە دەگوازێتەوە. کچە، نـاوی باساکە و خوێندنی تەواوکردوە، بەڵام کچی ماڵە و لە دەرەوەی ماڵ کار ناکات. کچـی گەورەی ماڵە و بـۆ چوونەدەر و هەروەها پێوەندیگرتن دەستکراوەترە. باوکی لە نەخۆشخانەی شار کـاری پەرستاری دەکـات و دایکـی وەک باسـاک ژنـی ماڵە و ئیـدارەی کاروبـاری مـاڵ و منداڵەکان دەکـات. زورار داوا لە خەلیل دەکـات، کە بە قسەی حەسەن زیـرەک بکـات و بە ڕێبـواری لە داوی عیشـق نەکەوێ. خەلیل بە گاڵتە دەڵـێ، زورار لەو غەریبایەتییە جیـاوازی مـاملی و زیـرەک نییە و بە گـوێرەی توانـا ڕێنوێنیەکانیان لە گوێدەگرین. کەماڵ تەنیا گوێ لە چیرۆکەکان دەگرێ و پرسیار لە سەر دڵداری خەلیل و باساک ناکات وتەنیا داوادەکات، کە ئێمە سەڵت وزگورتین و با لە گەڵ جیرانەکان تووشـی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبین. خەلیل لە ڕێگـای باسـاکدا خەو و ژیـانی نەماوە و کۆنـترۆڵی خـۆی لە دەسـتداوە. کەماڵ داوا لە زورار

دەکـات، کە سەفەرێکی ئانکـار بکەن و لە گەڵ دۆسـتانی دیکە ئاشـنا بـن. جوڵەکانی خەلیل رەنگە بە زەرەری ئێمە بشکێتەوە، بۆیە باشـترە لە گەڵ خەلیل سەفەرێک بکەن. خەلیل بێکـار، عاشـق و گیرفـان بەتاڵ لە شەقامەکانی قەیسەری سەرگەردانە. ناوبراو چاوەڕوانی وڵامی دانمارکە، بەڵام لە بەر باساک خەون بە قەیسەریی و بەرزاییەکانی شـارەوە دەبینـێ. لە بەر هەسـتیاری بارودۆخەکە خەلیل لە گەڵ زورار بەرەو ئانکـار دەڕۆن و ماوەیەک لەو شـارە و لە لای دۆسـت و ئاشـناکانیان دەمێننەوە. لە شـاری ئانکـارا کـوردێکی باشـووری دەدۆزنەوە، کە لە گەڵ کچێکـی تـورک ژیـانی هاوبەشـیان پێکهێنـاوە. ئەو کوردە لە پاش کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ی زاییینی هاتۆتە تورکییە و لە ئانکارا گریساوەتەوە. سەرەتا لە قاوەخانە و چێشـتخانەکاندا کـاری کـردوە و پیـاو و ژنێـک وەک کـوڕی خۆیـان قبوڵیـان کـردوە. ئەوان لە رێگـای خواردنگەیەک لە گەڵ عەبدولموتەللیب ئاشـنادەبن. عەبدولموتەللیب لە بنەماڵەیەکی ئـایینی هەولێر لەدایکبوە و چەند جارێک ویستویەتی ئەو ناوە بگۆڕێ، بەڵام پلانەکەی سەری نەگرتوە. ئاینور و ئەسـڵان بەشـێک لە سەرمایەکەی خۆیـان بـۆ عەبدولموتەللیب تەرخانکردوە و خواردنەگەیەکیان لە ئانکارا کردۆتەوە. ئەوان تەنیا بۆ ئیدارەکردنی خواردنگەکە هاوکارن و کرێکـار و وەستاکارەکان لە گەڵ عەبدولموتەللیب کاروبارەکـان رادەپەڕێنن. ئـایڵان و ئەسـڵان، عەبدولموتەللیب بە بـاریس بانگدەکەن. خەلیل و زورار لە رێگای کوردیکی پەنابەر کە لەو خورادنەگەیە کاردەکەن لە گەڵ باریس ئاشنا دەبـن. بـاریس چیرۆکـی ژیـانی خـۆی دەگێڕێتەوە، کە بڕە لە کەوتن و هەستانەوە. ئەو لە گەڵ کچێکـی خزمـی ئـایڵان ژیـانی هاوبەشـی پێکهێنـاوە. بـاریس یـان عەبدولموتەللیب لە خواردنەگەکە لە گەڵ خەلیل و زورار ئاشـنا دەبێـت. زورار داوا لە بـاریس دەکـات، کە چـارەی کێشەی خەلیل بکەن و ئەو بـرادەرە لە قەیسەری بە دەردی دڵ گرفتارە. تۆ دەتوانی لەو پێوەندییەدا رێنوێنی بکەی و یارمەتیدەر بـی. بـاریس لە یەکەم وتەدا لە خەلیل دەپرسـێ، کە ئایـا ئامـادەی قەیسـری فەرامۆش بکەیت و بگوازیتەوە بـۆ ئانکـارا؟ خەلیل بە دەنگێکـی کـز دەڵـێ، کاکە عەبدولموتەللیب رەنگە ئاسـان نەبێ. کە لە قەیسـری دەردەچم، هەموو قالبم دەشکێ و بە تەواوەتی دادەهێزێم و حەزدەکەم، کە هەموو جیهان نـاوی قەیسری بێ و قەیسەری هەموو جیهان بـێ. عەبدولموتەللیب داوا لە خەلیل دەکـات، کە زۆر دڵناسک نەبێ و بەو شێوازە ژنهێنان بە مانای لەقوڕ چەقینە و ناکرێ پیاو بە تەواوەتی ئیرادە و تواناکـانی خـۆی لە پێنـاوی هەسـتێکدا لەبیربکات. عەبدولموتەللیب بەڵێنی بە زوار دەدات، کە ئەگەر خەلیل لە قەیسەری بگوازێتەوە ئانکـارا لە خواردنگەکە کـارێکی پێـدەدات. خەلیل لە گەڵ چەنـد ناسـیاوێکی دیکە لە سەر پێوەندی لە گەڵ باساک قسە دەکات و زۆربەی ئەو کەسانە رێنوێنی ناوبراو دەکەن، کە لەو بارودۆخەدا

باشتره سەبر بگرێ و چاوەڕوان بکات. خەلیل ڕۆژانە تەلەفوون بۆ باساک دەکات و پێکەوە لە سەر پێوەندییەکانیان قسەدەکەن. کەماڵ بۆ دوورکەوتنەوە و لە پڕیشکی ئاگری خۆشەویستی خەلیل و باساک خوازیارە کە بۆ خانویەکی دیکە بگوازێتەوە. ئەو لەو ڕۆژانەدا لە ڕێگای چەند دۆست و ناسیاوێک سەردانی چەند خانوویەکی کردوە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی زورار و خەلیل دەکات. زورار و خەلیل لە ئانکارا لە داخی ژیانی خۆیان ڕۆژ و شەو سەرقاڵی پیاسە و قسەکردن لە سەر دوارۆژی خۆیانن. زورار تێدەگات، کە خەلیل بە ئاسانی دەست لە باساک بەرنادات و ڕەنگە ئەو و کەماڵ بە ئاوری ئەو خۆشەویستییە سەر لە بەندیخانە دەرهێنن. خەلیل گوێ لە هاوڕێ و دۆستەکانی دەگرێت، بەڵام ئیرادەی زاڵبوون بە سەر دۆخەکەیدا نییە. ئەوان دە ڕۆژێک لە ئانکارا تێپەڕدەکەن و دەگەڕێنەوە قەیسەری. خەلیل لەو ڕۆژگارەدا خۆی دەداتە دەستی قەزا و قەدەر و هیوادارە کەیسی پەنابەریەکەی لە دانمارک و دڵداریەکەی لە قەیسری یەکلاببنەوە.

پاش گەڕانەوەیان بۆ قەیسەری، کەماڵ ئاگاداریان دەکاتەوە، کە بەدوای خانوودا گەڕاوە و لە گەڕەکەکانی سەر ڕێگای فڕۆکەخانە خانوویەکی کۆن و هەرزانی دۆزیوەتەوە. خەلیل بەو خەبەرە تێکدەچێ و لە هۆدەکە دەچێتەدەر. ئەو بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانی لە سەر کۆڵان ڕادەوەستێ و چاوەڕێی دەرکەوتنی باساک دەکات، بەڵام چاوەڕوانییەکانی گوڵ ناکەن. ماڵی باساک وەک جاران چۆڵ و بێدەنگ نییە و ژمارەیەک خەڵک لە هاتوچۆدان. خەلیل بە دیتنی ئەو ڕووداوە بەندی جەرگی دەپسێ و لە خوازبێنیکردنی باساک بەگومانە. ئەو لە کۆڵان خۆناگرێ و دەچێتەژوور و داوا لە زورار دەکات، کە پیاسەیەکی لە گەڵدا بکات. زورار تێدەگات، کە خەلیل پێویستی بە دۆستێکی نیزیک و هاوڕیەکی گوێگرە. ناوبراو لە گەڵ خەلیل دەچێتەدەر و تێدەکۆشێ، کە بۆ خەلیل سەرتاپا ببێتەگوێ. زورار بۆ دوورکردنەوەی خەلیل لە خەمەکانی قەیسەریی و هەروەها سەرهێشەکانی دڵداری باس لە حەسەن زیرەک و ماملی دەکات و بە خەلیل دەڵێ، کە ڕەنگە چەند مانگێکی دیکە ناوی حەسەن زیرەکت لە بیرنەمێنێ و تەنیا گوێ لە برایم تاتلاس بگریت. خەلیل هەر بە جەستە لە گەڵ زورار لە شەقامەکاندا پیاسەدەکات و زۆر ئاگاداری بارودۆخەکە نییە. ئەو بیروهەزری لە دەوری چاوەکانی باساکە و بە ئاسانی لەو ئازارە ڕزگاری نابێت. ئەوان هەتا لاقەکانیان شەکەت و ماندوو دەبن بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕێنەوە و لە جیهانی چاو و خەیاڵدا شاخ و دەشتەکان تێدەپەڕینن و بەرەو شارە پڕ لە جوانییەکانی ڕۆژئاوا ئەسپی ئارەزوو لینگدەدەن. کەماڵ لە مزڵەکەی چاوەڕوانی هاتنەوەی

زورار و خەلیل دەکات و بڕیارە خۆیان بۆ گواستنەوە بۆ خانوە کرێیەکە ئامادە بکەن، بەڵام ئەو ئێوارەیە دەرگا کپ و بێدەنگە. پاش ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کەماڵ نانی ئێوارە دەخوات و چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوڕێکانی دەکات. خەلیل و زورار لە ڕێگای گەڕانەوەی ماڵدا لە گەڵ چەند کەس لە خزم و کەسوکاری باساک تێدەگیرێن و بە دار و کوتک پەلاماردەدرێن. ئەوان چاوەڕوانی پەلامار و هێرشی بە کۆمەڵ لە خزمانی باساک ناکەن، بەڵام وەک باوە و دەگوترێ، مەترسییەکان بە زەنگوڵەی دەنگدار دەرناکەون. لە ئاکامی لێدان و شەڕی نێوان زورار و خەلیل لە گەڵ خزمانی باساک، خەلیل سەری دەشکێ و زوراریش بە دار دەستی دەشکێندرێ. لە لایەنی بەرامبەر دوو کەس بریندار دەبن، بۆیە پۆلیسی تورک بۆ ئارامکردنەوەی شەڕەکە دەگاتە کۆڵانەکە و خەلیل و زورار لە گەڵ خزمانی باساک دەگرن. پۆلیسە تورکەکان سەرەتا بەشداربوەکانی کێشەکە دەبنە ناوەندی پۆلیس و بریندارەکانی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکەن. خزمانی باساک بە فێڵ و سازکردنی چیرۆکی بەراوەژوو خۆیان رزگاردەکەن و فایلی خەلیل و زورار قورستر دەکەن. زمانی قسەکردنی خەلیل بە تورکی بە کەڵکی گێڕانەوەی شەڕەکە دێت، بەڵام ناوبراو بە ڕێژەی زمانی دایک ناتوانێ بەرگری لە بێگوناهی خۆیی و زورار بکاتەوە. پۆلیس ئەوان تۆمەتبار دەکات، کە هێرشیان کردۆتەوە سەر ئەو کوڕانە و هەروەها خەلیل چەند جارێک هەوڵیداوە بچێتە ماڵی باساک و دزی لەو ماڵە بکات. کەماڵ لە دونیای بێدەنگی ئێوارەدا چاوەڕوانە، بەڵام نیشانەکان ئاماژەدەکەن، کە ڕەنگە دەرد و بەڵای عیشق، خەلیل و زورارى لە داوی جاڵجاڵوکەیی باساک و خزمان خستبێ. زورار تێدەکۆشی، کە بەرگری لە خەلیل بکات، بەڵام سوودی نابێ. ئەوان دوای چارەسەرکردنی برینەکانیان و هەڵبەستنەوەی دەست بەرەو بەندیخانەی پۆلیس رادەگوزرێن. لە لایەن خزمانی باساک شکایەتیان لێکراوە و دەبێ لە دادگادا ئامادەبن. باساک دەسەڵاتی بەسەر خزماندا ناشکێ و ئەو تەنیا ئەوەندەی گوتوە، کە مێرد بە یەکێک لە خزمەکانیان ناکات، چوونکە بەنیازە لە گەڵ خەلیل ژیانی هاوبەش پێکبێنێ. ناوبراو بە ڕووداوەکە دڵگرانە و نازانێ چۆن پێوەندی بە دادگا بکات و بێگوناهی خەلیل و زورار بسەلمێنێ.

زورار داوا دەکات، کە ئازادی بکەن، چوونکە ئەو دوور و نیزیک پێوەندی بەو کێشەیەوە نییە و تەنیا وەک هاوڕێیەک لە گەڵ خەلیل پیاسەیان کردوە. کەماڵ بۆ دۆزینەوەی سەرداوێک سەردانی چەند ئاشنایەک دەکات و لە سەر ونبوونی زورار و خەلیل پرسیاریان لێدەکات. یەکێک لە وەرگێڕەکانی یوئێن، کە ئاگاداری ڕووداوەکەیە و بە نامەیەیەکی کورت کەماڵ لە چارەنووسی زورار و خەلیل ئاگادار

دەکاتەوە. زورار لە بەندیخانەی پۆلیس رزگاری نابێ و لە گەڵ خەلیل بە سەر و دەست شکاوی رەوانەی دادگادەکرێن. باساک لە رێگای نامەیەکی کورت دادگا لە بێگوناهی خەلیل و زورار ئاگادار دەکاتەوە و داوا دەکات، کە ئەو نامەیە ئاشکرا نەکەن. ئەو کورتەیەک لە رووداوەکە دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکات، کە خزمەکانی ئێوارە پەلاماری ئەو غەریبانەیان داوە و ئەوان بێگوناهن. خەلیل و زورار لە دادگادا ئامادە دەبن و لە سەر نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و هەروەها شکاندنی سنووری ماڵی باساک و هەوڵدان بۆ دزی تۆمەتبار دەکرێن. زورار داوا لە دادگا دەکات، کە کەسێکی وەرگێڕیان بۆ ئامادە بکات، چوونکە ئەوان بێتاوانن و رەنگە نەزانینی زمان کێشەی زیاتریان بۆ سازبکات. دادگا گوێ لە داواکاری زورار ناگرێ، بەڵام خەلیل و زورار بە جیا لە دادگادا ئامادە دەکەن و هەر دووکیان وەک یەک چیرۆکەکە دەگێڕنەوە. زورار باشتر لە خلیل رووداوەکە دەگێڕێتەوە، چوونکە ئەو هیچ پێوەندییەکی بە کێشەکە نییە و تەنیا لە بەر خەلیل کەوتۆتە بەرلێدان و توندوتیژی بەرامبەر کراوە. زورار رووداوەکە بە تەواوەتی دەگێڕێتەوە و داوا دەکات، کە ئەو کچەی کە خەلیلی خۆشدەوێت بۆ شایەتیدان بانگ بکرێ، چوونکە ئەو ئاگاداری رووداوەکەیە. داواکار سوورە لە سەر تاوانبارکردنی خەلیل و زورار و بە تاوانی پێشێلکردنی یاسا و شکاندنی حورمەت و سنووری ماڵ و هەروەها هەوڵدان بۆ دزیکردن دەخرێنەژێر پاڵەپەستۆ. خەلیل داوا دەکات، کە ئەو کەسانەی کە لە سەر دزیکردن یان چوونە ماڵی خەڵک شکایەتیان لێکردوون با ئامادە بن و بەڵگەی خۆیان بخەنەڕوو. زورار داوا دەکات، کە باساک بێنن و کێشەکە چارەسەرکەن. کۆبوونەوەی دادگا بۆ حەوتووی داهاتوو دوادەخرێ و دادوەر بڕیاردەدات، بۆ تێگەیشتن لەو رووداوە گوێگرتن لە باساک یارمەتیدەرە. داواکار کە نامەکەی باساکی لە بەردەستە دڵنیایە، کە کەیسەکە بە قازانجی خەلیل و زورار تەواو دەبێ، بۆیە تێدەکۆشێ لە سەر بناخەی داواکاری لایەنی بەرامبەر دادوەر بڕیاربدات.

کەماڵ لە رێگای وەرگێڕکەی یوئێن سەردانی خەلیل و زورار دەکات و کەلوپەلی خواردن و پێداویستەکانیان بۆ دەبات. ئەو خانوەکەی چۆڵکردوە و بۆ گەڕەکێکی دیکە گواستوویەتیەوە. ئەو رووداوەکە بە ناخۆش پێناسەدەکات، بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە رەنگە حیکمەتی خۆی هەبێ. لە رێگای دادگاوە باساک بۆ لێپرسین و هەروەها شایەتی لێوەرگرتن داوادەکرێت و باساک لە لێکۆڵینەوەکەدا راستی رووداوەکە دەگێڕێتەوە و چەند جارێک رادەگەیەنێ، کە ئەو کوڕە غەریبانە نەک تۆمەتبار و تاوانبار نین، بەڵکو بە رۆژی ئاشکرا زوڵمیان لێکراوە و پەلاماردراون. دادوەری

لێکۆڵینەوە وتەی باساکی زۆر لە سەر دڵ نانیشن، بەڵام چەند وشەیەک لە سەر لاپەڕەکان دەنووسی و کۆتایی بە لێپرسین لە باساک دێنێ. سەرئەنجام خەلیل و زورار دەبەنەوە بەردەم دادگا و ئەمجارە ئەوان لە سەر بناخەی وتەکانی باساک ئازاد دەکرێن. داوا لە خەلیل دەکرێ، کە لە باساک دوور بێت و ئەگەر جارێکی دیکە لە سەر ئەو مەسەلەیە بانگ بکرێتە دادگا، بە ئاسانی رزگاری نابێ و بۆ ماوەیەک بەند دەکرێ. زورار و خەلیل لە بەر نەبوونی پاڵپشتی یاسایی و هەروەها هاوکار لە کاروباری دادگادا لە سەر شکانی سەر و دەست هیچ داوکارییەکیان پێشکەش نەکرد و پرسەکەیان پووشەبەسەر کرا.

زورا و خەلیل دوای ئازادبوون لە بەندیخانە بەرەو نێوەڕاستی شار دەڕۆن و لە قاوەخانەیەک چا و بابۆڵەیەک دەخۆن. زورار لە سەر ئەو شەڕ و بەندکردنە چیرۆکی زۆری بۆ پێکەنین ئامادەکردبوون و لە رێگادا بە دەنگێکی نیوەبەرز دەیگوت، کاکە مەلا خەلیل ئێمەی بە تورکان جەزرەبەدا و زوراریان وەک رۆستەمی یەکدەست لێکرد. خەلیل سەرەڕای ئەو لێدان و سەرشکانە داوا لە زورار دەکات، کە خۆیان گێل بکەن و سەردانی ماڵە کۆنەکەیان بکەن و لە جیرانەکانیان پرسیار بکەن، کە کەماڵ کەی گواستویەتیەوە. زورار داواکەی ناشکێنێ، بەڵام بە خەلیل دەڵێت، کاکە با پێکەوە بڕۆین بۆ لای عەبدولموتەللیب و لە چێشتخانەکە کاربکەین و خۆمان لەو شارە رزگاربکەین. ئێمە ئەگەر ئاگادار خۆمان نەبین، رەنگە لە بەندیخانەدا جێگربین و چاومان بەو خاریجە نەکەوێ، کە بە بەهەشتی ونبووی کوردان بەناو بانگە. خەلیل وزورار بە سەری پێچراو و دەستی هەڵبەستراو بەرەو مزڵە کۆنەکەیان رۆیشتن و هەتا تەنیشت ماڵی باساک رانەوەستان. باساک لە بەر دەرگای حەوشە راوەستاوە و لە گەڵ ژنێکی جیرانیان سەرقاڵی قسەکردنن، کە خەلیل و زورار دەبینێ. ناوبراو دڵخۆشە بە ئازادبوونیان، بەڵام نیگەرانە کە کێشەیەکی تازە سەرهەڵداتەوە، بۆیە ژنە جیرانەکەیان جێدێڵێت و دەچێتەوە ژوور. لە پەنجەری قاتی دووهەمی ماڵەوە چاو لە خەلیل دەکات و پاش ماوەیەکی کورت خەلیل و زورار لەو ناوچەیە دووردەکەونەوە. ئەوان لە گەڵ کەماڵ سەردانی خانوە تازەکەیان کردوە و بە پیاسە بەرەو ئەو مزڵە تازەیە دەڕۆن. کەماڵ چەند رۆژێکی حەوتوو کار دەکات و زۆربەی کاتەکان لە ماڵ بەسەردەبات. خەلیل و زورار سەرئەنجام دەگەنە مزڵە تازەکەیان و بە دیداری کەماڵ شاددەبنەوە. کەماڵ بە پێکەنینەوە دەڵێ، کاکە گوتم قوتە قوتەی مەکەن. ئێوە دانەنیشتن و ئەزموونێکی تازە فێربوون. هیوادارم ئەم رووداوە دوا رووداوی ناخۆشمان بێت و هەتا دەگەینە دەرەوەی

وڵات لە کێشە و بەڵا دووربین. زورار دەڵێ، ئەمن خەمی دەست و سەری شکاوی خۆم و خەلیلم نییە، بەڵکو خەمی تۆمە، کە ئەو ماوەیە زۆر بە ئێمەوە ماندوو بوویت.

ئەوان لەو غەریبایەتییەدا بیر لە پێوەندیگرتن لە گەڵ دایک و بابیان دەکەنەوە. خەلیل و زورار ئەو پێشنیارە بە گونجاو دەزانن، بەڵام ئەوان دەست و گیرفان بەتاڵن و نازانن چۆن پێشوازی لە میوانی دوور بکەن. کەماڵ باس لەوە دەکات، کە لەو نیزیکانە پەنابەرێک دەژیت و دایک و بابی تازە لە پیرانشارەوە هاتوون. شەو سەردانیان دەکەین و پرسیار دەکەین، کە تێچووی ئەو سەفەرە بۆ دوو کەس چەندە؟ خەلیل بەو لێدان و بەندکردنە کەمێک لە بازنەی دڵداری دەرچوە، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی لە داوی دڵی باساک رزگاری نەبوە. ئەوان لە دەوری یەک دادەنیشن و نانی ئێوارە دەخۆن و چیرۆکی بەندیخانە و دادگا بۆ پێکەنین دەگێڕنەوە. درەنگانی ئێوارە بۆ ماڵی مستەفا زریان دەچن، کە دایک و بابی لە پیرانشارەوە هاتوون. کاتێک میوانەکان وەژوور دەکەون، مستەفا زریان بە دەنگی بەرزە دەڵێ، بە داخەوە لەو عەمەلیاتەدا دوو هاوڕێی تێکۆشەر و بەوەج بریندار بوون و بەدیلگیران، بەڵام دواتر بە هیممەتی غەیبی لە بەندیخانە رزگاریان بوو. بابی مستەفای پیاوێکی گەڕاوە و دونیا دیتەیە و یەکسەر بە خەلیل و زورار دەڵێ، کاکە بە قسەی حەسەن زیرەکیتان نەکرد و لە سەفەر خۆتان گیرۆدە کرد. کوڕەکان نیگەران مەبن و جحێڵایەتیش بەو کاروبارەوە خۆشە. دایکی مستەفا، پورە زێنەب بە دیتنی سەری پێچراوی خەلیل و دەستی هەڵبەستراوی زورار دڵتەنگە و جنێوی تەڕ و تازە بۆ ئەو کەسانە دەنێرێ، کە ئەو کارەیان کردوە. پور زێنەب لە چاخواردنەوە و قسەکردن تێرنابێ و هێشتا ئیستیکان و ژێر پیاڵەکەی دانەناوە، کە لە سەر رۆژگاری کوردان و هتد قسە دەکات و پرسیاری گەورە دەوروژێنێ. کەماڵ بە پورە زێنەب دەڵێ، تازە ئێمە بەزیوین و مەیدانەکەمان چۆڵکردوە. پورێ، خەڵکی کورد بەو خەباتە رزگاری نابێ و ئێمە هەر ئەوەندەمان پێکرا و ئەگەر نەوەی تازە چاکتری دەکات، با قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ و ئازایانە خاکی نیشتمان لە داگیرکەر پاککەنەوە.

مام خدری بابی مستەفای چۆنەیەتی هاتن بۆ تورکییە و هەروەها رێژەی تێچووی سەفەر بۆ کوڕەکان دەگێڕێتەوە. ئەو لە رووخانی رێژیم نائومێدە و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە، بەخوا کاکی خۆم ئەو رۆژە نابینین، کە ئاخوندە ریشدار و مەندیل لەسەرەکان کورسی دەسەڵات چۆڵکەن. خودا هەڵناگرێ، خەڵکی ئێمەش شۆڕش و حیزبایەتی لەبیرنەماوە و زیندەگی بە تەواوەتی سەخت و دژوارە. وڵات دەوڵەمەندە،

بەڵام خەڵک برسییە و بە دوای کار و نانـدا رادەکەن. بە سەری مستەفای کوڕم، لە شۆڕشـی ٤٦ و ٤٧وە لە دوورەوە ئاگاداری ئەو خەباتەم. خوێنێکی زۆر دراوە، بەڵام بە خۆڕایی رۆیشتوە و کوردە بە ئاسانی ناگۆڕێ. ئەمڕۆ ئەگەر ١٠٠ کەس لە حیزبەکان بن، بە خوداوەندی تاقانە سوێنددەخۆم، کە ١٠٠٠٠ کەس لە گەڵ رێژیمن. بوکەکەی مام خدر، بەشداری لە قسەکاندا دەکات و بە دڵخۆشیەوە دەڵێ، مامە توخوا چۆن ئەو قسە رەقانە دەکەی. ئەمن باوەڕم بە رووخانی ئەو رێژیمە هەیە و بە مستەفاشم گوتوە، کە سەعاتێکی پیرانشـارێ، بە سەت سەعاتی خاریجەی نـادەم. بەخوای مامە، هەنـدەران زۆر ناخۆشە و بیستوومە، کە خەڵک لەوێ سەگ و پشیلە رادەگرن و زۆر لە گەڵ یەکتر پێوەندییان نییە. مستەفا بۆ گۆڕینی باسەکان پرسیار لە خەلیل و زورار دەکات، کە کەیسەکانیان چەندە چوونە پێش و ئایا لەو ماوەیەدا ئۆغردەکەن؟ خەلیل دەڵێ، خوا ئەو خاریجەی بەزیاد نەکات و یاخوا کەس لە سەر خاک و ماڵەکەی دەربەدەرنەبێ. کاکە ئەگەر چووینە ئورووپا، کانادا، ئسترالیا یان ئەمریکا کێشەکانمان کۆتایی نایەت. ئەو کەسانەی چەند ساڵە لە غوربەتدا ژیاون، لە ژیانی رۆژئاوا شاد نین و بەشێک بە حەسرەتی ژیانی کوردستان دەژین. مام خدر لە کوڕەکان دەپرسێت، کە ئەگەر چوونە خاریجی راستە پارەیەکی زۆروزەوەندیان دەدەنێ و پێویست ناکات لەو وڵاتانە خۆیان ماندوو بکەن. کەماڵ لە سەر ئەو بابەتە چیرۆکێک بۆ مام خدر دەگێڕێتەوە، کە چەند ساڵ لەوەپێش کوردێکی خۆمان دەچێتە هولەند و ماوەی ساڵێک خۆی لە کار و خویندن دەدزێتەوە. ناوبراو سەرەتا بە بیانووی نەخۆشیی و دواتر دووربوون لە دایک و باب و خۆی لە فێربوونی زمان و کار دزیوەتەوە. سەرئەنجام ناوبراو قسەی دڵی دەکات و بە کارمەندانی ئیدارەی سۆسیال و چاوەدێری رادەگەیەنێت، کە ئەو چاوەڕوانی ژیانێکی شاهانە و بەهەشتیانەی لە هولەند بوە. ئەو بۆ کارکردن و خوێندن ژیانی پەنابەری هەڵنەبژارتوە. مام خدر، باوەڕ بکە زۆر کورد لەو وڵاتانە هەتا ئێوارە لە خواردنگەکاندا کار دەکەن و نانی پاندەکەنەوە. بەشێک سەرقاڵی شۆردنی ئوتۆمبیلن و ژمارەیەک لە وڵاتانی دیکە کاری قورس دەکەن و تەنانەت پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکان و شووشەی باڵاخانەکان. مام خدر لە کوڕەکان دەپرسێ، کە کاکە سینگە سەگ چۆنە و لە کام وڵات بەکاردێت؟ زورار بۆ رابواردن بە مستەفا و مام خدر دەڵێ، مام خدر، ئەگەر مستەفای کوڕت لە خاریجی کاری گیرنەکەوت و هیچ هونەرێکی نەبو، لە گۆڕەپانی شار یان لە بەردەم دەرگای بازاڕەکان ئاگاداری سەگی پیرێژن و پیرەپیاوەکان دەکات. لە یەک کاتدا مستەفا رەنگە ئاگاداری لە ١٠ سەگان بکات و بۆیە ئەو کات دەڵێن کوڕی مام خدر لە شاری ئۆسڵۆ بۆتە سینگە سەنگ. پور زێنەب زۆر حەزی لە خزمەتکردنی پیرەکانە و داوا لە مستەفا دەکات، کە گەیشتە ئورووپا یەکسەر

داوای دایکـی بکـات. نـاوبراو رادەگەیـنێ، کە بەخوا وڵاتـی ئێمە چ نەماوە و بـرا ئـاوڕ بە سەر بـرای ناداتەوە. لە خانووی پیراندا لە ئورووپا خواردن و شێلان هەیە و بە سەری ئەو مستەفا نازدارەی زۆر حەزم لە خاریجە. کەماڵ و کوڕەکان مستەفا زریان جێدیڵن، بەڵام پێش چوونەدەر کەماڵ داوا لە مام خدر دەکات، کە ئەگەر گەڕایەوە سەردانێکی ماڵی باوکی لە سەردەشت بکات و چۆنیەتی سەفەرکردن بۆ تورکییەی بۆ باسبکات. کەماڵ چەند جارێک لە رێگای تەلەفوونی یەکێک لە خزمەکانەوە لە گەڵ باب و دایک و خوشەکەکانی قسەی کردوە و لەو ماوەیەدا هیچ نامەیەکی نەنووسیوە. ناوبراو نەیویستوە لەو ماوەیەدا ببێتە مایەی دەردەسەر و کەمتر پێوەنـدی بە ماڵەوە گرتـوە. خەلیل و زورار وەک کەماڵ پێوەندییەکی کەمیان بە ماڵەوە هەیە. ئەوان بـڕە پارەیەکی پەنابەری وەردەگـرن، بەڵام ماوەیەکە لە کارکردن خۆدەبوێرن و لە کاتی تەنگانەدا پەنا بۆ کەماڵی دەبن، کە بڕە قەرزێکی لێوەرگرن.

وەستا مستەفا لە سوئێد دەژیت و چەند جارێک پێوەندی بە کەماڵ گرتوە و بڕە یارمەتییەکی بۆ رەوانەکردوە. ناوبراو لە ژیانی رۆژئاوا رازییە، بەڵام لە چۆنیەتی سازان لە گەڵ کولتور، زمان و هەروەها خەڵکی رۆژئاوادا کێشەی هەیە. ئەو لە سەر تەلەفوون باس لە ژیانی کۆمەڵێک لە پەنابەران دەکات، کە لە سوئێد لێکجیابوونەوە و منداڵەکانیان پەرتەوازەبوون. وەستا مستەفا لە گەڵ کوردایەتی تێکەڵاو بۆتەوە و لە کۆمیتەی حیـــزب لەو شـــارەدا ئەندامە. ئەوان لە یـــاد و بۆنە نەتەوەیی و کوردییەکانـدا وێـڕای کـوردانی پارچەکانی کوردسـتان بەشـداری دەکـات. نـاوبراو بەردەوام بە کەماڵ دەڵێت، کە خاریج وەک پێشمەرگایەتییە و لە تەڕاویلکە دەچێ. مرۆڤ کە هاتە ئەو وڵاتانە زۆر بەرنامە و خەیاڵی هەیە، بەڵام مرۆڤی کورد مێشکی ئارام نییە و ناتوانێ لە سەر بەرنامە و پلانەکانیدا پایدار و راوەستاوبێ. وەستا مستەفا بەنیازی ژنهێنانە و بڕیارە کچێکی خزمیان بێتە تورکیە و لەوێ یەکتر بـبینن و مـارەی بکـات و بگەڕێتەوە سـوئێد. کەماڵ ئاگـادار دەکاتەوە و بەنیازە دوای تەواوکردنی کاروباری ئیداریی و سەفارەت لە ئانکارا بۆ چەند شەوێک میوانی کەماڵ بـێ. کچەکە جیاوازی تەمەنی لە گەڵ مستەفا زۆرە، بەڵام لە بەر خزمایەتی و خاریجی قەناعەتیان پێکردوە، کە مێردی بکات و ژیان لە سوئێد هەڵبژێرێ. ئەو ساڵانە کەماڵ لە رێگای رادیۆکانەوە ئاگاداری دۆخی باشووری کوردستان و هێزە رۆژهەڵاتییەکان دەکـات. شەڕی نێوخـۆ لە باشـوور پشـتی خەڵکی چەماندۆتەوە و لە ژێـر بـاری دژواری ئابوریـدا خەڵک بە دوای نـان و ئاسایشـدا سەرگەردانە. پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و هەروەها هێـزە ئیسـلامییەکان لە گەڵ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و هێـزە

رۆژهەڵاتییەکان لە باشووردا جێگیرن. هێزە رۆژهەڵاتیەکان بە گوێرەی سیاسەتی خۆیان دەست لە کاروباری باشوور وەرنادەن، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان سیاسەتێکی جیاوازیان هەیە. کوردستان بە سەر زۆنی سەوز، زەرد و هەروەها زۆنی ئیسلامییەکاندا دابەشکراوە و ئێران و تورکییە بە چڕی لە سەر ژینگەی سیاسی باشووری کوردستاندا سەرمایەگوازاری دەکەن. رێژیمی سەددام و دەزگا سیخوڕییەکانی سێبەریان لە سەر باشوور قورسایی دەکات و ئەوانیش بە لە گەڵ بەشێک لە سیخوڕە کوردەکان و هێزە سیاسییەکان لە پێوەندیدان. کوردە رۆژهەڵاتییەکان زیاتر لە هەمووان کەوتوونەتە داوی سیاسەتی پارتە باشوورییەکان و بەرپرسانی ئێران، بۆیە لە زۆنە جیاوازەکاندا تیرۆر دەکرێن و زەبریان لێدەدرێ. کوردە پەڕیوەکانی دەرەوە و ژوورەوە لەو ئاکامەکانی شەڕی نێوخۆ نیگەرانن و بەشێک لە بەساڵداچوەکان باوەڕ بە سەرکەوتنی کورد ناکەن و لە سیاسەتی بنەماڵە لە نێو هێزە سیاسیەکاندا دڵگران و پەرێشانن. لەو ماوەیەدا، کە کەماڵ لە قەیسەرییە بەردەوام کوردی رۆژهەڵات و باشوور بۆ رزگاربوون لە بارودۆخی دژوار رێگای تورکییە دەگرنەبەر و ژمارەیەک بە قاچاخ بەرەو یۆنان و رۆژئاوا دەڕۆن و بەشێک لە تورکییە لە ناوەندی پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ناوی خۆیان تۆماردەکەن. پەناخواز و پەنابەرەکان تێکەڵەیەکن لە کۆمەڵگەی گەلانی ئەو ناوچەیە و لە کورد، ئەفغانی، فارس، عەرەب، بەلووچ، ئازەری و هتد پێکدێن. ئەوانەی بە قاچاخ بەرەو ئورووپا دەڕۆن یان لە مەکۆکانی یوئێن ناوی خۆیان تۆماردەکەن بە دوای ئامانجی جیاوازدا دەگەڕێن. کەسانێک هەن، کە لە ژیانیاندا لە گەڵ سیاسەت و خەباتکردن یەکانگیر نەبوون، بەڵکو لە سەر مامەڵە بە مادده سڕکەرەکان یان قاچاخبوون لە بەرپرسانی حکومەت ئاوارەبوون. ژمارەیەک لەو کەسانە، تەنیا لە پێناوی بریقە و رەنگە جوانەکانی رۆژئاوا سەفەری کۆچەبەریی دەستپێدەکەن. بەشێک لەوان بە ناوی سیاسی ناوی خۆیان تۆماردەکەن و ماوە بە ماوە سەردانی ئێران دەکەنەوە و ئەوان ژیان بە قوماریکی هەتاهەتایی دەناسن. ژمارەیەک لە هاوکارەکانی رێژیم بۆ کارکردن لە نێو پەناخوازندا بە پلانی بەرپرسانی سیخوڕی رێژیم سەر لە جیهانی پەناخوازی دەردەێنن. ئەوان شارەزاییانە خۆیان کز و بێدەنگ دەکەن و بە شێوازی فێرکراو زانیاری لە سەر کۆنە پێشمەرگەکان و هەروەها چۆنیەتی کاری رێکخستن وەردەگرن. بەشێک لە کۆنە پێشمەرگە و کادرەکان لە دیالۆگ و باسوخواسی رۆژانەدا لە نێو جەرگەی پەناخوازە رەنگاوڕەنگەکاندا چیرۆکی کار و تێکۆشانی خۆیان دەگێڕنەوە و وردەکاری و زانیاری نەگونجاو لە سەر خەڵک بڵاودەکەنەوە. ئەوانەی راستەوخۆ لە ئێران و کوردستانەوە هاتوونە تورکییە و داوای پەناخوازیان پێشکەش کردوە چاوەڕوانییەکانیان لە کۆنە پێشمەرگە و کادرەکان زۆرە.

ئەوان لە تێڕوانینی خۆیاندا پێشمەرگە مرۆڤێکی جیاوازە و شارەزا هونەری شەڕ و سیاسەتە. ئەو کەسانە واتێدەگەن، کە ئەوان بۆ خواردن، خەوتن و رابواردن سازکراون و پێشمەرگە و کەسانی دیکەش بۆ فیداکاریی و خۆبەخشین. کۆمەڵەکێک لەو خەڵکانە دڵناسک و رووحگەورەن و خۆیان بە ناوکی زەوی دەزانن و رەخنە لە هەموو بەرد و دارێک دەگرن، بەڵام خۆیان بەتاڵن و لە گەڵ کاری بەکۆمەڵ نائاشنان. یەکێک لەو کەسانە، کە تەنیا جارێک سەردانی دەشتی کۆیە و بنکەی دێموکراتی کردوە لە دانیشتن لە گەڵ کۆنە کادر و پێشمەرگەکان حیساب بۆ کەس ناکات و رۆژ نییە، کە باس لە دیداری دوو ئەندام دەفتەری سیاسی حیزب دەکات. ئەو پەنابەخوازە بە ماڵی پەنابەر و پەناخوازەکاندا دەگەڕێ و بە گیڕانەوە و سازکردنی چیرۆکی جیاواز دڕدۆنگی لە نێوان بنەماڵەکاندا پەرەپێدەدا. ئەو کەسە، کە بە عەبو دادخاه ناسراوە، لە شەقامەکانی قەیسەریدا راوەستانی نییە و بەدوای دۆستی کچدا عەوداڵە. عەبو لە نێو خەڵکدا باس لەوە دەکات، کە باشترین رێگا بۆ فێربوونی زمان گرتنی دۆستی کچە. زورار بە دیتنی عەبو هەستیارە و لە نێو پەناخواز و پەنابەرەکاندا بەخۆیدا دەشکێنێتەوە. زورار ئاگاداره، کە عەبو راستگۆ نییە و لە نێو کوردەکاندا ناوبانگی زڕاوە. عەبو کە دەچێتە ماڵان پشتەملەی زورارى قسە دەکات و چیرۆکی دەستشکانی ناوبراوی بە جۆرێکی دیکە گۆڕیوە. تەوژمی رقوقینی زوار و عەبو زیاد دەکات و رۆژێک لە بەر دەرگای یوئێن بەشەڕدێن. عەبو شەڕانی نییە، بەڵام زمانەکەی ئاور دەکاتەوە و مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتر دەکاتە دوژمن، بۆیە لە کاتی شەڕەکەدا رادەکات و لە دوورەوە چەند جنێوێک دەدات و دەڕوات. عەبو دادخاه کەچە ئینگلیسییەکی دەزانێ و چەند جارێک داوای لە ژمارەیەک پەناخوازکردوە، کە لە یوئێن داوابکەن کە عەبو کاری وەرگێڕانیان ئەنجامدا. ئەو لە وتوێژی خۆی لە وەرگێڕ کەڵکی وەرگرتوە و بۆ پەیداکردنی ناو و ناوبانگێک و هەروەها کاتی بەتاڵی رۆژانە هەرجارە و بڕۆژەیەک دەدۆزێتەوە.

کەماڵ، زوار و خەلیل لە بارودۆخە ماندوو و شەکەتن و چاوەڕوانن. خەلیل لە گەڵ باساک بە تەلەفوون بۆرە پێوەندییەکیان ماوە. باساک پێشنیاری بە خەلیل کردوە، کە پاش چوونە ئورووپا بگەڕێتەوە و داوای بکات. خەلیل گومانی لەو پیشنیارە هەیە و بە تێڕوانینی خۆی باساک رەنگە دڵی گۆڕابێت و مێرد بکات. مستەفا زریان و ماڵەوەیان لە گەڵ کەماڵ، خەلیل و زورار زۆر باشن و پێوەندییەکی گەرم و گوڕیان هەیە. زورار بۆ پێکەنین باسی سینگە سەگەکەی مام خدر و وتەکانی پورە زێنەب دەکات، کە لە سەر ژیانی پەنابەران لە رۆژئاوا دەیانکردن. مام خدر دوای گەڕانەوە بۆ پیرانشار سەردانێکی

سەردەشت دەکات و ماڵی مام کەریم دەدۆزێتەوە. ناوبراو بەسەرهاتی سەفەرەکەی بۆ مام کەریم و هاوسەرەکەی زارا دەگێڕێتەوە و داوادەکات، کە ئەگەر دەتوانن سەردانی کەماڵ بکەن. مام کەریم دەڵێ، کاکە خۆ پاسپۆرت و گوزەرنامەمان نییە و بە سجیل و کارتی پێناس سەفەرناکرێ. هاوسەرەکەم ناسازە و رەنگە ئەو سەفەرەم بۆ هەڵنەسووڕێ و کچەکان مێردیان کردوە و ناکرێ زارایە بە تەنیا جێبێڵم. لەو ڕۆژانەدا تەلەفوونێکی بۆ دەکەم و ئەحواڵی دەپرسم. کاک خدر گەورەییت نواندوە، کە بۆ سەردانی ئێمە هاتووی و خودا منداڵەکانتان سەلامەت بکات. مام خدر دوو شەوێک لە سەردەشت بەسەردەبات و ماڵئاوایی لە مام کەریم دەخوازێ. مام کەریم لەو ساڵانەدا بارودۆخی باشترە و وەک ئازادەیەک زەوی وەرگرتوە و بڕە پارەیەکی مانگانەی بۆ بڕاوەتەوە. لەیلا و شیرینی بەمێرداون و پێکەوە لە گەڵ هاوسەرەکەی ژیانی خۆیان تێپەڕدەکەن. تەرمی کاوەیان لە ماوەڵۆیەڕا بۆ گۆڕستانی سەردەشی گواستۆتەوە و خاڵە مینەش تەرمی کوڕەکەی لە گوندی بێژوێڕا بۆ سەردەشت گواستۆتەوە. مام کەریم و خاڵە مینە وەک باوک لە رۆژگار تووڕەن و خۆیان بە جەرگسووتاو ناودەبن. مام کەریم بە رۆیشتنی کەماڵ لە باشووری کوردستان دڵشادە و لە داهاتووی کوڕەکەی نیگەران نییە. مام کەریم خەمە گەورەکەی لە دڵدا ماوەتەوە، کە لە پێناوی پارەدا و بە دەستی کوردە چەکدارەکانی بەعس لە پشدر فرۆشرا و کوڕەکەی کاوە بە دەستی کوردەکان گیانی لێدەستێندرێ. زارا و مام کەریم مانگی جارێک دەچنە سەر گۆڕی کاوە و راز و نیازی خۆیان لە گەڵ خاکدا دەکەن. هاوسەری مام کەریم بە دەنگ لە گەڵ کاوە دەدوێ و هەر جارەی کە سەردانی سەرقەبران دەکەن پڕ بە کانی چاوەکانیان فرمێسک دەڕێژن. لە گەڵ ئاڵتونی خاڵە مینەیی و هەروەها کچەکانی بەهاران و هاوینان لە گۆڕی کوڕەکانیان بە گوڵە مەخمەر و ریحانە دەڕازێننەوە. ئەوان نەوەیەکی سەرتاپا قوربانین و رۆژانی تەمەنیان بە رووباری چاوەڕوانی وحەسرەتی لەدەستدانی ئازیزەکانیان ئاودراون، بۆیە شەوانە پەنا بۆ ئامێزی لایەلایەی دایکانە دەبەن و لە گەڵ خوای خۆیان راز و نیاز دەکەن.

مرۆڤەکان لە خاکی خۆیاندا ئارام ناگرن و بەدوای ژیانێکی باشتر و ئارامتردا وشکانی و ئاوەکان دەبڕن. بەشێکی زۆر لە خۆشییەکان لە دوورەوە بە تام و چێژن و کاتێک مرۆڤ دەستی لە خەونەکانی گیردەبێ، تام و چێژیان نامێنێ. مرۆڤ لە خەونەکانیدا گەشەدەکات و لە ماناکانی ژیان دەگات، بەڵام کوێستان و بیابانی خەونەکان هەوارز و هەڵدێری و هەروەها پێدەشتی ترسناکی هەن. بەشێک لە مرۆڤەکان بە دوای ئازادیدا دەگەڕێن و خەون بە سەربەستیی و ژیانێکی ئازادەوە دەبینن، بەڵام لە کردەوەدا بەندوداوی دیکتاتۆریی و هەروەها ناعەدالەتییەکانی ژیان لە هەناسەیان دەخات و داماو و شکاو لە دۆڵی پاڕانەوەی ژیاندا کڕنۆش بۆ ترپەی دڵ دەبەن. مرۆڤ بە کۆچەری لە دایک دەبێت، بۆیە بەشێک لە مرۆڤەکان ئۆگر و عەودالی گەڕانن و لە ژێر ئاسمانی شینی وڵاتەکەیاندا ئارام ناگرن و بەرەو نیشتمانی خەونەکانیان دەڕۆن. بەشێک لە مرۆڤەکان لە گوندەکانیان ناچنەدەر و لە گەڵ مانگ، ئەستێرە، خۆر و خاکی گوندەکەیان ژیان دەبەنەسەر و دوای مردن تێکەڵ بەو خاکە دەبنەوە. ئەوان دەبنە وزەی گوند و شارەکانیان و لە ئامێزی خاکەکەیاندا دەسرەون، بەڵام بەشێکی دیکە لە مرۆڤەکان تێکەڵ بە وەزی بەرفراوانتر دەبن و لە پێناوی خاکەکەیاندا بەرەو نیشتمانێکی دیکە سەفەر و کۆچ دەکەن. کوردەکان لە کۆچکردن ماندوو نابن و لە شکان و کەوتنەکان وانەی گەڕان و نەسرەوتن فێردەبن. لە ژێر دەواری ئەو بارودۆخە و لە ئاکامی ئۆگری مرۆڤ بۆ نان، ئازادیی و گەڕانە، کە ژمارەیەک لە کوردەکان بەشاخ دەکەون و دواتر پاشەکشە دەکەن و لە وڵاتێکی دیکەدا یەکدەگرنەوە. کەماڵ سەردەشتی، زوراری مەهابادی، خەلیل بۆکانی، مستەفا پیرانشاری، سەعدی سنەیی، مەعسوم ورمێی، رەحیم نەغەدەیی، خلە رەبەتی، جەمال بانەیی، برایم سەقزی، ئەمیر کرماشانی و هتد پاش تێپەڕکردنی ساڵانێکی زۆر لە نێو ریزی هێزە سیاسییەکاندا ئەمڕۆ چاوەڕوانی درێژەدان بە گەڕانن و بەنیازن بۆ تێگەیشتن لە هەناوی ئازادیی و دێموکراسی و تامی خەیاڵی تەڕاویلکەکان بەرەو جیهانی یەکەم و پێشکەوتوو سەفەربکەن. ئاوارەیی ڕێگای گەیشتن بە بەهەشتی خەونەکانە و مرۆڤی ئەو سەردەمە بە ناخی ئاوارەبوندا بەرەو دورگەی بەختەوەری سەفەر دەکات. لە هەموو پارچەکانی کوردستان، مرۆڤەکان بۆ قوتاربوون لە سێبەری ئەهریمەن و دەرچوون لە بەندیخانەی دەسەڵاتە دزەکان لە جوڵەدان. ئەوان بە گوێرەی دەرفەت و لە ڕێگای جیاواز سەرەتا بەسەر سنووره دەستکردەکاندا تیدەپەڕن و دواتر لە ڕێگای قاچاخ یان یوئێن بەرەو دورگەکانی تەراویلکەی ژیان، ئازادیی و نان

سەفەردەکەن. جیهان تەنیا لە رووداوە تراژیدییەکاندا کوردەکانی لەبیرە. هێشتا گەلانی جیهان و دەوڵەتەکان وێڕای رێکخراوە جیهانییەکان بە تەواوەتی لە کڕۆکی پرسی کورد نەگەیشتوون. کوردەکان لە بەر پەرتەوازەبوون و خۆ لە یەکترجیاکردنەوە وزە و تەوژمی کۆنکرێتیان بۆ کردنەوەی دەرگا جیهانییەکان نییە. ئەوان خاوەنی قەوارە و ساختارێکی ناوچەیین و بە سیاسەتی بنەماڵە و تاکە کەسێکەوە بارگاوی کراون، بۆیە لە ناوچەی تێکۆشانیان لە گەڵ بەربەست و دەنگی نا رووبەڕوودەبن. ئەوانەی سەفەری دووردەکەن و لە خاکی خۆیان بۆ ماوەیەکی کاتی جیادەبنەوە لە هەموو روانینەکانیاندا روخسارێکی نیشتمان دەبینن. مرۆڤە چاوکراوە و کۆنە تێکۆشەرەکان و هەروەها نیشتمان ویستەکان بە ئاسانی بەسەر رێچکە مێژوویییەکادا تێپەڕنابن و لە هەموو قۆناخێکدا لە سەر خۆیان و ئەوانی دیکە، نیشتمان و وڵاتانی دیکە هەڵوێستە دەکەن. پرسیارە گەورەکان لە رۆژئاواش مرۆڤی کورد تەنیا ناهێڵن و لە سەر رووبار، تەنیشت دەریاکان، دارستان و شەقامەکان خۆیان تازەدەکەنەوە. ئەوانەی بە رێگای تورکییەدا بەرەو رۆژئاوا سەفەردەکەن و لە گەڕەک و کۆڵانەکانی باکوری کوردستان و هەروەها ناوچەی تورکەکان ماونەوە بە چاو، لۆژیک و دڵ تێدەگەن، کە کوردەکان لە چەوسانەوەدا لە ریزی پێشەوەی گەلە ژێردەستەکاندان. دەوڵەتەکان لە کوردستاندا سەرمایەگوزاری لە سەر ئابوری و پیشەسازی ناکەن و دەرفەت بە مرۆڤی کورد نادەن، کە وەک هاوڵاتیانی دیکە لە پێناوی سازکردنی دوارۆژێکی باشتردا تێبکۆشێ. دەوڵەتە سەردەستەکان لە رێگای چەک و هێزە چەکدار و هەروەها سیخوڕەکانیان پرسی کورد و کوردستان تاوتوێ دەکەن و دەنگە ئازا و جەستە فیداکاران لە بەندیخانەدا سزادەدەن. کوردەکان نەتەوەیەکی هەژارن و ژێر چەپۆکی و نەبوونی ئیرادەی پێشڕەوانی کۆمەڵگە، ئەوانی لە مەیدانی زماندا لە یەکتر دابڕیوە. ئەوان لەو گۆڕپانەشدا سنووری زارەوەکەیان نەبڕیوە و خاوەنی زمانێکی ستاندارد بۆ خویندن و نووسین نین. بە وتەی کەماڵ، خوا لە بنەڕەتەوە کوردی بۆ شانۆی نەبڕاوە خوڵقاندوە. کەماڵ و کوردە پەڕیوەکانی رۆژهەڵات و باشوور لە باکوری کوردستان و ناوچەکانی دیکە دەبینن، کە کوردەکان بەکارهێنانی زمانی دایکیان لێقەدەغەکراوە. کوردایەتی هاوارێکی پەنگخواردووی قورگی گەلێکی ژێردەستە، کە چیرۆکی زام و خەمە گەورەکان بە گوێی ویژداندا دەچرپێندرێ.

کەماڵ، زورار و خەلیل قبوڵی سوئێد و دانمارکیان بۆ گەڕاوەتەوە. ئەوان چاوەڕوانی رۆیشتن دەکەن، بەڵام هەموو بڕیار و خەبەرەکان لە هەناوی بوکی چاوەڕوانیدا گوڵ دەکەن. کەماڵی مام کەریم،

تەلەفوون بۆ ماڵی یەکێک لە خزمەکانیان دەکات و داوا دەکات، کە باب و دایکی ئێوارە بانگ کەن و بە تەلەفوون قسەیان لە گەڵ دەکات. ئێوارە کەماڵ هەواڵی قبوڵی سوئێدیان دەداتێ و ئەحواڵپرسی یەکتر دەکەن. کەماڵ داوا لە باوکی دەکات، کە هێڵی تەلەفوون وەرگرن و با راستەخۆ لە گەڵ یەکتر پێوەندی بگرن. مام کەریم، باسی مام خدری باوکی مستەفای دەکات، کە ماوەیەک پێشتر سەردانی کردوون و دوو شەوان میوانیان بوە. مام کەریم و پورە زارا ماوەیەکی زۆر لە گەڵ کەماڵ قسە دەکەن و رادەگەیەنن، کە بۆ ماڵئاوایی سەفەری تورکییەیان بۆ ناکرێ. کەماڵ دڵخۆشی دایک و بابی دەداتەوە و دەڵێت، خوا گەورەیە و لە داهاتوودا بە ئاسانی ئەو سەفەرانە هەڵدەسووڕێن. زورار و خەلیل وەک کەماڵ تەنیا ماڵەوەیان ئاگادار دەکەنەوە وقەناعەت بە بارودۆخەکەی خۆیان دەکەن. وەستا مستەفا لەو ماوەیەدا گەڕاوەتەوە و لە گەڵ کچێکی خزمیان یەکتریان دیتوە و کاروباری مارەبڕین و وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیسی تەواوکردوە و بۆ باڵوێزخانەی سوئێدی بردوە. وەستا مستەفا لە گەڵ دەزگیرانەکەی و هەروەها دوو خزمی دیکە دەچنە قەیسەری و چەند شەوێک میوانی کەماڵ دەبن. کچە ناوی هومایە و جیاوازی تەمەنی لە گەڵ وەستا مستەفادا زۆرە. زورار لە هوما دەپرسێ، کە ئایا کچی سابڵاخییەکان مێردی بە ئێمەمانان دەکەن یان نا؟ هوما لە وڵمادا دەڵێ، هیواداره هەموو لایەک ژیانێکی شاد پێکەوە بنێن و بێگومان ئەگەر ناسیاویی و خزمایەتی هەبێ، کچی سابڵاخی پەیدا دەبن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر قسمەت و نسیب و مرۆڤ نازانێ، کە سەرئەنجام لە گەڵ چ کەسیک ژیانی هاوبەش سازدەکات. زورار بۆ سازکردنی پێکەنین چیرۆکی خەلیل دەگێڕێتەوە، کە بە سەرشکانی خۆیی و دەستشکانی من کۆتایی هات. وەستا مستەفا لە گەڵ کەماڵ بیرەورەی زۆریان هەیە و رۆژانە لە بازاڕ و قاوەخانەکانی شاردا دەگەڕێن و یادی رۆژانی کۆن دەکەنەوە. ئەوان شادن، کە لە سوئێد دەگەنەوە یەکتر و داهاتوویان لەو وڵاتەیە. وەستا مستەفا پارەیەک بۆ کەماڵ، زورار و خەلیل دادەنێ و ماڵئاواییان لێدەکات. هوما و خزمەکانی بەرەو ئێران و کوردستان دەگەڕێنەوە. هوما سەرێکی پورە زارا و مام کەریم دەدات و لەیلا و شیرین دەبینێت و داوایان لێدەکات، کە کەسیکی باش بۆ کەماڵ دەستنیشان بکەن.

خەلیل لەو رۆژانەدا باشتر لە رابردوو بە سەر خۆیدا زاڵە و عەشقی باساک لە کزی داوە. ئەوان بە تەلەفون قسەدەکەن و خەلیل ئاگاداری کردۆتەوە، کە قبوڵی وڵاتی هەیە و رەنگە لە ماوەی چەند مانگی دیکەدا لەو شارە بڕوات. باساک ئەو ماوەیە زیاتر لە خەلیل عەوداڵە و بۆ ژوان و دیدار لە رابردوو هەڵسووڕترە. کەماڵ و خەلیل رێنوینی خەلیل دەکەن، کە پێوەندییەکە نەپسێنێ، بەڵام هەتا دەگونجێ

خۆی لە دیدار و ژوان بپارێزێ. خەلیل ئاگادار دەکرێتەوە، کە بۆ رۆیشتن خۆی ئامادە بکات و سێ رۆژی دیکە بەرەو ئانکار دەڕوات و ماڵئاوایی لە قەیسەری دەکات. ئەو بڕە پارەیەک بە کەماڵ قەرزدارە و بڕیارە کە گەیشتە دانمارک ئەو پارەیە رەوانە بکاتەوە. سێ رۆژەکانی خەلیل خۆناگرن و شەو و ڕۆژ بە پەلە تێدەپەڕن. ناوبراو لە ریگای تەلەفوون باساک ئاگادار دەکاتەوە. باساک لە ترسی ماڵ و هەروەها چاوی خزمان ناتوانێ لە گەڵ خەلیل یەکتر ببینن، بەڵام بڕیار دەدەن لە بازاڕی شار یەکتر ببینن. خەلیل رۆژی دواتر لە بەیانیەوە لە بازاڕ دەگەڕێ و ئەو رۆژە تەنیا زوراری ئاگادار کردۆتەوە، کە رەنگە لە گەڵ یار یەکتر ببینن. باسک بە بیانووی کڕینی پێداویستی خۆی دەچێتەبازاڕ و لە بازاڕدا خەلیل دەبینێ. ئەوان ناتوانن وەک رابردوو لە گەڵ یەکتر بدوێن و بە چەند وردە قسەیەک قەناعەت دەکەن. خەلیل و باساک سواری باس دەبن و بەرەو فرۆکەخانە دەڕۆن و لە رێگادا دەردی دڵ لە گەڵ یەکتر دەکەن. ئەوان لە فرۆکەخانە دادەبەزن و بە باسێکی دیکە بەرەو شار دەگەڕێنەوە. خەلیل ئادرەسی مزگەوتێکی نیزیک مزڵەکەی دەداتێ و داوای لێدەکات، ئەگەر دەگونجێ سبەینێ بە تەکسیەک سەردانی بکات. بۆ ئەو دیدارە کاتژمێر ١٠ی بەیانی دیاریدەکەن، بەڵام باساک راشکاوانە رادەگەیەنێ، کە ئەو دیدارە سەرناگرێ و ئەمە دیداری کۆتاییە. باساک بۆ بیرەوەری دیارییەکی تایبەتی بۆ خەلیل کڕیوە، بەڵام خەلیل هیچ دیاریەکی بۆ باساک نەکڕیوە و بەڵێن دەدات، کە شەو یان سبەی پێش رۆیشتن ئەگەر بە تاکسیش هاتبێ ئەو دیارییە دێنێ. ئەوان لە یەکتر جیادەبنەوە و خەلیل داوا لە زورار دەکات، کە بڕە پارەیەکی بە قەرز بداتێ و دیارییەک بۆ باساک دەکڕی. زورار پارەکەی دەداتێ و ئاگاداری دەکاتەوە، کە ئەمڕۆ و سبەینێی ماوە و هەڵەی گەورە نەکات. خەلیل دەگڕێتەوە شار و لە دوکانی زێڕینگەرێک زنجیرێکی زێڕ دەکڕێت و دەیپێچێتەوە. ناوبراو سواری ئەسپی هەوەس دەبێت و راستەوخۆ بەرەو ماڵی باساک دەڕوات و بە خۆی دەڵێت، مرۆڤ ناکرێ هێندە لەو ژیانە بپارێتەوە. ناوبراو دەگاتە دەوروبەری ماڵی باساک و چاوەڕوانی هاتنەدەری باساک دەکات. ئەو دەچێتەبازاڕ و تەلەفوون دەکات و بە باساک دەڵێت، کە لە بەر دەرگا چاوەڕوان بێت و دیارییەکەی کڕیوە. خەلیل غیرەت وەبەرخۆی دەنێت و لە خەیاڵی خۆیدا باساک لە بەر دەرگا دەبینێ و دوا ماڵئاوایی لێدەکات. باساک لە نێوان دوو بەرداشدا گیری کردوە و نازانێ چۆن لە گەڵ ماڵ و خەلیل هەڵسوکەوت بکات. ئەو دەزانێ، کە ئەم چیرۆکە کۆتایی دێت، بۆیە دەچێتە بەر دەرگا و بە بیانووی جۆراوجۆر چاوەڕوانی خەلیل دەکات. خەلیل لە سەری کۆڵان دەردەکەوێ و دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانێ و دەچێتە بەردەرگا و دیارییەکە دەداتە باساک، بەڵام لەو کاتەدا بابی باساک لە سەر کۆڵانەکە دەردەکەوێ. خەلیل سەری

لێدەشێوێ و یەکسەر دەچێتە حەوشەی ماڵی باساک و لە پشت دەرگا خۆی حەشار دەدات. بابی باساک کە دەگەڕێتەوە ماڵ، شەکەت و ماندوویيە و یەکسەر دەچێتەژوور و ئاوڕ لە دەرگاکە ناداتەوە. خەلیل لەو دەرفەتە سوود وەردەگرێ و ماچێک لە کۆڵمەی سوورهەڵگەڕاوی باساک دەستێنێ و بە راکردن کۆڵانەکە جێدیلێ. باساک هەتا کۆتایی کۆڵانەکە چاو لە خەلیل دەکات و لە شوێنی خۆی رادەوەستێ. ئەو توانای هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەر و ژووری نییە و ماوەیەک لە پەنجەرەی ماڵ و دیواری جیرانەکەیان دەڕوانێ. دایکی باساک چەند رۆژێکە سەرنجی کچەکەی دەدات و هەستدەکات، کە نیگەرانیەکی هەیە، بەڵام لەو پێوەندییەدا هیچ پرسیارێکی لێناکات. باساک دیارییەکەی خەلیلی بەدەستەوەیە و چەند جارێک چاو لە دەوروبەر دەکات و بە هێواشی دەچێتەژوور و دیاریەکە لە سندووقی تایبەتدا هەڵدەگرێ. خەلیل لە ترسی گرتن و سازبوونی کێشە بە تەکسیەک دەچێتەوە ماڵ و بە پەشۆکاوی وەژووردەکەوێ. کەماڵ و زورار کە روخساری خەلیل بە پەشۆکاوی دەبینن و دەپرسن، ناکا لە دواڕۆژدا ئاڵۆزی تازەت نابنەوە. خەلیل بە بێدەنگی لە ژوورەکە دادەنیشێ و کەلوپەلەکانی کۆدەکاتەوە. ئەو بەیانی زوو لە شار دەردەکەوێ و ئێوارە تیکێتی سەفەر بۆ ئانکارا دەکرێ و تەلەفوونێک بۆ باساک دەکات. باساک لە بەر دایک و باوکی زۆر قسە ناکات و خەلیل بەناوی دۆستە کچەکەی بانگ دەکات، بۆ ئەوەی بە گومان نەبن. باساک دڵنیای دەکاتەوە، کە هەموو شتەکان باشن و هێشتا دیاریەکەی هەڵنەپچڕیوە. خەلیل دوا ئێوارە لە شەقامەکانی شار دەگەڕێ و وێنە کۆنەکان لە بەرچاوی تێدەپەڕن. خەلیل دەگەڕێتەوە مزڵەکەیان و لە گەڵ زورار و کەماڵ خواردنی ئێوارە دەخۆن. مستەفا زریان سەردانیان دەکات و هیوای سەرکەوتن بۆ خەلیل دەردەبڕن. کۆنە پێشمەرگەکان پاش ساڵانێکی زۆر لە رانیە و قەیسەری لە یەکتر جیادەبنەوە و ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن. بەیانی زورار و کەماڵ هەتا گەراج لە گەڵ خەلیل دەچن و بە سڵامەتی رەوانەی ئانکارای دەکەن. خەلیل چەند رۆژێک لە هوتێلێکی ئانکار دەمێنێتەوە و لە گەڵ چەند پەنابەری دیکە بە فرۆکە دەگوازرێنەوە بۆ دانمارک و لە شاری کۆپنهاگن نیشتەجێ دەبێ. ئەو لە ماوەیەکی کەمدا قەرزەکانی بۆ کەماڵ و زورار رەوانە دەکاتەوە و نامەیەکی دوور و درێژیان بە فاکس بۆ رەوانەدەکات. خەلیل وەک زۆربەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کە دەگەنە رۆژئاوا یادی یاران و دۆستان دەکەن. ئەوان عادەتیان بە ژیانی تەنیایی نەگرتوە و لە ماڵی گەورەدا پەروەردەبوون و بەردەوام لە گەڵ مرۆڤی دیکە ژیاون.

کەماڵ و زورار لە چاوەڕوانیدان و خۆزگە بە خەلیل دەخوازن، کە ئەوانیش سەریان دەشکا و بە ئاسانی لە تورکییە ئۆغریان دەکرد. سەرئەنجام لە مانگی یەکەمی پاییزدا ناوی ئەوانیش بۆ سەفەر دەردەچێ.

ئەوان بەشێک لە کەلوپەلەکانیان دەدەنە کوردە تازە هاتوەکان و هێندێکی دەدەنە مستەفا زریان. لە بازاڕدا قات و پۆشاک بۆ سەفەرەکەیان دەکڕن. کەماڵ و زورار وەک خەلیل بەرەو ئانکار سەفەردەکەن و لە هوتێلێکدا چەند رۆژ بەسەردەبەن و بە فڕۆکە بەرەو سوئێد دەڕۆن. وەستا مستەفا و چەند دۆستێک بۆ پێشوازی کەماڵ و زورار دەچنە شاری ستۆکهۆڵم، بەڵام بەرپرسانی سوئێدی رێگانادەن کەماڵ و زورار لەو شارە دابەزن و بە فڕۆکە دەیانگەیەننە شاری ئارڤیکا. وەستا مستەفا و دۆستەکانی بە ئوتۆمبیلی یەکێک لە دۆستەکان بەرەو ئارڤیکا دەڕۆن و چەند کاتژمێرێک دواتر دەگەنە ئەو شارە. ئەوان پێوەندی بە کارمەندانی تایبەت بە وەرگرتنی پەنابەران دەکەن و ژمارە تەلەفوونی خۆیان دەدنێ و رادەگەیەنن، کە بۆ پێشوازی پەنابەر تازە هاتوەکان سەردانی ئارڤیکا دەکەن. چەند کاتژمێر تێدەپەڕێ و وەستا مستەفا و دۆستەکانی دەگەنە ئارڤیکا و لە قاوەخانەیەکی شاردا چاوەڕوانی گەیشتنی کەماڵ و زورار دەکەن. ماوەیەکی زۆر تێدەپەڕێت، بەڵام هیچ خەبەرێک بە وەستا مستەفا و هاوڕێکانی نادرێ. مستەفا لە شکاندنی بەڵێنی سوئێدیەکان تورەیە و سوێند دەخوات، کە درۆ یەکەمجار لە رۆژئاوا دۆزراوەتەوە. مستەفا لە دوو هاوڕێیەکەی دەپرسێ، کە ئایا دۆست یان ناسیاویک لەو شارە ناناسن؟ یەکێکیان تەلەفوونەکەی لە سەر مێزی قاوەخواردنەکە دادەنێ و لە ریزی ناو و ژمارەی تەلەفوونەکان دەگەڕێ. لە ماوەی پێنج خولەکدا ناوی یەکێک لە کوردەکانی دەدۆزێتەوە، کە لە شاری ئارفیکا دەژیت و پەنجەی لە سەر تەلەفوونەکە دادەگرێ و چاوەڕوانی وەڵامدانەوە دەکات. دوو جار زەنگی لێدەدات، بەڵام وەڵامی تەلەفوونەکەی نادرێتەوە. وەستا مستەفا دەڵێ، کاکە ئەتۆ بۆ کێ تەلەفوونی دەکەی؟ حەسەن زەهاوی وڵام دەداتەوە، کە بۆ یەکێک لە دۆستە کۆنەکانم، کە لە ئۆردوگای رۆمادییە پێکەوە ژیاوین و چەند ساڵێکە لێرە دەژیت. سەبرتان هەبێ، خۆی تەلەفوون دەکات و شەو میوانی دەبین. ئەو برادەرە ناوی حامیدە و میوانداری باشە و خەمی مانەوەتان نەبێ. چەند خولەکێک تێپەڕی و حامید تەلەفوونی کردەوە و لە گەڵ حەسەن قسەی کرد. ناوبراو حەسەن ئاگادار دەکاتەوە، کە نیو کاتژمێری دیکە دەگاتە لایان. حامید پاش نیو کاتژمێرێک دەگاتە لایان و پاش خۆبەیەکتر ناساندن دەچنەوە ماڵ. ئەو شەوە کارمەندانی تایبەت بە وەرگرتنی کۆچبەرەکان هیچ تەلەفوونێکیان بۆ وەستا مستەفا نەکرد. حامید بە میوانەکان دەڵێت، کە خەمیان نەبێ. بەیانی زوو دەچینە ئیدارەی کۆچبەران و داوای دیتنی برادەرەکانتان دەکەین و ئادرەسی وەردەگرین و خۆمان سەردانی دەکەین. ئێمە پێویستمان بە ئاغای ئالیکس، ئالان، ئانتۆن وخانمی ئاریس و کیا نییە. ئەو شەوە هەتا درەنگانی شەو لە ماڵی حامید باسی جیاواز دەکران و کۆتایی باسەکان دەهاتەوە سەر کورد، سیاسەت، حیزب، خەبات، پێشمەرگە،

خەڵک، ئازایەتی و ترسەنۆکی. وەستا مستەفا، لە گەڵ حەسەن زەهاوی و سمایل بۆکانی بە وتە و گێڕانەوەکانی حامید دڵخۆشن. حامید چیرۆکی زۆر لە رۆمادییە، موجاهیدنی خەڵق و هەروەها مامەڵەی زێر بۆ میوانەکان دەگێڕێتەوە. وەستا مستەفا، حەسەن زەهاوی و سمایل بۆکانی لە ژووری دانیشتن دەخەون و چاوەڕوانی بەیانی دەکەن.

کاتژمێر هەشتی بەیانی تەلەفوونی وەستا مستەفا زەنگ لێدەدات. حەسەن زەهاوی تەلەفوونەکە هەڵدەگرێ و خۆی دەناسێنێ. کارمەندی کۆچبەران پرسیاردەکات، کە خاوەنی ئەو تەلەفوونە مەگەر مستەفا نییە. حەسەن دەڵێ، خاتوون باوەڕ بکە، ئێستا مستەفا خەوتوە و ئێمە یەک رۆژە چاوەڕوانی تەلەفوونی ئێوە دەکەین. حەسەن پێشنیاردەکات، کە دوو کاتژمێری دیکە لە گەڵ دۆستەکانی دێتە ئیدارەی کۆچبەران و ئادرەسی کەماڵ و زورار وەردەگرن. کارمەندی ئیدارەی کۆچبەران تەلەفوونەکە دادەخاتەوە و لە رێگای وەرگێڕ بە کەماڵ و زورار دەڵێت، کە دۆستەکانتان خۆیان دێن و دواتر یەکتر دەبینن. بەیانی درەنگ میوان خانەخوێ دەیکەنە رۆژ و لە خەو هەڵدەستن. ئەوان نانی بەیانی دەخۆن و پێکەوە بەرەو ئیدارەی کۆچبەران دەڕۆن. لە دەرگاکە دەچنەژوور و خۆیان دەناسێنن. حامید بە زمانێکی سوئێدی و کوردی مەبەست لە ئامادەبوونیان لەو ئیدارەیە باسدەکات، بەڵام کارمەندی پرسگەکە زۆر تێناگات. حامید لەو نوختەیەدا رادەسوەستێ و بە حەسەن و سمایل دەڵێ، کاکە وەرن ئەو ژنە حاڵی کەن، باوەڕتان هەبێ ئاگاداری هیچ نییە. حەسەن و سمایل بە کورتی رادەگەیەنن، کە دوێنێ دوو هاوڕێیان بە ناوەکانی کەماڵ و زورار وەک پەنابەر هاتوونە ئەو شارە و ئێمە بۆ پێشوازی ئەوان هاتووین. کارمەندەکە داوادەکات، لە هۆڵی چاوەڕوانی دابنیشن و ماوەیەکی دیکە ئاگاداریان دەکاتەوە. کاتژمێرێک دەڕوات و هیچ خەبەرێک نییە و مستەفا تەلەفوون بۆ ئەو کارمەندە دەکات، کە بەیانی تەلەفوونی کردوە و لە گەڵ حەسەن قسەی کردوە. کارمەندەکە وەڵام دەداتەوە و ئاگاداریان دەکاتەوە، کە زورار حاڵەتی رشانەوە و زگهێشەی هەیە و لە نەخۆشخانەن و رەنگە دوو کاتژمێری دیکە سەردانی مەکۆی کۆچبەران بکەن و یەکتر ببینن. مستەفا و کوڕەکان چاوەڕوانی هاتنی کەماڵ و زورار ناکەن و پرسگەکە ئاگادار دەکەنەوە، کە سەردانێکی دەرەوە دەکەن و ئەگەر کەماڵ و زورار هاتن ئاگاداریان بکەنەوە، کە ئێمە دەگەڕێینەوە. ئەوان یەکسەر بەرەو نەخۆشخانە دەچن و لە نێو نەخۆشخانەکەدا دابەشدەبن و لە ماوەیەکی کەمدا کەماڵ و زورار دەدۆزنەوە، کە جلوبەرگی مۆدێل تورکیان لەبەرە و شەکەت و ماندوو لە سەر کورسییەکانی هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتوون. وەرگێڕێکی

زمـــان و دوو کارمەنـــدی ئیـــدارەی کۆچەبەران هاوڕێیەتیان دەکەن. مســـتەفا بـە لاقە دەســـتکردەکەی لـە کەماڵ و زورار نیزیـــک دەبێتەوە و ســـڵاویان لێـــدەکات. ئەوان یەکتر لـە ئـــامێزدەگرن و کارمەندەکەش زوارار و میوانەکان لـە یەکتر جیادەکاتەوە و داوادەکـــــات خۆیـــــان دوور بگـــــرن بـــــا نەخۆشـــــییەکە نەگوازرێتەوە. وەرگێڕەکە ریشێکی چەنەگەیی هێشتۆتەوە و جانتایەکی لـە شانە و رەستە و وشەکان بە شـێوازی خـۆی وەردەگێڕێتەوە. ئەو کـوردێکی رۆژهەڵاتە، کە بـە فارسـی خوێندوویەتیی و لـە نووسـین و خوێندنەوەی کوردیـدا شـارەزا نییە. مـاوەی چەنـد سـاڵێکە وەرگێـڕە و بـە گـوێرەی مەرجەکانـی وەرگێـڕان کەمتر دەچتە قـوڵایی کاروبـاری کۆچەبەران و تەنیا کارەکـانـی خـۆی رادەپەڕێنێ. حەسەن زەهـاوی و سمایل بۆکـانـی بـە وردی گـوێ لـە وەرگێڕانەکەی دەگـرن و بـە مستەفا دەڵێـن، کاکە ئەوە وەرگێڕانەکەی هەو نییە و وەک فیشەکە شـێتەیە. وەرگێڕەکە لەو کـردارەی حەسەن و سـمایل تورەیە، بەڵام ناچـارە بارودۆخەکە نەشـێوێنێ و ئـارامی بپـارێزێ. زورار دەچێتە دوکتـۆر و تاقیکـاری جۆراوجـۆری بـۆ دەکەن. کەماڵ بە زوراری دەڵێت، خۆزگە ئەمڕۆ خەلیل لێرە ئامادە دەبو، بزانە ئەو بـازاڕەی چـۆن دەشـێواند و چەندە گەمەی بە تۆ دەکرد. کارمەندە سوئێدییەکان لـە کولتور و هەڵسوکەوتی کوردەکـان سەردەرناکەن و بەسەر سووڕمانەوە چـاو لـە شـێوازی یەکتر مـاچکردنی پیاوەکـان دەکەن. کارمەنـدەکان کەماڵ و زورار دەبەنەوە مـاڵ و میوانەکان بەدوای ئوتوۆمـبیلی کارمەندەکانـدا دەڕۆن. ئەوان دە کیلۆمیترێـک لـە شـار دوورن، بەڵام بە هۆی هاتوچۆی باسەکان و کەڵکوەرگرتن لـە کارتی مانگانە بە ئاسانی دەستیان بە شـار رادەگـات. بێجگە لەوە، لـە گەڕەکی خۆیـان بـازاڕی بچووکـتر هەیە و پێویسـت ناکـات بـۆ کڕینـی هەموو کەلوپەلێک بچنە نێوشـار. حامیـد تەلەفوون بـۆ مـاڵ دەکـات و داوادەکـات، خـواردنێکی بـاش سـازکەن و میوان بەڕێوەن. کارمەندەکان پاش نیو کاتژمێرێک لـە گەڵ وەرگێڕەکە کەماڵ و زورار جێدێڵن. کەماڵ و زورار یەک کیلۆمیترێـــک لـە یەکتر دوورن. ئەوان چاوێـــک لـە خانوەکە دەکەن و چۆنیەتی بەکارهێنانی چێشـتلێنەر، جلشـۆر و قاپشـۆر چاولێدەکەن و لـە گەڵ حامیـد دەچنەوە مـاڵ. حەسەن زەهـاوی و وەسـتا مستەفا بـە سواری بـاس دەگەڕێنەوە و میوانـە تازەکـان لـە گەڵ سمایل بۆکـانـی سواری ئوتۆمبیل دەبـن و بەرەو ماڵی حامید دەڕۆن. حامید پرسیاری جۆراوجۆر لـە کەماڵ و زورار دەکات و چەند جارێک دووپـاتی دەکاتەوە، کە خاریج موشکیلەی کوردان چارەسەر ناکـات. کەماڵ و زوار لـە سەر دۆخـی سوئێد و ژیـان لەو وڵاتە پرسیاردەکەن و وڵامـی جیـاواز وەردەگـرن. حامیـد بـە گـوێرەی زانیارییەکانـی وڵام دەداتەوە. ناوبراو رادەگەیەنێ، کە کوردەکان لـە کوردستان بن، لـە ئۆردوگا بن یان لـە رۆژئاوا کێشەکانیان کۆتـایی نایەت. لێـــرە خەڵک هەیە، پـــارە بـە ســـوود دەداتە خەڵکی دیکە و بـە حیســـاب کـــاری رەش دەکـــات.

باڵتۆیەکی ئەمریکی لەبەرە و لە شەقامەکانی ستۆکهۆڵم یان ئارڤیکا سەرقاڵی تەزبیح راوەشاندن و سیاسەت کردنە. بەشێکی زۆر لەو کوردانە لە رۆژئاوا لەو خاریجە بە تەواوەتی گۆڕاون و نوێژ دەکەن و رۆژوو دەگرن، بەڵام خوا شایەتە کە باسی پارە دێتەگۆڕێ، ئەوان بیر لە قیامەت و جەهەننەم ناکەنەوە. کاکە کورد هەیە، شەوانە بە بارەکانەوە دەگەڕێ و ژنێکی مەست دەباتەوە ماڵ و یەکسەر دوو وێنەی تایبەتی لە گەڵ دەگرێت و دواتر وێنەکان بۆ دۆست و برادەرەکان رەوانە دەکاتەوە و چیرۆکی ئەمیر ئەرسەلانی رۆمی لەو وێنانە سازدەکات. هیوادارم بابی هیچ کامتان مەلا نەبێت، چوونکە بیستوومە کە مەلاکان لەو خاریجەی لە خەڵکی دیکە زۆر خەراپترن و بیر لە پارەی حەرام و حەڵاڵ ناکەنەوە. لە هەموو شتێک خەراپتر ئەوەیە، کە کوردەکان هەتا کاریان هەیە بە خەستی پێوەندی دەگرن و ئەحواڵپرسی دەکەن، بەڵام دواتر لە شەقام سڵاو ناکەن و خۆیان لالوت نیشان دەدەن. ئەو کەسانە خەڵکی نارەسەن و ترسەنۆکن و هەتا خودا بخوازێت، ورگپەرەست و خۆپەرەستن و ئامادەنین یارمەتیدەری یەک باڵندە و خشۆکیش بدەن. ئەوانە کە دەگەنە کوردان باڵان فش دەکەن و سینگی خۆیان دەردەپەڕێنن، بەڵام بۆ بێگانە شل و خاون. باوەڕتان بێت، ئەمن لێرە زۆر جارز و وەرەزم، بەڵام چارم نییە. حامید لە گەڵ میوانەکانی دەگاتەوە ماڵ و چاوەڕوانی حەسەن و وەستا مستەفا دەکەن. ئەوان بە باس دەگەڕێنەوە و کاتێکی زۆرتری دەوێت. میوانەکان وێڕای خانەخوێ لە دەوروبەری ماڵ پیاسەیەک دەکەن و باسەکان دووبارە بەرەو کەلێن و قوژبنی کوردایەتی شۆڕدەبنەوە. زورار کە تازە لە ژانەزگ رزگاری بووە، سوێند دەخوات کە هەتا ژێر گەڵ ئەوان و کوردایەتی دەستبەرداری یەکتر نابن. بە وتەی ناوبراو، ئێمە هەموو بۆ کوردایەتی لە وڵات قاچاخ بووبین و لە داخی کوردایەتیش بەرەو هەندەران سەفەری پڕ لە هەوراز و نشێومان کرد. زۆرار بەم شێوەیە درێژە بە قسەکانی دەدات، "کاکە ئێمە وەدوای درووشمی بریقەداری کوردایەتی کەوتین و چەند ساڵێکمان لە شاخ تێپەڕکرد، بەڵام سوودەکانی زۆر کەم و نادیار بوون. نەتەوەکانی جیهان بە دە ساڵان خۆیان رزگار دەکەن و گەلی ئێمەش لە بەر ئەوەی بە خەراپی کارەکان رادەپەڕێنێ، هێشتا لە سەرەتای رێگادا چەقیوە. ئێمە پڕش و بڵاوین و کورد رۆژگارێکی تاڵ و سوێری رابواردوە. لە رۆژهەڵاتی خۆمان هیچ ئاسۆیەک نابینم و تازە یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرقاڵی داخستنی رادیۆی دەنگی کوردستانە. لە زۆنی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا راوڕاوێنی کوردی رۆژهەڵاتە و ئیتلاعات و میت لەو کوردستانەدا تەراتێن دەکەن. ئێمە ئاسنی سارد دەکوتین و بە ناوی هەستی کوردایەتی و کوردخۆشەویستی بەردی بەرگریکردن لە کوردی هەموو پارچەکان لە سینگ دەدەین. کاک

حامید، کورد زۆر ئەستەمە بە سەر کێشە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێت و لە داوی دیکتاتۆرییەتی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی رزگاری بێت. برادەرینە، ئێمە بە کام حیزبی کوردستان دڵخۆش بین؟ ئەو حیزبانە تاقەتیان بە بارودۆخەکە ناشکێ و خەڵکی ئێمەش بە کردەوە شارەزای رێگای کوردایەتی نییە و لە بەر ترس و هەڕەشە زۆربەی کورد رێچکەی خۆپەنادان و دوورکەوتنەوە لە کوردایەتیی و شوناسی کوردیان هەڵبژارتوە. تۆ لە گەڵ هەر کەسێک قسە و دیالۆگ دەکەیت، ئەگەر سەت پارچە ساچمە و پڕیچکی تەقەمەنیت لە جەستەدا بێ، هیچ حیسابت بۆ ناکات و هەر کەس خۆی بە پاڵەوانی مەیدان دەزانێت. لە کردەوەدا ئەو قسەزل و پاڵەوانانە وەک فوودانەن و بە سەری دەرزییەک خاودەبنەوە و دەپوکێنەوە. گەلان بۆ رزگاربوون تاکی ئازا و زۆرایەتی فیداکاریان دەوێ، کە کورد بە داخەوە لەو گۆڕەپانەدا خاو و خۆپارێزە".

حامید لەو کاتەدا وەستا مستەفا و حەسەن دەبینێ، کە بە شێوازی کوردەواری پیاسەدەکەن وچەند ساڵە لێرە فێری پیاسەکردن بە فۆرمی سوئێدییەکان نەبوون. حامید بە زورار دەڵێت، وادیارە قسەت خۆشن و ئەو شەو برادەرێک بانگ دەکەم، کە لە هەموو تەمەنیدا تەقەی لە سەرباز و پاسدار نەکردوە، بەڵام لە چیرۆکەکاندا سەرتۆپی فەرماندەکانە. بە وتەی باشوورییەکان ناوبراو حیساب بۆ هیچ عەنتەرێک ناکات. میوانەکان دەچنەژوور و حامید بە پەلە تەلەفوون بۆ بێستون قارەمان دەکات، کە بۆ نانخواردن میوانیان بێ. حامید بۆ رەواندنەوەی خەم و تێپەڕکردنی رۆژە ناخۆشەکانی غوربەت لە رابردووشدا لەو بەزمانەی کردوە. ئەو لە گەڵ میوانەکان هێمن و ئارامە و ئەگەر میوانەکان درۆی ئاشکراش بکەن، حامید رووشکێنیان ناکات و گوێیان لێدەگری. بێستون قارەمان کەسێکی وەک حامیدی دەوێت، کە گوێگری باش بێت و لە سەر وتە و چیرۆکەکان مەحکەمەی نەکات. کەماڵ و زورار شادن، کە ژمارەیەک دۆست و ناسیاو و تەنانەت نەناسیاو لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە. ئیستکانە گەورەکانی چا بەریز دێن و دەخورێنەوە. دیمەنی دارستانەکانی دەوروبەری ئارڤیکا و هەروەها دار و سەوزاییەکانی دەوروبەری ماڵەکان بۆنی غوربەت دەپژێنێ. ئاسمان و مانگی پاییز لە وڵاتانی سکاندیناڤیا رازاوەن و بە لشکری ملوێنی ئەستێرە و هەسارە دەوردەدرێن. خۆر لێرە وەک دەرمانی نادیارە و لە ئەدەب و وێژەی نەتەوەکانی سکاندیناڤیادا جێگەی شیاوی پێدراوە. خۆر لە هاویناندا ئەگەر هەورەکان دەرفەتی تەواوی پێبدەن شەو رۆژ روخساری بەدرەوەیە. گڤەی بای پاییزیی و گۆرانی بای کۆچ و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان چاو و خەیاڵی کۆچەبەرەکان داگیردەکات. لە جەرگەی خەیاڵ وتەکاندا بێستوون قارەمان

دەگاتە ماڵی حامید و ناوبراو بە پۆشاکی ڕێکوپێک وەژوور دەکەوێت. ئەو لە سەرەتادا چاوێک بە میوانەکاندا دەگێڕێ و پرسیار لە ناو و ناوبانگیان دەکات. بەخێرهاتنی بێستون دەکرێت و ناوبراو چەند هەواڵێکی تایبەت بە کوردستان و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگێڕێتەوە، کە بە وتەی خۆی لە ڕێگای رادیۆ و هەروەها تەلەفوون لەو ڕۆژانەدا بە گوێچکەی گەیشتوە. حامید میوانەکان بۆ سەر سفرە فەرموو دەکات و هەر کەس بە گوێرەی توانا لەو خواردنە ڕەنگاوڕەنگە دەخوات. بێستون کە لە گەڵ خواردن زۆر یەکە و بە دیتنی خواردنە ڕەنگاوڕەنگەکان دڵشاد دەبێ، باس لە شەڕێکی سەنگەر بە سەنگەر دەکات، کە خۆی ڕۆڵی قارەمانانەی تێداگێڕاوە. ناوبراو ماوەیەکی زۆر میوانەکان بەو چیرۆکانە سەرقاڵ دەکات و وەک قسەکەری سەرەکی ئەو میوانداریە دەردەکەوێ. ناوبراو بە شارەزاییەکی تەواو باس لە تەقاندنی ئارپیچی، گرتنی مۆڵگەی ڕێژیم و لێدان لە ستوونە نیزامییەکانی ڕێژیم هەروەها چەکە جۆراوجۆرەکان دەکات، کە زۆر کەس هەستدەکات بێستون لەو شەڕانەدا بە کردەوە بەشدار بووە. شێوازی گێڕانەوەی ناوبراو شیرین و پڕە لە جوڵە و لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی شەڕەکاندا زمانی جەستە زۆر بەکاردێنێ. بێستوون لە پشت قەنەفەی هۆدەکەدا سەنگەر دەگرێ و لە کاتی گێڕانەوەی شەڕی دەستەویەخەدا پەلاماری ئەو کەسە دەدات، کە لە تەنیشتی دانیشتوە. زورار بە تورکی بە کەماڵ دەڵێت، بە سەری باساکی کاک خەلیل لەو شارە ئەمن و تۆ پێویستمان بە سینەما و شانۆ نابێ و ئەو قارداشە توخێکمان لێدەکاتەوە. زورار لەو هەموو گوتنەی بێستون ماندوویە و لەو دەرفەتە سوود وەردەگرێ و چیرۆکی پێشمەرگەیەک دەگێڕێتەوە، کە بە پیاوە ترسەنۆکەکە ناسراوە و لە نێو ژنان و هەروەها خەڵکی گوندەکاندا چەکی گەورە هەڵدەگرێ. بە نارنجۆک و قونبەلە پشتێند و سینگی دەنەخشێنێ، بەڵام لە کاتی شەڕدا کونە مشکی لێدەبنە قەیسەری و هەتا کۆتایی شەڕ کەس روخساری نابینێ. بێستوون ئۆگری گێڕانەوەی چیرۆکی زیاترە، بەڵام زورار هێشتا چیرۆکی کاکە شێرەی نەگێڕاوەتەوە. وەستا مستەفا داوا لە بێستون دەکات، کە مردنیش بەنۆبەیە و بزانین زورار چۆن داستانی کاکە شێرە دەگێڕێتەوە. زورار قسەکانی بەمجۆرە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە" کاکە شێرە لە نێو خەڵک و لە شوێنی ئارامدا دوو کەڵاشیکۆفی لە شاندەکرد و بە هاوینیش گۆرێوی زەنگاڵی هەڵدەکێشا. ئەو نە تەنیا لە شەڕەکاندا خۆی دەزیەوە، بەڵکو لە نێوبژیکردنی خەڵکی گوندەکانیشدا بەشداری نەدەکرد و لە کۆتایی شەڕەکاندا بە جەمەدانەیەکی گەورە و پشتێندێکی ئەستوورەوە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا دەردەکەوێ و هاوار دەکات، بۆچی ناوبراویان لەو ڕووداوانە ئاگادار نەدەکردەوە. کاکە شێرە بە دوو کەڵاشینکۆفەوە بە ڕۆژی ڕووناک لە نێوان گوندەکاندا هاتوچۆی نەدەکرد و لە چەتە و ڕێگران

دەترسا. ئەو لە هیچ شەڕ و بەرنەگارییەکدا ئازا و قارەمان دەرناکەوێ، بەڵام کاتێک وێڕای پێشمەرگە شەڕکەرەکان دەچنە ماڵی خەڵک و گوندەکان، کاکە شێرە یەک پارچە ئاگر و ئاسنە. ئەوانەی کاکە شێرەیان نەدەناسی، حەزیان دەکرد وێنەی لە گەڵ بگرن و ئەو چەک و رەختە جوانەی هەر ئاوری لێدەبارێ، بەڵام لە نێو پێشمەرگەکاندا بە ناو و ژمارەیەکی نادیار پێناسەدەکرا. کاکە شێرە، لە نێو ژن و کچیانی ئاواییەکاندا خۆی بە پاڵەوانی شەڕەکان دەناساند و بە خەڵکی دەگوت، کە ئەو پێشمەرگانە حەزیان لە پیاوی ئازا نییە و هەتا دەتوانن ناو و ناوبانگی دەکوژێننەوە. بەشێک لە خەڵک کە شێرە ناناسن، باوەڕ بە وتەکانی دەکەن و لە سەر حەسادەتی پێشمەرگەکان لە گەڵ شێرە بەداخن. ناوبراو لە یەکێک لە شەڕەکاندا تەنانەت بە بیانووی چرۆککردنی فیشەک و گیرکردنی کەلاشینکۆفەکەی لە پاش گاشەبەردێکی گەورەدا پەنادەگرێ. چیرۆکی کاکە شێرە لە نێوان پێشمەرگەکاندا بە چیرۆکە ناسراوەکە دەناسرا و بەشێک لە پێشمەرگەکان پاش تەسلیمبوونەوەی کاکە شێرە لە ناوەکەی وەک رەمزی شەو کەڵکیان دەردەگرت. یەکێک لە پێشمەرگە موسڵمانەکان و پاسدارێک لە ئیتلاعاتی ورمێ کە کاکە شێرە دەبینن و وەک تەوابێک خۆی تەسلیم کردۆتەوە، بە دیداری زۆر شادن. لە دەزگاری سیخوڕی ئیتلاعاتی ورمێ ژمارەیەکی زۆر وینەی کاکە شێرە دەبیندرێن، کە بە دوو کەلاشینکۆف و چەند نارنجۆک و قونبەلەیەک لە نێو ئاواییەکان و تەنانەت پێشمەرگەکاندا روخساری دەرخستوە. پاسدارەکە، بە کاکە شێرە دەڵێت، زۆر پێشمەرگەی موسڵمان لە ناو و وێنەکانت دەترسان و کەس ئاگادار نەبو، کە تۆ لە ئازایەتیدا بە وێنەکانت قەرزداریت. کاکە شێرە لەوێ خۆی ناشکێنێ و دەڵێت، کاکە کە شێر تەمەنی سەرکەوت، کوللانی پێدەگرن و راوی پێناکرێ. ئەمن هەتا لاو و گەنج بووم ئازا بووم، بەڵام ئەمڕۆ بە پیری کاکە شێرەی جاران نەماوم و لە گەڵ ئیمام و ئەرتەشی بیست ملوێنی سوڵحی ئەبدیمان کردوە".

بێستون کە چیرۆکەکە تەواو بو، چاپۆکێک بە سەری خۆی دادات و بە دەنگی بەرز رادەگەیەنێ، کە تازە بازاری بێستون قارەمان نامێنێ. کاکە زورار تازەیە و پێشمەرگایەتی کردوە و رەنگە کاکە شێرە بۆ خۆی بێت، بەڵام کە تازە هاتە بازاڕ، کۆنە چاوە ئێشە سازدەکات و مۆدیلی نامێنێ. کەماڵ و وەستا مستەفا داوا لە بێستوون دەکەن، کە پێکەوە لە گەڵ زورار هاوکاری یەکتر بن و پاڵپشتی لە چیرۆکەکانی یەکتر بکەن. بێستون قارەمان بە ئیجازەی میوانەکان دوو کورتە چیرۆکی دیکە لە سەر چالاکیەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەگێڕێتەوە و لە هەموو شەڕەکاندا سەرکەوتوو و ئازایانە دەردەکەوێ. بێستوون

ماڵئـــاوایی لە میوانەکان دەکـــات و دەرفەتی خەوتن و پشـــوودان بە میوانەکان دەدات. کەماڵ و زورار بەیانی لە گەڵ وەستا مستەفا، حەسەن زەهـاوی، سمایل بۆکـانی و حامید بـۆ ماڵەکانی خۆیـان چـوون و هەوڵـدەدەن ورده پێداویستیەکانیان بکـڕن. لە یەکەم هەنگاودا ژمـارە تەلەفوونێکی خەتی دەکەنەوە و مۆبایلێـــک لە سەر نـــاوی مســـتەفا دەکەنەوە. ســـمایل بۆکـــانی زورار و کەماڵ ئاگادارەکاتەوە، کە تەلەفوونی زۆر نەکەن و پـارەی پەنابەری بەشـــی تەلەفوونی خـــاریجی ناکـــات و بە پێخـــۆر تەلەفوون بکەن. لە بـــازاڕی دەســـتی دووهەم چەنـــد راخەر و کەلوپەلێک دەکـــڕن و بە پەلە خۆیـــان دەکەنە مـــاڵ. مســـــتەفا و هاوڕێکـــــانی ئەو شەو کەماڵ و زۆرار و حامیـــــد بـــــۆ خواردنگەیەک داوەتدەکەن و بەیانی دەگەڕینەوە شارەکانی خۆیان.

رۆژانی یەکەمی شاری ئارڤیکا پڕن لە بیرەوەری خۆش و نـاخۆش و نەزانینی زمـان و کولتـور لە هەموو دەردەکان ناخۆشترە. لەو ماوەیەدا لە چەند وڵاتێکی دیکەش پەنابەر بۆ شاری ئارڤیکا هـاتوون و مەکۆی کۆچبەران چەنـد کۆبوونەوەوەیک بـۆ پەنابەرە تازەهاتوەکـان ڕێکدەخەن. کـارتی کتێبخانەی گشتیان بـۆ وەردەگـرن و لـە سەر یاسـا، جێگە و پێگەی کۆچبەران قسەیان بـۆ دەکەن. لە کۆبوونەوەکانـدا وەرگێڕ بە زمانی جیاواز هەیە و چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لە وەرگێڕەکان لە گەڵ یوئێنی تورکییە جیاوازە. زورار لە ماوەیەکی کورتدا پێوەندی بە خەلیلەوە دەکات و ئەحواڵی باساکی لێدەپرسی. خەلیل لە کۆپنهاگ خـۆی سەرگەردان کـردوە و بە وتەی کوردێکی فێڵبـاز خـۆی شـێتکردوە، بـۆ ئەوەی بەرپرسـانی دانمـارک پرسـی باسـاکی بـۆ چارەسەر کەن. خەلیل لە کـاتی قسەکردن لە گەڵ زوراردا قسەی سەیر و سەمەرە دەکـات و زورار لەوهەڵســـوکەوتەی خەلیل سەردەرناهێنێ. دوای ماوەیەک قسەکردن تەلەفوونەکە دادەخاتەوە و سەردانی کەماڵ دەکـات و چۆنیەتی هەڵسـوکەوتی خەلیل دەگێڕێتەوە. نـاوبراو بـاس لەوە دەکـات، کە خەلیل قسەی عەجایبی دەکـردن و ئەو کـوڕەی جـاران نەماوە. ئەو سەر و بنـــی قسەکانی نەدەچوونەوە سەریەک و دەیگـوت: "زورار ڕۆڵە خاریـج خەتەرە و پیـاو بە مێردی نەکەی". کاکە لەو دونیایەدا مرۆڤی کـورد ناحەسـێتەوە و ئەمن لە چـاک و پیـاوەتی خـۆم تەلەفوون بـۆ خەلیلی دەکەم، بەڵام ئەو سەرەتا دەڵێت، کـاک ناتناسـم و ئەو نـاوەم نەبیستوە. کەماڵ لە خەلیل بە گومـان دەبـێ و بە بـاوەڕی نـاوبراو خەلیل ڕەنگە بە ئەنقەسـت خـۆی شـێتکردبێ. لەوپەناخوازیی و پەنابەریـدا مـرۆڤ ئاگـادار نەبێ،بە ڕێچکەی ترسناکدا دەڕوات. ئێمە دەتـوانین پرسیار لە کەسیکی ناسیاو لە دانمـارک بکەین و لە دۆخـی خەلیل بکۆڵینەوە. کاکە ڕەنگە مـرۆڤ لە تەنیاییدا شـێت ببـێ و کەس بـاوەڕت پێنەکات! زورار مژێکـی

قـوڵ لـە جگەرەکە دەدات و دوکەڵەکەی لـە سەر سەری بڵاودەکاتەوە. نـاوبراو داوا لـە کەماڵ دەکـات، کە بـا پێکەوە بچیـن مزڵەکەم و چاییەک بخۆینەوە و نانێک سازکەین. راستە، ئێمە عادەتمـان بـە ژیـانی تێکەڵ گرتـــوە و ئەو تەنیابوونە تەنیا بـــۆ خـــودای باشە. ماوەیەک لـە مزڵـــی زورار دادەنیشـــن، کە تەلەفوونی زورار زەنـــگ لێـــدەدا و ژمـــارەی خەلیلی دەرکەوتوە. زورار وڵامـــی تەلەفوونەکە دەداتەوە و کەسێک بـە نـاوی وەرگێـڕ بـە کـورتی رادەگەیەنێ، کە لـە سەر داوای خەلیل پێوەنـدی دەگـرێ و نـاوبراو نارەحەتی فیکـری هەیە و بـۆ ماوەیەک لـە ژێـر چـاوەدێری دوکتـۆردا دەمێنێتەوە. زورار زمـانی تەتەڵە دەکات و تەلەفوونەکە بـە کەماڵ دەدات بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکـات. کەماڵ لـە وەرگێڕەکە دەپرسێت، کە خەلیل چەنـــدە ئەگەری چاکبوونەوەی هەیە و کاروبـــاری رۆژانـەی چـۆن رادەپەڕێنێ؟ وەرگێـــڕ زۆر قسە ناکـــات و تەنیا ئەوەنـــدە شـــیدەکاتەوە، کە ئەو پرسە تایبەتە و نـــاتوانێ زیـــاتر قسە بکـــات. کەماڵ تەلەفوونەکە دادەخاتەوە و لـە گەڵ زورار ماوەیەک بیـــر لـە چارەنووســـی خەلیل و خۆیـــان دەکەنەوە. حەوتوەکان تێدەپەڕن و مانگەکان بـە دوای یەکتردا ریـــز دەبـــن و وەرزی زســـتان دەســـتپێدەکات. ئەوان کۆرسـی زمـانی سوئێدیان پێـدراوە و رۆژانـە چەنـد کاتژمێرێک بـە بـاس دەڕۆن و دێنەوە. زمـان فێربـوون پڕۆسەیەکی درێژخایەنـە و گەورە ساڵەکان بـە ئاسانی فێری نـابن. ئەوان دەرفەتی قسەکردنیان کەمە و مەیدانی فێربوون بۆ گەورە ساڵەکان زۆر بەرتەسکە. مرۆڤ تەنیا لـە قوتابخانەی زمـان یـان کەسیکی نیزیـک دەتـوانێ سەرەتا بـە زمـانێکی شکاو و کـوت و پەت قسە بکـات و لـە بـازاڕ ئەو زمانـە سەرو گـوێ شکاوە، تەگەرە دەخەنـە بەردەم کارەکـان. کەماڵ و زورار بـۆ کۆرسـی زمـان جانتایەکی پشـت دەکـڕن و پێخـۆر و نـان لـە ماڵەوە لـە گەڵ خۆیـان دەبـەن. ئەوان بیـری رۆژانـی قوتابخانـەی سەرەتایی دەکەنەوە، کە کـتێب و دەفتەرەکانیان لـە نـــایلۆنێکی رونـــدا هەڵـــدەگرتن. کە گەورەتر بـــوون، کتێبەکانیان لـە بـــن هەنگڵ یان لـە ژێر کراس و چۆخە کوردەوارییەکەدا دەشاردەوە.

چەنـــد رۆژێکـــی کۆرسەکەیان بـە ئـــارامی تێدەپەرێ، بەڵام وردە وردە گەورەســـاڵەکان لـە دژی یەکتر سەنگەر دەگـرن. فارسەکان دژی ئەفغانی، کـورد، سـۆماڵی، عەرەب و تورکەکان ناتەبان. کوردەکـان لـە گەڵ فـــارس، تـــورک و عەرەبەکان نـــاگونجێن و پرســـی نەتەوایەتی لـە کۆرسەکان شەڕی گەورەی لێدەکەوێتەوە. لـە نێو کوردەکانی کۆرسەکەدا دوو کورد بەشدارن، کە یەکیان ناوی سڵێمان هەوشارییە و لـە هەموو کێشەیەک خـۆی دەدزێتەوە و بـە سـڵێمان بـــێ موشـکیلە دەناسـرێ. ئەوەی دیکەیان خەجێ ئێراندۆستە، کە دژی کەماڵ و زورار قسە دەکات و بـە ئاشکرا دەڵێ، ئەمن ئێرانیم و ئێوە راسـت ناکەن و

کوردستان بوونی نییە. سڵێمان هەوشاری بە ئاشکرا رادەگەیەنێ، کە ناوبراو ئەهلی سیاسەت نییە و بۆ زگ و چاو هاتۆتە سوئێد و پردی پاشخۆی ناڕوخێنێ. سڵێمان هەوشاری وەک فارسەکان و لە بەر خاتری ئەفسانە شیرازی نەخشێکی پشیلەیی زێڕینی ئێرانی لە ملکردوە. خەجێ لە رۆژی نەتەوە و گەلاندا ئاڵای ئێران و خواردنی ئێرانی لە گەڵ خۆی هێناوەتەوە کۆرس و بە سوئێدیەکی شکاو باس لە ئێران و ئاڵاکەی دەکات. ئەفسانە شیرازی بە سوئێدی و ئینگلیسی جوانیەکانی ئێران باسدەکات، کە کەسانی جوداخوازی وەک کەماڵ و زورار نازانن چییە. کەماڵ و زورار لە کۆرسەکە راستدەبنەوە و ئاڵای ئێران دەخەنە ژێر پێ و جنێوی زۆر بە سڵێمان هەوشاری، خەجێ ئیراندۆست و فارسەکان دەدەن. خواردنەکەی خەجێ لە سەتڵێ ئەشغاڵ دەکەن و سوکایەتی زۆر بەو کوردانە دەکەن، کە لە رۆژئاواش نۆکەری فارسن و دژایەتی نەتەوە و خاکی خۆیان دەکەن. بارودۆخی کۆرسەکە ئاڵۆزدەبێ و مامۆستاکەیان بەڕێوەبەری ناوەندی زمان بانگدەکات، بەڵام دۆخەکە خەریکە لە کۆنترۆڵ دەچێتەدەر و داوای پۆلیس دەکەن. پۆلیس بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە دەگاتە شوێنی رووداوەکە و کۆبوونەوەیەک بۆ فێرخوازانی زمانی سوئێدی رێکدەخات. ئەوان وەرگێڕی زۆربەی زمانەکانیان داواکردوە و هەموو بەشداران دەتوانن بە زمانی دایک رووداوەکە بگێڕنەوە. ئەفسانە شیرازی لە ریزی پێشەوە دانیشتوە و سڵێمان هەوشاریش لە تەنیشتی لاقی لەسەر لاقی داناوە و وەک نیسک بەر و پشتی بۆ کەس نییە. ئەو لە درۆکردندا شارەزایە و مامۆستای گەورەکردنەوەی رووداوەکانە وبە کوردی مەبەستیەتی، لە هەموو ئاوێک بخواتەوە. ناسیاوەکانی بە سڵێمان نیسک و سڵێمان بێ موشکیلە بانگی دەکەن و کەس گوێ بە وتە و قسەکانی نادات. پۆلیس سەرەتا قسە بۆ کۆچبەرەکان دەکات، کە چەندە و چۆن کێشەکان لەم وڵاتەدا چارەسەر دەکرێن. پۆلیس ئاماژە دەکات، کە ئێوە لە وڵاتانی شەڕلێدراو و پڕ لە ئاژاوە هاتوونە ئێرە و چارەسەرکردنی کێشەکان لە کولتوری ئێوەدا جیاوازە. وڵاتی سوئێد بە نیشتمانی یاساکان ناسراوە و مرۆڤەکان ناتوانن یاساشکێنی بکەن. ئەوەی ئەمڕۆ لێرە رووبداوە، چاوپۆشی لێدەکەین، بەڵام ئەگەر دووپات ببێتەوە بێگومان وەک تاوانێک دژ بە شکاندنی ئاشتی و ئارامی کۆمەڵگا چاوی لێدەکەین و هەڕەشەکردنی قورس لە یەکتر وەک تاوانێک ئەژماردەکەین. خەجێ ئیراندۆست لە ریگای وەرگێڕەوە شکایەتی لە کەماڵ و زورار کرد، کە ئاڵای ئێرانیان خستۆتە ژێر پێ و چێشتەکەیان رشتوە. ئەفسانە، بە ئینگلیسی قسەی دەکرد و ئەگەر وشەیەکی نەدەزانی لە ئاغا موتەرجیمی دەپرسی. ناوبراو، کەماڵ و زوراری بە دژی وەتەنی عەزیزی ئێران ناساند، کە لە شارستانیەت دوورن و خوازیاری لەتکردنی ئێرانی ئازیزن. سڵێمان هەوشاری داوادەکات، کە لە کۆرسەکاندا دڵداری بکرێ، بەڵام سیاسەت نا. پۆلیسەکان

بەو پرســـــیارە زۆر پێدەکەنن و یەکێک لەوان رادەگەیەنێ، کە دڵـــــداریش شەڕ و کێشەی لە سیاسەت زۆرترە و مەبەست لە کۆرسەکان فێربوونی زمان و کولتوری وڵاتە. کەماڵ و زورار لە کۆتایی پرسیار و روونکردنەوەکاندا دەست بەرزدەکەنەوە بە جیا تێڕوانینی خۆیان لە سەر کێشەکە و هەروەها روانگەی فارس و زڕە کوردەکان دەردەبڕن. ئەوان بەمجۆرە دەدوێن: "ئێمە سپاسی سوئێد و خەڵکی ئەو وڵاتە دەکەین، کە پەنای خەڵکی پەنابەر و تەنانەت سوالکەرە ئابوورییەکانی وەک فارس و زڕە کوردەکان دەدەن. ئێمە باوەڕمان وایە، کە پەنابەر مرۆڤێکی دابڕاو لە وڵات و دەربەدەرە، کە ژیانی لە وڵاتی خۆی لە ژێر هەڕەشەدایە. ئێمە بۆ فێربوون لەو قوتابخانەیە کۆبووینەوە و ناتوانین هەموو رۆژێ شەڕی ناسنامەی خۆمان بکەین و بێحورمەتی فارس، عەڕەب و تورکەکان قبوڵ کەین. راستە ئێمە نەتەوەیەکی داگیرکراو و ژێردەستەین و بوونی خەجێ و سڵێمان و هەزارانی وەک ئەوان دەیسەلمێنێ، کە مرۆڤی کورد کێشەی هەیە. ئێمە باوەڕمان بە یاساکانتان هەیە و بە پشتیوانی یاساکانی ئێوە ئاڵای وڵاتێکی داگیرکەر و مرۆڤکوژی وەک ئێران دەخەینە بەر پێمان. ئەوان دوژمنی ماف و ئازادییەکانن و ئێمەش زوڵملێکراو. ئێمە لێرە داوا لە پۆلیس و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە دەکەین، کە رێگا مەدەن کۆمەڵێک مرۆڤی ورگپەرەست و چاوچنۆک بێڕێزی بە زمان، کولتور، خاک، خەڵک و ناسنامەی نەتەوەکەمان بکەن. ئێمە قبوڵ ناکەین کە زڕە کوردێک، کە زمانی دایکی نازانێ و ئاگای لە مەحمودی بێزەواد نییە لە گەڵ ئەفسانە شیرازی و هاوئاوازەکانی رۆژانە بە چاوی سووک لە خوێنی ئەو مرۆڤانە بڕوانن، کە لە پێناوی ئازادیی و سەربەستیدا گیانیان بەختکردوە. پۆلیس لە وەرگێڕەکە دەپرسێ، کە مەحمودی بێزەواد کێیە و وەرگێڕەکەش کە ئاگاداری ئەو پەندە کوردییە نییە، بە دوو قسەی لابەلا وڵامی پۆلیس دەداتەوە. زورار داوا لە وەرگێڕەکە دەکات، کە بە ئەمانەتەوە وتەکانمان وەرگێڕێ و لە وەرگێڕانیشدا زوڵمان لێنەکرێ. مامۆستای زمان و بەڕێوەبەری ناوەندی فێرکردنی زمان وتەکانی کەماڵ و زوراریان بەرزنرخاند و رایانگەیاند، کە رێگا نادەن نوێنەری کولتور و نەتەوە جیاوازەکان لەو قوتابخانەیەدا ئازار بدرین و بە تەواوەتی پشتیوانیان لێدەکەین. سڵێمان هەوشاری لەو کاتەدا لە گەڵ ئەفسانە خەریکی قسەکردنە و سوئێدییەکان تۆمەتباردەکات، کە پشتیوانی لە جوداخوازان دەکەن و ئەو بەزمە لە پشت سەری رۆژئاواییەکانە. وەرگێرە فارسەکە بە بیانووی نەبیستنی ئەو قسانە خۆی لە وەرگێڕانی ئەو وتانەی ئەفسانە و سڵێمان هەوشاری دزیەوە، بەڵام وەرگێڕە کوردەکە ئەو بابەتەی بۆ بەشداربوەکان وەرگێڕایە سەر زمانی سوئێدی. پۆلیسێک داوا لە سڵێمان دەکات، کە بە چ لۆژیکێک ئەو تۆمەتانە لە سوئێدیی و رۆژئاواییەکان دەدات؟ سڵێمان هەوشاری بە درۆیەک باسەکە کۆتایی دێنێ و

دەڵێ، بابم ئەمن چۆن ئەو قسەیە دەکەم. ئەمن هەتا هەم مەمنوونی ئێوە و سوئێدم و ئێوە زۆر ئینسانن.

رووداوەکان لە دوای خۆیان شوێنەواری ئەرێنی یان نەرێنی جێدێڵن. کەماڵ و زورار بڕیاریاندا لە پۆلی فێربوونی زماندا خۆیان بە خەجێ و سڵێمان ماندوو نەکەن و خاوەن سیاسەتێکی ئاشکرا و راستگۆیانە بن. یەکەمین کۆرسیان پێنج مانگی خایاند و کەوتوونە جەرگەی زستان. ئێرە بۆ پەنابەرە تازە هاتوەکان وانە و دەرسی جۆراوجۆری تێدایە و چۆنیەتی سیستم، خزمەتگوزاری، دەزگای داد و هەڵسوکەوتی دەوڵەت و کاری هێزە سیاسییەکان پڕن لە ئەزموون. زورار و کەماڵ بە پارەی پەنابەری پارەی تەلەفوونە گرانەکان دەدەن و جاروبار یارمەتی هاوڕێ و دایک و بابیان دەکەن. ئەوان لە گەڵ ماڵەکانیان پێوەندییەکی بەردەوامیان هەیە و زۆر جار خزم و کەسوکار لە سەر هێڵەکانی تەلەفوون دەردەکەون. بەشێک لەوان داوای یارمەتی دەکەن و ژمارەیەک لەوان داوای راکێشانی کوڕەکانیان دەکەن.

زورار لە شاری ئارڤیکا لاقی چەقاندوون و چاوی لە گواستنەوە بۆ شارەکانی دیکە نییە. وەستا مستەفا داوا لە کەماڵ دەکات، کە بۆ شاری فێسترۆس یان ستۆکهۆڵم بگوازنەوە و با لە یەکتر نیزیک بن. زورار لە ساڵی یەکەمدا دۆستێکی سوئێدی پەیداکردوە و سەرقاڵی ژیانی رۆژانەیەتی. ناوبراو بە کەماڵ دەڵێت، کاکە سەت بار و هۆدەی سەما و خۆبادانم کردوە هەتا ئەو ژنەم دۆزیوەتەوە و با چەند ساڵێک لێرە ژیان تێپەڕبکەم. ئەگەر ئەمڕۆ بگوازمەوە بۆ ستۆکهۆڵم یان شارێکی دیکە رەنگە ئەو ژنە کار و ژیانی بۆ من تێکنەدا. ئەمن پێویستم بەو ژنەیە و ئەو دەتوانێ یارمەتیدەری راستەقینەم بێت. کەماڵ داوای سەرکەوتنی بۆ زواری دەکات و هیوادار بەختەوەر و شاد بژیت. سەرئەنجام کەماڵ بۆ ستۆکهۆڵم دەگوازێتەوە و لە باڵەخانەیەکدا خانوویەکی چووک بەکرێدەگرێ. ناوبراو داوی کۆرسی زمانی سوئێدی دەکات و ماوەی ساڵێکی دیکە لە کۆرسەکاندا بەشدار دەبێ و زمانی سوئێدی بە رێژەیەکی باش فێردەبێ. لە ماوەی خوێندندا کەماڵ لە خواردنگە کورد و تورکییەکان کار دەکات و پارەیەک بە دەست وەردەگرێ. ئەو کارە بە کاری رەش ناسراوە و بە شێوەی نافەرمی دەکرێ و باجی لێنادرێ. ئەو مرۆڤانەی ئەو کارانە دەکەن، لە لیستی ئیدارەی کاری سوئێد و وڵاتانی دیکەدا وەک بێکار نووسراون و یارمەتی بێکاریی یان خوێندن وەردەگرن، بەڵام رۆژانە لە خواردنگەکاندا سەرقاڵی کاری رەشن. کەماڵ

لە گەڵ درێژەدان بەو کارە نییە و دەزانێ، کە خاوەنکارەکان لە هێزی هەرزان کەڵکوەردەگرن و لە سیستمی وڵات کەڵکی خەراپ وەردەگرن. لە لایەکی دیکە ئەوان وەک کۆچبەر لە سیستمی وڵات کەڵکی خەراپ وەردەگرن و رەنگە لە درێژخایەندا بە زەرەر تەواوبێ. کەماڵ و زۆربەی پەنابەرەکانی دیکە لەو بازاڕە رەش و شێواوەدا سەریان شێواوە و نازانن چۆن بەڕەی خۆیان لەو ئاوە لێڵە دەرکێشن. کەماڵ لە ماوەی کارکردندا لە ستۆکهۆڵمدا ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست دەبینێ، کە لە رادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێراندا هەموو رۆژێ باسی لۆپزی ئەمریکای لاتینیان دەکرد، کە وەک کرێکارێک دەچەوسێتەوە. ئەوان ئەمڕۆ خاوەنکارن و پەنابەرە دەستبەتاڵەکانی دیکە دەچەوسێننەوە و هێزی کاری هەرزانی ئەوان دەکڕن. رێژەی کاتژمێرەکانی کاری کرێکارەکان بۆ کۆمۆنیستەکانی دوێنێ و سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ شایانی بیرکردنەوە نییە. کەماڵ لە چەند چێشتخانە و خواردنەگەیەکدا لە سەر کێشەی حیزبایەتی و هەڵدانەوەی رووداوە کۆنەکان دڵگران دەبێت و کارەکە جێدێڵێ.

ناوبراو چەند جارێک لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوای لێدەکرێ، کە تێکەڵ بە تێکۆشانی سیاسی ببێتەوە و بە فەرمی ببێتەوە ئەندامی حیزب. ئەو باوەڕی بەو شێوازە لە کوردایەتی و حیزبایەتی نەماوە، بەڵام بەرپرسانی کۆمیتەی داوادەکەن، کە پارەی ئەندامەتی بدات و سەرقاڵی ژیانی خۆی بێت. ئەگەر جێژنێک یان خۆپێشاندانێک کرا وێڕای خەڵکی دیکە دەتوانێ بەشداربێ. ئەو هاوینە شەڕی نیوان لۆردەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان خەستتر دەبێ و لە پێناوی یەکتر شکاندندا پەنا بۆ تورکییە، ئێران و عێراق دەبەن. مەسعود بارزانی کە لە هەولێر دەرپەڕێندراوە و لە جۆغرافیایەکی دیاریکراودا کۆکراوەتەوە لە دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕێ، بۆ ئەوەی هەولێر لە بن دەستی یەکیتی نیشتمانی دەربێنێ. یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکردەکانی لە پێناوی تەنگەتاوکردنی پارتی بارزانی لە گەڵ ئێران دەسازێن و هێزەکانی ئێران هەتا هەیبەت سوڵتانی کۆیە دێن و تۆببارانی بنکەکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن. یەکێتی لە بەرامبەردا هێزەکانی بە سنووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرەو باشووری دەگوازێتەوە و پارتی رادەگوشن. مەسعود بارزانی نامەیەکی پاراو و رێکوپێک بۆ سەددام دەنێرێ و داوای هێز دەکات و لە ٣١ی ئابدا هەولێر دەگرنەوە. هێزەکانی یەکێتی و سەرکردەکانی لە بەرامبەر ئەو هێرەشەدا تاسان و بە ئاسانی کوردستانیان چۆڵ کرد و لە سەر سنووری رۆژهەڵات و باشوور بنکەیان کردنەوە. دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کورت هێزەکانیان رێکدەخەنەوە و بە هاوکاری ئێران دێنەوە خوارێ و هەتا دێگەڵە

ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردەوە. پارتی دێموکراتی بارزانی لە گەڵ تورکییە هاوبەند و لە گەڵ بەغدا سازاو و لە گەڵ ئێران کۆنەیارە. هەڵەکانی تاڵەبانی و یەکیتی نیشتمانی کوردستان زۆر و بۆر بوون و پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە هەموو لایەنەکان سوودیان لەو هەڵانە وەرگرت. ماوەیەک هێزەکانی پەکەکە و یەکێتی لە شەڕ دژی پارتی هاوبەند بوون و تورکییە و پارتیش لە بەرامبەردا هاوسەنگەر بوون. ئەو رووداوانە کاریگەری زۆری لە سەر کوردەکان و بە تایبەت کوردی رۆژهەڵات بەجێهێشت. ئەوان لە ئاکامی هاتنی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر بنکەکانی دێموکرات لە کۆیە گەیشتنە ئەو خاڵەی، کە ناکرێ وەک رابردوو درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن. ئەو رووداوانە رۆژانە لە ستۆکهۆڵم دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی جیاوازیان هەیە. کەماڵ و بەشێکی زۆر لە کۆنە پێشمەرگەکان هەستدەکەن، کە خەریکە لە کوردستان زیاتر نوقمی کاری حیزبایەتی دەبن و کۆبوونەوەکان، جێژنەکان و هەروەها خۆپێشاندانەکان لە رابردوو گەرمترن. ئەوان هەستدەکەن، کە لە چنگی کوردایەتی ناکرێ رابکەن و ئەگەر بۆ ئاسمانیش سەفەربکەن لە کوردبوون ناکرێ خۆیان بدزنەوە. کوردایەتی ناسنامەیەکی پڕ لە ژان و ئازارێکی نەبڕاوەیە، کە لە سەر شانوپیلی ئەو کوردانە قورسایی دەکات، کە بیردەکەنەوە.

لە سوئێد ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەژین. ئەو وڵاتە بۆ کوردەکان بە کوردستانێکی خەنجیلانەی باوەشی سکاندیناڤیا پێناسەدەکرێت. کوردەکان رەنگاوڕەنگن و هەیە لەو وڵاتە بە ناوی نووسەر یان هەڵبەستوان خۆی لە کوردان کردۆتە پاڵەوانی پێنووس و وشە. ئەو سەردەمە نووسین و دارشتن بەنرخە و هەر کەسێک لاپەڕەیەکی رەشدەکردەوە بە ئاسانی ئاوڕی لە خەڵک ناداتەوە. کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان زیاتر لە نێوخۆ بە سەر هێزە سیاسییەکاندا دابەشبوون. ئەوان لێرەش زۆر نەگۆڕاون و بە کولتور و شێوازی کوردستان لە گەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن. کوردەکان توانای گوێگرتن لە یەکتریان نییە و ئەگەر لە گەڵ کوردێک یان حیزبێکی کوردی هاوبیر و هاوڕا نەبووی، بە شێوەیەکی درێژخایەن درِدۆنگی دەکەوێتە نێوان و تۆمەتبارکردن و یەکتر شکاندن سەردەکەوێ. کۆنە پەنابەرەکان بە شێوازێکی وەستایانە و شارەزایانە حیکایەت و چیرۆکی ئەو کوردەکان بۆ پەنابەرە تازەهاتوەکان دەگێڕنەوە. کەماڵ لە رێگای بەشێک لە کوردەکانەوە ناسیاوی زۆر دەدۆزێتەوە و کوردێکی زۆر لە ستۆکهۆڵم دەناسێ، کە سەر بە حیزب و رێکخراوی جیاوازن یان بێلایەن و نەبەسترا وەن. کوردەکان سڵاوی رۆژانەیان بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاکەکان گرێداوە و لە

بەهەشتی کۆچبەراندا ئامادەنین ڕێز لە بیروڕای جیاوازبگرن. حیزبە کوردییەکان لە پەروەردەی تاکی کورد و هەروەها تاکێکی دەمارگرژدا سەرکەوتوون و ئەوان بە کردەوە لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا ناتەبان. چەپ رقی لە راستە، راست دژی چەپە، چەپەکان لە گەڵ یەکتردا نامۆن و راستەکان بە بوونی یەکتر تەنگەتاون. ئەوان لە بۆنە و یادەکانی یەکتردا بەشدارنین و خەونی خەراپ بە یەکتر دەبین. بەشێک لە کوردە پەرتەوازە و بە ناو پەنابەرە سیاسییەکان لە دەرەوە گۆڕاون و لە گەڵ ڕێژیمە سەردەستەکان سازاون و لە ڕێگای باڵوێزخانەکانەوە پاسپۆرت وەردەگرن و وەک سەرداری سەرکەوتوو و بازرگانە بەختەوەرکان بەرەو وڵات دەڕۆنەوە. بەشێک لەو کوردانەی کە خۆیان یان ژنەکانیان هاتوچۆی ئێران دەکەن و بە جلوبەرگی رەنگاوڕەنگ و کڵاشی هەورامیی و زێڕەوە دەگەڕێنەوە، پێوەندییەکانیان سنووردار کردوە. کەماڵ لە گەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی بۆ تێگەیشتن لە دەنگۆکان و ساغکردنەوەیان چەند جارێک لە دەوروبەری باڵوێزخانەی ئێران لە ستۆکهۆڵم خۆپەنادەدەن. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان و بە تایبەت ژنەکانیان بە تاکسی لەو شوێنە دادەبەزن و بۆ ئاشکرانەبوون لە گەڵ ئەو شۆفیرانە سواردەبن، کە کورد نین. ئەوانە پارەی سۆسیال و کاری رەش تێکەڵ دەکەن و لە وڵاتی خۆیان زەویی و باخی پێدەکڕن و ناوی ئەو قومارەش بە کاسبی پێناسەدەکەن. کەماڵ لە داخی زۆربوونی دەنگ و باسی کورد و کۆچبەرەکان لە گواستنەوە بۆ ستۆکهۆڵم پەشیمانە. ناوبراو لە کاتی تێپەڕاندنی کۆرسی شۆفیری باسدا لە گەڵ مامۆستایەکی سوئێدی ئاشنا دەبێ، کە ئەندامی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێدە. ئەو ژنە ناوی باربارایە و ئەزموونی زۆری لە سەر کوردەکان هەیە و زۆر کورد لە دڵپاکی باربارا کەڵکی خەراپیان وەرگرتوە. ناوبراو لە دەرد و ژانی کوردەکان تێدەگات و دەزانێ، کە ئەوانیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە مرۆڤی جۆراوجۆریان هەیە. باربارا لە گەڵ کەماڵ دۆستایەتیەکی پتەوە دادەمەزرێنێ و پێکەوە سەردانی شانۆ و فیلم دەکەن و هەروەها بە پاپۆڕ بۆ فینلەند و وڵاتانی ناوچە دەچن. باربارا لە سەفەرەکاندا و هەروەها دیداری رۆژانە لە گەڵ کەماڵ لە سەر کورد زۆر قسەدەکات. کەماڵ لە کوردایەتی شەکەت و ماندوویە و بۆ رزگاربوون لە چنگی خەم و ژانی کوردبوون چەند پرسیارێک لە باربارا دەکات. ئەو لە یەکەمین پرسیاردا سەرنجی باربارا لە سەر کوردەکانی سوئێد دەپرسێ. پێش ئەوەی باربارا وڵامداتەوە، لە ناوبراو دەپرسێ، کە ئەو وەک سوئێدییەک هۆکاری سەرنەکەوتنی کوردەکان لە خەباتدا چۆن هەڵدەسەنگێنێ. باربارا داوا لە کەماڵ دەکات، کە پرسیاری ئاسانتر بکات و ئەو پرسیارانە پێویستیان بە خویندنەوە و لێکدانەوەی زۆرە و ناکرێ لە گوترە هەڵسەنگاندنی تێروتەسەل بکەم. ئەمن ئەمڕۆ لە

سەر یەکەمین پرسیار لە روانگەی خۆم و دۆستێکی ژنی هاوڵاتیم ئەزموونی خۆمانت لە سەر کوردەکان بۆ دەگێڕمەوە. کوردەکان مرۆڤی باش و ئیحساسین و زۆرتر لە رواڵەتی مەسەلەکاندا دەمێننەوە. ئەگەر راشکاوتر بدوێم، بە تێگەیشتنی من کوردەکان زۆر فیداکارن و ئامادەن لە سەر کەسوکار، مەرومالات و تەنانەت زەوی و ماڵ بە گیان بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوان لە کۆنەوە لە پێناوی خاک و مافەکانیاندا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا خەباتێکی دژوار بەڕێوەدەبەن. رۆژێکی دیکە لەو پێوەندییەدا زیاتر دەدوێم. ئەزموون و دیتنەکانی خۆم و دۆستەکانم لە یەکتر جیاوازن. مرۆڤی خاوەن بەڵێن و راستگۆ هەتا مرۆڤی درۆزن و خەراپتر لە خەراپەکان لە نێو ئەو بازنەیەدا جێگایان دەبێتەوە. دۆستێکی قوتابخانەم هەیە بە ناوی کامیلا، کە دوو ساڵ لەوە پێش لە گەڵ کوردێکی ئێران ئاشنا دەبێ. کوردەکە بە رواڵەت مرۆڤێکی گونجاو و باش دەبێت، بەڵام رووداوەکان روخساری راستەقینەی ناوبراو دەردەخەن. لێرەدا باس لە ناوی کوڕەکە ناکەم و حەزناکەم تێکەڵ بەو چیرۆکانە بم، بەڵام پرسیارەکەت کراوەیە و گێڕانەوەی سوودبەخشە. کامیلا مرۆڤێکی دڵپاک و کراوە و دۆستی نەتەوەی کوردە، بەڵام مرۆڤی پاک زۆرجاران سزای کردەوەکانی وەردەگرێتەوە. کوردە رۆژهەڵاتییەکە مرۆڤێکی درۆزن و چەند روخساری دەبێت و لە رۆژانی یەکەمدا فێڵ لە کامیلا دەکات. ئەو بۆ وەرگرتنی پەنابەری لە گەڵ کامیلا تێکەڵ دەبێت. ناوبراو لە کاتێکدا لە گەڵ کامیلا دەژیت، بە شاراوەیی بە کولتوری کوردەواری داوا لە دایک و براکانی دەکات، کە ژنێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە و مارەی کەن. کامیلا ئاگاداری ئەو فرت و فێڵانە نابێ و نازانێ، کە هاوڕێکەی شەو و ڕۆژ پلان و بەرنامەی جیاوازی هەیە و هەر رۆژەی درۆیەک دادەتاشێ. دایک و بابی کوڕە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دڵخۆشن، کە کوڕەکەیان ژن دێنێ و هەوڵدەدەن، کچێکی خزمیان بۆ کوڕەکەیان بخوازن. سەرئەنجام خزمەکەیان رازیدەکەن و بۆ رێوڕەسمی مارەکردن داوا لە کوڕەکەیان دەکەن، کە دراوێک رەوانە بکاتەوە. کوڕە دوو ڕۆژان خۆی لە کامیلا نەخۆش دەکات و سەری دەپێچێ و خۆی لە نانخواردن دەبوێرێ. کامیلا لە دۆخەکە نیگەرانە و لە دۆستەکەی دەپرسێ، کە چۆنە ئاوا نەخۆشە و مەسەلە چییە. کوردە بە کامیلا رادەگەیەنێ، کە دایکی نەخۆشە و بۆ دوکتۆر پێویستی بە هەزار دۆلاری ئەمریکییە و پێویستە بە دوو رۆژان ئەو پارەیە رەوانە بکرێ. کامیلا بیرێک دەکاتەوە و بەڵێندەدات، کە ئێوارە پێکەوە دەچنە دەر و لە ژمارە حیسابەکەی پارەیەک رادەکێشن و دواتر ئەو دەتوانێ لە رێگای دوکان و بازراڕە شەرقییەکان پارەکە بۆ دایکی رەوانە بکاتەوە. کوڕە لە خۆشیان لە سەر قەنەفەکە راستدەبێتەوە و کامیلا ماچ دەکات و دەڵێ، تۆ فریشتەی ئەی قژ زەردی وڵات. کوڕە پارەکە رەوانە دەکات و کۆڕێکی گەورە بۆ مارەکردنی کچی

خزمەکەیان دەگێڕن. دایکی کچە و خوشکەکانی لە خەیاڵی خۆیاندا شاد و بەختەوەرن و هەستدەکەن، کە کچەکەیان ماوەیەکی دیکە دەگاتە سوئێد و بارانەی پارە بەسەر حەوشەکەیاندا دەبارێ. کامیلا وتەکانی دۆستەکەی بە راست وەردەگرێ و هەموو رۆژێ لە بارودۆخی دایکی دەپرسێ و داوادەکات، کە فێری کوردی بکات، بۆ ئەوەی بە تەلەفوون لە گەڵ ماڵەوەیان راستەوخۆ قسە بکات. کوڕە کوردەکە کە هەموو رۆژێک درۆیەک دەکات، ناوێرێ خۆی لە قەرەی ئەو کارانە بدات و بە سەری لێوان دەڵێ، کامیلا گیان ئەگەر چووینەوە بۆ کوردستان بە خوا قەسەم بە سێ مانگ کوردی فێردەبی. لە شاری خۆمان، زیاتر لە سەت خزم و دۆستمان هەیە و شەو رۆژ دەتوانی بۆ خۆت هەر کوردی فێربی. کوردەکە کامیلا قەرزدار دەکات و پارەکانی بە بیانووی جیاواز لە دەستی دەردێنێ. جارێک دەڵێ، بابم عەمەلیاتی چاوی بۆ دەکرێ و جارێک داوادەکات، کە خوشکەکەی مێردی دەکات و دەبێ پارەیەکی بۆ رەوانە بکەن. ساڵێک و دوو مانگ تێدەپەڕێ و لە رێگای نامە و کاسێتی ویدۆیی چیرۆکەکە ئاشکرا دەبێ. کوڕەکە بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەچێتە شارێکی باکوری سوئێد. لەو ماوەیەدا پاکەتێک پۆست دەگاتە ئادرەسی کامیلا و کوڕەکە. کامیلا نامەکە ناکاتەوە، بەڵام کاسێتەکە کە کراوە دەبێت بۆ تاقیکردنەوە دەخاتە سەر ویدۆکە. لە شاشەی تەلەویزیۆنە چاردە ئینجیەکەوە مۆسیقا و ژنانی خۆرەنگێندراو دەبینێ، کە لە دەوری کچێک و کورسیەکی خاڵیدا کۆبوونەوە. لە بەردەم کورسییەکدا وێنەی کوڕە هاوڕێکەی دانراوە و دایک و خوشکەکەی، کە تەنیا بە وێنە دیتوونی، لەو ژوورەدا بە گەرمی لە جوڵەدان. کامیلا دوو جار چاو لە فیلمەکە دەکات و بە تەواوەتی دڵنیادەبێ، کە کوردەکە تەنیا بۆ پارە و وەرگرتنی قبوڵی نیشتەجێبوون لە سوئێد لە گەڵیەتی. ناوبراو کۆی قسە و درۆکانی دۆستەکەی لە ماوەی رابردوودا دێنێتە بەرچاو و رەخنەی زۆر لە کردەوەکانی خۆی دەگرێ. کاتێک کوڕە کوردەکە لە سەفەر دەگەڕێتەوە چاوی بە پۆستەکە دەکەوێ و یەکسەر لە بەرچاوانی لادەبات. نامەکەش بە هەڵنەپچراوی هەڵدەگرێ و دڵخۆشە، کە کامیلا ئاگاداری هیچ نییە. کامیلا ئێوارە کە دەگەڕێتەوە ماڵ ناتوانێ هەستە دەرونیەکانی کۆنترۆڵ بکات و داوادەکات، کە ئەو نامە بکاتەوە و پێکەوە چاو لە فیلمەکە بکەن. کوڕە کوردەکە گومان دەکات، کە کامیلا چاوی لە فیلمەکە کردبێت، بۆیە بە بیانووی سەرهێشە و نەخۆشی خۆی لە داوکارییەکە دەزدێتەوە. کامیلا ئەوجارە وەک رابردوو پرسیار ناکات، کە بۆ نەخۆشیی و چۆن چارەسەری مەسەلەکان بکەن. دوو رۆژان کوڕە خۆی نەخۆش دەکات و کامیلا نانی خۆی لە دەرەوە دەخوات. ناوبراو دەخوازێ، کە راستییەکان لە زاری دۆستەکەی ببیستێ و کۆتایی بە چیرۆکی فێڵ و درۆکردن بێ. کامیلا رۆژی دواتر داوا دەکات، کە فیلمەکە بخاتەسەر و نامەکە بکاتەوە. کوڕە لە بەر

درۆزنایەتی و خەجاڵەتی هیچ وتەیەکی بۆ گوتن نییە و لە کامیلا دەکەوێتە بیانوو، کە گۆیا پێوەندی لە گەڵ کوڕە کوردیکی دیکەد پەیدا کردوە. کامیلا لەو تۆمەتە تورە دەبێت و یەکسەر تەلەفوون بۆ پۆلیس دەکات، کە مرۆڤێکی درۆزن و قۆڵبڕ لە ماڵەکەیدا دەژیت. پۆلیس لە ماوەیەکی کورتدا دەگەنە ماڵی کامیلا و کوردەکە دەگرن و کەلوپەلەکان دەست بەسەردادەگرن و کامیلا لەو کێشەیە رزگاری دەبێ. بە گوێرەی زانیارییەکانی کامیلا لە دادگادا ژنێکی دیکەش شکایەتی لە سەر ئەو دۆستەی کامیلا تۆمارکردوە و داوای قەرەبووکردنەوەی سەت هەزار کرۆنی سوئێدی دەکات. بە وتەی کامیلا، ئەو کوردە خۆی لە دزگیرانە مارەکراوەکەش دزیوەتەوە و پاش بەندکران بە سەرگەردانی لە شەقامەکانی ستۆکهۆڵم دەسوڕێتەوە.

بارباڕا درێژە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەدات و دەڵێت، کەماڵ دۆستێکی دیکەم هەیە، کە لە بانک کاردەکات و ناوی یوتتایە. ئەو لە بارێکدا لە گەڵ کوردیکی عێراق ئاشنا دەبێ، کە خۆی بە کارمەندی حکومەتی هەرێم دەناسێنێ، کە لە هەولێر خاوەنی چەند کۆمپانیایەکی گەورەن. ئەو کوڕە لە مانگی یەکەمدا رۆژانە یوتتا بۆ خواردنگەکان بانگ دەکات و ئێواران دەچنەبار. پاش تێپەڕینی دوو مانگ کوڕە کوردەکە داوا لە یوتتا دەکات، کە باوکی مردوە و دەگەڕێتەوە هەولێر و پێویستی بە پارەیەکە، کە گەڕایەوە دەیداتەوە. یوتتا بە کارتی بانکەکەی ٥٠ هەزار کرۆنێک رادەکێشێ و کوڕە خۆی تورە دەکات. یوتتا بۆ راگرتنی دڵی هاوڕێ کوڕەکە پەنجا هەزاری دیکەش رادەکێشێ، بەڵام سوودی نابێ. سەرئەنجام پارەیەکی دیکە رادەکێشێ و رادەستی کوڕە کوردەکەی دەکات. شەوی پێش سەفەر دەچنە بار و هەتا یوتتا دەچێتە تەوالیتی بارەکە کارتی بانکەکەی یوتتا لە جانتاکە دەردێنێ. بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە، کوڕەکە مەشرووبێکی زۆر داوا دەکات و لە گەڵ یوتتا دەیخۆنەوە و دواتر داوای تاکسی دەکات ولە گەڵ یوتتا دەچنەوە ماڵ. یوتتا هەتا بەیانی ئاگاداری کارتی بانکەکەی نابێ و کوڕە کوردەکە بە شەو دەڵێ، کورێکی برادەری تەلەفوونی بۆ کردوە و لە نێو شار تووشی شەڕهاتوە و بە تاکسی دەچێت و دەگەڕێتەوە. لە کاتی چوونەدەردا لە بانکە ئوتوماتیکەکاندا بە کارتی یوتتا، کە ژمارە نهێنیەکەی دەزانی پارەیەکی زۆر رادەکێشێ و دواتر دەچێتە ئەو بارەی کە لە گەڵ یوتتا لەوێ بوون و کارتەکە بەردەداتەوە بن مێزەکان و دەڕواتەوە ماڵێ. شەو لە گەڵ کامیلا تێپەڕدەکەن و بەیانی زوو بەرەو فرۆکەخانەی ئارلاندا دەڕوات. لە چەند دووکانێکی پارە گوڕینەوە پارەکانی دەکاتە دۆلاری ئەمریکی و بە فرۆکەیەکی رووسی دەچێتەوە دەمیشق. کامیلا بەیانی چاو لە جانتاکەی دەکات و کارتەکەی نادۆزێتەوە و لە هاوڕێکەی بەگومان دەبێ. ئێوارە پێوەندی بە بارەکەی شەوی رابردوو

دەکـات و کارتەکەی دەدۆزێتەوە. بـۆ دڵنیـابوون لـە کارتەکەی لـە بـانکێکی ئوتوماتیـک چـاو لـە ژمـارە حیسـابەکەی دەکـات و دەبینـێ، کە پارەیەکی زۆر لـە ژمارەکەی راکێشـراوە. یوتتـا گومـانی تەواوی لـەو کوڕە پەیدا دەکات و لـە پۆلیس شکایەتی لێدەکات. لـە گەڕانـەوەدا لـە سەر قۆڵبڕین و دەستبڕین دادگـایی دەکـرێ و سەرئـەنجام ئاشـکرا دەبێـت، کە خەڵکی هەولێر نییە و نـەک کۆمپانیـا بـەڵکو یـەک دوکـانی چووکیـان لـە باشـووری کوردسـتاندا نییە و خەڵکی ناوچەی هەولێر نییە. بارپـارا بـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکان خەمی کەماڵی زیاتر کردن، بۆیە لـە کۆتـایی ئەو چیرۆکەدا ئاشکرای دەکـات، کە بـە داخەوە بەشێکی زۆر لـە نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت سوئێدیەکان ئەگەر بۆیان بگونجێ لەو فێڵانە دەکەن.

کەماڵ ئاماژەدەکـات، کە ئاگـاداره بەشێک لـە کـوردی بـاکور ەک خـاوەنی ژن و منـداڵن بـۆ کـاردێن و لێـرە بـە جۆرێـک ژیـانی هاوبەشـی کـراوە پێکـدێنن و پـارە بـۆ ئـەولا دەنێرتـەوە. نـەتەوەکانی دیکەش لـە هینـدی، چینـی و رۆژئاواییەکان و هەموو لایەک چـاک و خـەراپی تێدایە. بارپـارا ئـەمن بـەشـێکی زۆری تەمەنم لـە دوورە وڵاتـی و خەبات لـە پێنـاوی نیشـتماندا بردۆتە سەرێ، بۆیە پێمخۆشە تـۆش لـە سەر پرسیاری دووهەم وردکردنەوە و رۆانگەی خۆت هەبێ. بارپارا داوادەکـات، کە سەرەتا قاوەیەک بخۆنەوە و دواتر درێژە بە چیرۆکە ناخۆشەکان بدەن. بارپارا لـە سەرەتادا رادەگەیەنێ، کە ئەو نـە کارناسە و نـە شـارەزا، بەڵکو مرۆڤێکـی ئاسـایی، کە بـە تێڕوانیـن و هەڵسەنگاندنی خـۆی بابەتەکان دەخوێنێتەوە. بێجگەلەوە، ئەو لـە رێگـای پـارتی سۆسیال دێموکراڕت و هەروەها ئەو پەنابەرانەی کە لـە سوئێد دەژین زانیـاری زۆری لـە سەر خەباتی گەلی کـورد کۆکردۆتەوە. نـاوبراو رادەگەیەنێ، کە ئێمە وەک سوئێدییەکان باوەڕمـان بـە مـافی گەلان و مرۆڤەکان هەیە و لـەو سۆنگەیەوە رێـز لـە ویسـت و داخـوازی کوردەکـان بـۆ دەستەبەرکردنی پرسـی مـافی چارەیخۆنووسین دەگرین. کێشەی کـوردان و زۆر نـەتەوەی ژێردەست لـە یەکتر دەچن و تاکەکانیان بـە ئاسـانی لـە گەڵ یەکتر نـاگونجێن. ئەمن لـە شوێنی کارەکەم لـە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا تێگەیشتووم، کە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمان خۆشەویستی کوردان لاوازە و بناخەیەکی پتەوی نییە. چەند کەسێک راستگۆیانە کوردن و لـە پێنـاوی کوردایەتیدا خەباتیان کردوە، بەڵام زۆربەی کوردەکان بـە دڵ لـە گەڵ کوردایەتی و مافی کوردان گونجـاونین. کوردم دیتـوە، لـە مـاوەی دوو حەوتوودا لـە دوو روانگەی جیـاواز باسـی هاوکـارە کوردەکەی کـردوە. کـوردی بـە نـاو سیاسـیم دیتوە، کە باوەڕی بـە وتەکانی خـۆی نەبوە و گۆیـا لـە رێبەرایەتی حیزبێکـی کوریـدا خەبات دەکـات. ئەو زانیاریانەی من رەنگە هەڵە بن، چوونکە ئەمن لـە کوردستاندا نەژیاوم و تەنیا لێرە لـە گەڵ کوردەکانـدا

ئاشنا بووم. کەماڵ، لێرە لە سوئێد و لە ڕۆژئاوا بە ڕاستی خەڵکێکی زۆر کورد ناناسن. ئەمن سەرنجم داوە، کە هەموو حیزبەکان خۆیان بە ڕێبەری بزوتنەوەی کورد دەناسینن، بەڵام ئەوانە قسە لە گیرفانی خۆیان دەردێنن. ئەو حیزبانە لە دەرەوە کار دەکەن و لە نێو خەڵکی خۆیاندا نین و تەنیا بە مێدیا و وتەی لایەنگرانیان، نوێنەری کورد لە پارچەیەک یان هەموو کوردستانن. درووشم و شوعارە نووسراوەکانی حیزبە کوردییەکان لە ستۆکهۆڵم چەند ڕوخساری لاوازی کوردەکان نیشان دەدەن. یەکەم، کورد خەراپ لە خەبات بۆ ئازادی گەیشتوە. خەبات بۆ ئازادی بە مانای داسەپاندنی وێنەی سەرکردەی پارتێک یان دەرپەڕاندنی لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانی دیکە نییە. خەبات بۆ ئازادی بە مانای خەبات بۆ قبوڵکردنی نەیارە سیاسییەکانت و هاتنەوە لە گەڵ ئەوانەی کە بە پێچەوانەی تۆ فکردەکەنەوە. ئێمە لێرە خاوەنی یاسایین و هەڵبژاردن دەکەین، کەس ناوێری خۆی بە نوێنەری هەموو سوئێدیەکان بانگ بکات و ئەوانی دیکەش بە خایین و لادەر لە ڕێبازی نەتەوەیی بناسێنێ. زۆربەی سەرکردە کوردەکان بە داخەوە لە بازنەی کولتوری نەتەوە و دەسەڵاتە سەرڕۆکاندا پەروەردە بوون و بە کردەوە ئازادیخوازی ڕاستەقینە نین. ئەوەتا لە کوردستانی عێراقدا تاڵەبانی و بارزانی لە سەر کورسییەکانی خۆیان و پارەی میللەت چ شەڕێکیان بەرپاکردوە. لە دونیادا نەدیتراو و نەبینراوە حیزبێک بۆ شکاندنی حیزبێکی دیکەی گەلەکەی پەنا بۆ ئەرتەشی بێگانە بەرێت و پێکەوە شار و شارۆچکەکان داگیربکەن. بە باوەڕی من، زۆربەی سەرکردە کوردەکان بە کردەوە شایانی سەرکردایەتی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی نین و تەنیا وەک کاسبی درێژەی پێدەدەن و بە هەڵە ئەو خەباتەیان دەستپێکردوە. لە لایەکی دیکەوە، تاکی کورد بە تاکێکی بارگاوی کراو بە ژاوەژاوی سیاسی دەناسم، کە لێرەش ناتوانن لە چوارچێوەی یاسا باوەکاندا بیربکەنەوە. ئەو تاکانە، بەستێن و ژینگەی سازبوونی دیکتاتۆرییەتی تاکە کەسیی یان حیزبی سازدەکەن و ڕێگا نادرێ ڕەخنەگرەکان و مێدیای ئازاد لە سەر کاکڵەی ڕووداوەکان بدوێن. سەرەڕای ئەوە، کورد توانای لە بیرمانی مێژووی لاوازە و کەسیک دەتوانێ ئەو ساڵ خەیانەت لە کوردەکان بکات و دوای دە ساڵی دیکە ئەو کوردە ببێتە سوپێڕ شۆڕشگێڕ و ڕزگاریدەری کوردان. بە واتایەکی دیکە، ئەو کوردە جیاوازی نێوان خەباتکارە نیشتمانییەکان و هەروەها چەکدارە کرێگرتەکانی دەوڵەتە سەردەستەکان نازانێ و خزمایەتی و سیستمی عەشایەری و هەروەها بەرچاوتەنگی جۆراوجۆر بەرچاوی تاکی کوردی مژاوی کردوە. کورد درۆزنە سیاسییەکان و سیاسیە ڕاستگۆکان لە بێژینگ نادات و ڕاستەخۆ بە حیزبە سیاسییەکان ڕاناگەیەنەنێ، کە ئەو کەس و حیزبانە لە سەر هێڵی ڕاستەقینەکە دەرچوون. ڕەنگە کولتوری خۆپاراستن لە سەر کوردەکان

کاریگەریی هەبێ و کوردەکان مەبەست و نییەتی دڵ نەڵێن و لە ژێر ناوی خۆگونجاندندا لە گەڵ خۆیان و دەورەبەردا درۆبکەن. ئەو سیاسەتە لە درێژخایەندا نەوەیەکی خوار پەروەردە دەکات، کە کردەوە و سیاسەتەکانیان لە قازانجی نەتەوە و دەوڵەتە سەردەستەکانە. لەوانە گرینگتر ئەوەیە، کە ئێوە زمانی هاوبەشتان نییە. کوردەکان لە زمانی یەکتر ناگەن و لێرە لە شوێنی کارەکەم، کوردەکان بە سوئێدی لە گەڵ یەکتر دەدوێن. ماشەڵڵا کە کوردێکی تورکییەیە بە ئاشکرا دەڵێت، کە هیچ لە سۆرانی نازانێ و ئەگەر بە کورمانجی عێراق و ئێرانیش قسەی لە گەڵ بکەن هێشتا کێشەی زۆری لە تێگەیشتندا هەیە. کورد رەنگە ئۆگری بە خویندنەوە زۆر کەم بووبێ و زیاتر قسەدەکات. کوردەکان بە گوێگرتن و خوێندنەوە زۆر ماندوو دەبن، بۆیە مێژوو و رووداوەکانیان کەمتر تۆمار کردوە. حسێن پشدەری ساڵێک لەوە پێش دەیگوت، شەوان کە چاو لە کتێبی هەڵبەست و گۆرانیش بکات، یەکسەر وەک خواردنی دەرمانی خەو چاوەکانی گران دەکات و دەیخەوێنێ. ئەو دوو خولەک گوێی دەگرت، بەڵام دە خولەک قسەی دەکرد. باسی نەورۆز و جێژنی قوربان و رەمەزانی دەکرد، بەڵام باسی یاسای هاتۆچۆی سوئێدی نەدەکرد. لە جیاتی خوێندنەوەی کتێبی یاساکانی هاتۆچۆی سوئێد حەزی لە کتێبی مێژووی ستۆکهۆڵم دەکرد. کوردەکان دەبێ شکان و سەرکەوتنەکانی خۆیان بە فۆرم و شێوازێکی راستەقینە بنووسنەوە و لە تۆمارکردنی لاوازییەکانیان نابێ شەرم بکەن. لە نوێنەرانی پارتی بارزانیم بیستوە، کە شۆڕشەکەیان سەرتاپا سەرکەوتن بووە و چیرۆکی ١٩٧٥ بە کەوتنێکی سادە پێناسەدەکەن. ئەوان حەزناکەن، کە ئەو شکستە گەورە بکەوێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و لایەنە لاوازەکانی بۆ دۆست، نەیار و دوژمن ئاشکرابێ. کوردەکان بە کولتوری هۆز و عەشیرەت لە سیاسەت دەڕوانن، بۆیە تێگەیشتنێکی لاوازیان لە زانستی سیاسەت و هونەری سیاسەت هەیە. نەتەوەکان لە قۆناخی رزگاری خاوەنی یەک وتاری نەتەوەیین، بەڵام کوردەکان لەو رۆژگارە سەختەدا زیاتر لە سوئێد حزبیان هەیە. لە یەکێک لە دۆستەکانی سۆسیال دیموکراتم بیستوە، کە حیزبی کوردی هەیە، کە لە دە ئەندام پێکدێت. بە یاسای ئێمە ئەوان کۆمەڵەی کولتوری یان کۆمەڵەی دیکەن و حیزب نین، بەڵام لە کوردستاندا حیزبایەتی بە بیزنێس دەچێ. لە کوردستاندا حیزب و پارتە چەپ و راستەکان بە دیالۆگ لە گەڵ یەکتر نادوێن و زۆر بە توندی کێشەکانیان بە چەک یەکلادەکەنەوە. لە نێو کوردەکاندا لە ستۆکهۆڵم ئەندامی حیزبی کمۆنیست هەیە، کە خۆی بە پارێزەر و برابەشی مارکس دەزانێت و بە تێگەیشتنی ناوبراو لەو دونیایەدا یەک کەس لە مارکسیزم تێدەگات، کە خۆیەتی. ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکییە داوکاری گەورەیان لە ئێمە هەیە و دەخوازن باڕباڕا و سوئێدیەکان ببنە ئەندامی ئەوان و لە مەیدانی سەرەکی ستۆکهۆڵم

دروشـــم و ســـلۆگانی بـــژی سەرۆک و بمـــرێ دوژمـــن بڵێنەوە. ئیـــدارەی حیزبە کوردییەکان و هەروەها رێکخراوەکانیان لاوازن و ئەوان بە فۆرمی کلاسیک و کۆن هەڵسوکەوت دەکەن و گوێ لە دەنگ و رەنگە جیاوازەکان ناگرن. دەنگە رەخنەگر و جیاوازەکان لە مەیدانی سیاسەت و تەنانەت ئەدەبدا بە ئاسانی پەراوێزدەخرێن و سووک دەکرێن. نووسەر و رووناکبیرەکانتان یەک رەهەندین و لێرە تێناکۆشن زمانی سوئێدی فێربن و بەشێک لە کولتوری ئەو وڵاتە لە رێگای ئەدەبیات و وێژەوە بۆ سەر زمانی خۆیان وەرگێڕن. روناکبیرەکانتان چاوەڕوانی فەرمانی بەرپرسانی حیزبن و لە دۆزینەوەی رێگاچارەکاندا سەربەخۆنین. ئەوان بۆ رزگاربوون لە تەنیایی و هەروەها دەرکەوتن لە مێدیایی حیزبەکاندا وتار و نووسراوەکانیان بۆ لاگیریکردن لەو حیزبانە تەرخان دەکەن، کە هێز و پارەیان هەیە. بژاردەی کۆمەڵگا ئەرکی گەورەی لە سەر شانە، بەڵام لە کوردستاندا ئەو ئەرکە لەبیرکراوە. لە کوردستاندا نازانم کوردەکان چۆنن، بەڵام بیستوومە کە چەک بۆ رێژم هەڵدەگرن، سیخوری دەکەن و دژی نەتەوە و خاکی خۆیان دەجوڵێنەوە. مەلا ئاینیەکانتان ئازانین و لە گەیاندنی پەیامەکاندا ترسەنۆک و دەسەڵاتپارێزن. ئەوان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا مشەخۆرن و خۆیان بە خەڵکی بەخێودەکەن. ئەرک و کاری ئەوان گۆیا تەنیا پێشنوێژکردن، سەرەخۆشی و ژن مارەکردنە. ئێمە ئەو کارانە بە ئەرک و وەزیفەی لاوەکی دەزانین و پێشڕەوانی ئایینی لە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیدا لە ریزی پێشەوەن و ناکرێ خۆیان بە دوو قسەی لابەلا بدزنەوە. ئێوە هەڵەکانتان دووپات دەکەنەوە و لە تەجروبەی گەلانی دیکە کەڵکوەرناگرن. زۆربەی حیزبەکان سیاسەت بە مامەڵەی کۆن و کەلاسیک لێکدەداتەوە، کە پێویستە خێرە گەورەکە بۆ خۆت مسۆگەر بکەیی و ئاگاداری سودە گشتییەکانی سیاسەت نین. ئەوان ئەخلاق و سیاسەت، دیپلۆماسی و دەڵڵاڵی سیاسیان تێکەڵکردوە و بەشێک لەوان لە گەڵ بکوژی سەرکردەی کورد لە پارچەکانی دیکە نان و کەباب دەخۆن و یەکتر ماچ دەکەن. ئەو رۆژە ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم دیت، کە باسی لە دیداری بکوژی دوکتۆر قاسملو لە باشووری کوردستان دەکرد، کە لە گەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دیدادری دۆستانە رێکدەخەن و لاچاوی یەکتر ماچ دەکەن. گەلانی دیکە لە گەڵ یەکتر هێندە ناڕاست نین و بکوژی هاوڕێکانیان لە ئامێز ناگرن. لە کوردەکانی ئێران بیستوومە، کە پارتی دێموکراتی کوردستان و بارزانی لە کاتی هاتنە سەرکاری خومەیەنی چەند ساڵ لە گەڵ پاسدار و بەسیجییەکان شەڕی کوردی رۆژهەڵاتیان کردوە. ئەگەر ئێوە خەڵکی وڵاتانی دیکەی دونیا بوونایە، بێگومان ئەو سەرکردە و حیزبانە بە یاسا دادگایی دەکران و خەیانەتی نیشتمانی لە هیچ بنەماڵە و تاکە کەسێک قبوڵ نەدەکرا. کوردەکان ئەگەر هیچ نەکرا، هەڕەشەی گەورە

دەکەن، کە بە یاسای وڵاتانی رۆژئاوایی ئەمە تاوانە و لە سەرت حیسابە. حیزبە کوردییەکان بە کورتی لە سەر بناخەیەکی خەراپ و وێران دامەزراون و بە ئاسانی چاک ناکرێن. ئەگەر خوازیاری سەرکەوتنن، رێگاکە دیارە و هیممەت و تێکۆشانی دەوێت. شۆڕش بە خەڵک دەکرێ و بە چەند هەزار کەسێک لە رۆژئاوا و سەر سنوورەکان شۆڕش ناکرێ. ئەمڕۆ جیهان گۆڕاوە و سەردەمی ئێمە بە بەراورد لە گەڵ سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا و لیبی جیاوازە. پڕیشکە ئاگرەکەی مائۆ، لەو ساڵانەدا ناتوانێ هیچ ئاورێک بکاتەوە و ویست و داخوازی خەڵک گۆڕاوە. ئێوە ویستەکانتان رەوان، بەڵام چۆنیەتی کارکردن بۆ دەستەبەرکردنیان و هەروەها تاکتیک و ستراتیژی خەباتەکە لاوازن. تاکی کورد، کۆی کورد و حیزب و ریکخراوەکانیان پێویستیان بە تێڕوانینێکی تازە هەیە و دەبێ خۆیان و ئەوانی دیکە پێناسەبکەنەوە. بە باوەڕی من سوئێدی بە هەموو مانایەک سوئێدییە و کورد بە هەموو سیغەیەک هەر کوردە. ئەگەر کورد، خۆی بە ئێرانی، تورکی، عێراقیی و سوری پێناسە بکات، مانایەک بۆ کوردبوون نامێنێتەوە. ئەو رستەیە زۆر گران نییە، بەڵام کوردەکان لەو هاوکێشەیە ناگەن. ئەوان دەتوانن بڵێن کە کورد بوون و کورد دەبن، بەڵام لە سنووری وڵاتانی تورکییە، ئێران، عێراق و سوریەدا لە سەر خاکی خۆیان بە دابەشکراوی دەژین. کوردەکان خۆیان نازانن کێن و لە کوێوە دێن، بۆیە ئاسان نییە لەو گۆڕەپانەی جیهاندا یار و یاوەر بۆ خەباتەکەت دەستەبەر بکەی. کوردەکان لە گەڵ یەکتردا لۆژیکیان لاوازە و بە چاوی سووک لە کارەکانی یەکتر دەڕوانن. لە حیزبی ئێمەدا لە سوئێد سەرنجمان داوە، کە کوردی پارچەکان و تەنانەت حیزبەکانی یەک پارچە لە دیالۆگ و قسەکردندا سەروگوێلاکی یەکتر دەشکێنن، بۆیە ئەو رێگایەکی خەراپە. کورد هەیە لەو ستۆکهۆڵمە خۆی بە هەمە کارە دەزانێ و ئەگەر باسی ماسی و دەریاچەکان بکەی، وەک شارەزا خۆی دەڕەنگێنێ. ئێمە لە سوئێد رێز لە بیروڕای یەکتر دەگرین و فێرکراوین، کە بە گوێرەی شارەزایی خۆمان لە سەر رووداوەکان بدوێین. ئەو قسانەی کە من ئەمڕۆ بۆ تۆیان دەکەم، وتە و لێکدانەوەی مرۆڤێکی ئاساییین و ناچنە خانەی کەسیکی شارەزا و خاوەن ئەزموونی لێکۆڵینەوە. ئەمن لەو بارەوە شەرم ناکەم، کە مرۆڤیکی شارەزا نیم و ئەوە راستییە، بەڵام زۆربەی کوردەکان لەو بارەوە هەست بە شەرم دەکەن، ئەگەر شتیک نەزانن. ئێوە نابێ کولتوری نەتەوە باڵادەستەکان دووپات بکەنەوە و دووبارە کولتوری یەکتر چەوساندنەوە و شکاندنی شکۆی مرۆڤ تاقی بکەنەوە. کولتوری سیاسی یەکجار گرینگە و لە بیرتان بێ، کە حیزبەکانتان لە گواستنەوەی کولتوری دەوڵەمەندی رۆژئاوا بۆ کوردستان سەرکەوتوو نەبوون. ئەوان حیزبەکانیان وەک دەوڵەتێکی بچکۆڵە دەناسن، کە خاوەنی ئابوری، هێزی چەکدار، راگەیاندن، پێوەندیی و تەنانەت بەندیخانەن. لە

کۆتاییدا ئاماژە دەکەم، کە کورد و کوردستان بە کوردەکان رزگاردەبێ. ئێمە دەتوانین پاڵپشت و پشتیوان بین و ئێوە دەبێ لەو رەوتەدا خاوەنی پلان و بەرنامەی شەفاف و لاق لەسەر زەوی بن. ئێوە بە ژمارە زۆرن، بەڵام ئەو ژمارانە پێکەوە کۆکراوە نین و خاوەن ئیرادەی یەکگرتوو نین. ئەگەر کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان یان لە یەک پارچە خۆیان داوای مافەکانیان بکەن و بە شێوازی گونجاو لە سەر ویست و داخوازەکانیان راوەستاو بن، بێگومان رۆڵ و نەخشی هێزە کوردییەکان گەورەتر دەبێت و دەوڵەت بە کردەوە لە گەڵ ویستی خەڵک دەستەویەخە دەبێت. سیاسەتی رێژیم لە ئێران و باقی دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا کەڵکوەرگرتن لە هێزی نیزامی و بەکارهێنانی گرتن، کوشتن و تۆقاندنە. کوردەکان تا رێژەیەک لەو مەیدانەدا خۆڕاگریان کردوە، بەڵام کاتێک رێژیم دەسەڵات و هێزی زیاترە، بە کردەوە نەخشەی سیاسەت دادەڕێژن و خەڵک و هێزە سیاسییەکان لە یەکتر جیادەکەنەوە. رێژیمەکان لە هەڵبژاردنەکاندا رادەگەیەنن، کە خەڵک دەنگی بە نیزامی سیاسی دایەوە و جوابی هێزە سیاسییەکان نادەنەوە. کەماڵ بە بیستنی لێکدانەوە و روانگەکانی باڕباڕا دڵگەرم دەبێ و داوادەکات، کە ئەو رەخنانە بۆ نووسین دەبن و خۆزگە ئێمە لێرە و لە کوردستان مرۆڤی رەخنەگر و وردبینمان دەبوون. ئێمە لە دۆخێکی دژواردا دەژین و ناتوانین رووداوەکان بە تەواوەتی لێکبدەینەوە و تۆمەتی جۆراوجۆرمان لێدەدرێ. ئەگەر ئەمن لە سەر کورد بنووسم و رەخنەبگرم، بە هاودەستی لە گەڵ دوژمنانی کورد تۆمەتبار دەکرێم.

دۆستایەتی و پێوەندی باڕباڕا و کەماڵ قوڵتر دەبێت و کۆتاییەکانی حەوتوو سەردانی یەکتر دەکەن. کەماڵ لەو ماوەیەدا لە فێربوونی زمانی سوئێدیدا گەشەی بەرچاوی کردوە. ناوبراو ماڵئاوایی لە کاری رەش دەکات و ئەو کارانە دەکات، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا پارەی مانگانەی دەدرێتێ. ئەو سەرئەنجام لە گەڵ باڕباڕا تێکەڵ دەبن و ژیانی هاوبەش دەستپێدەکەن. کەماڵ بۆ دووربوون لە رەخنەی نیزیکان و ماڵەوە و هەروەها روانگەی ئایینی و کولتوریییەکان باڕباڕا لە رێگای مەلایەکی سوننەی شافعی مارە دەکات. ئەوان رێوڕەسمێکی خەنجیلانە دەگرن و بەمجۆرە ژیانێکی ساکار دەستپێدەکەن. کەماڵ لە رێگای تەلەفوونەوە ئاگاداری بارودۆخی دایک و باب و خوشکەکانیەتی و بە پارە یارمەتیان دەدات. باڕباڕا و کەماڵ بۆ هاوینی داهاتوو بەنیازن سەردانی تورکییە یان باشووری کوردستان بکەن و ماڵەوەیان بە تێکڕایی ببینن. مام کەریم، پورە زارا، لەیلا و شیرین لە گەڵ هاوسەرەکانیان ئارەزوی سەردانی ئیستانبوڵ دەکەن و ساغدەبنەوە، کە لەو شارە بۆ دیداری هاوین خانوویەکی سەربەخۆ بگرن

و ماوەی مانگێک لە دەوری یەک کۆببنەوە. دایک و بابی بارباڕا لە گەڵ کەماڵ گونجاون و شەوانی زستان و پاییز زۆر گوێ لە چیرۆکی کوردان دەگرن. لەو رێگایەوە زمانی کەماڵ باشتر دەبێ و ئەو دەرفەتە بۆ زۆربەی پەنابەران دەستناکەوێ. دایک و بابی بارباڕا لە سەر داب و نەریتی کورد و کولتوری ناوچەی لە دایکبوونی کەماڵ پرسیاری زۆر دەکەن. کەماڵ وێنەی رێوڕەسمی شایی و کاسێتێکی وێدۆ بۆ ماڵەوە رەوانە دەکات و خوشکەکانی و دایک و بابی وێڕای میوان و جیرانە نیزیکەکان سەیری دەکەن. بەشێکی زۆر لە ژنانی خزم و جیرانەکان پرسیار لە پورە زارا دەکەن، کە ئەو کچە ناوی چییە و ئایا نوێژان فێربووە؟ بە چ زمانێکی قسە دەکات و چەندە پابەندی داب و نەریتی کوردەواریيە؟ لە گەڵ کەماڵی چۆن لە یەکتر تێدەگەن؟ منداڵەکانیان لە داهاتوو چ زمانێک فێردەبن و رەنگی چاو و قژیان چۆن دەبێت؟ پورە زارا بە پێکەنینەوە بە ژنەکان دەڵێت، کە بە سەری ئێوە ئاگاداری هیچ نیم و ئەوەندە دەزانم ناوی باڵباڵایە. نازانم دەرمانی کردوون یان نا، بەڵام خوا هەڵناگرێ پێستی جوانە و قژی زەرد و جوانە. ئاڵتونی خاڵە مینەی لە پورە زارا دەپرسێ، کە باڵباڵا کچی ماڵەوە بوە یان بێوەژن؟ پورە زارا سوێندەدەخوات، کە ئاگاداری لە سەر ئەسڵ و نەسەبی باڵباڵا نییە و ئینشاڵڵا ئەگەر هاوینێ چوونە تورکییە دەتوانن باڵباڵا ببینن و بە وردی پرسیاری لێبکەن. کاتێک میوانە نیزیک و خزمەکان چاو لە فیلمی شایی کەماڵ و بارباڕا دەکەن و لەسەر بارباڕا و خەڵکەکە قسەدەکەن و کۆممێنتی راستەوخۆ دەدەن. ئەوان دەڵێن، باڵباڵا چاویکی شین و باڵایەکی بەرزی هەیە و خۆزگە موسڵمان دەبوو. خۆزگە زمانی کوردی دەزانی و قسەمان لە گەڵ دەکرد. مام کەریم جاروبار تورە دەبێت و دەڵێ، ئەئ لەو ژنانە! قەدیمیەکان گوتوویانە، کە گڵی دوور دەرمانە. ژن هەر ژنە و چاوی رەش و شین دەڵێ چی؟ بە غەوسی گەیلانی ئەو ژنانە ئاگایان لە دنیا نییە و نازانن، کە خوا مرۆڤی بە رەنگی جیاواز سازکردوە.

کەماڵ لە یەکێک لە شیرکەتەکانی شاری ستۆکهۆڵم باس لێدەخوڕێ و بارباڕاش لە ناوەندی فێرکردنی شۆفیری ئوتۆبیلی گەورە و باسەکاندا کاردەکات. ئەوان لە بەشێک لە جێژنە کوردییەکاندا بەشداری دەکەن. کەماڵ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەکاندا چالاکە و لە هێندێک لە کۆبوونەوەکاندا پێشنیاری گونجاو دەخاتەڕوو. ژمارەیەک لە هاوکارەکانی پێشنیارەکانی بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ دەخەن و گرینگی بە بۆچوونەکانی نادەن. کەماڵ ماوەیەکی زۆر چاوپۆشی لە تێڕوانینی هاوکارەکانی دەکات، بەڵام ناوبراو هەست دەکات، کە بێدەنگی لە بەرامبەر ئەو مرۆڤانەدا گونجاو نییە. ناوبراو لە گەڵ دەفەتری

نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس پێوەندی دەگرێ، بەڵام ئەوانیش هیچ ناکەن. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی دێتەدەر و دوای ڕەوتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان سەردانێکی سوئێد دەکات. کەماڵ لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوانگەی خۆی لە سەر چۆنیەتی ئیدارەکردنی کاروباری ڕێکخستنی حیزب لە دەرەوە دەردەبڕێ و ئاماژە بە ناکارایی بەشێک لە ئەندامەکان دەکات. ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانی دەدات، کە کۆبوونەوەکان چارەسەر نادۆزنەوە و بابەتەکان وەک ڕابردوو دووپات دەبنەوە. کەماڵ ماوەیەک لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری ناکات و بە مەبەستی دیداری بنەماڵەکەی لە گەڵ باڕباڕادا بەرەو ئیستانبوڵ سەفەر دەکەن.

لە نێو کوردەکانی ستۆکهۆڵم و ئەندامانی حیزبدا ئەندامێک دژایەتی پێشنیارەکانی کەماڵی دەکرد. ئەو کە ساڵانێکی دوور و درێژە لە سوئێد دەژیت، هێشتا لە قسەکردن بە سوئێدی کێشەی هەیە. ناوبراو بە کەماڵ و هەروەها هاوسەرەکەی توڕەیە و بە بیانووی ئەوەی، کە ئەوان لە گوترە ڕەخنە و پێشنیاردەکەن زۆر دژایەتی لە گەڵ پێشنیارەکانی کەماڵ بۆ کاروباری ڕێکخستن لە سوئێد دەکات. بە باوەڕی ئەو براەرە، کەماڵ گوێ لە باڕباڕا دەگرێت و دواتر لە کۆبوونەوەکاندا فکر و بیروبۆچوونی باڕباڕا بە زمانی کوردی بە گوێی بەشداربوەکاندا دەچرپێنێ. ئەو ئەندامەی حیزب لە کاتی دیتنی بەرپرسانی حزیبدا ئەو لۆژیکە باسدەکات. یەکێک لە بەرپرسەکان لە وڵامدا دەڵێت، مادام باڕباڕا ئەوەندە شارەزا و لێزانە و کەماڵی دەرس دادەدات، بۆچی ئێوە بەقسەی ناکەن. پێشنیاری چاک و باش لە هەر زار و دەستێکەوە بکرێن جێگەی ڕێزن و دەکرێ بڕاکتیزە بکرێن. ئەندامەکەی حیزب دژایەتی ئەو بیرۆکەیە دەکات و ڕادەگەیەنێ، کە ئەوان ناتوانن هەر کاتێک ئاویان خواردەوە پرس بە کەماڵ و باڕباڕا بکەن. باڕباڕا و کەماڵ لە دانیشتنێکی دۆستانەدا ڕەخنە لە بەڕێوەبەرانی کۆمیتە دەگرن، کە کۆبوونەوە و تێکۆشانیان زیاتر بۆ کوردەکانە و خەڵکی سوئێد بۆیان گرینگ نییە، کە چ هونەرمەندێکی کورد لە جێژنی دووی ڕێبەندان بەشدار دەبێ. ئەگەر مەبەستتان بڵاوکردنەوەی زانیاریی و تێگەیاندنی هاوڵاتیانی سوئێدی و خەڵکانی دیکەی نیشتەجێی سوئێدە باشترە، کە بە زمانی خەڵک بدوێن و بە کولتوری ئەوان ڕێوڕەسمەکان بەڕێوەبەرن. باڕباڕا کە چەند جارێک میوانی سوئێدی لە گەڵ خۆی بۆ جێژنەکان بردوە، بە دەست پرسیاری میوانەکان گیری خواردوە. میوانەکان خوازیاربوون، کە ورده زانیارییەک لە سەر کورد و ئەو ڕووداوە وەرگرن، کە کەمتر ئەو دەرفەتە هەڵکەوتوە و خەڵکەکە بە گشتی یان هەڵپەڕیون یان خەریکی وینەگرتن بوون. کەماڵ باوەڕی وایە، کە ئەرکی پێشمەرگایەتی

بە مانای کۆن لە ئورووپا بۆ کوردەکان کۆتایی دێت و رۆژئاواییەکان بەوە سەرسام نابن، کە ئەمن لێرە کەڵاشەی هەوارمی لەبەر کەم یان جلوبەرگی کورد بەکاربێنم. ئەوان کە ژن و کچەکانی ئێمەدەبینن، کە غەرقی زێڕ و پۆڵەکە و ئارایشتی تۆخن، هەست دەکەن، کە ئێمە تەنیا چاو و هەستەکانمان کار دەکەن و لۆژیکی ژیان و بیرکردنەوەمان سەقەتە. خەڵکی ئێمە منداڵەکانی ئازاد کردوە و بە بیانووی ئازادیی و خودموختاری تاکە کەسی ئاگاداری کێشە و پێداویستیەکانیان نین. ئەوان منداڵەکانیان فێری زمانی کوردی نەکردوە و کوردەکان لە یەکتر دوورن و لە بازاڕەکاندا لە یەکتر لادەدەن. بەشێک لەوان ئامادە نین لە نێو بازاڕەکاندا یەکتر ببینن و ئەگەر بۆیان بگونجێ بەیانیان یان ئێواران سەردانی بازاڕەکان دەکەن. منداڵەکانیان کە دەگەنە یەکتر سڵاو لە یەکتر ناکەن و ئەگەر دەرفەت بێنن دوو جنێوی تەڕ و تازە بە یەکتر دەدەن. کاکە ئەمن پارەی بە هونەرمەندی کورد نادەم هەتا بەیانی خەڵکم بۆ هەڵپەڕێنێ! ئەمن وەک کۆمیتەی حیزب کاری دیکە دەکەم و با رێکخراو و ناوەندێکی کولتوریی یان بازرگانی گورانیبێژ و هەڵپەڕکەچییەکان بە یەکتر بگەیەنێت. ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لەو رەخنانە تورەن و زۆربەیان رادەگەیەنن، کە خەڵک بۆ حیزبایەتی نایەن و زۆربەیان بۆ هەڵپەڕکە و دیداری یەکتر دێن. ئەوان کەماڵ بەوە تۆمەتباردەکەن، کە تازە هاتوە و ئاگاداری بارودۆخی وڵات نییە. بە باوەڕی ئەوان چەند ساڵێک بۆ ژیان لە وڵاتێکدا کەمە و مرۆڤ بە بیست ساڵ ئەوجار تەونی کولتوریی خەڵک و رایەڵکەی هاوکاری لایەنەکان تێدەگات. کەماڵ و باڕباڕا لە سەر ئەو باوەڕەن، کە پرسی کوردان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ و هەر کەسە بە جۆری تێگەیشتنی تاکە کەسی سەرچۆپی خەباتەکە دەکێشێ، بۆیە گەیشتن بە ئامانج بە هاوکێشەیەکی دژوار پێناسەدەکەن.

باڕباڕا باوەڕی بە چاکبوونی بارودۆخەکە لە سوئێد نییە و هەستدەکات، کە کۆمەڵگە لە کوردستان پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەیە. ئەو لە کەماڵ دەپرسێ، کە ئەو کەسانەی لە رۆژاوا داوای پەنابەری دەکەن، ئایا مرۆڤی خوێندەوار، سیاسی و خاوەن تێڕوانینی سیاسین یان کەسانێکی کارنەکەر و یاساشکێنن. کەماڵ مرۆڤەکان پۆلێن و بەچەند دەستەیەکیان دابەشدەکات. ژمارەیەک لەو کۆچبەرانە لە سەر بناخەی کاری سیاسیی و پێشمەرگایەتی قاچاخ بوون و ئەوانە لە گەڵ خۆیان و دەوروبەردا راستگۆن. دەستەیەکی دیکە، لە رێگای ژیانی هاوبەش و هەروەها یەکگرتنەوەی بنەماڵە دێنە رۆژئاوا. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پێناوی پەیداکردنی پارە و هەروەها بریقە و خۆشیەکانی رۆژئاوادا پەنا بۆ سوئێد و وڵاتانی دیکە دێنن. ئەوان خۆیان بە سیاسی پێناسەدەکەن و حیزبەکان تەئیدیان دەدەنێ،

بەڵام لە گەڵ سیاسەت و کوردایەتی یەک ناگرنەوە. کۆمەڵە خەڵکێک هەن، کە لەسەر قومـــــــار، دزی، جەردەیی، فرۆشتنی ماددەی سڕکەر و تەنانەت دوژمنایەتی شەخسی و پیاوکوژی لە کوردستان رادەکەن و بە نـــاوی سیاسەت و بەشـــداریکردن لە خەباتی گەلەکەیانـــدا لەو وڵاتانە داوای پەنابەری دەکەن. سەرەڕای ئەو خەڵکە، کۆمەڵێکی بەرچاو لە بەر نەبوونی کار و خانوو پەنا بۆ کەیسی پەنابەری دێنن و دوای قبوڵکرانیان وەک پەنابەر بە پاسپۆرتی ئێرانی دەگەڕێنەوە وڵات و مەجلیسان بە نوکتە و قسەی سەیر و سەمەرە گەرم دەکەن.

کەماڵ و باڕباڕا بۆ بەسەر بردنی کاتێکی شاد بەرەو ئیستانبول دەڕۆن و کێشەی کوردەکانی سوئێد و حیزبایەتی بۆ خەڵکانی دیکە بەجێدێڵن. ئەوان لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێدەگرن. بە تەلەفوون مام کەریم ئاگادار دەکەنەوە، کە چاوەڕوانیان دەکەن. پورە زارا و مام کەریم ترش، بنێشتی کوردی، هەنگوین، مێوژ و گوێز، پەنیر و رۆنی خۆماڵی کۆدەکەنەوە. شیرین و لەیلا لە گەڵ هاوسەرەکانیان ئامادەی سەفەرن و بە سەرێکەوە بەرەو ورمێ وەڕێدەکەون. سەفەرێکی دوور و درێژە و خەڵک هێشتا لەو ناوچانە عادەتیان بە سەفەری دوورە وڵات نەگرتوە. لەو ناوچەیە دوورترین سەفەرەکان بۆ حەج بوون، کە حاجی بە هەزار جۆر بۆ دۆست و نیزیکەکانی دەگێڕایەوە. مام کەریم و زاواکانی وێڕای کچ و هاوسەرەکەی بەرەو ئیستانبول سەفەردەکەن. ئەوان زمانی تورکی نازانن و زیاتر بە هاوکاری ئازەری زمانێکی هاوسەفەریان کارەکانیان رادەپەڕێنن. مام کەریم لە بەندیخانە زمانی فارسیی و هەروەها چەند رستەیەک ئازەری فێربوە، بەڵام دادی ئەو سەفەرەی نادات. موسافیرەکان بە هەزار زەحمەت خۆیان گەیاندە ئەستانبوڵ و لە کارێژی ئەو شارە تەلەفوون بۆ کەماڵ و باڕباڕا دەکەن. ئەوان چـــــاوەڕوانی کەماڵ دەکەن و لە قاوەخانەکەی نیزیـــــک کارێژەکە سەرقاڵی چاخواردنەوە و ســـاردەمەنین. باڕبـــاڕا و کەماڵ دەگەنە گەراج و ماوەیەک بە پـــێ لە گۆڕەپانەکە دەوەســـتن، بەڵام خەبەرێک لە مـــــام کەریم و ماڵەوەیان نییە. ئەوان چـــــاوەڕوان پیاسەدەکەن و مـــــام کەریم و هاوسەفەرەکانی لە ژووری قاوەخانەکە چـاوەڕوانن، بەڵام نیگاکانیـان بە یەکتر ناگـات. مـام کەریم و پورە زارا چەند جارێک پیاو و ژنێک دەبینن، کە جانتایەکی چوکەڵەیان لە شانە و قاتێکی رۆژئاواییان لەبەرە. مام کەریم لە قاوەخانەکە دێتەدەر و لە بەر دەرگاکە سەیرێکی ئەو پیاو و ژنە دەکات، کە بە زمانێکی نائاشنا لە گەڵ یەکتر دەدوێن. کەماڵ ئاوڕێک لە مام کەریم دەداتەوە و بابی دەناسێتەوە و بە باڕبـــاڕا دەڵێـــت، کە چەنـــد خولەکێک چـــاوەڕوان دەکەین و ئەمن ئەوانم دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوان

نامناسنەوە. مام کەریم دەچێتە ژووری چاخانەکە و لەیلا و شیرین پرسیاردەکەن، کە بۆچی پرسیاری لەو پیاو و ژنە نەکردوە، کە ئەوان کێن. مام کەریم، لە کچەکان تورە دەبێت و دەڵێ، ئەوان بە زمانێکی ئەوەندە سەیر قسەدەکەن، کە بۆ پرسین نابێ. ئێمە ساڵەهایە جیرانی تورکانین، بەڵام شەوی رابردوو ئەگەر ئازەریەکانمان لە گەڵ نەدەبوون، بێگومان سەفەرەکەمان کێشەی تێدەکەوت. پورە زارا سەر بە شوشەی قاوەخانەکەوە دەنێت و سوێند دەخوات، کە ئەو ژنە باڵباڵایە و دەڵێ، کەریم ئەوە کەماڵ گۆڕاوە و لە خاریجەی هاتۆتەوە، بۆچی خۆی ئاشکرا ناکات. لە سەردەشت چەند ژنێک دەیانگوت، کە ئەو کوڕ و کچانەی ئاوی خاریجەی دەخۆنەوە زۆر بێرووحم دەبن و لە ئیسلامەتی و کوردایەتی دەشۆڕێن. بابم، بە خودای خەریکە کوڕەکەی خۆم ئەو بەڵایەی بەسەردێت و دایکی خۆی ناناسێت. کاکە، کە منداڵ بوویین مەلا یوسف زۆر باسی نیزکبوونەوەی ئاخیری زەمانی دەکرد، کە دایک و منداڵ لە یەکتر دوور دەکەونەوە. مەلا یوسف لە ماڵی بابم سوێندی دەخوارد، کە ئاخری زەمانە و هەموو نیشانەکانی ئەو سەردەمە دەرکەوتوون و تەنیا خۆرهەڵاتن ماوە، کە قەرارە بە حوکمی خوا لە رۆژئاوا هەڵبێت. مام کەریم لەو تەمەنەدا و لە سەفەردا بە قسەی ژنان تورە دەبێ و لە داخان جنێو بە مەلا یوسف دەدات. شیرین و لەیلا لە گەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان لە خۆشی هاتنەوەی براژنە پێست سپیی و قژزەردەکەیان بیر لە تورە بوونی مام کەریم و وتەی دایکیان ناکەنەوە. کەماڵ لە گەڵ باڕباڕا لە دەرەوە لە قاوەخانەکە دەڕوانێت و جاروبار دەستێک بۆ قاوەخانەکە رادەدێرێ، بەڵام سوودی نییە. ئەوان دەچنە ژووری قاوەخانەکە و کەماڵ لە سووچێکەوە لە خوشکە و دایک و باوکی دەڕوانێت. لەیلا بە دیتنی کەماڵی برای لە سەر تەختەی زەوی دەکەوێ و لە هۆش دەچێت. کارکەرەکانی قاوەخانە و خاوەن قاوەخانەکە دەگەنە سەر لەیلا و ئاوێکی سارد بە دەموچاوی دەپڕژێنن. کەماڵ و باڕباڕا لە گەڵ کارکەرەکان دەگەنە سەر سەری لەیلا و کەماڵ بانگی لەیلا دەکات. دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێک لەیلا چاو دەکاتەوە و باڕباڕا و کەماڵ دەبینێت، کە لە تەنیشتی دانیشتوون و بانگی دەکەن. پورە زارا و مام کەریم و شیرین کەماڵ و باڕباڕا ماچ دەکەن. کەماڵ لە گەڵ زاواکان تۆقەی دەکات و بەخێرهاتنیان دەکات و منداڵەکانی شیرین و لەیلا ماچ دەکەن. ماوەیەک لە قاوەخانەکە دادەنیشن و پشوویەکی کورت دەدەن و کە لەیلا بە تەواوەتی هاتەوە سەر خۆی پارەی قاوەخانەکە دەدەن و بە سواری دوو تاکسی دەچنەوە خانوە کرێیەکە. مام کەریم و پورە زارا و کچەکان لە خانوەکەدا پشوویەک دەدەن و بۆ ئێوارە خواردنێک سازدەکەن. ژیان لە ئیستانبوڵ بۆ ئەوانەی لە رۆژئاوا دەهاتنەوە هەرزانترە و کەماڵ و باڕباڕا لەو رۆژانەدا سەوزە و میوەجاتی جیاواز و شیرینی رەنگاوڕەنگیان بۆ

میوانەکان کڕیوە. پورە زارا شەوی یەکەم لە کەماڵ دەپرسێت، کە ئایا باڵباڵا نوێژان دەکات و دەزانێ، کە شایەتی بەحەق بێنێ؟ کەماڵ بە گاڵتە وڵام دەداتەوە، کە باڕباڕا قورئانی خەتم کردوە و بەنیازە لە داهاتوودا لە مزگەوتێکی ستۆکهۆڵم ببێتە مەلای ژنان! پورە زارا سەت رەحمەت بۆ دایک و بابی باڕباڕا دەنێرێ و شوکری خوای دەکات، کە بوکەکەی ئیماندار و خاوەن دەست و چاویکی خاوێنە. ئەوان ماوەیەکی خۆش بەسەر دەبن و شەوانە هەتا درەنگ یادی رابردوو دەکەنەوە. مام کەریم، داوا لە باڕباڕا دەکات، کە ئەگەر چۆوە سوئێد فکرێکی بۆ بکات و ژنێکی بۆ بدۆزێتەوە. پورە زارا سەربەخۆ بە قسەکانی مام کەریم دەهری دەبێت و دەڵێ، پیرە کێ مێردی بەتۆ دەکات. ئەو ژنە جوان و چاوشینانە چۆن بە تۆ رازی دەبن. پورە زارا قسەی بۆ گوتن زۆرن، بەڵام لە گەڵ باڕباڕا زمانی یەکتر نازانن و کەماڵ تەنیا ئەو بابەتانە وەردەگێڕێتەوە، کە پرسیارخوڵقێن نەبن. دایکی چەند جار پرسیاردەکات، کە ئایا باڵباڵا پێشتر لە گەڵ سەگ ژیاوە یا نا؟ کەماڵ ئەو پرسیارە فەرامۆش دەکات و باڵباڵا تێدەگات، کە کەماڵ پەیامی دایکی ناگەیەنێ. پورە زارا کاتێک لە تەلەویزیۆنەکە سەگێک دەردەکەوێ بە کوردی دەڵێ، بوکە باڵباڵا ئەتۆ لە گەڵ سەگ عەو عەو ژیاویت؟ باڕباڕا پرسیار لە کەماڵ دەکات، کە ئەو پرسیارەی دایکی بۆ رووونکاتەوە. ئەو تەنیا ئەوەندە دەڵێت، کە ٧ ساڵان لە ماڵدا سەگیان هەبوە و لە گەڵ سەگ ژیاون. پورە زارا لە مام کەریم دەپرسێ، باشە ئەو سەگانە وەک سەگی لای خۆمان گوڵاو نین؟ مام کەریم بە گاڵتە دەڵێت، بە خالقی ئەرز و ئاسمان ئەو سەگانە لە بەشێکی زۆر لە مەلاکانی ئێران باشترن. مەلایەکی فێڵباز لە ناوچەکەمان، لە دادگا بە دادوەری راگەیاندبو، کە بە مەستی ئەو قەباڵە و نووسراوەنەم واژوو کردوون. دادوەر پرسیاری لێدەکات، کە مامۆستایەکی ئایینی چۆن مەستی دەکات؟ سەگی رۆژئاوایی کەی ئەو فرت و فێڵە دەزانێ و چ سەگێک لە گەڵ خاوەنەکەی درۆ دەکات. خۆزگە سەگمان دەبوون، بەڵام سیخوڕ و بەسیجی نا. خۆزگە سەگمان دەبوون، بەڵام مەلای فێڵاوی نا. خۆزگە خەڵکی ئێمە راستگۆ دەبوو و قسەی زمان و دڵیان یەک دەبوو. پورە زارا دەستەکانی تەکان دەدات و دەڵێت، ئەو مەلا تەرەماشەی باسی دەکەی، هەر بە ناو مەلایە و بە پێغەمبەری ئاخری زەمان بە قەدەر وەسیمی زوامان لە ئیسلامەتی و قورئان نازانێ. کەس نا مەلای کوردی! ئەو مەلا فێڵبازانە بۆ ژنخوازی دەچنەماڵان، بەڵام کارەکە خوار دەکەن و داوا لە دایک و بابی کچە دەکەن، کە ئەگەر بە فلانی رازی نین، ئێمە کوڕمان هەیە و بۆ خۆشمان ئەگەر ئێوە لوتف بکەن شوکور بۆ خوا دەتوانین ببینە زاواتان. کەریم، ئەگەر ئەو مەلا ریش پان و مەندیل رەشانە نەدەبوون، کاوەی کوڕم ئەمڕۆ لە گەڵ ئێمە دادەنیشت. هەتا لە ژیاندام، هەموو بەیانیان و ئێواران نەعلەت لە نیزامی مەلا ریشپانەکان دەکەم و

لە خـوای گەورە دەپاڕێمەوە، کە ئەو جانەوەرە درندانە لە کـۆڵ خەڵکی وڵات بکاتەوە. مـام کەریم، کە وەک ئازادەیەک پارەی مانگانەی بـۆ بڕاوەتەوە و چەند زەویەکی وەرگرتوە، زۆر حەز لە توک و دوعـای پورە زارا لە مەلاکانی تاران ناکات و زیاتر رەخنە لە کوردان دەگرێت. ئەو لە سەر کـاوەی کـوڕی رەخنە لە دێمـوکراڕت و کۆمەڵە دەگرێـت، کە لەو کێوانە شەڕی نـاڕەوای یەکتریان دەکـرد و کـوڕی خەڵکی هەژاریان بەکوشـت دەدا. برینە کۆنەکانی مـام کەریم قەتماغەیان نەبسـتوە و بە بیسـتنی خەیانەتی کوردەکان لە یەکتر و هەروەها شەڕی حیزبەکان لە گەڵ یەکتر دەکولێنەوە و ژانەکانیان تازە دەبێتەوە. مـام کەریم، لە کۆنەوەی کێشەی لە گەڵ جـۆری حیزبایەتی کـوردان و خـوار و خێچـی سەرکردەی حیزبەکان لە گەڵ خەڵک و پێشـمەرگەکان هەبوە. ئەو لە تەمەنی خۆیـدا رۆژگـاری نـاخۆش و پـڕ لە کارەستانی زۆر دیتوون و لە سەر دەستی کوردە چەکدارەکانی کورد کە بە فوڕسان بە ناوبـانگبوون، دە سـاڵی رەبەق لە بەندیخانەکانی عێراقـدا ژیـانێکی پـڕ لە چەرمەسەری بەسەربرد. کەماڵ بەشـێک لە چیرۆکەکانی بـاوکی بـۆ باڕبـاڕا وەردەگێڕێتە سەر زمـانی سوئێدی. باڕبـاڕا لە فرۆشـتنی کوردەکـان بە دەستی یەکتر و هەروەها بازرگانی کردنی حیزبە بە ناو سیاسییەکان بە ناوی کوردایەتی و دیپلۆماسـی بە کـوردی پارچەیەیکی دیکە دڵگرانە. شـیرین و لەیلا لە گەڵ باڕبـاڕا بە کـوردی قسە دەکەن و لە گەڵ نـاوبراودا گەرم و گـوڕن. خـواردن و چێشـتی رەنگاوڕەنـگ بـۆ براژنەکەیان لێـدەنێن. باڕبـاڕا لە تەزبیحەکەی مام کەریم و پورە زارا دەڕوانێ، کە دوای نـوێژکردن دەنکەکانیان بە دوای یەکترا رادەدەن و نـاوی ئەڵڵاهوئەکبەڕ، لائیلاهە ئیللاڵڵا و ئەسـتەغفیروڵڵا دەڵێنەوە. پـورە زارا لە دوای نـوێژکردن دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە، کە منداڵەکانی سڵامەت بن و مەرگی هیچیان نەبینێ. ئەو نـاوی باڕبـاڕای بە تەواوەتی بـۆ گۆنـاکرێ و هەر بە باڵبـاڵا بـانگی دەکـات و لە پاڕانەوەکانیدا داوا دەکـات، کە خـوای گەورە کوڕێـک بە باڵبـاڵا و کەماڵی بـداتێ. کاتێـک کەماڵ ئەو دوعایەی دایکـی بـۆ باڕباڕا وەردەگێڕێتەوە، باڕباڕا دپرسێ، بۆ کوڕ؟ ئەدی کچ! پورە زارا بە کـورتی رادەگەیەنێ، کە فەرقی کچ و کوڕان نییە، بەڵام هەر خۆشە خودا کوڕانت بـداتێ. ئەمن دوو کـوڕم هەبوون و خودا دانەیەکی بە پەلە بـردەوە. رۆڵە کەماڵ ئەگەر کوڕتـان بـو، بە نـاوی کـاوەی بکەنەوە. وەسـیمی مێـردی لەیلا و حەمەدەمینی هاوسەری شـیرین بەو دیـدارە زۆر شـادن و لە خەمی شـار و خەڵک دەرچـوون و لە شـاری گەورەی ئیستانبولدا بە پێ، باس و تاکسـی دەگەڕێن و لە جوانیەکانی ئەو شـارە تێرنـابن. وەسیم کـچ و کـوڕێکی لە گەڵ لەیلا هەیە و شـیرین و حەمەدەمین کوڕێکیـان هەیە و کچـی خالیـدی بردۆتەوە مـاڵی نەنکی. ئەو منداڵانە ئەو رۆژانە لە گەڵ باربـارا یـاری جۆراوجـۆر دەکەن و لە بـازاڕ کەلوپەلی گەمەی

منداڵانیان یەک کیسە بۆ کڕیون. کەماڵ و باربارا ڕۆژانی کۆتایی بە نۆبە خوشک و زاواکانیان دەبەنە بازاڕ و دیاریی و هەدیەیان بۆ دەکڕن. مام کەریم و پور زارا دوارۆژ دەبەنە نێوشار و زۆر دیاری بەنرخیان بۆ دەکڕن. سەرەڕای ئەو دیاریانە، هەر کەسەو سەت دۆڵاری ئەمریکایی دەدەنە میوانەکان و هەتا کاڕێژی ئیستانبول هاوڕیەتیان دەکەن. لەو دیدارە وێنە و گرتەی زۆری ویدۆیی دەگرن و بەشێک لە وێنەکان دەشۆنەوە لە نێوان میوانەکاندا دابەشیان دەکەن. باڕباڕا و کەماڵ دوو ڕۆژێکی دیکە لەو شارە تێپەڕدەکەن و بە کۆڵێک بیرەوەری و دیاری دەگەڕێنەوە سوئێد. باڕباڕا چەند دەست کەراسی ڕەنگاوڕەنگی بە پشتێند و دەستماڵەوە بۆ هاتوە. سەرەڕای ئەوە، بازنە و گوارەی زێڕ و زۆر دیاری دیکەیان بۆ هێناوە. ترش، ڕۆنی خۆماڵی، هەنگوین، گوێز و گەلێک خواردەمەنی ویشکراویان بۆ باڕباڕا و کەماڵی هێناوە.

کەماڵ هێشتا ئەندامی حیزبە و بە وتەی خۆی، ناوبراو گیرۆدەی مادە سڕکەرەکان، شەراب و ئەڵکۆڵ و جگەرە نییە، بەڵام لە داوی کوردایەتی و حیزبایەتی کەوتوە. ئەگەر خۆی لە کوردایەتی و حیزبایەتی دەشارێتەوە، ڕەنگە ڕەخنەی لێبگرن، کە بە دوای ژنێکی سوئێدی کەوتوە و ناو و ناوبانگی خۆی لەبیرکردوە. ناوبراو لە گەڵ بەشێکی زۆر دۆست و ناسیاوانی باس لە تاڵ و سوێری کوردبوون دەکەن، کە بەداخەوە لە سەر شانوپیلی ژمارەیەک کەم لە کوردەکانە. شەڕی گەرمی نێوان پارتەکەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆتایی هاتوە، بەڵام شەڕی ساردی ئەوان ڕەنگە بە ئاسانی کۆتایی نەیەت. هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بە گریلا دەناسرێن لەو ساڵەدا لە گەڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکەونە شەڕ. لە ئاکامی شەڕی نێوان پارتەکەی تاڵەبانی و ئوجالاندا خوینێکی زۆر دەڕژێ. سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ عەبدوڵڵا ئوجالانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کێنیا ڕفێندرا و برایەوە تورکییە. ئەو ڕووداوە بۆ کوردەکانی تاراوگە و نێوخۆ تاڵە و بە وتەی کەماڵ سەرکردەکانی حیزبە کوردییەکان یان لە سێدراەدراون یان گیراون و دوورخراونەوە یان تیرۆرکراون. کوردە ڕۆژهەڵاتیەکان ئەزموونی تاڵیان لە گەڵ فارس و دەسەڵاتدارانی ئێران هەیە. ئەوان لە کۆنەوە لە سەر مێزی دانیشتن و هەروەها بە فرت و فێڵ پێکراون، بۆیە لە ناوچەدا باوە، کە دەسەڵاتدارە فارسەکان بە لۆکە گەردنت دەبڕن. گیرانی عەبدوڵڵا ئوجالان لە نێو کوردانی تاراوگەدا بە باسێکی نەتەوەیی پێناسەکرا و لە زۆربەی وڵاتان دژ بەو کردارەی تورکەکان خۆپێشاندان بەڕێوەچووبوو. کەماڵ لە ستۆکهۆڵم وەیڕای زۆر کوردی ڕۆژهەڵاتی و پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پێناوی بەرگریکردن لە گرتن

و فڕاندنی عەبدوڵڵا ئوجالان خۆپێشاندان دەکەن. باڕباڕا لە سەر پارتی کرێکاران روانگەی زۆر ئەرێنی نییە، بەڵام پاڵپشتی خەباتی رەوای کوردەکان لە هەموو کوردستانە. ئەو لە کتێبخانەکەی خۆیدا کتێبێکی هەیە بە ناوی ئۆڵۆف پاڵمێ تەقەی لێکرا، کە نووسەرەکەی لە کەیسی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ئۆڵۆف پاڵمێدا ماوەی ساڵێک کاری کردوە. ناوبراو ئاماژەدەکات، کە رووداوەکەی بۆ ساغ نەکراوەتەوە، بەڵام تێڕوانین و لێکدانەوەکانی خۆی لەو پێوەندییەدا لە کتێبێکدا کۆکردۆتەوە. باڕباڕا ئەو کتێبەی خویندۆتەوە و هێشتا زۆر پرسیاری گەورەی لە سەر کردار و رەفتاری پارتە کوردییەکان لە گەڵ ئەندامەکانیان هەیە. لەو کتێبەدا باسەکە لە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیام و رەمزەکانی کادرەکانی ئەم پارتە لە سکاندیناڤیایە، بۆیە کەوتوونەتە نێو بازنەی گومانەکان. لەو ساڵانەدا پارتی کرێکارانی کوردستان لە بروکسێل کۆنگرەی بە ناو نەتەوەیی سازکردوە و خاوەنی کاناڵی تیفی سەتەلایتە. خەباتی ئەوان لە باکوری کوردستان رەهەندی سیاسی تێپەڕاندوە و تێکەڵ بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و فرە رەهەندی کوردەکان بوە، بۆیە مەیدانی مانۆڕدان و جوڵەیان زیاترە. باڕباڕا لە کۆمەڵێک لە رەخنەگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان زانیاری جۆراوجۆری لە سەر پێوەندی ئەو هێزە لە گەڵ دەسەڵاتی دەمشق پەیداکردوە.

باڕباڕا و کەماڵ لە پەنا جیهانی کار و سیاسەت بەرەو پێدەشتەکانی یەکەی کۆمەڵگا هەنگاوهەڵدەگرن. ئەوان لە کۆتایی سەدەی بیستەم نیزیک دەبنەوە و خۆیان بۆ سەرەتای سەدەیەکی تازە ئامادەدەکەن. ژمارەی ساڵەکان دەگۆڕێن و لە هەناوی گۆڕاندا ژین و ژیان دەگۆڕێن. گەڕی ژیان لە سەر تۆپی زەوی تەمەنێکی کۆن و بێ ئەژماری هەیە، بۆیە مرۆڤەکان لە بەردەم تەوژمی ئاڵوگۆڕە گەورەکاندا ناچارن خۆیان بگونجێنن. باڕباڕا ئەو ژنەی، کە ئەمڕۆ چاوەڕوانی منداڵ دەکات، رۆژانێک لە سەر تەختەی دانیشتی پۆلی خویندن و لە بەردەم هاوڕێ کچەکانیدا باسی ترسی بوونە دایک دەکات. ئەو تاقانەی ماڵە و ترس و سامی منداڵبوون بە میراتێکی ژێنێتیک وەرگرتوە. دایکی باڕباڕا ئەو نهێنییە بۆ کچەکەی ئاشکرا ناکات، چوونکە دەترسێت، کە کچەکەی لە ترسان وەچە نەخاتەوە و هەتا کۆتایی قۆناخی منداڵبوون ژیانی هاوبەش سازنەکات. باڕباڕا لە رۆژانی چاوەڕوانیدا چەند مانگی یەکەم کار دەکات، بەڵام سێ مانگی کۆتایی قۆناخی چاوەڕوانی پشوو وەردەگرێ و چاوەڕوانی ژیانێکی تازە دەکات. دایک و بابی بەو رووداوە دڵخۆشن و ئەوانیش بە ئاواتەوەن لە گەڵ نەوەکەیان لە شاری یاری کاتێکی خۆش بەسەر بەرن و رۆژانی خانەنشینی بە بوونی نەوەیەکی چاوگەش تێپەڕبکەن. ئەوان

ئەوەندە شادن، کە بەشێک لە کەلوپەلی کۆنی بارپارایان لە ژوورێکدا بڵاوکردوە و کەلوپەلی تازەشیان کڕیوە و چاوەڕوانی هاتنی نەوەکەیان دەکەن. کەماڵ بۆ هێنانی دایک و بابی داوەتنامەیەکی رەوانەکردوە و مام کەریم و پورە زارا لە تاران سەردانی باڵوێزخانەی سوئێدیان کردوە. ئەوان بۆ ماوەی سێ مانگ ویزای سەفەریان پێدراوە و خۆیان بۆ سەفەر ئامادە دەکەن. زارا لە فڕۆکە دەترسێت و شەو و رۆژ دەپارێتەوە، کە فڕۆکەکە نەکەوێتەخوار و لە ئاوی بەحر و دەریاکاندا پەرت و ورد نەبێت. مام کەریم بۆ ئارام کردنەوەی دڵی پور زارای هاوسەری بەڵێندەدات، کە ئەگەر فڕۆکەکە لە تاران و ستۆکهۆڵم بە سەلامەتی نیشتەوە، یەک مەولودی بکەن. خەڵکی ئەو سەردەمە بە خێر و مەولوودی کردن دڵخۆشن و بە تێگەیشتنی ئەوان، لە خۆگرتنی مەولودی یان قوربانی لە رێژەی مەترسییەکان کەمدەکاتەوە و مرۆڤ لە بەڵا و موسیبەت دەپارێزێ. مام مەولود بە جلوبەرگی کوردیی و بە جەمەدانی هەڵبەستراو سواری فڕۆکەکە دەبێت و پورە زاراش بە شێوازی کۆنی کوردەوار جلوبەرگی ژنانەی لەبەرکردوون. ئەوان لە فڕۆکەدا چاوکراوەن و لە گەڵ ئەوەی شارەزا و خاوەن ئەزموون نین، بەڵام چاو لە خەڵکی دیکە دەکەن، کە بە ئەزموون دێنەبەرچاو. ئەوان تەزبیحە قەزوانەکانیان بە دەستەوە گرتوە و پێش ئەوەی فڕۆکەکە بجوڵێت سورەتی ئەلفاتیحە دەخوێنن و مام مەولود ئایەتولکورسی دەخوێنێ و فوو بەدەور و بەری خۆیدا دەکات. کاتێک کارمەندە خزمەتکارەکان لە سەرەتادا بە دەست ئاماژە بە دەرگای خۆرزگارکردن و هەروەها ئامێری هەناسەهەڵکێشان دەکەن، پورە زارا بە چاوێکی پڕ لە نیگەرانی و ترسەوە چاو لە کەریمی هاوسەری دەکات. فڕۆکەکە دەوردەگرێ و بە خێراییەکی توند بە سەر رێگا ئیسفاڵتکراوەکەدا دەڕوات و لە پڕ بەرەو ئامێزی ئاسمان بەرزدەبێتەوە. کەماڵ لە فڕۆکەخانەی ئارڵاندا چاوەڕوانیان دەکات و بارپارا لە ماڵەوە خواردن بۆ میوانەکان ئامادە دەکات. مام کەریم و پورە زارا بۆ چوونە ئاوەدەست و هاتنەدەر لە ئاودەستی فڕۆکەکە کێشەیان دەبێت، بۆیە داوا لە کوردێکی هاوسەفەریان دەکەن، کە یارمەتیان بدات و رێنوێنی تەواویان بکات. لە کاتی خواردن داواکردن و هەروەها خواردنەوەدا پورە زارا زەحمەتە و تەنیا نان و ئاوەکە دەخوات و خواردنەکانی دیکە بە خاوێن نازانێ. مام کەریم بەشی هاوسەرەکەشی دەخوات و داوا لە زارا دەکات، کە پارەی ئەو خواردن و خواردنەوە دراوە و خوا قبوڵی ناکات، کە خەساری کەن. سەرئەنجام فڕۆکەکە لە ئاسمانی شاری ستۆکهۆڵم نیزیک دەبێتەوە و فڕۆکەوانەکە موسافیرەکان ئاگادار دەکاتەوە، کە پاش نیو کاتژمێری دیکە دەگەنە فڕۆکەخانەی ئارڵاندا. پورە زارا لە کاتی دابەزینی فڕۆکەکەدا گوێیەکانی ژانێکی زۆر دەکەن و ترسێکی زۆر دایدەگرێ. بە هاوسەرەکەی دەڵێت، کەریم ئەوە خەریکە روحم دەردەچێ و ئەگەر

مـــردم ئاگـــات لـه کچەکان بـــێ و تەرمەکەم لەو کافرســـتانەی مەنێژن. مـــام کەریم، چاوێـــک لـه زارای هاوسەری دەکـــات، بەڵام هیـــچ نـــاڵێت. فڕۆکەکە بەردەوام لـه زەوی نیزیـــک دەبێتەوە و ئوتۆمبیـــل و خانوەکـــانی دەوروبەری فڕۆکەخانە بە ئاســـانی دەبینـــدرێن. پـــورە زارا تاکە جارێـــک لـه پەنجەرەکەڕا دەڕوانێتە خـــوارێ و چاوەکـــانی دەنـــووقێنێ و هاواردەکـــات، ئەی خـــوای گەورە بمانپـــارێزی. فڕۆکەکە بە قورساییەکی زۆر لـه فڕۆکەخانەکە دەنیشێ و لـه سەر تەگەرەکانی ماوەیەک رێـــدەکات. مـــام کەریم و زار لـه دڵەراوکەدان و بیرلەوە دەکەنەوە، کە خوێندەواریان نییە و چۆن دەتـــوانن جانتـــا و کەلوپەلی سەفەر وەربگرنەوە و دەرگاکە بدۆزنەوە. فڕۆکەکە لـه بەردەم فڕۆکەخانەکە رادەوەســـتێ و دەرگاکـــانی فڕۆکەکە دەبنەوە و مووسافیرەکان لـه سەر کورسیەکانیان بەرزدەبنەوە. جانتـــا دەســـتیەکانیان ئامادەدەکەن و بە ریز بە دەرگای خوارەوەدا دادەبەزن. مام کەریم و هاوسەرەکەی لـه بەر ژانـــی لاق و پشـــتیان بە زەحمەت لـه پلیکانەکان دادەبەزن و ناچـــارن بە دوای خەڵکەکە بکەون. لـه خـــوارەوە باســـێک ئامادەیە و هەر کەسیک لـه فڕۆکەکە دادەبەزێت سواری باسەکە دەبێت. کە باسەکە پڕ لـه مووسافیر دەبـــێ، دەرگاکـــانی دادەخرێـــن و بەرەو باڵەخانەی فڕۆکەخانەکە رێـــدەکات. پـــورە زارا لـه نێـــو مووســـافیرەکاندا لـه کەریم دەپرسێ، کە جانتاکە دەبێ لـه کوێ بـــن؟ ئێمە بـــۆ کـــوێ دەچیـــن؟ بەخوا رەنگە کەماڵ وەک ئیستانبوڵمان لێبکات و ماوەیەکی زۆر خۆمان لـــێ ئاشکرا نەکات. باسەکە رایـــدەگرێ و مووســـافیرەکان بەدوای یەکتردا بە پلیکانەکانـــدا ریـــز دەبەســـتن. پـــورە زارا لـه رۆیشـــتندا لـه سەرەخۆیە و نـــاوتوانێ لـه گەڵ موســـافیری فڕۆکەکە بەرەو شـــوێنێ جانتـــا وەرگرتنەوەکە بـــڕۆن. لـه ریزێکـــدا رادەوەســـتن و هەتا دەگەنە کارمەنـــدی بەشـــی پاســـپۆرت پشـــکنێن. کارمەندەکە چاوێـــک لـه تیکێـــتی سەفەرەکەیان دەکـــات و دەزانێـــت، کە ناشارەزان و بە هەڵە لـەو ریزە راوەستاون. ناوبراو بە ئینگلیسی و چەند زمـــانێکی دیکە پرسیار لـه مـــام کەریم و پـــورە زارا دەکـــات، کە ئێـــوە نـــاتوانن بچنە ئەو بەشە و دەبـــێ بگەڕێنەوە. پـــورە زارا بە کـــوردی دەڵـــێ، بابم بە خودای ئێمە بۆ ئەو سەفەر و وڵاتانە نـــابین و دارا و ســـارای لـه یەکتر جیاناکەینەوە. مـــام کەریم بە نیازە بە فارســـی لـه گەڵ کارمەندەکە قسە بکـــات و ژمـــارە تەلەفوونی موبـــایلی کەماڵی کـــوڕی دەداتـــێ. کارمەندەکە سەرقاڵی کارەکەیەتی و موســـافیرێکی زۆر لـەو ریـــزەدا راوەســـتاون و چـــاوەڕوانی دەرچـــوون دەکەن، بۆیە بە تەلەفوونێک کارمەنـــدانی یارمەتیـــدەری فڕۆکەخانە ئاگـــادار دەکاتەوە، کە ژن و پیاوێکی ئێرانـــی هاتوونە ستۆکهۆڵم و رێگاکەیان تێکەڵکردوە و لـه ریزی سەفەر بۆ پاکستاندا چاوەڕوان دەکەن. ئەوان زمان نازانن و ژمارە تەلەفوونێکی سوئێدیان بە دەستەوەیە و چـــاوەڕوانی یارمەتین. مـــام کەریم و پـــورە زارا لـه تەنیشـــتێک دادەنیشـــێنن و دوای دە خولەک کارمەنـــدێک دەگاتە لایـــان و داوای

پاسـپۆرت و تیکێـتی سەفەرەکەیان دەکـات. کاتێـک چـاو لە تیکێتەکە دەکـات، دەزانـێ کە جانتـا و کەلوپەلی سەفەریان پێیە و هەروەها بە شێوەی رەسمی هاتوونە سوئێد. کارمەندەکە داوایـان لێدەکات، کە بەدوایدا بـڕۆن و هەردووکیان لە زمـانی جەستە کەڵکوەردەگرن. لە شـوێنی پشکنێنی پاسپۆرتەکان پێکەوە رەتـدەبن و هەتا هـۆڵی وەرگرتنەوەی جانتاکـان و رێگـای چوونەدەری فڕۆکەخانە رێنوێنیـان دەکـات. کە دەگەنە دەرگـای گەورەی چوونەدەر لە فڕۆکەخانەکە کەماڵ دەبینـن، کە زۆر لە مێـژە چاوەڕوانیـان دەکـات و بە تەلەفوونەکەی بە دەستەوەیە. کەماڵ سپاسی کارمەندە دەکـات و کەلوپەلی بـاوک و دایکی بە داشقەی راگواستنی فڕۆکەخانە دەباتە تەنیشت ئوتۆمبیلەکەی. دایک و بـابی سوار دەکات و کەلوپەلەکان لە ئوتۆمبیلەکە داوێژێت و بەرەو ماڵەوە دەڕۆنەوە. دایکی کەماڵ دەرفەتەکە بە گونجاو دەزانـێ و رەخنە لە کەریمی هاوسەری دەگرێت، کە دە ساڵان لە زندانی بەعسدا خواردویەتی و خەوتوە، بەڵام فێـری کەچە زمانێـک نەبوە، کە بـۆ ئەمڕۆ بەسـوود بێـت. لە ئیسـتانبوڵ بە باڵبـاڵای دەگوت، ژنێکم بۆ بدۆزەوە و ئەمن دێمە ستۆکهۆڵم. مـام کەریم گـوێ بە زارای هاوسەری نـادات و دەڵێت، کە ئەگەر ئەمن لە گەڵ کارمەندەکە بە فارسـیم قسەنەکردبا و نـاوی کەماڵم نەهێنابا، ئەو چـۆن تەلەفوونی بۆ ئەو کارمەندە دەکرد، کە هەتا بەردەرگا رێنوێنی کردین. ئەمن لە زمانی خۆم رازیم و بە هەموو تایفەی ئێـوە نـاوێرن سـواری فڕۆکەی بـن و بەرەو خـاریجی سەفەرێ بکەن. ئەتۆ حـاجی عەبوی خزمەت لەبیرچۆتەوە، کە حاجیەکان چۆن باسیان دەکرد. ئەو لە هەردووک سەران بە پشـتێندێ چاویـان بەستبوون و سوێندیان خواردبـو، کە بە سەر عەرزێدا سەفەر دەکـات. ئەتۆ خزمـی حـاجی عەبوی، چۆن رەخنە لە زمانی مـن دەگری؟ ئەدی رەحمـان سێبەری پورزات نـاناسـی، کە ژن و منـداڵی هەبو، بەڵام لە سێبەری خۆی دەترسا و هەمیشە زەلامێکی لە گەڵ خۆی دەگێڕا.

کەماڵ دەگاتە شـوێنی راگرتنـی ئوتۆمبیلەکەی و سەرەتا دایک و بـاب و دواتـر جانتاکـان دەباتەژوورێ. باڕبـاڕا بەخێرهاتنی دایـک و بـابی کەماڵی دەکـات. مـام کەریم و زارا شەکەت و مانـدوون و سەرەتا پشووییەک دەدەن. ئەوان لە گەڵ چاخواردنەوە گونجاون و باڕباڕا گەڕێک چـا دێنـێ و لە تەنیشت پورە زارا دادەنیشـێ. پورە زارا دیـاری شـیرین و لەیلا بـۆ باڕبـاڕا دەردێنێت وراست دەبێتەوە دوو جارێک بوکەکەی ماچ دەکات. ناوبراو دەڵێت، رۆڵە بە خودای هەموو خەڵکی شـار و بە تایبەت خزمـان سڵاویان هەیە بـۆ تـۆ و زۆر خۆشـحاڵن، کە منـداڵتان دەبێت. باڕبـاڕا هێندێک وشە تێدەگات، بەڵام باسەکانی بە تەواوەتی بۆ وەسەریەک ناکەونەوە. بـۆ ئەوە کەماڵ بە وەرگێڕان مانـدوو نەکات، پەیامەکان بە نییەتی باش وردەگرێ و دەرگایەکی بۆ فێربوونی زمـانی کوردی بـۆ دەکرێتەوە. مـام کەریم وپورە زارا لە رێگـای

تەلەویزیۆنی سەتەلایەتەوە چاو لە بەرنامەی کوردیی مێدیا تی ڤی و کوردستان تی ڤی دەگرن و بەرنامەی گۆرانی و هەواڵەکان بە زاراوەی سۆرانی گوێدەگرن. کەماڵ ئەو سەتەلایەتەی بۆ فێربوونی زمانی باڕباڕا لە سەر باڵگۆنەکە دامەزراندوە. مام کەریم بە کەماڵ دەڵێت، ئەو دەوریە گەورانە هێشتا لە لای ئێمە پیدا نەبوون و ئێمە هەر ئانتێنە کۆنەکانمان هەیە، کە بە بۆڕیەکەوە بەستراوەتەوە. ماوەیەک دەبێت، کە ئەمیر کرماشانی دۆستی کاوەی مام کەریمی بە پەنابەر گەیشتۆتە ستۆکهۆڵم و لە گەڵ کەماڵ پێوەندی گرتوە. ناوبراو داوای لە کەماڵ کردوە، کە ئەگەر دایک و بابی هاتن ئاگاداری کاتەوە و حەزدەکات سەردانیان بکات. کەماڵ لەو پێوەندییەدا وەستا مستەفا، سمایل بۆکانی، حەسەن زەهاوی، بێستون قارەمان و حامید ئاگادار دەکاتەوە، کە دایک و بابی هاتوون و چاوەڕوانی منداڵ دەکەن. بۆ ئاسانترکردنەوەی میوانداریەکەی ئەوان بۆ رۆژی شەممەی داهاتوو داوەت دەکات. وەستا مستەفا تەلەفوون بۆ مام کەریم و پورە زارا دەکات و بەخێرهاتنیان دەداتێ، بۆ دوو رۆژێکی دیکە سەردانیان بکات. حامید، زورار، بێستون قارەمان، ئەمیر کرماشانی، حەسەن زەهاویی و سمایل بۆکانی بۆ رۆژی شەممە لە ماڵی کەماڵ کۆدەبنەوە. باڕباڕا، ئارنۆڵدی باوکی و لایڵای دایکی داوەت کردوون و میوانە کورد و سوئێدییەکان تێکەڵ بە یەکتر بوون. ئارنۆڵد و مام کەریم لە تەنیشت یەکتر دانیشتوون و لایڵا و زارا و باڕباڕا لە هۆدەی خواردنسازکردن لە دەوری یەک کۆبوونەوە. مام کەریم لە رێگای وەرگێڕە میوانەکان باسی وڵات بۆ ئارنۆڵد دەکات. ئەو لە میوەکان دەدوێ و سەوزەواتەکان ناودەبات. ئارنۆڵد لە سەر جۆری ماسییەکان لە مام کەریم پرسیار دەکات. مام کەریم دەڵێ، کاکە ماسی دەخورێ. خوا شاهیدە، قەت ماسیم نەخواردوە و کە چاوم بە چاو و سەری ماسی دەکەوێ یەکسەر هێڵینجم دێنێ. وەرگێڕەکان زۆر شارەزا نین و ناتوانن وشەکانی مام کەریم بە تەواوەتی وەرگێڕنە سەر زمانی سوئێدی. مام کەریم درێژە دەدات و دەڵێت، کاکە ئەوانە پاشای چاکیان هەیە و ئێمەش بە دەستی چەکدار و ریشدار گیرمان خواردوە. ئێمە کەی دەرفەتی ناسینی ماسیی و جۆری ماسییەکانمان هەیە و بە رەبولعالەمین سوێند دەخۆم، کە هەرچی باڵندە و خشۆکە و چوارپێیە لە ئێمەی کورد دەترسێ. کاکە، وڵاتی ئێمە پڕە لە خێو و دێو و مرۆڤ هەتا کاری لابەلا هەبێ، وەدوای کاری چاک ناکەوێ. بێستون قارەمان دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و بە حامید دەڵێت، کاکە هەتا نانەکە ئامادە دەبێت با ئێمەش چیرۆکێک باس بکەین. بێستون قارەمان بۆ راکێشانی سەرنجی ئارنۆڵد بەشێک لە قسەکانی بە سوئێدی دەکات. ئارنۆڵد ماوەیەک بە تەواوەتی گوێ لە بیستون قارەمان دەگرێ، کە لە شەڕەکاندا خەڵک دەکوژێت و دیلەکان گوللەباران دەکات. ئارنۆڵد بەو گێڕانەوانە دەرونی ئاڵۆزدەبێ و

لە کوڕەکان دەپرسێ، ئەمن لە گەڵ مرۆڤکوژ دانیشتوم یان کەسیکی تاوانبار؟ ئەمن نازانم ئەو مێستر بێستونە چۆن بە پەنابەر قبوڵکراوە؟ ئەو کەسانە رەوایە لە دادگای تاوانەکاندا پرسینەوەیان لە گەڵ بکرێ؟ ئارنۆڵد چاویلکەکانی لە چاو دەردێنێ و داوا لە هاوسەرەکەی دەکات، کە خۆی ئامادە بکات و دەڕۆنەوە. هاوسەرەکەی لە گەڵ باڕباڕا لە وتەی باوکی نیگەرانن و سەرەتا هەستدەکەن، کە رەنگە ئارنۆڵد ناساز بێت. کەماڵ و باڕباڕا کە پرسیار دەکەن، تێدەگەن کە ئارنۆڵد لە قسەکانی بێستون قارەمان تورەیە و رادەگەیەنێ، کە ئامادە نییە لە گەڵ مرۆڤکوژێک لە سەر سفرەیەک نان بخوات. کەماڵ و باڕباڕا بارودۆخەکە بۆ ئارنۆڵد شیدەکەنەوە و رادەگەیەنن، کە بێستون کوڕی باشە و قەت لە شەڕدا بەشداری نەکردوە و تەنیا بۆ شادی دۆستان ئەو چیرۆکانە دەگێڕێتەوە. ئارنۆڵد بە بیستنی ئەو وتانە ئارام دەبێتەوە و لە شوێنەکەی دادەنیشێ و داوای لێبوردن لە میوانەکان دەکات، کە هەڵە تێگەیشتنێک لەو کۆڕەدا سەریهەڵدا. حامید بە سوئێدیەکی شکاو زۆر باسی چاکە و پیاوەتی بێستون دەکات، کە چەند ساڵە لە ئارڤیکا پێکەوە دەژین و یەک مێرولەی ئازارنەداوە. ئارنۆڵد بۆ گۆڕینی باسەکە لە مام کەریم دەپرسێت، کە ئایا کورد سەردەکەوێ؟ مام کەریم، بە کورتی وڵامدەداتەوە، کە جەناب، کورد سەرناکەوێ، چوونکە لە گەڵ یەکتردا پاک و راستگۆ نین. کورد، کارەکان بە نیوەچڵی دەکات و لە ریگادا لە یەکتر جیادەبنەوە. ئەوان لە یەکتر ئازان و شەڕی کورد بە کورد بەناوبانگە، بەڵام لە گەڵ تورک، فارس و عەڕەبان ئازا و چالاک نین. ئارنۆڵد لە مام کەریم دەپرسێ، کە تۆ چۆن وەک کوردیک خۆت دەناسێنی و چەند گرێدراوی دینیت؟ مام کەریم لە پرسیارەکە رادەمێنێ و دەڵێت، براکەم ئەمن خودا بە کوردی سازکردووم و هەر بە موسڵمانیش لە دایکبووم. ئارنۆڵد لە مام کەریم پرسیاردەکات، کە ئەو نوێژانەی کە رۆژانە ئەنجامیان دەدات، چەندە و چۆن لە وشەکان دەگات. مام کەریم باوەڕی بەو پرسیارە نییە و رادەگەینێ، کە ئیسلامەتی بە نوێژ و رۆژ جوانە و دین بۆ کاری باشە هیدایەتت دەکات و لە خەراپە دوورت دەخاتەوە. بۆ نموونە، ئەمن وەک موسڵمانێک ناتوانم شەرابی بخۆمەوە و گۆشتی بەرزای بخۆم و هەروەها ماڵی سەغیران بخۆم. کەماڵ و باڕباڕا هەستدەکەن، کە باسەکان گەرمن و سنووری کولتور و دین دەبڕن و لە بازنەی شەڕەکانی بێستون قارەمان چوونەدەر. زورار و ئەمیر لە کاروبارەکاندا یارمەتی کەماڵ دەدەن و بە ستایلی کۆن سفرەیەکی درێژ لە ژووری دانیشتندا رادەخەن و خواردنەکان دادەنێن. یەکێک لە خواردنەکان ماسی سوورکراوەیە، کە مام کەریم زۆر حەز لە خواردنی دەکات و دەڵێ، بابم ماسی دەبێ ئاوا سوور و جوان بن و پیاو کە چاوی بە ماسییە کوێری وەڵاتی خۆی دەکەوێ، هەر خواردنیشی لە بەرچاو دەکەوێ! نانێکی تێر و تەسەل دەخۆن و زۆر

بیرەوەری کۆن و تازە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.

زارا و لایلا لە زمانی یەکتر زۆر تێناگەن و کەماڵیش هەموو وشە و رستەیەکیان بۆ وەرناگێڕێتە سەر زمانی یەکتر، بۆیە ئەوان قڕەیان کەمترە. لایلا لە پەنا نانخواردن داوا لە زارا دەکات، کە پێکەوە سەردانێکی نێو شار بکەن و ئەگەر حەزی لە مەلەیە پێکەوە دەچن. پورە زارا بە راشکاوی دەڵێت، کە حەزی لە ئاو و مەلەکردن نییە و لە بستێک ئاودا دەخنکێ، بەڵام بتستوومە کە شێلان خۆشە. زورار بە گاڵتە داوا لە پورە زارا دەکات، کە ئەوانەی کاری شێلان و ماساژ دەکەن لە رۆنی بەراز کەڵکوەردەگرن و ئاگاداربێ. پورە زارا بە بیستنی رۆنە بەراز لەو داخوازیەش پەشیمان دەبێتەوە و کۆتایی بە قسەکردن دێنێ. ناوبراو دڵخۆشە، کە سەفەری سوئێدی کردوە و جاروبار دەڵێت، بە سەری شێخەمینی ئەو سەفەرە بە حەجێکی تەواو دەنووسرێ. ئەوەتا ئەمن و کەریم هەتا ئێوارە لە تەنیشت بوکە باڵباڵای ناوی خوا و پێغەمبەر دێنین و ئینشاڵڵا خوا بە خێری دەنووسێ. رەنگە ئەو بوکەمان دڵی بجوڵێ و لە سەر دینی خۆی وەرگەڕێ و شایەتیەکی بە حەق بێنێ.

میوانەکان دەڕۆن و وەستا مستەفا و ئەمیر کرماشانی بۆ ئێوارە دەمێننەوە. ئەمیر چەند جارێک رووداوی تێکهەڵچوونی دەوربەری ئاوایی ماوەڵۆیە دەگێڕێتەوە. ئەو بیرەوەرییەکانی خۆی لە گەڵ کاوە دەگێڕێتەوە و پەشیمانە لەو شەڕانەی، کە کوردەکان بە ناوی جیاواز لە دژی یەکتر کردوویانە. ئەمیر لەو رۆژانە پەشیمانە کە بە ناوی خەباتی کرێکاران و هەروەها مافی رەوای کورد پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان یەکتریان تەنگەتاو کردبو. ئەمیر ئاشکرای دەکات، کە کاوە لە مانگەکانی کۆتایی تەمەنی بە تەواوەتی گۆڕابو. ئەو بە کردەوە ماڵئاوایی لە هێڵە توند و بە ناو شۆڕشگێڕیەکی کۆمەڵە کردبو. بە وتە و کردەوە داوای کۆتایی هاتنی سنووربەندی حیزبە کوردییەکانی دەکرد. کاوە لە شاخ زۆر خەمی باب و دایک دەخوارد. ناوبراو رزگاربوونی باوکی لە بەندیخانەی بەعس و دیتنەوەی روخساری مام کەریمی بە ئاواتی گەورە پێناسەدەکرد. ئەمیرچەند وێنەیەکی یادگاری لە گەڵ کاوەی بۆ مام کەریم و زارا هێناوە، کە لە گوند و ناوچەی جیاوازی کوردستان پێکەوە گرتوویانن. مام کەریم و پورە زارا بە دیتنی وێنەکان و هەروەها وەرگرتنەوەی پشتێندێکی کوڕەکەیان کە ئەمیر پاراستویەتی، زۆر شاد دەبن و فرمێسکی خەم و شادی دەڕێژن. پورە زارا چەند وێنەیەکی لە قەبرەکەی کاوە هەڵگرتوە، کە بە گوڵ و ریحانە رازاوەتەوە. ئەمیر بەو رستەیە کۆتایی بە قسەکانی دێنێ، کە سەرکردەکانمان بە ناوی جیاواز

و رزگـــارکردنی ئـەم و ئـەو ئێمـەی هـەژار و دڵپاکیـــان بـەگژ یـەکتردا کـــرد. ئـەوان ئـەمڕۆش هـەر ســوارن و ئاوڕێــک لـە رابــردوو نادەنـەوە. کــورد داری نـەزانی دەخــوات و ئێمـە و سیاسـەتیان نـەگوتوە. ئاغاکـــانی دوێنـــێ بـە نـــاوی شۆڕشـــگێڕەکانی ئـەمڕۆ کـــوڕە هـەژارەکانی دوێنـــێ و ئـەمڕۆیان بـــۆ مـەرامی خۆیـــان بـەکارهێنا.

مـــام کـەریم لـە گـەڵ وەســتا مســتەفا دەکـەوێتە قسـەکردن و پرســیاری لێـدەکات، کـە بـــۆچی ژنـەکـەی بـــۆ سوئێد نـەهێنا و جیابوونـەوە. وەستا مستەفا لـەو پێوەندییەدا ئاماژەدەکـات، کـە کارەکـە لـە سـەرەتاوە بـە خـوار و خێچـی دەسـتی پێکـرد. ئـەمن لـە گـەڵ کـەماڵ زۆر لـەو بـارەوە قسـەم کـرد و ئـەویش خواهـەڵناگرێ داوای لێکـردم، کـە سـەبر بگـرم و ژنێکـی گـەڕاوە و هـاوتـەمـەنی خـۆم بێنـم. کاکـە مـاڵی ئێمـە و خۆشـم کـە وێنـەی ئـەو کچـەمان دیـت، زۆر جـوان و جـور هـاتە بـەرچاومان. زۆر کـەس بـە کچێکـی خـاوەن بـەڵێن و هـەروەها راسـتگۆ پێناسـەیان دەکـرد، کـە سـەری خـۆتی پێبسـپێرە. ئـەمن لـە دوورە وڵاتـم و نـاکرێ هـەموو رۆژێ کـەسێک بکـرێ بگـرم و ئاگـاداری دەزگیرانـەکـەم بکـات. چـەنـد کـەسیک تـەلـەفونیان دەکـرد، کـە ئـەوە دەزگیرانـەکـەت هـەموو رۆژێ سـەردانی دوکانی قوماشی دەکات. کـەسیکی خزمم لـە شـایی جیرانێکـی مـاڵ خـەزوورم لـە هـەڵسـوکـەوتی دەزگیرانـەکـەم نـــاڕازی دەبێـت، کـە لـە دەســتی پیـــاوی بێگـانـە هـەڵدەپـەڕێ. خوشـــکـەکـەم دەزگیرانـەکـەم ئاگـادارەکاتـەوە، کـە هـاوسـەرەکـەت لێـــرە نییـە و گونجـــاو نییـە لـە دەســتی پیاوان هـەڵپـەڕی، بـەڵام نـاوبراو بـە خوشکمی گوتبـو، کـە ئـەمن مێـردم بـە تـۆ نـەکردوە و مستـەفا پیـاوێکی دێمـــوکڕات و کراوەیـە. دایکـــم دەیگـــوت، کـە دەزگیرانـەکـەم زێڕەکـــانی مـــاوە بـە مـــاوە دەگـــۆڕێت و لـە سـەردەشـت زۆربـەی زێڕینگـەرەکان دەنـاسـێ. ئـەمن چـاوەڕوانیم لـە دەزگیرانـەکـەم زۆر بـوون و لـە ئانکـارا پێکـەوە لـەو پێوەندییەدا وەعـــد و بـەڵێنمان لـە یـەکتر وەرگـــرت. لـە داخـــی ئـەو تـەلـەفوون و شـــکایـەت و قسـەڵۆکانـە کۆتـاییم بـە کارەکـە هێنـاو و لـە یـەکتر جیابووینـەوە و زەرەرێکـی چـاکم کـرد. لـە بـەر ئـەوەی خـزم بـوون، بـە دڵیکـی پـاک جیابوومـەوە و حـەقە مارەییەکـەم بـۆ رەوانـەکردەوە. مـام کـەریم، پیـاو ژن بـۆ ژیـان دێنـــێ و نـــاکرێ بـە هـەزاران کیلۆمیـتر پیـاو شـە و ڕۆژە گیـرۆدەی دەزگیرانـەکـەی بێـت، کـە چـۆن قۆماشی دەکڕێت و لـە کام شایی هـەڵدەپـەڕێ. بـە سـەری ئێوە، ژیـان زۆر زەحمـەتـە و ئێمـە لێـرە لـەو ژیانـە ناخۆشـەداین و ناکرێ هاوژینـەکانمان بـەڵێنـەکانیان بشکێنن. پورە زارا رێنوێنی وەستا مستـەفا دەکات و داوادەکات، کـە لـە ژنهێنانـدا مرۆڤ دەبـێ دڵی گـەورە و سـەبری زۆربێت. کاکـە بـە قسـەی خـەڵک و خزمـانت نـەکردبایـە و لـە ژنهێنانـــدا خـــوای گـەورە پشـــتیوانـە. باربـــاڕا شـەکـەت و مانـــدوو شـەو بـــاش لـە خـەســوو و

خەزوور و میوانەکان دەکات. کوردەکان تازە بازاڕی قسە و چیرۆکەکان گەرمدەکەن. پورە زارا بۆ سازکردنی بابەتێکی تازە دەپرسێت، کە بابی باڵبالا لە سەرچی تورە بو؟ کەماڵ چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و ئاماژەدەکات، کە لەو وڵاتەدا ناکرێ بە شێوازی خۆمان شەڕە دار و عەشیرەت سازکەیی و هەرەشە لە خەڵک بکەی. ئەو گێڕانەوانەی بێستون بۆ کوردان خۆشە، بەڵام پیرە پیاو و ژنەکانی سوئێد و وڵاتانی رۆژئاوایی بە چاوێکی دیکە لە رووداوەکان دەڕوانن. ئەوان بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ مەسەلەکان دەکەن و لە سەر کوردەکان هەڵوێستیان باشە، بەڵام ناکرێ ئێمەش راست و چەپ لێڕاکێشێن و روخساریکی مرۆڤکوژ لە خۆمان پێشانی سوئێدییەکان بدەین. ئەگەر بە نەرێنی لەسەر خۆمان قسەبکەین، رۆژئاواییەکان لاگیری فارس، تورک و عەڕەبەکان دەکەن و ئێمە بە خەڵکێکی دواکەوتوو و دوور لە شارستانییەت دەناسێنن. وەستا مستەفا داوەتی مام کەریم و پورە زارا دەکات، کە لە دەرفەتێکدا میوان بن. ئەو پێشنیاریان پێدەکات، کە ئەگەر کەماڵ لە بەر دۆخی هاوسەرەکەی نەتوانێ لە گەڵتان بێت، بە ئوتۆمبیلی خۆم دێم و هەڵتاندەگرم. مام کەریم و پورە زارا سپاسی وەستا مستەفا دەکەن و بەڵێن دەدەن، کە ئەگەر نەوەکەیان چاوی بە دونیا هەڵێنا، رۆژێک بە سەردان دێن و شەو میوان دەبن. ئەمیر کرماشانی داوایان لێدەکات، کە لەو ماوەیەدا میوانی بن و ئەگەر حەزدەکەن، لە بازاڕ و لە خواردنگەی رۆژهەلاتی بە کەباب میوانیان دەکات. ناوبراو زۆر بە خواردنەکانی خۆی هەڵدەڵێت، کە تام و چێژی خۆشیان هەیە، بەڵام پورە زارا بە راشکاوەی رادەگەیەنێ، کە خواردنی دەستی پیاوان خۆش نییە.

رۆژانی سەرەتای ستۆکهۆڵم بۆ مام کەریم و پورە زارا زۆر بە هێواشی تێدەپەڕن. باڕباڕا ئەو ماوەیە بەردەوام بە پێنووسەکەی خەریکی نووسینی وشەی کوردییە و بە کۆرسی زمانی ناوی دەبات. رۆژانی چاوەڕوانی منداڵ لە کۆتایی نیزیک دەبنەوە. کەماڵ ئەو ماوەیە پشووی وەرگرتوە و کاتەکان لە ماڵەوە بەسەر دەبات. ئەگەر رۆژەکان هەتاوی بن لە گەڵ دایک و بابی بەرەو سەنتەری شار دەچن و دوای گەڕان و پیاسەیەک دەگەڕینەوە ماڵ. پورە زارا و لایلای دایکی باڕباڕا لە سەر چۆنیەتی بەخێوکردنی منداڵ جیاواز بیردەکەنەوە. زارا داوا لە باڕاباڕ و کەماڵ دەکات، ئەگەر مامانێکی خۆماڵی گیردەکەوێ با منداڵەکە لە ماڵێ ببێت و خوا دەزانێت، لە نەخۆشخانەی منداڵان کۆرپە چ چارەنووسیکی دەبێت. بە خودای لەبیرمە ساڵێک منداڵێکیان بۆ چاککردنەوە بردە نەخۆشخانەی تەورێزێ و دوای سێ ڕۆژان منداڵەکە دزراو و کەس نەیزانی منداڵەکە چی بەسەر هات. لێرەش خوانەناس و چاوپیس و هەروەها

چـــاوچنۆک زۆرن و رەنگە ئەو خەڵکە رق و کینەیان لە موســـڵمان و کوردەکـــان هەبێ و منداڵەکانیان لێبگۆڕن. کەماڵ دایکی ئارام دەکاتەوە و داوای لێدەکات، کە چاوکراوە بێت، چوونکە ئێران و سوئێد دوو وڵاتـی جیـاوازن و لێـرە قـانوون قسەی ئەوەڵ و ئـاخیر دەکـات. پاشـان ئەمن لە گەڵ بارپـارا لە ژووری منداڵبوون دەبـم و ئاگـاداری تەواوی رووداوەکـانم. لـە گەڵ وڵاتـی خۆمـان فەرقی هەیە و ئەمن لـە بیرمە، کە لە گەڕەکی خۆمـان ژنێـک منـداڵی دەبـو، چەنـد ژنێـک و مامانێـک لە دەوری کۆدەبوونەوە و هیـچ خزمەتگوزارییەک نەبو. پیـاو ئاگـاداری منـداڵبوون نەبو و کارەکە بە تەواوەتی بە ژنەکان دەسـپێردرا. پـورە زارا سەردەمی منـداڵبوونی خـۆی دێتەوەبیر، کە تەنیا مامـان و خوشـکەکەی لە دەوری دەهـاتن و دەچـوون و مێردەکەشـی لە ژوورەکەی دیکە سـینگی بە سەماوەریەوە دەنـا. ئێمە ژنـانی ئەو سەردەمە فەقیر و زوڵملێکراو بووین و تەنیا خوامان هەبو. رۆڵە، راستە لێرە ژیان ئاسـانە و یارمەتی هەموو کەس دەکـرێ، بەڵام بە سەری هەموو شـێخ و موشـایەخی دونیایە، ژیـان لە وڵاتـی خـۆت خۆشـترە. ئێـرە وەک بەندیخانەیە و منداڵ و گەورە لێرە دەست و لاقیـان بەستراوە و ژیـانی تـامی نییە. رۆڵە میوەی ئێرە و کوردسـتان چەنـدە جیـاوازە، ژیـانی ئێمە و سـوئێدیەکانیش ئەوەنـدە فەرقی هەیە. کەماڵ ئەو ماوەیە پێوەندی تەلەفوونی زیاتری لە گەڵ خزمان هەیە و داواکاری جیاوازی بۆ رەوانە دەکرێ. پورزایەکی داوا دەکات، کە بۆ کڕینی ئوتۆمبیل حەوت ملوێن تمەنی بۆ رەوانە بکـات. بنە ئامۆزایەکی بەنیازی ژنهێنانە و بە کەماڵ دەڵێت، کە لە سەر حیسابی تۆ ئەو کارە دەکەم و هیچ دەرگایەکی دیکە شکنابەم و بـابم بە قڕان یارمەتیم ناکات. کوڕە خاڵێکی داوا لە کەماڵ دەکات، کە دوکانێکی گونجاو لە خوار سینەمای شار دەفرۆشـــرێ و پـــارەی بـــۆ رەوانە بکـــات، کە ئەو دوکانە لە دەســـت نەچێ. کەماڵ لە ئاکـــامی ئەو داواکارییانە سەرگێژەی دەگـاتێ و نـازانێ چـۆن دڵـی ئەو خزمانە رازی بکـات. یەکێک لە دۆسـتەکانی داوای لێـدەکات، کە بەنیازە بێتە تورکییە و داوای پەنابەری بکـات و پێویسـتی بە پێنـج هەزار دۆڵاری ئەمریکی هەیە. بارپارا بەو تەلەفوون و داواکارییانە تای جەستەی دەچێتەسەر و داوادەکات، کە ژمـارە تەلەفوونەکان بگـۆڕن و ئەو کێشـانە بە رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش چارەسەر نـابن. پـورە زارا داوادەکـات، کە جـار و بـار یارمەتی شـیرین و لەیلا بکەن و کاریـان بە خەڵکی دیکە نەبێ. ئەو خەڵکە خەریکی زەوی کڕیـن و خانووهەڵچنینن و ئەگەر لەو شـارە لە برسـان بمریـت، کەس ئامـادە نییە نـان و ئاویکت بداتێ. زەمانە گۆڕاوە و بازاری قاچاخی مەشرووب و ماددە سڕکەرەکان ژیانی خەڵکی شێواندوە. لەو ماوەیەدا ژنێکـی ناسـیاوی پـورە زارا لە سەردەشـت کـۆچی دوایـی کـردوە و پـورە زارا بە تەلەفوون سەرەخۆشیان لێدەکات. ناوبراو لە گەڵ دوو ژنی خزمـی ئەو کـۆچکردوە قسە دەکـات و یەکێک لەوان داوا

لە زارا دەکـات، کە گەڕایەوە دەرمـانی ددان و پێسـت سـپیکردنەوە بـۆ کچەکانی بێنێتەوە و پارەکەی دەداتەوە.

بارباڕا لە جەرگەی ئەو ژانەسەرە سازکراوانەدا داوادەکـات بەرەو نەخۆشـخانە بـڕۆن. کەماڵ دایـک و بـابی لە ماڵەوە جێدێڵێ و لە گەڵ بارباڕا بـۆ نەخۆشـخانەی منـداڵبوون دەچـن. یەکێک لە مامانەکان چاوێـک لە بارباڕا دەکـات و هانیـدەدات بگەڕێتەوە مـاڵ و ئەگەر ژانەکان خەسـتتر و بەردەوام هـاتن دووبـارە سەردانی نەخۆشـخانە بکاتەوە. بارباڕا لە منـداڵبوون ترسـی یەکجار زۆری هەیە و گـوێ لە مامان و دوکتۆرەکان ناگرێت. ناوبراو بڕیاری داوە هەتا منداڵەکەی نەبێت، نەگەڕێتەوە ماڵ و بۆیە داوا دەکـــات لە ژوورێکـــی نەخۆشـــخانە لە گەڵ مێردەکەی چـــاوەڕوان بکەن. ئەوان هەتا بەیانی لە نەخۆشخانەن، بەڵام بڕۆسەی لە دایکبوونی منداڵ هێشتا وەگەڕنەکەوتوە. دوکتۆری بەشی نەخۆشخانەی منـداڵان بە شـێوازێکی خێـرا چاوێـک لە بارباڕا دەکـات، بەڵام بە چـاوی دوکتۆرەکە هێشـتا دۆخەکە ئاسـاییە. ئێـوارە ژانەکان دەسـتپێدەکەن و سەرئەنجام کـاتژمێری یەکی شەو کۆرپەکە لە دایـک دەبـێ. ئارنۆڵـد و لایلا ئەو شەوە لە بەشـی چـاوەڕوانی نەخۆشـخانە کاتژمێرەکـان تێپەڕدەکەن و کاتیـک دەبیسـتن، کە بوونە نەنک و بـاپیر لە شـوێنی خۆیـان بەرزدەبنەوە. ئەوان هەتا دوو کـاتژمێری دیکە چاوەڕوان دەکەن و کاتێک بارباڕا و کۆرپەکە دەگوازنەوە ژووری تایبەت، ئەوانیش سەردانی کچەکەیان و نەوەکەیان دەکەن. چەنـد وێنەیە لە گەڵ کەماڵ، بارباڕا و کۆرپەکە دەگـرن و ماوەیەک لە تەنیشـت تەختی بارباڕا دادەنیشن. کۆرپەکە کوڕە و ئارنۆڵد بەو نەوەیە شادە و چەند جارێک بە قۆنداغکراوی لە ئـامێزی دەکـات. کەماڵ چەنـد وێنەیەک لە کۆرپەکە هەڵـدرگرێ و چەنـد کاتژمێرێـک دواتـر دەگەڕێتەوە ماڵێ. پورە زارا و مام کەریم ئەو ماوەیە لە ماڵەوە بەردەوام خەریکی شەڕ یـان نـوێژکردن بـوون. ئەوان لە سەر زۆر بابەتی چـووک کێشە سـاز دەکەن و یەکتر تۆمەتباردەکەن. کەماڵ مـوژدەی لە دایکبـوونی کورپەکەیان دەداتێ و ئاشکرای دەکات، کە خوا کوڕێکی پێداون. مام کەریم و زارای هاوسەری زۆر شادن، چوونکە نەوەکانی دیکەیان لە کچەکان بـــوون و بە تێگەیشـــتنی مـــام کەریم منـــداڵی کوڕەکـــان خۆشەویسـترن. کەماڵ داوا لە دایـک و بـابی دەکـات، کە نیـوەڕۆ خۆیـان ئامـادە بکەن و پێکەوە دەچیـن نەخۆشـــخانە. کەماڵ تەلەفوون بـــۆ شـــیرین و لەیلا دەکـــات و هەواڵی لە دایکبـــوونی کۆرپەکەیان پێڕادەگەیەنێ و ئەوان ماوەیەک لە گەڵ دایـک و بابیـان قسەدەکەن. نیوەڕۆیە کەماڵ دایـک و بـابی دەباتە نەخۆشخانە و گۆڵێکی گەورە بۆ باربارا دەبەن. زارای دایکی لە دوورەوە بـانگی بارباڕا دەکـات

و دەڵێ، بوکە باڵباڵا یاخوا پیرۆزە و ئینشاڵڵا برا و خوشکی دیکەی بەدوادادێن. مام کەریم و پورە زارا کۆرپەکە لە ئامێز دەگرن و وێنەی لە گەڵ دەگرن. دایک و بابی باڕباڕا بەسەردا دێن و گوڵ و کارتی پیرۆزبایی بۆ کچەکەیان دێنن. ئەوان ماوەیەکی زۆر لە گەڵ یەکتر بەسەردەبن و خەو و گریانەکانی کۆرپەی ساوا سەرنجی هەموو لایەک بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

سێ ڕۆژ تێپەڕ دەبن و باڕباڕا و کۆرپەکەی دەگەڕێنەوە ماڵ. ئەو چەند ڕۆژە، کە بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵی کەماڵ و باڕباڕادا کێشاوە و مام کەریم و هاوسەرەکەی گوێیان لە شەڕ و جنێودانی کوردەکانە. ئەوانە جاروبار ٢ کاتژمێر خۆیان بێدەنگ دەکەن و چاوەڕوانن لە هاتوهاواری ژن و پیاوە کوردەکە بگەن، کە شەوان پۆلیس بانگ دەکەن. مام کەریم بە گوێرەی کولتوری کوردەواری تامەزرۆی چوونەدەر و نێوبژیوانییە، بەڵام کەماڵ ئاگاداری کردۆتەوە، کە لەو وڵاتە ئەو کارانە قبوڵکراو نین. کە باڕباڕا و کەماڵ گەڕانەوە، پورە زارا لە سەر ئەو شەڕ و هەرایەی جیرانەکەیان پرسیار دەکات. کەماڵ بە گاڵتە بە دایکی دەڵێت، کە ئەوانیش رەنگە گوێیان لە دەنگی شەڕ و هەرای تۆ و بابم ببێت. مام کەریم جەمەدانە و کوڵاوەکەی لە سەر ئەژنۆی داناوە و بە قامکەکانی دەستی سەری دەخورێنێ. ئەویش بۆ دڵنیابوون لە هەرای جیرانەکە ئاماژەدەکات، کە ئەو ڕۆژانە لە بەر شەڕی ئەو جیرانە ئەمن و زارا شەڕەکانمان کۆتایی هێناوە. کەماڵ دەڵێت، بابە ئەو جیرانە ماڵی باشن و ساڵانە جاروبار لە سەر زێڕ و سەفەر کێشەیان بۆ سازدەبێ. ئەوانە خەڵکی ناوچەی دەهۆکن و ساڵانێکی زۆرە لە سوئێد دەژین. کەسابەت و کاری چاکیان هەیە، بەڵام کە سەفەری کوردستان دەکەن لە بەر زێڕکڕین و هەروەها کۆبوونەوەی خزمان ئاور لە خەرمانی ئاشتی ماڵیان بەردەبێ. ژنەکە تامەزرۆی زێڕکڕینە و لە چەند جێژنان لە گەڵ باڕباڕا دیتوومانە، کە سەرتاپا خۆی بە زێڕ نەخشاندوە. مێردەکەی سەر بە پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقە و لە کۆبوونەوەی کوردەکانی هەر چوارپارچەدا بەشداری دەکات. زۆر جار بە گوێمدا دەچرپێنێ و پەشیمانی خۆی لە هێنانی ژنی کورد دەردەبڕێ. ڕۆژێک دەیگوت، کەماڵ ئەگەر تۆ لە گەڵ هاوسەرەکەت شەڕیش کەی زمانی سوئێدی بەکاردێنیت و وشەی زیاتر فێردەبی، بەڵام ئەمن ساڵ بە ساڵ زمانی سوئێدیەکەم وێرانتر دەبێ. کاکە ئەو ژنە بە مانگ نامدوینێ و هەتا بەڵێنی کڕینی زێڕی زۆرم لێوەرنەگرێ، ئارام نابێتەوە. ئەگەر هاوسەرەکەم خزم نەبایە، زۆر لە مێژە جیادەبوومەوە و سەرقاڵی ژیانی خۆم دەبووم. بابە، ژیان لێرە کێشەی زۆرە و هەر کەسەو بە دەردێک گرفتارە. پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی قورسە و پێویستی بە کار و خۆماندووکردنە. ئەمن لە بیرمە

کە منداڵەکانی ئێمە هەموو لە لانکەیەکـــدا گەورە کـــراون و کە گەورە دەبـــوون لە حەوشەی مـــاڵ و کۆڵانەکانی دەوروبەردا ئازاد بوون. لە گەڕەکی خۆمان تۆپێکی لاستیکمان هەبو و هیـچ بابێک ئاگـاداری منداڵەکەی نەدەکرد. لێـرە دەبێـت چیرۆکـی شەویان بـۆ بخوێنیەوە و دایـک یـان بـاب منداڵەکانیان بـۆ یاریکردن بەرن و هەتا کۆتایی ئامادەبن. جێژنی لە دایکبوونی بۆ بگریت. ئەمن لە ماڵی خۆمـان وەبیـرم نایەت، کە جێژنی لە دایکبوونمان بۆ کەس گرتبێ. ئەوکات سوننەت و عـادەتی جێژنگرتـن دانەکەوتبو. لێـرە دەوڵەت و شـارەوانەییەکانیش بـۆ منداڵەکان باشـن و پـارک و باغچەی منـداڵان و شـاری یـاری دادەنێـن. لە تەلەویزیۆن و رادیـۆ بـاس لە پەرەوەردەی منـداڵ دەکرێـت و زۆر نووسـین لەو پێوەندییەدا گیردەکەوێ. لە کوردستان و ئێـران خەڵکی بە دوای نـان و ئـاودا رادەکەن و منداڵەکانیش زۆرن. ئێمە لە چـاو خەڵکی ژمارەمـان زۆر نەبو، بەڵام زۆربەی ماڵەکانی ئەوکات ژمارەیـان لە دەوروبەری هەشـت بـۆ یـازدە کەسدا بـوون. کەس کـاری بە تەندروستی منـداڵ و سەلامەتی ددانەکانیان نەبو. ددان هەتا ژانـی نەکردبایە و کلۆر نەبووبایە، سەردانی دوکتـۆری ددان نەدەکرا. نەخۆشەکان دەرمـان و دەرزی یەکتریان بەکار دێنا و خزمەتگوزاری دەوڵەت و شارەوانییەکان زۆر کەم بـوون. ئەو شەڕانەش ماڵوێرانیەکی زۆری بـۆ خەڵکی وڵات داتاشـی. ئێمە زەبـری گەورەمان خـوارد و تـۆ دە سـاڵێک لە عێـراق بەدیلی مایەوە و کوڕێکمان لە سەر چەقەنەی سیاسی دۆڕاند.

پورە زارا و مام کەریم دڵخۆشن بە نەوەکەیان و وردە وردە یادی وڵات دەکەن. ئەوان سەردانێکی کـورتی وەستا مستەفا دەکەن و رۆژێک لە گەڵ ئەمیر کرماشانی دادەنیشـن. بـۆ دیتنـی حامیـد، زورار و هەروەها بێسـتۆن سەردانی ئارڤیکـا دەکەن و دوو شەوێک دەمێننەوە. زوراریـش لە گەڵ ژنە سـوئێدییەکە مـاوە، بەڵام منـداڵیان نییە. زورار لە گەڵ خەلیل پێوەندییەکانی تـازە کردۆتەوە و چیرۆکـی خۆشـێتکردنەکەی بـۆ گێڕاوەتەوە. نـاوبراو ماوەیەکی زۆر لە دانمـارک بـۆ هێنـانی دۆسـتە کۆنەکەی خـۆی شـێت دەکـات و سەری کارمەند و دوکتۆرەکان تێکدەدات. بە وتەی زورار ئەو داستانە دوو ساڵ دەخایەنێت. خەلیل دایک و بـابی باسـاکی بـۆ رازی نـابن و سەرئەنجام باسـاک لە خەفەتی دایکـی مێـرد بە پیـاوێکی بەتەمەن و پوڵدار دەکات. خەلیل بە بیستنی ئەو هەواڵە ماوەیەکی زۆر خەم و خەفت دایـدەگرێت، بەڵام رۆژێـک لە کـــاتی چوونە بـــازاڕدا کوێرێـــک دەبینێـــت، کە بە یارمەتی سەگێک لە شەقامەکاندا دەگەڕێ. خەلیل ماوەیەک سەرقاڵی چـــــــاولێکردن لە سەگ و خاوەنە کوێرەکەی دەبێـــــــت، کە بە سەر شەقامەکاندا دەپەڕنەوە و پێویســـتیان بە مرۆڤـــی دەســـتکێش و رێنوێنیکەر نییە. ئەو رووداوە خەلیل لە زیندەخەون

رادەپەڕێنێ و بڕیاردەدات، کە ژیانی ئاسایی دەستپێبکات و لەو جیهانە ماڵئاوایی بکات، کە لە سەر بناخەی شانۆ و درۆ رۆنراوە. ئەو دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی و خویندنی زمان وەک هەنگاوی یەکەمی جێگیربوون دەستپێدەکات. کارمەندانی سۆسیال و لەشساغی لەو پێوەندییەدا یارمەتی زۆری خەلیل دەکەن و ئەوان نازانن، کە خەلیل مرۆڤی ساغ و سڵامەت بووە و تەنیا بۆ باساک ئەو هەموو چیرۆک و شانۆیانەی هۆنیوەتەوە. خەلیل لە گەڵ کچێکی کورد ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ئێستا لە گەڵ ماڵی خەزووری لە شاری کۆپێنهاگ سەرقاڵی کاری فرۆشتنی کەلوپەلی رۆژهەڵاتییە.

زارا و مام کەریم چاوەڕوانی ناولینانی نەوەکەیان دەکەن وپاش چەند رۆژێکی دیکە کۆتایی بە سەفەری بەهەشتی پەنابەران دێنن. پورە زارا داوا دەکات، کە بە ناوی کاوەی بکەنەوە. باڕباڕا لە سەر ناونان لە منداڵەکەیان بیر لە زۆر شتدەکاتەوە و پرسیار دەکات، کە کاوە مانای چییە. کەماڵ چیرۆکی کاوەی ئاسنگەری بۆ باس دەکات، کە وەک رەمزی راپەڕین دژی زۆرداری ناسراوە. لە پێناوی رازیکردنی دڵی هەموو لایەک ناوی کاوە و کنوت بە کۆرپەکەیان دەبەخشن. کنوت لە وڵاتانی باکوری ئورووپادا بەکاردێت و بە مانای ئازا، هەڵسوریی و شانازی دێت. پورە زارا شاد و دڵخۆشە و نێوچاوانی بوکەکەی ماچ دەکات و دەڵێ" بوکە باڵباڵا ئەوڕۆ زۆر شادم و هەستدەکەم تازە کاوەی کوڕم لە دایکبوە. ئەمڕۆ ئەگەر بمرم خەمم نییە، چوونکە بە ئاوات گەیشتم و خوا نەوەیەکی بە ناوی کاوە بە ئێمە بەخشیوە. ئێمە هەموو رۆژێ لە سەر بەرماڵێ بۆ ئێوە دوعادەکەین و ئینشاڵڵا رۆڵەگیان ئەسپاردەی خوا دەبن". چەند وینەیەکی جوان بۆ یادگاری دەگرن و مام کەریم و پورە زارا بە فڕۆکە بەرەو تاران دەگەڕێنەوە. سام و ترسی فڕۆکە دڵ و مێشکی داگیرکردوون، بەڵام لە گەڵ ناچاری هیچ ناکرێ. ئەوان دوای دوو رۆژان دەگەنەوە سەردەشت و لە گەڵ کچ و زاواکانیان و هەروەها جیران و خزمەکانیان دیدار تازە دەکەنەوە. پورە زارا و مام کەریم بە شێوازی حاجییەکان سەفەر و دیداری خۆیان بۆ میوانەکان دەگێڕنەوە و رووداو و دیتنەکانیان بۆ خەڵک دەگێڕنەوە. ئەوان هەر کامەیان ئاڵبۆمێکیان لە تەنیشت خۆیان داناوە و کە چیرۆکەکان دەگێڕنەوە وێنەکان بە میوانەکان نیشان دەدەن و تام و چێژێکی تایبەت بە گێڕانەوەکان دەبەخشن.

خەباتی کوردان بەردەوامە و رەوتی هاتنی کۆچبەران درێژەی هەیە. ژمارەی ساڵەکان سنووری سەدەی بیستەمی تێپەڕاندوە و لە سەرەتای سەدەیەکی تازەدا گوۆڤەند دەگێڕن. یەکێتی ئورووپا بەرەو

سەردەمێکی تازە هەنگاوی هەڵگرتوە و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەندام پارەی هاوبەشیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بازاڕەکاندا کاری کڕین وفرۆشتنی پێبکرێ. تیرۆریزمی دەوڵەتی و نادەوڵەتی لە چڵەپۆپەدایە و خەباتی کوردان لە پشت دەرگا گاڵدراوەکاندا پەراوێزخراوە. لە باشووری کوردستاندا دەرفەتی جوڵان زیاترە، بەڵام شەڕی سارد و کۆنی نێوان پارتی بارزانی و تاڵەبانی بڕستی لە خەڵک بڕیوە. بورجە ئابورییەکانی ئەمریکا دەکەونە بەر هێرشی تیرۆریستی و لاپەڕەیەکی تازە لە ئەمنییەت و ئاسایشی گەلان و دەوڵەتەکانی جیهان هەڵدەدرێتەوە. تالیبان لە ئەفغانستان دەدرێنە بەر پەلامار و لەو وڵاتە دەردەکرێن و ئوسامەی کوڕی لادەن بەرەو پاکستان دەڕوات. پارلەمانی کوردانی باشوور بە کلی پارتی و یەکێتی چاوەکانی دەڕێژرێن و لە پێناوی دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان تاڵەبانی و بارزانی زیاتر لە رابردوو لە گەڵ یەکتر گونجاون. ئەوان بۆنی پارە، نەوت و دەسەڵات سەرمەستی کردوون و لێدان لە عێراق زیاتر لە یەکتریان نیزیک دەکاتەوە. هێزەکانی بەعسی عێراقی لە بەرامبەر هێزە رۆژئاواییەکان گەمەکە بە پیسی دەدۆڕینن و سەردەمێکی تازە لە ژیانی سیاسی لە عێراقدا دەستپێدەکات. ژمارەیەک سیاسەتکاری باشوور و لە نێو ئەواندا کۆنەکارەکانی وەک جەلال تاڵەبانی، مەحمود عوسمان، مەسعود بارزانی و هتد بەرەو بەغدا دەڕۆن و لە سەر دابەشکردنی کێکی دەسەڵات و پارە دەسازێن. پرسی کورد لە بن لاقەکانی کورسی دەسەڵات لە بەغدا و هەولێر دەتلیسێتەوە و دەرفەتیک بۆ هێنانەگۆڕی ئەو باسە ناخوڵقێ. تاڵەبانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پێناوی کورسی سەرکۆماریدا پەراوێز دەخات و باشوور قۆرخی مەسعود بارزانی و پارتەکەی دەکەن. رەوتی رووداوەکان وەک رابردوو بەرەو پێش دەڕوات و کوردەکان هاوشێوەی رابردوو سواری باڵی کفوکوڵ بوون و لۆژیک و مەنتقی سیاسیان لەبیرکردوە. بازرگانی بە تەوژم و گوڕێکی بەهێزەوە کوردایەتی و سیاسەتی خستۆتە بن باڵ و سیاسەتکارەکان بە گەلا، دەفەتەر و بلۆک سیاسەت دەکەن و پەیامەکانیان دەگەیەنن.

باڕبارا، کەماڵ و کوڕەکەیان لەو جیهانەدا ساڵەکانی تەمەنەیان دەتوێننەوە و چاوەڕوانی سبەینێیەکی باشتر و بەختەوەرتر دەکەن. تەڕاویلکەی خەبات، نان و ئازادی لە بەرچاوی مرۆڤەکان گەش و پربایەخ دەنوێنن. کەماڵ و باڕبارا بە تێڕوانینێکی راستەقینە شەنوکەوی ماناکانی ژیان دەکەن و رێگانادەن لە خەونە گەورەکانی گوندە بچوکەکەی جیهانی سەردەمدا بزربن. ئەوان لە پەنجەرەی هۆدەی دانیشتنەکەیانەوە دەڕواننە تەڕاویلکەی خەبات، نان و ئازادی و وتە بەناو بانگەکەی مارتین

لــوتر كينــگ بـه نــاوی "ئـەمن خـەونێكم هـەیـه" دەڵێنـەوە. بارِبــارا هـەڵبـەســتـەكـه دەگــۆڕێ و بـه دەنگـەوە هـەســتـەكانـی بـەمجۆره دەردەبــڕێ" ئـەمن خـەونێكم هـەیـه، خـەونێكی پــاراو و پڕاوپــڕ لـه شــا خـەونـەكانـی رۆژگار، ئـەمن خـەون بـه دوارۆژێكـەوە دەبینـم، كه كنـوت و كـاوه لـه ستۆكهۆڵم بــێ یـان لـه تـاران، ئـازاد و بـەختـەوەر بــانگی كوردبــوون بڵێتـەوە، خـەون بـەو رۆژانـەوە دەبینــم، كه لـه گـەڵ كۆرپـەكـەم لـه دەرەوەی خـەونـەكان بـه زمــانـی ســوئێدی و كــوردی، گــۆرانـی بــۆ خــورِەی چــۆمـی كـەڵوێ بچریــن، خـەونـی ئێمـه لـه سـەرەوەی تـەراویلكـەی خـەبات، نــــان و ئـازادییـه، ئـەو خـەونـه هــــــاواری راچـەنـەین و خـەبـەربوونـەوەی مرۆڤـەكان دەكــات، دەزانــم ئـەمرۆ لـه ئـاپارتمــانـی یـەكێك لـه شــاره جوانـەكانـی ســكاندیناڤیا خــاوەنـی خـەونێكـی تـەڕاویلكـەییم، خـەونێك كه بۆ مرۆڤـەكان بـەهادار و بـەنرخـه، بـەڵام رێگاكـه پـڕه لـه گاشـەبـەرد، ئێمـه خـەونـەكانمان بـه گــوێی بــادا دەچرپێنیــن و بـه زمــانـی شـەپۆلـەكانـی ئــاوی دەســپێرین، ئێمـه خـەونـەكانمان بـه قـاز و قوڵینگـه كۆچـەرەكان دەسپێرین، تـاكو لـه سـەر تـەختـەی شـین و هـەورین ئـاسـامان بـه باڵـەكانیان تێكستێكی جوان لـه خـەون بنووسن و بـه دەنگـه سیحراویـەكانیان عـەرِشـی خـودا لـه شكانـی شكۆی مرۆڤی كوردی ژێردەسته و چـەوساوه بلـەرزێنن".